تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ٥٣ |ساڵی بیستویەکەم | پاییزی ٢٧١٩

# دیکتاتۆریەتی هەڵبژێردراو ٤٤



تەوەری ئەم ژمارەیە:

## ڕزگاری لە نێوان ڕیفۆرم و شۆڕشدا

٢٣٢
ئەمنیەتیکردنی ژیان

٣٢
کۆلۆنیالیزم و شۆڕش

١٢٤
ڕێگای ڕزگاری

١٠
بۆچی ڕیفۆرم لە ئێران ناکرێت؟

”

**نا، بۆ کوردێک کفرە ئێســـتا کوردســـتان وتن،**
**چەرچییەکانی ئیســـتعمارم لـــێ ئەبنە دوژمن!**

گۆران

“

**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارە ٥٣ • ساڵی بیست و یەکەم • پاییزی ٢٧١٩

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

دەستەی نووسەران:
ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەڵان،
مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەرۆیی، مانشت زاگرۆس

بەڕێوەبەری نووسین:
شەهاب خالیدی

بەڕێوەبەری وەرگێران:
سەربەست هەوراز

زمانەوان:
کامیل نەجاڕی، ساماڵ ئەحمەدی

دیزاین:
ڕێبوار

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشکەوە بڵاو دەبنەوە

www.kurdistanmedia.com\sorani\tishk
https://t.me/govartishk
govaritishk@pdki.org

## پێرست


سەروتار ٦

### سەکۆ

بۆچی ڕیفۆرم لە ئێران ناکرێت؟ • د. خالید خەیاتی ١٠

### تیۆری

فارسی، شەکری شیرین یان ژەهری هەلاهل • بێهرووز شوجاعی ١٨
کۆلۆنیالیزم و شۆڕش • سارۆ ئەردەڵان ٣٢
چەسپاندنی دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو لە ئێران • د. ئیدریس ئەحمەدی ٤٤
اصلاح‌طلبی کوردی بازتولید سیاست توهّم • زانا کوردیار ـ ساماڵ موکریانی ٥٠
تأملی در بابِ اصلاح‌طلبی در رۆژهەلات • ڕامان هەورامی ـ دیاکۆ هەورامی ٦٦
فەلسەفەی «خاک ـ ڕزگاری»ی کوردستان • شوعەیب دانش‌پەژوو ٧٨
لە ڕزگارییەوە بۆ ئازادی • مەسعوود بابایی ٨٦

### شیکاری

بیری لینین و باغەکانی سەمەرقەند • د. ئاسۆ حەسەن‌زادە ١٠٠
پێکدژییە نێوخۆییەکانی ئیمپراتۆریای شیعە ... • مانشت زاگرۆس ١١٦
ڕێگای ڕزگاری • ماکوان کوردستانی ١٢٤
کارکردەکانی دەسەڵات • مامەند عەلیار ١٣٢
مێژووی ڕەوتی ئیسلاح‌تەڵەبی • حەسەن ساڵحزادە ١٤٠
لە ئازایەتییەوە تا ئازادی • ئاگری ئیسماعیل‌نژاد ١٥٤
ڕیفۆرمیسم یان فەندەمێنتاڵی ئێرانی • ڕۆژبین بۆکانی ١٦٦
مێژووی ئاڵای کوردستان • هادی عەزیزی ١٧٢
نقش تشکل‌های غیردولتی • د. منصور سهرابی ١٨٤
ئیسلاحات و خولانەوە بە دەوری بازنەدا! • زانیار ڕۆژهەڵاتی ١٩٠
لێکەوتەی ڕیفۆرم • ڕزگار بەهاری ١٩٤

### ڕوانگە

بۆ خەبات چ زۆرە؟ ڕێگا! • د. سەعید شەرەفکەندی ٢٠٢
ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (٣) • سمایل شەریفی ٢٠٦

### وتووێژ

ئەزموونی نەتەوەی کورد ... • وتووێژ لەگەڵ د. سەعید شەمس ٢١٦

### وەرگێران

ئەمنیەتیکردنی ژیان ٢٣٢
فۆکۆ و پێداچوونەوە بە ئێراندا ٢٥٤
دوکتور قاسملوو: ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد ٢٧٤
برای کوردی موسوڵمانم ٢٩٢

### هەڵسەنگاندن

بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد ٣١٤
کورد و گرێبەستی تورکایەتی ٣٢٠

# سەروتار

بیرکردنەوە لە ئیدەئالی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە وڵاتێکدا و چۆنیەتیی گواستنەوە لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێکی دیکە - بمانەوێ و نەمانەوێ ـ ڕووبەڕووی پرسی مێتۆد و شێوازەکانی وەدیهێنانی وەها ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەیەکمان دەکاتەوە. ئەمەش تەنیا بە پێوەندیی نێوان ئامانج و ئامرازەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو لە بنەڕەتڕا دەگەڕێتەوە سەر جۆری ڕوانین و خوێندنەوەمان بۆ دۆخی ئارایی و ئەو پاشخانە زەینی و مێژووییەی واقیعی سیاسیی ئەمڕۆ و خانەبەندییە گوتارییە پێوەندیدارەکانی لێ کەوتۆتەوە. لە ڕاستیدا وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ڕێی دەربازبوون لە دۆخی مەوجوود ڕیفۆرمە، یان شۆڕش، بەپێی ئەوە کە قسە لە دینامیزمی نێوخۆییی یەک نەتەوە و یەک وڵاتە، یان لە ململانەی نێوان دوو نەتەوەی نالێک، کە یەکێکیان ئەوی تر بچەوسێنێتەوە و سیاسەتی داگیرکارانەی لە بەرامبەردا ڕەچاو بکا، تەواو جیاوازە.

هەڵکۆڵینی توێخەکانی ئەم پرسیارە، کە ئایا دەکرێ لە چوارچێوەی سیستمی داگیرکەردا داوای ڕیفۆرم بکرێ، پێویستی بە هزرین و ڕامانێکی قووڵ هەیە. پێشگریمانەی ئەو هەوڵانەی بە چاکسازی لە دەسەڵاتدا، یان باشترە بڵێین چاکەخوازی بۆ دەسەڵات دەناسرێتەوە، پەیوەستە بە سەرکردنی گریمانەگەلێکی دیکەوە، کە ئاکامەکەی بەئاساییدیتنی هاوکێشەی «داگیرکەر ـ

داگیرکراو»ە. ئەنجامی ئەم بەئاسایی‌دیتنەش هەڵپەساردن و، لەوەش زیاتر، نادیدەگرتن و ڕووشاندنی مافی بنەڕەتیی ئەو یەکە نەتەوەییەیە، کە خاکەکەی داگیر کراوە و ڕەفتاری کۆلۆنیالیی لەگەڵ دەکرێ.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لایەنگرانی ئەم پێشگریمانەیە لە قالبی بەناو ڕیفۆرمخوازیی کورددا، لەژێر دەمامکی بەناو قانوونیی پەسەندی دەسەڵات و لە ڕاستیدا بە قیمەتی حاشاکردن لە بنەماکانی جەوهەری ڕاستەقینەی پرسی کورد، کۆمەڵێک گوزارەی خۆبەکەمگرانە و ڕەگی بەرژەوەندیخوازانە جێ دەخەن، کە مەترسی دەخاتە سەر بنەمای زەینی و گوتاریی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە ئێران و، لە کۆتاییدا نەزانانە، یان بەئەنقەست لەپێناوی درێژکردنەوەی ئەسارەتی گەلی ڕزگاریخوازدا هاودەستی دەسەڵاتی داگیرکەر دەبێت.

کێشەکە لە بنەڕەتڕا کێشەی پەروەردە و سایکۆلۆژیی سیاسییە، چونکە چاکەخوازانی گرێدراو بە دەسەڵات، هەم لە ڕووی فەرهەنگی و هەم لە ڕووی سیاسییەوە گۆشکراو و خووگرتووی کۆد و پێناسەکانی گەلی حاکم و پاشکۆی ئەقڵیەتی شموولی و ناوەندگەران. هەربۆیە لووتکەی هەڵوێست و بەرنامەی سیاسیی خۆیان لە بانگەشەی شەرمێونانەی مافی هاووڵاتیدا دەبینن؛ شارمەندییەک کە بەهۆی ناتەبابوونی لەگەڵ ماهیەتی فاشیستیی نیزامدا، تەنانەت بۆ هاووڵاتییانی گەلی حاکمیش سەقەت و بێبەرهەمە. کاکڵی ئەم چاکەخوازییە ئاسایینواندنی بندەستی و نایەکسانی و چەقبەستوویی واقیعی سیاسییە. قەناعەت لێرەدا ترۆپکی هەوڵێکی هەمەلایەنە بۆ گەشەپێدانی ناسنامەی داگیرکەر و نەزۆکنیشاندانی هەوڵی داگیرکراو بۆ گەیشتن بە سەروەرییە.

ئەم زەینە پاشکۆیە لە ڕیزی یەکەمی ئەو قوربانیانەدایە کە تێگەیشتنیان لە ئازادی و کەرامەت و چارەنووس نەک تەنیا بوێرانە و لەخۆبوردووانە نییە، بەڵکوو هەڵپەرەستانە و ئاگامەندانەیە. ئاگامەند لەو ڕووەوە کە لایەنگرانی ئەم ڕەوتە بە هەموو بوونیانەوە، شەرعیەتی دەسەڵاتی ستەمکار دەسەلمێنن و یارمەتی بە سەپاندن و درێژکردنەوەی دەدەن. هەربۆیەشە کە ئەم زەینە پاشکۆیە هیچکات تێ ناکۆشێ سووکەترووسکاییەک بۆ ڕزگاری و دەربازبوون لە باڵادەستیی دەسکردی ئێلیتی حاکم وێنا بکا و کایەی سیاسی لای ئەو ڕەوتە بە کۆمەڵێک بابەت تەنراوە کە لەژێر پێستیدا دەمارەکانی دەسەڵات بەڕوونی دیارن. گوتاری چێندراو لە زەینی ئەم ڕەوتەدا، دەقاودق دژایەتیکردنی گوتاری بەرهەڵستکاری ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییە. بۆ ئەمەش هەوڵ دەدەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بێبایەخ نیشان بدەن و دیاردەی خۆبەدەستەوەدان و ڕازیبوون بە وەزعیەتی مەوجوود بە چالاکیی سیاسی و مەدەنی مانا بکەنەوە. کۆی ئەمەش، نەک هیچ پاشەکشەیەک بە دەسەڵات ناکا، بەڵکوو ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە دەسەڵات قازانجیشی لێ بکا.

بۆ ئەوەی ماکەی ئەم گوتارە خۆڕێکخەرە لەگەڵ دەسەڵات بناسینەوە پێویست ناکا نە بژاردەی ئەکادیمی بین، نە ئەندامی حیزبێکی دیاریکراو و سیاسیکارێکی بەئەزموون. هەر ئەوەندە بەسە لە دۆخی کوردستان و لە هەقیقەتی ژیانی خەڵک و ڕەفتاری دامودەزگاکانی ڕێژیم ورد بینەوە و چەند پرسیاری زۆر سادە، کە هەموویان نیشانەی سیاسەتی داگیرکارین، لە خۆمان بکەین:

بۆ نموونە، بۆچی جیا لە هەموو ناوچەکانی ئێران، کوردستان چەند قات میلیتاریزە کراوە؟ بۆچی هێزەکانی ڕێژیم و بەکرێگیراوانیان تا ئەو ئەندازەیە لەنێو خەڵکدا بێزراون، لە بەرامبەردا پێشمەرگە و هێزە شۆڕشگێڕە بەرهەڵستکارەکان تا ئەو ئەندازەیە لەلای خەڵک خۆشەویستن؟ بۆچی لاوەکانی کورد

بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە دوور لە زێدی خۆیان و لە ناوچەکانی غەیری ناوچەکانی کوردستاندا خەریکی کرێکارین؟ بۆچی ژیانی مرۆڤی کورد لە دیاردەیەکدا بە ناوی کۆڵبەری، کە دەسکردی داگیرکەرە، وەها بێبایەخ کراوە، کە هەردەم لەژێر مەترسیی مەرگێکدایە، کە هاوئاستی مەرگی ئاژەڵانیش نییە؟ بۆچی ئاو و کانزا و سەرچاوە سروشتی و شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان بۆ ناوەندی ئێران ڕادەگوازرێن؟ بۆچی ڕێژەی گیراو و ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستاندا ئەوەندە لەسەرێیە؟ بۆچی زمان و مێژوو و کولتووری کورد لە بەستێنی گشتی و حکوومەتیدا، بەتایبەتی لە سیستمی پەروەردەییدا ئەوەندە بەربەست و قەدەغەی لەسەرە و، لە میدیای حکوومەتیشدا سووکایەتییان پێ دەکرێ؟ بۆچی هەموو پۆستە باڵاکانی نوێنەرایەتیکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بەدەست غەیرەکوردەکانەوەن؟ بۆچی کوردی ڕۆژهەڵات ئەوەندە یادەوەریی بەکۆمەڵی خۆی بە مێژووی خۆی لە سایەی حکوومەتەکانی پێش کۆماری ئیسلامیشەوە گرێ دەدا و ئەو هەموو پردی هاوپێوەندیی نەتەوەییەی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە؟ و... هتد.

بۆ تێگەیشتن لە گوتاری ڕیفۆرمخوازیی ئێتنیکی لە سایەی سیستمی داگیرکەردا و لەقاودانی زیانەکانی ئەم هێڵە فیکرییە، لە بنەڕەتڕا پێویستمان بە هەڵشێلانەوەی بنەما زەینییەکان و ئانالیزی بنەڕەتیی گوتاری هەیە. بەڵام ئەگەر تەنیا لە سۆنگەی سوودبەخشی و کاریگەریی سیاسیشەوە بۆ بابەتەکە بچین، هەق وایە بەناو ڕیفۆرمخوازە کوردەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار بکرێنەوە، وەک ئەوەی کە ئایا هەر لە بنەڕەتڕا و لە ئاستی گشتیی ئێرانیشدا، لە سیستمێکی فاشیستی و تۆتالیتێردا بەو تایبەتمەندی و کارتە ئەزموونکراوانەی کۆماری ئیسلامی چل ساڵە یارییان پێ دەکا، باوەڕ بە ڕیفۆرم چەندە واقعبینانەیە؟ ئینجا وەک کورد، ئایا ڕیفۆرمخوازان هەڵوێستی خۆیان چلۆن پاساو دەدەن، واتە ئەگەر بەڕاستی لە گۆشەنیگای کوردبوونەوە، بوونمانی سیاسیی خۆیان بسەلمێنن، چ جۆرە ڕیفۆرمێک لە حکوومەتی ئێراندا وێنا دەکەن، کە مافی کوردی وەک نەتەوەیەکی خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووس تێدا دەستەبەر بێت؟ وردتر لەمەش، ئایا نیسبەتی چاکەخوازانی دەسەڵات لەگەڵ جومگەکانی سیستمی ستەمکار، بەتایبەتی ڕانتی ئابووری و ئەمنیەتی و ڕایەڵەکانی ئەم دەسەڵاتە، چۆن پێناسە دەکرێ؟

ئەم ژمارەیەی گۆڤاری تیشک تێ دەکۆشێ هەم بە شێوەی تیۆری و هەم لە سۆنگەی کردەییی کەیسی کورد لە ئێراندا هەندێ لەو پرسیارانەی کە تا ئێستا، یان ون کراون و خۆیان لێ لا دراوە، یان بە چەواشەکاری و خۆبواردنەوە وەڵام دراونەوە، بورووژێنێ و ڕووناکی بخاتە سەر پرۆفایل و لایەنە نادیارەکانی چاکەخوازانی کوردی نزیک لە دەسەڵات. پەردەلادان لەسەر ئەم سازە ناسازەی کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان، بەتایبەتی لە دۆخی ئێستای ئێراندا، کە زۆرینەی خەڵک کۆی ڕێژیم بە ئامانج دەگرن و چی دیکە هیوایان بە ڕیفۆرمی ڕێژیم نەماوە، بەوەخت و زەرووره. بەجێبوونی وەها باس و خواسێک ئەوکاتە باشتر وەدەردەکەوێ، کە بەتایبەتی ئەوەشمان لەبەرچاو بێ، کە بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە بەرەو تۆکمەبوونەوە بە دەوری گوتارێکی ڕەسەن و باوەڕبەخۆ دەچێ، گوتارێک کە وێرای بەهێندگرتن و متمانەبەخشین بە بەستێنی جەماوەری، دەیەوێ هێڵی ڕەسەنی شۆڕشگێڕانە بە دوورەدیمەنێکی ڕوونی ڕزگاریخوازانە زیاتر و باشتر بەرجەستە بکاتەوە و بیکاتە نەخشەڕێگای ئایندەی ستراتژیی کورد لە مامەڵە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەدا.

# "سەکۆ"

# بۆچی ڕێفۆرم لە ئێران ناکرێت؟

## ڕۆڵی فەرهەنگی سیاسی و ئابووریی سیاسی و هەڵوێستی کورد

د. خالید خەیاتی



سەکۆ لە کورتەوتارێک پێک دێ کە  بایەخ و پێگەی وتاری
سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە
هەر ژمارەیەکدا کەسێکی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی
گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی بە ئەستۆ دەگرێ .ئامانج ئەوەیە کە
جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە  سەبارەت بە
گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە

## پێناسەی کەسی

- خالید خەیاتی، هەڵگری دوکتۆرای زانستی سیاسی لە زانکۆی لینشۆپینگ لە وڵاتی سوئید و، هەڵگری دیپلۆمی تایبەتی زانستی سیاسی لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی سیاسی لە شاری ئێکس ئان پرۆڤانس لە وڵاتی فەڕانسەیە.
- بابەتی لێکۆڵینەوە: دیاسپۆرا، ترانسناسیۆنالیزم و پەیوەندیی نێودەوڵەتی
- لە چوارچێوەی چەمکی دیاسپۆرا لە سەر کوردەکانی ئۆرووپا بە تایبەت کوردانی سوئید و فەڕانسە لێکۆڵینەوەی کردووە.
- ئێستا لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆیە لە زانکۆی لینشۆپینگی سوئید، بەشی زانستی سیاسی و سیاسەتی نێودەوڵەتی.
- کۆرسی تایبەتی داناوە لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریکا.
- لە وڵاتانی جۆربەجۆری وەکوو رووسیا، تورکیا، نامیبیا، کێنیا، کۆماری چێک، و فەڕانسە وەکوو مامۆستای میوان وانەی گوتۆتەوە.
- لە ساڵی خوێندی ٢٠١٨/٢٠١٩، لە کۆلێژی فەلسەفەی زانکۆی لێنشۆپینگ کە هەموو بەشەکانی زانستی فەلسەفی، مرۆیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بۆ زیاتر لە ١٥٠٠٠ خوێندکار لە خۆی دەگرێت، وەکوو مامۆستای ساڵ هەڵبژێردراوە.

## سەرەتا

دۆستانی گۆڤاری تیشک داوایان لێ کردبووم، کە بۆ بەشی سەکۆی ئەم ژمارەیان بابەتێک بنووسم، کە پەیوەندیی بە ڕیفۆرم، شۆڕش و کۆلۆنیالیزمەوە هەبێت. سپاسیان دەکەم بۆ متمانەیان، هەروەها بۆ ئەو چالاکییە بەنرخەی کە لە چوارچێوەی ئەم گۆڤارەدا بەڕێوەی دەبەن. هەڵبەتە داوا لە خوێنەر دەکەم، کە ئەم نووسینەم وەکوو وتارێکی ئاکادیمیک، کە بەپێی پێوەرە میتۆدۆلۆژییەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆیی ئامادە کرابێت، لێ وەرنەگرن. ئەمە زیاتر ڕوانگە، ڕامان، یان بە شێوازێکی خۆمانەتر، تێڕامانێکە و لەگەڵ ئێوەی خۆشەویست بەشی دەکەم.

تا ئەوجێیەی کە کورد دەگرێتەوە، باسی ڕیفۆرمی سیاسی لە ئێران و گریمانەی ئەوەی کە پرۆسەی ڕیفۆرم بتوانێ هەم لە ئاستی گشتیی وڵاتدا سیستەمی تێۆکرات و دیکتاتۆر تێپەڕێنێ و هەم ئاسۆیەکی روون، یان دەراوێک بۆ پەرێنەوەی کوردانی ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکات، تەمەنێکی بیست و چەند ساڵەی هەیە. لە سۆنگەی ئەم هیوایەوە، جاروبار شاهیدی بەشداریی بەلێشاوی کوردان بووین لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا، یان دیتوومانە کە ژمارەیەک تاکی کورد لەژێر سەرناوی «ئیسلاحتەڵەبی»دا، لێرە و لەوێ وەکوو نوێنەری تیۆری، یان پراکتیکی ڕیفۆرمی ئێرانی هاتوونەتە مەیدان، یان بگرە لە سەردەمێکی تایبەتیدا فراکسیۆنێکی کوردیش لە مەجلیسی ئێران هەبوو. هەڵبەتە هەرچەند پرۆژەی ڕیفۆرمی ئێرانی، تەنانەت لە سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی خۆیدا، هەڵگری جەوهەری گۆڕانکاری نەبوو، بەڵام دیسانیش بەهۆی کرانەوەی ڕێژەیی فەزا کۆمەڵایەتییەکان جێگای سەرنجی ڕۆشنبیرانی کورد بوو.

بە هەرحاڵ، بابەتی ئیسلاحتەڵەبی لە ڕەوتی خۆیدا وەکوو دیاردەیەکی سنوورپەڕێن، نە تەنیا پەڕەوازەی دیاسپۆراش بوو، بەڵکوو وەکوو سەرچاوەیەکی ناکۆکی و شێوازێک لە پۆلاریزاسیۆنی سیاسی، تەنانەت پەلی هاویشتۆتە نێو حیزبەکانی کوردیشەوە. تا ئیستا هەموو شتێک ئاساییە. بەڵام ئەوەی کە ئاسایی نییە، ئەوەیە کە یەکەم) کەسانێک خوێندنەوەیان ئەوە بێت، کە سەرەڕای هەموو شتێک دیسانیش نیشانەگەلێکی هیواخوڵقێن بۆ ڕیفۆرم و گۆڕانکاری هەن، هەربۆیەش

ئەم کەسانە (هەڵبەتە زۆر جار ناڕاستەوخۆ و بەشەرمەوە) داوا لە خەڵک دەکەن، کە لەسەر بنەمای ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن «مشارکت» لە کاروباری ڕۆژانەی مۆئەسەساتی ئێرانی (بە تایبەت لە هەڵبژاردن)دا بەشدار بن.

لەم نووسراوەیەدا، من لە ڕێگای پشتبەستن بە چەند نموونەیەکی تیۆریک، هەروەها چەند ئەزموونێکی ڕاستەقینەی وڵاتانەوە دەمەوێ نیشانی بدەم کە پرۆژەی ڕیفۆرمی سیاسی لە کۆی جۆگرافیای سیاسی و کولتووریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریکادا (بە ئیستیسنای چەند ساڵێک لە تورکیا) ئێمکانی نەبووە و نییە و هۆکاری نەبوونی ئەم ئیمکانەش ڕاستەوخۆ بواری فەرهەنگی سیاسی (Political Culture) و ئابووریی سیاسی (Political Economy) لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراتیکدا دەگرێتەوە.

## فەرهەنگی سیاسی و ئابووریی سیاسیی ئێران و نامۆیی ڕیفۆرم

لە زانستی سیاسیدا، ئامانجی ڕیفۆرم بریتییە لە دەستەبەرکردنی سیستەمێکی بەڕێوەبەری دیمۆکراتیک (Democratic Governance) کە ئەویش دیاردەگەلی وەکوو وەگەڕخستنی پرۆسەی بڕیاری سیاسی، ڕەخساندنی مەجالی نوێنەرایەتی و بەفەرمیناسینی تویژە کۆمەڵایەتییەکان، کارایی و گەشەی ئابووری، بنبڕکردنی گەندەڵی و، بەم پێیەش، بەهێزکردنی دیاردەی حیسابدانەوە و شەفافییەتی دەزگا دەوڵەتییەکان، گەشەی کولتووری و، هەروەها گەشەی پۆتانسییەڵی تاک دەگرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، هەم فاکتەری نێوخۆیی و هەم فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. بۆ نموونە، هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕیفۆرم لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، کە لە ساڵانی ١٩٩٠ی زایینیدا دەستی پێ کرد، لە ئاستی دەرەکیدا پەیوەستە بەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی نەمانی سیستەمی ڕەقیبی سۆڤیەتەوە چی دیکە پێویستی بەوە نەمابوو کە پشتگیریی سیستەمی دیکتاتۆریی سەربازی لەم وڵاتانەدا بکا. لە ئاستی نێوخۆییشدا، ئەم تویژە کۆمەڵایەتییەی کە پرۆژەی شۆڕشی بەدەستەوە بوو (بە ئیستیسنای یەک دوو وڵاتی بچووک لە ئەمریکای ناوەندی)، یان بە دەستی ڕژیمی سەربازی لەناو چووبوون، یان وەکوو پەنابەر ئاوارەی وڵاتانی دیکە ببوون و، لەجێی ئەوانە تویژێکی تایبەتی بۆرۆکرات، کە بەتایبەت لە ئەمریکا پەروەردە ببوون، گەڕانەوە و جڵەوی دەوڵەتەکانیان بەدەستەوە گرت. هەروەها دەکرێ ئاماژە بە نموونەی ڕیفۆرمی سەرکەوتووانەی وڵاتانی ئاسیای باشوور بکەین، کە ئەویش لە ڕاستای کەمبوونی کەرەستەی خاو و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم بۆشاییە پێداویستیی بە گەشەی مرۆیی لە ئاستی نێوخۆییدا هەبوو، کە لەگەڵ پشتیوانیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەستەبەری کرد. نموونەیەکی دیکە لە ئەزموونی سەرکەوتنی ڕیفۆرم، سێ وڵاتی ئورووپای ڕۆژئاوا (یۆنان، ئیسپانیا و پۆرتۆگال)ن، کە بە شێوازێکی درەنگوەخت هاتە ئاراوە. بەردەوامیی مودێلی دیکتاتۆری لەم سێ وڵاتەدا، ئەویش لە حاڵێکدا کە ساڵانی حەفتا هەموو ئورووپای ڕۆژئاوا بەرەوە پێکهێنانی یەکێتیی هاوبەش و پتەوکردنی دیمۆکراسیی نێوخۆیی دەچوون، حاڵەتی ئانۆمالی بوو.

لەسەر بنەمای ئەم ئاماژانەی سەرەوە، دەمەوێ بڵێم کە پرۆژەی ڕیفۆرم لە کۆنتێکستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (ئەگەر هەبێت) بەگشتی و لە ئێران بەتایبەتی، دەبێ گۆڕینی ناوەرۆکی سیاسەت لە فۆرمێکی داخراو، ئۆتۆریتەر، توندوتیژتەوەر، تێۆکرات، مۆنۆپۆلیستی، ئۆلیگارشیک، ڕانتخۆر و حیسابنەدەر بۆ مۆئەسەسەیەکی شەفاف، پلۆرال، مەدەنی و هاووڵاتیتەوەر بەئامانج بگرێت. بەڵام فەرهەنگی سیاسی و ئابووریی

سیاسی ئەم مەجالە نادات.

فەرهەنگی سیاسی (لانی کەم لە فۆرمی ئیدیال تیپی ویبەریدا و ئەویش پێش ئەوەی باسی خودی گۆڕانکارییە کردەییەکان بکەین) پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی بە هەموو ڕەنگ و نیشانەکانی خۆیەوە هەیە، کە لەوێدا چینی ڕۆشنبیر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. ئەرکی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە لە سەرەوەی هەموو شتێکەوە پێشکێشکردنی میتۆدۆلۆژییەکی دابڕانە لە ئۆنتۆلۆژیی پێشوو، کە خۆی لە خۆیدا هەڵگری ژمارەیەک چەمک و هزری تایبەت بێت، کە ئاسۆی پێکەوەژیان و گەشەی دیمۆکراسی بۆ داهاتوو دەستنیشان بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش، ڕۆشنبیر لەتەنیشت تواناییە مەعریفییەکانییەوە، پێویستە و دەبێ هەڵگری نەوعێک ئەخلاق و فەزیلەت بێت کە لە پرۆژەی ڕۆشنبیریی خۆیدا هیچ کەلێنێک بۆ دوورەپەرێزی و دڕدۆنگی لەنێو خەڵکی مافخوراوی وڵاتدا نەهێڵێتەوە. بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی تیۆریی سیاسی، دەبینین تێپەڕاندنی کۆمەڵگای گەندەڵ و قەیرانلێدراو بەرەوە ئاراستەی دادپەروەری و بەختەوەری لە چوارچێوەی شارستانییەتیدا، پرۆژەی هزریی دەیان گەورەبیرمەند و فەیلەسووف بووە. ئەفلاتوون بە ئامانجی بنبڕکردنی گەندەڵی و نیپۆتیزم و دەستەبەرکردنی کۆمەڵگای دادەپەرەر دەیەویست کە فەیلەسووفەکان پادشایەتیی وڵات بکەن. ئەریستۆ پێی وابوو مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە، هەربۆیە دەبێ وەکوو هاووڵاتی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا (Polis) بەشداری لە پرۆسەی سیاسەتدا بکا. لەسەر هەمان ڕێچکە، فارابی باسی مەدینەی فازیلەی دەکرد، یان ئیبن خەلدوون کە دارمانی شارستانییەتی بە شەڕی بەردەوامی نێوان «عەسەبییە» و «عومران» لەنێو خولێکی مێژوویی بەردەوامدا دەبەستێتەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ، پرۆژەی ڕۆشنبیریی ئێرانی (مەبەست ئەو دەستەیەی کە پێناسەی نەتەوەی سەردەستی هەیە)، لەپێناو دابڕان لە ئۆنتۆلۆژیی ئیستاییی ئێرانی دامەزراو لەسەر دوو عونسوری ئایینی (شیعە) و مێژوویی/کولتووری (فارس) بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەوەی ژان ژاک ڕۆسۆ پێی دەڵێ (پەیمانی کۆمەڵایەتی) و گەیشتن بە ناسنامەیەکی ئێرانیی هاوبەش بۆ هەموو نەتەوە جیاوازەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران چییە؟ کێهە دەقی ئیپیستۆمۆلۆژیکی، یان مەعریفی لە لایەن ئەم توێژە ئێرانییەوە ئامادە کراوە، کە بۆ نموونە، مەجالی دیالۆگێکی سوکراتیی ڕەوشتمەند لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا پێشکێشی ڕۆشنبیرانی هاوشێوە لە نێوان نەتەوەکانی کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمان، ئازەری، لوڕ و ئەوانی دیکە بکات؟

**بابەتی ئیسلاحتەڵەبی لە ڕەوتی خۆیدا وەکوو دیاردەیەکی سنووربەزێن، نە تەنیا پەرەوازەی دیاسپۆراش بوو، بەڵکوو وەکوو سەرچاوەیەکی ناکۆکی و شێوازێک لە پۆلاریزاسیۆنی سیاسی، تەنانەت پەلی هاویشتۆتە نێو حیزبەکانی کوردیشەوە**

قەڵەمبەدەستی ئێرانی، هەتا ئەو جێگایەی من لێی حاڵیم، دوو دەستەن: دەستەی یەکەم کە ژمارەیان زیاترە، ئەوانەن کە خوێندنەوەیەکی ساختە و جەوهەرخوازانە لە مێژووی هەویەتی (هویت/شناس) پێشکێش دەکەن، زۆر توند بە ڕابردووەوە نووساون، هەموو خەون و ئارەزوویان هێشتنەوەی یەکپارچەییی ئێرانە و لە بەردەوامیی دەربڕینەکانی خۆیاندا شێوازێک لە فاشیزمی فەرهەنگی بەرهەم دەهێننەوە. دەستەی دووەم ئەوانەن کە بەرواڵەت کۆسمۆپۆلیتن و هەڵگری پەیامێکی گەردوونیی پێکەوەژیانن.

ئەم دەستەیەش هیچ دەقێکی مەعریفیی ئەوتۆی بۆ پشتبەستن بە دەستەوە نییە، چونکە پەیامی کۆتاییی ئەوانیش بۆ نەتەوە چەوساوەکان (کە پەیامی ترساندنە) ئەوەیە «تکایە، باسی شتی گەورەی وەکوو کۆلۆنیالیزم و دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی مەکەن، چونکە ئەو قسانەی ئێوە کوشتاری گەورەی بەدوادا دێت و ئێران دەکا بە سووریە!» ئەم باسەی سەرەوە نیشانی دەدات کە ڕۆشنبیری ئێرانی بەتایبەتی و، کۆمەڵگای مەدەنیی ئەم وڵاتە بەگشتی، لە ئاستی فەرهەنگی سیاسیدا، بەرنامەی ڕیفۆرم و دابڕانی بەدەستەوە نییە.

کاریگەریی ئابووریی سیاسی لەسەر ڕیفۆرم لە کارتێکەریی فەرهەنگی سیاسی گەلێک گرینگترە. لە ڕاستیدا، گۆڕانکاری لە ئاستی فەرهەنگی سیاسیشدا ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە مەجالی گۆڕانکاری لە ئابووریی سیاسییەوە هەیە. ئابووریی سیاسیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر مودێلی ئابووریی ڕانت (Rentier-State) دامەزراوە، کە لەوێدا وەکوو داڕێژەرانی ئەم تیۆرییە (Hezem Beblawi & Ciacomo Luciani) هەر لە ساڵانی هەشتاوە باسی دەکەن، دەسەڵاتی سیاسی مەشرووعییەتی خۆی نە لەسەر بنەمای بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسەتدا، بەڵکوو لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەرچاوەی ماددی و سیمبۆلیک (کە ئەویش لە ڕێگای فرۆشتنی نەوت، یان داهاتی گومرک، یان یارمەتیی دەرەکییەوە بەدەست دێنێت) لەنێو هاووڵاتیاندا دەستەبەر دەکا. بەپێی ئەو بۆچوونە، دەوڵەتی ڕانت لە چوارچێوەی فۆرمۆڵی (No Taxation, No Representation)دا بێمنەتە لە هاووڵاتیانی خۆی و بەم پێیەش، خۆی بەمەجبوور نابینێت کە ڕیفۆرم بکات و دەزگا و مۆئەسەساتی دیمۆکراتیک بۆ هاووڵاتیان دامەزرێنێت. لەم مودێلەدا هاووڵاتیان بەپێی ئەو پشتگرییە ماددی و سیمبۆلیکەی وەریدەگرن، خۆیان لە بەرانبەر دەسەڵاتدا بە ملکەچ و وەفادار دەبینن و ئیزن بە خۆیان نادەن داوای گۆڕانکاریی سیاسی بکەن. ئەم مودێلە بەگوێرەی پەرەپێدەرانی، ڕێک پێچەوانەی ئەو مودێلەیە کە ئەوان پێی دەڵێن دەوڵەتی بەرهەمهێنەر (Productive-State)، یانی ئەو فۆرمە دەسەڵاتدارییەی کە لە وڵاتانی دیمۆکراسی بە ڕێژەی جۆربەجۆر لەسەر بنەمای ئابووریی ئازاد و بەرهەمهێنەر و هەروەها سیستەمی باج دامەزراوە. لەم سیستەمەدا، بەپێچەوانەی مودێلی ڕانت، ئەوە هاووڵاتیانن کە لە ڕێگای باجی مانگانەوە دەوڵەت بەخێو دەکەن و هەر ئەوانیشن کە دەبنە سەرچاوەی مەشرووعییەت بۆ دەسەڵاتی سیاسی. لێرەدا، ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە کە لە چوارچێوەی فۆرمۆڵی (Taxation and Representation)دا مەجبووریەتیی دەستەبەرکردنی سیستەمی نوێنەرایەتی، بەهێزکردنی مۆئەسەساتی دیمۆکراتیک و دەستاوەدەستکردنی خۆی گرتۆتە ئەستۆ.

شایانی باسە کە ئەو دەوڵەتە ڕانتانەی کە بە چەمکی ڕانتی سەرەتاییش پێناسە دەکرێن، لە ساڵانی ڕابردوودا بە چەند هۆکارێک وەکوو دیاردەی گلۆبالیزاسیۆن، گەشەی دیمۆگرافیک، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، داخراویی فەزای کولتووری و کۆمەڵایەتی چەند هۆکار دی تووشی کۆمەڵێک قەیران هاتن، هەربۆیەش، ژمارەیەکیان وەکوو ئیمارات و قەتەر و تا ڕادەیەک کوێت، مەغریب و ئۆردن و ئیستاش عەرەبستانی سعوودی ناچار بوون ڕوو لە چەند گۆڕانکاری بکەن، بۆ نموونە، لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدا ڕێگا بە وەبەرهێنانی دەرەکی بدرێت، تەحەمول و وێکهەڵکردن (تۆلێرانس)ێکی ڕێژەیی لە بەرانبەر ڕەخنەدا هەبێت، هەروەها تا ڕادەیەک فەزا داخراوە فەرهەنگی/کۆمەڵایەتییەکانیش بکرێنەوە. بەڵام زۆر گرینگە لەبیرمان بێت، ئەوەی ئەو

دەوڵەتانە کردیان و دەیکەن، ناچێتە خانەی دیمۆکراتیزاسیۆن یان ڕیفۆرمەوە، بەڵکوو وەکوو شارەزایان دەڵێن، ئەوە ڕاگوێزانێکە لە دەوڵەتی ڕانتیی سەرەتاییەوە بۆ دەوڵەتی ڕانتیی دوایی (Late Rentierism). لە ڕاستیدا ئەم گۆڕانکارییە کە لە چوارچێوەی ئابووریی سیاسیی ئەم چەند وڵاتەدا هاتە ئاراوە، مانەوەی ئەوانی بۆ داهاتوو مسۆگەر کرد. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم دەوڵەتە ڕانتانەی وەکوو تونس، میسر، سوودان، جەزایر، ئێراق، سووریا، لوبنان و ئێران (لیبی تا ڕادەیەک کەیسێکی تایبەتە) نەیانتوانی قۆناغی ڕانتی سەرەتایی بەرەو ڕانتی دوایی تێ پەڕێنن، ڕەوتێکی جیاواز و بەرەودواوەیان گرتە پێش. ئەمانە لە بواری ئابووریی گشتی و دابینکردنی بوودجەی وڵاتدا بەردەوام بەرەوە لاوازی ڕۆیشتن و لە کۆتاییدا بوون بە دەوڵەتی مرۆڤخۆر (Predatory State). گرانکردنی ئەم دواییانەی بێنزین لە ئێران بە مەبەستی دابینکردنی مووچەی کارمەندان نموونەی بەرجەستەی ڕەفتاری دەوڵەتی پرێداتۆرە، کە بە هیچ شێوەیەک مەجالی گەڕانەوە بەرەو دواوەی نەماوە. بە واتایەکی دیکە، دەوڵەتانی پرێداتۆر، یان مرۆڤخۆر، هیچ ڕێگایەکیان بەدەر لە ڕووبەڕوونەوەی درەنگ، یان زووی شۆڕشی هاووڵاتیانی برسی و وەزاڵەهاتووی خۆیان نەماوە. ئەو شۆڕشە ناوچەییە کە ئێستا ئێرانیشی گرتۆتەوە، لە ساڵی ٢٠١٠ڕا دەستی پێ کردووە و بەردەوامە. لە ئاکامی ئەم بەشەی ئەو باسە دەمەوێ بڵێم کە فۆرمی ئابووریی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەجالی ڕیفۆرمی تێدا نییە. تەنیا دوو ڕێگا هەیە؛ یان ڕۆیشتن بەرەوە ئاراستەی سیستەمی ڕانتیی دوایی؛ یان ڕۆیشتنی ناچاری بەرەو دەوڵەتی پرێداتۆر و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شۆڕشی خەڵکی برسی و وەزاڵەهاتوو. ئەم پرۆسەیە لە ئێران دەستی پێ کردووە و ناگەڕێتەوە.

## کۆتایی

ئەم باسەی سەرەوە نیشانی دا، کە نە دیاردەی فەرهەنگی سیاسی و، بەم پێیەش نە ڕۆشنبیریی ئێرانیی سەر بە نەتەوەی سەردەست بەهۆی غیابی مەعریفە و ئیتیک و، ئابووریی سیاسیی ئەم وڵاتەش، نە لە ڕابردوو، نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا مەجالی ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی سیاسیی تێدا نییە. تێچووی زۆری سیاسەتی دەرەوەی ئێران و گەمارۆی ئابووری و، بەردەوامیی سیستەمی ئابووریی مافیایی و ئۆلیگارشیک، لەمێژە بالانسی توانایی دابەشکردنی سەرچاوەی ماددی و سیمبۆلێکی لە لایەن دەوڵەتی ئەم وڵاتەوە لەگەڵ ئاستی چاوەڕوانیی هاووڵاتیان بۆ دابینبوونی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ڕۆژانەیان تێک داوە. ڕێگایەک کە بۆ دەوڵەتی پرێداتۆری ئێران ماوەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی توندوتێژی لەڕادەبەدەر، تەنیا شۆڕش و ڕووخانە. لە فەزایەکی ئاوادا و تا ئەو جێگایەی کورد دەگرێتەوە، هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێراندا لە ئیدیعایەکی کۆمیکی تێکەڵاو بە تراژیدی زیاتر، هیچی دیکە نییە. دیسکۆرسی کوردی لە ڕەوتی دەستەبەرکردنی سەربەخۆییی خۆیدا دەتوانێ یەک پرۆژەی گشتی بەجیددی وەربگرێت و تێیدا بەشدار بێت، ئەویش بەشدارییە لە شۆڕشی سەرانسەریدا بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی پرێداتۆر. لە ئەساسدا مەبەست لەم بەشدارییە بۆ کورد بەدەر لە ڕووخانی دەوڵەتی پرێداتۆر، وەکوو سەرچاوەی هەموو چەشنە کارەساتێک، پێویستە مانەوەی خۆی وەکوو یەکەیەکی نەتەوەیی، ئەویش لە ڕێگای تێکدانی کۆی هاوکێشەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی و دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسییەوە بەئامانج بگرێت.

# “ تیۆری ”

# فارسی، شەکری شیرین یان ژەهری هەلاهل

## سەرەتایەک بۆ شرۆڤەکردنی ڕۆلی فارسی لە ژێنۆسایدی زمانیدا

**بێهرووز شوجاعی، ڕۆژهەلاتناس؛ زانکۆی ئۆپسالا/ سوئێد**



کۆلۆنیالیزمی زمانی، مێکانیزمێکی تایبەتی هەیە؛ خودی پرۆسەی کۆلۆنیزەکردن بە جەبریش بێت، بەڵام ڕاگرتنەکەی بە پرۆسەگەلێکی شاراوەی هەژمۆنیک دەستەبەر دەکرێت، واتە قازانج کردنی دڵ و هزری کۆمەڵگای کۆلۆنیزەکراو بە ڕێگای مەشروعییەت بەخشین بە پراتیکی زمانی، ئەدەبیات، نەریتی کولتووری، نۆرمی کۆمەڵایەتی، بەها و باوەڕەکانی زمانی کۆلۆنیال. کورت و کورمانجی بە خولقاندنی ژینگەیەکی کۆلۆنیال.

## پوختە

ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی ڕۆڵی مێژوویی زمانی فارسی، لە پەراوێزخستن و لە ئاکامدا لەناوبردنی زمانەکانی دیکە لە پانتاییی ئەو جۆگرافیایەی کە وەکوو فەلاتی ئێران ناسراوە. لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا، ئاماژەیەک دەکرێتە سەر مێژووی زمانە «ئێرانییەکان» و پەیوەندیی فارسی لەگەڵیان. بەشی دووەم، تەرخان کراوە بۆ سەردەمی مۆدێرنیتە و پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی زمانی، لە پێناو دەوڵەت ـ نەتەوەسازییەکی مۆدێرندا. لەم بەشەدا ئامەژەیەکی خێرا دەکرێتە سەر سەردەمی مەشروتییەت و پاشان سیاسەتی زمانیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، دەخرێتە بەر تیشکی ڕۆشنایی. لە بەشی کۆتاییدا، بنەما تیئۆرییەکانی کۆلۆنیالیزمی زمانی، لینگویسیزم و لینگویسید باس دەکرێت.

## پێشینەی فارسی لەگەڵ زمانەکانی دیکەی پانتاییی فەلاتی ئێران

بە پێی لێکۆڵینەوە زمانناسییەکان، زمانە ئێرانییەکان پێک هاتوون لە دوو گرووپی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، کە فارسی و کوردی و کۆمەڵێک زمانی دیکە، بەشکێن لە زمانە ڕۆژئاوایییەکان. لە ئاستی دەنگسازیدا زمانە ڕۆژئاواییەکانیش لە دو گرووپی باکوور و باشوور پێکهاتوون، کە هەر دووکیان سێ قۆناخی مێژووییان تێپەر کردووە؛ سەردەمی باستان، ناوین و نوێ. لە قۆناخی باستانیدا مادی ـ واتە زمانی مادەکان ـ یەکەم زمانە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بووە بە زمانی دەسەڵات. بە کوودەتای کووروشی هەخامەنشی لە ساڵی ٥٥٦ پێش زاییندا، ساتراپی پارسی بەسەر وڵاتی ماددا زاڵ دەبێت و بەو شێوەیە فارسی بۆ ماوەی ٢٠٠ ساڵ تا هاتنی ئەسکەندەری مەقدوونی دەبێتە زمانی دەسەڵات. ئەشراف و پیاوە دینیەکانی ماد، لە ناو ئیمپراتۆریی هەخامەنیشیدا ئەنتەگرا دەکرێن؛ بۆیە کۆمەڵێک وشە و زاراوەی کارگێریی مادی دەکەونە ناو زمانی فارسی. بە گرتنی ئێران لە لایەن ئەسکەندەر و دامەزرانی خانەدانی سلووکی (Sherwin-White, 1993:40)، فارسی دیسان دەکەوێتەوە پەراوێزەوە. بەڵام ئەمجارە دیسان هەر گەلانی باکوور–ڕۆژئاوایی بوون کە ئێرانیان لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە ڕزگارکرد. پاش نزیکەی ٢٠٠ ساڵ، پارتەکان یا پەهلەوانییەکان ئێرانیان لە دەست سلووکی ڕزگار کرد و لە ساڵی ٢٥٠ی پێش زایین، تا ٢٢٦ زایین، لە فەلاتی ئێران، مێزۆپۆتامیا و تەنانەت بەشێک لە سند و ترانس ئۆکسانیا، حوکمیان کرد. واتە لە ساڵی ٣٣٠ی پێش زایین تا ٢٢٦ پاش زایین، بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ، هیچ ئاسەوارێک لە فارسی نابینرێت. تەنانەت پاش هاتنە سەرکاری ساسانییەکان لە ساڵی ٢٢٦ی پاش زایینیش بۆ ماوەیەکی درێژ پارتی/ پەهلەوانی، وەکوو زمانی فەرمی بە کار دەهێنرا. ستاتوسی بەرزی پەهلەوانی هۆکارێکی سەرەکییە کە فارسی ژمارەیەکی زۆر وشە لەو زمانە بە قەرز وەردەگرێت. بەڵام لە مێژوونووسینی زمانیدا، فارسەکان «فارسیی ناوین»یش بە تەحریفێکی زیرەکانە وەکوو پەهلەوی پێناسە دەکەن، کەچی پەهلەوی، واتە زمانی پارتەکان، لە ڕووی مێژووی زمانەوانیدا زمانێکی باکوور ڕۆژئاواییە. جگە لە جیاوازیی وشەسازی و ڕستەسازی، دەیان ئیزۆگلۆسی دەنگسازیی پەهلەوی/ پەهلەوانی، لە فارسیی ناوین/ساساسی جیا دەکاتەوە. وێنەی خوارەوە نموونەیەکە لەو جیاوازییە دەنگسازییەکان:

| | ئیزۆگلۆسی باشوور ـ ڕۆژئاوا | | | | ئیزۆگلۆسی باکوور ـ ڕۆژئاوا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | فارسی نوێ | فارسی ناوین | ئیزۆگلۆس | | کوردی | پارتی | ئیزۆگلۆس |
| پل | pol | pul | l | پرد | pird | purd | -rd |
| بلند | bolend | bulend | l | بەرز | berz | burz | -rz |
| زن | zen | zen | z | ژن | jin | jen | j |
| آهن | ahen | ahun | h | ئاسن | asin | asun | s |
| دانـ (دانستن) | Dan- | Dan- | d | زانـ (زانین) | Zan- | Zan- | z |

بە پێی ئەم ئیزۆگلۆسانە گرووپەکانی باشوور و باکوور بەم شێوەیە بە پێی قۆناخەکانی مێژوویی پۆلین دەکرێن:

| سەردەم | باکوور | باشوور |
|---|---|---|
| باستان | مادی (BC 549 - 768) | فارسی کۆن (BC 550-330) |
| ناوین | پارتی (BC - 224 AD 247) | فارسی ناوین (AD 224-651) |
| نوێ | کوردی | فارسی نوێ (- AD 850) |
| | ئازەری † | |
| | تالشی/تاتی | |
| | ڕاژی (ڕێی، وەرامین، تاران) † | |
| | مازەنی | |
| | سمنانی | |
| | گەزی (ئەسفەهان) | |
| | گەبری (زاراوە ناوەڕاستەکان لە یەزد و کرمان) | |
| | بەلووچی | |

زۆربەی ئیرانۆلۆگەکان، فارسیی نوێ بە درێژەی فارسیی ناوین و ئەویش بە نۆرەی خۆی بە درێژەی فارسیی کۆن پێناسە دەکەن. بەڵام سەرنجڕاکێشە کە ئەم بەردەوامییە لە نێوان مادی و پارتی و کوردیدا کەم پێناسە کراوە. تەنیا ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، مینۆرسکی، دانی بەوەدا ناوە کە کوردەکان مادن. هەروەها ئیرانۆلۆگی ئەمریکی ویندفۆریش (Windfuhr, 1975:462)، کوردیی وەکوو زمانێکی پارتی پێناسە کردووە، بەڵام نە ئێرانییەکان، نە ڕۆژهەڵاتناسانی دیکە، دانیان بە هەبوونی ئەو پەیوەندییەدا نەناوە. تەنانەت بەشێکیان یان

کوردی بە ڕابردوویەکی دابڕاو پێناسە دەکەن، یانیش نکۆڵی لە پەیوەندیی کوردی و مادی و پارتی دەکەن. ئەمە دروست لە ئاراستەی سیاسەتی زمانیی دەوڵەتی فارسی دایە.

خاڵێکی بەرجەستە لە خشتەی سەرەوە، دابڕانی مێژوویەکی دوور و درێژ لە نێوان قۆناخەکانی زمانی کوردی لەگەڵ پارتی و مادییە. ئەگەر سەرنج بدەین، دابڕانی فارسیی ناوین تا فارسی نوێ، نزیکەی ٢٥٠ تا ٣٠٠ ساڵ دەبێت؛ ئەوەی کە عبدالحسین زرین‌کوب وکوو دوو سەدە بێدەنگی (دو قرن سکوت) پێناسەی کردووە. واتە لە ڕووخانی ساسانی لە ساڵی ٦٥١، تا ساڵی سەدەی نۆیەمی کۆچی، کە یەکەم دەقەکانی فارسی لە سەردەمی سامانیدا بڵاو دەبێتەوە، هیچ ئاسەوارێکی فارسی دیار نامێنێ. ئەو دوو سەدەیە، ئەوەندە لەسەر جەستەی فەرهەنگ، وشەسازی و ڕستەسازیی فارسی کاریگەر بووە، کە هەریەک لەوانە بە دوو شێوەی ناوین و نوێ پێناسە دەکرێن. ئەمجا ئەگەر بڕوانینە دابڕانی زەمانی لە نێوان پەهلەوانی و کوردی، زیاتر لە ١٢٠٠ ساڵ تا پەیدابوونییەکەم دەقە کوردییەکان دەخایەنێت. ئەم هەزار ساڵ بێدەنگییە لە نێوان پەهلەوانی و ئەو زمانانەی کە سەرچاوەیان هەر پەهلەوانی بووە، نە تەنیا هۆکار بۆ پەیدابوونی شێوەزاری جیاواز بووە، بەڵکو زمانی جیاوازیش لێی دەرکەوتوون. ئەم دیاردەیە دەکرێ لەگەڵ سەرهەڵدانی زمانە نوێیەکانی ڕۆمان پاش دابەش بوونی ئەمپراتۆری ڕۆم، کە زمانەکەی لاتین بوو، بەراورد بکرێت. هەر لە کاتی ئیمپراتۆریی ڕۆمدا، شێوەزاری جیاواز بە ناوی لاتینی عام (vernacular latin) هەبوون، بەڵام لە سەرەتای هەزارەی ڕابردوودا، ئەم شێوەزارە لۆکاڵییانە، دەستیان بە بەرهەمهێنانی ئەدەبی کرد و، بە دروست بوونی دەزگای چاپ، زمانەکانی ئێستای ڕۆمان، واتە ئیتالی، فەڕانسی، پورتوگالی، سپانی، کاتالانی و هتد، لێی دروست بوون. جیاوازییەک لە نێوان وەرار(تکامل)ی پەهلەوانی بۆ زمانەکانی ئێستا و لاتینی بۆ ئەو زمانانە ئەوەیە، کە بە ڕووخانی ئیمپراتۆریی پەهلەوانیی ئەشکانییەکان ، تەنیا بۆ ماوەی سەد ساڵێک بەردەوامیی نووسین بەو زمانە هەبوو. پاش نەمانی ئەشکانییەکان تا هەزارەییەکەمی زائینی، جگە لە چەند دەقێکی ئازەری یان چەند هۆنراوەی فەهلەویات، هیچ دەقێکی دیکە لەو زمانە نەماوە و، جگە لە چەند دەقی ئایینیی گۆرانی بە شێوەزارەکانی دیکەی کوردی، تا ساڵی ١٤٠٠ی میلادیش، هیچ دەقێک نەبوو. جگە لەوە تا ئێستاش، جیا لە ئستاتوی فەرمیی کوردی لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، هیچ زمانێکی دیکەی پەهلەوانی نەبووە بە زمانی پەروەردە و زمانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری. لەو ئاراستەیەدا زمانە پەهلەوانییەکان، پانتاییەکی بەرینیان لەدەست داوە و جێگایان بە فارسی و تورکی پڕ کراوە. بۆ نموونە تا سەرەتای حکوومەتی سەفەویش، ناوچەکانی ئەسفەهان، هەمەدان، کرمان، تاران، یەزد، ڕەی و وەرامین جۆرێکی پەهلەوانی قسەیان دەکرد. ئێستا ئەو ناوچانە بە تەواوی تەفریس کراون. تەنیا زمانی گەزی لە ئەسفەهان و زمانی گەبری لە یەزد ماوەتەوە. ئەوانی دیکە لەو ناوچانە بە تەواوی لە ناو چوون.

بە پێی مێژوونووسانی ئیسلامی، زمانی ئازەربایجانیش تا هاتنی موغول و تورکەکان پەهلەوانی بووە. بۆ نموونە «ابن مقنع» بە نەقڵ لە «ابن ندیم» دەڵێت کە زمانی ئازەربایجان «الفهلویه»، مەنسووب بە فەهلە، واتە خاکێک بووە بریتی لە ئەسفەهان، ڕەی، ماهی نەهاوەند و آذربایجان. ئەم دەستنیشانکردنەوەی جۆگرافیای زمانی لە لایەن یاقووتی حەمەوی لە «معجم البلدان» و خوارەزمی لە «مفاتیح العلوم»یشدا هاتووە. ماوەیەک ئەو زمانە وەکوو ئازەری پێناسەکراوە. حمد الله مستوفی لە «نزهة القلوب» لە سەدەی ٨ی کۆچی، زمانی

خەڵکی مەراغە بــە «پەهلەویی گۆڕاو/ پهلوی مغیر» پێناسە دەکات. (-Henning, 1955:157 177)

بە پێی لێکۆڵینەوە زمانناسییەکان، ئازەریی کۆن یەکێک لە ئاسەوارەکانی زمانی پەهلەوانی بووە. تا سەردەمی سەلجووقەکانیش، زۆربەی دانیشـــتوانی ئازەربایجـــان بە شـــێوەزارێکی پەهلەوانـــی قســـەیان کـــردووە و تەنانـــەت هۆنـــراوەی ئەدەبییـــان هەبووە. بـــۆ نموونە مەغریبی تەبریزی، شاعیری سەدەی هەشتی کۆچی فەهلەویاتی خوارەوەی (ادیب طوســی، ۱۳۳۵:۲۲۶) نووسیوە:

ســـەحەرگاهان کە دیلـــم تاوە گیرێ
ژە ئاهم هەفت چـــەرخ ئالاوە گیرێ
ژە دیلـــم ئازەریـــن ئاهـــی ورایـــە
دوژ ئـــەژ تـــاوی دیلم تـــاوە گیرێ

تێگەیشـــتن لە فەهلەویاتەکەی ســـەرێ، بۆ کەسێکی کورد کە شارەزایی بۆ شێوەزارەکانی کوردی هەبێ زۆر ئاسانە. /دیل/ هەمان /دڵ/، /تـــاوە/ هەمان تاو، /ژە/ و /ئـــەژ/ هەمان /ژ/ی کرمانجی و /جـــە/ی هەورامی، /دووژ/ هەمان /دوو/ە.

تەنانەت تێگەیشـــتنی هونراوەی شـــێخ ســـەفیەدینی ئەردەبیلی (ادیب طوســـی، ۲۰۱: ۱۳۳۵)، کـــە بـــە پێێ هەندێک ســـەرچاوەی مێژوویـــی، جەددەکەی لە کوردســـتانەوە بۆ ئازەربایجان کۆچی کردووە، بۆ کەسێکی کورد زۆر ئاسانە:

بـــە من جانـــی بدە ئەز جانـــوەر بوم
بـــە من نوتقـــی بدە تا دەمـــاوەر بوم
بە من گۆشـــی بدە ئەز بەشنەوا بوم
هەر ئانگەە وانگە بوو ئەز ئا خەبەر بوم

لێرەشدا /ئەز/ هەمان /ئەز/ی کوردی کرمانجی و پارتییـــە، /دەم/ هەمـــان /دەم/ـی کوردیی ســـۆرانی، لێرەدا بە واتای کەسێکی توانایی نوتقـــی هەبێـــت، /وانگە/ش هەر بـــە واتای /بانگ/ـە.

ئێســـتا تەنیا دوو سێ گوند لە ئازەربایجان ماون کە بەو زمانە قســـە دەکەن؛ شـــێوەزاری هەرزەنی لـــە گوندی گەلین قایـــای مەرەند، گونـــدی خوئین لـــە زەنجـــان و کرینگان لە خەلخال. ئازەربایجان بە تەواوی تەتریک کراوە. زێدی سەرەکیی فارسەکان ساتراپی پەرسیس بووە، کە پاش کوودەتای کووروش، فارسەکان بە ســـەر جۆگرافیای ئێراندا زاڵ دەبن. ئەگەر تەماشای نەخشەی (۱) بکەین، پانتاییی زمانی فارسی لەسەرەتادا زۆر تەسک بووە.

## نەخشەی زێدی ڕەسەنی فارس

بەڵام ئەگەر ئێستا بڕوانینە ژمارەی دانیشتوانی فارسیئاخێو، ڕاستییەکی دیکە ئاشکرا دەبێت، زۆربـــەی ئـــەو ناوچانـــەی کە ســـەردەمێک پەهلەوانی زمان بوون، ئێستا تەفریس کراون.


نەخشـــەی (۲) هی بیســـت ساڵ پێش ئێستایە. بۆ نموونە لێرەدا دیار دەبێت کە تەنیا لەسەدا ۷.۶ی خەڵکی مازەندەران فارسیزمانن. بـــەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەیەکـــی مەیدانی لە لایەن محمد صالح ذاکری (۱۳۹۸)، لەســـەدا ۶۰ی خەڵکـــی مازەندەران لە نـــاو خێزانیاندا فارسی بە کار دێنن.

ئەمـــەش نابێـــت لە بیـــر بکرێـــت، کە لوڕی ـ بەختیاری ســـەرەڕای پێشـــینەیەکی هاوبـــەش لە گەڵ کوردی کـــە هەمان زمانی پەهلەوانییە، ئێســـتا تەنیـــا خاوەنی هەندێک سوبستراتی پەهلەوانییە و لە بواری فەرهەنگ، وشەسازی و ڕستەسازیدا. ئەوەندە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی فارســـی، کە ئێستا لە بواری زانستی زمانناسیدا لە کۆمەڵەی زمانە باشوور ـ ڕۆژئاوییەکان، واتە فارسی، لەقەڵەم دەدرێن. دوور نیە بۆ ماوەی چەنـــد دەهەیەک وەکوو ئەســـفەهانی و هەمەدانی و ڕاژی، بەتەواوی تەفریس بکرێت.

نەخشەی
(١)




نەخشەی
(٢)



## پەیوەندیی زمانی پەهلەوانی لەگەڵ کوردی و زمانەکانی دیکەی باکوور- رۆژئاوا

جاری یەکەم کە من دەقێکی پەهلەوانی/ پارتیم دیت، بە خوێندنەوەی ئەم ڕستەیە کە نزیکەی ۱۸۰۰ ساڵ پێش ئێستا لە قاڵبی سروودێکی دینی مەسیحیدا نووسرابوو، تووشی شۆک بووم. ڕستەکە بەم شێوەیە داڕێژراوە: (Boyce, 1975:171)

û-t ez hişt hêm sêweg.

ئەم ڕستەیە بە کرمانجی ئەمڕۆ دەبێتە:

Û te ez hîşt-im sêwî.

واتە، تۆ منت هەتیو[بەجێ] هێشت. لە زمانی پەهلەوانیدا وەکوو نموونەکەی سەرێ، دەتوانین هەموو شێوەزارەکوردییەکان، مازەنی، گیلەکی، تالشی، بەلووچی، سمنانی، ئازەریی کۆن و گەبری و هتد ببینین. بەڵام نیوەی ئەم زمانانە یان لەناو چوون یان لەژێر مەترسی نەماندان.

تا کۆتاییی سەدەی هەژدەی زایینی، سیاسەتێکی دیاریکراوی زمانی لە لایەن حوکمڕانانی ئێران پەیڕەو نەدەکرا؛ واتە حکوومەتی شاهی لە ئێران چالاکانە سیاسەتێکی سەپاندنی زمانی فەرمییان دانەڕشتووە. هۆکاری سەرەکیی نەمان یان سنوورداربوونی زمانە غەیرەفارسییەکان لە ئێران، لەبەر نەبوونی سەروەریی سیاسیی ئاخێوەرانی ئەو زمانانە بووە. جۆگرافیاکەیان لە لایەن فارسەکانەوە داگیرکراوە و بە شێوەیەکی سروشتی زمانی فارسەکانیش، بووە بە زمانی دەسەڵات و خاوەن پرێستیژ و وەکوو بۆردیۆ (Bourdieu, ١٩٨٦:٥٦) پێناسەی دەکات، بووە بە خاوەنی سەرمایەیەکی فەرهەنگیی گەورە. ئەم سەرمایە گەورەیە، فارسیی کردووە بە زمانی لینگوا فرانکای پانتاییی فەلاتی ئێران و، تەنانەت زمانی بازرگانی تا دیواری چین. بە سەرمایەیەکی وا، فارسی بە شێوەیەکی پاسیڤیش بێت بووە بە هۆکاری سەرەکیی مردنی کۆمەڵێک زمانی دیکە.

## مۆدێرنیتە، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسمی ئێرانی و فۆرمگرتنی سیاسەتی زمانی

زمان ڕۆڵێکی سەرەکیی لە نەتەوەسازی و مۆدێرنیزاسیۆندا دەبینێ. لە کۆنتێکستی ئێراندا لە کۆتاییی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩دا بوو، کە حاکمانی ئێرانی هەستیان بە گرنگیی ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازییەکی مۆدێرندا کرد. بۆیە، وەکوو پێشتر ئاماژە کرا، هەتا ئەو سەردەمە، ئەوانەی بە شێوەی داگیرکردن و یان بەخۆبەستنی تەریتوارێک، حوکمیان لەسەر «رعیت» دەکرد، حەولێکی چالاکیان بۆ چەوساندنی زمان نەدەدا. تەنانەت حاکمانی تورکی ئێران بۆیان گرنگ نەبوو زمانی خۆیان بەسەر سەراسەری ئێراندا زاڵ بکەن. بەڵام بە هاتنی مۆدێرنیتە، ئاڵوگۆڕێکی پارادیگماتیک لە ویژمانی زمانیی ئێراندا ڕوودا. پێشکەوتن و مۆدێرنیتە لە دەریچەی پەروەردەدا دەگوزەرا، بۆیە محەمەدشای قاجار، ڕوخسەتی دا بۆ کردنەوەی چەندین خوێندنگای میسیۆنەری مەسیحی و ئەم پرۆسەیە بە کردنەوەی «دارالفنون» لە ساڵی ١٨٥١دا خێراتر بوو. لە سەرەتای ١٩٠٠دا، ئەم خوێندگایە بووە بە پۆلیتەکنیکێکی گەورە کە ٣٥٠ خوێندکاری هەبوو و بەشێکیان نێردران بۆ ئەورووپا بۆ ئاستەکانی بەرزی خوێندن. (Abrahaian, 2008:39) پاش چەند ساڵێک لە شارە گەورەکانی وەکوو تاران، تەورێز و ئەسفەهانیش چەند کۆلێژی دیکە کرانەوە. بۆ گەشەپێدانی زمانی فارسی، لە چاپخانەی دەوڵەتی چەندین ڕۆمانی وەرگێڕاوی ڕۆژئاوایی چاپ کران. هەمان سەرچاوە ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «تربیت» لە تاران، «همت» لە تەورێز، «حبل المتین» لە کەلکەتە، «اختر» لە ئەستەنبول و «قانوون» لە لەندەن دەکات. دەزگا چاپەمەنییەکان،

لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ڕۆڵێکی گەورە لە وەراری ئایدیا ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت دەستپێکردنی «انقلاب مشروطە» دەگێڕن. (Bashir, 2000) ڕۆشنگەری بە ئایدیا ڕۆژئاواییەکان، حوکمرانیی قاجارەکان بە ئاڵەنگاری دەکێشن و موزەفەرەدین شا، مەجبوور دەکرێت بۆ جاڕدانی هەڵبژاردنی گشتی. مەجلیسی شوورای میللی، لە ساڵی ١٩٠٦دا دەکرێتەوە. (Maloney 2015-) لە قانوونی مەشروتییەتی ساڵی ١٩٠٦دا، هیچ ئاماژەیەک بە زمان یان زمانی ڕەسمی نیە، بەڵام مەجلیسی شوورای میللی، بە زیادکردنی بەندێک لە نیزامنامەکەیدا، هەنگاوی یەکەم بەرەو سیاسەتی زمانی لە ئێراندا دەنێت. بە پێی ئەم بەندە، دەبێت نوێنەرانی مەجلیس «رسم الخط»ـی فارسی بزانن. (Kia, 1998:32). بزاڤە ناسیۆنالیستییەکانی فارس لەم سەردەمەدا، لە فۆرمدانی زمان و مێژوو، وەکوو ئامرازگەلی ئیدئۆلۆژیک لە پێناسەکردنی ئێران وەکوو یەک دەوڵەت و یەک زماندا سەردەکەون. (Tavakoli-Targhi, 2009) لە ئاکامدا، سروشتی فرە ئەتنیک و فرەزمانیی وڵاتەکە پشتگوێ خرا و ئێران وەکوو وڵاتێکی «باستانی و یەکگرتوو بە یەک زمان، یەک فەرهەنگ و یەک زمانی ئەدەبی» وێنا کرا. (Kia, 1998:9) ناسیۆنالیسمی نوێپێی فارسی، بە فیترەتی ئینکار و پەراوێزخستنی فرەچەشنی ئەتنۆزمانی لە سەردەمی ڕەزاشا و کوڕەکەیدا، گەیشتە قۆناخی بێتەحەممولی و ڕێگەی بە ناکۆکی ئەتنۆزمانیش دا. (Katouz-ian, 2009) ڕەزا خانی میرپەنج، تەنانەت بە تەحریفێکی مێژوویی، ناوی زمانی پەهلەوانی واتە پەهلەویی کردە پاشناوی خۆی. ڕەزا شا، بە ویژمانێکی کەمالیستی ـ ڕەزا شا لە ژێر کاریگەریی ئایدیاکانی موستەفا کەمال ئاتاتورکی تورکیەدا بوو ـ سیاسەتێکی ڕەگەزپەرەستانەی پەتیگەرایی لە بواری زماندا پەیڕەو کرد؛ ئەویش بەکارهێنانی فارسی وەکوو ئامرازێک بۆچەوساندنەوەی ئاخێوەرانی زمانەکانی غەیری فارسی بوو. (Abrahamian, 2008) یەکێک لە هەنگاوەکانی سیاسەتی زمانی ڕەزاشا، دامەزراندنی فەرهەنگستانی زمانی و کۆمیسۆنی جۆگرافی بوو. ئەو کۆمیسیۆنە ناوی سەدان ناوچە، شار، شارۆچە و دێی گۆڕی. یەکێک لە هەنگاوەکانی ئەم سیاسەتە، بە کار هێنانی تاقانەی فارسی بوو بۆ تابلۆ، نیشانەکانی شوێنی گشتی، نامەی بازرگانی و تەنانەت کارتی ڤیزیت. (Mirvahedi, 2018) فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی ئێران، تێرمینۆلۆژی و زاراوەکانی کارگێریشی کردە فارسی. لە تەنیشت ئەم هەڵمەتانەدا، ڕەزاشا، بەکارهێنانی هەر جۆرە فۆرمی نووسراوەی زمانەکانی دیکەی قەدەغە کرد. فارسی، بە پێی فەرمانی شاهی، تەنیا زمانی ڕەوا بوو. زمانەکانی دیکە وەکوو کوردی یان دیالێکتالیزە (May, 2008) کران، یان نەهایەتەن وەکوو فۆرمی ناخالیسی (گویش) فارسی لەقەڵەم دران. لە میانەی شەڕی دووەمی جیهانیدا و بە لادانی ڕەزاشا لە لایەن هاوپەیمانان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، دەرفەتێکی کورت، بەڵام زۆر چارەنووس ساز، بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی دروست بوو، بەڵام بە داگیرکردنی کۆمار لە لایەن ئەرتەشی کوڕەکەی، واتا محەمەدڕەزاشا، ئەو هەناسەیەش خنکێندرا. محەمەد ڕەزا، سیاسەتەکەی باوکی پەیڕەو کرد، بەڵام ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زمانەکانی تری کەمێک خاوتر کرد.

## سەردەمی کۆماری ئیسلامی

بۆچوونەکان لەمەڕ فرەچەشنیی زمانی لە ئێراندا، بە تایبەت لە ساڵە سەرەتاییەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر بە پێی پێوەرە ئیسلامییەکان فۆرمیان دەگرت. لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا دوو مادە ئاماژە بە زمان دەکەن، مادەی ١٥

و مادەی ١٩. بە پێی مادەی ١٥ زمان و خەتی فەرمی و زمانی هاوبەشی گەلی ئێران فارسییە. نوسراوە فەرمییەکان، دەق و هەموو کتێبی دەرسی دەبێت بە فارسی بن. بەڵام، بەکارهێنان زمانی مەحەللی و قەومی لە ڕاگەیاندن و چاپەمەنیدا و هەروەها فێرکردنی ئەدەبیاتیان لە خوێندنگادا لە تەنیشت فارسی ئازادە. بۆ جاری یەکەم بوو کە لە قانوونی ئەساسیدا، ستاتوسی زمانی فەرمی بداتە فارسی و بۆ جاری یەکەمیش ئاماژە بە هەبوونی زمانی دیکە دەکرا، سەرەڕای پێناسەکردنیان وەکوو زمانی محەللی و قەومی. ئەمە هەمان بەردەوامیی سیاسەتی دیالێکتالیزەکردن و مینیۆریتیزەکردنی سەردەمی پەهلەوییە، کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بەشی دووەمی مادەی ١٥ تا چەند ساڵ پێش ئێستا بە هیچ شێوەیەک پەیڕەو نەکرا و ئێستاش زۆر سنووردار لە چەند خوێندنگایەک پرۆژەیەکی نیوبەندیان بۆ دارشتووە. واتە لە پراتیکدا وەکوو فیشمان (Fishman, 2013:479) ئاماژە دەکات، کۆماری ئیسلامی، ئێستا «سیاسەتی بێ سیاسەتی» لەمەڕ زمانەکانی تری ئێراندا پەیڕەو دەکات. بە ئامرازی ڕاگەیاندنی بەهێز و دەزگای پەروەردەی فراوان، پێویستی بە سیاسەتی سەرکوت و چەوساندنەوەی زمانیی ڕەزاشا نیە. چونکە بەم شێوەیەیە بە بێ ناکۆکی، زمان نافەرمییەکان لەناو دەچن. ئێستا زمانەکانی غەیری فارسی بۆ پەیەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سنووردار کراون.

بە پێی تیئۆریی فێربوونی زمان، دو ئاستی جیاوازی زمان هەن؛ زمانی دواندن و زمانی پەوەردە یان زمانی ئاکادێمیک. زمانی دواندن ڕۆژانە بە ڕێگای چالاکیی کۆمەڵایەتی، واتە گەمە، ڕاگەیاندن، قسەکردنی ڕۆژانە، گێڕانەوەی ڕووداو و ئەزموونەکان، شی کردنەوەی چالاکییەکانی ڕۆژانە و دەربڕینی بۆچوونی شەخسی، گەشە دەکات. (Cummins, 2000:53-85) زمانی دانوستاندن لە ناو کۆنتێکستدا جێگیرە، واتە تێگەیشتنی، بە ئاماژەگەلی کۆنتێکستوئێلدا دەستەبەر دەبێت. عونسوری وەکوو دەربڕینی دەموچاو، زمانی جەستە، ئاماژە و نیشان، تێیدا گرنگن. بەم شێوەیە زمانی دواندن لە هاوکردارییی کۆمەڵایەتیدا واتا دەگرێت، بۆیە پێویستییەکی ئەوتۆی بە چالاکییەکی فراوانی کۆگنیتیڤ/ئیدراکی نییە. بەڵام زمانی ئاکادێمیک یان زمانی پەروەردە زمانێکی ئابستراکتە، ویژمانێکی ئاستبەرزی ئاکادێمیکی هەیە و لە کۆنتێکستی پەروەردەدا، وەکوو وانەی ناو پۆلەکان، فێر دەکرێت. فۆرمەکانی زمانی ئاکادێمیک بریتین لە بەراورد و کۆنتراست، گوێگرتنەوە، پێناسە و پۆلێنکردن، پێشبینی، شیکردنەوە، ئانالیز و ڕەواکردنەوە، ئاگاداربوونەوە و ئەنجامگیری، ئەنتەگرە کردن و هەڵسەنگاندن، ئارگومێنتاسیۆن، قانع کردن و پاراستن. بۆیە زمانی ئاکادێمیک پێویستی زیاتری بە خەباتی کۆگنیتیڤ هەیە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تئۆرییە، ئەو منداڵەی کە پەیوەندیی زمانی دواندنی لەگەڵ زمانی ئاکادێمیکی نەبێت، تووشی کێشەی وەراری زمانی دەبێت. هەندێک بنەمای سایکۆلینگویستیک/زمانەوانی کۆمەڵایەتی، لەمەڕ پرۆسەی فێربوونی منداڵی کەمینە، کە زمانی دایکیان لەگەڵ زمانی پەروەردە یەک ناگرن بریتین لە:

- توانایی زمانیی پێویست بۆ سەرکەوتنی لە ئاستی پەروەردە جیاوازە لە توانایی زمانی ژیانی ڕۆژانە.
- واتە وەراری توانایی ئاکادێمیکی زمان پێویستی هەیە بە فراوان کردنی گەنجینەی وشە، زانینی ڕێزمان و ویژمانێک کە سنووری دانوستاندنی کۆمەڵایەتی تێپەڕ دەکات.
- بۆیە گواستنەوەی شارەزایی زمانی ئاکادێمیک ئەو کاتە لە نێوان دو زماندا مومکینە، کە گەشەدانی خوێندنەوە لە خوێندگا، بە هەردو زمان بێت. بەم شێوەیە بۆ

منداڵی کورد گواستنەوەی شارەزاییی زمانی ئاکادێمیک لە نێوان فارسی و کوردیدا ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، هەر دیسان زۆر سەختە.

- دادەکانی بەردەست دەیسەلمێنن کە شیاویی منداڵی کەمینە بە مەرجێک دەگاتە ئاستی منداڵی زۆرینە ئەگەر بە لای کەم بە هەردوو زمان لە هەمان کاتدا پەروەردە بکرێت.
- منداڵێک کە بە دوو زمان پەروەردە بکرێت، بەردەوام ڕاهێنانی زمانی دەکات، بۆیە هوشیاریی کرداری زمانییان زیاتر و فۆکووسی ئەنتەلەکتوئێلیان قووڵتر دەبێت. (Cummins, 2000:59)

بەڵام منداڵی کورد لە ڕۆژهەڵات، ڕێئالیتەیەکی تری هەیە؛ لە نێوان زمانی دواندنی ڕۆژانە و زمانی ئاکادێمیکی پەروەردەدا هیچ پەیوەندییەک نیە. ئەمە ڕێگە دەدات بە دیاردەی نیوزمانی، واتە نە زمانی دایکی بە چاکی فێر دەبێت، نە زمانی پەروەردە. نیوزمانی ئەو کاتە ڕوودەدات کە:

- نێوان زمانی دایک و زمانی فەرمیدا، دوو ستاتۆی یاسایی جیاواز هەبێت.
- زمانی دایک هەندێک توانایی زمانی دواندن و دانوستاندنی ڕۆژانە وەردەگرێ بەڵام هیچ دەرفەتێکی بۆ وەرگرتنی کۆد و توانییەکانی زمانی ئاکادێمیکی پەوەردەی نیە.
- واتە لە نێوان زمانی دواندن و زمانی ئاکادێمیک پەیوەندی نیە.
- لە ڕێژەی گەنجینە وشەکانی زمانی دایک و زمانی فەرمی، ڕاستبوونی ڕێزمانی، ئۆتۆماتیسم، خولقێنەریی زمانی، شارەزایی فۆنکسیۆنی زمان و وێناکردندا کێشە دروست دەبێت.
- تاکی نیوزمان، لە بیرکردنەوە و دەربڕینیدا، نە بە زمانی دایک نە بە زمانی پەروەردە سەرکەوتوو نیە. (Cummins, 1976, 1978, 1979a)

دیاردەی نیوزمانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشی هەیە. وەراری نایەکسانی منداڵێکی کورد کە نەیتوانیوە پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان زمانی دواندن (زمانی دایک) و زمانی ئاکادێمیک (زمانی پەروەردە)دا دروست بکات، تووشی کێشەی کۆگنیتیف دەبێت؛ بۆیە لە ناو کۆمەڵگادا تاکی نیوزمان وەکوو کەمزەکا و کەمبەها پێناسە دکرێت. هەرچەندە نیوزمانی، نە لادانێکی سایکۆلۆژیک بەڵکو ئەنجامی سیاسەتی زمانییە، واتە ئەوە فاکتۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانن کە ڕێگە لە وەراری یەکسانی تاکەکان دەگرن. لە حاڵەتی وادا، بۆ زمانێکی بێ دەسەڵات وەکوو کوردی، دیلەمایەکی جەوهەری دروست دەبێت، تاکی کورد لە ئاکامدا پرسیار لە خۆی دەکات، گەلۆ زمانی کوردی چەندە یارمەتیدەرە بۆ پێشکەوتن و گەشەدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو؟ ئایا کوردی دەتوانێ ببێتە ئامرازی وەدەستخستنی توانایی و زانین؟ واتە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی گەشەدانی سەرچاوەی مرۆڤی؟ ئایا زمانی کوردی دەتوانێ سەرمایەی فەرهەنگی و ئاکادێمیک تەولید بکات، کە ئاخێوەران بتوانن لە بازاڕی کاردا سەرکەوتوو بن؟ ئەویش لە کۆمەڵگایەکی ناونەتەوەیی زانین/زانست ـ ناوەندی ئێستا، کە تێیدا ڕکابەری بۆ کار و سەرچاوەکان زۆر بەرزە.

## سەرمایەی فەرهەنگی و زمان لە ژینگەیەکی کۆلۆنیال دا

گریمان کە کوردی نەبێتە زمانی پەروەردە، ئاخۆ تا چ ڕادەیەک دەتوانێ ببێتە ئامرازی گواستنەوەی فەرهەنگ؟ پێش ئەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەبێ شیکردنەوەیەکی ویلیامز (Williams, 1962: 134) لەسەر پەیوەندیی زمان و ئەدەبیات بخوێنینەوە کە دەڵێت: «زمان و ئەدەبیات پێکەوە دەبنە ئامرازی گواستنەوەی گێڕانەوەی مێژوو و بەم شێوەیە کاراکتەری کۆمەڵایەتی دەخولقێنن.»

کــە وابوو، ئەگەر تاکی کورد لە سیســـتەمی پەروەردەدا هیچ ناوەڕۆکێکی ئەدەبیی گرێدراو بە سەرمایەی فەرهەنگیی خۆی وەرنەگرێت، چ جۆرە گێڕانەوەیــەک، کاراکتەری جڤاکی مرۆڤی کــورد دەخولقێنێ؟ ئەو گێڕانەوەیەی کە لە سیســـتەمی پەروەردەدا وەریدەگرێ چ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ بیر و گێڕانەوەی خەڵکەکەیــدا؟ بــە تایبــەت کــە ژینگەی کۆلێکتیڤی زمانی بە یارمەتی و لە چوارچێوەی زانیاری و پرەنســـیپی فەلسەفیی پەروەردەدا گەشە دەستێنێ. ئەگەر چوارچێوەی زانیاری و پرەنســـیپی فەلســـەفیی پەروەردە، لەگەڵ ژینگەی کۆلێکتیڤی زمان بێ پەیوەندی بێت، چی بەســـەر تاک و بە تایبەت چی بەســـەر کۆمەڵگای کوردەواریدا دێت؟

یەکێــک لــە گرنگتریــن کارکردەکانــی زمان، دەورەکەیەتی لــە وێناکردنی ڕێئالیتە. زمان تەنیــا ئامرازی دانوســـتاندن نیە؛ زمان هەروەها ڕێنمایەکە کە ئێدوار ســـاپیر، وەکوو «ڕێئالیتــەی کۆمەڵایەتی» پێناســـەی دکات. زمــان سیســـتەمێکی واتاییــی هەیــە، یان واتاییەکی پۆتانســـیەلی هەیە کە گواستنەوەی بەهــا کولتوورییــەکان دابیــن دەکات. (Halliday, 1978:109) بۆیە، کاتێک منداڵێک فێری زمان دەبیت، هاوکات لە ڕێگای زمانەوە، هەندێک دیــاردەی گرنگی تریش فێر دەبێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانە، منداڵ واتا و بەهاکانی گرێدراو بە فەرهەنگیش وەردەگرێ کە تەنیا بە سیســـتەمی فەرهەنگی ـ ڕێزمانیی ئەو زمانە مومکینە. (Halliday 1978:23)

لەگەڵ لەیەک ترازانی ژینگەی پەروەردە و ژینگــەی کۆلێکتیڤی زمانــی تاکی کورد، گوزارشـــت لە یەک دیــاردە دەکەن، ئەویش ئەوەیــە کە ژینگــەی زمانیەکــەی کۆلۆنیزە کراوە. میراسی هەرە مایەندەی کۆلۆنیالیزمی زمانــی، کاریگەریــی نەرێنییە لەســـەر خۆ-وێناکردنی کۆمەڵــگای کۆلۆنیزەکراو. چونکە وەکــوو لە ســـەرێ ئاماژە کــراوە گێڕانەوە و بنەمافەلســـەفییەکانی پــەروەردە، لەگــەڵ ڕێئالیتــە و گێڕانەوەی کۆلێکتیڤی کۆمەڵگای کوردەواری یەک ناگرنەوە.

کۆلۆنیالیزمــی زمانــی، مێکانیزمێکــی تایبەتی هەیە؛ خودی پرۆسەی کۆلۆنیزەکردن بــە جەبریــش بێــت، بــەڵام ڕاگرتنەکەی بــە پرۆســـەگەلێکی شــاراوەی هەژمۆنیک دەســـتەبەر دەکرێــت، واتە قازانــج کردنی دڵ و هــزری کۆمەڵــگای کۆلۆنیزەکــراو بە ڕێگای مەشروعییەت بەخشــین بە پراتیکی زمانی، ئەدەبیــات، نەریتی کولتووری، نۆرمی کۆمەڵایەتــی، بەهــا و باوەڕەکانــی زمانــی کۆلۆنیال. کــورت و کورمانجی بە خولقاندنی ژینگەیەکی کۆلۆنیال.

پەیوەندیی ڕاستەوخۆی زمان و کۆلۆنیالیزم و ئینتەرنالیزەکردنی ڕێئالیتەی زمانی کۆلۆنیال لە ناخوداگاهی گەلانی کۆلۆنیزەکراو لە لایەن فانۆن بەم شێوەیە شی کراوە:

> *هــەر گەلێکــی کۆلۆنیزەکــراو ـ بە دەســـتەواژەیەکی دیکە، هەر گەلێک کە کۆمپلێکســـێکی خۆکەمبینین لە لای بە مردن و ناشتنی ڕەسەنایەتیی کولتــووری خــۆی خولقێنــدراوە ـ خۆی ڕووبــەڕووی زمانــی نەتەوەی خــاوەن شارســـتانی دەبینــێ، کــە خاوەنــی کولتوری خۆیەتــی. تاکی کۆلۆنیزەکراو بــە ڕادەی دوورکەوتن لە ستاتوســی دارســـتانیی خۆ و، بە خۆگونجانــدن لەگــەڵ ســـتاندارد و بەها کولتوورییەکانی گەلی کۆلۆنیال خۆی بەرز دەکات. (Fanon,2008:9)*

## سیاسەتی زمانیی ئێران: ئەمپەریالیزمی زمانی، لینگویســیزم (ڕەگەزپەرەســتی زمانی) و لینگویسید (کۆمەڵکوژی زمانی)

فارســی هەر کاتێک زمانی دەســـەڵات بووە، بــە هــۆی فتووحاتــی حاکمانی فــارس لە

دەرووەی جۆگرافیای فارسنشین، بووە بە زمانی داگیرکەر. تا سەدەی ڕابردوو دەورێکی پاسیڤی لە چەوساندنەوە، پەراوێزخستن و تەنانەت لە ناوبردنی چەندین زماندا هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا، بەشێکە لە سیاسەتێکی ئاگاهانەی زمانی. ئەم دیاردە نوێیە تەنیا بە داگیرکارییەکی ئاسایی پێناسە ناکرێت. لە پاش داگیرکردن، کۆلۆنیزە کردن و پاش کۆلۆنیزەکردن، پەیڕەو کردنی سیاسەتێک دەست پێ دەکات کە بە ئەمپەریالیزمی زمانی پێناسە دەکرێت. ئەمپەریالیزمی زمانی جاری یەکەم لە لایەن ڕۆبرت فیلیپسۆن بە کار هێنراوە، هەرچەندە بەستێنی تێئۆریکی ئەم پێناسەیە بنەما تێئۆرییەکانی گالتونگن (Galtung, 1980). گالتونگ ئاماژە بە نفوزی زمانی ناوەند لەسەر پەراوێزەکان و ڕۆڵی ڕێکخراوە حکوومییەکان بۆ پەرەپێدانی زمانی سەردەست دەکات. ڕوبرت فیلیپسۆن، ئەو ئایدیایە لە بواری زمانەوانیدا فراوانتر دەکات و دەستنیشان دەکات کە ئەمپەریالیزمی زمانی، لە بەر دوو هۆکار کاریگەریی لەسەر هەموو جۆرێکی ئەمپەریالیزم هەیە. یەکەم لەبەر ئەوەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ فۆرم(زمان وەکوو ئامرازی گواستنەوەی ئایدیاکان)دا هەیە، دووەم لەبەر ناوەرۆک. پەیوەست بە هۆکاری یەکەم، زمان ئامرازی سەرەکیی دانوستاندنە بۆ پێکەوە بەستنی هەموو لینکەکان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا. چونکە پێشمەرجی دانوستاندن، تێگەیشتنی دوولایەنە لەسەر بنەمای کۆدی هاوبەشە. (Phillipson, 2008:33) ئەو کۆدە هاوبەشە لە کۆنتێکستی ئێراندا زمانی ناوەند واتە زمانی فارسییە. چونکە ئەمپەریالیزمی زمانی، موئەلیفەیەکی سەرەکیی ئەمپەریالیزمی فەرهەنگییە. ئەمپەریالیزمی زمانی دەورێکی سەرەکیی هەیە بۆ پراکتیزەکردنی ئەمپەریالیزمی کۆمەڵایەتی، کە بریتییە لە گواستنەوەی نۆرم و ڕەفتارگەلی ئولگوویی بۆ ستروکتوورێکی کۆمەڵایەتی، کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان لە بەستێنی زمانی ناوەنددا شاردراونەوە. (Phillipson, 2008:34) جا ئەمە کاتێک دیار دەبێت کە کارتێکەریی کۆمەڵایەتی بە سەر گرووپێکی تردا دەسەپێندرێت، بۆ نموونە فارسی دەوری سەرەکی لە سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا دەگێڕێ و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی فارس دەگوازێتەوە ناو کورد. لە پێناسەکردنی ئەمپەریالیزمی زمانی فارسی، سەرنجی سەرەکیی ئێمە لەسەر زاڵ/سەردەست بوونی ئەو زمانە بە سەر زمانەکانی دیکەی جۆگرافیای ئێرانە، چونکە فارسی لە چوارچێوەی مێکانیزمێکدا دەجووڵێت کە تێیدا دەسەڵات/هێز و سەرچاوەکان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەشکراون و تەنانت ڕەوا کراون. بۆیە لێرەدا لینگویسیزمیش (ڕەگەزپەرەستی زمانی) چەمکێکی ناوەندییە لەم کۆنتێکستە دا.

بە پێی پێناسەی تووڤێ سکوتناب-کانگاس لینگویسیزم، دیاردەیەکی پاراڵێلە لەگەڵ ڕاسیزم (ڕەگەزپەرەستی)، واتە ئەم دیاردەیە کۆمەڵێک ئایدیۆلۆژی، ستروکتور و پراتیکن کە بە کار دێن بۆ مەشرووعییەت بەخشین، یاسایی کردن، پەیڕەوکردن و بازتەولیدی دابەشکردنی ناعادیلانەی هێز و سەرچاوەکان (سەرچاوەی مادی و مەعنەوی) لە نێوان گرووپەکاندا، لەسەر بنەمای زمان. (Skutnabb-Kangas, 2000:34) ئەم پێناسەیە، بێ کەموکوڕی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی ئێران لەمەر کوردی و زمانەکانی دیکەی غەیری فارسی تەتبیق دەکرێت. لە ئایدیۆلۆژیی فەرمیی ئێراندا بە پێی قانوونی ئەساسییەکەی، فارسی زمانی فەرمییە. فارسی بۆ وەحدەت و یەکگرتوویی وڵاتەکە خاوەن سەنگێکی قورسە، مەشروعییەتی تاریخیی پارسا و پارسیک و دەریی هەیە، خاوەنی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند بە شاعیرانی وەکوو فیردەوسی، حافیز و سەعدییە،

ئــەو دەرفەتانەی کە لە چــاپ و پەروەردە و کارگێریدا بە فارســی دەدرێت، نادرێتە هیچ زمانێکــی دیکــەی ئێران و لەســەر بنەمای خــودی زمانەکە دەوڵەتی ئێــران، چ ڕژێمی شاهی و چ کۆماری ئیسلامی، هێز و سەرچاوە مــادی و مەعنەوییەکانی زۆر ناعادیلانە لە ناو گەلانی ئێراندا دابەش کردووە.

ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی لینگویسیزم دیاردە لینگویسید یان ژێنۆســیدی/کۆمەڵکوژی زمانە. ئەوی ئێســتا لە مازەندەران، گیلان، ســمنان و تالیش ڕوو دەدات هەنگاوێکی مەتەرســیدارتری سیاســەتی زمانی فــارس لەمــەڕ پەراوێزەکانە؛ چونکــە لێرەدا عاملێک هەیە کە خەریکە دەبێتە هۆی مردنی زمانێکی تر. لە تیئۆریی لیبرالدا تەنیا کاتێک عاملێکی چالاک بە نیەتی ڕاشــکاو ببێتە هۆی مردنــی زمانێکی دیکــە، دەتوانین وەکوو لینگویســید پێناســە بکەین. بەڵام بە بۆچوونی ســکوتناب ـ کانــگاس (Skutnabb-Kangas, 2000:369) ئەو عاملە دەتوانێ هەم ئاکتیڤ بێت، وەکوو ئەو دەورەی زمان و دەوڵەتی تورکیا لەمەڕ کوردیی بینیــوە، هەمیش پاســیڤ، وەکوو ئەو دەورەی فارسی لەمەڕ زمانە کانی دیکەی ئێراندا دەیبینێ. واتە بە بێبەشــکردنیان لە سیســتەمی پەروەردە و کارگێری، ڕێگا بدات بە مردنی پلە بە پلەی زمانی وەکوو مازەنی، گیلەکی و کوردی. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئاخێوەرانی زمانی دایک لە گیلان و مازەندەران بۆ نیوە کەم بووەتــەوە. ڕەنگە لە هەندێک ناوچەی شــاریی کوردستانیش ئەم دیاردەیە دەست بە پەرەسەندن بکات. بە بێ ئەنتەگرەبوونــی زمانی کوردی لە سیســتەمی پەروەردە، کارگێری و ئابووریدا، ئەو سیاســەتەی لەبەرامبەر کوردی پەیڕەو دەکرێت، سیاسەتی لینگویسیدە.

## ئەنجام

فارســی بووە بە هــۆکاری نەمانــی چەندین خوشکەزمانی کوردی وەکوو ئەسفەهانی، ڕاژی (ڕەی)، وەرامینی، هەمەدانی و چەندی دیکەشی لە ئاســتی فەرهەنگی، وشەسازی، ڕستەسازی و... تەحریف کردووە و ئێســتا مەتەرسییەکی جدییــە بەســەر چەندیــن زمانــی دیکە کە پەیوەندییەکی مێژوویيان لەگەڵ کوردیدا هەیە. لــە هەمان کاتدا ئەو پانتاییە جوگرافییەی کە تێیدا بە کوردی قسە دەکرا بەرتەسکتر کراوە. لە هەر قۆناغێکی مێژوویيدا، فارســی، کوردیی گەمارۆ داوە؛ بەڵام ئێستا سیاسەتێکی لە جاران ئاگرێســیڤتری گرتووەتەبەر. فارســی، زمانی کۆلۆنیالیزمی فارس، سیاسەتی ئەمپەریالیزمی زمانــی و کۆمەڵکوژیی زمانی لەمەڕ زمانەکانی دیکــەی ئێــران پەیــڕەو دەکات. ئەگەر کورد بۆ پاراستنی ســەرمایەی زمانی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤیی خۆی نەتوانێ سەروەریی سیاسی دەستەبەر بکات، دوور نیە کوردیش تا چەند دەهەی دیکە تووشی هەمان چارەنووس بێت کە ئێستا مازەنی و گیلەکی تووشی بوون. پاراســتنی کــوردی لە لەناوچوونــی، نە تەنیا ئەرکێکی نەتەوەیی، بەڵکوو ئەرکێکی ئەخلاقییە بۆ پاراســتنی میراتێکــی فەرهەنگی و مرۆڤی. کوردیــش بە ڕێکخراوە سیاســی و کۆمەڵگای مەدەنییەکــەی خــۆی، دەبێت سیاســەتێکی زمانیــی تایبەت بــۆ ژیاندنەوەی کــوردی لە ڕۆژهــەڵات دابرێژێت، چونکە لــە فەرهەنگی سیاســی و کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانی فارسیدا، هیــچ ئاماژەیەکــی تۆلێرانــس و ئەمپاتی بۆ زمانەکانی دیکە، بە تایبەت کوردی نابیندرێت. ئێران ئێستا یەکێک لە ئاگرێسیڤترین سیاستە زمانییەکان لە ناوچەدا پەیڕەو دەکات. بۆ ئێمە و گەلانــی تر لە جۆگرافیای سیاســی ئێراندا، فارسی نە شــەکری شــیرین، بەڵکو تا ئێستا دەوری ژەهری هەلاهلی گێراوە.

## سەرچاوەکان


Abrahamian, E. (1982). Iran between two revolutions. Princeton: Princeton University Press.

Abrahamian, E. (2008). A history of modern Iran. Cambridge: Cambridge University Press.

Bourdieu, Pierre. «The Forms of Capital» (1985),

paign for language purifcation. Middle Eastern Studies, 34(2), 9–36.
Linda T. (2004) «Learning Language: Learning Culture in Singapore.» Language, Education, and Discourse: Functional Approaches, ed. by Joseph A. Foley. Continuum, 2004
Maloney, S. (2015). Iran's political economy since the revolution. Cambridge: Cambridge University Press.
May, S. (2008). Language education, pluralism, and citizenship. In S. May &
N. H. Hornberger (Eds.), Encyclopedia of language and education (2nd ed.,
Mirvahedi, S. H. (2018). Medical tourism and its niched impact in Tabriz,
Iran: Opportunities and challenges for Iranian Azerbaijanis. Linguistic
Landscape, 4(2), 128–152
Phillipson, R. H. L. (2008). Linguistic Imperialism. Oxford University Press.
Skutnabb-Kangas, T. (2000). Linguistic genocide in education or worldwide diversity and human rights?. Mahwah: Lawrence Erlbaum Associates.
Susan M. Sherwin-White; Ama1/2lie Kuhrt (1993). From Samarkhand to Sardis: A New Approach to the Seleucid Empire. University of California Press. p. 40.
Tavakoli-Targhi, M. (2009). Historiography and crafting Iranian national identity. In T. Atabaki (Ed.), Iran in the 20th century: Historiography and political culture (pp. 5–21). London: I.B. Tauris.
Williams, R. (1962). The Long Revolution. Middlesex: Penguin.
Windfuhr, Gernot (1975), «Isoglosses: A Sketch on Persians and Parthians, Kurds and Medes», Monumentum H.S. Nyberg II (Acta Iranica-5), Leiden: 457–471
Zhang, Huiying (2015). «From Latin to the Romance languages: A normal evolution to what extent?» (PDF). Quarterly Journal of Chinese Studies. 3 (4): 105–111. Archived from the original (PDF) on 2018-12-29. Retrieved 2019-12-29.
ادیب طوسی، محمد امین (۱۳۳۵)، فهلویات مغربی تبریزی، نشریه دانشکده ادبیات دانشگاه تبریز، شماره ۸
زرین کوب، عبدالحسین (۱۳۳۶)، دو قرن سکوت، نشر امیر کبیر، تهران
Handbook of Theory of Research for the Sociology of Education (1986) p. 56.
Boyce, Mary (1975). A reader in Manichaean Middle Persian and Parthian. Lieden: Brill.
Boyce, Mary (1983), «Parthian writings and literature», in Yarshater, Ehsan (ed.), Cambridge History of Iran, 3.2, Cambridge UP, pp. 1151–1165.
Cummins, J. (1976) The influence of bilingualism on cognitive growth: A synthesis of research findings and explanatory hypotheses. Working Papers on Bilingualism 9, 1–43.
Cummins, J. (1978) Immersion programs: The Irish experience. International Review of Education 24, 273–82.
Cummins, J. (1979a) Linguistic interdependence and the educational development of bilingual children. Review of Educational Research 49, 222–251.
Cummins, J. (2000). Language, Power and Pedagogy: Bilingual Children in the Crossfire. UK: Antony Rowe Ltd.
Diakonoff, I.M. (1985), «Media I: The Medes and their Neighbours», in Gershevitch, Ilya (ed.), Cambridge History of Iran, 2, Cambridge University Press, pp. 36–148.
Fanon, F. (2008). Black Skin, White Mask. London: Pluto Press.
Galtung, J. (1980). The True Worlds. A Transnational Perspective. New York: The Free Press.
Halliday, M.A.K. (1978). «An interpretation of the functional relationship between language and social structure», from Uta Quastoff (ed.), Sprachstruktur – Sozialstruktur: Zure Linguistichen Theorienbildung, 3–42. Vol. 10 of The Collected Works, 2007.
Henning, W. B. (1955). The Ancient language of Azerbaija in Transactions of Philological Society. Moscow: Tullinskiy yazik.
Henning, Walter Bruno (1958), Mitteliranisch, Handbuch der Orientalistik I, IV, I, Leiden: Brill.
https://www.irna.ir/news/83542928/تمسخر و خجالت شیب تند انقراض زبان مازندرانی, Retrieved 2019-12-29.
Katouzian, H. (2009). Te Persians: Ancient, mediaeval and modern Iran. New Haven and London: Yale University Press.
Kia, M. (1998). Persian nationalism and the cam-

# کۆلۆنیالیزم و شۆڕش:

## توندوتیژیی پێویست بۆ ڕزگاربوون له ‹دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزم›

**سارۆ ئەردەڵان**



مرۆڤی کورد لەبەر هۆکاری پرۆسەیەکی درێژخایەنی کۆلۆنیالیزم له چەندین ڕەهەندەوە ستەمی لێ دەکرێ و دەچەوسێتەوە. له ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ‹دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزم› بە سەر کوردستاندا زاڵ بووە و، ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی بۆ ڕزگاری مرۆڤی کورد پێویستی بە ئەکتی شۆڕشگێڕانەیە تا له دیالێکتیکی سەردەست و بندەست دەرباز ببێ.

*نەسڵی داهاتوو بۆخۆی بڕیار دەدا ئایا وەک ئێمە خودموختاریی دەوێ یان نا.*
*عەبدولڕەحمان قاسملوو (وتاری «دروشمی بنەڕەتی حیزبەکەمان»)*[1]

*هەر سەردەمێک دەبێ سەر لە نوێ هەوڵ بدا نەریت لە دەست ئەو سازشکارییە دەربێنێ کە خەریکە بە سەریدا زاڵ دەبێ.*
*واڵتەر بێنیامین (چەند تێزێک سەبارەت بە مێژوو)*[2]

## دەستپێک

هەر کات باس لە نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەکرێ ناوی کورد لە سەرەوە و لە پلەی یەکەمدا بەداخەوە دەدرەوشێتەوە. ئەو کاتانەی کە سەبارەت بە دۆخی کورد پرسیارمان لە لا ساز دەبێ، وڵامی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت بەردەوام تووشی سەرسووڕمانمان دەکا. سەرسووڕمانێک کە لە تێڕامانێکی فەلسەفییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکوو پاش ئەوەی وڵامێکی سەلمێنەرمان بۆ پەیدا نابێ، لە بێدەرەتانیدا و بە واقوڕمانەوە لە لاپەڕەی ڕووداوەکانی مێژووی مۆدێرندا بە شوێن وڵامەکەیدا عەوداڵ دەبین و هەوڵ دەدەین بێ هێزی خۆمان لە بخەینە ئەستۆی گەشەنەسەندنی کولتووری سیاسی، ئامادەنەبوونی هەلومەرجی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی، خەیانەتی ناوخۆیی و پیلانگێڕیی دەرەکی. ئەم سەرسووڕمانە بەپێچەوانەی بیرۆکەی ئەریستۆ، نابێتە سەرەتایەک بۆ تێڕامانی فەلسەفی سەبارەت بە دۆخی کورد کە چۆن و بۆچی لە سەدەی بیست و یەکەمدا هێشتا، لە قۆناغی پێنەگەیشتوویدا، دوژمن بە سەریدا زاڵ ماوەتەوە. لە کوردستانێکی کۆلۆنیکراو، بیرمەندانی کورد لە ماوەی زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵدا هەموو ڕێگایەکیان تاقی کردووەتەوە کە زنجیرەکانی نەتەوەکانی تورک، فارس و عەرەب لە ملی نەتەوەی کورد بپچڕێنن، بەڵام ئەگەر بەرواڵەت دەستکەوتێکش هەبووبێ، وەک ئەوەیکە لە باشوور ڕووی داوە، ڕزگاری بۆ خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد هیچ کە دەستەبەر نەبووە بەڵکوو زیاتر لە سەدا هەشتای خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا ماوەتەوە. ڕێگا ئەزموونکراوەکانی خەبات مژێکیان لەسەر ئەو هەقیقەتە ساز کردووە کە ئامانجی کۆتاییی ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی، لە بنەڕەتدا ئەگەر ڕزگاری نەبێ، هەر مانەوە لە دۆخی بندەستییە لێ بەرهەم دێتەوە. بۆ زۆربەمان گەڕان و پەیجۆربوون بە دوای وڵامێک بۆ پرسی ڕزگاری، هێندە ئاشکرایە کە لەوپەڕی ڕوونیەتیدا نادیارە. چونکە ئەو وڵامانەی کە تاکوو ئیستا بیرمەندانی کورد بەم پرسەیان داوەتەوە، لە بنەڕەتدا بوونەتە هۆی ئەوەی هەلومەرجێکی ڕاستەقینە بۆ گەیشتن بە ڕزگاری دەستەبەر نەبێ.

دۆخێک کە تیایدا مرۆڤی کورد لە چەندین ڕەهەندەوە (نەتەوایەتی، چینایەتی، ڕەگەزایەتی و ژینگەیی) ستەمی لێ دەکرێ، کەمتر توانیویەتی وەک دۆخی ڕاستەقینەی نائاسایی[3] نیشان بدرێ. چونکە نائاساییبوونی دۆخی بندەستی بۆ نەتەوەی کورد، بووەتە بەشێک لە ڕێساکان و لە ڕاستیدا ئاسایی بووەتەوە. ئەگەر سەیری نەتەوە بندەستەکانی دیکە لە ڕابردوو و لە ئیستادا بکەین، دەبینین کە بۆ ڕزگاری لە دۆخی کۆلۆنیالیزم، تەنیا ئایدیۆلۆژییەک توانیویەتی یارمەتیدەریان بێ کە مێکانیزمەکانی سوڵتەی شی کردبێتەوە و هەموو زنجیرەکانی وابەستەیی پچڕاندبێت. هەر بۆیە من دەمەوێ لەم توێژینەوەیەی خۆمدا، بە شوێن ئەوەدا بگەڕێم کە چ پەیوەندییەک لە نێوان مێژوو و نەتەوەی کورددا هەیە و ئایا دەرکی ئێمە لە دۆخی خۆمان بەرەو ڕزگاریمان دەبا؟ دواتر باس لەوە دەکەم، بۆچی پێویستە لە پێناو تیۆرییەکی ڕزگاریکەردا شۆڕش بکەین و، هەروەها بۆچی

و له چ ئاستێکدا توندوتیژی له شۆڕشدا ڕەوایە.

## کوردستان و ‹دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزم›

کوردستان له لایەن چوار وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریایەوە بەکۆلۆنی کراوە. کاتێک باس له کۆلۆنیالیزم دەکەین مێشکمان بەرەو لای شێوازێکی کلاسیکی کۆلۆنیالیزم دەڕوا که تیایدا وڵاتێکی وەک بریتانیا لەوپەڕی دونیاوە دێت و، وڵاتێک وەک هێند له ئاسیا بەکۆلۆنی دەگرێ. واته هەم مەودایەکی دوور لەم کۆلۆنیالیزمەدا دەبیندرێ و هەم وڵاتی هێند پێش لەوەی که بریتانیا به سەریدا زاڵ ببێ لەسەر نەخشەی وڵاتان هەبووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە که کوردستان پێشتر وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ به فەرمی نەناسراوە، تاکوو ئێمە بتوانین کوردستان وەک کۆلۆنی ناو ببەین و، ئەمه له ڕووی پەیوەندیی نێودەوڵەتییەوە کێشه ساز دەکا. هەروەها وڵاتێکیش نابیندرێ که به فەرمی هاتبێ و، کوردستانی به کۆلۆنی کردبێ. له وڵامدا بەم شێوەیە بەڵگه دێنمەوە که له ‹نێوخۆی› هەر کام لەم چوار وڵاتەدا، نەتەوەی کورد بەکۆلۆنی کراوە. بەم واتایە له پرۆسەیەکی درێژخایەنی سەد ساڵەدا هەر پارچەیەک له کوردستان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی له لایەن هەر کام لەم دەوڵەتانەوە بەکۆلۆنی کراوە. لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی کوردایەتی، نەتەوەی کورد خوازیاری سازکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆی لەسەر خاکی کوردستانە، بەڵام بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم ئایدیۆلۆژییە، میکانیزمه ئاڵۆزەکانی کۆلۆنیالیزم له لایەن هەر چوار وڵاتی کۆلۆنیالیستیی کوردستانەوە بەکار دێن و «کوردستانیان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی، به مەبەستی گەشەسەندنی ناوەندی وڵاتەکەی خۆیان بەکار هێناوە. واته، کاتێک ئەم دەوڵەت نەتەوە مۆدێرنانه ساز بوون، لەبەر گەشەسەندنی خۆیان پێویستیان بوو که هەندێک له ناوچەکانی ناو وڵاته نوێیه دەستکردەکەی خۆیان، به کۆلۆنی بگرن. هاوکات به هەمان ئەندازە ناوچه ناوەندییەکانی ئەو چوار وڵاته گەشەی دەسەند، کوردستان وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو، بەرەو گەشەنەکردنێکی سیستەماتیک هەنگاوی دەنا. دەوڵەتی کۆلۆنیالیست، له ڕێگەی بەکۆلۆنی کردنی کوردستان و کەڵک وەرگرتن له هێزی کار و سەرچاوە ماددییەکانەوە، کوردستانی وەک ناوچەیەکی دواکەوتوو له ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە هێشتووەتەوە.»[۴] هەڵبەت، کۆلۆنیالیزم بۆخۆی بووەته هۆی پارچەپارچەبوونی کوردستان و لەتبوونی ناسنامەی کوردی و لەبەر ئەم هۆکارە، له ئاوەڵناوی نێوخۆیی کەڵک وەردەگرم که نیشانی بدەم له سنووری هەر کام لەم وڵاتانەدا، نەتەوەی کورد بەکۆلۆنی کراوە و مێکانیزمەکانی هەر کام لەم وڵاتانه بۆ سەپاندنی پەیوەندیی کۆلۆنیالیستی لێک جیاوازن، هەرچەند به یەک مەبەست ئەنجام دەدرێن.

> دۆخێک که تیایدا مرۆڤی کورد له چەندین ڕەهەندەوە (نەتەوایەتی، چینایەتی، ڕەگەزایەتی و ژینگەیی) ستەمی لێ دەکرێ، کەمتر توانیویەتی وەک دۆخی ڕاستەقینەی نائاسایی نیشان بدرێ

له ماوەی سازبوونی هەر چوار دەوڵەت نەتەوەکەدا، کوردستان وەک کۆلۆنییەک بۆ هەر کام لەم چوار وڵاته سەیر کراوە و هەرچەند له هەر کام لەو وڵاتانه چەندین حکومەتی جیاواز و تەنانەت به ئایدیۆلۆژیای تەواو دژ به یەک حوکمڕانییان کردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین که بەکۆلۆنی کردنی

کوردستان و بندەستبوونی نەتەوەی کورد، خاڵی هاوبەشی هەموویان بووە. تەنانەت ئەگەر هەندێک لە حکومەتەکان وەکوو حکومەتی ئاکپارتی (٢٠١٠ تا ٢٠١٤) یاکوو ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران (١٩٩٧-٢٠٠١)، ویستوویانە بە ڕواڵەت نیشان بدەن کە دەیانەوێ بۆ پرسی کورد لە وڵاتی خۆیان چارەسەرییەک بدۆزنەوە، دۆخی کۆلۆنیالیزم درێژەی هەبووە. هیچ کام لە مێکانیزمەکانی دابەش بوونی هێزی کار و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکانی کوردستان لە قازانجی نەتەوەی سەردەست کۆتایی پێ نەهاتووە و، بەئەنقەست گەشەنەسەندنی کوردستان، بە تاڵانبردنی نەوت، ئاو و کانزاکانی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد درێژەی هەبووە. هەر بۆیە من وەک «دۆخی کۆلۆنیالیزمی هەمیشەیی»[٥] باس لە ستەمێکی چەند ڕەهەندی لەسەر تاکی کورد دەکەم کە لەبەر کوردبوون بە سەریدا سەپاوە. لێرەدا ئەو پرسیارەمان لە لا ساز دەبێ کە ئەم دۆخە هەمیشەییە، بۆچی هێندە ئاسایی بووەتەوە کە تەنانەت باسکردن و نیشاندانی وردەکارییەکانی، لە لایەن خودی کوردەکانەوە دژایەتیی دەکرێ؟ بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە گرنگە سەرەتا پێویستە مژارێکی فەلسەفیتری ئەم باسە شی بکەمەوە کە تیایدا باس لەوە دەکرێ چۆن نەریتی ستەملێکراوەیی، وەک نەریتی باو لە مێژوودا سەیر دەکرێ و، چۆن نەتوانراوە وەک دۆخێکی نائاسایی پێناسەی بۆ بکرێ.

## ستەملێکراوەکان و دۆخی نائاسایی

بۆ شیکردنەوەی پرسی ڕزگاری، سەرەتا تیشک دەخەمە سەر مژارێک لە نووسینەکانی واڵتەر بێنیامین (١٩٨٢-١٩٤٠) کە لە یەکێک لە هەرە سەرنجڕاکێشترین پاژەکانی چەند تێزێک سەبارەت بە مێژوو، تایبەتمەندیی فەلسەفەی مێژوو و پەیوەندیی لەگەڵ دۆخی ستەملێکراوەکان شی دەکاتەوە و دەنووسێت:

> *«نەریتی ستەملێکراوەیی، فێرمان دەکا کە ئەو «دۆخە نائاساییەی» تیایدا دەژین ئاوارتە نییە، بەڵکوو ڕێسایە. ئێمە دەبێ بە چەمکێک لە مێژوو بگەین کە لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا بێتەوە. بەمگوێرەیە، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەرکی سەرشانی ئێمە، سازکردنی دۆخی نائاسایی ڕاستەقینەیە و، هەر ئەمە پێگەی ئێمە بۆ خەباتی دژە فاشیزم بەهێزتر دەکا. یەکێک لەو هۆیانەی فاشیزم لە ڕێگەیەوە شانسی سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ، ئەوەیە کە دژبەرانی فاشیزم لە ژێر ناوی پێشکەوتندا، وەک جۆرێک لە نۆرمی مێژوویی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن.»[٦]*

هەر وەک دەردەکەوێ، یەکێک لە کارتەکانی فاشیزم بۆ سەرکەوتن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دژبەرەکانی نەیاندەتوانی دەرکێکی گونجاویان لێی هەبێ. مایکەڵ لۆوی، کۆمەڵناسی مارکسیستی برازیلی، لە شرۆڤەی ئەم تێزەدا پێی وایە کە لە تێزی هەشتەمی چەند تێزێک سەبارەت بە مێژوو دوو لێکدانەوەی دژ بە یەک لە فاشیزم دەبیندرێ: تێگەیشتنێک هەیە کە فاشیزم تیایدا وەک ئاوارتەیەک لە نۆرمی پێشکەوتندا سەیر دەکرێ، وەکوو ‹گەڕانەوە بۆ دواوە»یەکی شرۆڤەهەڵنەگر، کەوانەیەک کە پەیوەندیی بە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای مرۆییەوە نییە. لە تێگەیشتنی دووەمدا، فاشیزم وەکوو دوایین دەرکەوتەی دڕندانەی «دۆخی هەمیشەیی نائاسایی»[٧] لە مێژووی ستەمی چینایەتیدا سەیر دەکرێ.[٨] بێنیامین هەوڵ دەدا کە لەم کورتەنووسینەدا، لەوە تێبگا بۆ مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی، فاشیزمی لێ بەرهەم هاتووە

و، لێـــرەوە بـــۆ بەریەککەوتن لەگـــەڵ کارڵ شـــمیت (١٨٨٨–١٩٨٥) بیرمەندی ناوداری حکومەتـــی نازی هەنـــگاو دەنـــێ. بە وتەی جۆرج ئاگامبێن (١٩٤٢- ) تێزی هەشـــتەم بەدڵنیاییـــەوە بەڵگـــەی یەکلاییکـــەرەوەی دۆســـیەی بەرەورووبوونـــەوەی بێنیامیـــن و شمیتە.[٩] دووانەی بێنیامین – شمیت بۆ من ئەو گرنگییەی هەیە کە لەوە تێبگەم، کاتێک لە مێژووی هاوچەرخـــدا، باس لەوە دەکەین کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کراوە و کـــورد لە دۆخی بندەســـتیدا دەژی، چۆن ئێمە وەکوو کـــورد، بـــۆ ڕزگاری، تاقە یەک ڕێگای شۆڕشـــی دژ بە نەزمی هەنووکەیی لە پێشـــمانەوەیە و، ناچارین، پێکهاتەی دەوڵەت – نەتەوە کۆلۆنیالیستییەکانی کوردستان تێک بشکێنین. بۆ ئەم تێکشـــکاندنە، پێویست بە توندوتیژییەک دەکا، کە مەشـــروعیەتی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ یاســـاکاندا نیشـــان بدا. واتە دەبێ چۆنیەتیی بووناســـانە – سیاسیی حاکمیەت، یاســـا و توندوتیژیی یاســـایی یا لـــە دەرەوەی یاســـا، لە لایـــەن ئایدیۆلۆژیی کوردایەتییەوە بەوردی دەستنیشـــان بکرێ. مەبەســـت لە کوردایەتی سەرەتا «ڕەهەندێکی سیاسییە کە ئامانجەکەی سازکردنی دوڵەت-نەتەوە لەســـەر خاکی کوردستانە. هەر جۆرە کردارێکی ئابـــووری، کۆمەڵایەتی وکولتووری لـــە چوارچێوەی ئـــەم ڕەهەندە سیاســـییەدا مانـــای کۆتایی بەخۆیەوە دەگـــرێ. هەروەها لـــە مانایەکـــی بەرفراوانتـــردا، ئایدیۆلۆژیـــی کوردایەتـــی جگە لە ناســـیۆنالیزم (ڕەهەندی سیاســـی)، هەڵگری چەندین ڕەهەندی دیکە وەک سۆسیالیزم، فێمینیزم و ژینگەپارێزییە. ئایدیۆلۆژیـــی کوردایەتی دەیـــەوێ دابڕانێک لەگەڵ ئەو سیســـتەمانەدا ســـاز بـــکا، کە لە ســـەد ســـاڵی ڕابردوودا و بە ناوی دەوڵەت ـ نەتـــەوەی مۆدێرنەوە، خاکی کوردســـتانیان بەکۆلۆنـــی گرتووە. لێرەدایە کـــە کوردایەتی، دەبـــێ وەک ئایدیۆلۆژییەک بـــۆ ڕزگاریی لە هەر چوار پارچەی کوردســـتان سەیر بکەین و، باشـــترە وەک جووڵانـــەوەی ڕزگاریخوازی نـــاوی لـــێ ببەیـــن.»[١٠] ئـــەم ئایدیۆلۆژیی کوردایەتییە، دەیەوێ چوارچێوەی خەباتیکی دژەکۆلۆنیالیســـتی و، مەشروعیەتی دابڕانێکی توندوتیژانەی لە پێکهاتەی کۆلۆنیالیستی، کە تیایدا مرۆڤی کورد دەچەوســـێتەوە و ستەمی لـــێ دەکرێ، دەستنیشـــان بکا. بـــۆ تێرامان ســـەبارەت بەم باسە، دەبێ بزانین لە مێژووی فەلســـەفەدا چۆن ســـەبارەت بەم کێشـــانە تێفکریـــون و، هەروەها بزانیـــن ڕێگەچارەی تایبەت بە خۆمـــان بۆ دەربازبوون لە ‹دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزمی› چییە.

## دۆخـــی ئاوارتـــە لە ڕوانگەی شـــمیت و ئاگامبێنەوە

ئاگامبێن لە بەشـــی چوارەمی کتێبی دۆخی ئاوارتەدا، باس لەوە دەکا کە مشتومڕی نێوان بێنیامین و شمیت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٥ تا ١٩٥٦ لە ئـــارادا بووە و هەر کامیان چەند جارێک لە بەرهەمەکانی خۆیاندا، سەرچاوەیان بە یەک داوە. یەکەمین بەریەککەوتنی ئەوان، دژەکردەوەی شـــمیت ســـەبارەت بە وتاری ڕەخنـــەی توندوتیژیی بێنیامیـــن بووە.[١١] بۆ ئەوەی وڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بدەینەوە، دەبێ سەرەتا لەوە تێبگەین کە شمیت چۆن بۆ حاکمیەت دەڕوانێ و، ســـەبارەت بە دۆخی ئاوارتە چۆن بیر دەکاتەوە. شـــمیت لە کتێبی ئێلاهیاتـــی سیاســـیدا، بەم شـــێوەیە حاکم [فەرمانڕەوا] پێناســـە دەکا: «حاکم کەسێکە کە سەبارەت بە دۆخی ئاوارتە بڕیار دەدا.»[١٢] شـــمیت پێی وایە کە دۆخی ئاوارتە، لەگەڵ دۆخی نائاســـایی (یا باری/ڕەوشی نائاسایی) و دۆخی گەمـــارۆ جیاوازی هەیە. ئەو بۆ یەکەم جار پەیوەندییـــەک لە نێوان دۆخی ئاوارتە و حاکمیـــەت[١٣] ســـاز دەکا و، دەیەوێ بۆ ئەم مژارە یاســـایی ـ سیاســـییە بگەڕێتەوە کە لە کاتی نائاســـایی بوونی دۆخی وڵاتێکدا، وەک

ئەو کاتەی لە جەنگی نێوخۆیی، شۆڕشی چەکداری و بەرنگاریدا دەیبینین؛ ئایا دەکرێ لە ڕێگای پەسەندکردنی یاسایەک بۆ دۆخی نائاسایی، هەموو یا بەشێک لە یاساکانی پێشووتر هەڵبسپێردرێ و، چیتر کاریان پێ نەکرێ؟ هەروەها شمیت پێی وایە ئاوارتە ئەو شتەیە کە ناتوانێ ببێتە ژێدەری ڕێسا و یاسا. هەر یاسایەک یاسا بۆ بارودۆخێکی تایبەتە. حاکم کەسێکە کە بارودۆخ وەک گشتێک ساز و پشتیوانیی لێ دەکا. حاکمیەت لە ڕووی یاساییەوە، مافێکە کە تەنیا حاکم هەیەتی و، دەتوانێ لە دۆخی ئاوارتەدا بڕیار بدا. کەواتە شمیت لە ڕێگەی ئێلاهیاتی سیاسییەوە، حاکمیەت وەکوو چەمکێکی سنووریی نێوان نەزمی ئاسایی و ئاوارتە پێناسە دەکا، کە تیایدا حاکم بڕیار دەدا ئایا دۆخی هەنووکەیی بەڕاستی ئاوارتەیە یاکوو بەردەوامبوونی نەزمێکی ئاسایی و لەسەر بنەمای ڕێسایە؛ حاکمییەت لەم بڕیاردانەدا خۆی نیشان دەدا و، حاکم کەسێکە کە سەبارەت بە ڕێسا (بابەتی ئاسایی و بەپێی نۆرم) و بابەتی ئاوارتە بڕیاری کۆتایی و یەکلاییکەرەوە دەدا.

مێژووی دانانی یاسای دۆخی نائاسایی، بۆ قۆناغی جەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە پەشێوی بکات، بەڵام هەرچی بە نها نزیک دەبینەوە، دۆخی نائاسایی ڕەهەندی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ. ئاگامبێن لە کتێبی هۆمۆساکێردا، بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێ لەگەڵ شمیت هاودڵ بێت.[١٤] هۆمۆساکێر، لە یاساکانی ڕۆمیدا بە مانای مرۆڤی پیرۆز هاتووە و، لەم یاسایانەدا، مرۆڤی پیرۆز کەسێکە، کە خەڵک لەبەر ئەوەی تاوانێکی ئەنجام داوە، مەحکومیان کردووە. هەر لەم ڕووەوە، ناکرێ ئەم مرۆڤە قوربانی بکرێ؛ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر کەسێک بیکوژێ دادگایی ناکرێ. دەکرێ مرۆڤی پیرۆز بکوژن، بەڵام ناکرێ وەک قوربانی پێشکەشی بکەن، ئەمە بە واتای ئەوە دێ کە ئەم کەسە، لە هەرێمی یاسای مرۆیی دەردەکرێ و هاوکاتیش لە هەرێمی ئیلاهیش وەلا دەنرێ، چونکە قوربانی کردن بە مانای تەسلیمبوون و، بە دیاریکردنی مرۆڤ لەهەمبەر خوداکانە کە لە ڕێگەیەوە پیرۆز دەبێ. ئاگامبێن باس لەوە دەکا کە لە ڕێگەی «دووجار سڕینەوە و دووجار دەستبەسەرکردن» دەتوانین لە هۆمۆساکێر بگەین.[١٥] لە درێژەدا ئەو باس لە دژوازییەک دەکا کە تیایدا هۆمۆساکێر، لەبەر ئەوەی ناتوانێ قوربانی ببێ، گرێدراوی خودایە و لەبەر ئەوەی دەکرێ بکوژرێ، تێکەڵی کۆمەڵگایە. لێرەوەیە کە بەو ئەنجامە دەگا، ژیانی هۆمۆساکێر «ژیانێکی ڕووتە» و لەبەر ئەوەی لەوپەڕی یاسای زەوی و ئاسماندا دەژی، بەرەوڕووی مەرگ دەبێتەوە. ئاگامبێن بەو ئەنجامە دەگا کە لە نێوان هۆمۆساکێر و ئاوارتەدا، هاوشێوەییەک هەیە کە هەر کامیان لە یەک کاتدا هەم یاسا دەیانگرێتەوە و هەم لە یاسا دەردەکرێن و دەسڕێنەوە؛ هەر بۆیە حاکم دەتوانێ لەبارەیانەوە بڕیار بدا.[١۶]حاکم کەسێکە کە هەموو مرۆڤەکان بۆی هۆمۆساکێرن و، هۆمۆساکێر کەسێکە کە هەموو مرۆڤەکان بەشێوەی هێزەکی (بالقوە) دەوری حاکمی بۆ دەبینن.

> **ئەم ئایدیۆلۆژییە کوردایەتییە، دەیەوێ چوارچێوەی خەباتیکی دژەکۆلۆنیالیستی و، مەشروعیەتی دابڕانێکی توندوتیژانەی لە پێکهاتەی کۆلۆنیالیستی، کە تیایدا مرۆڤی کورد دەچەوسێتەوە و ستەمی لێ دەکرێ، دەستنیشان بکا**

ئاگامبێن، لە کتێبی دۆخی ئاوارتەدا، دەیەوێ زیاتر ڕەگەزناسیی ئەم چەمکە بکا و پێی وایە بەرپرسانی وڵات، لە بارودۆخی جەنگدا، دۆخی نائاسایی ڕادەگەیەنن، تا گرژی و شۆڕش کۆنتڕۆڵ بکەن، بەڵام

بەرەبەرە دۆخی نائاسایی ڕاستەقینەی سوپایی، بەرەو دۆخی نائاساییی سیاسی دەڕوا. لە ئاکامدا، ئاگامبێن پێناسەی خۆی لە دۆخی ئاوارتە، بەم شێوە دەستنیشان دەکا: «ئەگەرچی پارادایمی سەرەکی، لە لایەکەوە (لە کاتی دۆخی نائاسایی گەمارۆدا) گشتاندنی هێزەکانی ئۆتۆریتەی سوپایی لە سەروبەندی جەنگدایە، کە فەزای مەدەنیش بگرێتەوە و، لە لایەکی دیکەوە هەڵپەساردنی دەستووری بنچینەیی (یا هەڵپەساردنی ئەو ڕێسا و نۆرمانەی کە لە دەستووری بنچینەییدا پشتیوانی لە ئازادییەکانی تاک دەکەن)، بەڵام ئەم دوو مۆدێلە لە دیاردەیەکی یاساییدا یەک دەگرنەوە کە وەک دۆخی ئاوارتە ناوی لێ دەبەم.»[١٧] بە باوەڕی ئاگامبێن دۆخی ئاوارتە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەک پارادایمی زاڵی حکومەت لە سیاسەتی هاوچەرخدا ڕوو لە هەڵکشانە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بەرەبەرە لە دەستووری وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ (فەڕانسە و ئاڵمان) و ناڕاستەوخۆ (بریتانیا، ئامریکا، سویس و ئیتالیا) دەبیندرێ و هەر بۆیە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ، کە دۆخی ئاوارتە میراتی نەریتێکی دژە-دیمۆکراتیک نییە و لە هەناوی دیمۆکراسیی ڕۆژئاواییەوە سەری هەڵداوە و، تیایدا بە شێوەیەکی یاسایی و لە ڕێگەی دەستووری بنچینەییەوە، بۆخۆی یاسا هەڵدەپەسێرێ.

## گەڕانەوەی ئاگامبێن بۆ بێنیامین

هەرچەند بیرۆکەی شمیت وەکوو پاساوێکی یاسایی بۆ لەسەر کارمانەوەی حکومەتی دیکتاتۆری/تۆتالیتەر سەیر دەکرا، هەوڵی ئاگامبێن ئەوە بوو کە نیشانی بدا، دۆخی ئاوارتە هەر خۆی بووە بە ڕێسا و، لە ڕەوشی یاسایی — سیاسی ڕۆژئاوادا پەیڕەو دەکرێ. ئەگەرچی مومکینە یاسا لە کاتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی ئاوارتەدا هەڵبپەسێردرێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئاوارتە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێسا و یاساوە نییە، بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوەیە، دۆخی ئاوارتە بە شێوەیەکە کە ئەو شتەی لە هەرێمی یاسا دەردەکرێ، پەیوەندییەکەی لەگەڵ یاسا ڕێک لەبەر هەر ئەم «هەڵپەساردن لە یاسا»یە دەهێڵێتەوە. ئەو شتەی لە ناو پێکهاتەی نەهێشتن و دەرکردنی حاکم وەک کەسێکی گیراوی (نەک زیندانی، چونکە زیندانی گرێدراوی یاسا دەبێ) لێ دەردێ، ژیان بۆخۆیەتی. ئاگامبێن پێیوایە شمیت لە کتێبی» ئیلاهیاتی سیاسی»دا، لە ڕاستیدا وڵامی ئەم داخوازیانە دەداتەوە کە بێنیامین لە وتاری ڕەخنەی توندوتیژی (١٩٢١) بە دەستیەوە داوە. ئاگامبێن لە بەشی چوارەمی کتێبی دۆخی ئاوارتەدا دەنووسێت: «ئامانجی وتارەکەی بێنیامین [ڕەخنەی توندوتیژی] پێداگری لەسەر ئیمکانی توندوتیژییەکە کە بە شێوەیەکی ڕەها لە ‹دەرەوە› و ‹لەوپەڕی› یاساوەیە و بەوگوێرەیە دەتوانێ دیالێکتیکی نێوان توندوتیژییەک کە یاسا ساز دەکا و، توندوتیژییەک کە پشتگیریی لێ دەکا[١٨] بتوێنێتەوە.»[١٩] مەبەستی بێنیامین لەو توندوتیژییەی دیکە، توندوتیژییەکی ‹پەتی› یا ‹ئیلاهییە› کە لە فەزای مرۆییدا، وەک توندوتیژییەکی شۆڕشگێڕانە ناوی لێ دەبات.

هەر بۆیە بێنیامین دەبێژێ: «ئەگەر توندوتیژی لە دەرەوەی یاسا، وەکوو توندوتیژییەکی بێ نێوانجیی پەتی، بوونی هەبێ، بەناچار ئەمە دەیسەلمێنێ کە بۆچی

> **مێژووی دانانی یاسای دۆخی نائاسایی، بۆ قۆناغی جەنگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە پەشێوی بکات، بەڵام هەرچی بە نها نزیک دەبینەوە، دۆخی نائاسایی ڕەهەندی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ**

و چۆن توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەش، کە نیشاندەری بەرزترین دەرکەوتەی توندوتیژی بە دەستی مرۆڤەکانە، ئیمکانی هەیە.»[۲۰] بە باوەڕی بێنیامین ئەو شتەی کە یاسا هیچ کات قەبووڵی ناکا، بوونی توندوتیژییەکە کە لە دەرەوەی یاسا بێ، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی ئەم توندوتیژییە دژ بە یاساکانن، بەڵکوو تەنیا لەبەر ئەوەی کە لە دەرەوەی یاسایە. تایبەتمەندیی ئەم توندوتیژییە نە ئەوەیە یاسا ساز بکا و، نە ئەوەیە پشتیوانی لە یاسا بکا، بەڵکوو ئەم توندوتیژییە یاسا لە کار دەخا و لای دەبات. ئاگامبێن پێی وایە، ئەو تیۆرییەی سەبارەت بە حاکمییەت، کە شمیت لە کتێبی ئیلاهیاتی سیاسیدا دەیهێنێتە بەر باس، ڕێک وڵامێکی وردی وتاری ڕەخنەی توندوتیژییە. ئامانجی ستراتێژیی ڕەخنەی توندوتیژی، پشتگیری لە بوونی توندوتیژییەکی پەتی و ئانۆمیک بووە، لە کاتێکدا شمیت لە بەرامبەردا هەوڵ دەدا ئەم توندوتیژییە بۆ چوارچێوە و بەستێنێکی مافناسانە بگەڕێنێتەوە. بە باوەڕی شمیت، توندوتیژیی پەتی (واتە توندوتیژییەک کە بە شێوەیەکی ڕەها لە دەرەوەی یاسایە) ناتوانێ بوونی هەبێ، چونکە لە دۆخی ئاوارتەدا توندوتیژی، ڕێک لە دەرەنجامی سڕینەوە و دەرکردنی لە یاسادا دیسان دەکەوێتە ناو یاساوە. بە واتایەکی دیکە، دۆخی ئاوارتە فێڵێکە کە شمیت یارمەتیی لێ وەردەگرێ کە وڵامی جۆرێک لە کردەوەی مرۆیی تەواو ئانۆمیک لە بیرۆکەی بێنیامین بداتەوە. لە ئیلاهیاتی سیاسیدا، شمیت باس لە دەسەڵاتێک دەکا کە نە یاسا ساز دەکا و نە پشتگیریی لێ دەکا، بەڵکوو تەنیا هەڵیدەپەسێرێ و، لەم ڕێگەوە بەرگری لە حاکم دەکا، کە وەک بڕیادەری کۆتایی لەو سنوورەدا وێستاوە. لە بیرۆکەی بێنیامیندا، توندوتیژیی پەتی ڕێگە بە حاکم نادا کە لە دۆخی ئاوارتەدا بڕیار بدا، بەڵکوو دۆخی ئاوارتە دەسڕێتەوە و لە سیستەمی ماف دەریدەکات.[۲۱]

## توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگاری لە ‹دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزم›

کوردستان لە دۆخی ئاوارتەدا نییە، بەڵکوو لە دۆخێکی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزمدایە. ڕەنگە بە خوێندنەوەی شێوازی بەکارهێنانی دۆخی ئاوارتە لە نووسینەکانی ئاگامبێندا، وەسوەسە ببین کە ئەم چەمکە بۆ سەر کوردستان و مرۆڤی کورد تاقی بکەینەوە. بۆ نموونە هەم لە ئێران بەپێی ئەسڵی ۷۹ و، هەروەها ئەسڵەکانی ۶۸ و ۷۲ و، هەم لە تورکیا بەپێی ئەسڵەکانی ۱۱۹ تا ۱۲۲، حاکمیەت دەتوانێ دۆخی نائاسایی ڕابگەیەنێت و هەموو یا هەندێک لە یاساکان هەڵپەسێرن. بۆ نموونە لە ئەسڵی ۷۹ی دەستووری بنچینەیی ئێراندا هاتووە: «سازکردنی حکومەتی نیزامی لە ئێران قەدەغەیە. لە دۆخی جەنگ و هەلومەرجی نائاسایی هاوشێوەدا، دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە بەپێی پەسەندکردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی [پارڵەمان] بە شێوەی کاتی هەندێک ڕێگریی پێویست ساز بکا، بەڵام ماوەکەی لە هەر حاڵدا ناتوانێ لە سێ ڕۆژ زیاتر بێ و لە کاتێکدا پێویستییەکە لەسەر جێی خۆی بێ دەوڵەت بەرپرسیارە کە دیسانەوە مۆڵەت لە پارڵەمان وەربگرێ.» میناکێکی بەرچاو لە دۆخی ئاوارتە فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ۱۹۷۹دایە؛ هەرچەند تاکوو ئێستا بە ڕواڵەت دۆخێکی ئاسایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرقەرارە. هەروەها دەکرێ توێژەران باس لە میناکێکی دیار لە مێژوو هاوچەرخی باکووری کوردستان بکەن کە تیایدا نائاسایی بوونی دۆخی کوردستان بەردەوام لە دوای کودتای ۱۵-۱۶ جولای ۲۰۱۶ دەبینرێ و بە هۆکاری نائەمنی و بەپێی دەستووری بنچینەیی تورکیا دۆخی نائاسایی ڕاگەیاندراوە.[۲۲]

سەرەڕای ئەوەی هەر لە سەرەتای

سازبوونی ئەم دوو دەوڵەت نەتەوەیە لە سەدەی بیستەمەدا، کوردستان هیچ کات لە دۆخی ئاساییدا نەبووە، بەڵام ئەگەر باس لەوەش بکرێ کە کوردستان لە دۆخی ئاوارتەدایە، بە مانای ئەوە دێ کە ئێران یا تورکیا حکومەتگەلێکی دێمۆکراتیکن کە لە کاتی پەشێویدا و لە هەلومەرجە ناسکەکاندا (بۆ نموونە کاتێک کە لەگەڵ کورد کێشەیان بۆ ساز دەبێ) دۆخی نائاسایی ڕادەگەیەنن. هەڵبەت ئاگامبێن خۆی بەڕوونی باس لەوە دەکا کە «گرنگ ئەوەیە لەبیری نەکەین کە دۆخی ئاوارتەی مۆدێرن، سازکراوی نەریتێکی دێمۆکراتیکی ـ شۆڕشگێڕانەیە و، پەیوەندی بە حکومەتی زۆردارییەوە نییە.[۲۳] واتە دۆخی ئاوارتە لە حکومەتە دێمۆکراتیکەکاندا ساز دەبێ و، ئەگەر پێمان وابێ ئەم شێوازەش لەم دوو وڵاتە هەیە، کەواتە ئاستی ئێران و تورکیامان وەک دوو وڵاتی کۆلۆنیالیستی کوردستان، بردووەتە ڕیزی دێمۆکراسییە لیبراڵەکانی ئەورووپا.[۲۴] دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان، لە نافەرمانی مەدەنی، مانگرتن، شکاندنی یاساکان، پابەندنەبوون بە یاساکانی هاتوچۆ لە کوردستان و پەیڕەونەکردنی یاساکان لە لایەن مرۆڤی کوردەوە ناترسن. چونکە هەر کام لەم شێوازە توندوتیژیانە بە مانای ئەوەیە کە پێشتر یاسا کۆلۆنیالیستییەکانی ئەوان لە لایەن کوردەوە پەسەند کراوە و تەنیا لەم حاڵەتانەدا پێویست بەوە دەکا کەمێک توندوتۆڵتر، توندوتیژییەک بەکار بێ، کە پشتیوانی لە یاساکان بکا و، دۆخەکە بەرەو ئاساییبوون بڕوات.

پەیوەندییەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەی فارس/ئێرانی و تورک/تورکیایی لە جۆری پەیوەندییەکی چەوساندنەوە و لەسەر بنەمای هەڵاواردنێکی ئێتنیکییە. مرۆڤی کورد لە دەرەوە و لەوپەڕی یاسا کۆلۆنیالیستییەکانی ئەم دوو دەوڵەتەدایە نەک ئەوەی وا بیر بکەینەوە کە مرۆڤی کورد لە یاساکان دەرکراوە و لە دۆخی ئاوارتەدایە. چونکە دەرکردن و سڕینەوە لە یاساکان لە هەمان کاتیشدا بە مانای ئەوە دێ کە کورد لە ناویاساکاندا جێی دەبێتەوە. بۆیە ئامانجە ڕیفۆرمیستییەکانی گۆڕانی دەستووری بنچینەیی لەم وڵاتانە، یاکوو دڵخۆشبوون بە هەندێک مافی یاسایی لەناو دەستووری بنچینەییدا، لەبەر ئەوەیکە دیسان مرۆڤی کورد دەخاتە ناو بازنەی یاساکانی ئەوانەوە، نەک شتێکی ئەوتۆ لە «دۆخی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزم» ناگۆڕێ، بەڵکوو زنجیرکانی گرێدراوەییی مرۆڤی کورد بە ئێران یا تورکیا، بەهێزتر دەکا. بۆ نموونە، پرۆژەی فیکریی عەباس وەلی، هەر دەیهەوێ لەم بازنەیەدا بسووڕێتەوە و ئەو وەک ناسیۆنالیزمی مەدەنی پێناسەی بۆ دەکا. هەرچەند عەباس وەلی، بە دروستی ڕەخنە لە ڕیفۆرمیستە کوردەکان (یاکوو تورک و فارس) دەگرێ و، پێی وایە کە ئەو بزووتنەوانەی کە لە ئێران و تورکیا، لە ڕێگەی ڕیفۆرم لە دەستووری بنچینەیی و، دێمۆکراتیزەکردنی چەمکی هاووڵاتی، بە شوێن دڵنیابوون لە بە ڕەسمی ناسینی کورد و، بەشداری لە پرۆسەی سیاسییەوەن، خاڵێکی بنەڕەتیی سیاسی و تیۆری لەبیر دەکەن کە بریتییە لەوەی: «بوونی چەمکێکی دێمۆکراتیکتر لە هاووڵاتی، خۆی لە خۆیدا ناتوانێ دەرکەوتنێکی سیاسیی یەکسان بۆ کوردەکان دەستەبەر بکا و، هەر جۆرە ڕیفۆرمێکی

> **کوردستان لە دۆخی ئاوارتەدا نییە، بەڵکوو لە دۆخێکی هەمیشەییی کۆلۆنیالیزمدایە. ڕەنگە بە خوێندنەوەی شێوازی بەکارهێنانی دۆخی ئاوارتە لە نووسینەکانی ئاگامبێندا، وەسوەسە ببین کە ئەم چەمکە بۆ سەر کوردستان و مرۆڤی کورد تاقی بکەینەوە**

دەستووری بنچینەیی و، دێمۆکراتیزەکردنی چەمکی هاووڵاتی، پێویستی بەوەیە کە حەتمەن پێشتر ناسنامەی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوازێکی ڕادیکاڵ دێمۆکراتیک بووبێ. ئەمە بە مانای کۆتایی هاتنی هەر جۆرە پێناسەیەکی ئیتنیکی (قەومی) لە ناسنامەی حاکمیەت لە دەستووری بنچینەییدایە. ئەگەر لە بنەڕەتدا، ڕیفۆرمی دەستووری بنچینەیی و چەمکی هاووڵاتی بیهەوێ کاریگەر بێ، حاکمییەت دەبێ لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییە نەتەوەییانەی قەومی نین، پێناسە بکرێتەوە.»[٢٥] ڕێک لێرەدایە کە پرۆژەی فیکریی عەباس وەلی، بۆ سڕینەوەی قەومیەت لە ناسنامەی ئێرانیبوون/تورکیاییبوون، دەکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستییەکانی کوردستانەوە. کێشەی سەرەکی بۆ پاشگری «تر» دەگەڕێتەوە کە وەلی پێیوایە دەبێ لە حکومەتێکی کەمتر دێمۆکراتیکەوە، بەرەو حکومەتێکی دێمۆکراتیکتر بڕۆین. هەر ئەم تێگەیشتنە لیبراڵییەی وەلی لە ناو پارادایمی دێمۆکراتیک، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین مێکانیزمەکانی سوڵتەی کۆلۆنیالیستی و پەیوەندیی سەردەست لەگەڵ ژێردەست دەرک بکەین. هەروەها هەوڵ بۆ دێمۆکراتیک کردنی ئێران و تورکیا، بۆ بەدەستهێنانی مافی کوردان، ئەنجامی کۆتاییی هەموو نووسینەکانی عەباس وەلی لە ماوەی سی ساڵ و لە بواری فەلسەفەی سیاسیدایە. سازکردنی تورکیا/ئێرانێکی دێمۆکراتیکتر، کە تیایدا ناسنامەی حاکمییەتی سیاسی لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی قەومێکی تایبەت ساز نەکرابێ و، هەڵبەت دەبێ ئەم تایبەتمەندییانە نەتەوەیی بن. واتە ئێرانی بوون، تەنیا مانای ئێرانی بوون بدا و، چیتر لەسەر بنەمای فارس بوون پێناسەی بۆ نەکرێ، یاکوو تورکیایی بوون، بە مانای تورک بوون نەبێ. پرۆژەیەکی لیبراڵیی مەترسیدار کە هەر لە سەرەتاوە ڕاستییەکانی بوونی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستییەکانی کوردستان لەبەر چاو ناگرێ.

ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی، کە بەردەوام و لە پرۆسەیەکی سەد ساڵەدا خۆی نوێ کردووەتەوە، هەنووکە دەبێ لە فکری سازکردنی دۆخێکی ڕاستەقینەی نائاساییدا بێت. لێرەدا ڕەخنەیەکی تر کە دەکرێ لە ئاگامبێن بگیردرێ، چاوپۆشی کردن لە شرۆڤەیەکی سیاسی، لەسەر بنەمای هەمان داخوازییە کە بێنیامین لە تێزی هەشتەمدا باسی لێ کردبوو: سەیرکردنی دنیا لە ڕوانگەی ستەملێکراوەکانەوە. هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، بیرۆکەی ئاگامبێن زیاتر تایبەتمەندییەکی وەسفی ـ ڕەخنەگرانەی سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری حکومەتە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوا و، قەیرانی سنوورداربوونی ئازادییەکانی تاک هەبێ و، بێ ئەنجامێکی شۆڕشگێڕانە لە چاوەڕوانی گۆدۆدا بمێنێتەوە. بەڵام بێنیامین لە هەمان سەرەتاوە لە جیاتی باسکردن لە دۆخی ئاوارتە، باس لە دۆخی نائاسایی دەکات کە لەو سەردەمەدا چیتر نائاسایی نەماوە و دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ ڕزگاربوونی ستەملێکراوەکان، دۆخێکی ڕاستەقینەی نائاسایی ساز بکرێ. هەڵبەت هەر وەک پێشتر نیشانم دا چارەسەری کێشەکە هەر لای بێنیامینە. دێڕە کۆتاییەکانی وتاری ڕەخنەی توندوتیژی هەرچەند لە ناو گوتارێکی مێسیانیکی ئێلاهیاتی جوولەکەدا نووسراون، بەڵام ئاشکرا تیایدا باس لەوە دەکرێ

> **هەر جۆرە ڕیفۆرمێکی دەستووری بنچینەیی و، دێمۆکراتیزەکردنی چەمکی هاووڵاتی، پێویستی بەوەیە کە حەتمەن پێشتر ناسنامەی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوازێکی ڕادیکاڵ دێمۆکراتیک بووبێ**

که بۆ دەربازبوون لــە دیالێکتیکی توندوتیژی سازکەری یاسا و توندوتیژییەک کە پشتگیری لە یاســا دەکا، دەبێ ئەکتێکی شۆڕشگێڕانە لە هەر جۆرە نێوانجییەک بوونی هەبێ و لەســەر زەوی لــە کــردەوەی شۆڕشــگێڕانەدا خۆی ببینێتەوە.

بــۆ ڕزگاریــی مرۆڤی کورد لــە «دۆخی هەمیشــەییی کۆلۆنیالیــزم» و، نەمانــی ئەو پێکهاتە کۆلۆنیالیســتییانەی کە تیایدا کورد وەک بندەســتی نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب چەوساوەتەوە، شۆڕشێکی هەمەلایەنە و بــەردەوام پێویســتە. توندوتیژییەکــی شۆڕشــگێڕانە، کە بۆ یەکجار و بۆ هەمیشــە دەســەڵاتی سیاســیی کۆلۆنیالیســتی لــە کوردســتان بنبــڕ بــکا. هــەر وەک چــۆن بینیامین ئاماژەی پێ کردووە «مارکس دەڵێ شۆڕشــەکان جووڵێنەری مێــژووی جیهانن. بەڵام ڕەنگە، ڕێــک بەپێچەوانەوە بێ. ڕەنگە شۆڕشــەکان ئەو هەوڵەی دانیشــتووانی ناو شــەمەندەفەرەکە(مرۆڤەکان) بــن بۆ ئەوەی وێســتانی نائاســایی[۲۶] چالاک بکەنەوە.»[۲۷] ڕەنگــە بۆ نەتــەوەی کورد و دوای ســەدان شــۆڕش و گیانبەختکردنــی ســەدان هەزار کورد، پێویســت بێ لەو شۆڕشــانە دەســت هەڵبگرێ کــە شــەمەندەفەری کۆلۆنیالیزم تیایــدا مێژووی خۆی تێدەپەڕێنێ و درێژە بە ڕێگای خۆی دەدا. ژوورەکانی شــەمەندەفەر، تەنانــەت ئەگەر بە ڕواڵەت و بە شــێوازێکی دێمۆکراتیکتــر بە ســەر هەمووانــدا دابەش بکرێــن، هێشــتا دۆخی بندەســتی کۆتایی نایەت. پێویست بە توندوتیژییەکی ڕەها دەکا کە ئەو شەمەنەفەرەی هەرچەند بەخێراییش دەڕوا بوەســتێندرێ. وێستانێکی وەها کتوپڕ، کە سەر لە بنی شەمەندەفەرەکە لەسەر جێی خۆی نەمێنێ و نەزمی مەوجوود تێک بچێت. ڕێگایەکی تر جگە لە شــۆڕش شــک نابەین چونکە «ئەگەر دوژمن ســەرکەوێ، تەنانەت مردووەکانیش لە ئەماندا نابن.[۲۸]



## پەراوێزەکان:

[١]. عەبدولڕەحمان قاســـملوو، «دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەمان»، لە کتێبی تاڤگەی هەقیقەت: بەشـــێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو (بەرگی یەکەم)، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی (سلێمانی: ١٣٨۴)، ٣١٢.

[2]. Walter Benjamin, “On the Concept of History”, in Selected Writings Volume 4 (1938-1940), ed. Howard Eiland and Michael W. Jennings (Cambridge, Massachusetts: Harvard University Press, 2006), Thesis VI, 391.

[3]. A real State of Emergency

[۴]. ســـارۆ ئەردەڵان، «کوردایەتی دژ بـــە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە»، گۆڤاری تیشک ۵١ (٢٠١٩): ٣٨.

[5]. The ‘permanent state of colonialism’

[6]. Walter Benjamin, On the Concept of History, Thesis VIII, 392.

[7]. The ‘permanent state of emergency’

[8]. Michael Löwy, Fire Alarm: Reading Walter Benjamin’s ‘On the Concept of History’, trans. Chris Turner (New York: Verso, 2005), 58.

[9]. Giorgio Agamben, State of Exception, trans. Kevin Attell (Chicago: University of Chicago Press, 2005), 57.

[١٠]. سارۆ ئەردەڵان، کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە، ٣٧.

[11]. Giorgio Agamben, State of Exception, 52.

[12]. Carl Schmitt, Political Theology: Four Chapters on the Concept of Sovereignty, trans. George Schwab (Chicago: The University of Chicago Press, 2005), 5.

[13]. State of exception and sovereignty

[14]. Catherine Mills, The Philosophy of Agamben (Montreal: McGill-Queen’s Univeristy Press, 2008), 66.

[15]. Giorgio Agamben, Homo Sacer: Sovereign Power and Bare Life, ans. Daniel Heller-Roazen (Stanford, California: Stanford University Press, 82.

[16]. Ibid., 84.

[17]. Giorgio Agamben, State of Exception, 5.

[18]. The dialectic between lawmaking violence and law-preserving violence

[19]. Giorgio Agamben, State of Exception, 53.

[20]. Walter Benjamin, “Critique of Violence”, in Selected Writings Volume 1 (1913-1926), ed. Marcus Bullock and Michael W. Jennings (Cambridge, Massachusetts: The Belknap Pess of Harvard University Press, 2002), 252.

گرنگیـــی ئەم وتارە تەنانەت لە ناو دژبەرە جیدییەکەی ئاگامبێن، بۆ بیرمەندێک وەک ژاک دریداش دەردەکەوێ. لە ســـەرەتای سەدەی بیســـت و یەکەمدا مشـــتومڕێکی ســـەرنجڕاکێش لە نێوان ئەم دوو بیرمەندە ســـاز بووە و دەکرێ بوترێ کە مێتۆدی هەڵوەشـــاندنەوەی دریدا، ڕکابەری سەرەکیی ئاگامبێن لە دنیای فەلسەفەدا بووە، بڕوانە:
Jacques Derrida, “Force of Laws: The ‘Mystical Foundation of Authority’”, in Acts of Religion, ed. Gil Anidjar (New York: Routledge, 2002).

دریـــدا پێـــی وایـــە کە وشـــەی ڕەخنـــە لەم وتـــارەدا، بـــە مانای هەڵســـەنگاندنێکی نەرێنـــی، ڕەتکردنەوەیەکـــی بڕواپێکـــراو، یاکوو ئیدانەکردنـــی توندوتیـــژی نییە، بەڵکوو بە مانای هەڵســـەنگاندن و تاوتوێکردن هاتووە.

[٢١]. سەبارەت بە هەڵوێستی بێنیامینیانە، ئاگامبێن و دوورکەوتنە لە شمیت، لە کتێبی دۆخی ئاوارتەدا بڕوانە:
Rasmus Uglit, Giorgio Agamben: Political Philosophy (London: Humanities-Ebooks, 2014), 70-5.

[٢٢]. لـــەم توێژینـــەوەدا باس لە دۆخـــی کۆمەڵگایەکی ملکەچ لە ڕوانگـــەی کوردەوە دەکـــرێ کە چۆن دوای کودتـــای ٢٠١۶ کورد لەگەڵ حکومەتی ئۆتۆکراسی تورکیادا هەڵسووکەوت دەکا، هەرچەند چوارچێوەی تیۆری لە من جیاوازە:
Joost Jongerden, “Conquering the state and subordinating society under AKP rule: a Kurdish perspective on the development of a new autocracy in Turkey,” Journal of Balkan and Near Eastern Studies (2018, Online version): 1-20.

[23]. Giorgio Agamben, State of Exception, 5.

[٢۴]. ئـــەم شـــێوازە بەڵگاندنەش بۆ پەیوەندیی فەلەســـتین لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بەکار هاتووە. هەرچەند لەوێدا پێشنیار کراوە کە لـــە جیاتی ئەوەی باس لە دۆخی ئاوارتە بکەین، باشـــترە بوترێ کە دۆخی سەرکوت لەئارادایە، بڕوانە:
Ilan Pappe, “The Mukhabarat State of Israel: A State of Oppression is not a State of Exception,” in Thinking Palestine, ed. Ronit Lentin (London: Zed books, 2008), 147-170.

[٢۵]. عبـــاس ولی، «تاریخ بە تاراج رفتە (مقدمە ترجمەی ترکی)»، گفتارهایی در خاســـتگاە ناسیونالیســـم کرد، ترجمـــە مراد روحی (تهران: نشر چشمە، ١٣٩٨)، ١۶-١٧.

[26]. The emergency break

[27]. Walter Benjamin, “Paralipomena to ‘On the Concept of History,”, in Selected Writings Volume 4 (1938-1940), ed. Howard Eiland and Michael W. Jennings (Cambridge, Massachusetts: Harvard University Press, 2006), 401-411.

[28]. Walter Benjamin, On the Concept of History, Thesis VI, 391.

# چەسپاندنی دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو لە ئێران:

## دەسکەوتی کوتلەی «ڕیفۆرمیست» لە ئێران

**د. ئیدریس ئەحمەدی**



گوزارەی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە پاش سەرهەڵدانی کوتلەی ڕیفۆرمیستی، کە کۆماری ئیسلامی لە دیکتاتۆرییەتی ودارکراوەوە پێی نایە نێو قۆناغێک کە دەشێ بە «دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو» لە قەڵەم بدرێ. واتە، کوتلەی ڕیفۆرمیستی لە ئێران، کە ڕێژێمپارێزە، نەک ڕێژیمگۆڕ، بە دانی بەڵێنی ڕیفۆرم بە جەماوەر، سەرکەوت لەوەی کۆماری ئیسلامی بکات بە دیکتاتۆرییەتێکی هەڵبژێردراو، ئەمەش دەسکەوتی سەرەکیی کوتلەی ڕیفۆرمیستی بووە لە مێژوی هاوچەرخی ئێراندا.

بە بەراوەرد لە گەڵ هێندێک ڕێژیمی سەرەڕۆ یان دیکتاتۆر، کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە هەڵبژاردن بە درێژایی چوار دەیە، خەڵکی وادار کردووە دەنگ بە ڕێژیم بدەن. هەڵبەت ڕێژیمی دیکەش هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی هەن کە کەڵک لە هەڵبژاردن وەردەگرن. ئامانجی ئەم وتارە لێکدانەوەی دەوری کوتلەی «ڕێفۆرمیستییە» لە بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆرییەت لە ئێران.

گوزارەی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە پاش سەرهەڵدانی کوتلەی ڕێفۆرمیستی، کە کۆماری ئیسلامی لە دیکتاتۆرییەتی وادارکراوەوە پێی نایە نێو قۆناغێک کە دەشێ بە «دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو» لە قەڵەم بدرێ. واتە، کوتلەی ڕێفۆرمیستی لە ئێران، کە ڕێژێمپارێزە، نەک ڕێژیمگۆڕ، بە دانی بەڵێنی ڕێفۆرم بە جەماوەر، سەرکەوت لەوەی کۆماری ئیسلامی بکات بە دیکتاتۆرییەتێکی هەڵبژێردراو، ئەمەش دەسکەوتی سەرەکیی کوتلەی ڕێفۆرمیستی بووە لە مێژوی هاوچەرخی ئێراندا.

## سەرهەڵدانی «ڕێژیمی تێکەڵاو»

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، دیاردەیەک ڕووی لە زیادبوون کردووە کە لە ئاستی گشتیدا بە «ڕێژیمی تێکەڵاو»[١] ناوزەد کراوە. ئەو جۆرە ڕێژیمانە دەکەونە نێوان دێموکراسیی جێکەوتوو و دیکتاتۆرییەتی تەواوەوە. لە گەڵ ئەوەی سەرەڕۆبوون خاڵی هاوبەشیانە، بەڵام جیاوازیشیان پێکەوە هەیە. ئەمەش وای کردووە بە شێوەی جیاواز پێناسە بکرێن؛ لەوانە،»سەرەڕۆیی هەڵبژاردنکارانە»، «سەرەڕۆیی ڕکابەرانە»، «سەرەڕۆیی نارکابەرانە»، «سەرەڕۆیی نوێ» و هتد.[٢]

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو ڕێژیمانە بریتییە لە کەڵکوەرگرتن لە «هەڵبژاردن» بە مەبەستی شاردنەوەی سروشتی سەرەڕۆیانەی خۆیان و هەروەها بۆ وەدەستهێنانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی.[٣] لە ئەساسدا، ئەو جۆرە ڕێژیمانە دژی دێموکراسین، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە دێموکراسی لە سەردەمی مۆدێرندا سەرچاوەی شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسییە، هەوڵ دەدەن ڕوو بە دەرەوە سیمایەکی دێموکراتیک لە خۆیان نیشان بدەن. ئەمەش بە دیاردەی «هەڵبژاردن بە بێ دێموکراسی» وەسف کراوە.[٤]

لە گەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تێکەڵاوە (واتە، هەم کۆمار و هەمیش حکومەتی دینییە)، لە زانستی سیاسیدا کەمتر وەک ڕێژیمێکی سەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە باسی لێوە کراوە. هەڵبەت لە سالانی دواییدا، چەند هەوڵێک دراوە بۆ دەسنیشانکردن و لێکدانەوەی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی سەرەڕۆی هەڵبژاردنکارانە .ئەم لێکۆڵینەوانە، کە بەشێکیان لە لایەن لێکۆڵەری فارسی دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاواوە ئەنجام دراون، لە گەڵ ئەوەی دان بە سەرەڕۆبوونی کۆماری ئیسلامیدا دەنێن، لەوەدا کۆکن کە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا بووەتە دامەزراوەیەکی گرنگ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئێراندا، دەشێ ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە. سەرەڕای هێندێک ناکۆکی لە لێکدانەوەکانیاندا، هەروەها جۆرە خۆشبینییەکیان سەبارەت بە کوتلەی ڕێفۆرمیستی و بە گشتی دەرفەتی گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە.[٥]

## شانۆگەری یان دەرفەت؟

سەبارەت بە هەڵبژاردن لە ڕێژیمە سەرەڕۆکاندا سێ بۆچوون هەیە:

**١** هەڵبژاردن وەک دیکۆر و شانۆگەری بە مەبەستی بەلارێدابردنی ڕای گشتی و وەرگرتنی شەرعییەتی نێودەوڵەتی؛ ٢

**٢** هەڵبژاردن وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ سەر لێ شێواندنی خەڵک، پێکهێنانی

دووبەرەکــی لە نێو ئۆپۆزیســیۆندا، هەروەها خونساکردنەوەی کەسانی دەروون ڕێژیم یان بەدامەزراوەیی کردنی ململانێی دەسەڵات لە نێوان کوتلەکانی دەروون ڕێژیم و هتد؛

**٣** هەڵبــژاردن وەک مەیــدان و دەرفــەت بــۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیــم و پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێــوان ناڕازییانی نێو ڕێژیمی حاکم و ئۆپۆزیســیۆن بە مەبەستی گۆڕان و هەنگاونان بەرەو دێموکراسی.[۶]

هەڵبــژاردن لە کۆماری ئیســلامیدا ئەو کارکردانــەی هەیــە کە لە خاڵــی یەکەم و دووهەمــدا هاتــوون، بەڵام نــەک لە خاڵی ســێهەمدا. هۆیەکەشــی ئەوەیــە، کۆماری ئیســلامی لــە بنەڕەتــدا دیکتاتۆرییەتێکی هەڵبژاردنکارانەیــە و ڕیفۆرمیســتەکانی نێو ڕێژیم، ئەو دیکتاتۆرییەتە هەڵبژاردنکارانەیان، کردووە بە دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو.

## هەڵبــژاردن لە خزمەت ســەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەتدا

وەک لــە ســەرەوە بــاس کرا، نــەک تەنیا بەشــێک لە ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان بەرەو دێموکراسی گوزاریان نەکردووە، بەڵکوو بەشــێکی بەرچاویان بوون بە ســەرەڕۆییی هەڵبژاردنکارانە.

کەیســی کۆمــاری ئیســلامی هەروەها نیشــانی دەدا جــۆرە ڕێژیمێــک هەیە کە ســەرکەوتووە لەوەی خەڵک بە «ویســتی» خۆیــان دیکتاتۆرییەت هەڵبژێــرن. کۆماری ئیســلامی لەو چوار دەیەیــەدا بە پێکهێنانی تــرس، بــە فێــڵ و تەڵەکــە، هەروەها بە هەڕەشــەی ســزادان، خەڵکی ناچار کردووە دەنــگ بە ڕێژیم بــدەن. هەڵبەت بە تایبەت پاش ســەرهەڵدانی کوتلەی ڕیفۆرمیســتی، پێویستی بە بەکاربردنی زۆرلێکردن لە شێوە جیاوازەکانیــدا نەبووە بۆ ئــەوەی خەڵک لە هەڵبژاردندا بەشدار بکا.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیەی دوایــدا لە ڕووی فکری یــان ئایدیۆلۆژییەوە چاوگەیەکی لە بەردەستدا مابووبێ بۆ ئەوەی پێویســت نەکا زۆر بەکار بــەرێ بۆ ئەوەی خەڵک بە ویســتی ڕێژیم بجوڵێتــەوە، ئەوا بریتی بووە لەو قســە و بەڵێنانە کە لە ســەر زاری کەسانی سەر بە کوتلەی ڕیفۆرمیستی هاتووەتە دەر.

## ڕیفۆرم بە بێ مانیفێست، ڕیفۆرم بە بێ نێوەڕۆک

لە کۆماری ئیسلامیدا، وشە جێگای چەمکی گرتۆتەوە. ئەمەش دەبێ لە درێژەی سیاسەتی فریوکارانەی هەڵبژاردن بە بێ دێموکراســیدا ببینــدرێ. «ڕیفۆرم» واتــای چەمکیی خۆی هەیــە و بریتییــە لــە پێکهێنانــی گۆڕان لــە دامــەزراوەی سیاســی، دواجاریش لە دەســتووردا. لە کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا لە ســاڵی ٢٠٠٠ پرۆژە یاسایەک پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە یاســای چاپەمەنیدا، بــەڵام وەلی فەقــێ و شــۆرای نیگابان، کە دەتوانن ڕێگری بکەن لە پەسەندکردنی هەر یاســایەک لە مەجلیس کە لە گەڵ ئیسلام و بەرژوەندیی ڕێژیمدا نەگونجاو بێ، پێشیان بە پەسەندکردنی گرت.[۷]

ڕیفۆرمیســتی کۆماری ئیســلامی تاکوو ئێســتا باسی گۆڕینی دەستووریان نەکردووە. بــە پێچەوانــەوە، هەموویــان پابەنــدن بە دەســتووری کۆمــاری ئیســلامی. گلەییان ئەوەیە کە ئەو دەســتوورە جێبەجێ ناکرێ. محەمــەد خاتەمی لە لێدوانێکدا لە ڕێکەوتی ١٠ی جونــی ٢٠٠٦دا، دان بــەوەدا دەنــێ کە خاوەن مانیفێســت نەبوون: «کێشەیەکی ڕیفۆرمخــوازی [لــە ئێراندا] ئــەوە بوو کە پێناســەیەکی ورد لە ڕیفــورم نەبوو و هەر کــەس و گرووپێک کە تێیدا بەشــدار بوون، پێیان وا بوو ڕیفۆرمیستن.»[۸]

بــەو پێیــە، ســەرکەوتنی کوتلــەی ڕیفۆرمیســتی لە چەسپاندنی دیکتاتۆرییەتی

ئیسلامیی هەڵبژێردراو لە ئێراندا، ئەویش بە بێ مانیفێست، یان دروســـتتر بڵێین، بە بێ نیوەرۆک، دەبێ بە ســـەرکەوتنێکی سەیری مێژوویی لە مێژووی سیاسەتدا بێتە ئەژمار. وەکوو ئەوە وایە لە شـــەڕدا شارێک بگری بە بێ ئەوەی تەقەیەک بکەی.

## ســـوودی نێوخۆیی و دەرەکیی کوتلەی ڕیفۆرمیستی بۆ کۆماری ئیسلامی

هەبوونی کوتلـــەی جیاواز لە نێـــو ڕێژیمدا، بـــە تایبـــەت ئەوانـــەی کـــە خۆیـــان وەک «ڕیفۆرمیســـت» پێناسە دەکەن، وای کردووە لای دەنگـــدەران و هەروەهـــا وڵاتانی ڕۆژئاواش، باوەڕ بە گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا پێک بێ. ڕێژیم بە بەرجەستەکردنەوەی کاندیـــدی «خراپتر» لە بەرانبەر کاندیـــدی «خراپـــدا»، بژاردەی چەواشـــەکارانە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێ. دواجاریش، خەڵک بـــە هەرکامیان دەنـــگ بدەن، دەنگێک دەبێ بە ڕێژیم. کەوابوو، ئەگەر هەڵبـــژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا پارمەتیدەری گۆڕان بووبێ، ئەوا پارمەتیی جێکەوتنی دیکتاتۆرییەت بووە، ئەویش بە تایبەت لە سەردەمی کاربەڕێکەریی کوتلەی ڕیفۆرمیستیدا.

ئەنجامدانـــی هەڵبـــژاردن و هاتنە ئارای کوتلـــەی ڕیفۆرمیســـتی وایـــان کـــردووە کە کۆمـــاری ئیســـلامی نـــەک تەنیا وەک ســـەرەرۆییەکی هەڵبژاردنکارانـــە پێناســـە بکرێ، بەڵکوو هەروەها وەک سەرەڕۆییەکی ڕکابەرانەش لە قەڵەم بدرێ.[٩] جیاوازیی ئەو دوانە لەوەدایە کە لە ســـەرەڕۆیی ڕکابەرانە، ڕێگا بە ڕکابەری لە نێـــوان حیزبی جیاوازدا دەدرێ و هەڵبژاردن دەتوانێ ببێ بە دەرفەت بۆ پێکهێنانی گۆڕان.[١٠]

لە کۆماری ئیسلامیدا، حیزبی سەربەخۆ وجوودی نییە و فرەحیزبی بوون، تەنانەت بە مەرجی کۆماری ئیســـلامی، جێ نەکەوتووە. لە کاتـــی هەڵبژاردنـــدا، کوتلەکانـــی ڕێژیم دابەش دەبن بە ســـەر دوو بەرەی سەرەکیدا. جیاوازییەکی تری کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەو ڕێژیمانەی کە ســـەرەڕۆیی ڕکابەرانەن لەوەدایە کە ئۆپۆزیســـیۆن ڕێگای پێ نادرێ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکا. دەبێ لێرەدا جەخت بکرێتەوە کە کوتلەی ڕیفۆرمیســـت ئۆپۆزیســـیۆن نییە و نەک تەنیا بەشـــێکە لە ڕێژیم، بەڵکوو بەسوودترین کوتلەی ڕێژیم بوو لە ڕووی درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیـــم. کۆمـــاری ئیســـلامی حیزبەکانـــی ئۆپۆزیســـیۆنی بە «هەڵوەشـــاوە» ڕاگەیانـــدووە. تەنانـــەت هێندێـــک حیزبـــی خۆشیانی داخستووە؛ دەتوانین «داخستنی»جبهه مشارکت ایران اسلامی» و «سازمان مجاهدین انقلاب اســـلامی ایـــران» پاش نارەزایەتییەکانی ســـاڵی ٢٠٠٩ وەک نموونە بێنینەوە.[١١]

> ڕیفۆرمیستی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا باسی گۆڕینی دەستووریان نەکردووە. بە پێچەوانەوە، هەموویان پابەندن بە دەستووری کۆماری ئیسلامی. گلەییان ئەوەیە کە ئەو دەستوورە جێبەجێ ناکرێ

بەو پێیـــە، دروســـتتر وایە کۆمـــاری ئیســـلامی وەک تێکەڵاوێک لـــە دیکتاتۆرییەتی هەڵبژاردنکارانـــە و ســـەرەڕۆیی ڕکابەرانـــە دەستنیشـــان بکرێ، کە بە پێـــی زەمان، بە پارمەتیی کوتلـــەی ڕیفۆرمیســـتی، بووە بە دیکتاتۆرییەتێکی ئیسلامیی هەڵبژێردراو.

ڕکابەری لە کۆماری ئیسلامیدا سنووردارە بـــە بەدامەزراوەیی کردنی[١٢] ململانێی نێوان کوتلە و کەســـایەتییەکانی نێـــو ڕێژیم. ئەو ڕکابەرییەش بە نـــۆرەی خۆی پارمەتیدەری جێکەوتنی دیکتاتۆرییەت بووە تاکوو ئەوەی زەمینە پێک بێنێ بۆ گۆڕان.

ڕاستە، لە پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ و ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز، کۆماری

ئیسلامی رووبەڕووی نارەزایەتیی بەرچاو بووەوە، بەڵام بە سەرکوت وڵامی دایەوە. هەڵبەت سەرکوت هۆی سەرەکیی شکستی ئەو بزووتنەوەیە نەبوو.

گرفتی سەرەکی لەو پەیوەندییەدا دەکرێ بە سەر سێ فاکتەردا دابەش بکرێ. یەکەم: نارەزایەتی کەسایەتیگەڵێک وەک میرحوسێن مووسەوی و مێهدی کەڕوبی، نیشانەی قەیرانێک بوو لە بەدامەزراوەیی بوونی ململانێی نێوان باڵەکانی ڕێژیم، نەک ئەوەی لایەنگری گۆڕان بن. دووهەم: جەماوەری بزووتنەوەی سەوز، کە چینی ماماناوەندی فارس پێک دێنن، خوازیاری ئەوە بوون مەحموود ئەحمەدینەژاد لە سەر کار نەمێنێ و مووسەوی جێگای بگرێتەوە. کەوابوو، جەماوەری بزووتنەوەی سەوز، بە پێچەوانەی چینی ماماناوەند لە وڵاتانی دیکە، خوازیاری ئازادی و دێموکراسی نەبوون. ڕاستە، دواتر دروشمی هێندێک لە نارازییان لە شەقامەکان گۆڕدرا بە دروشم دژ بە دیکتاتۆر، بەڵام ئەوە پشتئەستوور نەبوو بە مانیفێستێکی ڕوون و ئۆپۆزسیۆنێکی تۆکمە. سێهەم: ئەو بزووتنەوەیە بە هۆی نەبوونی مانیفێستێکی ڕوونی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی، نەیتوانی سەرنج و هاوسۆزیی خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. هەر ئەمەش وای کرد بە سانایی سەرکوت بکرێ.

بە کورتی، بە هۆی ئەوەوە کە ڕیفۆرمیستی ئێرانی ڕێژیمپارێزن، سەرهەڵدانی نارەزایەتیی ناوە ناوە لە هەرێمە فارسنشینەکان ناتوانێ ئۆپۆزیسێونێکی تۆکمەی لێ بکەوێتەوە یان ئەوەی زەمینە خۆش بکا بۆ هاوپەیمانی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد و بزووتنەوەی گەلانی دیکە.

لە لایەکی دیکەوە، وڵاتانی ڕۆژئاواش دەرکیان بەو ڕاستییە نەکردووە کە ڕیفۆرمیستی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمگۆڕ نین. ئەمەش وای کردووە ڕۆژئاوا سەبری زۆریان هەبێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا. بۆ نموونە، پشتیوانی کردن لە تێرۆریزم و باقی سیاسەتە ناسەقامگیرپێکهێنەرانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، وەپاڵ باڵ یان کوتلەی «کۆنەوار» یان «تووندڕەو» دەدرێ و ڕۆژئاواییەکان خولیای ئەوەیان هەیە کە بە بەدەسەڵاتگەیشتنی «ڕیفۆرمیستەکان»، هەم سیاسەتی نێوخویی و هەمیش سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی گۆڕانی بەسەردا بێ.

> **ئەنجامدانی هەڵبژاردن و هاتنە ئارای کوتلەی ڕیفۆرمیستی وایان کردووە کە کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا وەک سەرەڕۆییەکی هەڵبژاردنکارانە پێناسە بکرێ، بەڵکوو هەروەها وەک سەرەڕۆییەکی ڕکابەرانەش لە قەڵەم بدرێ**

هەبوونی ئەم دوو کوتلەیەی ڕێژیم و تێگەیشتن، یان دروستتر بڵێین هەڵەتێگەیشتنی، ڕۆژئاواییەکان لەو کوتلانە بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، سیاسەتێکی یەکدەستیان لەهەمبەر ئێران نەبێ و تەنانەت دووبەرەکی بکەوێتە نێوانیانەوە. هەرچەند ئیسباتکردنی زەحمەتە، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە دەرککردن بەو ڕاستییە، بە ئەنقەست ئەو کوتلانە لە بەرانبەر یەکتردا بەرجەستە دەکاتەوە بۆ ئەوەی درز بخاتە نێوان ڕۆژئاواییەکانەوە. کەوابوو، کوتلەبازیی کۆماری ئیسلامی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن، هەروەها بووە بە سامانێکی دیپلۆماتیک لە دەستی ڕێژیمدا بە مەبەستی سەرلێشێواندن و نانەوەی دووبەرەکی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

بە کورتی، کوتلەی ڕیفۆرمیستی هەم سوودی نێوخۆیی و هەمیش سوودی دەرەکیی بۆ ڕێژم هەبووە.

## دوا وتە

زیادبوونـــی نارەزایەتـــی و ڕاپەڕینـــی پەیتا پەیتـــای جەماوەری لـــە نێوخـــۆ، هەروەها زیادبوونی گوشار لە لایەن ئەمریکاوە بۆ سەر ڕێژیمی ئیســـلامی، ویڕای لـــەرزۆک بوونی ئیمپراتۆریـــی کۆماری ئیســـلامی لە لوبنان و عێراق، کۆی ئەمانە کۆماری ئیســـلامییان لەســـەر دوو ڕێیانێکدا داناوە: یان بەکاربردنی زەبروزەنگـــی زۆرتـــر بـــۆ مانەوەی لە ســـەر دەسەڵات، هەروەها بەکاربردنی هێز لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە جێوسیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوین، یان گەڕانەوە بۆ قســـە و بەڵێنی ڕیفۆرمیســـتەکان وەک دوا چاوگەی ئایدیۆلۆژیی ڕێژیم.

نیشـــانەکان دەریدەخـــەن ڕێژیـــم لـــە کورت بۆ نێوەندمـــەودادا، ئەولەوییەتی داوە بـــە زەبروزەنگ. ئەگەر کەڵـــک لە چاوگەی ئایدیۆلۆژیـــی ڕیفۆرمیســـتەکان وەرگـــرێ و ئەگەر دیســـان لەو بوارەدا ســـەرکەوێ، ئەوا ســـەرکەوتنی بـــێ وێنەی سیاســـیی ڕێژیم لە مێـــژوودا ـ واتە، گۆڕانـــی دیکتاتۆرییەتی هەڵبژاردنکارانە بە دیکتاتۆرییەتی هەڵبژێردراو ـ دووپات دەبێتەوە. هەڵبەت مارکس گوتەنی، ئەم جارەیان لە شکڵی تراژیدیی سیاسییەوە بۆ کۆمیدیی سیاسی.

## سەرچاوە

[١]. دەســـــــتەواژەی «ڕێژیمـــی تێکـــــەڵاو» لـــە بەرانبـــەر hybrid regimدا دانراوە.

[٢]. دەســـتەواژەی «ســـەرەڕۆییی هەڵبژاردنکارانـــە» لـــە بەرانبەر electoral authoritarianism، «ســـەرەڕۆییی ڕکابەرانـــە» لـــە بەرانبـــەر competitive authoritarianism و «ســـەرەڕۆییی نارِکابەرانە» لە بەرانبەر noncompetitive authoritarianism-دا دانراون.

[٣]. بۆ ئـــەوەی هەڵبژاردن دێموکراتیک بێتـــە ئەژمار، دەبێ چەند مەرجێکـــی بنەڕەتی لە ئـــارادا بـــن، لەوانە: مافی بەیـــان، ئازادیی چاپەمەنـــی، ئازادیی ڕێکخســـتن و پلورالیزمی سیاســـی. هەروەها لـــە کاتی دەنگدانـــدا، نابێ زۆر لە دەنگدەران بکـــرێ و دەبێ بە بێ دەســـتکاریکردن، ڕێز لە ئەنجامی هەڵبـــژاردن بگیردرێ. بە کورتی، هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەر مانا و مەرجی تایبەت بە خۆی هەیە.

[٤]. بڕوانە:

Larry Jay Diamond, "Thinking About Hybrid Regimes," Journal of Democracy, Vol. 13, No. 2 (April 2002), pp. 21-35.

[٥]. بڕوانە:

Luciano Zaccara, "Elections and Authoritarianism in the Islamic Republic of Iran," in Mahoud Hamad and Khalil al-Anani (eds.), Elections and Democratization in the Middle East: The Tenacious Search for Freedom, Justice, and Dignity (New York: Palgrave Macmillan, 2014); Pejman Abdolmohannadi and Giampiero Cama, "Iran as a Peculiar Hybrid Regime: Structure and Dynamics of the Islamic Republic," British Journal of Middle Eastern Studies, Vol. 42, No. 4 (2015), pp. 558-587; Naser Ghobadzadeh and Lily Zubaidah Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran," Contemporary Politics, Vol. 22, No. 4 (April 2006), pp. 450-468.

[٦]. بڕوانە:

Schedler, The Politics of Uncertainty, pp. 5-7.

[٧]. بڕوانە:

Ghobadzadeh and Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran," p. 455.

[٨]. ئەو لێدوانەی خاتەمی لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

Quoted in Anoushiravan Ehteshami and Mahjoob Zweiri, Iran and the Rise of Its Neoconservatives: The Politics of Tehran's Silent Revolution (London: I.B. Tauris & Co Ltd, 2007), p. 1.

[٩]. بڕوانە:

Ghobadzadeh and Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran," pp. 454-5.

[١٠]. بڕوانە:

Steven Levitsky and Lucan A. Way, "The Rise of Competitive Authoritarianism," Journal of Democracy, Vol. 13, No. 2 (April 2002), pp. 51-65; Andreas Schedler, The Politics of Uncertainty: Sustaining and Subverting Electoral Authoritarianism (Oxford: Oxford University Press, 2013), chap. 10.

[١١]. بڕوانە:

Ghobadzadeh and Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran," pp. 454-5.

[١٢]. دەستەواژەی «بەدامەزراوەیی بوون» (نهادینەشدن بە فارسی) زۆر جـــار بەکار دەبـــردرێ، بەڵام ڕوون نییە مەبەســـت چییە لێی. لێرەدا وای پێناســـە دەکەم کە ئاســـتی بەدامەزراوەیی بوون یانێ تا چ ڕادەیەک لایەنە سیاســـییەکان پابەندن بە ڕێسا یان قانوونگەلێک کە لە پێشـــدا دانراون، جا لە پێڕەویی حیزبێکی سیاسیدا بێ یان لە دەستووری وڵاتێکدا.

# اصلاح‌طلبیِ کوردی بازتولید سیاست توهّم

## (رفورمیسم کوردی به مثابه دیالکتیکِ اپورتونیسم[۱] –کریتیسیسم[۲])

زانا کوردیار ــ ساماڵ موکریانی



برای واکاوی و پدیدارکردن تاکتیک پارلمان، پرسش از تاکتیک پارلمانتاریستی را باید در ساحت چند پرسش ریزتر و جزئی‌تر پیش کشید: اولاً، پرسش تاکتیکی مربوطه وابسته یا موقوف به چه اصولی است؟ ثانیاً این تاکتیک، به حکم این وابستگی، در مورد کدام وضعیتِ تاریخی اعمال‌پذیر است؟ سوم، این تاکتیک، بازهم به حکم این وابستگی، بناست چه سرشتی داشته باشد؟ چهارم، پیوندخوردنِ این پرسش منفردِ تاکتیکی با دیگر پرسش‌های منفرد تاکتیکی را چگونه بایَد درک کرد؟

## مقدمه

مـا در این نوشــتار ابتـدا بــه درون گفتمان اصلاح‌طلبان کورد رسـوخ کـرده و به‌گونه‌ای ژرف‌کاوانه منطق آن را برملاســاخته، سـپس به گونه‌ای درون‌مانـدگار منظومه مفهومی‌ای را کــه بدان چنگ زده‌اند آماج تفکری انتقادی قــرار می‌دهیــم کــه فی‌نفســه از درون خود پروبلماتیک ما سربرمی‌آورد. اشاره بدین نکته از همان ابتدا ضرورت می‌یابد که نقدی جدی بــه میانجیِ فلســفه رهایی‌بخشــی‌ای که این نوشتار خودَ را ملزم به رعایت آن می‌داند خلق متنی مجمــل و کوتاه را از ما سـلب و امکان هرزه‌نگاری در باب چنین سوژه‌ای را پیشاپیش در منفیت آن(سطحی نویســی)مطلقاً منتفی ساخته است.

## اصلاح‌طلبــی گرفتــار در سیاســت توهم (توهــم ســوژه‌گی اصلاح‌طلبــان در بازیِ سیاست-قدرت)

سیاســت توهّــم حاکــم بــر اصلاح‌طلبــان را نمی‌توان صرفاً از این طریق مشــخص ساخت کــه بگوییم آنان شــرایط و امکانــات واقعی را به حســاب نمی‌آورند. حتی بــرای صادق‌ترین و خوش‌نیت‌تریــن (چه‌بســا مســتعدترین) سیاســتمداران نیز پیش می‌آید که هرازگاهی قضاوتی نادرســت در نسبت با وضعیتی داشته باشند که در آن قرار گرفته‌اند. در این‌جا سخن از چیزی یک‌سر متفاوت است- این‌که این افراد واجد ذهنیتی‌اند که هر نوع قضاوت درست در مــورد این وضعیت‌ها را پیشــاپیش و از همان آغاز ناممکن می‌سازند، زیرا نقطه عزیمت تفکر و تحلیل‌شان از اوضاع، به هیچ‌وجه در وضعیتی واقعی، در وضعیت و در نسبت با بستری که در آن قرار دارند(یعنی کوردستان) نیست، چراکه هدف‌گذاری‌شان معطوف به اهدافی که از دل ایــن وضعیت ســربرآورده و در نتیجه معطوف به رهایی سوژه کورد باشــد نیست. این نوعی پیش‌پا افتادگی است اما سیاستِ اصلاح‌طلبان کورد[۳] ما را وامی‌دارد این نکات پیش‌پا افتاده را به تفصیل بیان کنیم.

اصلاح‌طلبــان قصـد دارنـد در موقعیتی ناموجــود، بــا نیروهــای ناموجود، دســت به نوعی«رئال پولیتیکِ(سیاســت قدرت) دستِ راستی» بزنند. مهم‌ترین نکته در این‌جا نه خودِ این امر واقع، نه پیامدهای بلافصلش، بلکه آنَ گرایش سیاســی اســت که از این طریق نمود پیدا می‌کند. افراد کمیته مرکزی اصلاح‌طلبان به جای درگیرشــدن با حیطه فعالیتِ مختص به خویش، از این نام‌بودگی، صرفاً در راســتای امتیازات شخصی‌شــان و نفــی هرگونه منافع جمعــیِ بهره‌برداری کــرده و در عوض، تجلیِ نســبتاً معصومانه نوعی سیاســتِ ماجراجویانهَ توهّم را مجاز شــمردند. کســی که به وضعیت کوردســتان فقــط اندکــی آگاهانــه بنگرد، و سیاســت خویش را معطوف به نتایجیِ ســازد که به گونــه‌ای درون‌ماندگار و ضرورتاً تاریخی در اکنونیــت آن، خویــش را در همه فرم‌های دهشــتناکش می‌نمایاند، به خوبــی درخواهد یافت کــه این چهــره ژانوســی اصلاح‌طلبان و این قِســم از بشــارت‌های آن‌ها بــه میانجیِ مفهومــی تحــت عنــوان اصلاح ـ رفــورم کهَ بناست در آینده تحقق یابد، در مقام ایده و در ساحتی نظورزانه و استعلایی(نه حتی عمل و به‌گونه‌ای پراتیکی)، توهمی خیالی خواهد بود و در مقام هدف نیز بیش و پیش از آن، چیزی جز سیاستی ماجراجویانه و نامسئولانه نیست. اکنون اگر از خود بپرسیم چگونه اصلاح‌طلبان چنین ایده‌های خیالی‌ای را در ســوبژکتیویته خود می‌پرورانند، ناگزیر به این نتیجه دم‌دستی و آغازین می‌رسیم که، در آن‌هنگام که چنین صورت‌بندی‌هایی به میانجیِ منظومه مفهومیِ اصلاحات در نسبت با کوردستان در عقلانیتیِ رفورمیســتی جعل و حک می‌گــردد، اصولاً و فی‌نفسه به کوردســتان فکر نشده و نمی‌شود و حتــی رؤیای آن را هم در ذهن نمی‌پرورانند به بیانی دیگر این ایده‌ها بی‌واسطه در ساحتی

انتزاعـی و در نسـبت با هیچ‌گونـه آگاهی‌ای که از وضعیتی انضمامی خلق گشـته باشد بر کوردسـتان و سـوژه‌های آن حُقنه و تحمیل می‌گردد. اصلاح‌طلبان کورد(سـکولار- دینی) هـم اینک نیـز بنده توهماتی شـده‌اند که در سـرآغاز جنبشِ حزب‌سـاز، با چنـان هیجان و مشـی نامسـئولانه، به آن‌ها خوراک می‌داد و از آن‌هـا بهره‌بـرداری می‌کـرد. در آن زمان جنبـش حزب‌سـاز[۴]، شـعارهای خـود را بر پایه حالَ و هوای ناشـکیبایانه اقوام و مذاهبی برسـاخته بود که هیچ سهمی در میان سهم‌ها در پروسـه سیاسی و توسـعه ایران نداشت و خـود را از قافلـه دیگری‌هـای سردسـتش عقـب می‌دیـد. اکنـون نیـز کـه اصلاح‌طلبان در دوره‌هـای مختلـف چـه در دولت اخیـر و چه در دولت‌های پیشین دم و دستگاه و سازوبرگ رسـمیِ قـدرت و حکمرانـی را در دسـت گرفته‌انـد، هیـچ‌کار دیگری از ایشـان برنمی‌آید مگر منطبق‌کردنِ منطق و کنش‌های تشکیلاتی و تاکتیک‌های خویش بر بـرآوردنِ دعاویِ‌ای که به آن خوراک داده‌اند، آن هم در عوض متمرکـز کردن ایـن کنش‌ها بر امکانات و مطالبات واقعی در خود کوردستان. گواه تو خالی بودنِ این دم و دسـتگاه اسـتوار بر شـن و ماسـه، همان بوروکراسیِ بی‌روحی اسـت کـه روز بـه روز مرّگی و دهشـت آن آشـکارتر از هـر زمان دیگـری رخ می‌نمایاند کـه نمونـه متأخـر آن را در اعتراضات چند هفتـه اخیـر نظاره‌گـر بودیـم. اصلاح‌طلبان حتی سـازمان‌های اسـکلت‌واری را هم ایجاد نکرده‌اند که بتوانند روزی(شاید!!!) با محتوای واقعی پرشـوند، بلکه صرفاً سازمان‌هایی که از همان بدو امر، به‌گونه‌ای طراحی شـده‌اند که از دل‌شـان چیزی جز دهکده‌های پُتمکینی[۵] نمی‌تواند درآید. این امر بیش از هرچیز ریشـه در ایـن واقعیت دارد که سیاسـتِ برانگیختنِ توهّـم در پی تمکین به ناشـکیبایی قابلِ‌فهمِ بی‌سـهم‌ها، همپای دامن‌زدن به احساس‌های حقـارت فـردی و هـر نـوع شـور و هیجان پسـت، عملاً جواب داده اسـت، و اکنون این بلندپروازی‌های شخصی(شـعارهای انتخاباتی و وعده‌هایـی که از درون آن به جامانده‌گان و کنارگذاشته‌گان جامعه داده می‌شود)، بالاجبار باید برآورده شـوند و باید خدماتِ ارائه‌شده به گفتمان مسـلط تحت عنوان رفورم، در پیکار فراکسـیون‌ها پاداش گیرند، مکانیسمی که از پی آن و از همان لحظات آغازین حل و فصلِ پرسـش‌ها و مسائل کوردستان را بر شالوده‌ای عینی و واقعـی آن‌هم بـه میانجیِ این سـازمان و تشـکیلات، ناممکن می‌سـازد. نتیجه این است که از یک‌سـو، دم و دستگاهی عریض و طویـل بـرای انجـام وظایفِ ناموجـود برپـا می‌شـود(حزب تـوده‌ای بـرای اقـوام، ادیان و گروه‌های فاقد صلاحیت، همراه با دبیرهای منطقه‌ای آن و غیره) از سوی دیگر، این دستگاه اصولاً به گونـه‌ای دیالکتیکی طراحی گشـته که به درد انجام هیـچ کنشِ واقعی‌ای در ایجابـی بـودن آن ( بلکه کارکـرد آن در منفیتـش نمایان اسـت) و آن هم معطوف به اوضاع کوردستان نمی‌خورد(شیوه عضوگیری، منطق درونی آن، خط مشـی‌ها و راهبردهای آن، تاکتیک‌هـا و اسـتراتژی‌های آن و......). بنابراین هیـچ‌گاه از دل احـزاب اصلاح‌طلب، سـازمان‌های جـدی نمی‌توانند سـربرآورند. ماشـینی که این‌گونه هـرز می‌چرخد فقط با جعل گزارش‌ها، پرسشـنامه‌ها، آمارها، آرشیو بریده‌هـای روزنامه‌هـا و ..... می‌تواند نتایجی تولیـد کنـد. بدین ترتیـب، نه فقـط ناتوانی

> **اصلاح‌طلبان قصد دارند در موقعیتی ناموجود، با نیروهای ناموجود، دست به نوعی «رئال پولیتیک(سیاست قدرت) دستِ راستی» بزنند. مهم‌ترین نکته در این‌جا نه خودِ این امر واقع، نه پیامدهای بلافصلش، بلکه آن گرایش سیاسی است که از این طریق نمود پیدا می‌کند**

عاطل‌شـــان در هیئـــت فعالیتی پرتـــب و تاب ظاهر می‌شـــود، بلکه همچنیـــن از این طریق دلایلی«عینی» برای بزرگ‌نماییِ خود دســـت و پا می‌کنند، چیزی که ولو موقتاً قادر اســـت بلندپروازی‌های شـــخصیِ تحقق‌نیافته‌شان را که امروزه همه‌جا عیان شَـــده فرونشاند(لوکاچ، ۱۳۹۳: ۱۵۳-۱۵۲).

## رفورمیســـت‌ها و اســـطوره پارلمـــان میانجـــی‌ای در بازتولیـــد منطـــق آرخـــه گفتمان مسلط

تـــا آن‌جا که به آرخه و هر چیز دیگری مربوط می‌شـــود، منطق رایـــج، بر این فرض اســـتوار اســـت که نوعی خوی یا استعداد[۶] خاص برای دســـت زدن به کنش وجـــود دارد که بر نوعی خوی یا استعداد خاص برای «مورد کنش قرار گرفتن» یا «محتمل‌شـــدن» اعمال می‌شـــود. بدین ســـان پیش‌فرضِ منطق آرخه تحمیل یا اعمال فرادستی‌ای معیَن بر فرودستی‌ای معین به همان اندازه معین اســـت. سیاست گسستی از منطـــق آرخه اســـت. زیرا سیاســـت نه فقط گسســـت در توزیع «عادی» مواضـــع بین آن کسی که قوه‌ای[۷] را اعمال می‌کند و آن کسی که قوه بـــر او اعمال می‌شـــود، بلکه همچنین گسســـت در این ایده را پیش‌فـــرض می‌گیرد که باید خوی‌ها یا اســـتعدادهای خاصی وجود داشته باشـــند تا کســـی را درخورِ این مواضع ســـازند. در کتاب ســـوم قوانیـــن، اَفلاطون همّ خود را صرف برشـــمردن نظام‌منـــدِ عناوین یا صلاحیت‌های[۸] حکمرانی می‌کند، و به موازات آن، برخی صلاحیت‌های همبســـته آن‌ها برای تحتِ‌حکمرانی بودن. به اعتقاد او از میان هفت موردِ، چهار مورد صلاحیت‌های سنتیِ اقتدارند که اســـتوار بر تفاوت‌های ذاتـــی و طَبیعی‌اند، مثـــلاً تفاوت در تولد( مکان تولـــد، نژاد، زبان، رنگ و ...). آنانی که صلاحیت حکم‌راندن دارند کسانی‌اند که پیشـــتر به‌طرزی متفاوت متولد شـــده‌اند(فارس بودن، شیعه بودن، مرکزنشین بـــودن یا مرزنشـــین بـــودن، فرودســـت بودن، کـــورد بـــودن و......). این همـــان بنیان قدرت والدین بر فرزندان، پیران بر جوانان، اربابان بر بردگان، و اشراف بر رعایاست. صلاحیت پنجم بـــه منزله اصـــل الاصولی معرفی می‌شـــود که خلاصه همه تفاوت‌های طبیعی اســـت: قدرت آنانی که دارای طبیعتـــی برتراند، یعنی همان قـــدرت اقویاٍ بـــر ضعفا(فارس‌ها بر ســـایرین)، قدرتی مطلقاً نامعین، صلاحیت ششـــم معرف یگانه تفاوتی اســـت که افلاطون بدان اهمیت می‌دهـــد، یعنـــی قـــدرتِ آنانی کـــه می‌دانند بر آنـــان کـــه نمی‌دانند(بازنمایـــی کوردها در ســـریال تلویزیونی نون.خ به مثابه ســـوژه‌هایی کـــه فاقد عقلانیت هستند)(رانســـیر، ۱۳۹۳: ۲۵-۲۴). امتـــزاج ایـــن صلاحیت‌هـــا را می‌توان به گونه‌ای دیگر تحت عنوان فرادستی«طبیعی» و فرمانروایی«علـــم» صورت‌بنـــدی کـــرد. اما صلاحیت هفتمی هم در کار اســـت: «انتخاب خـــدا»، بـــه عبـــارت دیگـــر اســـتفاده از نوعی قرعه‌کشی برای تعیین این‌که چه کسی آرخه را اعمال کند و چه کســـی مسئولیت جان‌کاه تحت حکمرانی‌بودن را بر عهده گیرد.

عمومـــاً چنیـــن ادعـــا می‌شـــود: پرســـشِ پارلمانتاریسم پرسشـــی نه اصولی، بلکه صرفاً تاکتیکی اســـت. این گزاره، در عین درســـتیِ تردیدناپذیرش، دچار ناروشـــنی‌های متعددیَ اســـت. قطع‌نظر از این‌که ایـــن گزاره کمابیش منحصراً از ســـوی کســـانی اظهار می‌شود که در عمـــل موافق پارلمانتاریســـم‌اند، و بنابراین اظهـــار آن کمابیـــش همواره بـــه معنای نوعی موضع‌گیری به نفع پارلمانتاریسم است، صِرف این ادعا که یک پرســـش،  واجد سرشـــتی نه اصولـــی بلکه تاکتیکی اســـت، اساســـاً گویای چیز مهمی نیســـت. به این اعتبار اصلاح‌طلبان پارلمان را به مثابه تاکتیکی برمی‌گزینند که از آن تحت عنوان رئال‌پولیتیکی یاد می‌کنند که با وساطت آن سعی در رخنه در منطق آرخه و باژگون کردن و دگردیســـی آن از درون دارند،

به بیانی‌دیگر واســازی منطق آرخه به‌گونه‌ای درون‌ماندگار و به‌واسطه منطق درونی خود آن. اما هر فرمی از رئال‌پولیتیک(سیاســت قدرت) بــه میانجیِ تاکتیــک پارلمانتاریستی‌شــدن، هــر نوع کنَش فاقد اصول، صُلب و شماتیســم می‌گــردد، و هر چه خصلتِ عــاری از اصولش بــا لجاجتِ بیش‌تری مؤکد می‌شــود، خود نیز صُلب‌تر و شَــماتیک‌تر می‌شــود(اصلاحات به مثابــه فرمی کلیشــه‌ای در اکنونیت آن). زیرا عنصر پایا در دل تغییر، امر جهت‌دهنده در دل فراوانی و آشوب، را نمی‌توان به یاری هیچ نوع «رئــال پولیتیکی» از ریشــه برکند(چیزی که اصلاح‌طلبان دل در گرو آن بسته‌اند). نظریه‌ای که قادر نیست به نحوی بارور بر فکت‌ها و امور واقع تأثیر گذارد و خود به میانجیِ آن‌ها بارور گردد، نمی‌تواند چنین کارکردی داشته باشد، و لاجرم جای آن را عادت، قالب‌های کلیشه‌ای و روال‌های یکنواختی خواهند گرفت که ناتوان از انطباق‌یافتن با درخواست‌های لحظه‌اند(این را به وضوح در اینرسیِ اصلاح‌طلبان در مواجهه با رخدادهای اخیر کُردوســتان می‌توان دید، مواضع محافظه‌کارانه و دور از امر واقع کرختی و لختیِ این گفتمان را برملا کرده است).

بــرای واکاوی و پدیدارکــردن تاکتیــک پارلمان، پرســش از تاکتیک پارلمانتاریستی را باید در ســاحت چند پرسش ریزتر و جزئی‌تر پیش کشــید: اولاً، پرســش تاکتیکی مربوطه وابســته یا موقوف به چه اصولی اســت؟ ثانیاً این تاکتیک، به حکم این وابســتگی، در مورد کدام وضعیتِ تاریخی اعمال‌پذیر است؟ سوم، این تاکتیــک، بازهم به حکم این وابســتگی، بناســت چه سرشــتی داشته باشــد؟ چهارم، پیوندخوردنِ این پرســش منفــردِ تاکتیکی با دیگر پرســش‌های منفرد تاکتیکــی را چگونه باید درک کرد؟ برای تعیّن‌بخشــیدنِ دقیق‌تر به پارلمانتاریســم به منزله پرســشِ تاکتیکی اصلاح‌طلبان، دو مســئله تعیین‌کنَنده اســت: اولاً چه زمانی پارلمانتاریســم به مثابه ســلاح،



به منزله ابزار تاکتیکی کوردها یا فرودستان در کل در دیدرس قرار می‌گیرد و ثانیاً این سلاح را چگونه بناست به سود کوردها و به سود پیکار آن‌ها در رهایی از این وضعیت به کار گرفت؟ مبارزه کوردها برای رهایی مطلقاً اجازه نمی‌دهد در قید و بندِ فرم‌ها و ابزارهایی گرفتار شود که گفتمان مسلط آن‌ها را به سود اهداف‌اش گسترش داده است، در این تلقیِ رهایی‌بخش، پارلمان فرمی از مکانیسم‌هایِ بازتولید و گسترش آپاراتوس با تمام سازوبرگ‌هایش در کوردستان است، بنابراین مبارزه رهایی‌بخش کوردها پیکاری است که در آن، ابتکار عمل مطلقاً از آنِ نیروهای دموکراتیک کورد است اما نباید فراموش کرد که این نوع ناب از مبارزه به‌گونه‌ای یوتوپیایی و استعلایی را نمی‌شود همیشه با این ناب‌بودگی فی‌نفسه‌اش بسط داد یا آن را اَبژکتیو ساخت. آن‌هم به این اعتبار که، پیش از هرچیز بنا به سرشت مبارزه در وضعیت‌های تاریخیِ موجود و ضرورت‌های تاریخیِ‌ای که از منطق خود تاریخ برمی‌خیزد، مبارزه رهایی‌بخش می‌تواند فرمی تدافعی یا تهاجمی را به خود گیرد. نتیجتاً وضعیت تاکتیکی‌ای را که نیروهای کورد هردم خود را در متن آن می‌یابند، می‌توان به واسطه سرشت تهاجمی یا تدافعی‌اش توصیف کرد.

براساس آن‌چه گفته شد، چنین برمی‌آید که در وضعیت‌های تدافعی، باید ابزارهای تاکتیکی را به‌کار بست(پارلمان به مثابه ابزار تدافعی چیزی که اصلاح‌طلبان به‌گونه‌ای تحریف‌شده و باژگون از آن سود می‌جویند چرا که پارلمان در تلقیِ ما ابزار تدافعی در جهت مهیا کردن ضرورتِ تاریخیِ رخداد مبارزه رهایی‌بخش در کوردوستان اَست و به مثابه مرحله‌ای تاریخی در درون کلیتی تاریخی باید آن را دید نه به مثابه ابزاری تک‌افتاده از متن تاریخ و تنها راه‌رهایی از وضعیت موجود)، ابزارهایی که به حکم درونی‌ترین ذات‌شان ناقض ایده مبارزه رهایی‌بخش کوردی هستند(پارلمان در تلقیِ اصلاح‌طلبان ناقض ایده رهایی کوردها). از این‌رو، کاربستِ مسلماً ضروریِ چنین ابزارهایی همواره با این خطر پیوند خورده‌اند که ممکن است هدفی را که در خدمت آن به کار گرفته شده‌اند، یعنی مبارزه رهایی‌بخش کوردها، به مخاطره اندازند. بنابراین پارلمان، این اختصاصی‌ترین ابزار گفتمان مسلط، فقط می‌تواند سلاحی تدافعی در دست نیروهای کورد باشد و بدین‌سان پرسش زمان کاربست آن نیز فی‌نفسه پاسخ داده می‌شود: آن فازی از مبارزه رهایی‌بخش کوردی که در آن، چه به سبب روابط بیرونیِ قدرت، و چه به سبب ناپختگی یا اختگی ایدئولوژیکی‌اش (نقصان یا خلل در پروسه آگاهی‌بخشیِ سوژه‌های کورد) امکان آن وجود ندارد که به یاری ابزار تهاجمی خاص خویش با گفتمان مسلط به مبارزه بپردازد. بنابراین برای هر حزب کوردی، دست زدن به فعالیت پارلمانتاریستی به معنای اعتراف و تصدیق این است که رهایی‌بخشی در آینده پیش‌بینی‌پذیر نامحتمل و تحقق‌ناپذیر است. اما در اکنونیت ما، به میانجیِ رخدادهای چند سال اخیر به گونه‌ای دیالکتیکیِ ضرورت رهایی از اسطوره پارلمان و عزیمت از موضعی تدافعی به موضعی تهاجمی از سوی نیروهای دموکراتیک کوردی بیش و پیش از هر زمانی دیگر موضوعیت می‌یابد و گسست از پارلمان به مثابه تاکتیک که ابزاری در بازتولید منطق آرخه سردست بود، به عنوان ضرورتی تاریخی

> **اصلاح‌طلبان پارلمان را به مثابه تاکتیکی برمی‌گزینند که از آن تحت عنوان رئال‌پولیتیکی یاد می‌کنند که با وساطت آن سعی در رخنه در منطق آرخه و باژگون کردن و دگردیسی آن از درون دارند**

در مراحــل تاریخــیِ رهایی‌بخشــی به‌گونه‌ای ایجابــی هســتی می‌یابــد. پارلمان بــه مثابه تاکتیک برای زمینه‌سازیِ مبارزه رهایی‌بخش نمی‌توانــد هرگز چیزی بیش از زمینه‌ســازی پیــکار واقعــی و نه در حکم خودِ پیکار باشــد تلقی‌ای که اصلاح‌طلبان در تمامیت آن، بدان چنگ زده‌اند.

دومیــن نکته کــه به مراتب دشــوارتر از تعیینِ دوره زمانی‌ای اســت کــه در آن بتوان تاکتیکِ پارلمانــی را به‌کار برد، تعیین رفتار و رویکردی اســت که فراکسیون کوردی بناست در پارلمان درپیــش بگیرد. نمونه‌های تاریخیِ فراوانی(چه در تاریخ اروپا، چه در ایران و چه نیروهای کورد حاضر در پارلمان ترکیــه) وجود دارند که نشان می‌دهند که دست‌یابی به رفتار پارلمانی درســت، برای نیروهــای دموکراتیــک کوردی تا چــه اندازه دشــوار اســت، و چه توانایــی خارق‌العاده‌ای را از نمایندگان کــورد پارلمان طلب می‌کند. این دشــواری را اجمالاً می‌تــوان بدین قرار صورت‌بندی کــرد: نماینــده کــورد بایــد در خود پارلمان بــه جنگ پارلمان بــرود. در این‌جــا منظورمــان «اعتراض» علیه پارلمانتاریسم، یا «مبارزه» با آن در قالــب «مناظره‌ها» نیســت بلکه مبارزه با پارلمانتاریسم، با ســلطه هژمونیک گفتمان مسلط، به‌واســطه عمل در خود پارلمان است. هدف از ایــن عمل رهایی‌بخــش در پارلمان، آشــکارکردن گفتمــان مســلط و همدســتان اصلاح‌طلب وی اســت که مجبور خواهند شد دیکتاتوریِ فاشیســتی خویش را به شــیوه‌ای برملا ســازَند که برای تــداوم و موجودیتِ این دیکتاتوری خطرســاز خواهد بــود. بنابراین در تاکتیک نیروهای رهایی‌بخش کوردی افشــای دهشــت گفتمان مســلط در پارلمان، مسئله اصلی نه نقــد در قالب کلمات(نمونه‌های اخیر آن نمایَنــده بــوکان و نقده در مــورد جنایات ترکیــه کــه در بســیاری موارد نوعــی لفاظّی صِرف انقلابی یا احساســی مزورانه باشــد که کاریکاتوریزه‌شده و گفتمان مسلط با آن مدارا می‌کند)؛ بلکه برانگیزاندنِ گفتمان مســلط به اقدامی علنی‌تر، به افشــایَ خویــش از طریق اعمال، اســت کــه در لحظه موجــود می‌تواند برای او زیان‌بار و نامناسب باشد.

> **پارلمان به مثابه ابزار تدافعی چیزی که اصلاح‌طلبان به‌گونه‌ای تحریف‌شده و باژگون از آن سود می‌جویند چرا که پارلمان در تلقیِ ما ابزار تدافعی در جهَت مهیا کردن ضرورت تاریخیِ رخداد مبارزه رهایی‌بخَش در کوردوستان است**

اولین دشواری‌ای که گروه‌های رهاییِ‌بخش در قالب موضعی پارلمانتاریســتی تقریباً بدون اســتثناء مقهورِ آن می‌شــوند، این اســت که موفق شــوند در خود پارلمان به راســتی از پارلمانتاریســم فراتر روند، زیرا حتــی تند و تیزترین نقد از موضع طبقــات حاکم در حــدّ حرف و لفّاظی انقلابی باقی می‌مانــد اگر بــه ورای چارچوب پارلمان دست نیازد(شیوه‌ای که اصلاح‌طلبــان به مثابه شــوهای تبلیغاتــی بــرای فراهــم آوردن پروپاگاندا در قالب ســی‌دی آن را در بین طرفداران یا در لحظه انتخابــات بــرای مبرا ســاختن خــود از ســاحتی محافظه‌کارانه توزیع و پیش می‌کشــند). بنیان غایــی اپورتونیســم ـ خطــر بــزرگِ تاکتیکِ پارلمانتاریســتی ـ نهایتاً درســت درِ همین‌جا نهفته اســت: هر نوع فعالیــت پارلمانی، که در ذات خود و در تاثیرگذاری‌اش از پارلمان فراتر نرود، یا دســت‌کم گرایش به درهم شکســتنِ چارچوبِ پارلمانی نداشته باشد، اپورتونیستی اســت. که اصلاح‌طلبان کورد نمونه اعلای آن را در منفی‌ترین فرمش، پیش چشــم همگان درآورده‌اند.

در این‌جــا تندتریــن نقد(مکانیســمی بــرای مشــروعیت به سیســتم که نقــد را در رادیکال‌تریــن شــیوه از خود می‌پذیــرد) اگر

درون چارچـــوب دنبـــال شـــود، کوچک‌ترین چیزی را تغییر نخواهد داد که در ادامه نوشتار و پس از به چالش کشیدن فرم پارلمانتاریستی در کلیت آن، به خود نقد نیز بازخواهیم گشت. برعکس نقدی که در درون چارچوب پیشینی پدیـدار گردد، لاجـرم و دقیقاً به‌واسـطه این واقعیت کـه نقدی تند از گفتمان مسـلط در چارچـوب پارلمان امکان بـروز و ظهور یافته، در خدمت تیره و تار ساختن آگاهی سوژه‌های کـوردی عمل می‌کنـد. دقیقه‌ای کـه باید به گونه‌ای ژرف‌کاوانه نظر کرد، آری اصلاح‌طلبان بهترین ابزار گفتمان مسلط در مخدوش کردن مفاهیـم، فضای مفهومی و معرفت نسـبت به وضعیـت موجودند آن‌ها ایدئولوژی در منفیت آن(بـه مثابه آگاهـی کاذب) را تـا نهایت به پیـش برده و سـوژه کوردی و رهایـی آن‌را با مکانیسم‌های مزورانه و فریب‌کارانه به تأخیر و شاید به تعلیق درمی‌آورند، چیزی که گفتمان مسـلط در آرزوی آن است و سودای تفوق هر چه بیشـتر و تام و تمام فیزیک قدرت خویش بر عمیق‌ترین لایه‌های زیست‌جهان سوژه‌های کورد را در سر می‌پروراند.

به واقع درِ افسـانه دموکراسـی- پارلمانیِ گفتمـان مسـلط فاشیسـتی، بر این پاشـنهَ می‌چرخد که پارلمان نه به مثابه ارگان یا ابزارِ سرکوب، بلکه به منزله ارگان «همه مردم!!!!!» ظاهر می‌شـود. دقیقه‌ای بسـیار مهم که چه نیروهـای رهایی‌بخش و چه سـوژه-های آگاه به مثابه روشـنفکران بایـد در پرداختن بدان کوچک‌ترین اهمالی را از خود نشان ندهند. چرا که هر نوع رادیکالیسم لفظی(در حکم بازی‌های زبانی و وراجی‌هایی که با مرزهای قرمز سیستم در صحن علنی بازی یا در رسـانه‌های وابسته بدان منتشر و بزک می‌گردد) به لطف اسطوره واقعیتِ امـکانِ پارلمانتاریسـتی‌اش، توهماتِ اقشـارَ آگاه و بیَدارنشـده کورد را در ارتباط باَ این اسطوره تقویت کرده بنابراین اپورتونیستی و سـرزنش‌آمیز اسـت. بنابرایـن پارلمان باید در مقام پارلمان مورد کارشـکنی قرار گیرد و فعالیت پارلمانی به ورای پارلمانتاریسـم سوق داده شود. تا این‌جا مشخص گردید که هر نوع پارلمانتاریستی ماندن مبارزات رهایی‌بخش، در حکم پیروزی تاکتیکی گفتمان مسـلط است. بنابرایـن، نیروهـای دموکراتیـک که حاملان اصلی ایدئولوژی رهایی‌بخشی هستند در موارد بسیارَ در برابر این انتخاب می‌ایستند که: یا از پیکار رهایی‌بخش طفره روند(پارلمانتاریستی مانـدن: خطر اپورتونیسـم)، یا فراتـر رفتن از پارلمانتاریسم، به سوژه‌های کورد متصل شدن را در لحظـه‌ای برگزیننـد که بـرای گفتمان مسلط مناسب است.

البتـه از منظـری دیگر نیـز می‌توان به خودِ آژیتاسـیون(تحریک) انتخاباتی به عنوان ابزاری برای تمایز، تفکیک و وضوح بخشـیدن به نیروهـای دموکراتیک بهره جسـت، بدین معنا که سـره را از ناسره در فرآیند پیکار جدا سـاخت و به میانجیِ این مکانیسم از یک‌سو، هسـته آگاه و مصممِ نیروهای رهایی‌بخش را به‌گونه‌ای کیفی و کمی برسـاخته و شکل داد و از سـوی دیگر، به یاریِ ممارست شهودی[۹] سـوژه‌های نیمه‌آگاه را با خود همراه ساخت و آن‌ها را به سوی آگاهی‌بودگی از وضعیت‌شان هدایت کرد. اما در کلیت آن باید در نظر داشت که آژیتاسـیون انتخاباتی که اصلاح‌طلبان یدِ طولایی در بهره جسـتن از آن دارند ابزاری به غایت تردیدبرانگیز و بسـیار خطرناک اسـت، چراکه انداختن رأی نه‌تنها یک عمل نیسـت، بلکه بسـیار بدتر از آن؛ عملی ظاهری اسـت، توهّم عمل است؛ از این رو رأی دادن و اسطوره آن آگاهی‌بخشـی نیسـت(برخلاف ادعـای اصلاح‌طلبان) بلکه برعکس، آگاهیِ سوژه‌ها را تیره وتار می‌سـازد. گفتمان مسلطَ قادر است سـلطه خویش را از این طریق سرِ پا نگه دارد که همه اقشـار به لحاظ مـادی و ایدئولوژیک مردد و ناآگاه را به صفِ پیروان خویش درآورد که اصلاح‌طلبان نیز در این رقابت گوی سبقت

را از رقبای خویـــش ربوده‌اند. از منظری دیگر شعارهای انتخاباتی‌ای که اصلاح‌طلبان در بوق و کرنا ســر می‌دهنــد و هیاهــو و طوفان‌های تبلیغاتــی‌ای را به‌واســطه آن‌هــا در حــوزه مخدوش‌شده عمومی به راه می‌اندازند، درست از آن رو که هیچ رابطه بی‌واســطه‌ای با کنش ندارند، گرایشی چشمگیر به زدودنِ تضادها، و یکی ســاختنِ جهت‌های واگرا، و تَقلیل آن‌ها به منطــق تفَــاوت را از خود بــروز می‌دهند، که به غایت تردیدبرانگیز اســت. در پایان این بخــش از گفتــار در باب پرســش از تاکتیک پارلمانتاریســتی می‌تــوان گفــت، نیروهــای رهایی‌بخــش دموکراتیک تــا زمانی در موضع تدافعی می‌توانند باقی بمانند(یعنی پارلمان به مثابه فرمی تدافعی) که فرایند انحلال گفتمان مسلط و ســازوبرگ‌هایش آغاز نشده باشد. به محض این‌که این فاز رشــد و خــود را نمایان ســاخت(اتفاقات چند ســال اخیر و اعتراضات مدنی‌ای که شــاهدی بر این مدعاست)، آن‌گاه قطــع نظر از این‌که این دگرگونی آگاهانه بوده یانــه، نیروهــای رهایی‌بخش بــه اتخاذِ موضع تهاجمی واداشــته می‌شوند. که پرتاب‌شدن یا جهــش به موضع تهاجمــی در اکنونیت ایران و در ضــرورت تاریخــی‌ای کــه از پس مراحل تاریخیِ آن پدیدار گشــته، بیش و پیش از هر چیز دیگر و هر زمان دیگر خود را پیش چشم نیروهــای رهایی‌بخــش کورد نمایان ســاخته است.

## اصلاح‌طلبــی معلــق در دیالکتیــک اپورتونیسم و کریتیسیسم

می‌توان ادعا کــرد که بخــش الیتِ(نخبگان) فعالانِ اصلاح‌طلب، گرایش‌های اپورتونیســتی و محافَظه‌کارانه عیان را به نمایش می‌گذارند. باید به لحاظ نظــری اثبات کرد که ما با خطر واحدی برای روح مبارزات رهایی‌بخش کوردی مواجهیم؛ این‌که در حیطه تعیین‌کننده نظری اصول اساسی، اپورتونیست‌ها(اصلاح‌طلبان) و اصول‌گراها(محافظه‌کاران)، هردو بستر واحدی را اشــغال می‌کنند و نتیجتــاً در اکثر قریب به اتفاق موارد، در عمل به نتایج بســیار مشابهی دســت می‌یابنــد. ضعف‌های به لحــاظ نظری سرنوشت‌ســاز یکســانی در هر دو گروه وجود دارد: از یک‌ســو آن‌ها به بیانی یک‌ســر منفی یا ســلبی، ناتوان از فهم مقاومت رهایی‌بخش به مثابــه فرایندانِد و از ســویی دیگــر، و این به اصطــلاح خطایــی ایجابی اســت، ارزیابی غلط از ارزش ســازماندهی و تشــکیلات برای جنبــش رهایی‌بخش کــورد دارند. بــه بیانی دیگــر هــر دو آن‌ها اهمیتِ بیــش از حدی به ســازماندهی می‌دهنــد. ارزیابــی تیــره و تارِ اپورتونیســت‌ها از اهمیــت ســازَماندهی نه باَ ســازماندهی در کل(چون خود نیز نمونه اعلاء دم و دســتگاه‌های بروکراتیــک بی‌خاصیــت را با سلســله مراتــب دگــم آن در نهایی‌ترین فرم ابژکتیــو کرده‌اند یعنیِ ســازمان مرکزی اصلاح‌طلبان)، بلکه منحصراً با نقش و کارکردِ ســازماندهی در فرایند رهایی‌بخشــی سروکارَ دارد. وجــه ممیــزه جنبــش رهایی-بخشــی کوردی از گروه‌های اپورتونیست این است که تشــکیلات و ســازماندهیِ بوروکراتیک صُلب، مطلق و آمرانه، پیش‌شــرطَ کنش رهایی‌بخش نیســت، بلکه برعکس، نوعی تعامل پیوســته پیش‌شرط و پیامد اســت که در فرایند کنش رهایی‌بخش شکل می-گیرد. رزا لوکسمبورگ می‌نویســد:«دیدگاه صلــب، مکانیکــی و بوروکراتیک مهیای آن نیست که اعتبار پیکار را تضمین کند(چیزی کــه اصلاح‌طلبان بدان چنگ زده‌اند) مگر به عنوان پیامد سازماندهی در حــدّ معینی از توان و قوت. دیالکتیک زنده رشــد، برعکس، باعث می‌شــود تشــکیلات و ســازمان به عنوان محصول پیکار ســربرآورد» چیــزی که در احزاب اصلاح‌طلــب به گونه‌ای پیشینی حضور داشته و کنشگران را در درون سلسله مراتب خاص خود طبقه‌بندی می‌کند.

روشن ســاختن آن نوع تفکر و کنشی که

مختص اپورتونیست‌هاست چندان ضرورتی ندارد؛ کل کسب و کار ایشان که عبارت از جمع‌کردن برگه‌های رأی و جزوه‌های حزبی است، به انتظار نشستن‌شان برای «لحظه‌ای» که سوژه‌های کورد به قدر کافی خوب سازمان‌یافته باشند آن‌هم غایت سازمانی که منفیت و بی‌خاصیتی آن از پیش برهمگان آشکار گشته است. از این رو، آنان به ناچار این واقعیت را یک‌سر از نظر می‌اندازند که منابع‌شان، بالأخص منابع سازماندهی‌شان نه فقط کفافِ این حرکَت رهاییِ‌بخش و تعیین‌کننده را نمی‌دهد، بلکه مطلقاً نامناسب برای آن است. اپورتونیست‌ها همچنین لحظه‌ای را که قدرت قبضه می‌شود، در پرتو نوری کاذب می‌بینند. حتی به رغم آن‌که آن‌ها عموماً در تلاش‌اند تا، با یاوه‌سرایی درباره«رشد و تحول و توسعه تدریجی در مناطق کوردی» یا «مرحله گذار» و از این دست اهمیتِ قبضه قدرت را از آگاهی ما بِزدایند، ارزیابیِ نادرست‌شان غالباً می‌تواند راه به تحقق وضعیت‌هایی دهد که در آن‌ها قبضه بالفعل قدرت نه فقط اهمیت بیش از حدی نمی‌یابد، بلکه حتی با آن عملاً به سبک و سیاقی محافظه‌گرایانه و اصول‌گرایانه رفتار می‌شود. این افراد(اصلاح‌طلبان) بسیار مشتاق آنند که این نوع از حکمرانی را از طریق انعقاد نوعی آتش‌بس با گفتمان مسلط تحکیم بخشند، زیرا اگر «سازماندهی» را به شیوه‌ای مکانیکی در نظر آوریم و بر آن تأکید بیش از حد بگذاریم، گریزی از آن نخواهد بود که تمامیتِ فرایند انقلابی به سود نتیجه بی‌واسطه مرئی از قلم بیافتد و به پس زمینه رانده شود.

این فقط تمامیت فرایند رهایی‌بخش است که می‌تواند معیاری برای کنش رهایی‌بخش فراهم آورد. بنابراین تاکتیک‌های مبارزات رهایی‌بخش برعکس تاکتیک‌های اطلاح‌طلبان باید با این خصلت دوگانه سازگار گردد. از یک‌سو این تاکتیک‌ها هرگز نباید یکی‌بودگی و تمامیتِ فرایند رهایی‌بخش را از نظر دور سازند اماَ از سوی دیگر، همین تمامیتِ فرایند رهایی‌بخش را نیز همواره باید از منظرِ «مطالبات روز» بنگرند. فقط وقتی این فهم از یکی‌بودگی فرایند و تاکتیک‌های متناظر با آن فروگذارده شده باشد؛ وقتی اپورتونیست‌ها از پسِ مخدوش ساختن معنای فرایند برآمده باشَند؛ وقتی رشد و تحول به مثابه «تکامل صلح‌آمیز» و رئال‌پولیتیک به منزله وانهادنِ انقلاب فهمیده شده باشد درِ این صورت است که اصلاح‌طلبان و رفورم به وجاهتی رهایی‌بخش دست خواهند یافت. اپورتونیست‌ها از یک‌سو خودانگیختگیِ سوژه‌ها را در قیاس با کنش‌های پیشاپیش «زمینه‌سازی‌شده» و سازماندهی‌شده دستِ پایین می‌گیرند و از سوی دیگر، آن‌جا که مربوط به خود جنبش‌رهایی‌بخش می‌شود آن‌ها می‌کوشند، به جای صرفاً آگاهانه ساختن آن یا هدایتش در راستای آرمان رهایی‌بخشی، آن را مصادره و به‌گونه‌ای باژگون و دگردیسی‌شده در خدمت اهداف گفتمان مسلط قرار دهند و آن‌را نیز در رنگ و لعابی رفورمیستی قرار می‌دهند تا از این باب در فضایی مخدوش شده خاطر سوژه‌ها از این خیانتی که بدان‌ها شده مکدر نگردد. از همین‌روست که فعالیت‌هایشان هر قدر هم اصرار داشته باشند که بخشی از پروژه رئال‌پولیتیک است، هرگز نمی‌توانند چیزی مگر فعالیت‌هایی متوهمانه و فاقد هرنوع بنیانِ محسوس در واقعیت باشد.

> **می‌توان ادعا کرد که بخش الیت(نخبگان) فعالانَ اصلاح‌طلب، گرَایش‌های اپورتونیستی و محافظه‌کارانه عیان را به نمایش می‌گذارند. باید به لحاظ نظری اثبات کرد که ما با خطر واحدی برای روح مبارزات رهایی‌بخش کوردی مواجهیم**

هر کنشی، حال با شعارهایی هرقدر هم در سایر موارد، سرراست و استوار بر رئال‌پولیتیک، محکوم است که در یک حفره عمل کند مگر آن‌که عزیمت‌گاه خود را خودانگیختگی سوژه‌ها بگیرد، مگر آن‌که هدفاش آگاه‌ساختنِ آن دسته مطالبات ناآگاهانه‌ای باشد که راه به خودانگیختگی داده‌اند، مگر آن‌که بکوشد آن خودانگیختگی را در سمت و سویی درست هدایت کند، در سمت و سویِ تمامیتِ فرایند رهایی‌بخشی. حال کنشِ اپورتونیست‌ها در تمامیت آن وارونه‌سازی و تعلیق این خودانگیختگیِ سوژه‌های کوردی است چرا که با مخدوش کردن فضای معرفتی به کمک سازوبرگ آکادمیک و نهادهای علمی(زانکو کوردوستان، کومه لناسی زانکو کوردوستان، ناوه‌ندی کوردوستان‌شناسی) از یک‌سو و فضای سیاسی از سوی افراد شاخص اصلاح‌طلب که شهره همگان در کوردوستان هستند و جعل و برساخت فرم‌های جدیدی از رفورمیسم که سویه‌های دینی(حزب دعوت و اصلاح ایران) را به خود گرفته از هر بزنگاهی جهت بازتولید نظم موجود و خلق ملغمه‌ای از ایدئولوژی‌های متنوع و گاه متناقض در زیر پرچم اصلاحات برای پریشان کردن وضعیتی هستند که ازقضا به میانجیِ ضرورت تاریخی‌ای که در آن قرار گرفته بیش از هر زمانی مترصد فرصتی جهت آگاه‌شدن و خلق رئال‌پولیتیکی واقعی است یا به بیانی دیگر پادرئال‌پولیتیکی که سیاست قدرت اصلاح‌طلبان و محافظه‌کاران را به چالش کشیده و ریاکاری آن‌ها را برملا می‌سازد. اپورتونیست‌ها از این طریق که وضعیتِ بی‌واسطه را، مجزا و گسیخته از بافت و زمینه کلی، عزیمت‌گاه تاکتیک‌های خویش می‌گیرند با تاکتیک‌های گفتمان سردست هم‌داستان و هم‌گام‌اند.

اپورتونیست‌ها تصور می‌کنند که می‌توانند به تدریج «بلوغ» لازم برای رهایی را در سوژه تعبیه کنند آن‌هم به یاریِ «کار تبلیغاتی» مشخصاً صلح‌آمیز آن‌هم در چارچوب قوانینی که پیشاپیش آن‌ها در زمره بی‌سهم‌ها قرار داده و آن‌ها را از کلیه رویه‌های دموس‌بودن(شهروند بودن و حتی انسان بودن) پس‌رانده است و هردم نیز فاقدصلاحیت‌بودن او را در هر پروسه حکمرانی گوش‌زد می‌کند. شاهد این مدعا ردصلاحیت‌شدن اصلاح‌طلبانی است که از طرفداران دوآتشه گفتمان‌مسلط هستند حال آن‌که مکانیسم‌های تعیین صلاحیت آن پوچی و ناچیزبودن آن‌ها را گوشزد کرده و آن‌ها را به مثابه ابزار در منطقی ابزاری قرار می‌دهد که وظیفه‌شان بازتولید و مشروعیت‌بخشی مدام و بدون وقفه به سیستمی است که فی‌نفسه جایگاهی را در سلسله-مراتب قدرت برای ایشان متصور نیست.

> اپورتونیست‌ها همچنین لحظه‌ای را که قدرت قبضه می‌شود، در پرتو نوری کاذب می‌بینند. حتیٍ به رغم آن‌که آن‌ها عموماً در تلاش‌اند تا، با یاوه‌سرایی درباره«رشد و تحول و توسعه تدریجی در مناطق کوردی» یا «مرحله گذار» و از این دست اهمیت قبضه قدرت را از آگاهیِ ما بزدایند

## اصلاح‌طلبی و فلسفه تفاوت[۱۰] (تقلیل تناقضات در بازی تفاوت‌ها: زیبایی‌شناختی‌کردن امر سیاسی)

مارکس در باب حوزه عمومی، بحث خود را با تحلیل مفهوم جامعه مدنی آغاز می‌کند. وی برخلاف پیشینیان خود بر آن است که باید جامعه مدنی را نه به عنوان مقوله‌ای دارای وحدت بلکه به مثابه پدیده‌ای تعارض‌آمیز و مرکب از طبقاتی در نظر گرفت که ضرورتاً با یکدیگر در کشمکش‌اند. برعکس تلقیِ اصلاح‌طلبان اسطوره جامعه مدنی را پیش کشیده و آن‌را تا ساحت یک کلیت تام و



تمام برمی‌کشند که این امر کلی فی‌نفسه، خاص‌بودگی‌هایی را که در جامعه حضور دارند در ذیل این مفهوم جمع کرده و مطالبات همه آن‌ها را نمایندگی می‌کند، حال از یک‌سو پیشاپیش این امر کلی خاص‌بودگی‌ها را تقلیل یا نفی می‌کند و از سویی دیگر به‌گونه‌ای دیالکتیکی این خاص‌بودگی را در درون منطقی به نام تفاوت آن‌هم تفاوتی زیبایی‌شناسانه(لباس، زبان، ادبیات، مشاهیر کورد و......) قرار داده و به میانجیِ آن، خاص‌بودگیِ منافع را که موتور محرکه پروسه رهایی‌بخشی و آگاهی سوژه است از نظرها دور می‌سازد. به بیانی دیگر رؤیت‌پذیریِ منافع کوردها که در بازیِ سهم‌خواهی امکان ظهور و بروز از آن سلب گشته با وساطت مکانیسم تفاوت به دیگربودگی فرهنگی استحاله داده می‌شود و پس از آن گفتمان مسلط با بهره‌گیری از دستگاه ایدئولوژیکش، کارناوالی را از این‌همانیِ رنگ‌های متفاوت(اقوام و مذاهب) در ذیل یک امر مشترک تحت عنوان دموکراسی کاریکاتوریزه‌شده به نمایش می‌گذارد. حال آن‌که به‌گونه‌ای سلبی و پیشینی بود و هستیِ هرگونه جامعه مدنی در نسبت با وضعیت عینی و ابژکتیو از بنیان نفی گردیده است. کیش تفاوت، این مفهوم به‌شدت ژانوسی و ریاکارانه، کلیه تناقضات و کشمکش‌ها را به لطایف‌الحیلی در فرمی از تکثرگرایی(فرهنگی، سیاسی،دینی و .....) پنهان کرده و نقابی معصومانه را بر چهره سیستمی می‌گستراند که دهشت آن هر روز جسم نحیف کوردستان را نشانه رفته و زخم‌ها بر پیکره آن برجا می‌گذارد. منطق تفاوت، استراتژی‌ای است که هر گونه تحلیل صادق که برگرفته از واقعیتی انضمامی باشد را شیءواره ساخته و در راستای بازتولید سلطه گفتمان مسلط گام برمی‌دارد. بنابراین جامعه مدنی به‌نحوی که در حوزه عمومی هژمونیکِ برساخته ایدئولوژیِ سردست خود را منکشف

می‌ســازد چیــزی بیش از یــک آگاهی کاذب صرف نیســت کــه در منفیتی فی‌نفســه، کل پروسه مبارزات رهایی‌بخشی را نشانه گرفته و سعی در تعلیق یا عقب‌راندن آن دارد.

مارکــس حــوزه عمومی را عرصــه منازعه می‌دانــد، عرصــه‌ای آنتاگونیســتی کــه در آن نیروهای متخاصم بر ســر منافع کاملاً متناقض در حــال نبــرد و پیکارند، نه ایــده‌ای انتزاعی و شــیء‌واره از وحدتــی که از پــسِ ایده وضعیت آرمانیِ گفتگوی هابرماســی ســَربرمی‌آورد که پیشــاَپیش همــه نیروهــا را در وضعیتی برابر و آکنده از منطقی گفتگویی که بر سر مشروعیت منافع دیگری و بازتوزیــع آن به توافُقی آرمانی خواهند رسید؛ گردهم آورده و آن‌ها را در درون امرمشــترک دموکراتیکِ متشــکل از سوژه‌های بالغ و خردمند کانتــی، بازصورت‌بندی می‌کند. تصــور قابلیــت دسترســی و گفتگویــی آزاد و نامحدود، مغلطه‌ای اســت که ایدئولوژیِ مسلط جعل کرده و به واسطه آن توهم تغییر و اصلاح را در ســوبژکتیویته ســوژه‌های استثمارشــده مســتأصل، اغوا و مسخ‌شــده اصلاح‌طلب حک می‌کنــد. زیــرا چنیــن تصــوری در تعــارض و تناقض با واقعیــت ابژکتیوِ حوزه عمومی جامعه ایران قــرار دارد. خاص‌بودَگی تحلیل مارکس و تمایز آن از تلقیِ شــیء‌واره هابرماس را در این لحظه تحلیلــی می‌توان فهم کــرد که مارکس امــکان خلق و وجود هر فرم از حوزه عمومی‌ای را در درون جامعــه بورژوایــی منتفــی می‌داند چــرا که این حــوزه، به-گونــه‌ای درون‌ماندگار از ســاختارهای نظــم بورژوایــی تبعیت کرده و به‌گونــه‌ای دیالکتیکی(برخلاف ضرورت تاریخیِ خویــش) منافــع صاحبــان قــدرت را بازتولیدَ خواهد کــرد (چیزی که اصلاح‌طلبان به عمد یا از ســر ناآگاهی بدان چنگ زده‌اند و حال این‌که منطــقِ درونــی این سیســتم ضرورت هســتیِ حوزه عمومــی‌ای را که امــکان تغییر یا اصلاحِ ساختاری در آن فراهم شود از دستور کار خارج کرده و به محض ســربرآوردن، از هستی ساقط می‌کند)، تنهــا به میانجیِ مبارزه رهایی‌بخش و جایگزینــیِ آلترناتیو-هایِ دموکراتیک در فرمی دیگــر از حَکمرانی خواهد بود که می‌توان حوزه عمومــی‌ای را متصور بود که منافع جمعی را به یکســان در نظر آورد و امکان دسترســیِ کامل و فقــدان کلــیِ محدودیت‌ها را تعیّن بخَشــد. این وضعیــت از نظر ما تنهــا از طریق مبارزات رهایی‌بخشی می‌تواند تحقق یابد که نظم موجود را در کلیــت آن برچیــده و جایگزینی مترقی را پیش چشــم همگان قرار دهــد. هابرماس بر آن اســت(و نیز الگــوی اصلاح‌طلبی) کــه می‌توان بدون واژگون‌ســازیِ نظم اجتماعــیِ موجود به چیزی شبیه حوزه عمومی دست یافت. او به‌طور کلی به اشــکال بالقوه(که تصور بالقوه‌گی فرمی دموکراتیــک، در اکنونیت ایــران را نیز می‌توان بــه یــک آیرونی تشــبیه کرد که حتــی دور از دسترس خیال به نظر می‌رسد)دموکراتیکی که در درون جامعه بورژوایــی پدید آمده‌اند، ایمان بیشــتری دارد. با این حال، حوزه عمومی حتی در ابتدایی‌ترین فرم آن نیز رو به افول گذاشــته و بیش از هر زمان دیگری نمی‌توان هســتی‌ای برای آن متصور بود. فروپاشــیِ حوزه عمومی‌ای که زیر ضربات مهلک گفتمانِ مسلط تاب و توان ایســتادگیِ خود را از کف داده و در هژمونی آن اســیر و گرَفتار آمده است. از آن‌جا که پیدایَش حوزه عمومی نتیجه تفکیک آشــکار و روشــن حــوزه خصوصــی و قــدرت عمومی بــود، نفوذ قدرت در عمیق‌ترین لایه‌های آن، حوزه عمومی را به محاق برده اســت. نقشی که حوزه عمومی در حیات فکریِ جامعــه ایفا کرده بود اینک به دیگــر نهادهاییَ که صورت ظاهری از یک حوزه عمومــی بــه شــیوه‌ای مخدوش(اصلاح‌طلبان، اســطوره پارلمان، منطق گفتگومندی و در فرم آکادمیک آن زانکو کوردســتان و فرم دینیِ آن جماعت اصلاح و دعِــوت) را بازتولید می‌کَنند، منتقل می‌شود. مثلاً ریشه ایدئولوژیکی پارلمان در همــان ایدئولــوژیِ گفتمــان مســلط نهفته اســت که خود به گونه‌ای مضحک مشوق حوزه

عمومی‌ای اســت که به تدریــج در تمامیت آن نقض می‌گردد.

در دهه‌های اخیر، مبادله آزاد اندیشه‌ها در میان افراد «برابر» به اشکال ارتباطی نه چندان دموکراتیکی ماننــد فعالیت‌های تبلیغاتی ذیل مفهوم روابط عمومی دگردیســی کرده اســت. سیاســت حزبی و دستکاری رسانه‌های جمعی بــه وضعیتــی می‌انجامــد که خــود هابرماس از آن بــه مثابه «فئودالی‌شــدن دوباره» حوزه عمومی یاد می‌کند. حال اصلاح‌طلبان پاسخ این پرســش را چگونه خواهنــد داد که اصولاً ســخن از منطــق گفتگو، اصــلاح و رفورم در جامعه‌ای فئودالی شــده که قدرت در دستان گروهی خاص قبضه و متمرکز شــده نســبتی با واقعیت انضمامی خواهد داشــت؟ وضعیتی که در آن نظام نمایندگی، ظواهر و فیگورهای برخاســته از آن بر مباحثــه عقلانی می‌چربد. هابرمــاس خــود از بوروکراتیزه‌شــدن جامعه، نقــش رســانه‌های گروهــی در دســتکاری و یــا محدودســازیِ مباحثــه عمومــی و نظام احزاب سیاســی در اســتثمار حــوزه عمومی پرده برداشــته و با دیده تردیــد بدان مینگرد. هابرماس بازگشــت به حوزه عمومی لیبرالی را ناممکن می‌داند اما همانند اصلاح‌طلبان حاضر نیست مبانی نظریِ آن را یک-بار برای همیشه رها کند. جایی که یوتوپیایی را ترسیم می‌کند که مباحثه عقلانی فارغ از ســلطه، آسیب‌های زبان‌شناختی و معطوف به تفاهم بین‌الاذهانی و وفاق و اجماع دقیقاً همان نوع عملی اســت که مناسب حوزه عمومی است!!!!!!

### بــه ســوی نقــدی بــر عقــل سیاســیِ اصلاح‌طلبان(نــزاع اســطوره عقلانیــت- ناعقلانیت)

قدرت نه فقط از طریق سرکوب سویژکتیویته بنیادیــن بلکه با ارتقاء، پــرورش و بارور کردن آن عمل می‌کنــد. این عملکرد قــدرت باعث شکل‌گیری ســوبژکتیویته‌ای بسامان و منظم می‌شــود. اصلاح‌طلبــان در کوردســتان طی چنــد دهه اخیــر چــه در میــدان آکادمیک و چــه در ســاحت حــوزه عمومی ســعی در بهنجار کردن نســبت ســوژه کورد با گفتمان مرکز داشــته‌اند. شــاهد و گــواه آن برگزاری ســمینارها و همایش‌هــای ملی‌ای اســت که دانشــگاه کوردســتان به مثابه مســئولیت، در این‌همان‌کــردن فضــای معرفتــی و مفهومیِ کوردســتان با گفتمان مرکز آن‌هم به میانجیِ دهشــتناک‌ترین فرم‌هایــی کــه با وســاطتِ مستقیم سیاســت‌های رادیکال در کوردستان ظهور و بروز یافته اســت، برعهده گرفته است. برای نمونه می‌توان به همایش ملی مرز اشاره کرد که دستاورد آن تقلیل پروبلماتیکی به نام کولبــری و تحلیل آن بــا منظومه مفهومی‌ای بــود کــه روشــنفکرنمایان پایتخت‌نشــین به روشــنفکرنمایان کوردستان‌نشــینِ حلقــه به‌گوششــان دیکتــه کــرده بودنــد، بازتولید دهشــتی که این‌بــار دانش و کارگــزاران آن را(به اعتباری بوردیویی) به خدمت گرفته بود تا بــدان رنگ و بویی آکادمیــک داده و آن را این‌بار در منطقی سرمایه‌دارانه و نئولیبرال که خدا می‌داند چه نســبتی با وضعیت انضمامیِ کوردستان دارد، بازتولید کنند.

این ســویه‌ای از بهنجارکردن سوژه کوردی و مســائل آن با مفاهیمی اســت کــه گفتمان بهنجارســاز مسلط، در ساحت عقلانیتی ابزاری به میانجــیِ آکادمــیِ ابزاری که روشــنفکران فایده‌باور، عرصه تاختَ و تاز خود قرار داده و از قِبل آن فیگوری برای خود دست و پا کرده‌اند، دانســت. این فراینــد از رهگذر ســازوکارهایی حاصل می‌شــود که فوکو آن‌هــا را«کردارهای ســامان‌بخشِ خود» می‌نامد. از این منظر است که بــه قولِ پیتر میلــر تمایز میان اســتیلاء و قدرت برجسته می‌شــود. استیلاء شیوه خاصی از اعمال قدرت اســت، اعمال قــدرت بر فرد یا گروهی از افراد که درســت برخــلاف آرزوها یا خواسته‌های‌شــان انجام می‌پذیرد. اصلاح‌طلبی

نحــوه‌ای از ایــن کردارهــای ســامان‌بخش و زمینه‌ســاز اســتیلاء در عمیق‌تریــن لایه‌های زیست‌جهان کوردی اســت. چرا که در ساحت آکادمیــک نســبت دانش-قــدرت را در حــد اعــلاء آن برســاخته و در حــوزه عمومی نیز با ســازوبرگ‌های حزبی، تریبون‌ها و پروپاگاندی کــه در دســت دارد امــکان ظهــور یــا رهایی هرگونه ســوژه آگاه را ســلب کرده و در درون گفتمــان خود جذب می‌کند. وحشــتناک‌ترین و عریان‌ترین شــکل استیلاء کشــتنِ فردِ موردِ اســتیلاء است(کاســبکاران در مرز)، و در واقع حکــم نهایی اســتیلاء نیــز همین اســت. ولی قــدرت، مدبّرانه‌تــر و اقتصادی‌تر عمل می‌کند؛ قدرت منحصر به ســلب آزادی و محدود کردن فرد و به مبارزه‌طلبیدن او نیست بلکه می‌کوشد فرد را با مجموعه‌ای از اهداف و بلندپروازی‌های شــخصی(منطقی کــه اصلاح-طلبــان از آن تبعیت می‌کنند)محاصره کند. بدین‌سان قدرت پدیده‌ای درونی‌تر است. قدرت شناخت بهتری از فــرد دارد و از دور و بیــرون بــر فــرد عمل نمی‌کنــد بلکه از نزدیک و درونِ خودِ فرد بر او فرمان می‌راند. قدرت شیوه دخالت در مناسبات اجتماعی است و به همین خاطر برای‌اش تولید دانشــی از ســوژه و روش کنش‌ورزی(کاری که مســئولیت ذاتیِ زانکو کوردســتان و ناوه-ندی کوردستان‌شناســی اســت) و اعمــال قدرت بر سوژه بسیار مهم و حیاتی است.

رابطــه میــان یــک جامعــه متمایــل بــه عقلانی‌ســازی و برخی تهدیدها نسبت به سوژه و آزادی‌هایــش، در این فرم عیان می‌شــود که آکادمی در نسبتی آشــکار با قدرت قرار گرفته و دانش را در خدمت ســرکوب و ســلطه هرچه بیشتر ســوژه صورت‌بندی میکند. از زمان رشد دولت‌هــای مــدرن و مدیریت سیاســی جامعه نقش علوم انســانی به‌ویژه فلســفه این بوده که مراقب قدرت‌هــای افراطی عقلانیت سیاســی باشــد که بیشــتر عبارت‌اَســت از امید به یک زندگــیِ نویدبخــش؛ حــال آن‌که کوردســتان بســتری اســت کــه در آن آکادمیســین‌های کورد بــه مثابه یک ضرورتِ ابــزاری، در قامت توجیه‌گــران عقلانیتِ سیاســی افراطی قد علم می‌کنند. رابطه میان عقلانی‌سازی و افراط‌های قــدرت سیاســی امری‌ســت آشــکار؛ و نیازی نیســت منتظر دیوان‌ســالاری یــا اردوگاه‌های کار اجبــاری بمانیم(کــه خــود کوردســتان نمــودی از اغراق‌آمیزتریــن این شــیوه‌ها را در دل خود جای داده اســت، فاســدترین دستگاه بوروکراتیک در ایران در کوردســتان، بالاترین تورم در کوردســتان و دســت آخر اردوگاه‌های کار اجبــاری در مرزهــای کوردســتان). واژه عقلانی‌ســازی(که اصلاح‌طلبان هــر دم برِ آن تأکید می‌ورزند) واژه خطرناکی است. اصولاً هر مفهومــی که در ترمینولــوژیِ اصلاحات وارد یا جعــل می‌گردد خطرناک اســت و باید به دیده تردید بدان نگریســت. وقتی مردم می‌کوشــند چیزی را عقلانی سازند، مسئله اصلی این نیست که ببینیم آن‌ها با اصول عقلانیت همنوا هستند یا نه، بلکه کشــف این است که دارند کدام نوع عقلانیــت را به‌کار می‌گیرند. بــا این همه فوکو پیچشی به پرســش روشنگری تحمیل می‌کند که در اینجا مراد این نوشــتار بوده است و آن را در مسیر آن چیزی جابه‌جا می‌کند که «رویکرد انتقــادی[۱۱]» می‌نامد. در واقــع به عقیده فوکو اگر کانت رویکرد انتقادی و پرســش روشنگری را به پرسش نقد معرفت‌شناختی-استعلایی[۱۲] تغییر مســیر می‌دهد«اکنون باید کوشید مسیر را وارونه کرد» و پرســش شــناخت در نسبتش بــا اســتیلاء را برمبنــای«اراده‌ای مصممانه به حکومت‌نشدن» طرح کرد. به بیانی دیگر پرسش معرفت‌شناختی ـ استعلایی «چه چیز را می‌توان بشناســم؟» بدل می‌شود به «پرسش رویکرد»، و نقد، حرکتی بازتعریف می‌شــود «که سوژه با ایــن حرکت این حق را به خــود می‌دهد که از حقیقت در مورد اثرهای قدرتش و از قدرت در مورد گفتمان‌های حقیقتش پرسشــگری کند» و هــدف از این کار «ســوژه‌منقادزدایی[۱۳]» در

بازیِ سیاست حقیقت است»(فوکو، ۱۳۹۶: ۲۱-۲۰). بدین ترتیب نخستین تعریف از رویکرد انتقادی، «هنر این همه حکومت‌نشدن» است. فوکو متمرکز بود بر نقاط مقاومتی که در حوزه پرورش خود (شبان‌کارگی مسیحی) پدیدار می‌شدند و «پادهدایت‌ها[۱۴]» را رویکردهایی تعریف کرد که از میان‌شان اراده‌ای در قرون وسطا نمایان شد، اراده به «هدایت‌شدن به گونه‌ای دیگر، با هدایتگرانی دیگر و با شبان‌هایی دیگر به سوی اهدافی دیگر و به سوی شکل‌هایی دیگر از رستگاری، از طریق رویه‌هایی دیگر و روش‌هایی دیگر».

نزدیکی این مفهوم با مفهوم رویکرد انتقادی واضح است، رویکرد انتقادی به منزله«اراده به حکومت نشدن بدین‌سان، اینچنین، تحت حاکمیت اینان و به این قیمت»- چون «پاد» و «بدین‌سان» گواه بُعد همواره موضعی و استراتژیک این شکلهای مقاومت است. مشخصه دیگری که خاص‌بودگی رویکرد فوکو را نشان می‌دهد تأویلی است که فوکو از روشنگری پیش مینهد. حتی اگر فوکو رویکرد انتقادی را در تاریخی گسترده‌تر از یگانه«لحظه کانتی» جا داده باشد تا از آن چیزی«غیر از میراث یک اندیشه فلسفی خاص» بسازد، تأیید می‌کند که تعریفش از رویکرد انتقادی مطابق است با تعریفی که کانت در ۱۷۸۴ ارائه می‌دهد از روشنگری به منزله اقدامی شجاعانه در خروج از وضعیت نابالغی که اقتداری بیرونی، انسانیت را در آن نگه می‌دارد، انسانیت ناتوان از به‌کارگیری فهم خویش خارج از رابطه ارشادگر. پس روشنگری در قرائت فوکو بدل می‌شود به رویکردی عملی در مقاومت در برابر قدرت ارشاد حکومتی که در حوزه روابط میان سوژه و قدرت و حقیقت جا می‌گیرد-آن‌چه فوکو «کانون نقد» می‌خواند- با تلاش برای زیرسؤال بردن این روابط، بی‌اثر کردن‌شان یا برانداختن‌شان(فوکو، ۱۳۹۷: ۲۴-۲۳).

## منابع

[۱]. لوکاچ؛ گئورگ(۱۳۹۳)، تزهای بلوم(گزیدۀ مقالات سیاسی ۱۹۱۹-۱۹۲۹)، ترجمه امیدمهرگان، تهران: نشر ثالث.
[۲]. رانسیر؛ ژاک(۱۳۹۲)، ده تز در باب سیاست، ترجمه امید مهرگان، تهران: نشر رخداد نو.
[۳]. هابرماس؛ یورگن(۱۳۷۵)، نقد در حوزۀ عمومی، ترجمه حسین بشیریه، تهران: نشر نی.
[۴]. فوکو؛ میشل(۱۳۹۸)، به سوی نقدی بر عقل سیاسی، ترجمۀ محمدزمان زمانی، تهران: نشر شبخیز.
[۵]. فوکو؛ میشل(۱۳۹۶)، خاستگاه هرنوتیک خود، ترجمۀ نیکو سرخوش؛ افشین جهاندیده، تهران: نشر نی.
[۶]. فوکو؛ میشل(۱۳۹۷)، نقد چیست، ترجمۀ نیکو سرخوش؛ افشین جهاندیده، تهران: نشر نی.

## پی‌نوشت

[1]. Opportunism
[2]. Criticism
[۳]. از این پس در این نوشتار مفهوم اصلاح‌طلب را به دلیل اطناب و دوری از تکرار معادل اصلاح‌طلبان کوردستان می‌گیریم هرچند به میانجیِ جزء، کل جریان اصلاح‌طلبی را در کلیت آن به نقد خواهیم کشید.
[۴]. Parteiaufbauend اصطلاحی که فراکسیون بلاکون برای توصیف سیاست‌گذاریِ خود در تقابل با فراکسیون رقیب، موسوم به «امحاگران» در مجارستان به کار می‌بُرد. مراد ما در این‌جا از این مفهوم جنبش اصلاح‌طلبی در مقام تقابل با جنبش اصول‌گراست که دو حزب عمده سیاسی در ایران‌اند که حول جریان دوم خردادی‌ها شکل گرفت و خاتمی رئیس‌جمهور سابق ایران از شخصیت‌های اساسیِ این حزب به شمار می‌آید که بسیاری از اصلاح‌طلبان کورد او را پدر معنوی و فکری خود پنداشته و در لحظه حال نیز سینه خود را تام وتمام در راستای خط‌مشی‌های ایشان چاک می‌زنند.
[۵]. Potemkinsches Dorf؛ اصطلاحاً به چیزی می‌گویند که فقط ظاهر را حفظ و بزک کرده است و در پس آن چیزی جز خرابه نیست. ظاهراً اصل ماجرا به تزیین و نوسازیِ کاملاً ظاهری و سطحی دهکده هایی برمی گردد که سر راه دیدار کاترین دوم، تزارین روسیه در ۱۷۸۷ قرار داشتند(پروژه هایی که تحت عنوان توسعه کوردوستان از آن یاد می‌شود را می‌توان به مثابه یکی از مثال های خوب در این زمینه به نقد کشید).
[6]. Disposition
[7]. Puissance
[8]. Axiomata
[9]. Object-lesson
[10]. Deference
[11]. Critical approach
[12]. Epistemological-Transcendental
[13]. Disassujetissement
[14]. Counter- conduits

# تأملی در باب اصلاح‌طلبی در ڕۆژهەڵات

ڕامان هەورامی ــ دیاکۆ هەورامی



به دلیل تقابلهای گفتمانی در ساحه سیاسی ڕۆژهەڵات طرح پرسشهایی جدی در باب جریانات سیاسی موجود درآن امری محال می‌نماید از همین رو بیشتر مسائل به سرعت هرچه تمامتر در چهارچوبهای گفتمانی صورت‌بندی شده و به مسئله‌ای حل شده تبدیل می‌شوند. نگارنده بر این باور است که اصلاح‌طلبی در ڕۆژهەڵات باید در رویکردی گفتمان محور بررسی شود.

*ســوژه بــه معنــای دقیــق کلمه اساســاً موقعیتی اســت که در نســبت با دیگری اختیار می‌شود.*[۱]

*ســنت ســتمدیدگان به مــا می‌آموزد که وضعیــت اســتثنائی یا اضطــراری که در آن به ســر می‌بریم خود قاعده است. باید بــه تصویــری از تاریخ دســت یابیم که با این بصیرت خواناســت؛ آنگاه به‌روشــنی درخواهیم یافــت که وظیفه ما ایجاد یک وضعیت اضطراری واقعی اســت و این کار موضع ما را در مبارزه با فاشیســم تقویت خواهد کرد.*[۲]

## چکیده

هدف در متن پیش رو بررسی و تبیین جریان اصلاح‌طلبــی در رۆژهــه‌ڵات بــه مثابــه یک گفتمان است.

برای بررســی دقیق اصلاح‌طلبی ابتدا باید پیش‌فرضهایی را تعلیق کــرد که می خواهند تمــام ماهیت ایــن جریــان را در قالب دوگانه دوست/دشمن شاکله بندی کنند.

بــه دلیــل تقابلهــای گفتمانی در ســاحه سیاســی رۆژهه‌ڵات طرح پرسشهایی جدی در باب جریانات سیاسی موجود درآن امری محال می‌نماید از همین رو بیشــتر مسائل به سرعت هرچــه تمامتــر در چهارچوبهــای گفتمانــی صورت‌بندی شــده و به مســئله‌ای حل شــده تبدیل می‌شوند.

نگارنده بر این باور اســت که اصلاح‌طلبی در رۆژهه‌ڵات باید در رویکردی گفتمان محور بررســی شــود. در واقع باید در پی پاســخ به سؤالهایی ازاین‌دست بود:

- اصلاح‌طلبی چگونه نوعی نوین از امر سیاسی را صورت‌بندی و بر ابژه‌هایش تحمیل می‌کند؟ اصلاً این امر سیاســی در قالب چه گزاره‌هایی صورت‌بندی شده است؟
- اصلاح‌طلبــی در مقابــل چــه جریانــات و گفتمانهایــی به تعریــف و بازتعریف خود می پردازد؟
- چــه گزاره‌هایی در گفتمــان اصلاحات حق زیست و ورود دارند؟
- آیا اصلاح‌طلبی به مثابه یک گفتمان، حاوی یک افزوده‌منــدی گفتمانی بــوده یا خیر؟ نه تنها که حاوی افزوده‌مندی نیست بلکه تقلیل گرایانه نیز هست؟
- اصلاح‌طلبی در رۆژهه‌ڵات چه اســتراتژیهای سیاسی را تجویز می‌کند؟
- دایــره زبانی ـ معنایی که اصلاح‌طلبی امیال سیاســی‌اش را در آن صورت‌بنــدی می‌کنــد چگونه است؟
- اصلاح‌طلبی ســخنور کدام طبقه اجتماعی در رۆژهه‌ڵات است؟
- جایگاه سیاســی ـ حقوقــی اصلاح‌طلبی در عرصه سیاسی ایران چگونه است؟

بنا به پرسشــهای فوق رویکــرد گفتمانی به ما این فرصــت را می‌دهد تا درکی دقیق از نقش، جایــگاه، وضعیت و کارکرد اصلاح‌طلبی در رۆژهه‌ڵات داشته باشیم.

البتــه ایــن بــه معنــای حصــر نگــرش اصلاح‌طلبــی، صرفــاً در رویکــرد گفتمانــی نیســت بلکه نوعی ســازه‌مند کردن تحلیل در چهارچوبی روش مند است.

## وضعیت تاریخی، امکان ظهور گفتمانی

*دیوانی شــێعری کوردیــی دیلی چاوەڕوانی مەرگم ئەخوێندەوە تەنیا ســێ وشــەی تێدا بوو «انا الحق»ی لە داردراو «ئاسمانێکی» لەت لەت کراو «نیشتمانێکی» چوار پەل براو.*[۳]

در اینجــا هدف یافتــن خاســتگاه اولین نشــانه های اصلاح‌طلبی در رۆژهه‌ڵات نیست، بلکــه هدف تبییــن محدوده زمانی اســت که اصلاح‌طلبی امکان ظهــور گفتمانی یافت. این شــرایط و ارائــه تصویری دقیق از آن بســیار مهم اســت چون هر گفتمانی در یک وضعیت زمانمنــد و مکانمند اســت که امــکان حضور می‌یابــد. در واقع بــا تبیین چنین شــرایطی

(امکان حضور گفتمانی) درکی بهتر از جایگاه و کارکرد اصلاح‌طلبی خواهیم داشت.


هـر چنـد کـه برخـی غلبـه خوانـش رفورمیستی از مسئله کورد را به پسا جمهوری کردســتان (در مهاباد) ارجاع می‌دهند، (خالد توکلـی، هویت و تاریخ، نقش تاریخ در شـکل گیری هویت، پایگاه خبری شـارنیوز) اما این خوانـش نه تنها صحیح نیسـت بلکه تلاشـی بـرای باز تعریف مفاهیـم و گزاره‌های تاریخی اسـت کـه یکـی از اسـتراتژیهای معرفتـی اصلاح‌طلبی در رۆژهەلات اسـت. این گفتمان تنها در فضای چند دهه‌ی اخیر بود که امکان حضور یافت. سعی در بازتعریف رخدادهـای تاریخی بر اسـاس منافع و وضعیت اصلاح‌طلبی در رۆژهەلات یکی از تاکتیک های معرفتی این جریان بوده است.

جنبش کوردهای رۆژهەلات بـا دالیـت رهایی از سـتم ملی (خارج از فورماسـیون یا نحوه‌ی انضمامـی کـردن آن) بود که پا به عرصه سیاســی گذاشت. این مسئله هم در جمهوری کردستان و هم در زمان رخدادهای مابعد سـال ۵۷ به‌وضوح قابل شناخت اسـت. در واقع نمی‌توان قائل به این دالیت رهایی از سـتم ملی بود و هم زمان آن را ذیـل هویت ایرانی تعریـف کرد. چنین کاری امری تماماً پارادوکسیکال می‌نماید. میل سیاسی نهان در رهایی از ستم ملی، نمی‌تواند خود را ذیل میلـی کلی‌تر به نام هویت ایرانی تعریف کنـد. از همین رو بود کـه جریانات و احزاب حاضر در رخدادهای سـال ۵۷ و مابعد آن برای احقاق همین میل سیاسـی در عرصه سیاسـی رۆژهەلات حضور پیدا کردند. بعد از اینکه جریانات و احزاب حاضر در رۆژهەلات از سـوی حکومت جمهوری اسلامی ایران حذف و به حاشـیه رانده شدند و بسیاری از اشخاص و رهبران خـلاق این احزاب و جریانات ترور و کشته شـدند، رۆژهەلات کوردستان به اشغال سرزمین جمهوری اسلامی در آمد.

فضـای رۆژهەلات در این برهـه زمانی با سـرکوب، ارعاب و اعدام، زندانـی کردن افراد شـدیداً بسـته و بسـته‌تر شـد در این فضای بسـته جمهوری اسـلامی روز بـه‌روز جایگاه خـود را بیشـتر تثبیت می‌کـرد و مقتدرانه‌تر بـه حذف فیزیکی مخالفان خـود می‌پرداخت ایـن فضایی که به‌صورت کلـی و موجز به آن اشـاره شـد را می‌توان بین برهه سـال ۵۷ تا ۷۱ تقسیم‌بندی کرد. در واقع مسئله کورد در رۆژهەلات با مبارزه مسلحانه به بن بستی انضمامی به لحاظ توان و قدرت نظامی رسـید بر همین اسـاس از سـالهای ۷۱ بـه بعد سپهر سیاسی رۆژهەلات شاهد شکل‌گیری گزاره‌ها و مفاهیمی بـود کـه تثبیـت و حاکمیـت جمهوری اسلامی را به رسمیت می‌شناخت و به دنبال مشارکت در قـدرت سیاسـی بـود. ایـن جریان که بسـیار هم در اقلیت و شمارشـان اندک بود به دنبال تعریف و تبییـن جایگاهی برای خـود بر اسـاس وضعیت جامعه رۆژهەلات می گشت.

> اصلاح‌طلبان در رۆژهەلات، بعد از حادثه دوم خرداد متأثر از اصلاح‌طلبان حاضر در فضای سیاسی - اجتماعی ایران به صورت‌بندی و تثبیت گفتمانی خود پرداختند. اصلاح‌طلبان رۆژهەلات نیز همان خواسته‌ها، گزاره‌ها و استراتژیهای اصلاح طلبان ایرانی را مبنای جریان خود قراردادند

حادثـه مؤثـر در تقویت ایـن جریان در رۆژهـەلات مربوط بـه دوم خرداد سـال ۷۶ اسـت. بعد از حوادث دوم خرداد جریانی بنام اصلاح‌طلبـی در فضای سیاسـی ایـران اعلام موجودیـت کـرد؛ که سـعی در تغییـر رفتار حاکمیـت و دموکراتیزاسـیون ایران داشـت. اقلیتی نیز که در رۆژهەلات به دنبال مشارکت در قـدرت سیاسـی بود، متأثـر از این جریان شـروع به استفاده از اسـتراتژیها و مفاهیم آن کرد. توضیحات فوق نمایانگر این مسئله است که عوامل شکل‌گیری گفتمان اصلاح‌طلبی در




رۆژهەڵات نه تنها از درون جامعه رۆژهەڵات نبود بلکه بیرونی و تماما حکومتی بود. چون خود جریان اصلاح‌طلبی ماحصل شکافی درون حکومتی است نه شکافی اجتماعی. به‌صورت خلاصه می‌توان گفت گفتمان اصلاح‌طلبی (در رۆژهەڵات) در فضا و بستر تاریخی ای امکان موجودیت یافتند که اولا تمام مخالفان کورد جمهوری اسلامی از صحنه سیاسی به حاشیه رانده شدند (مخالفانی که دلیل وجودیشان برخلاف اصلاح طلبان نتیجه شکاف های جامعه رۆژهەڵات بود).

دوما گفتمان اصلاح‌طلبی نه جریانی برآمده از فضای اجتماعی رۆژهەڵات (هر چند حاوی مطالباتی از رۆژهەڵات می‌باشند اما مسئله ما در اینجا وضعیت شکل‌گیری گفتمان اصلاح‌طلبی است) بلکه امری بیرونی و شکافی درون حکومتی بود.

## صورت‌بندی و تثبیت گفتمانی

*«این اولین بار نیست کسی که بازور اسلحه مغلوب شده تلاش می‌کند تا به روش سیاسی به فاتح خود غلبه کند»*[۵]

اصلاح‌طلبان در رۆژهەڵات، بعد از حادثه دوم خرداد متأثر از اصلاح‌طلبان حاضر در فضای سیاسی - اجتماعی ایران به صورت‌بندی و تثبیت گفتمانی خود پرداختند. اصلاح‌طلبان رۆژهەڵات نیز همان خواسته‌ها، گزاره‌ها و استراتژیهای اصلاح طلبان ایرانی را مبنای جریان خود قراردادند، خواسته‌هایی چون دموکراتیزه کردن قدرت سیاسی و ساختارهای سیاسی (البته باید ذکر کرد که برداشت از این مسئله در میان طیف های مختلف اصلاح‌طلبان متفاوت بود اما جریان غالب بر این باور بودند که این جریان دموکراتیزه شدن باید در قالب قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران باشد نه خارج از آن) تعامل مثبت با جهان خارج، گسترش فضای باز اقتصادی، افزایش مشارکت مردمی در حکومت‌داری و خواسته‌هایی دیگر که می‌توان بیشتر آنها را ذیل همان خواسته‌ی اول یعنی دموکراتیزه کردن قدرت سیاسی و

ساختارهای اجتماعی تعریف کرد.

اصلاح‌طلبان کورد با مبنـا قرار دادن این خواســته‌ها و قرار گرفتــن در زمین گفتمانی حاکمیت فــوراً جایگاه و وضعیــت خود را در تقابل بــا وضعیــت و جایگاه احــزاب کوردی تعریف کردنــد (اینکه بعداً برخــی جناحهای داخــل احزاب از این نگرش حمایت و یا در آن مشارکت کردند مسئله متفاوتی است. چون در اینجا آنها خود را در دایره گفتمانی اصلاح‌طلبی وارد کرده‌انــد نــه اینکه اصلاح‌طلبــان تغییر رویکرد یا موقعیت داده باشــند) در واقع آنها با تعیین این جایگاه تقابل و استراتژی مشارکت در قــدرت سیاســی در همــان وضــع موجود ســاختار حاکمیتــی در ج.ا و همچنین با علم کردن برخی از خواسته‌های احزاب رۆژهه‌لات (البتــه بــا تحریف های خواســت خودشــان) همچون حــق آموزش به زبان مــادری، نوعی تمرکززدایی اداری از طریق پســتها و نهادهای اســتانی چون اســتانداری، فرمانداری، شورای شهر- روستا (این خواسته در مقابل خواسته‌ی خودمختــاری احــزاب بود کــه در چهارچوب قوانین ج.ا صورت‌بندی شــده اســت). ســعی بر هضــم و ذوب گفتمانی احــزاب رۆژهه‌لات داشــتند. این نقطــه در تاریــخ اصلاح‌طلبان کورد بســیار مهم است در واقع آنها با پشتوانه فضای موجود در ج.ا و بــا صورت‌بندی تقلیل گرایانــه و آغشــته بــه منافــع حاکمیتی ج.ا (کــه از ابتدا تثبیت خود را با کشــتار و ترور، اعــدام و ســرکوب خلق کــورد آغاز کــرد) از میل سیاســی کوردی، دقیقاً در اســتراتژی‌ای قرارگرفتــه بودند که ج.ا از همــان اوایل برای رۆژهه‌لات پی گرفته بود. این استراتژی همان حذف احزاب رۆژهه‌لات کوردســتان در عرصه سیاسی بود. به همین دلیل اصلاح‌طلبان کورد در وضعیتــی قرار گرفتند کــه دقیقاً منجر به حذف، تضعیف و هضم احــزاب رۆژهه‌لات در چهارچوب اســتراتژی حاکمیت شــد که این عمــل خودبه‌خود باعث تثبیت هرچه بیشــتر حاکمیت ج.ا می شد.

جایگاه گفتمانی اصلاح‌طلبان کورد حاکی از این است که دیگری گفتمانی آنها نه حاکمیت ج.ا بلکــه جریانهــا و احــزاب خــارج از قدرت سیاســی هســتند، که همین امر نوعی اخلاق وفادارانه و سبب بقایشان شد، گویا تاکتیک ج.ا علاوه بر رقیبــان منطقه‌ایی در رقیبان داخلی نیز نیابت گرایی اســت. به عبارتی ج.ا به نیابت اصلاح‌طلبــان به حــذف و تضعیــف مخالفان داخلــی پرداخت و اصلاح‌طلبان کورد به دلیل پایــگاه مردمی احــزاب (با تمــام تفاوت های درون گفتمانی) برای تحمیل گفتمان خود بر جامعــه رۆژهه‌لات ابتدا به تقویت و تثبیت ج.ا پرداختند چون همان‌طور که ذکر شد به دلیل توان محدود مادی نظامی احزاب در رۆژهه‌لات هرچقدر دولت مرکزی قدرتمندتر باشد امکان تضعیف آنها بیشتر است.

## تناقضهای درونی گفتمان اصلاح‌طلبی در رۆژهه‌لات

*«تحلیل کردن گفتمان عبارت اســت از نشان دادن بــازی‌ای که تناقضهــا در درون گفتمان می‌کنند، عبارت اســت از آشکار کردن این که گفتمان چگونه می‌تواند ایــن تناقضها را بیان کند، تجسم بخشــد یا یک نمود زودگذر را به آنها نسبت دهد.»*[۶]

هــر گفتمانی از درون تناقضات، شــکافها و کمبودهــای گفتمانی دیگر ســر بر می‌آورد. این به معنای تنها روش زایش گفتمان نیست بلکه مسئله ســاختار و سازه گفتمان است که همواره به دلیل حدهای گزاره ای، دیگری های گفتمانی، شــاکله های استراتژیک امکانها و نا امکانهایی می‌آفریند کــه امکانها و ناامکانهای گفتمانی و حد و حدودهای آنها نقطه شــروع تناقضات و کمبودهای گفتمانی است از همین رو شــدت کمیــت و کیفیت ایــن تناقضات و کمبودهای درون گفتمانی معیاری است برای سنجش آنها در رسمیت گفتمانی‌شان.

اصلاح‌طلبـــان کورد بعد از نزدیک به ســه دهه فعالیـت در رۆژهه‌ڵات با تحمیل خود بر فضای سیاسی رۆژهه‌ڵات، کشاندن مردم به‌پای صنــدوق های رأی، مشــروعیت ســازی برای ج.ا، نفی و طرد احــزاب رۆژهه‌ڵات، همچنین طرح خواسته‌ها و راهکارهای سیاسی مختلف بایـد به تناقضات و کمبودهای گفتمانی‌شـان پرداخته شـود. این مسئله باعث درکی صحیح از چرایـی های بسـیاری در باب اصلاح‌طلبان کـورد می‌شـود.این جریـان در ایـن برهه از فعالیـت خود همواره مدعـی درکی صحیح از فضـای رۆژهه‌ڵات، سـاختار سیاسـی ایران و تغییـرات جامعه رۆژهه‌ڵات بوده همچنیـن آنها به‌صـورت مداوم سـایر جریانـات خصوصاً احزاب رۆژهه‌ڵات را محکـوم کرده اند به مسائلی چون کلاسیک بودن، عـدم درک صحیـح از وضعیت سیاسی ایران، رۆژهه‌ڵات و...

آنها با ارائه راهکارهایی چون مشارکت تام و تمام در انتخابات، تقویـت جامعه مدنـی (جنبش مدنی)، مبارزه با خشونت، سعی بـر تحمیـل نوعی نویـن از امر سیاسـی بر جامعـه رۆژهه‌ڵات را داشـته‌اند کـه متفـاوت از کانتکسـت(context) تاریخی آن است. این جریـان بدون طرح پرسـش هـای جدی در باب سرشـت و چیستی امر سیاسی، ماهیت و کارکرد دولت در ساختارهای سیاسی متفاوت، مفهوم حاکمیـت و حکومتمندی، نقش قانون در مناسـبات و اعمال دولـت، حتی به‌صورت بسیار سـاده‌تر به طرح پرسشــهایی جدی در باب وضعیت قانون اساسـی ایران، حاکمیت و قدرت سیاسی در ایران نیز نپرداخته است.

ایـن در حالی اسـت که مـدام دم از تنها آلترناتیـو موجـود برای رۆژهــه‌ڵات می‌زنند، چطور ممکن است جریانی بدون داشتن حتی یک رسـاله جدی در باب خوانشـها، وضعیتها و راهکارها، برای جامعه (رۆژهه‌ڵات) آلترناتیو تعیین کند و دم از مطلق بودن آن بزند.

> آنها با ارائه راهکارهایی چون مشارکت تام و تمام در انتخابات، تقویت جامعه مدنی (جنبش مدنی)، مبارزه با خشونت، سعی بر تحمیل نوعی نوین از امر سیاسی بر جامعه رۆژهه‌ڵات را داشته‌اند که متفاوت از کانتکست(context) تاریخی آن است

آلن بدیـو[۷] در کتاب فرضیه کمونیســم، بازماندگان هر شکست سیاسی را به دو جبهه تقسـیم می‌کنـد: آنهایی که بعد از شکسـت می‌رونـد تـا در چهارچـوب گفتمانی دیگری فاتح به روشهایی سیاسی خواست های تقلیل داده‌شــده شـان را مطرح و بـرای احقاق آن مبارزه کنند. بدیـو در باب این گروه می‌گوید کـه آنها در بلندمـدت در چهارچوب گفتمان دیگری هضم و جذب می‌شـوند اما گروه دیگر ابتدا با پذیرش شکسـت، بدون تقلیل خواسته‌هایشـان سـعی در بازبینـی، بازپروری، تغییرات سـاختاری و کمبودها و اصلاح اشتباهاتشان دارند.

با ایـن پیش‌فـرض بدیویی می‌تـوان بـه تصویر بهتـری از جنبش رۆژهه‌ڵات دسـت‌یافت. بعد از شکسـت نظامـی احزاب رۆژهــه‌ڵات از ج.ا در آخــر دهه شـصت و تثبیـت حاکمیت ج.ا اصلاح‌طلبان کـورد دقیقاً نقش گروه اول را در جنبش کوردهای رۆژهه‌ڵات بـازی کردند و بعد از گذشــت نزدیک به ســه دهه دقیقــاً به همان سرنوشت نیز دچار شدند.

یکی دیگر از تناقضات گفتمان اصلاح‌طلبی کوردهـای رۆژهه‌ڵات تعییـن و صورت‌بندی روش و اسـتراتژی کنش سیاسی برای احقاق مطالباتشــان بود. آنها با طرح استراتژی مبارزه مدنی و نفـی هرگونه روش سیاسـی دیگری بـرای احقاق مطالباتشـان، دقیقـاً در میدان گفتمانـی بازی کردند که خواسـته حاکمیت بود. حاکمیتی که دقیقاً بازور اسـلحه، کشتار، تـرور، اعـدام و زندانی مخالفانـش به تثبیت حاکمیتــش پرداخته بود اکنــون در گفتمان

اصلاح‌طلبان باید صرفاً با روش مسالمت‌جویانه با آن برخورد کرد.

کارل اشمیت[۸] در مقاله معروفش بنام مفهوم امر سیاسی، به صراحت و دقت این تعارض را بیان می‌کند. اشمیت معتقد است که مفهوم امر سیاسی پیش‌فرض مفهوم دولت است در واقع تا درکی از مفهوم امر سیاسی نداشته باشیم درک صحیحی نیز از مفهوم دولت نخواهیم داشت.

اشمیت بنای امر سیاسی را بر دوگانه دوست /دشمن قرار می‌دهد. او دشمن را یک دیگری و بیگانه می‌پندارد که در وضع نهایی (وضعیت استثنایی) با دیگری (دوست) به تعارض می‌رسد. او در ادامه می‌گوید که این یک واقعیت انضمامی است که ملتها هنوز خود را بر اساس دوست/ دشمن گروه‌بندی می‌کنند همچنین در ادامه می‌گوید دولت به‌عنوان یک واحد سیاسی سازمان‌یافته در نهایت بر اساس تقابل های دوست /دشمن است که به اتخاذ تصمیم می‌پردازد.

امر سیاسی در عقلانیت مدرن را تنها در زمان وضعیت استثنایی ست که می‌توان درک کرد. وضعیتی که هم آوردها یا رقیبان در نهایت تقابل خود قرار می‌گیرند.

در وضعیت استثنایی تمام نیروهای حاضر در عرصه سیاسی سعی بر اعمال و غلبه گفتمانی خود بر سایر رقیبها را دارند اشمیت این نقطه را نهایی‌ترین وضعیت تقابل دوست/ دشمن می‌داند، تقابلی که نهایتاً بدنها را آماج خود قرار می‌دهد. در واقع هر نیرویی در این وضعیت توان غلبه خود را بر سایر نیروها داشته باشد به برتری گفتمانی می‌رسد. اگر بنا به هر دلیلی (اخلاقی، مذهبی و ...) نیروهای حاضر در چنین وضعیتی فاتح نبرد نباشند، نمی‌توانند به‌عنوان یک دیگری مغلوب اهداف و استراتژیهای سیاسی خود را محقق کنند چون در تقابل با فاتح عرصه وضعیت استثنایی همواره به‌عنوان دشمن تعریف می‌شوند و باید بهای آن را نیز بپردازند. اصلاح‌طلبان کورد بدون درکی صحیح از ماهیت امر سیاسی از همان ابتدا با طرح استراتژی مبارزه مدنی و طرد سایر روش های سیاسی برای احقاق مطالباتشان خود را به‌عنوان جریانی مطرح کردند که در بهترین حالت به‌عنوان خرده گفتمان امکان حیات یافتند.

مسئله اینجا طرد یا نفی مبارزه مدنی نیست بلکه وضعیتی است که در بطن امر سیاسی نهفته است و اصلاح‌طلبان کورد تا زمانی که سیاست هست، تا زمانی که تقابل دوست/دشمن هست باید این واقعیت نهفته در بطن امر سیاسی را به‌عنوان امری انضمامی و گریزناپذیر بپذیرند. البته باید اذعان داشت که روشهایی چون تجمعات مسالمت‌آمیز و اعتصابات عمومی و گسترده نیز حاوی کارکردهای خاص خودشان هستند و این امکان را نیز دارند که در بسیاری مواقع به عقب‌نشینی حاکمیت بیانجامند، اما مسئله در اینجا عدم احقاق کارکرد چنین روشهایی است کما اینکه در همین اعتراضات آبان ماه ۹۸ حاکمیت با همان اسلحه ای که به تثبیت خود پرداخته بود به سرکوب و کشتار معترضان پرداخت. این نقطه دقیقاً همان نقطه‌ای است که گفتمان اصلاح‌طلبی با تناقض و بن بستی درون گفتمانی مواجه می‌شود که نهایتاً به برتری دوباره دیگری ختم خواهد شد.

> **یکی دیگر از تناقضات گفتمان اصلاح‌طلبی کوردهای رۆژهەلات تعیین و صورت‌بندی روش و استراتژی کنش سیاسی برای احقاق مطالباتشان بود**

یکی دیگر از استراتژیهای اصلاح‌طلبان کورد عاملیت سیاسی در قالب نظام حقوقی

ج.ا اســت. آنهــا بر این باورند کــه برای پرهیز از خشــونت بایــد در قالب همین ســاختار به کنش سیاســی پرداخت همچنین اذعان دارند که همین قانون اساســی ایران ظرفیت محقق کردن بســیاری از خواسته‌های کوردها را دارد از جملــه: مســئله آمــوزش به زبــان مادری، نظام عــدم تمرکز اداری –سیاســی از طریق شوراهای شهرــروستا، استانداری، فرمانداریها و همچنین حضور نمایندگان کورد در مجلس ایران. آنها بارها اذعان داشــته‌اند احقاق همین مســائل کمک شــایانی به مســئله کــورد در رۆژهەڵات کوردســتان خواهد کــرد (بنگرید به[۹] و[۱۰]).

مســئله اینجا پاســخ به این پرسش است آیا همین خواسته‌هایی که اصلاح‌طلبان کورد مدعی احقــاق آن در قالب نظــام حقوقی ج.ا هستند قابلیت محقق شدن را دارند؟ یا خیر؟

قانون(law) در دولــت مدرن نقش مهمی ایفا کرده اســت اما نقش، کارکرد و جایگاه آن همواره در نظامهای مختلف سیاســی متفاوت بوده اســت. از ایــن رو نمی‌توان بــدون توجه به این مســئله صرفاً با اتکا بــه قانون به مثابه نص (اعم از قانون اساســی و قوانین عادی) به تحلیــل آن پرداخــت. این مســئله یعنی عدم توجــه به نقش و کارکرد حقــوق در نظامهای سیاســی مختلف تناقضی بنیادین در گفتمان اصلاح‌طلبان کورد اســت. آنها با نگرشی صرفاً نص گرا به قوانین ج.ا دچار این اشتباه شده‌اند که می‌توان به‌وســیله ی گــزاره های حقوقی لزوماً به نتیجه رسید.

قانــون (law) و حــق (Right) مفاهیمــی هستند که اساساً ریشه‌هایی طولانی در جوامع غربــی دارند. نمی‌تــوان بدون توجه به ســیر مراحل شــکل‌گیری و چگونگــی صورت‌بندی این مفاهیم در دولت مدرن به درک درستی از آن دریافــت. قانون به آن صورتی که اکنون در نظامهای سیاسی مردم‌سالار جاریست همواره نیازمند نهادها، سازمانها و سازوکارهایی است ازاین‌رو شــما نمی‌توانید در نظام سیاســی که فاقد این نهادها و سازوکارهاست شاهد مدعی حاکمیتِ قانون(rule of law) باشید.

اصلاً مفهــوم حاکمیت قانون در بســتری امــکان احقاق دارد که در آن قدرت سیاســی بیــن چنــد نهاد با کارکــرد تقنینــی، اجرایی و قضایــی تقسیم‌شــده و امــکان برتری کامل هیچ‌کــدام از این نهادها بر ســایرین نباشــد. مسئله اینجا روشن ســاختن ادعایی است که خــود اصلاح‌طلبان کورد مدعــی آنند و بدون درکــی درســت از ایــن مفاهیم و ریشــه‌های تاریخی-اجتماعی شــان صرفاً بــا ابزاری قرار دادن ایــن مفاهیم ســعی در تثبیت گفتمانی خود داشته‌اند.

قانون اساســی ایــران حــاوی تعارضهای جدی و بنیادین اســت که در قالب آن نه تنها ســازوکارهای امکان تحقق مسئله کورد وجود نــدارد بلکه به صورتی زیرکانه امکان عدم حل مســئله کورد را نیز فراهم ســاخته اســت که در ادامه بــه چرایی آن نیــز خواهم پرداخت. (پرداختن به این مســئله ازاین‌رو حائز اهمیت اســت که اصلاح‌طلبان به دنبال قانونی کردن مســئله کــورد در رۆژهەڵات بوده‌اند و همواره ادعــا کرده اند که امــکان تحقق بخش زیادی از خواسته‌های کورد در قالب قوانین ج.ا وجود دارد).

قانون اساســی هر کشوری برآیند گفتمان نیرویــی اســت که نقــش اصلــی را در عرصه سیاســی داشــته و دارای غلبه گفتمانی است، به‌نوعــی می‌توان گفت قانون اساســی فضایی اســت بــرای خواســته‌ها و آرمانهــای نیرو یا نیروهایــی کــه در مقابــل رقیبانشــان فاتــح تقابلهای عرصه سیاســی بوده‌انــد. آنها اهداف و خواسته‌هایشــان را در قالب قانون اساســی عینیت خواهند بخشــید تا مانیفست گفتمانی شان باشــد برای چگونگی احقاق امر سیاسی، اخلاقی، اجتماعی و حقوقی.

قانون اساســی ایــران نیز بایــد بر همین



اســاس نگریسته شود. انقلاب سال ۵۷ ایران و حوادث بعد از آن منجر به غلبه کامل گفتمان اسلام شیعه سنتی شــد. گفتمانی که ابتدا در ســال ۵۸ و سپس در سال ۶۸ مهمترین عامل در صورت‌بندی قانون اساسی ایران بود.

به صــورت کلی می‌توان گفــت اگر قانون اساســی را برآیند بینشــهای گفتمــان غالب (فاتح) در عرصه سیاســی بدانیــم، نمی‌توانیم ادعای احقاق خواســته‌های ملــت کورد را در قالب این قانون داشــته باشــیم. چون کوردها نــه تنهــا در صورت‌بندی قانون اساســی غلبه گفتمانی نداشــتند بلکه هیچ نقشی در تدوین آن نیــز ادا نکردند. علاوه بر عدم نقش کوردها در تدوین قانون اساســی ج.ا این قانون توسط گفتمانــی صورت‌بندی شــد که تمــام قد در تقابل خواســته‌های ملت کورد ایستاد و تماماً نیروهای حاضر در فضای سیاســی ڕۆژهه‌ڵات را دشمن و دیگری خود می‌پنداشت آنها دقیقاً با همین ترس و هراس بود که نظام سیاســی متمرکزی را طراحی و پردازش کردند.

این مســئله را می‌توان دوباره بدین شیوه در مقابــل اصلاح‌طلبان کــورد مطرح کرد که شــما چگونه مدعی حل مسئله کورد در قالب قوانین ج.ا هستید؟ در حالی که کوردها نه تنها نقشی در تدوین آن (به‌عنوان قانونی که مبنای نظام سیاسی دولت-کشوری است) نداشته‌اند، بلکه این قانون به دلیل بستر تاریخی آن تماماً در مقابــل خواســته‌ها و مطالبــات ملت کورد صورت‌بندی شده است.

## اصلاح طلبی به مثابه جایگاهی طبقاتی

*اســاس سوسیالیســم در واقع از میــان بردن استثمار انسان بر انسان است.* [11]

نظام جهانی ســرمایه داری به عنوان نظام

حاکم بر امر سیاسی و عامل اصلی در شکل بندی مفهوم حاکمیت در قالب دولت-کشورها وضعیتی را پیش کشیده است که در آن سرمایه ، بازار و عوامل اقتصادی نقشی تعیین کننده در ساختارهای اجتماعی ایفا می کنند؛ به گونه ای که هرگونه تحلیل در باب نیروهای سیاسی- اجتماعی بدون توجه به عاملیت این نظام ناقص و ناکارامد خواهد بود. این نظام (سرمایه داری) به دلیل سرشت و ماهیتی که داراست موجب تقسیماتی در جامعه میشود که از آن به طبقه یاد شده است. صحبت در باب مفهوم طبقه و انواع آن نیازمند بحث مفصلی است که طبعا در این مقال نمیگنجد، ناگزیر ما به صورت کلی برداشت و مراد خود از طبقه و ارتباط آن با اصلاح طلبان را در قالب نکاتی بیان خواهیم نمود.

بحث طبقه و انواع آن به صورت تاریخی مدیون نظریه پردازان مارکسیستی با تمام نحله های آن است. مارکسیستها به صورت کلی جوامع موجود در نظام سرمایه داری را به سه طبقه بورژوازی، خرده بورژوازی و پرولتاریا تقسیم میکنند. هرچند برخی قائل به خرده طبقاتی در میان این طبقات نیز بوده اند(از جمله خود مارکس) برخی دیگر نیز صرفا قائل به دو طبقه بورژوازی و پرولتاریا بوده اند و وجود سایر طبقات را فرعی و موقتی پنداشته اند. اما ما این تقسیم بندی را مبنای کار خود قرار داده ایم. این مبنا ناشی از وضعیتی است که بر سرمایه داری مدرن (پیشرفته) حاکم است.تاریخ سرمایه داری حاکی از این است خرده بورژوازی نقشی حیاتی در آن ایفا کرده است. مسئله ما در اینجا دقیقا رابطه طبقه اجتماعی با نوع خاصی از گفتمان سیاسی است. به عبارتی دیگر میتوان گفت مسئله ما این است که چگونه یک طبقه اجتماعی در منازعات طبقاتی، میل سیاسی خود را در قالب گفتمانی خاص صورتبندی می کند، که این گفتمان را بشود به نوعی نتیجه وضعیتی دانست که آن طبقه در فضای جامعه اشغال کرده است. نظام سرمایه داری جهانی خالق شرایطی بوده که خارج از نوع رژیم سیاسی (لیبرال دموکراسی، سوسیال دموکراسی، توتالیتر، اقتدارگرا)، سرمایه نقشی تعیین کننده در نوع گفتمانها ایفا می کند.

جامعه ایران ارتباط جدی خود با نظام سرمایه داری جهانی را از دوران پهلوی اول آغاز کرده و تاکنون ادامه میدهد. این ارتباط عامل تغییرات وسیعی در جامعه ایران بوده و روز به روز اشتراکات آن با جوامع سرمایه داری را بیشتر کرده است.

> قانون اساسی هر کشوری برآیند گفتمان نیرویی است که نقش اصلی را در عرصه سیاسی داشته و دارای غلبه گفتمانی است، به‌نوعی می‌توان گفت قانون اساسی فضایی است برای خواسته‌ها و آرمانهای نیرو یا نیروهایی که در مقابل رقیبانشان فاتح تقابلهای عرصه سیاسی بوده‌اند

این الحاق به نظام سرمایه داری جهانی به طبع باعث حذف بسیاری از گروههای سنتی (ازجمله عشایر و قبایل) و تولد طبقات جدیدی شده است (از جمله طبقه متوسط). طبقه متوسط را خارج از تغییراتی که طی کرده میتوان به صورت کلی به طبقه متوسط سنتی و جدید تقسیم بندی کرد که از اوایل این الحاق تا کنون به دلیل هضم بیشتر جامعه ایران در سرمایه‌داری جهانی روز به روز فربه تر شده است. از این رو این طبقه(طبقه متوسط) نقشی موثر و تعیین کننده در جامعه ایران داشته است. (از جمله میتوان به نقش طبقه متوسط سنتی در حوادث ۲۸ مرداد ۳۲ وانقلاب ۵۷ ونقش طبقه متوسط جدید در حوادث ۲۲ خرداد ۷۶ و حوادث سال ۸۸ اشاره کرد) طبقه متوسط در ایران بعد از انقلاب ۵۷ به دلیل هضم بیشتر ایران در ساختار های نظام سرمایه داری جهانی به

لحاظ گفتمان سیاسی روز به روز به آنچه که در جوامع مدرن سرمایه داری، خرده بورژوازی خوانده میشد، نزدیک تر شد تا اینکه نهایتا در انتخابات سال ۷۶ خود را عینیت بخشید و راه خود را از گفتمان ایدئولوژیک سنتی شیعه حاکم بر ایران جدا کرد. این طبقه مشخصا در این انتخابات خواهان رفرم سیاسی-اجتماعی، ایجاد فضای باز اجتماعی، افزایش آزادی های فردی_اجتماعی و خصوصی سازی اقتصاد بود. تمام این گزاره ها ناشی از میلی اقتصادی است که بنا به جایگاه طبقه متوسط در جوامع سرمایه داری خود را در گفتمانهای رفورمیستی نمایش میدهد.

طبقه جدید متوسط در ایران که میل اقتصادی خود را در پشت گزاره هایی چون دموکراسی خواهی، ایجاد فضای باز اجتماعی و خصوصی سازی پنهان کرده بود، به دلیل جایگاهی که در نظام اقتصادی ایران داشت، ناگزیر از طرح گفتمان اصلاحات بود.

بعد از انقلاب ۵۷ و سلطه کامل دولت بر اقتصاد ایران و دولتی شدن اقتصاد، طبقه سرمایه دار جدیدی در ایران متولد شد که بقا و موجودیتش در همین اقتصاد دولتی بود.

این طبقه به دلیل اقتصاد دولتی، استفاده از ارز دولتی، معافیت های مالیاتی، نفوذ ورانت در شبکه های قدرت و تسلط بر پستهای کلیدی اقتصادی، شرایطی برایش فراهم شد که افزایش سرمایه اش در گرو اقتصاد دولتی بود. از این رو خصوصی سازی به نحوی که مد نظر اصلاح طلبان بود تمام این مناسبات را بر هم میزد و این طبقه طبیعتا جایگاه اقتصادی اش ضعیف تر میشد. (البته باید اشاره کرد که سیاست خصوصی سازی از دولت رفسنجانی آغاز و تاکنون نیز پیگیری می شود اما این خصوصی سازی به نحوی بود که مناقصات ومزایده ها برای اموال و کارخانه های دولتی دوباره به همین طبقه سرمایه داری واگذار می شد).

> **طبقه جدید متوسط در ایران که میل اقتصادی خود را در پشت گزاره هایی چون دموکراسی خواهی، ایجاد فضای باز اجتماعی و خصوصی سازی پنهان کرده بود، به دلیل جایگاهی که در نظام اقتصادی ایران داشت، ناگزیر از طرح گفتمان اصلاحات بود**

بنا به توضیحات فوق طبقه متوسط جدید در ایران به دلیل جایگاه طبقاتی اش برای اینکه به طبقه پایین جامعه نپیوندد و همچنین به دنبال تقویت جایگاه اقتصادی‌اش باشد گفتمان سیاسی‌اش را در قالب اصلاح طلبی صورتبندی کرد. این گفتمان(اصلاح طلبی) حاوی بهترین سازوکار برای احقاق خواسته های اقتصادی‌اش بود.

آنها به خوبی میدانستند که خصوصی سازی اقتصاد به نحوی که موجب تقویت طبقه متوسط شود بدون فضای باز سیاسی-اجتماعی و مولفه هایی از این دست غیر قابل احقاق است.

جامعه رۆژهەڵات نیز به دلیل رشد و افزایش شهر نشینی و همچنین افزایش قشر حقوق بگیر دولتی خارج از این تحولات شکل گیری طبقه متوسط جدید در ایران نبود اما باید اذعان داشت که طبقه متوسط در رۆژهەڵات بر خلاف طبقه متوسط در ایران تماما به همان شیوه ی طبقه متوسط ایرانی به صورتبندی میل سیاسی خود نپرداخت. این طبقه(طبقه متوسط) در رۆژهەڵات را می توان به صورت کلی به دو دسته تقسیم کرد: دسته ای که به دلیل نفوذ جریانات و احزاب رۆژهەڵات به همان میل سیاسی با دالیت رهایی از ستم ملی وفادار ماند و دسته ای که در قالب اصلاح طلبی موجود در رۆژهەڵات به صورتبندی میل سیاسی خود پرداخت. هدف نگارنده از بحث فوق روشن کردن این مسئله

بود کــه در پشــت گفتمان سیاســی اصلاح طلبان کورد موضعی طبقاتی نهفته اســت که عامل اصلی در تعیین اســتراتژیهای سیاسی شــان بوده است. یکی از این اســتراتژیها که مــدام بــر آن تاکید کرده اند و (دقیقا ناشــی از همان موضع طبقاتی شــان است) خشونت زدایــی از جنبش کوردهــای رۆژهەڵات بوده است.

اصــلاح طلبان کــورد همواره بــا محکوم کردن جریانات و احزاب رۆژهەڵات به خشونت گرایی، گفتمان خود را بــه عنوان تنها راهکار ممکن بر جامعــه رۆژهەڵات تحمیل کرده اند. این در حالی اســت که آنها در مقابل کشــتار کولبران، اعدام زندانیان(اعم از سیاســی و غیر سیاســی) و خشــونت های ناشــی از تبعیض طبقاتی، تبعیض مذهبی، تبعیض جنســیتی، سرکوب، عدم توسعه یافتگی و... که همگی در چارچوب سیاســی- حقوقی جمهوری اسلامی اتفاق می افتد، پاســخی ندارنــد. که این عدم پاســخ دقیقا ناشــی از جایگاه طبقاتیشان در ســاختار اقتصادی جمهوری اســلامی اســت. طبقه متوســط در جامعه ایران به دلیل اینکه ســرمایه اندکش را از دست ندهد و بهره وری آن با تعلیق مواجه نشود همواره هر گونه کنش انقلابــی را طــرد کرده اســت و در برابر کنش انقلابی کنار حاکمیت ایســتاده اســت. اصلاح طلبان کورد نیز خــارج از این قاعده نبوده‌اند. آن ها نیز پشــت خشونت زدایی از امر سیاسی و نفی هرگونه حرکت انقلابی دارای جایگاهی طبقاتی هستند.

## منابع

[۱]. فینک بروس، سوژه لاکانی، ترجمه محمد علی جعفری، (تهران، ققنوس، ۱۳۹۷)، ۱۵.

[۲]. والتــر بنیامین، درباره زبان و تاریخ، گزینش و ترجمه مراد فرهاد پور و امیر مهرگان، ( تهران، هرمس۱۳۹۵)،۱۶۰-۱۶۱.

[۳]. جــلال ملکشــا، کــۆی بەرهەمــە شــیعرییەکانی، ( تهــران، پاییز،۱۳۹۱)،۲۱۳.

[۴]. خالــد توکلی، هویت و تاریخ: نقش تاریخ در شــکل‌گیری هویت ملی، (www.sharnews.com/6314)

[۵]. ژان لــوک گدار، دیالوگــی از فیلم good bye to language، (۲۰۱۴).

[۶]. میشــیل فوکو، دیرینه شناســی دانش، نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، (تهران، نی ،۱۳۹۲)،۲۲۰.

[۷]. آلن بدیو، فرضیه کمونیسم، فرهاد مرادپور و صالح نجفی (تهران، مرکز،۱۳۹۶).

[۸]. کارل اشمیت، مفهوم امر سیاسی، یاشار جیرانی و رسول نمازی، (تهران، ققنوس، ۱۳۹۳).

[۹]. اردشــیر پشنگ، اسکندر مرادی، صلاح الدین خدیو، محمد علی دســتمالی، میزگرد تخصصی:نقش کردها در تحولات آینده، قســمت دوم: بررسی مسائل کردی در ایران و عراق، ( www.tfpsq.net/fa/post.php?id=109)

[۱۰]. فرهاد امین پور، از انکار تا انباشــتِ قدرت؛ خوانشی از وضعیت روشــنفکریِ کُردســتان و تناقضهــای بنیادیــن آن، (https://bit.ly/2FouZmK)

[۱۱]. عبدالرحمــان قاســملوو، کورتــە بــاس، ســەلاح شەشــە، (سوئید،ئەرزان،۲۰۰۳)

[۱۲]. میشــیل فوکو، تولد زیست سیاســت، ترجمه رضا نجفی زاده، (تهران، نی،۱۳۸۹).

[۱۳]. الکس ماری، جورجو آگامن، ترجمه فرهاد اکبر زاده ، ( تهران، دیبایه،۱۳۹۴).

[۱۴]. محمد حسین بحرانی،طبقه متوسط: تحولات سیاسی در ایران معاصر(۱۳۲۰-۱۳۸۰) : پژوهشــی در گفتمان های سیاسی قشر های میانی ایران ، ( تهران، آگاه،۱۳۸۷).

[۱۵]. حسین بشیریه، اندیشه های مارکسیستی، (تهران، نی،۱۳۷۶).

[۱۶]. حســین ادیبــی، جامعه شناســی طبقات اجتماعــی، (تهران، دانشکده علوم اجتماعی و تعاون،۱۳۵۴).

[۱۷]. حســین ادیبــی، طبقه متوســط جدیــد در ایــران، ( تهران، جامعه،۱۳۵۸).

[۱۸]. یروانــد آبراهامیان، ایــران بین دو انقلاب، احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی،( تهران،نی ،۱۳۷۹).

[۱۹]. مارشــال برمن، تجربه مدرنیته، مــراد فرهاد پور، (تهران، طرح نقد،۱۳۸۹).

[۲۰]. برایــان بیکس، فرهنگ نظریه حقوقی، محمد راســخ، (تهران، نی،۱۳۸۷).

[۲۱]. محمد راسخ، حق و مصلحت: مقالاتی در فلسفه حقوق، فلسفه حق و فلسفه ارزش، جلد اول، ( تهران، طرح نو،۱۳۸۷).

[۲۲]. محمد راسخ، همان،جلد دوم، همان.

[۲۳]. جورج آگامبن و دیگران، گزیده مقالات: قانون و خشونت، مراد فرهاد پور، امید مهرگان، صالح نجفی،( تهران، رخدادنو،۱۳۸۸).

[۲۴]. دیوید مــک داول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونســی، (تهران، پانید،۱۳۸۲).

[۲۵]. جهانگیر منصور، قانون اساسی ج.ا.ایران، (تهران، دوران،۱۳۹۴).

[۲۶]. خالــد توکلی و فرهاد امین پور، آغاز عصر اســطوره های مدنی در کردستان (www.vakawi.ir آغاز-عصر-اسطوره‌های-مدنی-در-کُردستان-۲/)

[۲۷]. فرهــاد امیــن پور، در نقد یک نشســت،(در نقد یک نشســت/ www.sharnews.com/17385)

# فەلسەفەی «خاک[1]ـ ڕزگاری»ی کوردستان

**شوعەیب دانش پەژوو**



پۆلێنبەندیی ئەندێشەی مرۆڤ و ڕزگاری بەنیسبەت پێگەی ڕاوەستاویی خودی مرۆڤ لە سۆنگەی سووژە یان ئۆبژەبوونیەوە، بابەتێکە کە بەبێ نێوانگریی فەلسەفە ئیمکانی ڕوونکردنەوەی نییە، بەتایبەت ئەو بەشەی لە فەلسەفە کە سەرقاڵی وەڵامدانەوەی چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان مرۆڤ/سووژە لەگەڵ هێز/دەسەڵات بووە. بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت گۆشەنیگایەکی نوێ لە فەلسەفەی ڕزگاری شی بکرێتەوە و بنەمایەکی مەعریفی بۆ ئایدیای «ڕزگاریی کوردستان» تیۆریزە بکرێت.

*ئەم شەڕە، شەڕی نێوان چەند بنەماڵە لەدژی چەند بنەماڵەی دیکە نییە، بەڵکوو ململانێی نێوان نەتەوەکانە.*

## ئاماژە


ئامانجی ئەم وتاره لادان له سەردێڕی باوی پرسی کورد وەکوو پرسیاری سەرەکیی سووژەی کوردی سەدەی هاوچەرخە و، لە بەرانبەردا بە هەڵدانەوەی چەمک و ڕوانگەکانی فەلسەفەی سیاسیی نوێ، دەیەوێت بە تیۆریزەکردنی بنەماکانی پرسی کوردستان، تیۆریی فەلسەفەی خاک-ڕزگاریی کوردستان، بێتە نێو ئەندێشەی سیاسیی کوردییەوە. پێویستە ئاماژە بدرێت کە ئەم تیۆرییە لە چوار بەش پێکهاتووە کە لە چوار ژمارەی گۆڤاری تیشکدا بڵاو دەکرێتەوە.

## بەشی یەکەم

پۆلێنبەندیی ئەندێشەی مرۆڤ و ڕزگاری بەنیسبەت پێگەی ڕاوەستاویی خودی مرۆڤ لە سۆنگەی سووژە یان ئۆبژەبوونیەوە، بابەتێکە کە بەبێ نێوانگریی فەلسەفە ئیمکانی ڕوونکردنەوەی نییە، بەتایبەت ئەو بەشە لە فەلسەفە کە سەرقاڵی وەڵامدانەوەی چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان مرۆڤ/سووژە لەگەڵ هێز/دەسەڵات بووە. بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت گۆشەنیگایەکی نوێ لە فەلسەفەی ڕزگاری شی بکرێتەوە و بنەمایەکی مەعریفی بۆ ئایدیای «ڕزگاریی کوردستان» تیۆریزە بکرێت. لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێگەی[٢] مرۆڤی کوردستانیی مێژووی ڕابردوو، پرسیار لە دۆخی ژیواری ئێستای تاکی کوردستانی، و هەروەها دارشتنی داهاتووی ئەو تاکە لە بەستێنی پێکدادانی هێزەکانی دەوروبەری خۆیدا، ئاوێتەیەکە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەمکگەلی پێکهێنەری بونیادی مەعریفیی هەمان مرۆڤ/تاک. ئەم ئاوێتەیە، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە تاک پرسیاری ساکار بەڵام بنەڕەتی لە خۆی دەکات: من کێم؟ و لێرە چ دەکەم؟ کاتێک سوکرات دەیوت فەلسەفە بە سەرسوورمانەوە دەستپێدەکات، لە ڕاستیدا مەبەستی ئاماژەکردن بە ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئەندێشەی خۆی بوو کە تێیدا پرسیاری لە بوون و شوناسی خۆی دەکرد. لێرەوەیە کە مرۆڤ دەبێتە ئۆبژەی خۆی و بە کەڵکوەرگرتن لە چەمک و دەستەواژەکان هەوڵ دەدات شوناسێکی «نێوپڕ»[٣] بۆ خۆی دەستەبەر بکات. پارادایمی زاڵی فەلسەفی لە ئەفلاتوونەوە تا پێش کانت، پارادایمی کاتمەند بووە، بەو شێوەیەی کە جیهانێک هەیە و مرۆڤ لەنێو ئەم جیهانەدا سەرقاڵی ناسینی دەورووپشتی خۆیەتی. واتە جیهان ئۆبژەی مرۆڤە. لە وەها بەستێنێکدایە کە کۆی ئەندێشەی فەیلەسووفەکان هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی بنەمایەکی پیرۆز [پێویست] بۆ مرۆڤ کە تێیدا جیاوازیی شوێن/جوگرافیا گرینگ نەبێت و ئایدیایەکی گشتی بۆ بەختەوەریی مرۆڤ دەستنیشان بکرێت. ئەم بەختەوەرییە لە لای هەر بیرمەندێک مانایەکی جیاوازی بووە و لە قاڵبی چەمکگەلێکی تایبەت بەڵام گشتیدا دیاری کراوە. بەڵام کانت کۆی ئەم ڕەوتەی پێچەوانە کردەوە و بەبێ ئەوەی یەکەمایەتی بە جیهان و دەورووپشتی مرۆڤ بدات، هەوڵی دا سنوورەکان دەستنیشان بکات، پێشمەرجەکانی ناسیاریی مرۆڤ، سنووری عەقڵی مرۆڤ، سنووری ئەزموونی مرۆڤ و ... بەمجۆرەیە کە پارادایمی کاتمەند، جێگای خۆی بە شوێنمەندبوون دەدات. واتە ڕاوەستەکردن لەسەر پێگەی هەنووکەییی منی هزرێنەر، بۆ بەدەستەوەدانی ناسیارییەکی کۆنکرێت سەبارەت بە شوناس و بوونی خۆم.

کۆڵینەوە لە شوناس و پێگەی کورد دەکرێت لە سێ قۆناخی مێژووی کۆنینە و ئوستوورە، قۆناخی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی و، قۆناخی ئێستا بەرەو داهاتوودا پۆلێنبەندی بکەین. قۆناخی یەکەم


پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە دەرفەتی ئەم وتارەدا ناگونجێت بۆیە قۆناخی دووەم و سێیەم تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئەندێشەی ڕزگارییەوە هەیە لێکدەدرێتەوە. خاک لە زمانی ئوستوورەکاندا وەکوو دایکی یاسا ئاماژەی پێ دەکرێت. خاکێک کە مرۆڤ کار(کشتوکاڵ)ی لەسەر دەکات، لەسێ لایەنەوە لەگەڵ یاسا گرێ دەدرێتەوە و پێوەندییەکی دیالێکتیکیان هەیە. خاک، بەوێنەی ماف/حەقدەستی کار، یاسا لە خۆی دەگرێت. مرۆڤ چوارچێوەی خاکی کارلەسەر کراو بەچەشنی سنووری قایم بۆ خۆی دەستنیشان دەکات. ئەم سنوورە وەکوو هێمای گشتیی تەکووزی لەگەڵ خۆی ڕادەگرێت. بەزمانێکی دیکە، یاسا بەستراوەتەوە بە خاک و پاشخان یان دەرکەوتەی خاکە. کەوایە بەبێ بوونی خاک، نە یاس، نە تەکووزی مانایەکی نییە. کارڵ شمیت[۴] لە پێناسەکردنی تیۆریی حکوومەت/دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا، داگیرکردنی خاک بە یەکەمین پێشمەرج و پێویستیی دەسەڵاتدارێتی دەزانێت. دەسەڵاتێک کە لەسەر نۆمۆس[۵] دادەمەزرێت. نۆمۆس لێرەدا ئاماژەیە بە دۆخی ئاسایی/سرووشتی کە تێیدا هیچ پێکهاتەیەکی حکوومەتی بوونی نییە. نۆمۆس بوونێکی بێ نێوانجییە کە تێیدا تەکووزیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک لە ڕووی شوێنەوە ئاشکرا دەبێت، یەکەمین تەکووزی، دابەشکردنی لەوەرە واتە داگیرکردنی خاک. شمیت یەکەم بیرمەندێک بوو کە توانی یەکەمایەتیی خاک بەسەر سووژە و حکوومەت و یاسا و شوناس و ... نیشان بدات. گرینگیی ئەم ڕوانگەیە لەوەدایە کە بەبێ ئەوەی گیرۆدەی بازنەی ناوەڕۆکی چەمکەکان ببین، فۆرم و پێکهاتەی پێوەندیی گشتیی نێوان سووژە و دەسەڵات ڕوون دەبێتەوە و، پاشان چەمکەکان هەوڵ دەدەن ناوەڕۆکێک بۆ ئەم فۆرمە دەستنیشان بکەن. لە بڕگەی یەکەمدا ئێمە لەگەڵ نۆمۆس ڕووبەڕووین کە هێشتا خاوەنی هیچ چەشنە دەسەڵاتدارێتییەک نییە و مرۆڤەکان بەپێی هەڵکەوت و غەریزە دەژین. لەم بڕگەیەدا، خاک هێشتا مانای نییە، چونکوو سنوورێک دیاری نەکراوە. لێرەدایە کە شمیت بە پێناسەکردنی دەسەڵاتدار[۶]، پێگەی خاک و حکوومەت دیاری دەکات. بەپێی پێناسەی ناوبراو، دەسەڵاتدار کەسێکە کە سەبارەت بە دۆخی تایبەت[۷] بڕیار دەدات. لێرەدا دۆخی تایبەت هەمان ئاماژەیە بە نۆمۆس. لە بڕگەی دووەمدا، دەسەڵاتدار کە خۆی لە دەرەوەی یاسایە(بەو هۆیەی کە هێشتا یاسایەک بوونی نییە)، بەپێی هێزی خۆی، سنوورێک دەکێشێت و خاکێک داگیر دەکات و ئەو سنوور/خاکە دەبێتە چوارچێوەی حکوومەت و، دەسەڵاتدارێتیی خۆی ڕادەگەیەنێت. حکوومەت بە واتای بەرێکخراوکردنی کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان لە هەمبەر ئەوانی دیکەیە. لە بڕگەی سێیەمدا، یاسا و سوپای نەتەوەیی بۆ ئەم دەسەڵاتدارێتییە دیاری دەکات.



ئەم ڕوانگەیە، بەگشتی بنەمای لیبراڵیی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوا دەگۆڕێت؛ ئەندێشەیەک کە لە ماکیاڤێلییەوە تا ڕۆسۆ و هابز لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ و ١٨دا زاڵ بوو. بەپێی ئەم ڕەوتە زاڵە، مرۆڤەکان لە دۆخی سرووشتیدا بۆ بەدەستهێنانی قازانجی خۆیان، مافی مرۆڤەکانی دەوروپشتی خۆیان پێشێل دەکەن و، پاشان بۆ دەربازبوون لەم بازنەیە پێکەوە بڕیار دەدەن کەسێک وەکوو دەسەڵاتدار دەستنیشان بکەن و، دەسەڵاتدار یاسا بۆ ئەوان دیاری بکات. چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە لەو سێ سەدەیە لە فەلسەفەی سیاسیدا بەکار هاتووە، لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت.

ماکس هۆرکهایمێر[٨]، لە کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەی مێژووی بورژوازیدا، سەبارەت بە تیۆریی هابز دەڵێت: «لە کاتێکەوە کە دەسەڵات لەلایەن هەمووانەوە دەسپێردرێتە دەستی دەسەڵاتدار، ئیتر هیچ کەسێک ناتوانێت ئەم نوێنەرایەتییە تێک بدات و ئەو کەسانەیش کە دواتر پەیوەستی ئەم گرێبەستە دەبن، هیچ کاریگەرییەکیان سەبارەت بەو دەسەڵاتە نابێت. هابز ئەم دەوڵەتەی کە لە گرێبەستی کۆمەڵاتییەوە دروست بووە لەگەڵ هاوکێشەگەلی ماتماتیک هەڵدەسەنگێنێت کە ئەوانیش لە گرێبەستەوە دروست کراون. مرۆڤەکان یەک جار دەتوانن بە ئازادییەوە بڕیار بدەن، بەڵام پاش ئەوەی کە گرێبەستیان کرد ئیتر ناتوانن هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێنن».[٩]

ئەم ڕەوتە فەلسەفییە، ئازادبوونی مرۆڤەکانی وەکوو پێشگریمانەی خۆی قەبووڵ کردووە، واتە مرۆڤەکان لە دۆخی سرووشتیدا بەپێی بڕیاری ئازادانەی خۆیان دەسەڵاتدار وەکوو نوێنەری هەمووان دەستنیشان دەکەن و پاشان دەسەڵاتدار لەڕێگای ڕاوێژی هەمووانەوە یاسا و مافی توێژەکان دیاری دەکات.



هانا ئارێنت[١٠] ئەم بۆچوونە ڕەد دەکاتەوە و دەڵێت: «بێگومان ئازادی، تایبەتمەندیی هەر چەشنە پێوەندییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی نییە. لە جێگایەکدا کە مرۆڤەکان پێکەوە دەژین بەڵام ڕێکخراوی سیاسییان دروست نەکردووە، ئەوە ئازادی نییە کە کردەوە و ئەکتەکان ڕێک دەخات، بەڵکوو پێویستیی ژیان و پارێزگاری لە بەردەوامبوونی ژیانە کە ئاراستەکان دیاری دەکات. لەوەیش زیاتر، هەرجێگایەک لە جیهانی دروستکراوی مرۆڤ کە گۆڕەپانی کردەوە و گوتاری مرۆڤ نەبووە (بۆ نموونە، کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی حکومەتی خوداکان)، ئازادی هیچ واقیعییەتێکی هەستپێکراو نییە. بەبێ بوونی دەسەڵاتی هاوبەشی سیاسیی بڕواپێکراو، ئازادی دەرفەتی دەرکەوتنی نییە».[١١]

دەوڵەت/دەسەڵات لە ڕوانگەی هێگڵەوە[١٢] سەنتێزی نێوان بنەماڵە و کۆمەڵگای مەدەنییە. «بنەماڵە نوێنگەی گۆڕەپانی گشتییەت لە مانای یەکدەستییە، کۆمەڵگای مەدەنی نوێنگەی گۆڕەپانی پاژێتییە. دەوڵەت نوێنەری یەکبوونی گشتییەت و پاژێتییە. لە دەوڵەتدا بە جێگای یەکبوونی یەکدەست، یەکبوون لە نایەکدەستی دەبینین و بە جێگای پاژێتیی پەتی، یەکبوونی خواستی گشتی و پاژی دەبینین».[١٣] بە زمانێکی دیکە، دەوڵەت بوونێکی ئینتیزاعی نییە کە لە بەرانبەر ئەندامەکانییەوە ڕاوەستابێت، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەوانەوە و بە دەستی ئەوان دروست بووە. هەروەها ئەندامەکانی دەوڵەت بە بەشداری کردنیان لە ژیانی دەوڵەتدا لە پاژێتیی خۆیان دەرباز دەبن و دەگەنە گۆڕەپانی گشتیی دەوڵەت. هێگل پێی وایە لێرەدا یەکەمایەتی

> **پرسیار لە دۆخی ژیواری ئێستای تاکی کوردستانی، و هەروەها دارشتنی داهاتووی ئەو تاکە لە بەستێنی پێکدادانی هێزەکانی دەوروبەری خۆیدا، ئاویتەیەکە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەمکگەلی پێکهێنەری بونیادی مەعریفیی هەمان مرۆڤ/ تاک**

نە بە مرۆڤە و نە بە خاک/دەسەڵات. بەڵکوو پێوەندییەکی دیالێکتیکی نێوانیانە کە هاوکات دەتوانن کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر یەکتر دابنێن. بەڵام هاوکات پێناسەیەک لە دوژمن دەکات کە جێگای بەتاڵی لەنێو فەلسەفەی نوێدا دیارە. دوژمن ئەویترێکی نکۆڵیکراوە. نکۆڵیکردنێک کە دوو لایەنیە و لە هەر دوو لاوە لەگەڵ ئەگەری شەڕ ڕووبەڕووین. «ئەم شەڕە، شەڕی نێوان چەند بنەماڵە لەدژی چەند بنەماڵەی دیکە نییە. بەڵکوو شەڕی نێوان نەتەوەکانە و بەم شێوەیە ڕق، فۆرمێکی یەکدەست و جیانەکراوە بەخۆیەوە دەگرێت و خۆی لە هەر چەشنە تایبەتمەندییەکی تاکەکەسی یان پاژێتی ڕزگار دەکات».

بەڵام بە وردبوونەوە لە پێناسەی حکوومەت لە ڕوانگەی شمیتەوە، ڕەوتی وەرچەرخانی مرۆڤ بۆ تاک/شارۆمەند ڕوون دەبێتەوە. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لە نۆمۆسدا کۆمەڵێک مرۆڤ [بەبێ ئەوەی خاوەنی هەرچەشنە شوناسێکی هێمامەند بن] پێکەوە دەژین، کاتێک دەسەڵاتدار لەو دۆخە تایبەتەدا، بڕیار دەدات ئەو کۆمەڵە مرۆڤە، لەڕێگای دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتدارێتییەوە یەکدەست بکات، یەکەم دەرکەوتەی دەبێتە درووستبوونی هەستێکی هاوبەش بە ناوی «ئێمە». ئێمە، کۆی ئەو کەسانەی لەنێو ئەو سنوورە دیاریکراوەدا دەژین لەخۆ دەگرێت و، کەسانی دەرەوەی سنوور دەبنە دوژمن/ئەوان. هەڵبەت ئەم «ئێمە»یە بەنیسبەت جێگای جوگرافیای دەسەڵاتەکان، لەوانەیە لە بوارگەلی وەکوو زمان، جلوبەرگ و ڕەگەزەوە توێژی جیاواز و لێکدژ لەخۆ بگرێت، بەڵام بڕیاری

دەسـەڵاتدار هەموو توێژەکان لەژێر یەک ناو و شوناسـدا [لە ڕێگای هێزەوە] یەکدەسـت دەکات. یەکدەستکردنێک کە هاوکاتە لەگەڵ تواندنەوە/سـڕینەوەی جیاوازییەکان. هەموو یەکەیەکی سیاسـی و سنووری دەسەڵاتێک پێویسـتی بە «دەرەوەیەکی سـازێنەر»ە. واتە لەنەبوونی ئەویدی/دەرەوەی سازێنەر، ئیمکانی پێکهێنانی شـوناس نییە. ئەم تایبەتمەندییە تەنها لە ئاسـتی دەرەوەی سنوورەکاندا نییە، بەڵکوو بـۆ یەکدەسـتکردنی جیاوازییەکان، دەسەڵاتدار ناچارە لەنێو خودی سنوورەکانی دەسـەڵاتیدا، بەردەوام سـنوور بکێشـێت و ناوخۆییەکی سـازێنەر پێناسە بکات. ئەم ناوخۆییە سـازێنەرە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکەوێتە ژێـر تەوژمـی هـەڵاواردن بۆ ئـەوەی شوناسـە ناوەندییەکە زەق بکرێتـەوە و وردەوردە جیاوازییـەکان یەکدەسـت بکرێن. بەم شـێوەیە تاکەکانی نێـو سـنووری دەسـەڵاتێک، هاوتەراز و بەرانبەر نین بەڵکوو بەچەشنی شارۆمەندی پلە یەک تـا ... دەناسـرێن. هەڵاواردنی یاسـایی بەمجۆرە دەوری خۆی دەگێڕێـت. تاکێکـی پلەخوار لەگەڵ ئەوەیدا کە لەنێو سنووردا دەژیت بەڵام هاوکات نەیارێکی نێوخۆییە. ئەم پارادۆکسـە بنەڕەتییە، دەرخەری ئەوەیە کە دەسـەڵات دەتوانێت لەیەک کاتـدا تاکێک مەحکوومی یاسا بکات بەبێ ئەوەی مافی یاسایی بەو تاکە بدات.

شمیت بە ئاشـکراکردنی ئەم پارادۆکسە ئاماژەپێکراوەی دەسـەڵات، ئـەو گریمانەیە دەسەلمێنێت کە: «هەبوونی کیانێکی سیاسی، لەگەڵ بوونـی واقیعیی دوژمنێک و هەروەها پێکەوەژیـان لەگەڵ لانیکـەم پێکهاتەیەکی سیاسیی دیکەدا گرێ دراوە. مادام دەوڵەتێک بوونی هەیە، ناچارن هەمیشـە لەگەڵ چەند دەوڵەتدا ڕووبەڕوویـن. بوونی یەک دەوڵەتی جیهانی کە سەرانسەری زەوی لەژێر کۆنترۆڵی خۆی بگرێت و کۆی مرۆڤایەتی لەبەر بگرێت، ئەگەرێکـی مەحاڵە».[١٤] کەوایـە بوونی هەر سیستەمێکی دەسەڵاتداریتی لەگەڵ ئەگەری هەمیشەییی شەڕ ڕووبەڕوویە. بۆیە دەسەڵاتدار پاش دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتداریتی لە یەکەم هەنگاودا سوپای نەتەوەیی پێکدێنێت.

پێویسـتە ئەو خاڵە ڕەچـاو بکەین کە نە چۆنیەتیـی بڕیاردانی دەسـەڵاتدار لە دۆخی تایبەتدا و، نـە ناوەڕۆکی یاسـای دیاریکراو گرینـگ نییە و، هیچ لە فۆرمی بیچمگرتنی دەسەڵات ناگۆڕێت. ئەم تێگەیشـتنە لە دەسەڵات، نیشـاندەری ئەوەیـە کـە بە دیاریکردن/داگیرکردنـی خاکە کە دەسـەڵات بیچم دەگرێت، مرۆڤ لـە مرۆڤبوونەوە دەبێت بە تاک/شـارۆمەند و شوناسێک بۆ خوی پێناسـە دەکات و، ئەم شـارۆمەندانە بەپێی ناوەڕۆکی یاسـای بنەڕەتیی دەسـەڵات، هـەوڵ دەدەن لـە ڕێـگای ڕێکخراوەگەلی جۆراوجۆر وەکوو پارلمـان، مافگەلـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ... دیـاری بکەن. سـوپای نەتەوەیی بۆ پاراسـتنی شوناسـی «ئێمە» و شـەڕکردن لەگـەڵ «ئـەوان» دادەمەزرێت، بەڵام پارلمـان و ڕێکخراوەگەلی مەدەنی، بۆ پێشگرتن لە شـەڕی ناوخۆیی. ئەم نوکتەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کۆی پرۆسەی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی بۆ پارلمان، ناتوانێت کەرەسـتەیەک بێـت بۆ پێناسـەکردن یان پاراسـتنی شوناسی ئێمە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ پاراستن و سنووردارکردنی بەرژەوەندییەکانی توێژگەلی جۆراوجۆری نێو سنووری ناوخۆیی. بیرمەندانی دیکە وەکوو جان لاک، هابز، ڕۆسۆ

> **مرۆڤەکان یەک جار دەتوانن بە ئازادییەوە بڕیار بدەن، بەڵام پاش ئەوەی کە گرێبەستیان کرد ئیتر ناتوانن هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێنن». ئەم ڕەوتە فەلسەفییە، ئازادبوونی مرۆڤەکانی وەکوو پێشگریمانەی خۆی قەبووڵ کردووە**

و... لەو بڕوایەدا بوون کە مرۆڤ لە دۆخی سرووشتیدا «هەمان نۆمۆس»ـە کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەبەستن، تاکوو دەسەڵاتدارێک دەستنیشان بکەن و، دەسەڵاتداریش یاسا دابنێت. بەڵام شمیت ئەوەی سەلماند کە مرۆڤ لەپاش بڕیاری دەسەڵاتدار، لە دۆخی تایبەتدایە کە مانای حکوومەت و یاسا فام دەکات و لێرەوەیە کە تاکەکان پێکەوە لەسەر چۆنیەتیی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان وتووێژ دەکەن.

مێژووی گۆڕانکارییەکانی جوگرافیای وڵاتە ئەورووپاییەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە جیاکردنەوە و جیاوازی دانان لە نێوان خاک و دەریای ئازاد، پێوەری تایبەتی یاسای گشتیی ئەورووپا بووە. ئەم تەکووزییە شوێنمەندە، لە بنەڕەتدا دەرکەوتەی داگیرکردنی خاکی نێوخۆییی ئەورووپا و ئاڵوگۆڕەکانی نەبووە، بەڵکوو ئەنجامی داگیرکردنی خاکی جیهانی نائەورووپی، بەدەستی ئەورووپاییەکان و هەروەها داگیرکردنی دەریای ئازاد لەلایەن بریتانیاوە بووە. لەم بڕگە مێژووییەیە کە کۆی خاکی زەوی بەسەر پێنج بەشدا دابەش دەبێت: ١. خاکی سەربەخۆی دەوڵەتی(مەبەست دەوڵەتە ئەورووپاییەکانە)، ٢. خاکە کۆلۆنیکراوەکان، ٣. خاکی پارێزراو لەلایەن دەوڵەتەکانەوە، ۴. خاکی دەرەوەی سنوورەکانی ئەورووپا، ۵. خاکی ئازاد کە دەکرێت داگیر بکرێت.

بەم شیکردنەوەیە، دەتوانین پرسیاری سەرەکیی سووژەی کوردستانی پێچەوانە بکەینەوە و سەرلەنوێ فۆرمێکی دیکەی بۆ پێناسە بکەین. بەجێگای ئەوەی دۆخی مرۆڤ/تاکی کورد نوێنگەی پرسی کورد بێت، پێویستە دۆخی خاک بکەینە بنەما و بپرسین پرسی کوردستان چییە؟ ئەم نوێکردنەوەی پرسیارە بۆ سووژەی کوردستانی، دەتوانێت ئاسۆیەکی واقیعی و ڕوون بەرەو چەمک و وڵامەکان بکاتەوە، بەبێ ئەوەی گیرۆدەی بازنەی یاساگەلی دەستکردی ئەویدی ببێت. کورد لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیی دوو گەورە ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوییەوە تا ئێستا خاوەنی خاک نەبووە، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا جێبەجێکاری یاسای دەستنیشانکراوی داگیرکەری خاکەکەی بووە. ئیمپراتۆریی عوسمانی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەیەمدا، دەستی بە داگیرکردنی خاکی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کرد تا ڕادەیەک کە بەشێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، ڕۆژئاوای ئاسیا و بەشێک لە باکووری ئەفریقای پێوەستی خاکی خۆی کرد. ئیمپراتۆریی سەفەویش کە لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمدا دامەزرا، توانی پانتاییەکی بەرچاو لە خاکی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ خۆی داگیر بکات. ئەم دوو ئیمپراتۆرییە وەکوو دوو دەسەڵاتی هاوسنوور بەردەوام لە پێوەندیدا بوون، پێوەندییەک کە ئاشتی، دابەشکردنی خاک، دیاریکردنی سنوور، چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕی ئابووری و کاڵا و ... تا دەگاتە شەڕ و پێکدادانی تێدا دیاری دەکرا.

> **پێویستە ئەو خاڵە ڕەچاو بکەین کە نە چۆنیەتیی بڕیاردانی دەسەڵاتدار لە دۆخی تایبەتدا و، نە ناوەرۆکی یاسای دیاریکراو گرینگ نییە و، هیچ لە فۆرمی بیچمگرتنی دەسەڵات ناگۆڕێت**

ئەوەندەی پێوەندیی بە مەبەستی ئەم وتارەوە هەیە، ئەوەیە ڕوونی بکەینەوە لە بنەڕەتی کۆی ئەم پێوەندییەدا، پانتایی خاک و سنووری جوگرافیا بووە کە خاڵی یەکلاکەرەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان بووە نەک شوناسی دانیشتوانی ئەو خاکە. مرۆڤی کوردستانیش لەنەبوونی دەسەڵاتدارێتی بەسەر خاکی خۆیدا و هەروەها



له نەبوونی شوناسی پاشهاتی خاوەندارێتیی خاکەکەی، بەبێ ئەوەی لەوە تێگەیشتبێت کە پرس پرسی خاکە نە شوناسی دینی یان زمانی، زۆر ساویلکانە دەکەوێتە نێوان دوو هێزی داگیرکەر و ئەرکەکانی ئەوان جێبەجێ دەکات. هاوبەشیی ئایینی لەنێوان بەشێکی کورد و ئیمپراتۆریی عوسمانی دەبێتە بنەمای ڕاوەستان لە بەرەی عوسمانیدا، و هەروەها هاوبەشیی ئابووریی بەشێکی دیکەی کورد دەبێتە هۆکاری ڕاوەستان لەبەرەی سەفەوی. بەم شێوەیە ئەم دوو هێزە، مرۆڤی کورد بە چەشنی مرۆڤێکی خاڵی لە هێماگەلی شوناس، دەکەنە یاریدەدەری ئامانجەکانی خۆیان. لەوەها بارودۆخێکدا کە سووژەی کوردستانی لەژێر پێناسەی شوناسی دوو دەسەڵاتداری جیاواز لەخۆی بەڵام خاوەن بڕیارە، ناتوانێت و نەیتوانیوە لەهیچ ڕێکارێکی بەرەنگاربوونەوەوە، شوناسێکی تایبەت بەخۆی بنیات بنێت. سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤی کوردستانی خاوەنی دەسەڵاتدارێتی لەسەر خاکی خۆی نەبووە، بەڵام وێنایەکی زەینیی سەبارەت بە یەکدەستیی خاکەکەی هەبووە. کاتێک لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمدا شەڕی چاڵدێران لەنێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا ڕوو دەدات، خاکی کوردستان بۆ یەکجار بەشێوەی فەرمی دابەش دەبێت و بە دیاریکردنی سنوور لەنێوان ئەو دووبەشەدا یەکەم چەخماخەی لەتکردنی پێشگیرانەی شوناسی کوردستانیبوون لێدەدرێت.

## پەراوێز

[1]. Territory

[2]. Situation

[3]. Total

[4]. Carl Schmitt (1888 – 1985)

[5]. Nomos

[6]. Governor

[٧]. شمیت له زمانی ئاڵمانیدا وشەی Ausnahme بەکار دەبات. لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەری Exception بەکار دێنێن.

[8]. Max Horkheimer (1895 – 1973 )

[٩]. ماکس هورکهایمر، سپیده دمان فلسفەی تاریخ بورژوایی، ترجمه محمد جعفر پوینده (نشر نی، ١٣٧۶): ۶٣.

[10]. Hannah Arendt (1906 – 1975)

[١١]. هانا آرنت، میان گذشته و آینده، ترجمه سعید مقدم، (نشر اختران، ١٣٩۶): ٢١٧.

[12]. Georg Wilhelm Frierdrich Hegel (1770 – 1831)

[١٣]. کاپلستون فردریک، تاریخ فلسه جلد هفتم، ترجمه داریوش آشوری، (انتشارات علمی فرهنگی،١٣۶٧): ٢١٢.

[١۴]. کارل اشمیت، قانون و خشونت، ترجمه صالح نجفی، ( نشر رخداد نو، ١٣٨٨) : ١٢٢.

# لە ڕزگارییەوە بۆ ئازادی

**مەسعوود بابایی**



«کورد» کەتوارێکی سەرزەمینییە. لە ئەلەندی مێژووەوە هەتا ئەم ڕۆژگارە لەسەر خاکی مێژوویی خۆی دەژی و «زمان» و «خاک» تا ئێستەش یەکدییان لە دەست نەداوە و جیاوازیی دۆخی بەشێکی زۆری نەتەوە بندەستەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە و کورد ڕەنگە لەوەدا بێت کە ئێمە هێشتا لە چەقی ململانێ ژیۆپۆلەتیکییەکاندا هەین، ئەگەرچی هەبوونەکەشمان گەلێ بەئازارە؛ بەڵام ئەم هەبوونە بەئازارە نیشانەی ئەوەیە کە «کورد» تەنیا بوونەوەرێکی فەرهەنگی نیە، بەڵکو هەبوویەکی سیاسییە و جەستەیەکی زیندووە کە لەسەر خاکێکی داگیرکراوی پڕململانێدا دەژی کە هێشتا داگیرکەر نەیتوانیوە شوناسەکەی لێ بستێنێتەوە و ئێمە بە هەر نرخێک بێت دەبێ ئەم کەتوارە سەرزەمینییە بپارێزین.

خەباتـــی دووورودرێـــژ و باجێکی قورس کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە درێژاییی ســەدەکان بۆ ڕزگاری داویەتی، گەلێ جار تووشی هەناسەسواریی کردووە و بەداخەوە جاروبــار لە بــێ هیواییدا هەنــدێ هیوای تراویلکەئاسای داتاشیون کە دواجار هیوای ساختە تووشی نســکۆ و هەڵدێری کردووە!
شوێنگۆڕکێی «ڕزگاری» و «ئازادی» دەراوی شــڕۆڤە دەگۆڕێــت و «کەتوار»(واقعیت) بۆ وەئۆباڵخستن (فرافکنی) دەگوازێتەوە و بەم چەشنە بەلاڕێداچوون، هێزێکی سیاسی تا ـ نەخوازەلا ـ خۆبەدەستەوەدانی خۆنەویستانە هەڵدەخلیسکێنێ!

شیکردنەوەیەکی زمانەوانیی چەمکەکانی «ڕزگاری» و «ئازادی» وەک دەراوی شــڕۆڤە خــۆی وەک پێویســتییەک دەســەپێنێ. هەربۆیە پێویستە پێشوەختە لە شەنوکەوێکی سادەدا لەم دوو چەمکە بدوێین.

## هەمیشە دەپرسین: «ڕزگاری» لە چی؟، ڕزگاری لە کێ؟

«ڕزگاری» ئاماژەی پەنامەکیی قوتاربوون لە دۆخێکی داگیرکارییــە، هەربۆیە دەگوترێ: «ڕزگاری لە دەســتی.... ڕزگاربــوون لە...» ڕزگاری جێهێشتنی قۆناخێکە بە یەکجاری. بــە بۆچوونی بەنــدە ناتوانیــن «ڕزگاری» قۆناخبەنــدی بکەین. چونکە پاش ڕزگاری، باسکردن لە ئازادی دەست پێدەکات!

بــەڵام بابەتێکی ســەرنجراکێش لێرەدا زەق دەبێتــەوە؛ هەمیشــە دەگوتــرێ لە «زیندان ئازاد بوو!» ئەدی بۆچی ناگوترێ لە «زیندان ڕزگار بوو»؟!

چەمکــی «داڕنیــن» و «داماڵین» وەک دوو چەمکی یارمەتیدەر باشــتر دەتوانن لە تێگەیشتن لە چەمکی «ڕزگاری» یاریدەمان بدەن.

«داڕنین» دەربازکردن لە هەر زیادەیەکە کــە توانــای جووڵــەی جەســتە، ئەندام، بوونــەوەر و گیانەوەرێکی گرتبێ. بۆ نموونە هەندێ لە درەختــەکان دادەڕنرێن. «میوە» بەرپرســیارێتیی وەرزیــی «درەخــت»ە کە لێی دەڕنــرێ. هەروەها؛ بەرگێک کە دەبێ دابڕنرێ تا پێکهاتەی سەرەکی بتوانێ خۆی بۆ بەرگێکی دیکە ئامادە بکات. ئەمە جۆرێکە لە «ڕزگاری».

«داماڵیــن» بەپێچەوانــەی «داڕنیــن»، لابردنی لەمپەرێکە کە بە «ماڵین» لادەبرێ یان بۆ دەرکەوتنی «گەوهەر»، «بەڵغ»(عرچ)ی لێ دادەماڵین.

هەمیشــــــە لەبەرانبــەر چەمکــی «داگیــرکاری»، چەمکــی «ڕزگاری» دەزێتە زەینمانەوە. ئەوە لــە کاتێکدایە لە چەمکی «ئازادی»دا هەســت بە هەنتەش (حضور)ی داگیرکەر ناکەین؛ ڕەنگــە هۆیەکەش ئەوە بێت کە «ئازادی» بە «جووڵە» و «ڕەفتار»ەوە بەندە و بەپێچەوانەی «ڕزگاری» پێویســتیی بــە «داڕنیــن» و «داماڵین» نیە. هەمیشــە خۆمان لــە بارێکی زیــادە ڕزگار دەکەین، لەکاتێکــدا «ئازادی» مانــای ڕزگاربوون لە «بارکران» ناگەیەنێت. چونکە «ئازادی» مانای «هەڵبژاردنــی بــار» دەگەیەنێــت نەک «لە کۆڵکردنەوە».

ئــازادی، بــە «هەڵبــژاردن»ەوە بەندە؛ بەڵام ڕزگاری پێویســتیی بە «یاخیبوون»و «داڕنین» و «داماڵیــن»ە. «هەڵبەت دەکرێ ئــەم بۆچوونــە لــە چەندیــن لاوە وەبەر تیــرۆژی ڕەخنــە بدرێــت؛ بــەوەی کــە «ئــازادی» تەنیــا «ئەرێنــی» (هەڵبژاردن/ ایجابــی) نیــە بەڵکــو نەرێنی(داڕنیــن، داماڵین/ ســلبی). لە مانــای «هەڵبژاردنی ئەرێنیدا»بارکــران» و «بارکردن» هەیە؛ واتە «وەئەســتۆگرتن» و «وەئەستۆخستن». بەڵام لــە هەڵبژاردنی نەرێنی(داڕنیــن، داماڵین/ سلبی) دا (لەکۆڵکردنەوە، ڕادەستکردنەوە و لێسەندنەوە)ش بەدیدەکرێت. ئەگەر ئەمە بە خاڵی هاوبەشی نێوان «ئازادی» و «ڕزگاری»

بزانین، خاڵێکی جیاوازی گەورە هەیە کە بارتەقای هەموو خاڵە هاوبەشەکانە کە ئەویش بریتییە لە : «ماف».

ئازادی، مافە. بەڵام ڕزگاری ماف نیە. بەو مانایەی کە «ڕزگاری» لەپێناو وەدەستهێنانی مافی ئازادییە. هەربۆیە لە «دەستوور، یاسای بنەڕەتی» ئازادی وەک ماف باسی لێوە دەکرێت و باس لە «ڕزگاری» ناکرێت. تەنیا شتێک کە دەتوانین بە تێل نیشان(تلمیح)ی ڕزگاری لە «دەستوور» و «یاسا نێودەوڵەتییەکاندا» لەقەڵەمی بدەین، «مافی دیاریکردنی چارەنووس»ە کە دەتوانین«ڕزگاری»ی لێ هەڵێنجێنین. بەگوێرەی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» دەتوانین «ڕزگاری» وەک مافی «خۆدەربازکردن لە داگیرکاری» ڕاڤە بکەین؛ بەڵام لێرەشدا «ڕزگاری» وەک پێشمەرجی «ئازادی» ـ وەک ماف ـ خۆی نیشان دەدات، ئەگینا «ڕزگاری» ناتوانێ وەک «ماف» لە «دەستوور»دا لێک بدرێتەوە!

> **ئازادی، بە «هەڵبژاردن»ەوە بەندە؛ بەڵام ڕزگاری پێویستیی بە «یاخیبوون»و «دارنین» و «داماڵین»ە. «هەڵبەت دەکرێ ئەم بۆچوونە لە چەندین لاوە وەبەر تیرۆژی ڕەخنە بدرێت**

□

هەمیشە بڕوام بەوە هەبووە کە ئێمەی کورد لەنێو «کەلێنی چەمکی»دا دەژین. مانای وەها بانگەشەیەک مایەی ڕاڤەکردنە. مەبەست لەم دەربڕینە ئەوەیە کە چەقین لە مانای باوی لیکسیکۆنی و تێنەگەیشتن لە زمانی چەمکی بەتایبەتی لەباری «مافناسانە» و «دەستووری» دەبێتە مایەی دروستبوونی «کەلێنی چەمکی». ڕەنگە لە ڕاڤەدا، بەندە هیچکات نەتوانم لە جەغزی زمانگەرایانە خۆم دەرهاوێژمە دەرەوە؛ بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئیدی ڕاڤەی زمانگەرایانە ناتوانێ وەک دەراوی توێژینەوەکانی پەیوەست بە فەلسەفەی سیاسی و زانستی ڕامیاری بەدەر لە بڕشت بێت. بڕشتی ئەم ڕاڤەیە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە ئێمە بمانەوێت مانا سەرەکانی «ئازادی» لە «دەستوور»دا چوارچێوەدار بکەین. چوارچێوەدارکردن لەگەڵ خۆیدا چەقی سەرنجی زمانەوانی دەهێنێت و یاسادانەر دەبێت ئاگاداری ڕاگرتنی مانا لە کەوانەدا بێت. لەو دەمەدا کە مانای وشەیەک لە بەستێنی سروشتگەرایانەی خۆی دەترازێ و بۆ کێڵگەیەکی سیاسی، فەلسەفی و مافناسانە و دەستووری دەگوازرێتەوە، دەبێ زۆر ئاگادار و وریا بین کە نەکەوینە نێو «مەیدانی مینی ماناباركردن»ەوە. ئەگەر ڕاشکاوانەتر بدوێم، لەو باوەڕەدام مەودای نێوان مرۆڤی کورد و زمانەکەی هەندە زۆرە کە ناتوانێ لەو کێڵگە واتاییانە بدوێ کە وشەکانی وەک «ڕزگاری» و «ئازادی» لە خاکی ئەو کێڵگانەدا چەکەرە و گەشەیان کردووە؛ ڕەنگە ئەمە بتوانێ ئاریشەی «کەلێنی چەمکی» ڕوون بکاتەوە. ئەوەی ڕاڤەی سیاسی و دەستووریی چەمکێک ئاڵۆز دەکات، کێڵگەی ماناییی وشەیە نەک مانای وشەنامەیی کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی لە مانای سەرەکییەوە بۆ مانا لاوەکییەکان لە جووڵەدایە. لە ڕاڤەی سیاسیدا هەڵبژاردنی مانای خوازراو دەتوانێ لۆژیکی جووڵە لە مانای سەرەکی بۆ مانای لاوەکی لەبەرچاو نەگرێت، بەڵکو کاتێک باس لە هەڵبژاردنی مانای خوازراو دەکەین، لە مانایەکی دەسچنکراو دەدوێین کە بەندە بە «نیاز»و «جیهانبینی»ی سیاسەتوان کە دەیهەوێت «جیهانی سیاسی»ی خۆی لە چەمکسازییەکی دەستووریدا زەق و زۆپ

بکاتەوە، لێکی دەدەمەوە.
گوتەی بەناوبانگی» کورد لە جەنگدا دەیباتەوە و لەسەر مێزی دانوستان دەیدۆڕێنێ» پێوەندیی بە «پێوار(غیاب)ی هوشیاریی بە ئاماژە پەنامەکییەکانی چەمک لەباری سیاسیی و دەستوورییەوە هەیە کە هەروەک پێشتر باسم کرد، نیشانەی «کەلێنی چەمکی»یە کە ئەویش بەرەنجامی مەودای وەرگێڕانی نێوان چەمکەکانە؛ بەو مانایەی کە دانووستاندن لە مەیدانێکی گەورەی مانایيدا ڕوودەدات کە وەرگێڕانی چەمکەکان بەرپرسیارێتیی سیاسیی و دەستووری لەتەک خۆیدا دەهێنێت کە پێی دەگوترێ تەڵە یان مینی نێو کێڵگەی دەستوور(یاسای بنەڕەتی).

## ڕزگاری

داگیرکاری، دەستبەسەرداگرتنی ڕووبەرێکە کە هەم داگیرکەر و هەم داگیرکراو بەتەواوەتی لە دۆخی خۆیان تێدەگەن. «داگیرکەر» بە هەر پاساوێکیش بێت، لەو شتەی کە وەدەستی هێناوە و بە زەبری هێز دایچڕیوە تێدەگات. بەڵام پێویستیی بە وەدەستهێنانی «ڕەوایی»یە. «ڕەوایی» تاکە شتێکە کە «داگیرکەر» دەتوانێ لە ڕێگەیەوە باڵادەستبوونی خۆی بەسەر داگیرکراوادا درێژە بدات. ئەم هەوڵەی «داگیرکەر» کاردانەوەی»داگیرکراو»ی لێ دەکەوێتەوە و لێرە بەدواوە زنجیرەیەک لە پێوەندیی ئاڵۆزکاوی شەڕ، ئاشتی، دانووستان، نە شەڕ و نە ئاشتی لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا چێ دەبێ کە بەگوێرەی لۆژیکی هێز «دالەنگاندن(تقليل)»ی ماف لەپێناو بەهێزبوونی پێگەی «داگیرکراو»ی لێ دەکەوێتەوە و فۆرمەکانی»خۆبەڕێ وەبەری(ئۆتۆنۆمی)، فیدراڵی و ...هتد دەسمایەی بەهێزکردنی پێگەی داگیرکراون و هەڵپەساردنی نیازی سەرەکییە کە

هەڵبەت داگیرکەریش بەگوێرەی ئەزموونی بەریەککەوتن لەتەک داگیرکراودا، وێستگەکانی داواکاری بەگوێرەی هێز، پێشبینی دەکات و ڕێگەی پێشگیرانە بۆ ڕزگاری کە هەمان «سەربەخۆیی»یە دەگرێتە بەر کە ئەم ڕێگایانە لە «دەستوور»دا دەستەبەر دەکات.
شێوازەکانی داگیرکەر بۆ بەردەوامیدان بە داگیرکاری گەلێ زۆرن و داگیرکەر لەبەرئەوەی ناتوانێ بە بەردەوامی هێزی سەخت یان توندوتیژی بە دژی داگیرکراو بەکار بهێنێ و هەروەها لەبەرئەوەی کە داگیرکراو لە ڕەوتی ململانێ لەتەک داگیرکەردا بەئەزموونتر و خاراوتر دەبێت، ڕێگەکانی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی هێزی سەخت دەدۆزێتەوە و ئەمەش تێچووی مانەوەی داگیرکەر لە زەوییە داگیرکراوەکاندا زیاتر دەکات. هەرکات داگیرکەرمان ناچار بە دانوستان کرد، ئەو، بیر لە شێوازەکانی دیکەی درێژکردنەوەی داگیرکاری دەکاتەوە.
هەر بۆیە پێموایە فۆرمە جیاجیاکانی دابەشکردنی دەسەڵات لە وڵاتێکدا کە بەدەست داگیرکەرەوە بەڕێوە دەچێ، تەنیا لەپێناو درێژکردنەوەی تەمەنی داگیرکەردان. لەم سۆنگەیەوە داگیرکەر بە دانان بە هەرێمێکی نەتەوەیی یان ئیتنیکی ناچار دەبێت کۆمەڵە مافێک بۆ نەتەوە و ئیتنیکە داگیرکراو و بندەستەکان پێشنیار بکات و بەرگێکی دیموکراتیک بە باڵای دەسەڵاتەکەی دابڕێ،تا بتوانێ لە ڕێگەی «نەتەوەسازیی ساختە»وە شوناسێک بۆ جوگرافیایەکی قووتدراو لە جوگرافیایەکی دیکەدا دەستەبەر بکات و بە بێ دانان بە «فرەیی» ناتوانێ هاوسۆزیی ژێردەستەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ و ئەمە بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا ڕوودەدات کە «بێگانەکان» خاکی «خۆوڵاتییەکان» داگیردەکەن و پاشان لە

کلێشەیەکی دیمۆکراتیکدا کۆمەڵە مافێکیان بۆ دەستنیشان دەکەن و لە چوارچێوەی «دەستوور»دا وەها پێناسەیان دەکەن وەک بڵێی ئەوان میوانن و ئەمان خانەخوێ. واتە مەبەستم ئەوەیە کە شوێنگۆڕکێی پێگەکان و پێناسەی پێگەکان و سیاسەتی فێڵبازانەی «دڵدانەوە» لە چوارچێوەی «مافی هاووڵاتیبوون»دا بەرەبەرە هاوسۆزیی داگیرکراو بۆ داگیرکەر دەوروژێنێ و ئیدی لەوەلا خەونی دروستکردنەوەی نیشتمان و خاک و جوگرافیای نەتەوە ڕەسەنەکانی وڵاتانی داگیرکراو لە گۆڕ دەنرێ و وەکو «هاووڵاتییانی سەرگەردان» لە جوگرافیایەکی نوێدا تاهەتایە بە نامۆیی دەژین بە بێ ئەوەی بتوانن بۆ ڕابردوویان بگەڕێنەوە و بە بێ ئەوەی بشتوانن لەتەک مرۆڤە بێگانەکان کە ئێستە لە دەوروبەری ئەواندا دێن و دەچن و بوونەتە خاوەن ماڵ هەڵبکات و ناچارە دوو مێژووی نامۆ لە جوگرافیایەکدا پێکەوە بنووسێنێ کە دەبنە جووتۆکەیەکی نایەکسانی نایەکانگیر، بەڵام دانپیانراو. هەر بۆ نموونە با سەیرێکی دۆخی سوورپێستەکان، ئامازیخی و قیبتی و بەشێکی زۆر لە خۆولاتیانی ئافریقا و ئوسترالیا و هەروەها نەتەوە تواوە بەعەرەبکراوەکانی سووریا و لوبنان و ... هتد بکەین کە وەراستگەڕاو(مصداق)ی دیاری داوەرییەکەی ئێمەن.

«کورد» کەتوارێکی سەرزەمینییە. لە ئەلەندی مێژووەوە هەتا ئەم ڕۆژگارە لەسەر خاکی مێژوویی خۆی دەژی و «زمان» و «خاک» تا ئێستەش یەکدییان لە دەست نەداوە و جیاوازیی دۆخی بەشێکی زۆری نەتەوە بندەستەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە و کورد ڕەنگە لەوەدا بێت کە ئێمە هێشتا لە چەقی ملمڵانێ ژیۆپۆلەتیکییەکاندا هەین، ئەگەرچی هەبوونەکەشمان گەلێ بەئازارە؛ بەڵام ئەم هەبوونە بەئازارە نیشانەی ئەوەیە کە «کورد» تەنیا بوونەوەرێکی فەرهەنگی نیە، بەڵکو هەبوویەکی سیاسییە و جەستەیەکی زیندووە کە لەسەر خاکێکی داگیرکراوی پڕململانێدا دەژی کە هێشتا داگیرکەر نەیتوانیوە شوناسەکەی لێ بستێنێتەوە و ئێمە بە هەر نرخێک بێت دەبێ ئەم کەتوارە سەرزەمینییە بپارێزین. «کوردستان» وەک پارووی لەقوڕگگیراوی دوژمنان نیشانەی ویستی «کورد»ە بۆ مانەوە و پاراستنی کەتواری سەرزەمینیی خۆی. ئەم ویستە، ویستێکی سیاسییە لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس کە ڕەوایی بە «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد»دەدات تا ڕزگاریی خۆی لە «سەربەخۆیی»دا پەیجۆر بکات، چونکە بە بێ سەربەخۆیی «ئازادی» وەک «مافی سروشتیی مرۆڤ» وەدی نایەت. هەروەک گوتم، کەتواری سەرزەمینیی کورد چەشنی نەتەوەیەک تێکڕای مافەکانی نەتەوەیەکی خاوەن سەروەریی پێ ڕەوا دەبینرێت. هەر بۆیە دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە دۆخی کورد لە دۆخی گەلانی بێ خاک جیاوازە و ئێمە نابێ لە ڕوانگەی نەتەوایەتیی خۆماندا دۆخی خۆمان بۆ دۆخی دالەنگاوی گەلانی بێ سەرزەمین دابلەنگێنین.

دروشمی ڕیالیستیی «ئێمە نوێنەری نەوەی خۆمانین نەک نوێنەری نەوەکانی داهاتوو» ـ لە سۆنگەی ڕزگاریخوازییەوە ـ بۆ کورد گونجاوترین دروشمی تاکتیکی بووە کە دەکرێ وەک دروشمێکی ستراتیژیک کە ڕێگەی سەربەخۆیی نەوەکانی داهاتوو ڕووناک دەکاتەوە لەقەڵەمی بدەین. لەم سۆنگەیەوە ململانێی داگیرکەرانی کوردستان و کورد وەک داگیرکراو، تا ئەم سەدەی بیست و یەکە بەردەوامە و ڕەنگە تا نیوەی سەدەی بیست و یەک «کورد بتوانێ یەکێک لە جۆرەکانی مافی سیاسی» وەک ئۆتۆنۆمی» و «فیدراڵی» لە سێ بەشی

کوردستاندا، یان تەنانەت دەوڵەتێک بۆ «کورد» دەستەبەر بکات. بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێت، «داگیرکەر» لەبەرانبەر «داگیرکراو»دا هەندێ ئەرکی لەسەر شانە کە دەبێ جێبەجێیان بکات. ئێمەی کورد لەبەرئەوەی شارەزاییەکی تەواومان لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا نیە، لەوە بێئاگاین کە ئەو مافانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی داگیرکەردا داوای دەکەین، ئەوانە ئەرکی داگیرکەرن کە دەبێ جێبەجێیان بکات و ئێمە هێشتا لە ململانێ لەتەک داگیرکەردا داوای کۆمەڵێک مافمان کردووە کە لە ڕاستیدا ئەرکێکی جێبەجێنەکراوە. چونکە هەروەک گوتم مافەکانی نەتەوەیەکی داگیرکراوی وەکو کورد کە کەتوارێکی سەرزەمینییە، تەنیا بە دەوڵەتی سەربەخۆ دەستەبەر دەکرێت؛ چونکە هەرکام لە شێوازەکانی «ئوتۆنۆمی» و «فێدراڵیزم» ڕێکارەکانی کەم کردنەوەی «ستەمکاری» و «چەوساندنەوە»ن نەک ڕزگاری. کە وابوو ئەوەی کە ئێمە داوای دەکەین کەم کردنەوەی ئاستی «ستەمکاری» و « چەوساندنەوە»یە و نابێ وەک «ڕزگاری» لێی بدوێین. ئەگەر پەیکاڵکردن(تطبیق)ی هەرکام لەو شێوازانەی بەڕێوەبردنی وڵاتێکی داگیرکەر بە وەدەستهێنانی «ڕزگاری» و پاشان»ئازادی» لەقەڵەم بدەین، وەک ئەوە وایە کە بێژین: وازمان لە کەتواری سەرزەمینی هێناوە کە دەبێ لە دەوڵەتی سەربەخۆدا وەدی بێت و ئەمە لەباری زەینییەوە خەونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەسڕێتەوە. ئەمە «کەلێنی چەمکی»یە کە دەبێتە مایەی «شوێنگۆڕکێی مانایی». چونکە هەڵە هەمیشە بەزەقی و لە یەک جۆر بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکیدا خۆی دەرناخات. «شوێنگۆڕکێی مانایی» دەبێتە مایەی هەڵەی لۆژیکی و لە بواری «سیاسی» و «دەستووریدا» هەڵەیەکی کوشندەیە.

لە پێوەندی لەتەک «داگیرکەر» و «داگیرکراو»دا، بەداخەوە هیچکام لە داگیرکەرانی کوردستان دان بە «داگیرکەری»ی خۆیاندا نانێن، هەربۆیە ئەرکی خۆیشیان لەهەمبەر «داگیرکراو»دا جێبەجێ ناکەن. دەتوانم بێژم لەبەر دوو هۆکار، داگیرکەرانی کوردستان دان بە «داگیرکاریی» خۆیاندا نانێن:

> دروشمی ڕیالیستیی «ئێمە نوێنەری نەوەی خۆمانین نەک نوێنەری نەوەکانی داهاتوو» بۆ کورد گونجاوترین دروشمی تاکتیکی بووە کە دەکرێ وەک دروشمێکی ستراتیژیک کە ڕێگەی سەربەخۆییی نەوەکانی داهاتوو ڕووناک دەکاتەوە لەقەڵەمی بدەین

١ ئەوان بڕوایان بەوە نیە کە «کورد» خاوەنی «کەتواری سەرزەمینی»یە.

٢ «دوژمنکاری»ی نەژادیی بەردەوام سروشتی بنەڕەتیی ئەم داگیرکارییەیە.

بە شێوەیەک لە شێوەکان هەردووک هۆکارەکەش تەواوکەری یەکدین؛ بەو مانایەی کە نکۆڵیکردن لە «کەتواری سەرزەمینی»ی کورد، نکۆڵی لە داگیرکاریشی لێ دەکەوێتەوە. لەم سۆنگەوەیە کە دەتوانین لە تۆمەتی «جوداخوازی» تێبگەین. تۆمەتی «جوداخوازی» بە دوای خۆیدا تاوانی دژایەتیی یەکپارچەییی خاکێک بەسەرماندا ساخ دەکاتەوە کە «داگیرکەر» خۆی کردووە بە خاوەنی؛ ئیدی لەوەش تێدەپەڕێ کە ئێمە بتوانین لە چوارچێوەی «کۆڵۆنیالیزم» دوژمنەکانمان پێناسە بکەین. هۆیەکەش ئەوەیە کە لانیکەم لە «کۆڵۆنیالیزم»دا مافی «سایەسایی (قیمومت، انتداب) هەیە و کۆڵۆنیالیستە ئەوروپاییەکان ئەرکێکیان لەسەر شانی خۆیان داناوە و خۆیشیان وەک «داگیرکەر» بە فەرمی ناساندووە. هەروەک

باسمان کرد داننان بە «داگیرکاری» واتە دەستگرتن بەسەر خاک و نەتەوەیەکدا کە خاوەنی «کەتواری سەرزەمینییە» و تەنیا پاساوی «داگیرکەر» ئەوەیە کە تا ئەوکاتەی «نەتەوەی داگیرکراو» خۆی دەرۆستی بەڕێوەبردنی خۆی بێت، دەبێ یارمەتیی بدرێت. دیار و ئاشکرایە «داگیرکەر» هیچکات لە دۆخێکی ئاساییدا دان بەوەدا نانێت کە «نەتەوەی داگیرکراو» کاتی ڕزگاربوونی هاتووە! بەڵام هەر چۆنێک بێت، دان بەوەدا نراوە کە خاکێکی داگیرکردووە و بە یاسای «سایەسایی» هەتا بتوانێ درێژە بە داگیرکارییەکەی دەدات و پاش کۆتاییهاتنی «سایەسایی» و پاش سەربەخۆییش «کۆڵۆنیال» بە ڕێگەی جۆربەجۆر بە «کۆڵۆنیالیست» دەبەسترێتەوە؛ ئەگەر سەیرێکی وڵاتانی داگیرکەری «فەرەنسا» و «بریتانیا» و «ئسپانیا» و...هتد بکەین، ئێستەش بەرتاو(نفوذ) یان لە وڵاتانی داگیرکراوی پێشوویاندا بە زەقی دەبینرێت.

> **مافەکانی نەتەوەیەکی داگیرکراوی وەکو کورد کە کەتوارێکی سەرزەمینییە، تەنیا بە دەوڵەتی سەربەخۆ دەستەبەر دەکرێت؛ چونکە هەرکام لە شێوازەکانی «ئوتۆنۆمی» و «فێدراڵیزم» ڕێکارەکانی کەم کردنەوەی «ستەمکاری» و «چەوساندنەوە»ن نەک ڕزگاری**

هەر بۆیە دۆخی داگیرکاریی کوردستان ناکرێ لەتەک سروشتی کۆڵۆنیالیستیی وڵاتانی ئەورووپایی بەراورد بکرێت. چونکە داگیرکەرانی کوردستان لە دەرەوەی ئەو پێناسانە هەڵسوکەوت دەکەن. خاڵی هەرەگرنگی جیاوازیی داگیرکەری ئەورووپایی و داگیرکەرانی کوردستان لەوەدایە نە بڕوایان بە «کەتواری سەرزەمینی»ی کورد هەیە و نە پەیڕەوی لە سیاسەتی»سایەسایی»دەکەن. ئەگەر بنەمای ئەم بەڵگەهێنانەوەیە بە هەند وەربگرین، ناکۆکییەکی گەورە لە کرۆکیی پێناسەکەدا سەرهەڵدەدات و دەبێتە مایەی گۆڕانی چەقی سەرنج و چەقی ڕوانگە لە ڕەوتی بەڵگەهێنانەوەدا.

پرسیارێک لێرەدا دێتە ئاراوە: کەوابوو سروشتی داگیرکەرانی کوردستان چۆن دەستنیشان دەکرێت؟

فارسەکان، تورکەکان و عەرەبەکان میراتگری ئیمپراتۆرییەکانن. کاتێک باس لە میراتی ئیمپراتۆری دەکەین، ئیدی جوگرافیای نەتەوەیی و ئیتنیکی لە ئارادا نابێت. گەڕانەوە بۆ بونیادنانەوەی ئیمپراتۆرییەکان و گێڕانەوەی شکۆی سەدە لە دەستچووەکان هیوای نەوە مەزنیخوازەکان دەگەشێنێتەوە و بەرەو پاوانخوازی ڕایان دەنێ. ئەم سێ نەتەوەیە بەپێچەوانەی بانگەشەکانیان بەتەواوەتی پێیان نەناوەتە نێو مودێرنیتەی سیاسییەوە و لە مێژووی حیکایەتەکانیان دانەبڕاون و لە جیهانی مودێرنیشدا شوێنپەنجەیان دیار نیە و تەنیا خۆیان لە فۆرمێکی مودێرنیزاسیۆندا ئاڵاندووە و بەم پێیە دەتوانین بێژین سروشتی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئەورووپایی بەسەریاندا ساخ نابێتەوە. پاشەکشەی ئیمپراتۆرییەکانی خۆرهەڵات و کشانی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپایی و تێکەوەپێچرانی ئیمپراتۆرییەکانی تورک و فارس لەم ناوچەیەدا، نەبووە مایەی دابڕان لە چیرۆکە مەزنەکانی ئیمپراتۆری و پاشماوەی ئەم ئیمپراتۆرییانە دیسان بە شێوەیەکی دیکە هەوڵی نۆژەنکردنەوەی ئەم ڕابردووە مەزنەیان داوە کە بەزەقی لە دەوڵەت ـ نەتەوەی ئەم سێ نەتەوەیە و لە چوارچێوەی پان ئێرانیزم (پان فارسیزم) و پان تورکیزم و پان عەرەبیزمدا ڕەنگی داوەتەوە و لە گەلێ ڕووەوە ئەدگاریان لە ناسیونالیزمی ئەورووپایی و خۆرئاوایی

جیاوازە.
تێـــزی «پان ناســـیونالیزم» بــۆ مێژوو، خاوەندارێتیـــی خـــاک نیـــە، بەڵکـــو دەســـەڵاتدارێتییە بەســـەر خاکـــدا. لـــەم بیروبـــاوەڕەدا «دەســـەڵات»ی مێژوویـــی ئیمپراتۆرییـــەک بەســـەر جوگرافیایەکـــدا، دەبێتـــە مایـــەی خاوەندارێتیی ئەو خاکە و ئیدی باســـکردن لەوە کە ئـــەم خاکە کێی لەســـەر ژیاوە و لە قەواڵەی کام نەتەوەدایە هیـــچ ســـوودێکی نیە.کاتێـــک دەگوترێ: یەکپارچەییی خاکی ئێران، تورکیا و عێراق و سووریا، هیچ پرسیارێک لەوە ناکرێت کە کێ لەسەر ئەو خاکە دەژی و کێ خاوەنیەتی و ئەو کەسەش پارچەی دەکات یان جیای دەکاتەوە لە چی جیا دەبێتەوە؟! لەم لۆژیکەدا «ســـنووری نەتەوایەتی»دەبەســـترێتەوە بە «سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی داگیرکەر» بەسەر خاکێکدا کە مۆرکی زمانی و نەژادیی ئەوی پێـــوە دیار نیە. لێـــرەدا بەکارهێنانی وشەی «داگیرکەر» بۆ وەها «دەسەڵات»ێک هیـــچ دانپیانانێکی لـــێ ناکەوێتەوە، چونکە هەر لە بنەڕەتـــەوە جوگرافیای نەتەوایەتی بەستراوەتەوە بە حیکایەتی دەسەڵاتەوە نەک «نەتەوە»وە. لەو سۆنگەیەوە«ئێران» وڵاتێکی پاشـــماوەی ئیمپراتۆرییەکانـــە کە مێژووی دەســـەڵاتی خاوەن دەســـەڵات دەگێڕێتەوە نەک خاوەندارێتیی ئەو. دەسەڵات چ وەک هێزی ســـەخت یان وێژمان. خۆ ئەگەر لە ســـۆنگەی ڕەوایی پاوانکردنەوە ســـەیری مەسەلەکە بکەین، خاکێکی یەکپارچە هەیە کە لە پاوانـــی فەرمانڕەواییدایە و فەرمانڕەوا بەگوێـــرەی گێڕانەوەیەکی بـــان مێژوویی و بـــان جوگرافی «ئێران» پێناســـە دەکات کە خاکێکی پیرۆزە و لێـــرەوە هیچ ڕێزێک بۆ «کەتواری سەرزەمینی»ی گەلانی پەستێنراو لەم جوگرافیایەدا دانانرێت.
ڕەوایـــی خاوەندارێتیـــی خاکێکـــی ئەمڕۆیی لەســـەر بنەمای ئـــەوە کە پێگەی فەرمانڕەوایی ڕابردوویەکی ئیمپراتۆری بووە، ڕێگەی دانپیانان بە داگیرکاری دادەخات و لەم ســـۆنگەیەوە هەرچەشنە داواکارییەکی «داگیرکراو» بۆ گەڕاندنەوەی خاوەندارێتیی خۆی بە «جوداخوازی» لەقەڵەم دەدرێ. کە وابوو جەســـتەی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی یان تورکـــی یان عەرەبـــی، ئەوەندە قاچی لەنێو مێژوو و یادەوەریی ئیمپراتۆریدا هەیە، هەندە لەو مێـــژووە دانەبڕاوە؛ بۆیە مێژووی جێهێشتووە بەڵام لە مێژوو تێنەپەڕیوە، واتە ڕێنێسانســـی بەخۆوە نەدیوە. هاوکێشـــەکە ڕوونـــە؛ ئـــەوەی کە بەجێـــی دەهێڵێ هەر ناچـــاری بۆی بگەڕێیەوە، ئـــەوەش کە لێی تێدەپەڕی ئیدی بـــۆی ناگەڕێیەوە. قەیرانی نەتەوە مێژووییەکان لەوەدایە بۆ دەستەبەری داهاتوویـــان بـــەردەوام ناچارن بـــۆ مێژوو بگەڕێنەوە و «مێـــژوو» دەوڵەت دەپارێزێ و دەوڵەتیش مێژوو...
بەم پێوەرە، نەتـــەوە مێژووییەکان زیاتر لە نەتەوە نوێیەکان پێویستییان بە دەوڵەتە. بەڵام ئاریشـــەکە لەوەدایە کـــە نەتەوەیەک جوگرافیـــا وەک ڕووبـــەری فەرمانڕەوایـــی پێناسە بکات و قەڵەمڕەوی سمی ئەسپەکان بە نیشـــتمان و وڵاتی خـــۆی بزانێت و بە هیچ شـــێوەیەک «کەتواری سەرزەمینی»ی نەتـــەوەکان لەبـــەر چـــاو نەگرێـــت. ئێمە ڕەخنەمان لە مافـــی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ «فارس» و «تورک» و «عەرەب» نیە، ڕەخنەکە لەوەدایە کە ئەوان ڕابـــردووی ئیمپراتۆریی خۆیان کە مێـــژووی داگیرکاریی خاکە، بە مێژووی نیشـــتمان و وڵاتی خۆیان لەقەڵەم دەدەن، لەکاتێکدا لەو ڕووبەری خاکەی کە داگیریان کردووە، یان نیشـــتەجێ نین یان کەمینەیەکی ئێجگار کەمن!
ئـــەو کـــەس و لایەنانەی کـــە دەوڵەت ـ نەتەوە بـــە ســـەرچاوەی نەهامەتییەکان دەزانـــن، وا دیـــارە لە سروشـــتی جیاوازی «ناســـیونالیزم» و «پان ناسیونالیزم» تێناگەن

یان خۆیان لە باسەکە دەبوێرن. ئاریشەی سەرەکیی کەسانێک کە هەمیشە لە کۆتوبەندی مێژووی پرشکۆدا گینگڵ دەدەن ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی خۆیان فڕێ دەدەنە نێو مودێرنیتەوە، بەڵام مێژوویەکی ئەفسانەییی تەژی لە فەڕی ئیزەدی تێکەڵ بە جیهانی مودێرنیتە دەکەن و بە بیانووی خۆگونجاندن لەتەک جیهانی مودێرن، بە جوگرافیای نەتەوایەتیی خۆیان و بە سنوورەکانی دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆیان ڕازی نابن. ئەگەر سەیرێکی «پان ئێرانیزم» و «پان تورکیزم» بکەن، هەمیشە چاویان لە جوگرافیای مێژوویی ئیمپراتۆرییەکانیانە. چەشنی «خەونی هەخامەنشی، ساسانی» یان «عوسمانیی نوێ»!

هەموو ئەم درێژدادرییە بۆ ئەوە بوو کە ئێمەی کورد بزانین، لە چ دۆخێکی سەختی داگیرکاریداین و «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد» بەرەورووی چ جۆرە داگیرکارییەکە کە بە هیچ شێوەیەک لەتەک دۆخی کۆلۆنیالیزم بە پێناسە ئەوروپاییەکەی تێک ناکاتەوە. چونکە ئێمە لەتەک گێرانەوەیەکی «بان مێژوویی» و «بان جوگرافی»دا بەرەورووین کە تەنیا تێکشاندنی ژیۆپۆلیتکی ناوچەکە دەتوانێ «کورد» بە ڕزگاریی خۆی بگەیەنێت. بۆیە هەمیشە دەبینین هەرکات درزێکی ژیوپۆلیتک لە ناوچەکەدا دروست دەبێت، مەترسییەکی گەورە بۆ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دێتە ئاراوە و «کورد» وەک فاکتەری هێز قوت دەبێتەوە و ئەگەر «داعش» وەک درزێکی ژێۆپۆلیتیک بزانین ـ لەپاڵ زیانەکانی بۆ کورد ـ سەنگی کوردی لە ناوچەکەدا زیاتر زەق کردووەتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی ئێمە لە چوارچێوەی «دەسەڵاتی داگیرکەر»دا ـ کە پێشتر بە کەمکردنەوەی ئاستی «ستەمکاری» و «چەوساندنەوە» ناوم لێنا ـ دەبێ بە ورياييیەوە داوەری بکەین. بەدەستهێنانی«ئۆتۆنۆمی» و «فێدراڵی» لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی داگیرکەردا، پەیمانێکە کە مەرجەکەی «پاراستنی یەکپارچەیی وڵات»ێکە کە خودی وڵاتەکە لە لایەن مەرجدانەرەوە داگیر کراوە.

کاتێک دوو بەرەی جەنگ لەبەر هاوسەنگیی هێز مل بە دانوستان دەدەن، دەبێ بەگوێرەی ئاست و ڕادەی هێز، دانوستاندن بەڕێوە ببرێ و لە ڕەوتی دانوستاندا هەمیشە هێزی کار و کاردانەوە نیشان بدرێت، کارتەکانی «هێز» بۆ دروستکردنی «هەرامەی کەتوار»(امر واقع/ دیفاکتۆ) گەلێ گرنگن. ئەزموونی ئێمەی کورد لە دانوستاندا سەلماندوویەتی هەرکات هێزی سەخت (پێشمەرگە) توانایی بەرزەفتی خاک و جوگرافیای هەبووبێت، توانیویەتی پاشەکشە بە ملهوڕییەکانی داگیرکەر بکات. بەڵام داگیرکەریش بۆ «خۆبەهێزکردن» دانوستانەکەی بۆ کڕینی کات درێژتر کردووەتەوە. لە وەها دۆخێکدا هێزی سەختی ئێمەی کورد بە بەردەوامی توانایی بەرزەفتی خاک و جوگرافیای هەبێت؛ ئەمە وا دەکات پارامێترەکان بە قازانجی ئێمە بن.

ئێمە لەگەڵ «داگیرکەر»ێکدا بەرەورووین، کە بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە «دیمۆکراسی» نیە. لە وڵاتێکی وەک «ئیسپانیا» یان «بریتانیا» لەبەر ئەوەی هەر چۆنێک بێت، جۆرێک لە ڕەفتاری دیمۆکراتیک بەگوێرەی بنەواشە(پرەنسیپ) کان هەیە، دەوڵەتەکان بەردەوام پێڕستێک لە مافەکان و ئۆتۆنۆمیی زیاتر پێشنیار دەکەن بۆ ئەوەی هەرێمەکان «سەربەخۆیی» خۆیان دوا بخەن. کە وابوو بەرانبەرەکەی ئێمە نەک هیچ پێڕستێک لە مافەکانی ئامادە نەکردووە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە بڕوای بەوە نیە کە ئێمە جوگرافیایەکی جیاین لەنێو جوگرافیایەکی دیکەدا. واتە ئەو

شتەی کە بەندە بە «کەتواری سەرزەمینی» ناوم هێنا. هەر چەشـــنە وەدەســـتهێنانێکی ماف تەنیا پێوەندیی بە ڕادەی هێزی ئێمەوە هەیە کە ناتوانین پێشـــبینیی ئەوە بکەین ئاخۆ تا کەی دەتوانین «هاوســەنگیی هێز» بپارێزین. بۆیە هەمیشـــە هەرکات «ناوەند» لاواز بووبێت، ئێمـــە توانیومانە بەهێز ببین و هەناسەیەک بدەین. وەها دۆخێک لەمەڕ دانوستان لەبارەی»ئوتۆنۆمی» یان «فێدراڵی» لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سێنتراڵیســـتیی وەک ئێراندا، هەمیشـــە لـــە کاتی لاوازیی دەوڵەتی ناوەندی بووە و بەم دۆخە دەگوترێ «ئاشتیی خۆپڕچەککردن»(صلح مسلح)!

دۆخی «ئاشـــتیی خۆپڕچەککـــردن» زیاتـــر لـــە ئاگربەســـت دەچێ تا ئاشتی! ئەوەی کە جۆرێک لە ئاشتیی هێناوەتە کایەوە، لاســەنگیی هێـــزی ناوەنـــدە بەرانبەر بە پەراوێز و هەرکات کە «ناوەند» هێـــزی جارانـــی وەدەســـت هێنایەوە، پەراوێـــز دەخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی!

یەکێـــک لـــە فێڵەکانـــی دەوڵەتی ناوەندی بەرانبەر یەکە «ئۆتۆنۆمیخوازەکان» خەریـــک کردنیانە بە دانوستانی دوورودرێژ لەسەر بنەمای ماددە و بەندێکی دەســـتووریی ناکارا کە هەمیشە لە کاتی «قەیران»دا کارا دەکرێتەوە! هەر بۆ نموونە ماددەی ١٥ی دەســـتووری کۆماری ئیسلامی (مافی خوێندنی «ئەقوام» بە زمانی دایـــک) کە هەر لە بنەڕەتـــەوە ماددەیەکی لەکارکەوتووە، هەمیشـــە لە کاتی فشـــار بۆ ناوەند دەخرێتەوە بەر باس؛ ئەم باسوخواسە بۆ ئەوەیە لە «بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازیی کورد» لە نێوخۆوە تووشی دڕدۆنگی و مقۆمقۆ بکات! هەر ئەوەندە ڕێژیم دەرفەتێکی ساختە بخاتە ڕۆژەڤی سیاسیی هێزە سیاسییەکانی کوردەوە! توانیویەتـــی نێوەندی بڕیاری ئەم هێزانە بشـــڵەقێنێ و ئەم ڕۆژەڤە ساختەیە ناوی «ڕیفۆرم»ی لێ دەنرێت!

وێنـــای «ئـــازادی» لە قۆناخـــی پێش «ڕزگاری» هەمیشـــە خەوشـــدارە! ئێمـــە ناتوانیـــن بە بێ «ســـەربەخۆیی» مەشـــقی ئـــازادی بکەین. «ئازادی» بـــە بێ لابردنی «ســـتەم» نایەتـــە دی، نەمانـــی «ســـتەم» خۆبەخۆ بە واتای ڕزگاربوونە لە شتێک کە هەروەک باســـم کرد پێشمەرجی ئازادییە. هـــەر بۆ نموونـــە: پێشـــنیارکردنی کۆمەڵە ڕێگەچارەیەک بۆ کێشـــەیەک لـــە لایـــەن کەســـێکەوە کە خۆی بەشـــێکە لە کێشـــەکە، بە مانای»ئازادی» نیە؛ تەنانەت ئەگـــەر مافـــی هەڵبژاردنـــی یەکێک لە بژاردەکان بە ئێمە بدرێـــت ـ ئەگـــەر یەکێک لە بژاردەکان سەربەخۆیی نەبێت ـ دیســـان بـــەو مانایە نیە کە ئێمە ئازادیـــن. ئەمە دیدێکی ئایدیال نیـــە، بەڵکو دیدێکی کەتوارەکی(واقعی، ڕیالیستی) یـــە، بـــەڵام دەکـــرێ بێژین دیدێکی ئەوپەڕگر(حداکثری) ە؛ دیارە دەبێ لە دانوســـتاندا هەمیشە ئەم دیـــدە لەبەرچـــاو بگرین، ئەگینا تووشـــی دالەنگاندنـــی چەمکی (تقلیـــل مفهومی) دەبین کە بەندە لە سەرەتای ئەم بابەتەوە بە «کەلێنی چەمکی» ناوم هێنا و دالەنگاندنی چەمکـــی یەکێک لە لێکەوتەکانی «کەلێنی چەمکی»یە ـ یان بەپێچەوانەشەوە.

لـــە دۆخێکدا کـــە کوردســـتان، وەک وڵاتێکی داگیرکراو لەلایەن ئەو ڕێژیمانەی کـــە خۆیان بە داگیرکـــەر نازانن، وڵاتێکی خنکێنـــراوە؛ داواکردنـــی هـــەر مافێک لە چوارچێـــوەی ئـــەو وڵاتانـــەدا ـ ئەگـــەر

> **کاتێک دوو بەرەی جەنگ لەبەر هاوسەنگیی هێز مل بە دانوستان دەدەن، دەبێ بەگوێرەی ئاست و ڕادەی هێز، دانوستاندن بەڕێوە ببرێ و لە ڕەوتی دانوستاندا هەمیشە هێزی کار و کاردانەوە نیشان بدرێت**

دانوستاندنێک هاتە ئاراوە ـ ئێمەی کورد لە چ ڕێگەیەکەوە و چۆن سروشتی داواکارییەکانمان بخەینە ڕوو؟ هەندێ کەس دەڕاوی گفتوگۆ لەتەک «دەسەڵاتی نێوەندی» بە «ئێرانیبوون» لەقەڵەم دەدەن و دەڵێن دەبێ مەرجی ئێرانیبوون لە گفتوگۆکاندا لەبەرچاو بگرین بۆ ئەوەی «نێوەند» پێشمەرجی «شوناسی ئێرانی» نەکات بە گرێی دانوستان. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەمووان دەزانن پەسندکردنی وەها پێشمەرجێک دەبێتە مایەی داماڵینی بەرگی داگیرکەر لە «دوژمن». ئێمە ئەگەر لە هەلومەرجێکی لەباردا لەتەک دەوڵەتی ناوەندی بکەوینە دانوستانەوە؛ با «شوناسی ئێرانیبوون» بەشێوەیەکی دیکە بخەینە ڕوو؛ «ئێرانیبوون» ئەگەر بە مانای ئەو جوگرافیا سیاسییە بێت کە ئێمەی کورد تێیدا پەستێنراوین و خۆ ئەگەر ئەم جوگرافیا سیاسییە ببێتە بنەمای «شوناسی ئێرانیی کورد» ئەوە هەر لە سەرەتاوە «مافی دیاریکردنی چارەنووس»مان لە نەوەکانی داهاتوو سەندووەتەوە و نابێ ئەو شوناسە بەسەرماندا بسەپێنرێ. شوناسی مێژوویی ئێرانی، شوناسێک نیە کە بە نەخشەی جوگرافیای سیاسیی ئێرانی ئێستایەوە بەسترابێتەوە و پەسندکردنی شوناسە مێژووییەکەی ئێران، هاوپشکیی ژیاریی کوردیشی تێدایە و زیان بە «مافی دیاریکردنی چارەنووس» ناگەیەنێت، چونکە نامانکات بە نوێنەری نەوەکانی داهاتوو. دانوستانکەری باش بریتییە لەو کەسەی کە خۆی وەک نوێنەری قۆناخەکەی بناسێنێ نەک بە نوێنەری داواکارییە پێشبینی نەکراوەکانی داهاتوویەکی نادیار.

> ئامانج لە ڕیفۆرم لە وەها وڵاتێکدا پاشەکشەیەکی تاکتیکی و کەمکردنەوەی فشارەکان و خۆنۆژەنکردنەوەیە و لەمەڕ بارودۆخی کوردەوە هیچ ستەمێک و چەوساندنەوەیەک لەسەر کورد کەم ناکاتەوە

## تیرێکی ئاوقەکراو

هەروەک پێشتر هێمام بۆ کرد، «ئازادی» بۆ کورد چەمکێکە هێشتا بەشێوەیەکی «بەرهەستەکی» نەهاتووەتە دی و تێکڕای وێناکانی «ئازادی» بۆ ئێمە لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی «بژاردەکان»دا «سەرپشک» نین، تووشی ساویر(توهم)ی سەمەرە ببین. هەر بۆ نموونە داواکاری یان پشتیوانی لە «ڕیفۆرم» لە وڵاتێکی داگیرکراو لە چوارچێوەی دەستوورێکی نادیمۆکراتیک کە لە نێوەڕۆکدا ڕەنگە تەنیا هەندێ کرانەوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە دوای خۆیدا بهێنێت و کرانەوەکەش بۆ فەرهەنگ و زمانی سەردەست بێت، دەکرێ وەها لێک بدرێتەوە لایەنی پشتیوانیکەر وازی لە دروشمی ڕووخاندن هێناوە و خۆی بۆ هەندێ «ئەگەری هەلپەرستانە» ئامادە کردووە و وەهای پێشبینی کردووە کە ڕەنگە بکرێت بە نزیکبوونەوە لە «نێوەند» خۆی بکات بە لایەنی سەرەکیی دانوستان و لە داهاتووی وڵاتدا پشک و پێگەیەکی سەقامگیر پەیدا بکات. لە ڕاستیدا هەرچەند بە بۆچوونی بەندە ئەمە لە باری ڕەوشتی سیاسییەوە نەباو و ناپەسندە، بەڵام بەگوێرەی سیاسەتی پراگماتیستیش بۆ ئێمەی کورد هیچ دەسکەوتێکی نیە؛ چونکە سیاسەتی پراگماتیستی بۆ بەهێزەکان باشە کە توانایی وەرسووڕاندنی ڕووداوەکان و ئاراستەدانی سیاسەت و مەیدانی ململانێیان هەیە کە ئێمەی کورد لە دەستنیشانی پارامێترەکاندا یەکلاکەرەوە نین و تەنیا دەتوانین لە بەرەیەکی هاوئاراستەدا خۆمان ڕێک بخەین. لە لایەکی دیکەشەوە، بەشداری لە پرۆسەیەکی لێڵی ڕیفۆرمخوازی



له چوارچێوەی دەستوورێکی دواکەوتووی نێوەندگەرا کە بڕوای بە هیچ کەتوارێکی سەرزەمینی بۆ پەراوێزەکانی خۆیشی نیە، بەرەنجامەکەی بەوە دەگات کە ئیدی واز له پێناسەی دوژمن وەک «داگیرکەر» بهێنین و بەم چەشنە بە فەرمی لە خانەی «کورد» وەک «کەتواری سەرزەمینی»ی جیاواز وازمان هێناوە و دانمان بە ڕەواییی کەتواری سەرزەمینیی خاکی وڵاتێکی داگیرکەری پاشماوەی ئیمپراتۆری هێناوە. ئەمە بە مانای وازهێنان لە دانوستان و بەشداری لە سیاسەتکردن وەک ڕێکاری کەمکردنەوەی ستەم و وەدەستهێنانی دەسکەوت نیە. بە بۆچوونی بەندە پشتیوانی لە ڕیفۆرم و گۆڕان لە چوارچێوەی وڵاتێکی داگیرکەر کە بەرەنگاری دەبییەوە و هەنووکە هیچ پێوەندییەکی فەرمی و پێش زەمینەیەکمان بۆ مافەکانمان نیە، بەشدارییە لە پرۆسەیەکدا کە ئەوپەڕەکەی کرانەوەیەکە بۆ نەتەوەی سەردەست کە سروشتی کێشەکان و داخوازییەکانی پێوەندیی بە کوردەوە نیە. خۆ ئەگەر کەسانێک پێمان بڵێن هەر جۆرە کرانەوەیەکی نێوەند قازانجی بۆ پەراوێزەکانیش هەیە؛ وڵامەکە ڕوونە:

**یەکەم**، نێوەند بە شێوەیەکی یەکسان «ماف» و «ئەرک» ی بەسەر هەموو جوگرافیای ئێراندا دابەش نەکردووە.

**دووەم**، لە «دەستوور» و «یاساکان»دا هەڵاواردن لە پلەی هاووڵاتیبووندا بەزەقی وەبەرچاو دەکەوێت و سەرباری ستەمی نەتەوەیی، هەڵاواردنی ئایینی و ئایینزایی هەیە و بەشداری لە دەسەڵات تەنیا لە نوێنەرایەتییەکی گاڵتەجاڕانەی پڕوپاگەندەییدایە.

**سێیەم**، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێمە گیرۆدەی وڵاتێکین کە خاوەن دەسەڵات یاساکانی خۆیشی جێبەجێ ناکات و وڵات بە ڕێنمایی بەڕێوە دەچێ و ڕێنماییەکانیش باری تەناهییان هەیە. لەو سۆنگەیەشەوە کرانەوەکان «تاکتیکی»، کورتخایەن، توێژتەوەر و سەرکەرن و لە دەستووردا هیچ چاکسازییەک پەسند ناکرێت و تەنیا بۆ تێپەڕاندنی قەیران سوودیان لێ وەردەگیرێت.

لەبەر ئەم هۆکارانە، ئامانج لە ڕیفۆرم لە وەها وڵاتێکدا پاشەکشەیەکی تاکتیکی و کەمکردنەوەی فشارەکان و خۆنۆژەنکردنەوەیە و لەمەڕ بارودۆخی کوردەوە هیچ ستەمێک و چەوساندنەوەیەک لەسەر کورد کەم ناکاتەوە.

# «شیکاری»


# بیری لێنین و باغەکانی سەمەرقەند:

## گەشتێک بەنێو کتێبخانەی تایبەتیی د. قاسملوودا

**د. ئاسۆ حەسەنزادە**



پێوەندیی نێوان کتێبەکان و دوکتور قاسملوو و کاریگەرییان لەسەر بیر و خەیاڵی، بێگومان لەو حاڵەتانەشدا ئاسانتر دەدۆزرێتەوە کە لەلایەن نووسەرەکانەوە پێشکەشی کراون یان قەدیان شکاوە و جار جارە و لێر و لەوێ یادداشت و سەرەقەڵەمێکی دوکتور قاسملوویان تێدا بەجێ ماوە.




*«ئەمن زۆر هۆگـــری خوێندنەوەم. هەموو گۆڤارەکان، ڕۆژنامە بێگانە و ئێرانی‌یەکان لە کوردستان دەخوێنمەوە و زۆریش هۆگری خوێندنەوەی ڕۆمان و کتێبە زانستییەکانم. بەڵام حەزم زۆر لە شـــێعرە. لە کوردستان شەوی شێعر پێک دێنین و منیش شێعر دەخوێنمەوە. هۆگرییەکی یەکجار زۆرم بە شـــێعری کلاسیکی ئێران هەیە، بۆ نموونە حافز و ســـەعدی و خەییام و بابا تاهیری عوریان و فیردەوسی. هەروەها بە شێعری کلاســـیکی کـــوردی بەتایبەتی گۆران کە شاعیری ســـەدەی بیستەمی کوردستانە و ئەحمەدی خانی کە شـــاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرە نوێیەکان نادر نادرپوور و ئەحمەدی شاملووم بەدڵن و دیوانەکانیانم هەیە. پەروینی ئیعتیسامیییشم زۆر خۆش دەوێ و هەست دەکەم شێعرەکانی زۆر لە ژیانی ئێستای من نزیکن.»*

*(دوکتور قاسملوو،*
*وتووێژ لەگەڵ ڕادیۆ بی.بی.سی)*

## کردنەوەی دەروازەی کۆشک

فرانسوا مۆریاک، ئەندامی ئەکادیمیی فەرانسە و خەڵاتـــی نۆبێلی ئەدەبیات، دەڵێ «پێم بڵێ چ دەخوێنیـــەوە تـــا پێت بڵێـــم کێی، بەڵام باشترت دەناســـم ئەگەر پێم بڵێی چ شتێک سەرلەنوێ دەخوێنیەوە».

ناسین و تێگەیشتن لە جەوهەر و ناخی کەســـایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤە گەورەکان تەنیا بە پشتبەســـتن بە ڕیوایەتی ڕەسمیی ژیانیان و وتە و کردەوەی ئاشکرایان نایەتەدی. بەڵکوو هەڵســـوکەوت و دونیا و دیکۆری نێو ژیانی تایبەتیشیان ســـەرچاوەیەکی بەنرخی ئـــەم دەرک و بەدواداچوونەیـــە. ڕەهەندێکی گرینگـــی ئەم دیـــوە کەمتر دیـــارەی ژیانی کەســـایەتییەکان ـ بەتایبەتی هی ڕێبەرانی سیاســـی- بواری خوێندنەوە و موتالعەیە کە بە سەرنج پێ دان و لێوردبوونەوەی دەکرێ بـــە بابەتەکانی جێگای ســـەرنج و هۆگریی کەســـایەتییەکە ئاشـــنا بین و تـــا ڕادەیەک بۆمان دەربکەوێ کە لەژێر کاریگەریی کامە بەرهەمـــە فیکـــری و ئەدەبـــی و کام تێز و لێکۆڵینەوانەدا (تەنانـــەت ئەگەر لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەشـــیاندا بووبـــێ) دەزگای هزر و ڕوانیـــن و شـــێوازی ئاخاوتـــن و دەربڕینی کەسایەتییەکە بیچم و نێوەرۆکی وەرگرتووە.

یەک دوو ســـاڵە لە بەرە بەری ساڵرۆژی شـــەهید بوونی دوکتور قاســـملوودا ئەو بیرە و ئەو پرســـیارە لە مێشکم دا کەڵکەڵە دەکا کـــە ـ هەروەک چۆن گەلانـــی تری جیهان بۆ سەروەران و سەردارانی خۆیانی دەکەن ـ ئایا ئێمـــەش دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ئەو ڕێبەرە مەزنە لەدوای خۆی بە یادگار بۆ گەلەکەی بەجێ هێشـــتوون (لە کتێب و نامە و دەستنووس و فایلە دەنگی و ڕەنگییەکانـــی ڕا بگرە هەتا ئالبۆم و کەلوپەلە تایبەتییەکانی) بە چەشـــنێک وەســـەریەک بخەینەوە کە لە مەترســـیی ژاکان و فەوتان ڕزگاریـــان بێ و لـــە هەلومەرجـــی لەباردا مووزەیەکیان (ئەگەر کرابا جارێ لە «ئاخرین ماڵی ژیانی» لە قەندیل) لێ دروســـت بکەین کە هـــەم ببێتە زیارەتگایـــەک بۆ هۆگران و

ئەویندارانی بیروباوەڕ و ڕێبازەکەی؛ هەم ئەرشیڤێکی زیندوو بۆ بەردەستی مێژوونووس و لێکۆڵەرانی مەسەلەی کورد. بەشی هەرە زۆری ئەم کەلوپەلە تایبەتییانە لە دەرەوەی وڵاتە (لەگەڵ هێندێکیان لە پاریس هاوماڵ بووم)، بەشی کەمتریشی لە کوردستانە کە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کتێبەکانی، لەنێو کتێبخانەیەکی بچووکدا و بە چەشنێک کە شیاوی ئەو یادگارە بەنرخانەیە، لە ژووری کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا ڕاگیراون [ئەو ژوورە لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٩دا خاپوور بوو، بەڵام کتێبەکان ئەگەرچی زیانی زۆریان پێ گەیشت، هەر ماون و ئێستا لە شوێنێکی دیکە ڕاگیراون].

ماوەیەک بەر لە نووسینی ئەم دێڕانە هاوڕێی هەمیشە لەدڵمدا، د. هاشمی ئەحمەد زادە پرسیاری لێ کردم کە بۆچی شتێک لەسەر نێوەڕۆکی کتێبخانە تایبەتییەکەی د. قاسملوو ئامادە ناکەن؟ ئەمن کە بۆخۆشم دەمێک بوو بیرم لە کارێکی وا دەکردەوە، بڕیارم دا دەستی لێ ببزێوم. هەربۆیە لە بیست و پێنج ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، ئیزنم بە خۆم دا دەرگای ئەو کتێبخانەیە بکەمەوە و دەست بۆ کتێبەکان بەرم. ساتەکانی دەسپێکی ئەو سەردانە بۆ من پڕ بوو لە هەژان. وەک ئەوە وا بوو دەست بۆ کەرەسەیەکی پیرۆز ببەم و پێ بنێمە نێو دیار و دەڤەرێکی ئەفسانەیی، مەملەکەتێک کە لەودا هەستم نەدەکرد میوانێکی نەخوازراو بم، بەڵام هەستم بە بچووکی دەکرد. کتێبەکان بۆنی دوکتور قاسملوویان لێ دەهات، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە ساڵانی سەختی خەباتی شاخدا، بەدەم هارەی تەیارەی دوژمن و هاژەی تاقگەکانی کوردستانەوە، لەنێو چادر و لەژێر کەپرەکاندا، هاوڕێ و هاودەمی کاتە کەمتر ئازاد و ئارامەکانی بوون. دەتگوت گەلەریی مێژوون، ڕەنگی تێپەڕینی ڕۆژگاریان گرتبوو و دیار بوو سێبەری سەدە و هەزارەیەکی نوێیان بەسەردا کشاوە. پڕ بوون لە سەرەقەڵەمی خۆی و دەسخەتی ئەو نووسەرانەی کتێبەکانیان پێشکەش کردبوو. «تاریکستانی ئەشباح» نەبوو ئەو کتێبخانەیە، چراخانی ئەڕواحی گەش و ڕووناک بوو...

## پۆلێنی کتێبەکان

یەکەم کتێب کە سەرنجی ڕاکێشام کتێبێکی ئینگلیسی بوو سەبارەت بە هونەری کتێبخانەداری کە کۆمەڵێک وتاری ڤیلادیمیر ئێلیچ لێنین-ی سەبارەت بە گرینگیی پەرەپێدان بە فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە و سیستەمی ڕێکخستنی کتێبخانەکان لە یەکێتیی سۆڤییەت لەخۆ گرتبوو. دەمودەست کەوتمەوە یادی ئەو بەیانییە بەهارییەی قەندیل کاتێک دوکتور قاسملوو لە ماڵی عەبدوڵڵای حەسەن زادە چاوی لە کتێبخانەکەی ناوبراو دەکرد و بابم بە ئیشارە بە من گوتی «ئەوەش کتێبخانەدارەکەمە!». دوکتور قاسملووش لە وڵامدا گوتی: «کتێبخانەداری عیلمە!». ئەوکاتە بۆم پرسیار بوو کە چۆن دەکرێ کارێکی «سادە»ی وەک کتێب ڕاگرتن عیلم بێ و نەمدەزانی کتێبخانەداری لە دنیای پێشکەوتوودا وەک دیسیپلینێکی ئەکادیمی و زانستی ئەژمار دەکرێ.

گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا وێستگە یەک لەدوای یەکەکانی ژیان و خەباتی ئەومان بیر دەخاتەوە و زۆر شتی تازەمان لەبارەی کەسایەتی و بیروباوەڕی ئەو پیاوە سیاسییە کە کتێب خوێنەوەیەکی بەبڕشت بوو، فێر دەکا. هەڵوەستەی ورد و وەرددانەوەی بەلەباریی کتێبەکان کۆمەڵێک نیشانەمان سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی بیرۆکەکانی قاسملوو، و هەوێنی خەون و خولیا و نیگەرانی و

هیواکانی دەخاتە دەســـت. نیشانەگەلێک کە بۆ ئەوە دەبن لەگـــەڵ زانیارییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە ڕابردوو و ڕوانگەکانی قاسملوو لە تەنیشت یەک دابنرێن و لە ساغکردنەوەی پازڵی قاسملوودا کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

دیارە ئەم کەڵک وەرگرتنە پێویستە زۆر بەپارێزەوە ئەنجام بدرێ، چونکە هەرچەشنە ئاکامگیرییەکـــی خێـــرا و ڕەهـــا لەبـــارەی کاریگەریی تـــەک تەکی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە لەسەر دوکتور قاسملوو لەجیاتی ئەوەی شوێنهەڵگر بێ دەتوانێ شوێنونکەر بـــێ و بە هەڵەمانـــدا ببـــا، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە دوکتور قاســـملوو ڕێبـــەر و سیاســـەتمەدارێکی کردەوەگەرا و واقیعبیـــن و خاوەن خوێندنـــەوەی تایبەت بەخۆی لە ڕووداو و دیـــاردەکان بوو و قەت نەدەچووە ژێر باری گوتاری زاڵ و خانەبەندییە تیئۆرییە پێشتر داڕێژراوەکان.

تەنانەت بڕیاردان لەسەر ئەوە کە هەموو کتێبەکان مســـۆگەر هەڵبژاردەی خۆی یان جێـــگای ســـەرنج و هۆگریی خـــۆی بوون، هەمیشـــە کارێکـــی ئاســـان نیـــە. خاڵێکی ســـەرنجڕاکێش و هەژێنـــەر ســـەبارەت بە ســـاغکردنەوەی پێوەندیی دوکتور قاســـملوو لەگەڵ ئـــەو کتێبانە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی دوکتـــور ســـادقی شـــەرەفکەندی جێگرەوە و لەڕووی سیاســـی و حیزبییەوە میراتگری دوکتور قاســـملوو بوو، بەوێنەی ســـەفەری ژیان و خەبات و گۆڕغەریبیی پێرلاشـــێزیان، کتێبەکانـــی نێـــو کتێبخانەکانیشـــیان دەستلەملانی یەکتر بوون و زۆر جار دەبینین کە کتێبێکی ئەمیان لـــە نێو کتێبخانەکەی ئەویاندا ئارامی گرتووە و نەگەڕاوەتەوە شوێنی خۆی. هەروەهـــا هەژێنەرە کە جار جارە لەو کتێبخانەیەدا تووشـــی کتێبی وا دەبین کە لەپاش مەرگی دوکتور قاسملوو و لەپێوەندی لەگەڵ ئۆدیسەی ژیانی قاسملوودا نووسراون، وەک بـــۆ نموونـــە نامیلکـــەی فەڕانســـەیی «دوکتور قاسملوو، پیاوی ئاشتی و دیالۆگ»، یان نوسخەی ئیسپانیۆلیی کتێبەکەی کارۆل پرۆنهووبێر، بەناوی «خولیا و مەرگی ڕەحمانی کورد».

ســـەبارەت بـــە کتێبەکانـــی دوکتـــور قاسملوو و ئامرازی دەستنیشانکردنی ڕادەی گرینگییان هێندێک نیشانە هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن. بەشـــێک لـــە بەرهەمەکان ڕێچکە و شوێنەواریان بە ڕوونی لە قسەکانی دوکتور قاســـملوودا وەبەرچـــاو دەکەوێ، لە نووســـینەکانیدا بۆخـــۆی ڕاســـتەوخۆ وەک سەرچاو کەڵکی لێ وەرگرتوون، یا لە کۆڕی دۆســـتان و هاوڕێیانیـــدا زۆر جـــار ئاماژەی پێ دەکردن. پێوەندیی نێـــوان کتێبەکان و دوکتور قاســـملوو و کاریگەرییان لەسەر بیر و خەیاڵی، بێگومان لەو حاڵەتانەشدا ئاسانتر دەدۆزرێتـــەوە کە لەلایەن نووســـەرەکانەوە پێشکەشـــی کراون یان قەدیان شکاوە و جار جارە و لێر و لەوێ یادداشت و سەرەقەڵەمێکی دوکتور قاسملوویان تێدا بەجێ ماوە. زۆر لە کتێبەکان لەســـەر بنەمای تێگەیشتنێک کە دۆستانی دوکتور قاسملوو بەتایبەتی دۆستە بێگانەکانی لە بوارەکانی جێگای ســـەرنجی دوکتور قاســـملوو بوویانە، بـــۆ وی نێردراون. لەنێـــو هەموو کتێبەکانیشـــدا بەنرخترینیان لەڕووی بایەخـــی عاتیفـــی و مێژووییەوە ئەوانەن کە وەختی خۆی دوکتور قاســـملوو بۆخـــۆی دابینی کـــردوون و نیشـــانەی لێ داون. ئـــەو عادەتـــی بوو لە لاپـــەڕەی پێش کۆتایـــی ئەو کتێبانەدا کە بۆی گرینگ بوون و هی خـــودی خۆی بوون بـــە لاتینی و بە خەتێـــک کە کەمێـــک وەک خەتی تەبیبان دەچـــێ دەینووســـی «ڕەحمـــان»، خەتێکی بەژێردا دەکێشا و لە خوارەوەی ئەو خەتەش ڕێکەوتی ڕۆژەکەی دەنووسی.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەهـــۆی هەلومەرجی ســـەختی خەبات و ڕاگوێزرانـــی بەردەوامی بنکەی ســـەرکردایەتیی حیـــزب و دژواریی

دەستڕاگەیشتن بە کتێب و سەرچاوەکان لەو سەردەمەدا، ژمارەی سەرجەم کتێبەکان زۆر نیە (چەند سەت جڵد)، هەر لە یەکەم ڕوانیندا دەوڵەمەندیی کتێبخانەکە چ لەڕووی زمان و کات و شوێنی چاپی کتێبەکان و چ لەڕووی جۆراوجۆریی بوار و بابەتەکانەوە سەرنج ڕادەکێشێ. بەڵام مەسەلەیەکی گرینگ کە لە هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبخانەیەدا دەبێ لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە ئەو کتێبخانەیە تەعبیر نەک لە هەموو ژیانی فیکریی دوکتور قاسملوو، بەڵکوو تەنیا تەعبیر لە دە ساڵی کۆتایی ژیانی دەکا، ئەگەرچی زۆر کتێبیشی تێدان (بەتایبەتی لەبواری مێژوویی و هزریدا) کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی چاپ کراون یان لە شەستەکانی زایینیدا ئەودەم کە دوکتور قاسملوو لە پراگ دەژیا یا لە حەفتاکاندا کاتێک لە پاریس بوو، دابینی کردوون.

چاوخشاندنێک بەو کتێبە دێرینانەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ خۆی هێناونیەوە کوردستان و بەگشتی بە سەرجەم کتێبەکان، دوو ئاکامگیریی مانابەخشمان لەبارەی پۆلێنی کتێبەکان دەداتە دەست:

**یەکەم،** لەگەڵ ئەوە کە دوکتور قاسملوو بە پلەی جیاواز شارەزای نزیک بە دە زمانی زیندووی جیهانی بەتایبەتی ڕووسی و زمانە سلاڤەکان بوو، زیاتر لە حەفتا لە سەدی کتێبەکانی بە زمانی فەڕانسەیین. سەرنجڕاکێشە کە بزانین تەنانەت کتێبەکانی پێوەندیدار بە مارکسیسزم- لێنینیزمیش کە دوکتور قاسملوو لە گەنجێتیدا پەیدای کردوون و ڕایگرتوون، زۆربەیان بە زمانی فەڕەنسین. لەنێو زمانەکانی دیکەدا کوردی و فارسی بە پلەی دووەم، زمانە سلاڤەکان بە پلەی سێهەم، ئینگلیزی بە پلەی چوارەم، عەرەبی و ئاڵمانی بە پلەی پێنجەم دێن و تاق و لۆقیش کتێب بە زمانی تورکی وەبەرچاو دەکەوێ. هۆی باڵادەستیی زمانی فەڕانسەیی لەم کتێبخانەیەدا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەدا کە ئەو کتێبخانەیە شکڵی گرتووە زۆربەی ئەو بیانییانەی بەمەبەستی ڕۆژنامەوانی یا بۆ یارمەتیی پزیشکی و ئینسانی سەردانی کوردستانیان کردووە فەڕانسەیی بوون، یا ئەوە کە فەڕانسە وێستگەی یەکەم و سەرەکیی سەفەرەکانی دوکتور قاسملوو بۆ دەرەوەی وڵات بوو. بەڵکوو ئەو مەسەلەیە پێش هەموو شتێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە بنەڕەت ڕا زمانی فەڕانسەیی لە دنیای مەعریفیی دوکتور قاسملوودا جێگەی یەکەم یا هەر نەبێ ڕیزی یەکەمی هەبوو. کاریگەریی زمانی فەڕانسەیی بەسەر زمانی بیرکردنەوە و ئاخاوتنی دوکتور قاسملووەوە تەنانەت ئەو کاتەی بە کوردی یا بە فارسیش قسەی دەکرد بە ڕوونی دیار بوو، ئەگەرچی ئەو کاریگەرییە نەدەگەیشتە ڕادەی کاریگەریی هەمان زمان لەسەر مێکانیزمی بیر و دەربڕینی دوکتور شەرەفکەندی، و زانستی کەلامی دوکتور قاسملوو شوێنەواری ڕەوانبێژییانەی زیاتر لە زمانێکی سەرەکیی پێوە دیار بوو.

**دووەم،** لەگەڵ ئەوەدا کە بواری پسپۆڕیی ئەکادیمیی دوکتور قاسملوو ئابووری بوو، بە تاق و لۆق کتێبێک لەو کتێبخانەیەدا هەڵدەکەوێ کە پێوەندیی بە زانستی ئابوورییەوە هەبێ (بۆ نموونە یەک لەو تەنیا دوو کتێبە تورکییەی باسی ئابووریی کوردستانی تورکیە دەکا یان چاپی تورکیی نامیلکەیەکی خۆی سەبارەت بە کوردستانی ئێران کە بە یادداشت و سەرەقەڵەمەکانی نێوەوەی ڕا دیارە دوکتور قاسملوو زۆر لە چاپ و وەرگێڕانەکە ڕازی نیە). لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی دوکتور قاسملوو لەڕووی تیئۆری و فەلسەفەی سیاسییەوە هۆگر و هەڵگری چەمکە هزرییەکان بەتایبەتی لە مەکتەبی مارکسیستیدا بوو، کەچی کتێبە فیکری و ئیدئۆلۆژیکەکان کەمترین

جێگەیان لەو کتێبخانەیەدا بەنسیب بووە و بە پەنجەکانی هەردوو دەست دەژمێردرێن.

زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکان پێوەندییان بە مەسایلی ژێئۆپۆلیتیک و سیاسەتی دەرەوە و ململانەی زلهێزەکان و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە. کەموکوڕییەکانی سۆسیالیزمی مەوجوود و پێویستیی ڕیفۆرم، ئەحزابی چەپی دنیا و سۆسیال دێموکراسی، مێژووی جیهان بەتایبەتی ئینقلابەکان، بیۆگرافی و بیرەوەریی سیاسەتمەدارانی ناسراو، کێشە و پێوەندییەکانی جیهانی سێهەم، ڕۆژهەڵاتناسی و مێژووی ئێران، کوردۆلۆژی، مافی مرۆڤ، تێرۆریزم، خەباتی پارتیزانی و تاکتیکە نیزامییەکان بوارەکانی دیکەی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە پێک دێنن. بێگومان لەو کتێبخانەیەدا ژمارەیەکی زۆر کتێب و بەرهەمی ئەدەبییش (چ لەبواری ڕۆمان و شێعری بێگانە بەتایبەتی فەرەنسی و چ لەپێوەندی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا) وەبەرچاو دەکەون. هەروەها سەرنجڕاکێشە کە بزانین لە تەواوی ئەو کتێبخانەیەدا تەنیا یەک دانە کتێب لەپێوەندی لەگەڵ ئایین و ئایینناسیدا هەیە کە ئەویش پێوەندیی بە تێئۆلۆژیی ڕزگاریی مرۆڤەوە هەیە.

هەمووی ئەمە بە مانای بێمەیلی و گرینگی نەدانی چیدیکەی دوکتور قاسملوو بە پسپۆرییە ئەکادیمییەکەی خۆی و بەگشتی بە بواری فیکر و تیئۆری نیە. بەڵکوو مانای ئەوەیە کە کتێبخانەکەی ساڵانی دوایی ژیانی دوکتور قاسملوو ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی ئەوکات و پێویستییە مەعریفییەکانی ئەو لەو سەردەمەدا بووە. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە ئەو کتێبخانەیە کتێبخانەی عەمەلیی سیاسەتمەدارێکی عەمەلگەرایە کە لەو دوایین قۆناغەی ژیان و خەباتیدا کە قۆناغی هەرە پڕشنگدار و دەروشاوەی بوو، ئەوەندەی سەرنجی دەدایە پرسەکانی بواری سیاسەتی واقیعی و خەباتی بەکردەوە، ئەوەندە خۆی بە بابەتە تەنیا فیکری و تیئۆرییەکانەوە خەریک نەدەکرد.

سەبارەت بە نێوەرۆکی کتێبەکانی هەر کام لەو بوارانەی باس کران، لەگەڵ ئەوە کە کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە بەپێی بوار و بابەت پۆلێن و ڕەدیف نەکراون، بەڵام دەتوانین بۆ مەبەستەکانی ئەم وتارە کتێبەکانی هەرکام لە بوارە ئاماژە پێ کراوەکان وەسەریەک بخەینەوە و نموونەی ماناداریان لێ بێنینەوە.

## بواری هزر و ئیدئۆلۆژی

هەروەک باسمان کرد و ئاماژەمان بە هۆیەکەشی کرد، ژمارەی ئەو کتێبانەی نێو ئەم کتێبخانەیە کە نێوەرۆکێکی تەنیا هزری و ئیدئۆلۆژیکیان هەیە لەچاو ئەوە کە دەکرێ زائیرێک پێش کردنەوەی دەرگای کتێبخانەکە پێشبینیی بکا، یەکجار زۆر کەمە. لێرەدا یەک دوو کتێبی بیرمەندی لیبراڵ و نەیاری سەرسەختی تۆتالیتاریسم، ڕێمۆن ئارۆن (وەک «پەنجا ساڵ بیرکردنەوە سیاسی»یەکەی و دوایین بەرهەمە تەواونەکراوەکەی ژیانی لەسەر ئەزموونی کۆتایی سەدە) — هەر ئەو کەسە کە لەو شوێنەدا کە مارکس ئایینی بە «ئەفیۆنی خەڵک» لە قەڵەم دەدا، ئەو مارکسیسزمی بە ئەفیۆنی ڕووناکبیران دەزانی- لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی پێوەندیدار بە پرەنسیپەکانی مارکسیزم-لێنینیزم کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی بە زمانی فەرانسەیی لە پێکەن چاپ کراون (وەک «دەوڵەت و ئینقلاب» و «ئابووری و سیاسەت لە سەردەمی دیکتاتۆریی پرۆلتاریادا»ی لێنین و «پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم»ی ئێنگلس و «ئەنترناسیۆنالی چوارەم»ی ترۆتسکی) تێکەڵی یەکدی بوون. هەر لەو بوارەدا کۆمەڵێک سەرچاوە کە لە ڕۆڵی فاکتەری نەژادی و جێگە و پێگەی

نەتەوە لە تیئۆریی مارکسیستیدا دەکۆڵنەوە (بۆ نموونە توێژینەوەکانی ئامادۆ بۆردیگا و فرانسوا ماسپێرۆ)، هەروەها هێندێک سەرچاوە کە سەرنج دەدەنە مەرام و ڕوانگەکانی مارکسیستەکانی جیهانی سێهەم (بۆ نموونە گۆڤارێکی مارکسیستەکانی ئەفریقا و ڕاپۆرتێک سەبارەت بە فێستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە دیدی وەفدی ڕێکخراوەکانی وڵاتانی دۆستەوە) سەرنج ڕادەکێشن.

بەڵام ئەوەی لەو بوارەدا باڵادەستە نەک لایەنی تیئۆریی مارکسیسیزم-لێنیزم، بەڵکوو لایەنە عەمەلی و مەیدانییەکەی وەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئەو بیروباوەڕە و واقیعییەتی سیستەمی کۆمۆنیستی لە سەدەی بیستەمدایە. زۆربەی بەرهەمەکانی پێوەندیدار بەو پرسەش لەو کتێبخانەیەدا ئامانجیان ئەوەیە کە وێڕای شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی و ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەت، سەبارەت بە نیشانەکانی ڕزین و هۆکارەکانی زەواڵی سۆسیالیزمی مەوجوود هۆشیاری بدەنە خوێنەر. لێرەدا بۆ نموونە ئەم تیترانەمان دێتە بەرچاو: «دەسەڵاتی قەبزەکراو لە یەکێتیی سۆڤیەت» لە نووسینی هێلێن کارێر دانکۆس، «مافیا لە شووروەوی» لە نووسینی ڤێرژینی کوولۆدۆن، یا «نامەکانی میخائیل یەفیمۆڤ» سەبارەت بە دۆخی خراپی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. بێگومان بەشێک لە سەرچاوەکانی ئەم هۆشیارییە مێژووییە کە دوکتور قاسملوو لە ناوچەی ئێمەدا یەکەم کەس و تا ماوەیەکی زۆر تاقانە ڕێبەری سیاسی بوو ئازایەتیی ئەوەی هەبوو بە ئاشکرا بیڵێ و ئاکامگیریی بەکردەوەی لێ وەربگرێ، سەرچاوەی ڕەسمیی خودی دەسەڵاتی سۆڤیەتین، لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٥٦ (کە لەودا مەودا دانانی خرووچێف لەگەڵ ستالینیزم ئەفسانەی «هەرگیز هەڵەنەکردنی سۆسیالیزمی عیلمی وەک وڵامی موعەممای تاریخ»ی تێک شکاند) ڕا بگرە تا ڕیفۆرمخوازییە چارەنووسسازەکەی گۆرباچێف —«پێرێسترۆیکا، ڕوانینێکی نوێ لە وڵاتەکەمان و لە جیهان» (چەندین نوسخەی هەمان چاپ لە کتێبخانەکەدا هەیە)- و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی نوێنەرانی گەلی سۆڤیەتی لە ١٩٨٩ کە ناوبراو وەک ئامرازێکی نیهادی بۆ شەرعیەت پێدان و جێبەجێکردنی پرۆژە ڕیفۆرمیستییەکەی خۆی دروستی کردبوو.

> **لەگەڵ ئەوە کە کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە بەپێی بوار و بابەت پۆلێن و ڕەدیف نەکراون، بەڵام دەتوانین بۆ مەبەستەکانی ئەم وتارە کتێبەکانی هەرکام لە بوارە ئاماژە پێ کراوەکان وەسەریەک بخەینەوە و نموونەی ماناداریان لێ بێنینەوە**

ئەگەر کتێبخانەدارێک لە چەشنی ئەوەی دوکتور قاسملوو لە بەیانییە بەهارییەکەی قەندیل مەبەستی بوو، کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە ڕێک بخاتەوە، پاش ڕیزکردنی سەرچاوەکانی سەرەوە، بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەو کتێبانە دادەنێ کە باسی ئەلترناتیڤە مەوجوودەکەی دیکەی ڕۆئیای یەکسانیی مرۆڤ لەو سەردەمەدا دەکەن. لە کتێبخانەی ئەو پیاوەدا کە لە جەرگەی خەباتی قورسی چەکداریدا حازر بوو بۆ چەسپاندنی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لە پرۆگرامی حیزبەکەیدا تێچووی گەورەی تەشکیلاتی تەحەمول بکا، کۆمەڵێک سەرچاوەی خوێندراوە و کارلەسەرکراو سەبارەت بە «ئۆرۆکۆمۆنیزم» (کۆمۆنیزمی ئورووپایی) و ئەزموونی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی بلۆکی ڕۆژئاوا (بۆ نموونە کتێبێکی کارل کۆرش دامەزرێنەری مارکسیزمی ڕۆژئاوایی و کتێبێکی

سانتیاگۆ کاریلۆ سکرتێری گشتیی پارتی کۆمونیستی ئیسپانیا) سەرنج ڕادەکێشن. دیارە لەو نێوەدا پرۆژەی سۆسیالیستەکانی فەرانسە لە هەشتاکان و باس و خواسی نێو کۆنگرەکانی پارتی سۆسیالیستی فەرانسە (بەتایبەتی کۆنگرەی «ئێپینە» کە کۆنگرەی یەکگرتنی بەرەی چەپ لە فەرانسە و سەکۆی سەرکردایەتیی فرانسوا میتران بوو) جێگایەکی دیارتریان هەیە. چلەپۆپەی ئەم کۆمەڵە سەرچاوەیەش ئەو کتێبانەی نێو کتێبخانەکەن کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سیستمی پارێزگاریی کۆمەڵایەتی لە ئورووپای کاپیتالیستی و دەوڵەتی ڕیفاهی لە سکاندیناوییەوە، پۆتانسیەل و هەر ئەودەم سنوورەکانی سۆسیال دێموکڕاسی دەخەنە ڕوو.

## مێژوو

بە هۆگری و هەگبەیەکەوە کە دوکتور قاسملوو لەبواری مێژوودا هەیبوو، سروشتییە کە کتێبەکانی ئەم بوارە جێگەیەکی گرینگیان لە کتێبخانەکەیدا بۆخۆیان داگرتبێ. لێرەدا مێژووی نوێی جیهان بە قەڵەمی هەریەک لە ڤیکتۆر ئالێکساندرۆڤ و مارک فێرۆ و جەواهیر لەعل نەهرۆ دیدێکی بەستێن ناسانە و تەنانەت دەروونناسانەی سیاسی بۆ مێژوومان دەدەنە دەست. هەروەها مێژووی ئینقلابەکانی جیهان بەتایبەتی ئینقلابی فەرانسە سەرنج ڕادەکێشن. لە کتێبێکی ئالبێرت سابوولدا لەو بارەوە هەموو ئەو شوێنانەی کتێبەکە کە باسی هەڵوێستی هێزە نەریتییەکانی کۆمەڵگای ئەودەمی فەرانسە بەتایبەتی کلیسا و ئەشرافیەت لە کاتی شۆڕشی فەرانسەدا دەکەن بە قەڵەم (میداد)ێکی کاڵ خەتیان لەبن کێشراوە و ئیشارە کراون. هەر لە فەرانسە، سەبارەت بە ڕاپەڕینی مانگی مای ١٩٦٨ی ئەو وڵاتە کە لەسەر بەستێنێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی و لەڕاستیدا بەدژی کۆمەڵگای نەریتی و بۆ ئازادیی زیاتر و شل کردنەوەی کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوە چوو، چەند سەرچاوەیەک لەو کتێبخانەیەدا دەبینرێ. لەسەر شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانیش چەند کتێبێک سەبارەت بەو ئینقلابە لە دیدی ئورووپاییەکانەوە وەک کتێبی «خومەینی، ئینقلابی خیانەت پێکراو» لە نووسینی ژان پیەر پیشار و کریستیان دۆلانوا دەبینرێ.

هەر لەبواری مێژووییدا زۆر بیۆگرافی و ئۆتۆبیۆگرافیی کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی جیهان لە کتێبخانەکەی د. قاسملوودا وەبەر چاو دەکەون. لێرەدا ژیان و بەسەرهاتی ستالین و تیتۆ و چەند جڵد داستانی ژیانی مووسۆلینی بە قەڵەمی ئاندرێ بریسۆ کە خاتوونێکی ئێرانی بەناوی پەریچێهری سابیتی «بە ئاواتی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کورد و ڕزگاریی میللەتی ئێران لەم ڕۆژگارە تاڵ و خەمناکە» پێشکەشی بە دوکتور قاسملووی کردووە لەگەڵ بیرەوەرییەکانی مارشاڵ ڤاسیلێفسکی قارەمانی شەڕی ستالینگراد و بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجێر بوونە ماڵاوسێی یەکتر. بەڵام دیسان فەرانسە بەشی شێری وەبەر کەوتووە : جگە لە بیۆگرافی و بیرەوەرییەکانی ژەنراڵ دوگۆل و فرانسوا میتران (بە قەڵەمی خۆی لەژێر ناوی «مێشەنگوین و ئەندازیار» کە مانیفێستی وی بۆ فەتحی دەسەڵات لەپێناوی وەدیهێنانی ئیدئالەکان و لەسەر بنەمای بیروباوەڕە)، هێندێک لە سەرچاوەکان باسی ژیان و خەباتی کەسانی لە ناوچەی ئێمەدا کەمتر ناسراو دەکەن، وەک ژۆرژ کلێمانسۆ سەرۆک وەزیری سەرەتای سەدەی بیستی فەرانسە کە سەرسەختانە داکۆکیی لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت کردبوو و لە کۆمەڵگای دژە یەهوودی ئەوسادا ئازایانە داکۆکیی لە کاپتن دریفووز-ی بە ڕەگەز جوولەکە کردبوو کە بە ناهەق تۆمەتبار کرابوو

کە خیانەتی بە وڵات کردووە، هەروەها پیەر مەندێس فرانس گەورە سـیمای کۆمارەکانی سـێهەم و چوارەمی فەڕانسە کە وڵاتەکەی لـە ڤیەتنـام هێنابووە دەر. ئـەم کتێبە کە پزیشکێکی فەڕانسـەیی بەناوی ڕۆنی ڕووزۆ لەبری پێشکەشـی بە فەڕانسەوی لەسەری نووسیوە «خۆڕاگری.. خۆڕاگری.. خۆڕاگری!» و ئادرەس و ژمارە تەلەفونی خۆی لە مارسەی بۆ بەجێ هێشـتووە، یەکێک لـەو ئاخرین کتێبانەیە کە دوکتور قاسـملوو خستوویەتە نێو کتێبخانەکەیەوە.

بـەڵام هەژێنەرترین و ڕەنگە بەنرخترین کتێبی ئەم بەشە کتێبێکە بەناوی «پیاوێکی جیاواز» بە قەڵەمی ژیل پێرۆ کە بەسەرهاتی هانری کوریەل دەگێڕێتەوە کە خەباتگێڕێکی جوولەکـەی کۆمۆنیسـت و لایەنگـری جیهانی سـێهەم بوو و لـە هێندێک وڵاتی عەرەبی وەک میسـر و ئەلجەزایر نەخشـی داکۆکیکارانە لە گەلانی ژێردەستەی نواندبوو. هانـری کوریەل کـە لە سـەردەمێکدا کە کەس بیری لە شـتی وا نەدەکردەوە هەوڵی دەدا فەلەسـتینیەکان و ئیسـرائیلییەکان پێک بێنێ هەتا کێشـەی خۆیان لەڕێگەی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەن، ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس تێرۆر کـرا. کاتێک ڕۆژهەڵاتناس و کورددۆستی فەڕانسەیی مەدام جۆیس بلۆ لەسـەر ئەم کتێبە دەنووسێ «پێشکەش بە عەبدولڕەحمـان، لەگەڵ سـۆز و لایەنگریی سەرسەختانەم بۆ خەباتی پیرۆزی»، بێگومان فکری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕۆژێک چەند سەت کیلۆمیترێک ئەولاتر دوکتور قاسملووش هەر بەدەم خەونی ئاشتییەوە تێرۆر دەکرێ.

## کێشەکانی جیهانی سێهەم

کێشـەکانی جیهانـی سـێهەم تەوەرێکی دیکەی خوێندنەوەکانی دوکتور قاسـملوو بـووە. ئەگەر بەشـێک لـە بەرهەمەکانی ئەم تەوەرە سـەرنج دەدەنـە دڕدۆنگی و نایەکسـانییەکانی نێـوان وڵاتانـی باکوور و وڵاتانی باشـوور (بۆ نموونـە کۆمەڵێک سەرچاوە سـەبارەت بە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن، گۆڤاری فەڕانسەیی «دوو جیهانەکە» یـان کتێبـی «بێزاریی مەینەتبەشـان لە نەزمی جیهانی» لە نووسـینی ژان زیگلەر سیاسـەتمەدار و کۆمەڵناسـی بەناوبانگی سویسـی و لایەنگـری بەجیهانیبوونێکی دیکە)، ئەوانەی دی زۆرتر باسـی نالێکی و دینامیزمـە نێوخۆییەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکەن کە لێرەدا سەبارەت بە دنیای عەرەب و ئەگەری شۆڕش و نوێبوونەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەمی نووسەرانی وەک محەممـەد حوسـێن هەیکـەل و سـەبارەت بـە ئەفغانسـتانیش کۆمەڵێک سـەرچاوەی وەک چەند ژمارەی تایبەتیی «گۆڤاری سـەردەمە تـازەکان»ی ژان پۆل سـارتر و کتێبی «لە قەفەسـی ورچدا»ی ڕۆژنامەوانـی فەڕەنسـیی بەبارمتەگیـراو لە ئەفغانسـتان ژاک ئابووشـار دەبینرێن. ئەمریـکای لاتینیش لەنێو ئـەو کتێبانەدا جێگەیەکی دیاری هەیە، بۆ نموونە کتێبی «ڕەگـە هەڵدڕاوەکانی ئەمریکای لاتین» ی ئێـدوارد گالیانا و «گرکانـی نیکاراگوا» کە خاتوونی ڕۆژنامـەوان گلۆریاتۆنیا هێنریکیز (کە لەگـەڵ کارۆل پرۆنهووبێـر لە یەک دەوراندا د. قاسـملوویان ناسـیوە) بە دوو زمانی ئیسـپانیایی و فەڕانسەیی لەسەری نووسیوە «بەڕێز قاسملوو! خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری سنوور ناناسێ، مەگەر نا؟!».

## ڕۆژهەڵاتناسی و کوردۆلۆژی

بوارێکـی دیکـەی زۆر بەرجەسـتە لەنێـو کتێبەکانی دوکتور قاسملوودا ڕۆژهەڵاتناسییە. دوکتور قاسـملوو جیا لەوە کـە پێوەندیی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسـانی ناسـراوی جیهان هەبوو و ئەوەشی کردبووە بەستێنێک بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی

فەرهەنگییانی دنیای دەرەوە بۆ لای مەسەلەی کورد، بۆخۆیشی لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی زایینیدا لە ئەنستیتۆی زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس مامۆستا بوو و بوونی چەند ژمارەیەک لە بوڵتەنەکانی ئەو ئەنستیتۆیە لەنێو کتێبخانەکەدا ئەو دەورەیە لە ژیانی ئەکادیمی و فەرهەنگیی دوکتور قاسملوومان وەبیر دێنێتەوە. لێرەدا هەروەها زۆر کتێب و سەرچاوە سەبارەت بە ئێرانناسی و خولیای فەڕانسەوییەکان بۆ ئیسفەهان دەبینرێ (بۆ نموونە «بەرەو ئیسفەهان»ی پیەر لۆتی و «ئیبن سینا یا ڕێگای ئیسفەهان»ی ژیلبێر سینۆوێ).

بەڵام زۆربەی بەرهەمەکان لێرەدا کوردۆلۆژی بە زمانەکانی بیانی بەتایبەتی فەڕانسەیی دەگرنەوە. لەسەر کتێبەکەی کریس کۆچێرا (بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد)، ئەدیبی کوردی تورکیە، مەمۆ یەتکین کە بەپێی زانیارییەکانی کاک حەسەنی قازی لەو سەردەمەدا کە لە لەهەستان ژیاوە د. قاسملووی ناسیوە و لەبواری کوردۆلۆژیدا خاوەنی کتێبخانەیەکی بەنرخە، ساڵێک پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕێنووسی لاتینی بۆ د. قاسملووی نووسیوە «بوهار هاتیە سەر چیایێ وەلاتێ من. تو مامۆستایێ من، کال و کەکێ من! ل سەر وێ چیای گولەکێ.. هێڤیدارم کو بوهارێ دێ درێژ و شاد ببە بۆ گەلێ مەی کورد». تێزەکەی عیسمەت شەریف وانلی لەسەر کوردستانی عیراق، بیرەوەرییەکانی نورەدین زازا، کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی و فۆلکلۆریی کوردی هەڵبژاردەی جۆیس بلۆ لەژێر ناوی «بیرەوەریی کوردستان»، سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی کە مامۆستای نەمر سەعید ناکام پێشکەشی د. قاسملووی کردووە، شەرەفنامە، کتێبەکەی حەسەن ئەرفەع لەسەر مێژووی کوردەکان کە دوکتور قاسملوو لە «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی»دا لە ڕیزی ئەو دەگمەن سەرچاوانەدا کە لە کۆتایی کتێبەکەدا هێناونی ناوی بردووە، و نامیلکەیەک بە زمانی تورکی لەسەر کوردستانی ئێران لە نووسینی خودی د. قاسملوو کە ناوبراو لە زۆر شوێن ئیشارەی پرسیار و پەراوێزی بۆ نووسیوە، لەو کتێب و سەرچاوانەن کە لەو بەشەدا دەبینرێن.

هەر لێرەدا کتێبێکی فەڕانسەیی لە نووسینی کریستیان مۆر بەناوی «کوردەکانی ئەمڕۆ» لەو بارەوە سەرنج ڕادەکێشێ کە بەرگەکەی بریتییە لە نیگارێکی دەستکرد کە لەودا د. قاسملوو بە جلوبەرگ و جەمەدانەی کوردییەوە لەپێش گوندێکی کوردستان ڕاوەستاوە. دڵنیام ئەوانەی دژایەتیی د. قاسملوویان لەگەڵ فەردپەرەستی و ئایکۆن سازی لە کەسایەتییە سیاسییەکان لەبیرە، بە دیتنی بەرگی ئەو کتێبە کەمێک سەریان سوور دەمێنێ.

## پێوەندیی نێودەوڵەتی و ژیئۆپۆلیتیک

وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەو بوارەی زۆرترین ژمارە لە کتێبەکانی نێو کتێبخانەکەی بۆخۆی تەرخان کردووە بواری ژیئۆپۆلیتیک و پێوەندیی نێودەوڵەتی و ململانێ جیهانی و ناوچەییەکانە. لەو بەشەدا سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە شەڕی سارد و ڕکابەریی سیاسی و نیزامیی ئەمریکا و شوورەوی و جێگە و پێگەی ئورووپا لەو نێوەدا زۆر بەرجەستەیە کە لەو بارەوە بەرهەمی پسپۆڕانی وەک برێژینسکی ڕاوێژکاری بە ڕەچەڵەک لەهەستانیی جیمیی کارتێر بۆ ئەمنیەتی میللی و ڕێژیس دوبرێ کە ڕابردوویەکی لەگەڵ شۆڕشی کووبادا هەبوو و دواتر بوو بە ڕاوێژکاری فرانسوا میتران، وەبەرچاو دەکەون. هەر لەو بوارەدا کتێبی «لەنێو نهێنیی شازادەکاندا» سەرنج ڕادەکێشێ کە بریتییە لە وتووێژی ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی فەڕانسەیی کریستین

ئۆکرەنــت لەگــەڵ بەرپرســی پێشــووی سرویســە نهێنییەکانی فەڕانسە. کریستین ئۆکرەنــت هەمان ئــەو خانمەیە کە دوایین وتوویــژی تەســویریی لە زینــدان لەگەڵ ئەمیر عەباســی هووەیدا ئەنجام دا و پێش هێرشی هاوپەیمانەکانیش بۆ سەر عیراق لە ژانویەی ۱۹۹۱دا وتووێژی لەگەڵ ســەدام حوســێن کرد. ئەو کــە دووەمین هاوژینی بێرنارد کوشنێریشــە، لەســەر کتێبەکە بۆ دوکتور قاســملووی نووسیوە «پێشکەش بە دۆســتمان عەبدولڕەحمان، چونکە ئەویش یەک لەوانە!» (واتە یەکێک لە شــازادەکانە؛ مەبەســتی ئەوەیە یەکێک لە گەورە پیاوانی ئــەم جیهانەیە). هەروەهــا ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و ســەرچاوەی گشتگیری پێوەندیدار بــەو بــوارە وەک گۆڤــاری ئەنســتیتۆی توێژینەوەی ستراتژیکی فەڕانسە و چەندین ژمــارەی ســاڵنامەی ڕۆژنامــەی لومۆنــد ســەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی جیهان و ئەتڵەسەکانی ژیئۆپۆلیتیک کە ژێراز شالیان لەسەر یەکێکیانی نووســیوە «ئەو ئەتڵەسە کە پێشکەشــە بە هێلێن و ڕەحمان باسی شــتگەلێک دەکا کە ئەوان لێی شارەزان»، لەم کتێبخانەیەدا دەبینرێن. هەر لەو بەشەدا کۆمەڵێک سەرچاوەی تایبەت بە لێکدانەوەی کێشــە ناوچەییەکانیش بەتایبەتی شــەڕی ئێــران و عێــراق و ئاناڵیــزی نیزامیی ئەو شــەڕە و دوورەدیمەنەکانی یەکلابوونەوەی وەبەرچاو دەکــەون (بۆ نموونــە کتێبێکی پاولا باڵتا بەناوی «ئێران و عیراق، شەڕێکی پێنج هەزار ساڵە» و ئێنسایکلۆپیدیای چەند جڵدیی ئەو شەڕە بە زمانی عەرەبی).

### شەڕ

هێلێنا کروولیش (نەســرین قاسملوو) لە کتێبەکەی خۆی بەنــاوی «ئورووپاییەک لە ســەرزەمینی کوردەکان»دا دەنووسێ دوکتــور قاســملوو قســەیەکی ئاندرێ مالرۆی لەسەر کوتە کاغەزێک نووسیبۆوە کە دەڵێ «شــەڕم پێ خۆش نەبوو، بەڵام شەڕم کرد». لە کتێبخانەی ئەو ڕووناکبیرە بەفەرهەنــگ و پەروەردەیــەی ئورووپادا کە بەبێ ئــەوەی هەرگیز لەژیانیدا کاری نیزامیــی کردبــێ دەبــوو ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەیەکی بەربــڵاوی چەکدارانە بکا، بەشــێوەیەکی لۆژیکی تووشی هێندێک کتێــب و نامیلکە ســەبارەت بــە بواری شــەڕ و خەباتی پارتیزانی بووم. کتێبێک کە لــەو تــەوەرەدا لە هەموویــان زیاتر سەرنجی ڕاکێشــام لەبارەی گاریبالدی، ڕێبــەری سیاســی و نیزامیی ســەدەی نــۆزدەی ئیتالیاوە نووســراوە کە لەوێدا د. قاســملوو چەند شوێنێکی کتێبەکەی ئیشارە کردووە و خەتی لەبن کێشاون. بۆ نموونە لە لاپــەڕە ۲۵۸ی کتێبەکەدا ئەو ڕستەیە کە دەڵێ «گاریبالدی بۆی گرینگ بوو کە سەرکردایەتیی جۆرە هێزێک بکا کە تەواو لەگەڵ ئامانج و ستراتژییەکەی خۆی یەک بگرێتــەوە». لە لاپەڕە ۳۰ی هەمــان کتێبدا ئەو خوێنــەرەی لە هەر باخچەیەیەک گوڵی خۆی دەچنی خەتی لەبن ئەو شوێنە داوە کە دەڵێ «ئەو کاتە لە ئیتالیا بە زیندانیانی سیاسییان دەگوت کاربۆناری». کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی دیکە هەر لەبواری تاکتیکەکانی شــەڕی پارتیزانی وەک «شــەڕە شۆڕشییەکان»ی کۆلۆنێل گابریەلی ئەمریکایی و «هونەری شــەڕ»ی ژەنراڵ ســۆن تزووی چینی و کۆمەڵــە ڕاپۆرتێک لەســەر موقاوەمەتی ئەفغانیــەکان لەریــزی ئــەو کتێــب و نامیلکانەدان کە تاوتوێــی پارامێترەکانی شەڕی پارتیزانی دەکەن.

### هاوار و هانای ئینسانی

بەڵام ئەو ســەردارەی حــازر نەبوو چەک بە جەنگاوەرەکانی دابنێ و هەمیشە ورەی وەبەر

پێشـــمەرگەکان دەنا کە هەتا دروســـتبوونی هەلومەرجی چارەســـەری سیاسی درێژە بە خەبـــات و خۆڕاگریی چەکدارانە بدەن، قەت شـــەڕی وەک حاڵەتێک چاو لـــێ نەدەکرد کە لەودا هەمـــوو ڕەفتارێک ڕێگەپێدراو بێ. بەمجۆرەیە کە لە لاپەڕە ١٥٩ی کتێبەکەی گاریبالدی‌دا د. قاســـملوو خەتـــی لەبن ئەو شـــوێنەش داوە کە باسی شەڕی سۆلفێرینۆ دەکا کە چلۆن باوکی قانوونی بەشەردۆستی، هانـــری دونان، پاش دیتنی گیان دەرچوونی بریندارانی شەڕ، هاتۆتە سەر ئەو قەناعەتە کە پێویستە چوارچێوە و ڕێســـاگەلێک بۆ ئەوە دابنرێ کە لە مەیدانی شـــەڕدا ئینســـانیەت وەبەرچـــاو بگیـــرێ. جگـــە لەمـــەش، لەنێو کتێبەکاندا زۆر جار تووشـــی نوســـخەکانی کۆنڤانســـیۆنەکانی ژنێـــڤ و ڕاگەیانـــدراوی جیهانیـــی مافی مرۆڤ (چاپی لیبراســـیۆن) و ڕاپۆرتەکانی ئامنێســـتی ئەنترناســـیۆنال و زۆر ســـەرچاوەی دیکەی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ و قانوونی بەشەردۆستی دەبین.

هەر لەبواری هاوار و هانای ئینســـانی‌دا دوو کتێبـــی وەزیـــری دەرەوەی پێشـــووی فەرانســـە و دۆستی ناســـراوی گەلی کورد، بێرنارد کوشنێر وەبەرچاو دەکەون. یەکەمیان پێش شـــەهید بوونی د. قاسملوو، د. کوشنێر لەگـــەڵ ماریۆ بێتاتی (پرۆفســـۆر لە زانکۆی «پانتیۆن-ئەســـاس»ی پاریس) سەبارەت بە «ئەرکی دەستێوەردانی مرۆیی» نووسیویەتی و چوار پزیشـــکی فەرانسەیی هەرکامەیان لە گۆشەیەکی لاپەڕەی یەکەم پێشکەشییان بۆ د. قاسملوو لەسەر نووســـیوە. یەکیان دەڵێ «ئەم مەئموورییەتە داســـتانێکی ڕاســـتەقینە بوو. ســـپاس کە دەرفەتت پێداین گەلەکەت بناســـین و خۆشـــمان بوێ». یەکـــی تریان دەنووســـێ «ئەم مەئموورییەتە جارێ هەر لە نیوەیدایە، بەڵام هەر لە ئێستاوە دەزانین کە قەت لەبیرمان ناچێتەوە». کتێبەکەی دیکەی کوشـــنێر لەژێر نـــاوی «نەهامەتیـــی ئەوانی دیکە» دوای مەرگی قاســـملوو نووســـراوە و نووســـەر چاپـــی کتێبەکەی پێشـــکەش بە «عەبدولڕەحمان قاسملوو و سەید بەهائەدین مەجرووح» کـــردووە. بەهائەدینی مەجرووح ئەکادیمیـــک و سیاســـەتمەدارێکی ئەفغانی بوو کە وەک د. قاســـملوو ئەویش لە پاریس خوێندبووی و وەک د. قاسملوو ئەویش هەر ســـەری لەڕێی ئاشـــتی دانا و بەم «سووچە» تێرۆر کرا. تەنانەت زۆر تاڵ و تاســـێنەرە کە کتێبخانەکەی د. قاسملوو چەندین کتێب و نامیلکەی ســـەبارەت بە تێرۆریزم و نەخشی کۆمـــاری ئیســـلامی هـــەم لـــە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیدا و هەم لە تەسفیەی تا ئەوکاتی جیابیراندا تێدایە.

## ئەدەب، شێعر، زمان

ئـــەوەی تا ئێـــرە باســـمان کـــرد هەمووی سیاســـەت بوو. بەڵام خۆ لە ئاسۆی خەیاڵی قاســـملوودا هـــەر «بیـــری لێنیـــن» نەبوو، «باخەکانی سەمەرقەند»یش هەبوو. لە پەنا و لەپاڵ کتێبە سیاســـییەکاندا، ئەدەبیات وەک بوارێکـــی هەرە جێگای پەســـند و هۆگریی د. قاســـملوو بوارە باڵادەســـتەکەی دیکەی کتێبەکان پێک دێنێ. بەرهەمە ئەدەبییەکان بە زمانەکانی بێگانە بەتایبەتی فەرانســـەیی یەکجـــار زۆرن و دەیان ڕۆمـــان بە قەڵەمی ڤیکتـــۆر هۆگۆ و باڵزاک و زۆلا و ســـیمنۆن و چەندین ئانتۆلۆژیی شـــێعری فەرانسەیی و هۆنراوەکانی بۆدلێـــر و کۆکتۆ و ژاک پرێڤێر و ڕۆنێ شـــار لەو کتێبخانەیەدا پاڵەپەستۆی یەکتـــر دەدەن. لەنێو ڕۆمانەکاندا هێندێکیان کە هەم ناســـراوترن و هەم زیاتریش ڕەنگی خوێنرانەوە و بەکاربرانیان پێوە دیارە سەرنج ڕادەکێشـــن و ئەولاتر لە زەوقی ئەدەبیی د. قاسملوو، ئیلهامی فەرهەنگی و حەساسییەتی ئینســـانیی ئەومان چاکتر بۆ دەردەخەن. بۆ نموونـــە «نامـــە ئێرانییەکان»ی مۆنتســـکیۆ، «رووحی شاد»ی ڕۆمەن ڕۆلانی هیومانیست

و عەداڵەتخواز، «سەت ساڵ تەنیایی» بە فەڕانسەیی، «مەسیح لە ئیبۆلی ڕاوەستا»ی کارل لێڤی کە باسی ڕەنج و بەدبەختیی خەڵکی گوندێکی ئیتالیا دەکا.

ڕۆمانی «شەوی پیرۆز» یا «لەیلەتولقەدر»ی تاهیر بن جەلوون (هەر بە فەڕانسەیی) کە حەز و حەسرەتەکانی کچێک دەگێڕێتەوە بابی لەبەر ئەوەی کوڕی نەبووە هەر لە منداڵییەوە بە کوڕ بە خەڵکی ناساندووە و بەشێوەیەکی شاعیرانە بەڵام بێڕوحمانە ئازاری ژنبوون لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا وەسف دەکا، لەلایەن تیمێکی ڕێکخراوی یارمەتییە دەرمانییە نێونەتەوەییەکان (ئا. ئێم. ئی) یەوە پێشکەش بە د. قاسملوو کراوە. ڕۆمانی «جوانی خوداوەند» کە بەناوبانگترین ڕۆمانی ئاشقانەی فەڕانسەیی لە سەدەی بیستەمدایە، پزیشکێکی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان لەبەر خۆیەوە لەسەری نووسیوە «بەهۆی مەئمووریەتەکەمەوە کاتم نەبوو ئەم ڕۆمانە تەواو بکەم، بەڵکوو ڕۆژێک هەر لە کوردستان تەواوی بکەم و ئەو ڕۆژەش ڕۆژێک بێ کە مەهاباد ئازاد بووبێ!». ڕۆمانی «هەڵبژاردنی سۆفی» کە داستانی ژنە جوولەکەیەکی دەربازبووی ئۆردووگاکانی نازی دەگێڕێتەوە کە ناچار کراوە لەنێوان ئەو دوو منداڵەیدا کە لەبەر دەستی نازییەکاندا ماون هەڵبژێرێ کامەیان بە زیندوویی بمێنێ، خانمێکی فەڕانسەیی لە پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی «بۆ (ئا. ئێر. ژێ)، لەلایەن لایەنگرێکی سەرسەختی خۆتەوە». «ئا. ئێر. ژێ» پیتەکانی یەکەمی عەبدول-ڕەحمان-قاسملوو بە فەڕانسەوییە و کورتکراوەی ناوەکەیەتی کە دۆستە قەدیمییە خاریجییەکانی د. قاسملوو، بە یاد و بە عادەتی سەردەمی نهێنیکاری و ڕاوەدوونان، ئێستاش کاتێک خۆ بە خۆ باسی د. قاسملوو دەکەن، لە جیاتی ناوی تەواوی ئەو، هەر ئەو چەند پیتە بەکار دەبەن. ئەو خاتوونە بۆخۆیشی ناوی تەواوی خۆی نەنووسیوە و لەجیاتی ئیمزا تەنیا پیتەکانی یەکەمی ناو و ناوبانگی خۆی لەسەر کتێبەکە بەجێ هێشتووە.

بەڵام لەنێو هەموو ڕۆمانەکاندا ئەوەی لە هەمووان زیاتر سەرنجی ڕاکێشام و هەژاندمی شاکارێکی نووسەری لوبنانی ئەمین مەعلوف بوو. ئەمن هەر لە کۆلێژەوە لە ڕێگەی دەرسی «الأدب و النص»ی عەرەبییەوە لەگەڵ ناوی ئەمین مەعلوف ئاشنا بووم. کاتێکیش چوومە فەڕانسە یەکەم ڕۆمانی درێژی فەڕانسەییم کە خوێندەوە ڕۆمانێکی ئەو بوو. ئەو ڕۆمانەم ئەوەندە بەدڵ بوو کە کاتێک ساڵی ١٩٩٨ لە ستراسبورگ چاوم بە ئەمین مەعلوف کەوت و لەو دیدارەدا کتێبێکی تری خۆی (ناسنامە بکوژەکان)ی پێشکەش کردم، ئیجازەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەم لێ وەرگرت (کە دواتر لەبەر ئەوەی ئەحمەدی مەلا دەست و بردی لێ کردبوو، پاشگەز بوومەوە). ئەو ڕۆمانە ڕۆمانی سەمەرقەند بوو. «سەمەرقەند» ڕۆمانێکی مێژوویی‌یە کە داستانی ژیانی شاعیری شەراب و فەلسەفە، خەییام، و تاقە دەستنووسی چوارینەکانی بە خەتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە ڕیوایەتی ڕۆمانەکە پاش هێرشی مەغوولەکان لە سەدەی یازدەدا ون بووە و نزیک بە هەزار ساڵ دواتر ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەمریکایی کە دایک و بابی لە خۆشەویستیی خەییام ناویان ناوە عومەر، دەیدۆزێتەوە و هەوڵ دەدا وێڕای مەعشووقە ئێرانییەکەی (شیرین)، دەستنووسەکەی خەییامیش دەربازی ئەوپەڕی ئەتلانتیک (ئۆقیانووسی ئەتڵەس) بکا. کەچی چارەنووس وا دەکا کە «ڕوباعیات» لەنێو کەشتیی تایتانیکدا بۆ هەمیشە غەرقی ئۆقیانووسەکان بێ و «شیرین»یش ئەگەرچی لە خنکان ڕزگاری دەبێ، بەڵام ئەویشی بۆ هەمیشە لە کەنارەکان لێ بێسەروشوێن دەبێ و تا سەر لە خۆی دەپرسێ داخوا لە بنەڕەت ڕا «شیرین»ێک هەبووە یا هەر دروستکراوی

خولیا و خەیاڵی ڕۆژهەڵاتدۆســـتانەی خۆی بووە و هیچی دیکە.
بە بیانووی ئەم بەسەرهاتە شاعیرانەیە و لەپشت داستانی گەڕان بەدوای گەنجینەکان و دۆزینەوە و هەوڵی ڕزگارکردنیان و سەرەنجام ســەرلەنوێ و بۆ هەمیشە لەدەستدانەوەیان، نووسەر لەڕاستیدا ســەفەری گەنجینەیەکی گەورەتر لەو شــتە ڕواڵەتیانــە و هەموو ئەو ڕێگر و مەترســییانەمان بــۆ دەگێڕێتەوە کە لە ناوچەی ئێمەدا هەڕەشە لە درەوشانەوەی ئــەو گەنجینەیە دەکەن کە ئەویش بریتییە لە: ئازادی. ئەمین مەعلوف لە «سەمەرقەند»دا بەدرێژیی هەزار ساڵ مێژووی ئێران و ناوچە، چەندیــن لاپەڕەی کۆن و تــازە لە ململانێ سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەو دەڤەرەمان بۆ هەڵدەداتــەوە. مێژوویەک کە لەودا ئارەزووی ئینســانەکان بۆ ئازادی و ئازاد ژیان بەردەوام بەهۆی فاناتیســم و تاریکپەرســتانی وەک تەریقەتی حەسەن ســەباح و هاوشێوەکانی ســەردەمی هاوچەرخیانــەوە ســەرکوت دەکــرێ. نزیکانــی د. قاســملوو هۆگریــی ناوبراو بۆ خەییامیــان چاک لەبیرە و دڵنیام بە خوێندنەوەی ســەمەرقەند و سەرنجدان بە نیشــانە و تێماکانی نێو ئــەو ڕۆمانە زۆر شــتی فەزای زێهنی و کەسایەتیی تایبەتیی د. قاســملوویان دێتەوە یاد. لەسەر یەکێک لەو دوو نوســخەیە کە لە کتێبخانەکەی د. قاســملوودایە و کریســتیان مۆر پیشکەشی کــردووە نووســراوە :»ئەم ڕۆمانــە بێگومان یارمەتیت دەدا کە شــەوانی درێژی زستانی کورد زووتر تێپەڕ بکەی»...
هەر لەبواری ئەدەبیدا هێندێک بەرهەمی پێوەندیدار بە ئەدەبیاتی ڕووس و ســلاڤیش دەبینرێــن. بۆ نموونــە گۆڤارێکی ئەدەبیاتی ڕووســی بە زمانی ئینگلیسی یان داستانێکی تەنزنووســی چێک یارۆســلاڤ هاسێک کە بەسەرهاتی ســەربازێک لە شەڕی یەکەمی جیهانیــدا دەگێڕێتەوە. لەنێو ئــەم کتێبەدا ئینشای پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کە وا دیارە لەنێــو حیزبدا فێری خوێندنەوە و نووســین بووە خــۆی حەشــار دابوو کە بــە زمانێکی جیددی و جوان باســی ژیانی پێشــمەرگایەتی دەکا. بوونی ئەو ئینشــایە ڕاســت لەنێو ئەم کتێبــەدا لانیکەم بۆ من پرسیارخوڵقێن بوو و قەت نازانرێ چۆنەکایی ئەمیان ئەویانی لە باوەشی خۆیدا پاراستوە.
لە ئەدەبیاتی فارســیدا جگە لە هێندێک بەرهەمی ناســراوی وەک شاهنامە کە دیارە ژمارەیان لە کتێبخانەکەدا زۆر نیە یا نەماوە، چەنــد کتێــب و نامیلکەیەکیــش بەهۆی پێشکەشــییەکانیانەوە کە وەبیر هێنەرەوەی حاڵ و هەوای سەردەمی خۆیانە، سەرنجیان ڕاکێشــام. عەلــی میرفترووس ئێرانناســی دانیشــتووی فەرانســە کتێبــی «آوازهــای تبعیــدی» ی خۆی «بە ئاواتی ئێرانێکی ئازاد و کوردســتانێکی خودموختار» پێشــکەش بە د. قاســملوو کردووە. نیعمەتی میرزازادە کە لەگــەڵ د. قاســملوو لــە چوارچێوەی کانوونــی نووســەرانی ئێرانــدا یەکتریــان ناســیوە، بە مەبەستی «تەجدیدی ئیرادەت»، «گوڵخەشــم»ەکەی خۆی داوە بە د. قاسملوو و یادنامەی ئوســتاد کامرانــی نەجاتوڵلاهی کە مامۆســتای زانکۆی پۆلیتێکنیکی تاران بوو و ســاڵی ١٣٥٧ لە خۆپێشاندان بەدژی ڕێژیمی شادا شەهید کرابوو، لەلایەن «دایکی ئوســتادی شــەهید»ەوە پێشــکەش بە د. قاسملوو کراوە.
ئەوەندەی دەگەڕێتەوە ســەر ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆمانەکانی حەمەدۆک کە وەرگێڕی کوردی وەک «یادگارێکی بچووک» پێشکەش بە «هاوڕێ و مامۆســتای گــەورە»ی خۆی کردوە، «ئەودیوی چیا» کە شکور مستەفا بە لەحنێکی عیرفانی و زەردەشــتیانە لەسەری نووسیوە «بۆ مامۆستا و پیرم کاکی گەورەم»، دیوانــی مەولەوی کە مــەلا عەبدولکەریمی مودەریس پێشــکەش بــە «جەنابی دوکتور

عەبدولڕەحمان قاسملوو»ی کردووە، هەروەها دیوانــی شــاعیرانی وەک حاجــی قــادری کۆیی و شــێخ نووری شێخ ساڵح و ئەحمەد موختارجــاف و بێگومان گــۆران کە لەگەڵ د. قاســملوو ســەردەمێک لە زانکۆی بەغدا هەردووکیان مامۆســتا بوون و د. قاســملوو یەکجار هۆگری شێعرەکانی بوو، دەبینرێن.

لەبــواری زمانی کوردی و زمانناســی و زمانســازیدا تێزەکەی ئەمیری حەسەن پوور لەســەر کاریگەریی فاکتەری زمان لەســەر گەشــەکردنی نەتــەوە و کتێبەکەی تۆفیق وەهبی لەسەر ڕیشــەکانی زمانی کوردی بە ئینگلیسی و «زمانی یەکگرتووی کوردی»ی د. عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ و چەندین ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد کە کاتی خۆی د. قاسملوو یەکێک لە هاوکاران و ئەندامانی بەرجەســتەی بووە و عەبدولقادری دەباغی ژمارەیەکیانــی پێشــکەش بە د. قاســملوو کردووە، هەروەها هێندێک نوسخەی گۆڤاری گەلاوێــژ و ڕۆژی کورد و ڕۆژی کوردســتان ســەرنج ڕادەکێشــن. جیا لەوانــەش، هەر لەبواری زماندا، کۆمەڵێک وشــەنامەی وەک فەرهەنگی ئینگلیسی ـ عەرەبی ـ فەرەنسی، فەرهەنگــی عەرەبی ـ چێکــی، فەرهەنگی ئابووریی ڕووســی ـ چێکــی، و فەرهەنگی ڕووسی ـ کوردیی قەناتی کوردۆی دۆستی و فەرهەنگی کشتوکاڵ کە مەعرووف قەرەداغی بۆ مامۆســتا هێمنــی نــاردووە دەبینرێن و ژمارە و چەشــنی فەرهەنگەکان کاربوردێکی زۆر فرەوانتر لە پێویســتییەکانی فێربوون یا تێگەیشتن لە زمان لەلایەن خاوەنەکەیانەوە دەردەخــا. خۆش ئــەوە بــوو فەرهەنگێکی شەراب و بورجێکی خۆشەویستییش (تایبەت بــە مانگی لەدایکبوونی د. قاســملوو) خۆی خزاندبووە نێو فەرهەنگەکان!

### بەجێهێشتنی کۆشک

ئەمــن هەر لە منداڵییــەوە لەگەڵ فەزای فەرهەنگی و زێهنیی د. قاســملوو ئاشنام. لەنێو سەت دەسخەتیشــدا دەسخەتی د. قاسملوو لە یەکەم ڕوانیندا دەناسمەوە. بەڵام لە نووســینەوەی ئەم کورتە گێڕانەوەیەی گەشتەکەم بەنێو کتێبخانەی د. قاسملوودا و ناوهێنانی هێندێک لە کتێبەکاندا، بۆ من زۆر گرینگ بوو کە لە داوی وەسوەسەیەکی سیاسیی «پۆست مۆرتێم» (پاش مردووان) نەکەوم و بە زۆری زۆرداری و بە دڵی خۆم کتێبخانەیەکی فەرزی بۆ د. قاســملوو بە دروست کردن نەدەمەوە. دەبوایە کتێبەکان هەر ئەوەنــدەی کە هەبوون و بەو جۆرەی دیتوومن و لێکم کردوونەوە باس بکەم.

لەســەریەک دەتوانیــن بڵێیــن کتێبخانەکەی د. قاسملوو کە پەنجەرەیەکی هەرچەنــد ســنووردار بەڵام بەنرخ بەســەر پانتایی ژیان و خەبات و کەســایەتیی ناوبراو و پێــچ و قۆرتەکانی نێو ئــەم پانتاییەدایە، کتێبخانەیەکــی زۆرتــر سیاســی، زیندوو، کاربۆردی و بەڕۆژی سەردەمی خۆیەتی. هەر لەو کاتەدا بوونــی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی غەیرە سیاســی و بەگشتی فرەچەشنیی بوار و بابەتەکانــی نێو ئــەم کتێبخانەیە فرەوانی و دەوڵەمەندیی دنیــای زەینی و مەعریفیی خاوەنەکەیمان بۆ دەردەخا.


ڕەنگە بۆ زۆر کەس سەرســووڕهێنەر بێ کە کتێبخانەی زانایەکی وەک د. قاســملوو هەر ئەو چەند ســەت جڵد کتێبەی تێدا بێ و لەنێو کتێبەکانیشــدا زۆر شــت کە پێمان وایــە هەبوون نەبن یا ڕەنگە نەمابن. جیا لەو تێبینیانەی لە سەرەتادا سەبارەت بە هۆکاری کەمبــوون یــا کەمبوونــەوەی کتێبەکان و سروشــتی ئەو کتێبانە باسم کرد، بە باوەڕی من هــەر ئــەو ســنوورداربوونەی ژمارەی کتێبەکانە کــە بایەخی کتێبــەکان دەباتە ســەر. کتێبەکان بە ژمارە سنووردارن بەڵام بە نێوەڕۆک سنوور ناناسن، وەک چۆن بیری سیاســی و خولیای ئینسانیی د. قاسملوو نە


سنووری دەناسی، نە تابوو.


کتێبخانەکـــە هەروەها بۆی دەرخســـتم کە بۆ د. قاســـملوو، هـــەروەک چۆن خودی کۆمەڵگا نابێ بکرێتـــە عەتیقەخانەی ڕوانگە و نەریتە قەتیســـماو و چەقبەســـتووەکان، کتێبیش لەگەڵ هەمـــوو کەڵک و بایەخی، شـــتێک نیە جگە لـــە ئامرازێک بۆ ئاڵوویر و جێگۆرکەی زانیاری و گۆشەنیگا جیاوازەکان، ئامرازێک کە دەبێ یارمەتی بە نیسبی مانەوە و ســـەیالیەتی بیروباوەڕەکان و ئاوەڵا بوونی ڕێچکە جیاوازەکانی پێشکەوتن و مۆدێلەکانی پێکەوەژیان لە کۆمەڵگادا بکا.


لـــە کونجی هـــەرە ئاخر و خـــوارەوەی کتێبخانەکەی د. قاسملوودا دوو سەرچاوەم دەرهێنـــان کـــە بەپێـــی پێوەرەکانـــی ئەو کتێبخانـــەدارە عیلمییـــەی د. قاســـملوو لە بەیانییە بەهارییەکەی قەندیلدا مەبەســـتی بوو، نەدەبوایە لە پەنای یەک داندرابان، بەڵام ئەمن لـــە پەنای یەکم دانانـــەوە. نەک هەر لەبەر ئەوە کە دەمویســـت کتێبخانەکە وەک خۆی بەجـــێ بێڵم، بەڵکوو لەبـــەر ئەوە کە خودی هاوڵ بوونی ئەو دوو نامیلکەیە بەس بوو بۆ وێناکردنی خولیای فرەچەشـــنی ئەو پیاوەی خەمی گەلەکەی بە تەلاناندا لە کۆڵێ نابوو، کەچی هەروا ئاشـــقە ژیانیش مابۆوە. ســـەرچاوەی یەکەم «قانوونی خودموختاریی کاتالۆن» بە ئینگلیســـی بوو کە ساڵی ١٣٦٥ د. قاسملوو لەگەڵ خۆی هێنایەوە کوردستان و لـــە حیزبی دێموکڕاتدا بە زمانی فارســـی بـــە چاپی گەیاند. ســـەرچاوەکەی دیکەش، دیوانی «گوڵەکانـــی خراپە»ی بۆدلێر بوو کە کابرایەکـــی فەڕانســـــــــــەیی لەجیاتی پێشکەشی ڕوو بە دوکتور قاسملوو لەسەری نووسیوە:

*«دەزانم ئەتۆش وەک من لەو باوەڕەدای کـــە ڕێگای ئـــازادی بە خۆشویســـتنی جوانیدا تێدەپەڕێ!»*



# پێکدژییە نێوخۆییەکانی ئیمپراتۆریای شیعە لەگەڵ داگیرکاریی نەتەوەی فارس

مانشت زاگرۆس



لەم نووسینە کورتەدا، سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی دەوڵەتی ئێرانی دەدرێت و، هەوڵ دەدرێت هۆکاری وجوودیی ئەو دەوڵەتە ڕوون بکرێتەوە و کارکردە هاوبەشەکانی شێوە جیاوازەکانی حکوومەتداریی دەوڵەتی نوێی ئێرانی، لە ڕواڵەتی سیستەمی شایەتیی پەهلەوی و سیستەمی ویلایەتیی کۆماری ئیسلامیدا لێک بدرێتەوە. لە کۆتاییدا، دەرەنجامی باسەکە تیشک دەخاتە سەر ئەرکی ڕۆشنبیری دژەهێژمۆنیک، لەبەرانبەر ڕۆشنبیری سوونەتیی بەرهەمهێنەرەوەی سیستەمدا.

## ئاماژە

بەپێی نەریتێک کە داگیرکەر زاڵی کردووە، کاتێک لە ئێراندا باسی سیاسەت و کردەوەی سیاسی دەکرێت، سیمای مێژوویی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی دەسڕدرێتەوە و دەکرێتە پێشمەرجی زەینیی باسەکان. ئەگەر کارکردی ئیدیۆلۆژی بەوە بزانین کە چەمکە کێشە لەسەرەکان وەک حەقیقەتی ئاشکرا و بێ ئەملاوئەولا لە زەینی تاکەکاندا دەچێنێت، ئەرکی ڕۆشنبیری پێشڕەو، هەڵماڵینی سیمای ئیدیۆلۆژی و، لەقاو دانی شێوەیەکی لێکدانەوەی سیاسییە کە بە ڕواڵەتێکی ئاکادمیک و بە بەکارهێنانی وشەی قەبە، لە بۆشاییدا خۆی بە شتی لاوەکییەوە خەریک دەکات و لە پرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا خۆی دەدزێتەوە.

بۆ لێکدانەوەی چییەتیی سیاسەت لە ئێراندا و ناسینەوەی سیمای سیاسەتی کۆیلەداریی دەوڵەتی فارسی، دەبێت لە زەمینەی مێژووییدا بخوێنرێتەوە. ئەگەر ئەو مێژووە پڕ لە شەڕ و پێکدادانەی پێکهاتنی دەوڵەتی فارسیمان لە بیر نەبێت، هەم تووشی هەڵەی بە ئەزەلی و ئەبەدی زانینی ئەو دەوڵەتە دەبین و، هەم چەمکەکان لە دەرەوەی واقعییەتێکدا بەکار دێنین کە دەبێت لێک بدرێتەوە. بۆ نموونە کاتێک لە لێکدانەوەی سیاسەتی ئێرانیدا دوانەی ئینقلاب-ئیسلاح دەخرێتە بەرباس، دەوڵەتی ئێرانی، بوون و حزووری خۆی بە قەتعی دەزانێت و، زەینی ئێمە دەخاتە چوارچێوەیەکەوە کە بیر لە گۆڕینی دەوڵەت بە ئیسلاح یا ئینقلاب بکەینەوە و، ئیتر باس لە ڕزگاریی نەتەوەیی، وەکوو بژاردەیەک لە باسەکە دەسڕێتەوە.

لەم نووسینە کورتەدا، سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی دەوڵەتی ئێرانی دەدرێت و، هەوڵ دەدرێت هۆکاری وجوودیی ئەو دەوڵەتە ڕوون بکرێتەوە و کارکردە هاوبەشەکانی شێوە جیاوازەکانی حکوومەتداریی دەوڵەتی نوێی ئێرانی، لە ڕواڵەتی سیستەمی شایەتیی پەهلەوی و سیستەمی ویلایەتیی کۆماری ئیسلامیدا لێک بدرێتەوە. لە کۆتاییدا، دەرەنجامی باسەکە تیشک دەخاتە سەر ئەرکی ڕۆشنبیری دژەهێژمۆنیک، لەبەرانبەر ڕۆشنبیری سوننەتیی بەرهەمهێنەرەوەی سیستەمدا.

دەوڵەتی مودێرنی فارسەکان، بە دەست گرتن بەسەر سنووری ئیمپراتۆریای سەفەوی و قاجاردا دامەزراوە. بۆیە ئەگەرچی لە ماهیەتدا جیاواز لەو دەوڵەتە سوننەتییانەیە، بەڵام خۆی بە میراتگری ئەو دەوڵەتانە دەزانێت.

## ئیمپراتۆریای سەفەوی و قاجار

لە بیرەوەریی گشتیدا نیزیکترین بیرەوەری لە دەوڵەتێک لەو جوغرافیایەدا کە ئێرانی ئێستای تێدا هەڵکەوتووە، بیرەوەریی دەوڵەتی سەفەوییە. سەفەوییەکان ئیمپراتۆریی خۆیان لەسەر بنەمای ئایینزای شیعە دامەزراند و ئەو ئایینەیان لە سنوورەکانی خۆیاندا بڵاو کردەوە و برەویان پێ دا. لەباری مەشرووعیەتەوە، مەشرووعیەتی دەسەڵاتی شای سەفەوی لە ئایینی شیعەدا بوو. ئەو دەسەڵاتە نەک ئایینی شیعەی برەو پێ دا، بۆ ڕێکوپێک کردنی فیقهـ و کاروباری ئایینیی شیعە چینێکی زانای ئایینیی شیعەی، لە جەبەل عاملی لوبنانەوە هێنایە خزمەتی خۆی و، ئەمە بووە هۆکاری سەرەکی کە پاشتر چینی زانایانی ئایینی یان هەمان ڕۆحانیەتی شیعە، ڕۆڵێکی گرینگ لە یارییە سیاسییەکاندا بگێڕن.

دەسەڵاتی سەفەوی لە باری پێکهاتەوە شێوەیەکی فیدراڵی بووە و ئەگەرچی حاکم لەلایەن شای سەفەوییەوە دیاری دەکرا، بەڵام حاکمنشینەکان سەربەخۆییەکی

زۆریـــان لـــە بەرێـــوە بردنی ناوچـــەی ژێر دەســـەڵاتی خۆیاندا بـــووە، ئەمـــە بێجگە لەوەیە کە چەند والی نشین لەوانە ئەیالەتی کوردســـتان کە لەژێر دەسەڵاتی میرایەتیی ئەردەڵاندا، خۆی ســـوننەتی دیاری کردنی والیی خۆی هەبوو و شای سەفەوی دەستی لـــە دیاریکردنی والیدا نەبوو. لە راســـتیدا، والینشـــینەکان دەوڵەتگەلێـــک بـــوون کە خەراجیان بە دەوڵەتی سەفەوی دەدا.

ئەگەرچی لە کۆتاییەکانی ســـەفەویدا، وەک شـــاردەن تۆماری کردووە، لە فیقهـی شـــیعەدا، پرســـیار لـــە مەشـــرووع بوونی حکوومـــەت لـــە ســـەردەمی بزربوونـــی ئیمامی غایبدا دێتە بەر گـــوێ، بەڵام بـــە نەمانی سەفەوی و کێشەی مەشرووع بوونـــی ئیمپراتۆریا بە تەواوی زەق دەبێتـــەوە. نادرشـــا، تـــا ماوەیەکی زۆر وای نیشان دەدا کە بۆ خزمـــەت بە یەکێک لە شـــازادەکانی ســـەفەوی شەڕ دەکات، کەریمخانی زەندیش، هەرگیز ناوی شای لەسەر خۆی نەنا و نازناوی «وکیل‌الرعایا»ی بۆ خۆی هەڵبژارد. دەســـەڵاتی ئاغـــا محەمەدخانـــی قاجـــار، لەســـەر خوێن و شمشـــێر دامـــەزرا، بەڵام فەتحعەلیشـــای برازای ئەگەرچی ئیددعای ســـەید بوون و ئیمامزادە بوونی نەبوو، بەڵام شمشێری ســـەفەویی دەبەســـت و نێوانی لەگەڵ زانـــا ئایینییەکانی شـــیعەدا خۆش بوو. لەم ســـەردەمەدا گۆڕانێکی قووڵ لەنێو جیهانی زانایانی ئایینی شیعەیشدا دروست بوو. هەر لە زووەوە زانایانی ئایینیی شـــیعە لەسەر پرسیاری دروست بوونی ئیجتهاد لە کاتی بزر بوونی ئیمامی دوازدەهەمدا، بەسەر دوو دەستەی ئەخباری و ئوسوولیدا دابەش بووبوون. ئەخبارییەکان بڕوایان بە ئیجتهاد نەبـــوو و دەیانگوت تەنیـــا دەبێت بە گوێی خەبەر و نەقڵ کراوەکانی سەردەمی ئیمامان بکەین و ئوسوولییەکان بڕوایان بە ئیجتهاد لەســـەر بنەمای ئەســـڵەکانی ئاییـــن بوو. ئەگەرچی ئەخبارییەکان دەســـتی ژووریان هەبوو، بەڵام لەم ســـەردەمەدا لە مشتومڕی نێوان ئەخبارییـــەکان و ئوســـوولییەکاندا، ئوسوولییەکان سەرکەوتن. ئەوەیش ڕێی بۆ بەهێز بوونـــی موجتەهیدەکان و مەرجەعی تەقلیـــدەکان خۆش کـــرد. بێجگە لەوە لەم ســـەردەمەدا پرســـیار لە مەشـــرووع بوونی حکوومەت لە سەردەمی بزر بوونی ئیمامی غایبـــدا بـــوو بە پرســـیارێکی جیددیی نێو دنیای شیعە.

> **دەوڵەتی مودێرنی فارسەکان، بە دەست گرتن بەسەر سنووری ئیمپراتۆریای سەفەوی و قاجاردا دامەزراوە. بۆیە ئەگەرچی لە ماهیەتدا جیاواز لەو دەوڵەتە سوننەتییانەیە، بەڵام خۆی بە میراتگری ئەو دەوڵەتانە دەزانێت**

هـــەر لـــە ســـەردەمی فەتحعەلیشـــادا، لەســـەر والینشـــینی گـــورجســـتان، شەڕێک لەنێوان ئیمپراتۆریای قاجـــار و ڕووســـیا ڕووی دا، ئەنجامی ئەو شەڕە شکستێکی قـــورس بـــۆ ســـپای قاجـــار بـــوو. ئـــەو شکســـتە لەلایەن زانـــا ئایینییەکانـــەوە بە زاڵ بوونی کافران بەســـەر خاکی موســـڵماناندا لێـــک درایـــەوە و بـــە فتوای جیهـــادی ئەوان و هاندانـــی ئەوان بوو کـــە بۆ وەرگرتنەوەی بیلادی لە دەســـت چووی ئیسلامی شەڕی دووەم لەگـــەڵ ڕووســـیادا ڕێ خـــرا. بـــە شکســـتێکی قورستر شەڕی دووەم کۆتاییی پێ هـــات. ئەو شکســـتە گرێیەکی لە دڵی شـــازادە و ڕۆشـــنبیرەکانی ئێیمپراتۆریای قاجاردا دروست کرد، دەستیان دایە گەڕان بەدوای هۆکاری شکستدا و بۆ نوێ بوونەوە و تـــرازان لەو دۆخە شـــپرزەیە کەوتنە خۆ. پاش ماوەیەکی زۆر، لەسەردەمی ناسرەدین شا و پاشـــتر موزەفەرەدین شادا، دژایەتیی دەسەڵاتی ســـەرەڕۆی شـــای قاجار، یەک

له لێکەوتەکانی ئەو بەخۆدا چوونەوەیە بوو و ئەوەیش دەسەڵاتی مەشرووتەی لێ کەوتەوە.

دەسەڵات لە سەردەمی قاجاریشدا شێوازێکی فیدراڵیی بوو و شا سیمبولی هاوسەنگیی هێزەکانی ناوچە جیاجیاکان بوون. دەسەڵاتی قاجاری بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکانی ناوچە جیاوازەکان خۆی هێزێکی ئەوتۆی نەبوو و سەرەکیترین میتۆدی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سنوورەکانیدا بەگژ یەکدا دانەوەی هێزە ڕکابەرەکان بوو.

ئەگەر هەندێک ئیسلاحاتی کەسانێکی وەک ئەمیرکەبیر، لەنێو سیستەمی دەسەڵاتداریی قاجاردا لەبەر چاو نەگرین، بزووتنەوەی مەشرووتە یەکەم هەوڵی جیددیی دامەزراندنی دەوڵەتی مودێرن بوو. لە ڕاستیدا وەک باس کرا مەشرووعیەتی ئایینیی دەسەڵاتی سەفەوی، ئیتر بەشی ئیمپراتۆریای قاجاری نەدەکرد و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی مودێرن لەسەر بنەمای ئیمپراتۆریای قاجار پەنا بردن بە شێوەی مەشرووعیەتێکی تر، واتە مەشرووعیەتی لەسەر بنەمای ئیرادەی خەڵک بوو. بۆیە مودێرن کردنەوەی مەشرووتە، وەزعی هاوسەنگیی هێزەکانی نێو ئێرانی وەک پێشوو دەهێشتەوە و، لە چوارچێوەی یاسای ئەیالات و ویلایاتدا دەسەڵاتی فیدراڵیی ئەیالاتی یاسامەند دەکرد.

هەر لە کۆتاییەکانی قاجاری پێش مەشرووتەدا، لەژێر کاریگەریی کالتی ئازەرکەیوانیی پارسییەکانی هیندستاندا، خوێندنەوەیەک لە ناسنامەی خەڵکی ئێران سەری هەڵدا کە بە دژایەتیی لەگەڵ ئیسلامدا بەدوای ڕەگە کۆنەکانی ناسنامەی خەڵک لە پێش ئیسلامدا دەگەڕا. دژایەتیی ئیسلام، شانازی بە نەژادی ئاریا و هەڵکوتن بە شارستانییەتی پێش ئیسلامدا و گرێدانەوەی دواکەوتوویی خەڵکی ئێران بە هێرشی عەرەبی بە گوتەی ئەوان پێپەتی، تایبەتمەندییەکانی ئەم خوێندنەوەیە لە ناسنامەی ئێرانی بوون.

## موسادرەی نوێکردنەوە

پاش قۆناغی یەکەمی خوێندنەوەیەک لە مێژووی ئێران، چینێک ڕۆشنبیری لە ئورووپادا دەرسخوێندوو، پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتێکی مودێرنیان لەسەر بنەمای سنوورەکانی ئیمپراتۆریای قاجار دەست پێ کرد. مودێرن کردنەوە و نوێ کردنەوەی خەڵکیان بە گەڕانەوە بۆ ڕەگە ڕەسەنەکانی ئێرانی ساسانی دایە قەڵەم و، دەوڵەتێکی بەهێز و تاک دەنگیان، بە تاکە ڕێگەی پێشکەوتن ناساند. بەڵام لەو کاتەدا، پێکهاتەی هێز وەکوو پاشماوەی شێوەی کۆنی قاجاری و بێجگە لەوەیش بەسەردا هاتنی شەڕی یەکەم، بەشێوەیەک بوو کە هێزی پەراوێز لە هێزی ناوەند پتر بوو.

> لە بیروەریی گشتیدا نیزیکترین بیرەوەری لە دەوڵەتێک لەو جوغرافیایەدا کە ئێرانی ئێستای تێدا هەڵکەوتووە، بیرەوەریی دەوڵەتی سەفەوییە. سەفەوییەکان ئیمپراتۆریی خۆیان لەسەر بنەمای ئایینزای شیعە دامەزراند و ئەو ئایینەیان لە سنوورەکانی خۆیاندا بلاو کردەوە و برەویان پێ دا

پشتیوانیی دەرەکی و بەتایبەت ئینگلیس بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی بەهێز لە ئێراندا لەبەرانبەر حکوومەتی تازە پێکهاتووی سۆڤیەتدا، هۆکارێکی گرینگ بوو کە ڕەزاخان بە زەربی کوشتوبڕ و خوێنڕشتنێکی زۆر یەک لەدوای یەک میرزا کووچەکی جەنگەڵی، شێخ موحەممەدی خیابانی لە تەورێز، شێخ خەزعەل، سمکۆی شکاک، دووست محەممەدخانی بەلووچ و

میرایەتیی پشتکۆ، بە فێڵ و تەڵەکە و بەو پەڕی بێڕەحمییەوە بهێنێنە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. سیستەمی کۆنی فیدراڵی بەتەواوی هەڵوەشێنرایەوە و، بۆ یەکەم جار وڵاتێک بە نێوی ئێران لەسەر بنەمای دەسەڵاتی نەتەوەیەک بەسەر هەموو سنووری پاشماوەی قاجاردا، هاتە نێوان. هەرچەند وا دەنوێنرا کە ئێران چەند هەزار ساڵەیە و دەوڵەتی نوێ درێژەی دەوڵەتە پێشووەکانە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە دیاردەیەکی تازە بوو کە بۆ یەکەم جار دەوڵەتی فارسی بە زەبری شەق، دەسەڵاتی خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەسەر هەموو گەلاندا سەپاند و شێوەی فیدراڵیی کۆنی بەتەواوی هەڵوەشاندنەوە.

> **دەسەڵاتی قاجاری بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکانی ناوچە جیاوازەکان خۆی هێزێکی ئەوتۆی نەبوو و سەرەکیترین میتۆدی پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سنوورەکانیدا بەگژ یەکدا دانەوەی هێزە ڕکابەرەکان بوو**

مەشرووعیەتی دەسەڵات لەبەر دژایەتی کردنی ئیسلام، نەیدەتوانی لە شیعەوە سەرچاوە بگرێت و، لەبەر هەڵپەساردنی بنەما دێموکراتیکەکانی مەشرووتە، نەیدەتوانی ڕەگی لە دەنگی خەڵکیشدا بێت. تەنانەت ئەو فێڵ و تەڵەکەیەش کە لە مەجلیسی شووڕای میللیدا بە ناوی یاساوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قاجار و دامەزراندنی ڕژیمی پەهلەوی کرا، لە ڕووی ڕواڵەتی یاساوە گرفتی بوو.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئیمپراتۆریایەک کە لەسەر بنەمای شیعەگەریی سەفەوی دامەزرابوو و تەنانەت ئەو مەشرووعیەتە، بەشی حکوومەتی قاجاریشی نەدەکرد، ئێستا کە دژایەتیی عەرەب و ئیسلام دەکات بۆ دەبێت لە وجووددا بمێنێت؟ سەربەخۆیی و نیمچە سەربەخۆییەک کە گەلانی نێو ئیمپراتۆرییەکە بوویان لەسەر چ بنەمایەک زەوت دەکرێت؟ پرۆژەی دروست کردنی دەوڵەتی مودێرنی ئێرانی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی فارس، پرۆژەیەک نەبوو کە مەشرووعیەتی ببێت یان پێویستی بە مەشرووعیەت ببێت. بۆ داگیر کردنی سنووری پێشووی ئیمپراتۆریای قاجار، هێزی چەکداری قسەی یەکەم و ئاخری کرد. مێژوویش نیشانی دا، لەگەڵ لادرانی ڕەزاخاندا کاتێک شەق و گوللە هێزی کەم بوویەوە، دیسان ئیدەعای گەلانی ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی فارس سەری هەڵدایەوە و لە ماوەیەکی کورتدا لە کوردستاندا کۆماری کوردستان ڕاگەیەنرا. ئەم جار ژئۆپۆلیتیکی هەستیاری ناوچە و مەشرووعیەتی دەوڵەتێک لە نەزمی دەوڵەتانی جیهاندا، وە فریای دەسەڵاتی فارس کەوت؛ دەسەڵاتی جێگرتووی فارس لە تاراندا کە بە پارەی نەوتی موستەعمەرەکانی خۆی سوپایەکی پێکەوە نابوو، ئەوەندەی کە کاتی دەست کەوت هێزی چەکداریی خۆی کۆ کردەوە و دیسان بە کوشتوبڕ موستەعمەرەکانی خۆی داگیر کردەوە.

حەمەڕەزا شایش ئەگەرچی لەگەڵ چینی زانایانی ئایینی شیعەدا نەرمتر بوو، بەڵام لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی لە دروست کردنی ناسنامەیەکی ئێرانی لەسەر بنەمای پێش ئیسلام ڕۆیشت و شێوەی دەسەڵاتداریی ناوەندگەرای درێژە پێ دا. ڕۆحانیەتی شیعە، کە لە دەوڵەتی مودێرندا لە ناوەندی دەسەڵات دوور دەکەوتبووەوە، تێزی نامەشرووع بوونی حکوومەتی دنیایی لە کاتی بزر بوونی ئیمامی غایبی پەرە پێ دا. هەروەها کە ڕەگی ناسنامەی شیعە بوون کە پێشتر تاکە هۆکاری وجوودیی حکوومەتێک لەو جوغرافیایەدا بوو، سەری هەڵدەدایەوە و

نارەزاییی گەلانی ژێر دەسەڵاتی فارس هەر جارەو لە شوێنێکدا دەردەکەوت.

شۆڕشی ١٣٥٧ شۆڕشی ئەو دوو هێزە بوو دژ بە سیستەمێک کە بە زەربی شەق دامەزرابوو و چاوەڕوانی دەرفەتێک بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی. شۆڕشی ٥٧ تەقینەوەی نارەزایەتی دژ بە ناسنامەیەکی جەعل کراوی ئێرانی بوو کە نەک مرۆڤی فارسی لە بەستێنی مێژووی خۆی هەڵدەکەند، بەڵکوو سیستەمێک بوو، ناتەبا لەگەڵ بەشداریی بەشی هەرە زۆری جەمعیەتی نێو ئەو سنوورە کە ئەمەیش دیسان لەگەڵ ڕۆحی نوێ‌کردنەوەی ڕاستەقینەی سیاسیدا ناتەبا بوو.

## موسادرەی شۆڕش

ئەگەرچی شۆڕشی ٥٧ دژ بە پێکهاتەی حکوومەت بوو، خواستی گەلانی بندەستی ئێران لەگەڵ خواستی گەڕانەوە بۆ ناسنامەی شیعی تا ڕادەیەکی زۆر جیاواز بوو. مەلا تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکان ئەگەرچی لەگەڵ ناوەڕۆکی جیهانی نوێدا تەبا نەبوون، بەڵام فۆرمی دەوڵەتی مودێرنیان گەرەک بوو. ئەوان لەلایەکەوە فۆرمێکی مودێرنی ئیمپراتۆریای سەفەوییان دەویست و لەلایەکی ترەوە پاوان کردنی دەسەڵاتی نێو سیستەمی ئیستعماریی دەوڵەتی پەهلەوییان لەلا پەسند بوو. ئەمە هەر لە یەکەم مانگەکانی پاش شۆڕشی ٥٧ ئاشکرا بوو و بە ناردنی هێز بۆ کوردستان، تورکمەن‌سەحرا و عەرەبستان ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی تازەی ئاشکرا کرد.

ویستی تێکنەدانی میراتی ڕەزاخان و دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی نەتەوەکانی نێو ئێران، لەگەڵ ویستی بنیاتنانی نەتەوەی نوێ لەسەر بنەمای ناسنامەی شیعە، تێکەڵەیەکی پێکدژی لە خوێندنەوەی ڕەسمیی ناسنامەی ئێرانی بوون دروست کرد. لەلایەکەوە بە گێڕانەوەی شیعە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، حکوومەتێک بوو کە وەک دەسەڵاتی سەفەوی لەسەر بنەمای خزمەت بە ئایین دادەمەزرا و مەشرووعیەتی لە خوداوە وەردەگرت و لەلایەکی ترەوە خۆی بە سیستەمی کۆماری پێناسە دەکرد و ئیددعای مەشرووعیەتی خەڵکییشی بوو. خوێندنەوەی بە زۆر داسەپاو لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی ئێران وەک گێڕانەوەی ڕەسمی لە مێژوو وەرگیرا و، هاوکات هەوڵێک بۆ خۆ بە «ام القرا»ی جیهانی ئیسلام زانین، لەگەڕدا بوو.

> پرۆژەی دروست کردنی دەوڵەتی مودێرنی ئێرانی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی فارس، پرۆژەیەک نەبوو کە مەشرووعیەتی ببێت یان پێویستی بە مەشرووعیەت ببێت

ئەگەر چەوساندنەوەی سیستەمی پێشوو لەسەر بنەمای نژاد بوو، ئەمە لەگەڵ سیستەمی بە یەک زانینی هەموو جیهانی شیعە یەکی نەدەگرتەوە. ئەگەرچی پەنا بردن بۆ مێژووی پێش ئیسلام و ناسنامەی دەستکردی ئێرانی بوون لەسەر ئەو بنەمایە، لە بنەڕەتدا بۆ دژایەتیی عەرەب و ئیسلام بوو، بەڵام سیستەمی تازە هەر زوو لەسەر دامەزراندنی سوپایەک بۆ سەرکوتی هێزی موستەعمەرەکانی و، بە زۆر داسەپاندنی زمان و کولتووری فارسی بەسەر هەموو نەتەوەکانی بندەستیدا، پێی نایە جێگەپێی سیستەمی پێشوو. دژایەتیی عەرەب، ڕواڵەتی گۆڕی و خۆی لە ڕواڵەتی وڵاتانی عەرەبی سوننیدا نیشان دایەوە. ئەم وەچەرخانە بۆ کورد ماڵ کاولکەر بوو، ئەم جار نەک وەک نەتەوەیەکی بندەست دەبا

بە زەربـــی تانک و تەیارە کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵکوولەبـــەر ئەوەی بەشـــێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردســـتان ســـوننی بـــوون، بە هـــۆکاری ئایینیش کرایـــە ئامانجی تیری کینە.

## چییەتیی سیاسەت لە ئێراندا

لـــەو ڕووەوە کە لـــە پـــاش دامەزراندنی دەوڵەتـــی مودێرنەوە، یان بـــە تەعبیرێک دەســـت گرتنی نەتەوەی فارس بەســـەر هەموو میراتی پاشـــماوەی ئیمپراتۆریەتی پێش خۆیـــەوە، حکوومەتـــداری بووە بە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سەربازی بـــۆ کۆنتـــرۆڵ و دەســـت بەســـەردا گرتنی ســـەروەت و ســـامانی نەتەوەکانـــی تر، هەوڵـــی نوێ بوونـــەوە و خۆ ســـازدان بۆ نـــوێ کردنەوەی ئینســـان تەعتیـــل بـــووە و، سیاســـەت وەک بەشـــداریی مرۆڤەکانـــی ئـــەم دەوورەیە لـــە گۆڕینـــی چارەنووســـی خۆیاندا قفڵێکی گەورەی لێ دراوە. یاریکەرەکانـــی گەمەی سیاســـەت چ لە ســـەردەمی پەهلەویدا و چ لەســـەردەمی کۆماری ئیســـلامیدا، نەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاســـی بەڵکـــوو بۆ وە چنگ خستنی بەشی خۆیان لە تالانی سەروەت و ســـامانی نەتەوە بندەســـتەکان، خۆ لە قەرەی سیاسەت دەدەن.

دیارە لێرەدا خۆ لە باســـی ســـواوی لە ئیســـلاح هاتوو بوون یان نەبوونی کۆماری ئیســـلامی نادەیـــن، چون بە ئیســـتدلال لەســـەر ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا، پێکهاتەی دەوڵەتی مودێرنی ئێرانی لەســـەر بنەمای چەوساندنەوە و تالانکاری دامەزراوە. بەڵام پێویســـتە ڕوون بکرێتەوە کە پرســـیاری ئینقـــلاب یـــان ئیســـلاح بۆ کەســـێکی ڕزگاریخـــوازی نەتەوەیـــی، داوێکە کە لە خۆیـــدا هەڵگـــری مانەوەی سیســـتەمی چەوســـاندنەوەی ئێرانییـــە. بێجگـــە لەوە هەموو ئیســـتدلالەکان بۆ ئیسلاح لەجێی ئینقلاب، لە ناخی خۆیاندا ئەو ترســـەیان حەشار داوە کە لە ئەگەری شێوانی نەزمی موجـــووددا، ئیمکانی لاواز بوونی ســـوپای ناوەنـــد و بەهێـــز بوونی پەراوێـــز هەیە. لە ڕاســـتیدا ترس لە ئینقـــلاب، ترس لە هەڵوەشانەوەی دەســـەڵاتی ناوەند بەسەر سەروەت و سامانی پەراوێزدایە. چونکە لە ئەگەری ئینقلاب و شۆڕشدا، بەو گۆڕانە قووڵەی کە کۆماری ئیسلامی بەســـەر تێڕوانینی خەڵکیدا هێناوە، ئایینی شیعە ناتوانێـــت ببێت بـــە هەوێنی حکوومەتی جێگرەوەی. ئەمە لە کاتێکدایە کە تاکە هۆکاری دروســـت بوونـــی چەتـــری ئیمپراتۆریەتێک لەســـەر ئەو جوغرافیایە، ئایینزای شـــیعە بووە. ئـــاڵا هەڵگرانی گەڕانەوە بۆ شارســـتانیەتی ساســـانی، ئەگەرچی بۆ ماوەی سەد ساڵ پاوانی پـــەروەردە و میدیایان بە دەســـتەوە بووە، نەیانتوانیوە لە پرۆژەی تواندنەوەی نەتەوەکاندا ســـەرکەوتوو ببن. بۆیە ئەگەر هەر گۆڕانێک بێتە کایەوە، هیچ هۆکارێکی وجوودی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئیستعماریی ئێرانی لەنێواندا نییە.

> شۆڕشی ٥٧ تەقینەوەی ناڕەزایەتی دژ بە ناسنامەیەکی جەعل کراوی ئێرانی بوو کە نەک مرۆڤی فارسی لە بەستێنی مێژووی خۆی هەڵدەکەند، بەڵکوو سیستەمێک بوو، ناتەبا لەگەڵ بەشداریی بەشی هەرە زۆری جەمعیەتی نێو ئەو سنوورە کە ئەمەیش دیسان لەگەڵ ڕۆحی نوێکردنەوەی ڕاستەقینەی سیاسیدا ناتەبا بوو

## ڕۆشنبیریی دژە هێژمۆنیک

لـــە هەڵســـەنگاندن لەگەڵ ئەو هاوکێشـــە ئاکادمیکانـــەی بـــۆ سیاســـەتی ئێرانی ڕیز دەکرێن، ڕەنگە ئەم خوێندنەوە ســـەرپێییە لـــە سیاســـەتی ئێرانـــی، یەکجار ســـادە و ســـەرەتایی بێتـــە بەرچـــاو. ئەگەرچی ئەم





گێڕانەوەیە بە ئەنقەست کورت نووسراوە، بەڵام جیاوازییەکی جەوهەریی لەگەڵ ئەو شێوە نووسینایەشدا هەیە. لە سیستەمێکی ئیستعماریی وەک ئێراندا، ئەگەرچی دەسەڵات بە زەبری شەق و بە ڕشتنی خوێن دادەسەپێت، بەڵام بۆ ئەوەی کە دەسەڵات ناچار نەبێت هەموو ڕۆژێک سەرکوت و شەقی ڕووت بۆ کۆنترۆڵی ژێردەستەکانی بەکار بهێنێت، ناچارە ڕۆشنبیرییەکی چەواشە بەرهەم بهێنێت کە ژێردەستەکان لە ڕێگەی ئەو ڕۆشنبیرییە چەواشەیەوە پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا بە شیاو پێناسە بکەنەوە.

ئەرکی ڕۆشنبیرانی سوننەتی بەرهەمهێنان، دابەش کردن و بەکارهێنانی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییەیە کە پەیوەندیی کۆیلە/کۆیلەدار بە شتێکی ئاسایی پێناسە دەکاتەوە. کاری ئەو ڕۆشنبیرانە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی وەزعی مەوجووددا، خوێندنەوەی ڕۆشنبیرانە و بە ناو زانستی لە دیاردەکان پێشکەش بکەن. دیارە دەسەڵات وەک چۆن دەستی بە ئامرازی کوشتوبڕ دەگات، هەر بەو شێوەیە دەستی بە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی مێشکی بندەستەکانیشیدا دەگات.

ڕۆشنبیری ئۆرگانیک یان دژە هێژمۆنیک ڕۆشنبیرێکە کە لە بەری ژێردەستەکانە. دەتوانێت لە خواستی ئەوان تێبگات، پێویستییەکان و پرسە سەرەکییەکان لێک بداتەوە و ئەم جار فۆرموولەی بکاتەوە و بە گژی ڕۆشنبیریی هێژمۆنیکدا بچێتەوە. بۆیە ئێمە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی بندەستیی خۆمان، ناچارین پەردەی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات بدرین و لەسەر بنەمای بنەڕەتیترین هاوکێشە، واتە هاوکێشەی کۆیلە و کۆیلەدار، چەمکەکانی لێدوانی سیاسیمان دابڕێژینەوە.

# ڕێگای ڕزگاری

**ماکوان کوردستانی**



سووژەی داگیرکەر هەوڵ دەدا بۆ خزمەت بە داگیرکەر ڕێگەیەکی بە ڕواڵەت نێونجی بگرێتە بەر کە «هەوڵ بۆ ڕزگاری» لە شەرعییەت بخات. بەڵام ئاگامەندانە لە میتۆدۆلۆژیی زانستی خۆی دەدزێتەوە. بۆ وێنە ڕیفۆرمیستە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات، بە جێی ئەوەی لەسەر گۆڕینی پێکهاتەی سیاسی بڕۆن، هەوڵ بۆ فەزای سیاسیی کراوە دەدەن. لە کاتێکدا بۆخۆیان بە باشی دەزانن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەگەر پێکهاتە نەگۆڕدرێت، فەزای سیاسیی کراوە مسۆگەر نابێت.

## پێشەکی

پرسیار، ئەو هەڵوێستەیە کە مرۆڤ لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر دیاردەیەکدا بۆی ئامادەیە. جا ئەگەر ئەو دیاردەیە ناڕوون و هۆکارەکانی نادیار بێت، پرسیار کردن زەقتر و بوێرانەتر دەبێتەوە. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر دیاردەیەکی دیار و نادیار پێویستی بە ڕوانگە هەیە، تەنانەت بۆ ئەوەش کە بە دیار یان نادیار ناودێر بکرێت. ڕوانگە، سیستەمێکی واتاییە کە تاک و تاقم، کۆمەڵگا و نەتەوە، ڕووداو و دیاردەکانی پێ دەخوێننەوە. لە نەبوونی پاشخانی ڕوونی واتاییدا مرۆڤ لە گێژاوی پرسیارەکاندا دەمێنێتەوە و دوای ماوەیەک لە پرسیار کردن سڵ دەکات و لە ئاکامدا خودی پرسیاریش لە بیر دەباتەوە. مرۆڤ دوای بەئاگا بوون لە پێگەی خۆی لە سروشتدا ڕووبەڕووی گەلێک پرسیار بووەوە. پرسیار لە کارەساتە سروشتییەکان، دیاردە سەرسوڕهێنەرەکان و.... بۆ وەڵام دانەوە، یەکەم هەوڵی پەنا بردن بۆ مێتافیزیک و جادوو بوو. ئەم شێوە ڕووبەڕووبوونەوەیە لە ژێر زریقەوبریقەی ئیدیۆلۆژی و ڕێبازە هزرییەکانی ئەم سەردەمەشدا ژیندارە.

پەنا بردن بۆ پاساوی میتافیزیکی، دژکردەوەی سۆزدارانە و ون کردنی پرسیار سێ کوچکەی قەتیس بوونی زەینی تاک و تاقمە جیاوازەکانی ناو کوردستان، ڕێگەی نەداوە و نایدات ژێرخانی هزری و مەعریفیی کوردستانی سەرهەڵبدات. تێکەڵ بوونی هەندێ کەس و لایەن بە گوتار و پێکهاتەی داگیرکەران بەرهەم هێنان و ساز کردنی ژێرخانی مەعریفیی بە لاڕێدا بردووە. بۆ شرۆڤەی وردتر دەپەرژینە لێکدانەوەی پرسیار لە دۆخی هەنووکەی کورد و کوردستان، لە دۆخی بندەستی و ڕێگای ڕزگاری. ئاخۆ ڕێگای ڕزگاری لە ئاقاری گوتاری داگیرکەرانەوە تێدەپەڕێ یان هەنگاوی یەکەم وێنا کردنی دەرباز بوون لە گوتاری داگیرکەرانە؟ ڕێگەی نێوەنجی کە لە هەر دوو ڕێچکەکە پێک هاتبێ نەگونجە و هەر هەوڵێک لەم پێناوەدا دەچێتە خانەی داگیرکەرانەوە.

کورد لە بۆشایی مەعریفیدا پرسیار لە دۆخی خۆی و نیشتمانی خۆی(کوردستان) دەکات. پرسیار لە بندەستیی خۆی و داگیرکراویی وڵاتەکەی. ئەم پرسیارە لە زەینی هەر تاکێکی کورددا هەڵیداوە؛ تەنانەت ئەو جاشەیش کە خزمەتی داگیرکەر دەکات. لە درێژەدا ئەو ڕێچکەگەلەی کە کورد لە وڵامی ئەو پرسیارەدا گرتوویەتە بەر لێک دەدەینەوە. بەستێنی دەروونی- کۆمەڵایەتیی کوردستان لە ئاست خێزان و مەڵبەند و شار و ڕەوتە هزری و سیاسییەکاندا لە سەر هەڵوێستەی تاکی کورد بۆ وڵامی پرسیاری سەرەکی کاریگەرن. واتە پێش ئەوەی ڕێگەی ڕزگاری تاوتوێ بکرێ، پێویستە تاکی کوردستانی و دۆخی کوردستان لێک بدرێتەوە. تا ئەم بەرچاو ڕوونییە مسۆگەر نەبێت، هەڵەی ستراتێژیی گورچکبڕ لە هەموو پارچەکاندا پاتە دەبێتەوە. داگیرکەران لە زەین و کەسایەتیی تاک و کۆمەڵگای کوردستان بە باشی ئاگادارن. بەڵام کورد بۆخۆی لە زەلکاوی ڕەوتە ئیدیۆلۆژییە کات بەسەرچووەکان و (لە خزمەت بەرژەوەندیی داگیرکەران)دا پەلەقاژە دەکات و سێ کوچکەی بەربەست لەو دۆخە و دەمارگرژیی خێڵەکیدا دەیهێڵێتەوە.

لە پێشدا زانیارییەکان ڕیز دەکەین. ئەو زانیارییانەی کە لە ژیانی نەتەوەی کورد و کارەساتەکانی کوردستاندا بەڵگەنەویستن. دەبێ بزانین لە چ ئاستێکی لەخۆتێگەیشتنداین و چۆن لە پێناو تێگەیشتندا دەجووڵێینەوە.

**١** کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە. بە داگیرکەر و داگیرکراوەوە لەم دۆخە بە ڕوونی ئاگادارن. سەرەڕای ئەوەی سووژە پەروەردەکراوەکانی داگیرکەر ئەم خاڵە لێڵ دەکەن، بەڵام لەو چرکەساتەدا کە داگیرکەر دەسەڵاتی خۆی لە مەترسیدا دەبینێ، هەڵوێستی داگیرکارانەی

خۆی لە توندوتیژیی رووتدا دەنوێنێ. سووژەی داگیرکەر هەوڵ دەدا بۆ خزمەت بە داگیرکەر رێگەیەکی بە رواڵەت نێونجی بگرێتە بەر کە «هەوڵ بۆ رزگاری» لە شەرعییەت بخات. بەڵام ئاگامەندانـــە لە میتۆدۆلۆژیی زانســـتی خۆی دەدزێتەوە. بۆ وێنە رێفۆرمیستە کوردەکان لە رۆژهەڵات، بە جێی ئەوەی لەســـەر گۆڕینی پێکهاتەی سیاســـی برۆن، هـــەوڵ بۆ فەزای سیاســـیی کراوە دەدەن. لە کاتێکدا بۆخۆیان بە باشـــی دەزانن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەگەر پێکهاتە نەگۆڕدرێت، فەزای سیاســـیی کراوە مسۆگەر نابێت.

**٢** کوردســـتان داگیرکـــراوی تورکیا، ئێران، ئێـــراق و ســـووریایە. ئەم وڵاتانـــە لەو پەڕی ناکۆکیـــدا لە ســـەرکوت کردن و بندەســـت راگرتنـــی کـــورددا تەبان. لەگەڵ ئەوەشـــدا، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان کوردی بندەستی بەشە داگیرکراوەکانی تری کوردستان، وەکوو ئامرازی ئیمتیاز وەرگرتن لە داگیرکەری ئەو بەشـــە بە کار بێنن. لە ململانێی عوسمانی و سەفەوییەوە تا پەیمانی سەعداباد و کارەساتی رۆژاوای کوردستان پەیمانی سەرکوت کردنی کوردستان واژۆ دەکرێت.

**٣** هەر داگیرکەرێک لە کوردستانی بندەستی خۆیدا، بە پێشەسازیی کەلتووری و ساختەکاری لە مێژوو و ناسنامە و باو کردنی بەرژەوەندیی تـــاک و تاقـــم و ئەندازیاریـــی کۆمەڵایەتی و لە دۆخی هەســـتیاردا توندوتیژی و کوشتن؛ جەماوەری بێ هەڵوێســـت و کۆیلە پەروەردە دەکات. ئـــەم کۆیلەبوونە بـــە ژێرخانی زەینی و ســـەرخانی کەلتووری و سیاسییەوە هێدی هێدی کوردستان لە ناســـنامەی داگیرکەردا دەتوێنێتەوە.

**٤** کوردستان کە لە کایەی زلهێزاندا لە نێوان وڵاتەکانی دەســـکردی خۆیانـــدا دابەش کرا، هەڵگری زۆر کەلێن و کەلەبەری ناســـنامەیی و کۆمەڵایەتییـــە کە داگیرکەر بە باشـــی بۆ ئەندازیاریـــی کۆمەڵایەتـــی و پیشەســـازیی کەلتووری کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

**٥** راپەڕینـــە کوردییەکان، لـــە کۆتاییەکانی ســـەدەی ١٩ و بە درێژایی ســـەدەی ٢٠ و ســـەدەی ٢١یش تا ئەم ســـاتە، نەیانتوانیوە پێناســـەیەکی سیاســـی- رێســـایی لە ئاست نەتەوەدا دەستەبەر بکەن.

**٦** ئاســـتی داخوازییەکانی نەتەوەی کورد بە دوو جـــۆر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکییەوە بۆ داخوازیی ناوچەیی وزۆر جار حیزبی دابەزیون. هۆکارە ناوخۆییەکان بریتین لە، خێڵەکی بوونی کۆمەڵگای کوردستان — کە لە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانیشـــدا رەنگی داوەتەوە — ، وێنا نەکرانی کوردســـتان وەکوو جوگرافیایەک کە دەبێ ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، ناشارەزایی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەردا (هەردەم وەکوو پەراوێزی داگیرکەر لەگەڵ داگیرکەردا جووڵاوەتـــەوە) و لـــەم دواییەشـــدا وەهمی ســـەربەخۆیی (کە داگیرکەر بۆ ســـڕینەوەی مێـــژووی خەباتـــی کوردســـتان کەڵکاژۆی دەکات). هـــۆکارە دەرەکییـــەکان لە کایەی زلهێزان و یەک گرتنەوەیان لەگەڵ سیاسەتی داگیرکەران دەکەونەوە. هۆکارە دەرەکییەکان بە شوێن هۆکارە ناوخۆییەکانەوە کارا دەبنەوە. دەرخســـتنی کارلێکیـــی هـــۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانـــی بندەســـتیی کوردســـتان ســـەرەتای دارشـــتنی رێگای رزگارییە کە لە پاژی دووەمدا بە چڕی دەچمەوە سەری.

ئەم شەش خاڵە ئەوەندە دەرهەست نیین کە خوێندەواری کورد لێیـــان تێنەگات. یان پێویســـتیان بە پســـپۆڕی و زانستی تایبەت ببێت. هەڵبەت بیری زانســـتیی پێویستە. دوو پرســـیار دێتە گۆڕێ. ئـــەم زانیاریانە پێکەوە چ وێنایـــەک لە کوردســـتان ســـاز دەکەن؟ خوێندەواری کورد بۆ لەم وێنایە سڵ دەکات؟

بۆ تێگەیشتن لە دۆخی کوردستان دەبێ لە گشـــت واتە (کول)ەوە بـــەرەو پاژ بچین. کۆی زانیارییەکان تۆڕی بەربەستیی رزگاریی کوردستان پێک دێنن. هەر کامیان ئاستێکی

بەربەستین. زۆرینەی خوێنەواری کورد، واتە کەسێک کە دەتوانێ لە دۆخەکە تێبگات، هەوڵ ئەدات خۆی لەو وێنایە بدزێتەوە. ترس ئەو میکانیزمەیە داگیرکەر زۆر بە باشی کەڵکی لێ وەردەگرێت. داگیرکەر «تێگەیشتن» و «بوێر بوون»ی لێک دابڕاندووە. تێگەیشتن بە تەنیا نەزۆکە و بوێر بوونی بێ تێگەیشتن بە هەڵدێرماندا دەبات. داگیرکەر هەوڵ ئەدا تێگەیشتنی سووژەی کوردی ئاڵۆز بکات. بەڵام دڵنیایە کە ناتوانێ پێش بە ئاگامەند بوون بگرێت. سا بە ترسی ڕۆچوو لە زەیندا خوێندەوار و نەخوێندەوار دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەر بۆیە ئەو زانیارییە ڕوونانە نابنە هەوێنی بەدواداچوونی پرسیاری سەرەکی. سەرچاوە و ئاراستەی ترسیش هەر لە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستانەوە وەردەگرێ. بارودۆخێک کە خۆی ئەندازیاری کردووە. بۆ میناک لە میدیای داگیرکەرەوە دەبیستین، (یا خوا دەس بە گیرفان خاڵیدا نەکەن). ترس لە تەنگانە و لەناوچوون، خەمی داهاتووی منداڵان و هەوڵ بۆ دامەزراندنیان لە سیستەمی دەوڵەتیدا و.... ئینجا ئاستی ناسنامەیی نەتەوەی کورد لە بەرگری و هەوڵی مانەوەدا هەوێنی ئەو هێرشە زەینییە بە داگیرکەر دەدات. هەوڵ بۆ هێشتنەوەی زمانی دایکی، چەق بەستن لە فۆرمی ئەدەبیی تایبەت و دەمارگرژی بۆ پاراستنی نەریت و پەیوەندیی خێڵەکی لە میناکەکانی ئاستی بەرەنگاری و هەوڵی مانەوەن. داگیرکەر بۆ هەر کام لەم بوارانە ڕێگە بۆ کاراکتێری رووکەش و بێ هەڵوێست خۆش دەکات. لە هونەر، وێژە، سیاسەت و هتددا ئەم کاراکتێرگەلە بەربەستی پرسیار کردن لە ئەم بارودۆخەن. داگیرکەر بەم بووکە شووشانەوە نسبەتی داگیرکاریی خۆی بە نسبەت کوردستانی بندەستی خۆی دەشارێتەوە. هەندێ ڕۆژهەڵاتیی ، لە نێو جەماوەر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە سەر ڕۆژئاوا زکی خۆیان دەدرن، کە چی ئێران بە وڵاتی خۆ و خاوەن شکۆ و بەهێز ناودێر دەکەن. پێشینەی ئەم تاقمە، هەڵوێستیان لە ڕەوتی نەتەوەخواز کە وەکوو کوردێک کەڵکەڵەی ڕۆژئاوایان هەیە، جودا دەکاتەوە.

زانیارییەکانی سەرەوە کاتێ لە ژێر تەمومژی نائەقڵانی بوونی (بیر لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەکردنەوە) کورد و ئەندازیاریی داگیرکەر دێنە دەرەوە و دەبنە هەنگاوی یەکەمی ڕێگای ڕزگاری، کە میکانیزمی تێگەیشتن و بوێر بوون لێک بئاڵێن. واتە میکانیزمی گەوجاندن و ترساندنی داگیرکەر بەراوەژوو بکرێتەوە. تێگەیشتن سێ کوچکەی قەتیس بوونی زەینی کوردی تێک دەدات و بوێر بوون تێگەیشتن دەکاتە کردەوە. کاتێ ئەم هەوڵە ببێ بە ڕەوت، ئاپاراتووسی داگیرکەر لە کار دەخات.

> **بۆ تێگەیشتن لە دۆخی کوردستان دەبێ لە گشت واتە (کول)ەوە بەرەو پاژ بچین. کۆی زانیارییەکان تۆڕی بەربەستیی ڕزگاری کوردستان پێک دێنن. هەر کامیان ئاستێکی بەربەستین**

## لە چی و چۆن تێبگەین؟

بۆ کورد لەو شەش زانیارییە سڵ دەکات؟ لەبەر ئەوەی زەینی بە هەوێنی خێڵەکییەوە بە گوتای داگیرکەر گۆش کراوە و لە سۆنگەی داگیرکەرەوە خۆی پێناسە دەکات. سا خۆی لە دەسەڵاتداری تورک و عەرەب و عەجەم بە خوارتر دەزانێ. ئەم هەڵوێستە دەروونییە تاک و هەندێ ڕەوتی کوردی وا لێدەکات کە هەوڵ بدەن خۆیان بە داگیرکەر بسەلمێنن. دەلکێن بە پان ئێرانیست و پانی عەرەب و تورکەوە. ئەگەر داگیرکەر وەریانبگرێت، بۆ وێنە لە ئێراندا لە عەجەم ئێرانیتر دەبن. بە

کورتی خۆیان لە چوارچێوەی داگیرکەردا پێناسە دەکەن.

ئەقڵییەتی خێڵەکی لە هێز، تا مەودای دەسەڵاتی خێڵ تێدەگات و هەردەم خۆی بە پەراوێزی حکوومەتی ناوەند دەزانێت. هەر ئەو میکانیزمەی خێڵە کوردەکان، تا سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە بنەمای هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەڵاتدا بوو. بۆشایی مەعریفیی کوردی و زەینی پاشکۆی داگیرکەر یەکتری بەرهەم دێننەوە. لەم لاوازییە ناوخۆییەدا باڵادەست بوونی سیاسی- کەلتووریی داگیرکەر خەسارەکە قووڵتر و بەرینتر دەکات. واتە زەینی کوردی ترسەنۆکتر دەبێت و ئاستی داخوازییەکان زۆرتر دادەبەزێت. لەم بەستێنەدا گوتاری کوردستانی لە بازنەی گوتاری داگیرکەردا دەتوێتەوە.

ئێران لە کەڵک وەرگرتن لەم میکانیزمە سەرکەوتوو بووە. کۆماری ئیسلامی بۆ حەواندنەوەی ڕەخنەگرانی ناوخۆیی ڕەوتی ئیسلاحاتی ڕێکخست. ئیسلاح تەڵەبی کورد پەیوەستێکی نابەجێی ڕەوتی ئیسلاحات بوو. دامەزرێنەرانی ئیسلاحات هەر ئەو کەسانە بوون- هەر بەو بیرۆکەوە- کە شەڕی کوردستانیان کرد. هەوڵیان ئەوە بوو بۆ بووژاندنەوەی کۆماری ئیسلامی ئیسلاحات بکرێت. واتە لە گوتاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەجووڵانەوە و دەیانویست دەمامکێکی پەسەندی لێ بدەن. ئیسلاح تەڵەبی کورد چ داخوازییەکی هەبوو؟ بە زەینی پاشکۆی داگیرکەرەوە، لە گوتاری جمهووریی ئیسامیدا بانگەوازی دەستەبەر کردنی مافی کوردی دەکرد. «ئەتوانین لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیدا مافی کورد دەستەبەر بکەین»، «لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە لە دەسەڵاتدا بەشدار دەبین»، «تازە باوی چەک هەڵگرتن نەماوە و نابێ کوڕی خەڵک بە کوشت بدەین» و...، ئەو دورشمگەلە بوون کە کەسایەتیی داهێزراوی ئیسلاح تەڵەبی کورد بانگەشەی بۆ دەکرد. داگیرکەریش هەردەم لە کارناواڵێکی هەڵبژاردن و سناریۆیەکی حکوومەتیدا بەشداری دەکردن.

سیستەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی تۆڕێکی ئەمنییەتی- سیاسی - ئابوورییە کە لایەنەکانی سەر بە گوتاری ناوەند- لە پێناو تەمامییەتی ئەرزیی ئێراندا، خۆیانی تێدا دەبیننەوە. ئیسلاح تەڵەبی کورد خوارترین ئاستی ئەو تۆڕەن.

> **ئەو زەینە کە کوردی نییە و لە ژێرخانی مەعریفی بێبەرییە، ڕزگاری وێنا ناکات. ئەگەر ئاگامەندیش بێتەوە سڵی لێ دەکات. سا کێشەی کورد لە ڕێی ڕزگاریدا، لە یەکەم هەنگاودا بزر بوونی زەینی کوردی و نەبوونی ژێرخانی مەعریفییە کە دەبێ پڕ بکرێتەوە**

لە ڕۆژهەڵاتدا، ئێرانچێتی واتە گوتاری داگیرکەر. لە نەبوونی ژێرخانی مەعریفی و زەینی سەربەخۆدا، لایەنە کوردییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی، دەکەونە داوی ئێرانچێتییەوە. ڕەوتە ئاینییە ڕیفۆرمخوازەکان وەکوو جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح بە بنەمایەکی ناشیعەوە کە چوونەتە نێو گوتاری جمهووری ئیسلامییەوە، ڕێگەی ئیسلاح تەڵەبانی کورد دەپێونەوە. کە دێنە گۆ دەڵێن سیاسەت دەکەین. پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەو لایەنگەلە کە ڕەوتێکی بێ دەسەڵاتن، چۆن دەتوانن لەگەڵ حکوومەتێکدا سیاسەت بکەن؟ ئاخۆ لە بەرانبەرەکەیان ژیرتر، شارەزاتر یان بەهێزترن؟ کە چاو لە دەسکەوتەکانیان دەکەیت، تەنیا بەرژەوەندیی تاک و تاقم، ئەویش لە ئاستێکی نزمدا، بەر چاو دەکەوێت. ئاکامی گشتیی ئەم ڕەوتگەلە بەربەست بوونیانە بۆ ڕزگاری.

ڕزگاری ئەو ئامانجەیە کە لەو گوتارگەلەدا کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کۆکن، بزرە. ئەم بزر بوونە لە پاشکۆی داگیرکەرانی

تری کوردستانیشدا هەیە.
ئــەو زەینە کە کوردی نییە و لە ژێرخانی مەعریفی بێبەرییە، ڕزگاری وێنا ناکات. ئەگەر ئاگامەندیش ببێتەوە ســڵی لێ دەکات. ســا کێشــەی کورد لە ڕێی ڕزگاریــدا، لە یەکەم هەنگاودا بزر بوونی زەینی کوردی و نەبوونی ژێرخانی مەعریفییــە کە دەبێ پڕ بکرێتەوە. ژێرخانی مەعریفی واتە وەگەڕ خستنی زانست بە هەموو لقوپۆپیەوە بۆ کوردستان. دواهاتی ئەم بزرایە تێگەیشتنی هەڵە و- لە باشترین شێوەدا- تەسک و ئاڵۆزە. ستراتێژیی نەتەوەیی لە زەین و مەعریفەی کوردییەوە ســەرچاوە دەگرێت و دەبێت بە کردەوە.

## ڕزگاری

کارلێکیی هۆکارە ناوخۆیــی و دەرەکییەکان یەکتری بەرهەم دێننەوە و کەسایەتیی تاکی کورد زۆرتــر دەخەنە پەراوێزی ناســنامەی داگیرکــەرەوە. ئەوەی کە هەنــدێ ڕەوت و لایەنی کوردی پابەستەی ناسنامەی داگیرکەر دەبن، لە داهێزرانی کەسایەتیی تاکی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت. خوێندەواری کورد ئەگەر لــە تێگەیشــتندا بوێــر بێت، دێتەوە ســەر زانیارییە بنەماییەکان و دەیانکات بە پرســیار و پێشگریمانەی داڕشتنی ڕێگای ڕزگاری. سا ڕزگاری لە هەڵوێستەیەکی زەینی- دەروونیی تاکەکەسییەوە دەست پێ دەکات. تاکی کورد ئاگامەند دەبێتەوە کە داگیرکەر داگیرکەرە و ئەم وەکوو ژێردەســت لە هەر پلەوپایەیەکدا بێت ژێردەســتی ئەو سەردەســتەیە. پاســاو هێنانــەوە بۆ خۆپاراســتن و شــەڕ نەکردن و کاری سیاســی و پارلەمانــی لە پێکهاتەی داگیرکــەردا لای زەینی ئاگامەندی نەتەوەیی وەرناگیردرێت. ئەگەر لە زمانی گوتارەوە بۆی بچین، داگیرکــەر هــەر دیاردەیەکی دژ بە گوتاری خۆی دەسڕێتەوە. داگیرکەر لە بازنەی خۆیدا مشتومڕ و ڕەخنە و گازندە بە ئەوپەڕ دەگەیەنێت، بــەو مەرجەی بنەمــا و بوونی ناسنامە و پێگەی تێک نەدرێت. ڕێفۆرمیستی کورد، ڕەوتــە ئایینییەکان، یان هەر هێزێکی کــوردی کــە ئامانــج و ئیدیۆلۆژییەکەی ، داگیرکاریی داگیرکەر دەسەلمێنێ، بەشێکە لە هێزی سەقامگیرکەری داگیرکەر. داگیرکەرانی کوردســتان هــەر ئیدیۆلــۆژی و بۆچوونێک وەردەگرن، تەنیا نەتەوەخوازیی کوردی نەبێت. لە وەها سیستەمێکدا لە ئێران، ئێراق، سووریا و تورکیــا چ ڕێفۆرمێک دەکرێــت کە مافی نەتەوەیی کورد دەستەبەر بکرێت؟ داگیرکەر مــاف دەدات، بەڵام لە چوارچێــوەی خۆیدا. ناسنامەی کوردی بە جۆرێک وەردەگیردرێت کە کورد بە ناشارســتانی، دوور لە زانســت، خێڵەکی (دەمارگرژی بۆ نامووس و...)، لادێیی، خاوەن هونــەر و کەلتــووری پەراوێز کە بە محەللی ناودێری دەکەن، دەناســێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئاســتی کەلتوور و هونەری کوردی لە ڕێگــەی میدیای خۆیــەوە دادەبەزێنێت. بۆیە لەسەر کەلتوور زۆرتر ڕۆیشتم، پرۆسەی بە ســووژە کردنــی کورد بــۆ داگیرکەر لەو ڕێگەیەوە جێ دەبێ. دەنا بۆ کوردەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی حاشا هەڵنەگرە لە باری ئابووری و سیاســییەوە کوردســتان پەراوێزە و بە پەراوێــزی دەمێنێتەوە. تا داگیرکەرێک وەکــوو کۆماری ئیســلامی پشــکی کوردی ڕۆژهەڵات لە سەرچاوەی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و کەلتووری ڕادەست نەکاتەوە، بە داگیرکەر دەناسرێت. بێگومان ئەویش مل بەو خواســتە نادات. بوونی ناسنامەی داگیرکەر لە سەرکوت کردنی نەتەوەکانی تردا مسۆگەر دەبێت. ئەگەر کورد شەڕی مانونەمان دەکات، داگیرکەریش هەر شەڕی مانونەمان دەکات. بەڵام بەو جیاوازییەی کە ناسنامەی داگیرکەر لــەوە زۆرتر گەشــە ناکات. بــەو هۆیەی کە تێکڕای هێزی خۆی لە سەردەســت مانەوەدا خەســار دەکات. هەر بۆیە تورکیا و ئێران لە سەرهەڵدانی ڕەزاشــا و ئاتاتورکەوە تا ئێستە نەیانتوانیوە ناســنامەی یەکانگیر و گشــتگیر



بۆ یەکەی سیاسیی خۆیان پێک بهێنن. نەتەوەی سەردەست لە سیاسەت و ئابووری و کەلتووردا پاوانخوازانە و سەرکوتکەرانە جووڵاوەتەوە. نەتەوەی بندەست بۆی نییە دەنگی مافخوازی هەڵبڕێت. سا ڕیفۆرمخوازی تەنیا بۆ گەوجاندنی کۆمەڵگا لە کوردستان و نەتەوە بندەستەکانی تردا پەرەی پێ درا. وەک پێشتر باسم کرد، ڕیفۆرمخوازی بۆ بەستێنی خودی داگیرکەر کارکردێکی دیکەی هەبوو.

لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان کە شەرعییەتی خۆیان لە کورد و کوردستانەوە وەردەگرن دەبێت هەوڵیان پەروەردە کردنی تاکەکەسی کوردستانی بێت. ئەگەر خەباتکاری کورد لە ئامانج و ڕێباز تێگەیشتبێت، واتە پەروەردە کرابێت، هەرگیز لە دەستەبەر کردنی مافی پێویستی کورد، کە بەدەوڵەت بوونە، پاشەکشە ناکات. کورد بەگشتی لە بواری پەروەردەدا خەمسارد بووە. بە وتەیەکی تر، نەیتوانیوە سووژەی کوردستانی پەروەردە بکات. هۆکاری سەرەکیی نسکۆی شۆڕشە کوردییەکان، دوای لاوازی لە ستراتێژیدا، شەهید بوونی کەسایەتییە کاریگەرەکانی بووە. ئەو کەسانەی بە شێوازی خۆکرد پەروەردە ببوون. هەڵبەت مەبەست لە پەروەردە کردن داڕشتنەوەی کەسایەتی نییە. ئەم ویستە نەگونجە. ئەگەر جێبەجێش بکرێت هەوڵێکی فاشیستی و تووتالیتاریستییە. تاکی کورد بە تایبەتمەندی و ئاوەز و ویستی خۆیەوە لە ڕێبازی نەتەوەییدا پەروەردە دەکرێت. مەرجی یەکەم بۆ نەتەوەیی بوون بە پێشمەرج دانانی زانیارییە بنەماییەکانە. پاشان زانستە مرۆییەکان و ئاگامەند بوون لە ڕابردوو و ئێستە و وێنا کردنی داهاتوو.

هاوکات لەگەڵ داڕشتنی سیستەمی پەروەردە، سیستەمی خەباتی نەتەوەیی دادەڕێژرێت. واتە کەسی پەروەردە کراو لە چ کار و چالاکی و کات و شوێنێکدا خەبات بکات. سەرەڕای ئەوەی ئەم کارە بەڕێژە

کراوە و دەکـــرێ، بەڵام نەبووەتـــە ڕەوتێکی گشـــتگیر. سیســـتەمی خەبات پێویستی بە هەموو بەهرەکان و دەفرایەتییەکان هەیە. سا پەروەردەی زەینی هەر تاکەکەســێک بە پێی بەهرەی خۆی، هەنــگاوی یەکەمی پەروەردە بوونە. لە هەنگاوی دووەمدا تاکەکەس بە پێی لێهاتوویی یان بەهرەی فێربوون لە بەشــێکی سیســتەمی خەباتدا جێگیــر دەکرێت. ئەمە پرۆسەیەکی بگۆڕە و بە ئاراستەی ستراتێژیی بەرەی نەتەوەیی گۆڕانی بە سەردا دێت.

ســتراتێژیی خەبــات لە پێنــاو ڕزگاریدا دادەڕێژرێت. ڕەهەندەکانی خەبات بریتین لە:

**یەکەم:** پــەروەردەی زەینی هەر تاکێکی کوردســتانی بە ڕێبــازی نەتەوەیــی کە لە زەینی ئەو کەسەدا کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی کوردستان پڕ دەبنەوە.

**دووەم:** سیســتەمی خەبــات فرەپۆیــە. واتــە لە هێزی پێشــمەرگەوە تاکوو چیرۆک بۆ منــداڵان لە خۆ دەگرێــت. خوێندنەوەی پیلانــی داگیرکــەر زۆر پێویســتە. ئەو پێی خۆشە خەباتی کوردستان یەکڕەهەندی بێت. ئەگەر بەرەی کوردستانی تەنیا لە سەر هێزی پێشــمەرگە داکۆکی بــکات و لایەنەکانی تر پشتگوێ بخات، لە دژی سیستەمی پڕپێچی داگیرکــەردا بە ئامانج نــاگات. ئەگەر هێزی پێشمەرگەیش پشت گوێ بخات، هەرگیز بە ئامانج ناگات.

دەبێــت وێنــا و واتای پێشــمەرگە هەتا تایبەتمەندییەکانــی ژێرسیســتەمەکانی ناو سیستەمی خەبات بەرین بکرێتەوە. واتە هەر کەسێک کە بۆ ئامانجی ڕزگاری لە پێکهاتەی خەباتدا ئەرکی وەرگرتووە، پێشمەرگەیە. ئەمە بەرپــەرچ دانەوەی ویســتی داگیرکەر بۆ بە یەک ڕەهەند دابەزاندنی خەباتی کوردستانە. سیستەمی خەبات دەبێت لە هەموو بەرەکاندا چــالاک بکرێتەوە. پیشەســازی کەلتووری و میدیا (بە ناوەڕکی کوردستانییەوە) کە دەبنە هۆی ڕۆچوونی زۆرتر لە قووڵاییی کۆمەڵگادا و ڕەوتی هزریی نەتەوەیی دەبێتە کردەوەیەکی کۆمەڵایەتــی. واتــە نەریتــی نەتەوەیــی لە هەڵســوکەوتی ڕۆژ و شــەوی جەمــاوەردا بەڕێوە دەبرێــت و ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیی داگیرکــەر بەراوەژوو دەبێتــەوە. ئەمە ئەرکی پێشمەرگەی شــارە. هێزی چەکدار پارێزەرە. چالاکیی چەکــداری ئەو دوژمنــە ناوخۆیی و دەرەکییــە دەکاتە ئەمانج کە بەربەســتی بەڕێوەچوونی ســتراتێژیی خەباتی شارن. لە کاتی تێکهەڵچوونی پێشمەرگەی شاخ لەگەڵ هێزی دوژمندا، پێشــمەرگەی شــار دەبێتە پشــتیوان. ســا ئەم دوو هێزە بە کاراکتێری جیاواز و شــێوەخەباتی جیــاوازەوە لە پێناو ئامانجــدا تەواوکەری یەکدین. داگیرکەر لەوە دڵخــۆش دەبێ کە ئــەرک و کاراکتێری ئەو دوو هێزە تێکەڵ بکرێت. پێشمەرگەی شار بە کاراکتێری پێشمەرگەی شاخەوە خێرا بەرچاو دەکەوێ و ناتوانێ بەرەنگاری هێزی سەرکوت ببێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشــمەرگەی شار نابێ بەرچاو بکەوێت. ئەگەر هەر لایەنێک ئەرکی خۆی بە جێ بهێنێت، کاروانی خەبات کەمترین تێچووی دەبێت

## کۆتایی

دەربــاز بوونــی زەینی تاکی کــورد لە ترس و کۆیلەتیــی داگیرکــەر خاڵی دەســپێکی شۆڕشی کوردستانە. ئەم خاڵە پێویست بوونی پەروەردەی نەتەوەیی- زانســتی دەردەخات. هــاوکات سیســتەمی مۆدێرنــی خەبــات دادەڕێژرێت. لەم سیستەمەدا فرەڕەهەند بوونی خەبات، و بگۆڕ بوونی شێوازی خەبات دەبێت بە کردەوە. هێزی پێشمەرگە لەو تاکەکەسانە پێک دێن کــە لە تۆڕی زەینیــی داگیرکەر دەرباز بوونە و لە خەباتی فرەڕەهەند و فرەپۆدا جێ دەگرن. بەردەوام بــوون لە بەڕێوەبردنی ئەم میکامیزمــە، هێزی نەتەوەیی دەکاتە ئەو هێزەی کۆمەڵگای کوردســتان بــە ئامانجی ڕزگاری و بە بەدەوڵەت بوون دەگەیەنێت.

# کارکردەکانی دەسەڵات؛
# چەواشەکاری و نەزۆککرنی بیر

مامەند عەلیار



نەزۆک کردنی مرۆڤی داهێنەر لە بواری بیرکردنەوە بە چەند هۆ دەتوانێ پلانێک بێ کە کۆی دانیشتوانی وڵاتێک بخاتە دۆخێکی دژوارەوە. چون بە هۆی دووپات بوونەوەی بیر و ئایدۆلۆژیای حاکم، گوتارێک دەتوانێ بەرە بەرە لە ڕواڵەتی توند و تیژەوە بە شێوەیەکی نەرم و نیان بخزێتە ناو سیستەمی خوێندن و ئیداری و ڕەسانەییەوە و لە بارێکی وادا و چون دامودەزگای تەریبی هەواڵگری، گوشار و ... خەریکی کۆنترۆڵی مرۆڤەکانن؛ ئەو مرۆڤانەی لە گوتاری سەپاو و زاڵ لادەدەن و خەریکی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی جودا و دژ بە مەعریفەی باوی دەسەڵاتن؛ دواتر دەکرێنە ئامانج کە لە درێژەدا باسی دەکەین.

## ١

«جۆرجیۆ ئاگامبێن»، لە کتێبی «رووتییەکان» و لە بەشی «لەمەڕ ئەوە شتانەوە کە دەتوانین نەیان کەین»دا، گوتەیەک لە «ژیل دۆلۆز» بە قەرز وەردەگرێ و بابەتەکەی خۆی پێ دەست پێدەکا؛ ئەویش باسی کارکردی دەسەڵاتە. دۆلۆز پێی وایە کارکردی دەسەڵات، بە واتای جودا کردنەوە و دابڕاندنی مرۆڤەکانە لەوەی کە دەتوانن بیکەن. بە واتایەکی دی، یەکێک لە کارکردەکان ئەوەیە کە ببێتە لەمپەر لەبەرامبەر مرۆڤدا، بۆوەی لە تواناییەکانی دابڕێ و پاشگەز بێتەوە لەوەی دەتوانێ و دەبێ بیکا. واتە مرۆڤەکان لە وزە و تواناییەکان بەتاڵ کاتەوە. لەو وزە شاراوانەی کە دەبێ و پێویستە بێنە ئاستی کردارەوە. «جا ئەو بەکردەیی نەبوونە، ڕەنگە بە دوو هۆکار ڕوو بدا. یان بە هۆی نەرەخسانی بوار و دۆخێک بۆ ئەنجام دانیان و، یان بە هۆی قەدەغەیەک کە لەسەر ڕێی ئەو بە کردە دەرهێنانەی توانایی مرۆڤەکان، خراوەتە ڕوو. لە هەر دوو بواردا، دەسەڵات مرۆڤەکان لە توانایی خۆیان دادەبڕێ و، بەو شێوەیە نەزۆکیان دەکا. ئەوەش تاقەت پڕووکێنترین و دژوارترین سیمای دەسەڵاتە.»

بەو شێوەیە ئەگەر ئاورێک لە ڕابردووی سیستەمەکانی دەسەڵاتی سەپاو لە چەند دەیەی ڕابردووی ئێران بدەینەوە، دەتوانین بە هێندێک ئاکام بگەیەن کە بۆ شیکاریی زیاتر و بۆ خستنەوە سەر یەکی بەشە لێک جوداکانی سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ بەکارمان دێ.

وەگەڕ خستنی دەزگای هەواڵگری و پەلوپۆ هاویشتنی ئەو دەزگایانە بۆ ناو تەواوی بەشە ئیدارییەکان لە هەمو ئاستێکدا، ئەگەرچی سیستەم لە ژێر ناوی پاراستن دایمەزراندوون و بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوەیان دەبا، لە ڕاستیدا بۆ بە کەرەستە کردن و بەتاڵ کردنەوەی هەموو مرۆڤەکانە، لە تێکرای ئەو بیر و کردەوەیەی جودا لە ویستی سیستەم و ویستی دەسەڵات بەرهەم دێ. ئەو کردەیە لە چەشنی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تەنانەت ڕەخنەگرانی هەر بەشێک لە بەشەکانی جومگەی دەسەڵاتدا دەردەکەوێ. چون سیستەم نایهەوێ جگە لە نەخشەڕێگا و هێڵێکی فکری کە خۆی پەرەی پێ دەدا و لەسەری دامەزراوە، هیچ چەشنێکی دی لە بیرکردنەوە لە دایک بێ، هێز بگرێ و لە ئاکامدا ببێتە ڕەقیب.

بەستنی هەموو ڕۆچنەکان، لە ڕێگای کۆنترۆڵی کۆی جومگە ئیدارییەکانەوە لە لایەک و، کۆنترۆڵی ناوەند و بنکە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگای سانسۆر و سڕینەوەی هەموو یان بەشێک لەو شتانەی کە دەبوو و دەکرا ئەنجام بدرێن و ئەو ئیزنیان پێ نادا، لە لایەکی دیکەوە، دیسانەوە سڕینەوەی ڕەقیبێکی کۆمەڵایەتی یان هێزێکی لە ناخداهەڵگری کۆمەڵایەتییە. ئەو جومگانەش لە ڕێگای نەهادسازی لە کۆمەڵگادا کۆنترۆڵ دەکرێن. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارەش هێزی جۆراوجۆر و بە ناوی جیاوازەوە بە کۆمەڵگا وەردەکا. لە ڕابردوودا نموونەی ئەو هێزانە لە کومیتە جوداکانی ئینقلابیدا کە بە پاشگری ئایدۆلۆژیکەوە خۆیان دەنواند و دەناسران و لە ئێستاشدا هێزی لە گوێن بەسیج و ... کۆی ئەوانە نەهێشتنەوەی دەرەتانە بۆ سەرهەڵینانی ڕەقیبێکی کۆمەڵایەتی کە هەڵگرێ ئەوە هەیە هەم کۆمەڵگا و هەم ڕەخنەگران و هێزە سیاسییەکانی کورد، بە وردی لەسەری هەڵوێستە بکەن.

## ٢

لە بواری سیاسیدا هەمیشە و بە درێژایی مێژووی زانستی سیاسی، لە نێوان دوو چەمکی «کردەی سیاسی» و «تیوریی سیاسی»دا جیاوازی هەبووە و هەموو بیرمەندانیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە، ئەو هێڵە جوداکەرەوانەی، ئەو دوو بوارە لێک هەڵداوێرن، دەستنیشان دەکەن. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە بنەماکانی زانستی سیاسەت لە دوو بەشی سیاسەتی کردەیی و سیاسەتی نەزەری بخەنە بەرباس و پێناسە و، تیشک بخەنە سەر هێڵی

هاوبەش و جیاکەرەوەی ئەو دوو بوارە.

ئەگەر بمانهەوێ ساکارترین جیاوازیی ئەو دوو بوارە بخەینە ڕوو، بێ ئەوەی لە رووکارەوە بەرەو قووڵاییی بابەتێکی هەراوی لەو چەشنە بڕۆین، دەبێ لەسەر ئەو خاڵە بدوێین کە سیاسەتی کردەیی ئەوەیە کەسی سیاسەتمەدار بە کردەوە و لە پانتای کاری سیاسیی خۆیدا حەولی بۆ دەدا و بە ئەنجامیان دەگەیەنێ و بەو شێوەیە سەرچاوەکانی دەسەڵات داگیر دەکا یان وەدەستیان دێنێ. جا ئەو سیاسەتمەدارە چ کەسێکی دێموکرات بێ و چ کەسێکی تا سەر ئێسقان تۆتالیتێر و پاوانخواز و …

سیاسەتی نەزەری کە بە شێوەیەکی دی دەتوانین بڵێین تیۆری و بیرورا سیاسییەکان لە دێر زەمانەوە تا ئێستا دەگرێتەوە، مەودای باس و هەرێمی جووڵەی، بێ سنوور یان لانیکەم دەتوانین بڵێین زۆر بەربڵاوە و، لە لایەکی دیکەوە هەموو کەسێک دەتوانێ لە سەرچاوەکانی ئەو بوارە بەشی خۆی هەڵێنجێ و پاشان لە ئاستی بەرهەم هێنانی واتا و وتاری سەرچاوە گرتوو لە خوێندنەوەکانی، تیژ و قسەی خۆی پێ بێ.

کێشەی سەرەکی و بنەماییی دەسەڵات لێرەوە دەست پێدەکا. بواری سیاسەتی نەزەری بەربڵاوە و پێوەندیی بە کۆمەڵناسی، دەرونناسی، ئابووری، ئەدەبیات و هونەر و … زۆر بواری دیکەوە هەیە؛ هەر بۆیە بوارە نوێیەکانی زانستی مرۆیی کە خوێندنەوە نێوان ڕشتەییەکانی وەک کۆمەڵناسیی سیاسی و دەروونناسیی سیاسی و ئابووریی سیاسی و … دەگرێتەوە، سەریان هەڵداوە و پسپۆڕان و بیرمەندانی هەر کام لەو بوارانە، بە شێوەیەک کاریگەرییەکانی سیاسەت و بواری کردەیی خۆیان دەخەنە ڕوو و هەڵیدەسەنگێنن و، لە ئاکامدا بیریکی نوێ بەرهەم دێنن، کە ئەو بیرە لە چوارچێوەی ویستی سیستەمی داسەپاودا نییە؛ بەڵکوو بەرهەمی ئەندێشەی مرۆڤی ئازادی کۆمەڵگایە. مرۆڤێک کە لە دەروەی ویستی دەسەڵات خەریکی بەرهەمهێنانی مانایە.

ئەگەر لە ڕوانگەی دۆڵۆزەوە بۆ ئەو بابەتە بڕوانین، دەبینین کە کارکردی دەسەڵات ئەوەیە مرۆڤ لە تواناکانی دابڕێ و پاشگەز بێتەوە لەوەی دەتوانێ و دەبێ بیکا. واتە لە هەموو ئەو بوارانەی باس کرا، چ ئەو مرۆڤەی وەک بەشێک لە سیستەمی ئیداری لەو وڵاتانی تووتالیتێردا خەریکە کار دەکا، بە گوشار و هەبوونی سیستەمی چاوەدێری دامەزراو لەو نەهاد و دامەزراوانەدا، ناتوانێ جودا لە هەموو ئەو مودێلانەی سیستەم پێشنیاری پێ دەکا، کردە و بیرێکی دی بخاتە ئارا. خستنەڕووی بیرێکی جیاواز و ڕەخنەگرانە، بێ شک سزای بەدواوەیە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کۆی سیستەمی ئیداریی ئەو حکوومەتانە، پڕ بێ لە دووپاتەبوونەوەی ئەو مرۆڤانەی کە ناتوانن تواناییەکانی خۆیان وەگەڕ و وەدەر خەن و بەو شێوەیە دەسەڵات مرۆڤەکان نەزۆک دەکا.

نەزۆک کردنی مرۆڤی داهێنەر لە بواری بیرکردنەوە بە چەند هۆ دەتوانێ پلانێک بێ کە کۆی دانیشتوانی وڵاتێک بخاتە دۆخێکی دژوارەوە. چون بە هۆی دووپات بوونەوەی بیر و ئایدۆلۆژیای حاکم، گوتارێک دەتوانێ بەرە بەرە لە ڕواڵەتی توند و تیژەوە بە شێوەیەکی نەرم و نیان بخزێتە ناو سیستەمی خوێندن و ئیداری و ڕەسانەییەوە و لە بارێکی وادا و چون دامودەزگای تەریبی هەواڵگری، گوشار و … خەریکی کۆنترۆڵی مرۆڤەکانن؛ ئەو مرۆڤانەی لە گوتاری سەپاو و زاڵ لادەدەن و خەریکی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی جودا و دژ بە مەعریفەی باوی دەسەڵاتن؛ دواتر دەکرێنە ئامانج کە لە درێژەدا باسی دەکەین.

ڕووبەڕوو بوونەوەی وا لە سەردەمی زوودا، ڕووکارێکی توورە و توندوتیژی هەبوو. ئەو ڕووکارەش بە سیمای چەکداری و دەزگای سەرکوتی دەسەڵاتەوە دیاریی دەکرد. دژکردەوەی کۆمەڵگا و بەتایبەت بەرهەمێنەرانی واتای نەباو لەگەڵ ئەو گوتارە، بوارێکی ناسیاری بۆ کۆمەڵگا دەرەخساند کە کۆمەڵانی خەڵک لە مابەینی دوو بژاردەی ڕووندا بڕیار بدەن. بژاردەیەک سیمای

رووتی سەرکوت و داگیرکاری بوو کە بە گوتەی بیرمەندانی بواری کلۆنیالیسم هەموو حەولی بۆ رووشاندنی سیمای گوتاری بەرانبەری چڕ دەکاتەوە. بەڵام چون ئەو هێرشە لە لایەن ئەو بەشە لە دەسەڵاتەوە یاریی دەکرد کە سیمای باو و ناسراو بوو، ناسینەوەی گوتار و ئاکامەکانیشی بۆ خوێندەوارن و رووناکبیران و تەنانەت کۆمەڵگاش سانا بوو. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی ئەو دوو ئوردووگایە لە پانتای کۆمەڵگادا دژ بە یەک بوون، جگە لە تاقمێکی ناسراو کە شوناسی نەتەوەیی و گوتاری ڕۆشنبیرانی خۆیان دۆڕاندووە و فەرامۆش کردووە و بە ناوی جۆراوجۆری نەرێنییەوە پێناسە کراون، کەم وا هەبووە کۆمەڵگا لە ناسینەوەیاندا تووشی ڕێی ئەستەم بووبێ.

بڕاردەی دووەم کە دیاردەی دوو دەیەی ڕابردووی سیستەمە و لە دەیەی ڕابردوودا بە پانەوە نەهادسازیی بۆ کراوە، زۆر ڕەهەند دەگرێتەوە کە پێویستە هەم لایەنە سیاسییەکان و هەم هەموو کۆمەڵانی خەڵک حەولی ناسین و ناساندنیان بدەن. بۆ وێنە گۆڕینی ئاراستەی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵات لەگەڵ تاک و هێزە کوردییەکان، گۆڕینی گۆشە نیگای گوتاری زاڵ، گۆڕانی هەڵگرانی ئەو گوتارە و زیاد کردنی لایەنی بە لاڕێدابەر بۆ چینەکانی مام ناوەند و خوارووی کۆمەڵگا، بەشێک لەو شتانەن پێویستیان بە شرۆڤە و ڕوون کردنەوەی زیاترە. لەو بژاردەیەدا، سیستەم بە ئەسپاردنی ئەو ئەرکە بە تەیفێکی جودا لە تەیفی ناسراو و بە کۆمەڵە سیمایەک بە ئەدەبیاتێکی ئاماڵ ڕووناکبیرانە و ئاماڵ کوردانە و تەنانەت جارجار ئەدەبیاتی نزیک لەئەدەبیاتی ئۆپۆزیسیۆن؛ حەولێکی چەند مەبەستەی خستووەتە ئارا. یەکەم؛ گۆشەنیگا لە نیگای داگیرکارانەوە ئاوێتەی نیگایەکی مەیلەو کوردی بکات. دووهەم؛ بکەرانی ئەو یارییە، سیمای سیستەمیان تێدا نەناسرێتەوە. سێهەم؛ ئاراستەیەکی مەیلەو ڕەخنەکارانە بگرنە بەر کە بابەتە ناهەستیارەکانی وەک ئاوەدانیی شاری و بەربەستەکانی پەرەگرتنی پیشەسازی و ... بکەنە هەوێنی باسەکانیان و لە ئاکامدا کۆی ئەوانەش بە دەستنیشان کردن و باس کردن لە نابەرپرسایەتیی هێندێک بەرپرسی ناوچەیی پاساو بدەنەوە و، بەو شێوەیە، کێشەیەکی هەڵقولاو لەسەر شوناس، مێژوو، جوگرافیا و مافی نەتەوەیی، دابەزێننە سەر ئاستی وردە گرفتی «تەوسعەیی» کە لە «کۆمەڵناسیی پەرەستاندن»دا کۆی ئەوانە لە هەڵبژاردنی مودێلەکانی ئابووریدا کورت دەکرێتەوە و ڕێگای بۆ دەدۆزرێتەوە. واتە سڕینەوەی گۆشە نیگای کێشەی نەتەوەیی بۆ گرفتی ئابووری و ئاوەدان کردنەوە هەر ئەو بابەتەیە کە دەکرێ کەسێکی گوند نشینی دەوروبەری تاران یان تەنانەت باشووری تارانیش بە پێی مودێلی کێشە ئابوورییەکانی جیهانی سێیەم و وەک کێشەکانی «باکوور-باشوور» لە تیۆریی پەرەنەستاندندا بیخاتە ڕوو. ئەوە لە کاتێکدایە کێشەی کورد و دابەزاندنی ئاستی بۆ ئەو پلەیە، واتە سڕینەوەی مێژوویەکی پڕشەنگداری خەباتێکی ڕەوا بۆ وەدیهێنانی خەونی نەتەوەیەک.

لە بەرانبەر ئەو نەهادسازییە نوێیەی دەسەڵات و خستنە ڕووی ئەو گوتارە تازەیە بە نیسبەت کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بە هۆی ئەوەی ئازادیی ڕەسانەیی و ڕادەربڕین لە گۆڕێدا نییە، ڕەنگە ڕادەی ئەو کەسانەی دژ بەو ئاراستەیە هەڵوێست دەگرن دەگمەن بن. بەڵام کۆمەڵگای ڕۆشنبیری بە هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وا نییە دەستەوەستان بووبێ و هەرچەند کەمیش؛ بەڵام لە هەموو شارەکان هەڵگرانی بیری نەتەوەیی و شوناس خواز بەردەوام لە چالاکیدان. سیستەم بۆ دەمکوت کردن و سڕینەوەی ئەو تاقمەش دوو ئاراستەی گرتووەتە بەر. یەکەم بە ترساندن و خستنە ژێر چاوەدێرییان ڕادەی چالاکییەکانیان بەرتەسک دەکاتەوە. دووەم چون ئەو تاقمە لە هەڵگرانی بیری نەتەوەیی و شوناس خواز، ڕێگای جۆراوجۆر بۆ پاراستنی ئەو نەریتە فکرییە

دەگرنە بەر و تا ڕادەیەک لە سازکردنەوە و ساغ کردنەوەی سیمای ڕووشـاوی شوناسی کوردی بەرگری دەکەن، هەر ئەوە هەستیاریی کۆمەڵگای کوردستانی بە نیسبەت ئەو تاقمەوە لێکەوتوەتەوە. ئـەوەش بابەتێکە کە بـە درێژاییی دوو دەیەی ڕابردوو، ویستی دەسەڵات بۆ لەناوبردنیان پەرەی سـتاندووە. دەسـەڵات، لە خاڵێکدا کە توانایی وەسـتانی ئەو ڕەوتەی نەبوو، ڕێگای کۆتایی یان پلانـی ڕووخان بەڕێوە دەبا تا بەو شـێوەیە، لە ڕێگای دەسـەڵاتی ڕاگەیەنـە و ڕاگەیەندکارانی ژێر پەردەی دەسـەڵاتەوە، بـاوی هەنگاوی ئەو چالاکانە خاو کاتەوە یان بە گۆتەی فیلسـووفی گۆرین، ڕێگا بەو تواناییانە بگرێ کە دەبوو وەگەڕ بخرێـن یان لەگەڕ دان و بەرژەوەندیی نەتەوەی خۆیان بـەرەو پێش دەبەن. تاکتیکی ئەو تاقمە، پەنـا بردنە بەر هەمان بیرۆکەیە کە پسـپۆڕانی بواری ڕەخنەکاری تووتالیتاریسم ورووژاندوویانە؛ ئەویش وەگەڕ خسـتنی دەزگای درۆ سـازی و پڕۆپاگاندای چەواشـەکارە. ئەو پڕۆسەیە بە دوو ئامانج و دوو ئاراستەدا بەڕێوە دەبا. یەکەم لێدانی پێگـەی کۆمەڵایەتیی ئەو تاکانـەی بزوێنەری کۆمەڵگان و دوومم مەیل بە خۆ نزیک نیشاندانی یەک یان چەند باڵی ئۆپۆزیسـیۆن لە ژێر ناوی «ریفۆرم ویسـت» و «دژە توند و تیژی» و ... کە هـەر دوو پلان، بە مەبەسـتی لیـک ترازاندنی کۆمەڵـگای کوردی و تەوەلـلا بوونی هێزەکانی ناوخـۆ و دەرەوە لـە یەکتر و لـە کۆمەڵگایە. بەو شـێوەیە هەنگاوێک لە پلانـی داگیرکەرانە و کلۆنیالیسـتیی خۆیدا سـەردەکەوێ، کە لە درێژەدا لێی دەدوێین.

دەسـەڵاتی تووتالیتێر وەکی»کولاکوفسکی» لە وتـاری «پێگەی درۆ و تووتالیتاریسـم»دا بە تەسـەلی باسـی دەکا، دەیهـەوێ لـە هەموو پانتاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی مرۆڤەکاندا، دەوڵەت ببێتە دەسـەڵاتی بـێ بەرامبەر و بێ هاوشـان. ویسـتی تێکڕووخاندنـی کۆمەڵگای مەدەنی بـە تەواوەتی لەسـەردایە و دەیهەوێ هەموو شت و هەموو کەسێک بکاتە مولکی بیر و کۆیلەی ئایدۆلۆژیای دەسەلاتی زاڵ و، پارێزگاری لە مانەوەی دەسـەڵاتی فکـری و چەکداری و ئیداریـی دەوڵەت بکا. لـە لایەکی دیکەوە پەرە بەو بیر و بۆچوونە بدا و هەرچەشنە بیرێکی نەیار سەرکوت بکا و ڕێگای گەشەی پێ نەدا.

بەو پێیە ئەگەر لە کردە و نووسـینی هەموو پێگە هەواڵگری و هەواڵدەرییەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردسـتان بڕوانین، حەولی کـۆی ئەو دەزگا زەبەلاحە، مەشرووعییەت دان بەوەیە کە هەموو کـردە کولتـووری، کۆمەڵایەتـی و ...ـەکان لە ژێر پەردەی دەسـەڵاتەوە کراوە و بوودجەی بۆ دابیـن کراوە و پلانی بۆ دارێژراوە و، ئەوەش بەو مەبەستەی کە ئەگەر کۆمەڵە حەولێکی جیددی و سـەربەخۆش هـەن بکەونە ئـەو بازنەیەوە و ڕۆچنەیەک بۆ هەناسەی جیاواز نەبێ.

لەبەشـی ئاخری کتێبی «چەند وتار لەمەڕ تووتالیتاریسم»دا، لەمەڕ پەرەدان بە درۆ و قسەی هەڵبەسـتراو لە لایەن دەسـەڵاتەوە؛ بابەتێکی سـەرنجڕاکێش لەمەڕ کردەیەکی مەترسیداری سیسـتەم خراوەتە بـەر باس، ئەویـش بابەتی چەواشەکاریی دەسـەڵات یان وەشاندنی تۆوی درۆیە بە شێوەیەکی سیسـتماتێک.»درۆزنی بۆ بەرژەوەندیی سیاسـی لە نیزامی تووتالیتێردا، تا کاتێک کە درۆیەکی ساکارە و مەبەستێکی نییە گرینگایەتییەکی نییە و بۆوە نابێ لێی بکۆڵرێتەوە و توێژینەوەی لەسـەر بکرێ. ئەوەی درۆزنی لە نیزامـی تووتالیتێردا دەکاتە جێگای سـەرنج و هەڵوێسـتە؛ کارکردە کۆمەڵایەتـی، دەروونی و ناسیاریناسـییەکانێتی. بۆ وێنە نووسـەر دەڵێ ئەگەر ئەو درۆیانەی لە بڵاڤۆکەکانی شـووڕەویدا دەبینـدران هەر بـە زل کردنـەوە و درۆیەکی سیاسـی سـاکار بزانیـن، لێکدانەوەیەکی زۆر نەزۆک و ڕواڵەتیمان ئەنجام داوە. ئەگەر سەرنج بدرێتە چەنـد بنکەی هەواڵی ئەو سیسـتەمە داپڵۆسـێنەرە، دەبینین پڕن لە درۆ و بە لارێدا بردن. لە هەر بابەتێکیشـدا مەبەستێک کە ئەو چەواشـەکارانە لـە خزمەتیـدان، دەردەکەوێ. بەڵام ئەو چەواشەکارییە کاتێک دەبێتە جێگای

سەرنج و هەڵوێستە کە لە چوارچێوەی دەزگای زەبەللاحی پروپاگاندای «سیستەم» لەو دونیا مودێرنەدا بخوێندرێتەوە و لێک بدرێتەوە.

لایەنی ناسیاریناسیی ئەو دەزگایە لەو ڕاستییەدا کورت دەکرێتەوە کە سنووری نێوان هێڵی سیاسیی ناسراو و ڕاستەقینە بە تەواوی دەسڕێتەوە و بەو شێوەیە لەوپەڕی بێ بەربەستیی ئەخلاقی و سیاسی و ئینسانیدا، کۆمەڵگا تووشی سەرلێشێوان دەکا و، ئەوە بە خەڵک ڕادەگەیەنێ کە هیچ شتێک ڕاستەقینە نییە و هەموو بابەتێک کاتێک بەلای ڕاستەقینەدا دەشکێنەوە کە لە ژێر فەرمانی بەرپرساندا بن و، هەر ئەو سێبەرەی بەرپرسان و ئایدۆلۆژیای حاکمە کە ڕاستەقینەساز و تەنیا ڕێبازە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر بە شێوە باوەکانی پێشووی نەیتوانی بە سەر هەر دوو لایەنی تاک و حیزبی دژبەری خۆیدا زاڵ بێ و گوتارەکەی توانای بەربەرەکانێی نەبوو و نەیتوانی متمانەسازی بکا، لە متمانەیەک کە تاک و هێزە دژبەرەکانی لە ناو کورد هەیانە دەترسێ و حەول دەدا هەر دوو لا بخاتە ناو بازنەیەکەوە کە پێی دەگوترێ پانتای گوتاری ئایدۆلۆژیکی دەسەڵات.

لێرەدایە کە سیستەمی ڕەسانەیی چەواشەکاری ڕێژیم دەکەوێتە کار و لە ئاستی یەکەمدا چالاکانی شوناس هەڵگر لە ڕواڵەتدا ناداتە بەر هێرش و تاوانبار کردن بەڵام بە نیشان دانی ئەوەی کە ئەو چالاکانە لە پانتایی کولتووری و کۆمەڵایەتییەکدا یاری دەکەن کە ڕێژیم ڕەخساندوویەتی، بەرە بەرە حەولی دابەزاندنی متمانەی کۆمەڵایەتی و پێگەی جەماوەریی ئەو تاکانە دەدا کە وەک نومادی شوناسی نەتەوەییی کوردی ناسراون. بڵاو کردنەوەی ڕۆژانەی هەواڵی مەبەستمەند و گۆڕینی ڕاستییەکان لە سەر ئەو چالاکانە و لە سەر بواری چالاکییەکانیان و نیشان دانی پێوەندیی کار و چالاکیی ئەو چالاکانە بە دەزگا تەنانەت مەدەنییەکانی وەک شارەداری و ... مەبەستێکی جودا لە ڕووشاندنی سیمای ئەو کەسانە نییە و ئەوەش ڕاست ئەو بابەتەیە ڕێژیم بە ڕاگەیەندنکارانی «خۆ بەدەستەوەدەری» ناوخۆییی دەکا. لە ئاستی دیکەدا و بە شکستی هێنانی ئەو پلانەیە کە ئەوجار ڕاستەوخۆ دەیانداتە بەر پەلامار و بێ هیچ بەربەستێک، ڕێگای سووکایەتی کردن بە چالاکانی سەربەخۆ و نەتەوەیی دەگرێتە بەر.

لە لایەکی دیکەوە دابەشکارییەک کە سیستەم لە ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کوردی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کردووە، هەڵگری ڕیاکاری و چەواشەکردن و فێڵێکی ئایدیۆلۆژیکە. بە درێژاییی تەمەنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات، بە هەموو ڕێبازە جوداکانییەوە، نەدیتراوە لایەنێک بە فەرمی خۆی بە «ڕیفۆرم خواز» و ساغ کەرەوەی پێکهاتەیەک زانیبێ کە پێی دەگوترێ «دەسەڵاتی داگیرکار». بەڵکوو هەموو لایەنەکان لانی کەم لە ویستێکدا هاوبەشن کە ئەویش دابین کردنی ویست و داخوازییە سیاسییەکانی نەتەوەی کوردە. ڕاستە ڕێگا و ئاراستەی ئەو لایەنانە بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیان لەیەکدی جیاوازە و ئەوەش هەم پاساوی لۆژیکیی خۆی هەیە و هەمیش لەگەڵ فەلسەفەی وجوودیی هەر کام لەو هێزانە دەتوانێ یەک بگرێتەوە، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش و هەڵبەت کەمتر ئاوڕ وێدراوی ئەو کایەیەی کە دەسەڵات دەستی پێکردووە، ئەوەیە کە هەندێک لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کردووەتە ئامانج و ئەوەش تا ڕادەیەک دردۆنگییەکی ساز کردووە کە هەمان ویستی دەسەڵات و سیاسەتی لانی کەم بیست ساڵەی ڕابردوویەتی.

ڕەنگە زۆر تاکی کورد ئەو پرسیارەی بۆ ساز بووبێ؛ ئایا ڕیفۆرمخواز بوونی هێزە کوردییەکان، ئاراستەیەکی تایبەتە یان تانەیەکی سیاسیی؟ ئایا لە کاتێکدا هەر کام لەو هێزانە حەول دەدەن لە هەلی گونجاودا لەگەڵ سیستەم وتوێژ و «موزاکەرە» بکەن، باوی ئەوە ماوە کە ڕیفۆرمویستیی لایەنێک ببێتە تانە؟ ئایا ئێمەی کورد و خوێندەوار و سیاسیی کورد تووشی

«وەهمی تیۆریی پیلانگێڕی» نەبووین کە مەبەستی لەو بابەتە دەورووژێنین؟

کۆی ئەو پرسیارانە پێوەندییان بە سەراپای باسەکەمانەوە هەیە کە لە ئاراستە نوێیەکانی دەسەڵاتەوە تا سیستەمی چەواشەکاریی ڕێژێم دەگرێتەوە.

## ٣

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند دەستەواژە لە فەزای سیاسی و ڕەسانەییی کورد چ لە باشوور و چ لە ڕۆژهەڵات زۆر دووپات بوونەتەوە. بۆ درێژەی باسەکە پێویستە چەند دانەیان ناو بێنین. دەستەواژەی وەک «ڕۆژهەڵات تەوەری»، «ڕاسانی شاخ و شار»، «گوتاری هاوبەش»، «گوتاری نەتەوەیی»، «ناوەندی هاوکاری» و ...

لە ناو کۆی ئەو دەستەواژانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە دەق و ڕاگەیەنەی بیستراو و بیندراودا، دەنگ و ڕەنگیان داوەتەوە، بە ئەنقەست ئەو چەند دەستە واژەیەم هەڵبژاردووە کە بە دەوری دالی ناوەندی گوتاری ڕۆژهەڵاتدا دەسووڕێنەوە.

هەر هەموو ئەو دەستەواژانە نیشاندەر و دەربڕی ویستێکی هاوبەشی سیاسین. ویستی جودا کردنەوەی شوناس و ئامانجی کوردی ڕۆژهەڵات لە نەتەوەی سەردەست و سیستەمی دەسەڵاتدار. «ڕۆژهەڵات تەوەری» هەر لە سەرەتاوە ئەگەر وەک دروشمی لایەنێکیش خۆی نواندبێ چون هەڵگری بەشێک لەو ویستانە بوو کە پێوەندیی بە کێشە جوداکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو؛ دەکرێ بگوترێ ئەگەرچی لایەنەکانی دیکە نەشیاندرکاندبێ، بەڵام دڵیان وێڕای ئەو ویستانە کورکاندوویەتی و ڕەنگە گوترابێ و نووسرابێش کە ئەوە هەر ئەو شتەیە کە ویستەکانی ئێمەش تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. دەربڕینێکی لەو چەشنە بۆیە ئاساییە کە کێشەی هاوبەش زۆر جار پلان و نەخشە ڕێگای هاوبەش دەخولقێنێ. بەڵام دردۆنگییەک بۆ بەردەنگی ئەو دروشم و نەخشە ڕێگایە بەردەوام لە ئاراد بووە کە بە داخەوە کۆی پرۆژەکە لەگەڵ پرسیاری جیددی ڕووبەڕوو دەکاتەوە. ئەویش ئەوەیە کە ناکرێ لایەنێک هەڵگری ئەو بیرۆکە و پلانە بێ و لە لایەکی دیکەوە لە کردەوەدا وا دەرکەوێ هاوئاهەنگ و تەریب لەگەڵ ڕەوتە ڕیفۆرمویستەکان، یارمەتیی مانەوەی سیستەمێک دەدا و بە گۆڕانێکی ڕواڵەتی ڕازی و دڵخۆشە. گۆڕانی وا کە دەسکەوتی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیست و چەند ساڵی ڕابردوودا – هیچ – بووە. هەر بۆیە پێویستە پلانی ڕۆژهەڵات تەوەری بەرز ڕاگیرێ و ڕواڵەتی کردەکانی لایەک ئەو دڵخۆشییە بۆ سیستەم ساز نەکا کە لایەنێک لە لایەنەکان، هەنگاوی پێ شل بووە بێ ئەوەی کورد دەسکەوتێکی بووبێ. ئەگەرچی کردەو کاری کۆی ئەو لایەنەش لەبەرانبەر ڕێژیمدا شۆڕشگێرانە و بوێرانەیە، بەڵام ئەو تەمە پێویستە بڕەوێتەوە و سیمای گەش و بێ خەوشی هەموو لایەنە دڵسۆزەکان هاوهەنگاو لەگەڵ یەک دەرکەوێ. شاراوەیی لە سیاسەتی کوردیدا و نەخشاندنی سیمای ناڕوون هەمان ویستە کە دەسەڵاتی سەردەست دەیهەوێ بە کردەیی دەربێنێ و بەو شێوەیە وێنەی ڕوونی ویستی کوردی پێ بڕووشێنێ.

«ڕاسانی شاخ و شار»یش ئەگەر لێک گرێدانەوەی دوو جەمسەری خەباتی ناوخۆ و دەرەوە، دوو جەمسەری خەباتی چەکداری و مەدەنییە، تا ئێستا هیچ کام لە هێزە کوردییەکان هیچ لایەک لەو دوانەیان لە بەرژەوەندیی ئەوی دیکە نەسڕیوەتەوە. ڕەنگە لایەنێکیان کەم هێز کردبێ یان بەشێوەیەکی تاکتیکی وەستاندبێ، بەڵام وەک پلانی درێژخایەن وا نییە هیچ کام لە هێزەکان حاشایان لە لایەکی ئەو دوو چەمکە و ئەو هێزە بە تەوژمە کردبێ . کەواتە دیسان دەکرێ بڵێین کۆ دەنگییەکی شاراوە لە سەر ئەو بابەتەش هەیە. ئەو کۆدەنگییە شاراوەیە دواتر لە چەند دەستەواژەی وەک «گوتاری هاوبەش» و «پلانی هاوبەش» و دواجار لە دەستەواژەی «ناوەندی هاوکاری»دا خۆی نواند و ئەوە دوایین

پلانی بەشـــێکی زۆر لە ئۆپۆزیســـیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتە.

ئێستا ئەگەر بە پێی ئەو بابەتانەی باس کران لە پرســـیارەکانی پێشـــوو ورد بینەوە، دەتوانین وڵامی ئەوپرسیارە بدەینەوە  کە بۆ هیچکام لەو هێزانە ناتوانن ڕیفۆرمویست بن؟ هیچ هێزێکی لە دەرەوەی دەسەڵات و لە دەرەوەی وڵات، ناتوانی ڕیفۆرم لە پێکهاتەیەکدا پێک بێنێ کە نە ڕۆڵی لە ســـاز کردنیدا هەبووە و نە لـــە بەڕێوەبردنیدا بەشی دراوە و نە دەستی بە هیچ میکانیسمێکی یاســـایی ڕادەگا کە چاکسازیی تێدا بەدی بێنێ. «شـــەڕ نەویســـت» بوون کە دروشـــمی هەموو هێزەکان بووە و هەموو هەر لەســـەرەتاوە باسی «بەرگریی ڕەوا»یان کردووە، لەگەڵ ڕیفۆرمیست بـــوون بۆ پێکهاتەی حاکمییەتێکـــی تووتالیتێر، جیاوازییەکی بەرینیان هەیە.

ئەگەر لە پێوەندیی ئەو باســـە بە سیستەمی چەواشـــەکاری دەســـەڵاتە تووتالیتێـــرەکان بگەڕێین، دەتوانین لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە سیســـتەم، ســـەرەتا لە ڕێـــی هەواڵدەری و هەواڵگری و ڕاگەیاندکار و تەنانەت شرۆڤەکارانی دەســـتەمۆی خۆیەوە، حەولـــی داوە لایەنێک لە لایەنەکان بە گوتارێکەوە بلکێنێ کە فەلسەفەی وجوودیـــی ئەو گوتـــارە بەربەســـتێکی پۆڵایینە و ئیـــزن نادا ئەو لایەنـــە دزە بکاتە هیچ کام لە ئەرکانەکانییـــەوە و ئیمکانـــی ئـــەوەی نییە کە تەنانەت ئەگـــەر مەیلێکیش بـــۆ نزیک بوونەوە هەبێ لە خۆیدا وەریبگرێ. هەرچەند ڕاستییەکان مەیلێکـــی وا دەرناخـــەن. ویســـتی وتووێـــژ و گۆڕینـــی بۆ ڕیفۆرمخواز بوون، لە پلەی یەکەمدا پیلان و پلانێکە بۆ لێـــک ترازاندنی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی. لە پلەی دووەمدا ڕووی ئەو کایە ڕەسانەییەی دەسەڵات لە خەڵکی ناوخۆیە. بەو مەبەســـتەوە کـــە لایەنێک لـــە لایەنەکان، ئاســـتی داخوازییەکانی تا ڕادەی هاتنە ناو ڕیزی ڕیفۆرمویستەکان دابەزیوە و زیاتر ویستێکی ڕوو لە پۆســـتی ئیداری و سیاسییە نەک ویستێکی شوناســـخوازانە و نەتەوەیی. لەو ڕێیەشـــەوە لە ئاکامی کۆتاییی خۆی واتە ڕووشـــاندنی سیمای لایەنێـــک لـــە لایەنەکانی کـــوردی ڕۆژهەڵات دەگەڕێ. تـــا بتوانێ لەو ڕێیـــەوە متمانەیان لە ناو خەڵکدا لاواز کا و لەو لاشـــەوە لە هێزەکانی دیکەیـــان داببڕێ. ئەو ڕاســـتیە پـــاش دوایین کۆنگـــرەی حـــدک و هەڵوێســـتی هەواڵدەرییە کوردینووسە خۆ بەدەستەوەدەرەکانی ڕۆژهەڵات بە جوانی دەرکەوت کە نووسیان، بە خۆشییەوە ترۆریستان دەنگیان نەهێناوە. ئەو هەواڵە ئەگەر لە زەمینەی باس و خواسەکانی دیکەی نووسراو لە باری هێزە کوردییەکانەوە و بە پێی شـــێوازی «شـــیکاریی نـــاوەرۆک» بخوێندرێتـــەوە، تەنیا هەواڵێـــک نییە بۆ ڕووی خۆش نیشـــان دان بە لایەنێکی تایبەت، بەڵکوو خســـتنە ژێر پرسیاری کـــۆی خەباتی نەتەوەییی کوردە لە ڕۆژهەڵات و تاوانبار کردنی بە تێرۆریســـت بوون؛ لە لایەکی دیکەشـــەوە دابەزاندنی ئەو شۆڕشـــگێڕانەیە کە خوێنیان بەخشـــیوە و گیانیان لە سەر دەستانە، دابەزاندنـــی شۆڕشـــگێڕە تا ئاســـتی چالاکێکی ڕیفۆرمویســـتی بەرژەوەندیخواز لە دەســـەلاتی سەپاو.

چەواشـــەکاریی گـــەورەی ڕەســـانەییی سیســـتەمی تووتالیتێر بۆ ترساندن، ڕووشاندنی سیمای کوردانەی چالاکان و هێزە سیاسییەکان تـــا ئێســـتا ڕۆژ لەگـــەڵ ڕۆژ پـــەرەی گرتووە و لەمەولاش دەوامی دەبێ، هەر بۆیە بۆ هەر دووک بواری باس کراو ئەگەر کۆی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات پلانی هاوبەشـــیان نەبێ، بزووتنەوەی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە خەساری گەورەی تووش دەبێ و وەکی «دۆلۆز» دەڵێ، دەســـەڵات نایەڵێ چ ئـــەو تاکانەی هێمـــای کوردایەتین بە هەموو شەبەنگەکانییەوە چالاک بن و ناچالاک و نەزۆک و لاوازیان دەکا و، چ ئەو لایەنانەی زەمینە بۆ ئەو تێکەیشتنەی دەسەڵات ساز دەکەن؛ متمانەیان لە کـــزی دەدا و ئەوەش خەســـارێکە بۆ هەموو خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان و ڕەنگە شیاوی ئـــەوە بێ بە وردی هەمـــوو لایەنەکان بیری لێ بکەنەوە و پلانیان بۆی هەبێ.

# مێژووی ڕەوتی ئیسلاحتەڵەبی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## ئایا ئەم ڕەوتە دەتوانێ داوای مافەکانی کورد بکا؟

حەسەن ساڵحزادە



”

لە ناو نیزامی ئیسلامی ئێران هەڵبژاردنەکان نە تەنیا سالم نین، بەڵکوو بە مەبەستی پاوانخوازی زیاتر کەڵکی پێچەوانەیان لێوەردەگیردرێ. لەوێدا یاساکان سەروبنیان دیار نیە و پڕ لە پارادۆکسن. موحەممەد خاتەمی لە زاتی خۆیدا نە تەنیا ئاڵاهەڵگری رزگاری لە ژێر چەکمەی ئیستبداد دا نیە، بەڵکوو درووشمەکانی ئیسلاحخوازانەشی تەنیا بە مەبەستی دەرچوونی ریژیم لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی باشتر بەرز کردۆتەوە. ئیسلاحتەڵەبانی کورد بە مەبەستی تایبەت مژارگەلێکی لاوەکی دەخەنە بەرباس کە تەنیا هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئاستی مەسەلەی کورد دابەزێ و لە ناو گۆلاوێکی بچووک و بەرتەسکدا بە قەتیسی بمێنێتەوە.

“

## پێشەکی

له ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بەشێکی زۆر له حکوومەتەکانی جیهان، به تایبەت له وڵاتانی عەرەبی، له ئاکامی ڕاپەڕینی جەماوەری و تەقینەوەی نارەزایەتییەکان یا دارماون یا له هەمبەر گوشاری خەڵکدا پاشەکشەیان کردووه. حکوومەتی چەند وڵاتێک سەرەڕای ئەوەی که ڕووبەڕووی چەندین شەپۆلی نارەزایەتیی به هێز بوونەوه، بەڵام له بەرانبەر خەڵکی خۆیاندا هیچ جۆره پاشەکشەیەکیان نەکردووه. له ڕاستیدا ڕادەی خۆڕاگریی دەوڵەتەکان له هەمبەر گوشاری بزووتنەوه کۆمەڵایەتییەکان و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی هەر وڵاتێک، پێوەندیی ناڕاستەوخۆی به دیمۆکراتیک بوونی دەسەڵاتەکەیانەوه هەیه. واته هەتا دەسەڵات دیموکراتیکتر و خەڵکیتر بێ، له بەرانبەر بزووتنەوه کۆمەڵایەتییەکاندا خۆڕاگریی کەمتر له خۆی نیشان دەدا. دەسەڵاتە دیموکراتیکەکان له کاتی هاتنەگۆڕی قەیران و سەرهەڵدانی نارەزایەتی، هاوکات تویژی نارازی به بەشێک له خەڵکی کۆمەڵگەی خۆیان دەزانن. هەر بۆیه بۆ چارەسەری گرفتەکان، بەرپرسان پەنا دەبەنه بەر ڕێوشوێنی یاسایی و له هەمبەر داواکارییەکانی چینی نارازی یا خۆپیشاندەردا خۆیان به وڵامدەر دەزانن.

به پێچەوانەوه، له ناو ئەو نیزام و سیستمه توتالیتێرانەی که مەشرووعیەت و ڕەوایی له خەڵک وەرناگرن، له بەرانبەر بزووتنەوه کۆمەڵایەتییەکاندا چاو سوور دەکەنەوه و له جیاتی وڵام دانەوه به داخوازییەکانیان تەنیا و تەنیا بیر له پیلان دەکەنەوه هەتا بتوانن له ڕێگەی هێزه بەکرێگیراو و سەرکوتکەرەکانیانەوه چینی نارازی بێدەنگ بکەن. هەروەها ئەم جۆره حکوومەتگەله له میانەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نارەزایەتی، جیا لەوەی که خۆیان به نیسبەت داواکارییەکان به بەرپرس نازانن، بەڵکوو پەنا بۆ تۆقاندن و کردەوەی چەواشەکارانه دەبەن.

به کورتی، له حاڵەتی یەکەمدا سەرۆکی دەوڵەت هەوڵ دەدا که ڕێچارەی کێشەو گرفتەکانی خەڵکی نارازی بدۆزێتەوه، بەڵام ئەگەر ڕێکارێکی گونجاوی وەگیر نەکەوت، ئەوجار به مەبەستی ڕێزدانان بۆ کۆمەڵگە، دەست له کارەکەی دەکێشێتەوه. بەڵام له حکوومەته نادیموکراتیک و خۆسەپێنەکاندا ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی، مانەوەی دەسەڵاته. بۆ ئەو مەبەستەش خۆ له هیچ جینایەت و پیلانێکی قیزەون و دزێو ناپارێزن.

لەم دواییانەدا بینرا که له وڵاتانی بریتانیا، ئوتریش، ئێراق و ... کەسی یەکەمی دەسەڵات به هۆی ئەوەی که نەیتوانی وڵامدەری ویستی نارازییان بێت، دەستی له کار کێشایەوه. چەند ساڵ لەمەوبەر وەزیری پەروەدەی کوێت به هۆی مردنی قوتابییەک له سەر کلاس، وەزارەتەکەی خۆی به کەمتەرخەم زانی و بۆ ڕێزگرتن له بنەماڵەی قوربانییەکه دەستی له کار کێشایەوه. هەروەها وەزیری بودجەی فەرانسه، وەختێک پێی دەزانن که له وڵاتی سوئیس حیسابی بانکیی شەخسیی هەیه، له شەرمی کۆمەڵگە، کابینەی دەوڵەت جێدەهێڵێ. له بەرانبەردا ئەگەر نیزامی ویلایەتی فەقیهی ئێران له گەڵ سیستمی ئەو وڵاتانەی سەرەوەدا بەراوەرد بکەین، دەبێ سەرۆک کۆمارو وەزیرەکانی، هەر ڕۆژەی جارێک و ڕێبەری نیزام ڕۆژی ده جار نەک هەر دەست له کار بکێشنەوه، بەڵکوو دەبووایه لەجێ خۆیان بکوژن، هەتا چاویان به ئازارو ژانی قوربانیانی دەسەڵاته جینایەتکارەکەیان نەکەوتبایه. به دڵنیاییەوه ویژدان و ڕۆحی مرۆڤایەتیی ئەوانه جێی گومانه، ئەگینا چۆن دەیانتوانی له ئاست کارەساتێک که به سەر بنەماڵەی ئێعدامی، زیندانی و هەزاران قوربانی لەمجۆره دێ، بێوڵام بن؟ یا ئەگەر دڵ و چاوی قەزاوەتیان هەبێ، چۆن دەبێ فەسادی هەمەڕەنگی خۆیان، هەژاریی کۆمەڵگە، دۆخی

قەیراناویی قوتابخانە، ژینگەی کاول کراو، هەڵاواردنی جنسی و ڕەگەزی، ... نەبینن و هەست بە ئازار نەکەن؟ هەرچەند ساڵی ڕابردوو وەزیری دەرەوەی کابینەی ڕۆحانی دەستی لە کار کێشایەوە، بەڵام دیتمان کە لە شەوێک زیاتر درێژەی نەکێشا و جیا لەوەش هەڵوێستەکەی هیچ پێوەندیی بە هاوخەمی و پشتیوانی لە خەڵکەوە نەبوو.

ئەمڕۆ لە زۆربەی نزیک بە تەوای وڵاتان پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەگەلی جیاواز و لە ئاستی جۆراوجۆردا بەڕێوە دەچێ، هەرچەند ناتوانین پێداگری لەوە بکەین کە تێکڕای ئەمانە ئامانجی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن دەپێکن. چون مەبەست لە هەڵبژاردن تەنیا دەسنیشان کردنی کاندیداکان بۆ پۆستە دڵخوازەکانیان نیە. بەڵکوو قۆناخەکانی دوای هەڵبژاردن زۆر گرینگن و دەتوانن ڕەواییی پرۆسەکە بسەلمێنن. مەسەلەن ئەگەر دەنگدەرانی وڵاتێک لە بارودۆخی پێویستدا بە سانایی و ئازادانە توانیان دەستیان بە نوێنەرەکانیان ڕابگا و لە ئاکامی لێپرسینەوەدا ناچار بە وڵام دانەوەیان بکەن، بە واتای ئەوەیە کە لەو وڵاتە پرۆسەی هەڵبژاردن مانای خۆی گەیاندووە. ئەو دەوڵەتانەی کە باوەڕیان بە ئازادی و دیموکراسی هەیە، ڕێگە بۆ دەنگدەرانی خۆیان خۆش دەکەن هەتا بتوانن لێپرسینەوە لە نوێنەرانیان بکەن. ئەو نوێنەرە دەتوانێ پارلمانتار، شارەدار، سەرکۆمار یا هەر پلەیەکی دیکەی هەبێ.

لە ناو نیزامی ئیسلامیی ئێراندا هەڵبژاردنەکان نە تەنیا سالم نین، بەڵکوو بە مەبەستی پاوانخوازیی زیاتر کەڵکی پێچەوانەیان لێوەردەگیردرێ. لەوێدا یاساکان سەروبنیان دیار نیە و پڕ لە پارادۆکسن. لەو سیستمەدا سەرسندووقەکانی دەنگدان خاڵی کۆتاییی پرۆسەی هەڵبژاردنە، واتە لەوەبەدوا هیچ بەرنامەیەک لە گۆڕێدا نامێنێ کە بەرهەمی پرۆسەکەی لێ هەڵگریتەوە.

ئەگەر بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا بە مانای نوێکردنەوەی پەیمان لە گەڵ نیزام بێت، بەدواداچوونی ئاکامی دەنگەکان و لێپرسینەوە لە نوێنەرانی خەڵک هێڵی سوورە و ڕێگەی پێنادرێ. ئەوەش بە مانای ئەوەیە کە لە ناو ئەو نیزامەدا هەڵبژاردن بە مردوویی لە دایک بووە.

پێشەکیی سەرەوە، بەشێک لە بەها و گرینگیی پرۆسەی هەڵبژاردنە کە دەتوانێ وەکوو ئامرازێکی بەنرخ لە سەر ڕەوتی چاکسازی شوێن دابنێ. ئەگەر لە وڵاتێکدا ئاستی ئازادییەکان و مافی مرۆڤ لە خوارەوە بن و ڕێگری لە گەشەی سیاسی، ئابووری، کولتووری و سەنعەتی بکەن، زاتی هەڵبژاردن دەتوانێ لە سەر ڕوانینی بەرپرسان کارتێکەریی هەبێ و فۆرم و قەوارەی سیاسیی ئەو وڵاتە بەرەو چاکسازی ڕێنمایی بکا. ئەوەش کاتێک دێتە بەرهەم کە هەڵبژاردنەکان ئازاد و سالم و لە کەشێکی بە دوور لە فێڵ و دەغەڵکاری بەڕێوە بچن. کۆمەڵناسان و چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد دەتوانێ داهاتووی کۆمەڵگە تەزمین بکات و لە درێژەدا کەموکوورییەکان ئیسلاح بکا.

لێرەدا بەر لەوەی بچینە ناو ناوەڕۆکی سەرەکی و لە سەر تیتری بابەتەکە بڕۆین، پێویستە ئاوڕ لە چەند چەمک و دەستەواژەی پێوەندیدار بدەینەوە کە بۆ بەرفراوان کردنەوەی باسەکە یارمەتیدەرن. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی سەردەمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ لە میانەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانەوە سەریان هەڵداوە، پێویستە کە لە چەند قوناخدا کورتە مێژوویەکی شرۆڤەکارانەی بۆ بکرێ و ئاوڕ لە ئاڵوگۆڕەکانی دوو دەیەی دۆماخر بدرێتەوە.

## ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی

هەوەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لەبەر ئەوەی کە زاتی هەڵبژاردن لە لایەک دەتوانێ

بنەمای دیموکراتیک بوونی نیزامی سیاسیی وڵاتان دەربخات و لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی ئەوەی کە میژووی دوو دەیەی ڕابردووی ڕەوتی ئیسلاحات لە ئێران و کوردستان لە پەڕاوێزی هەڵبژاردنەکانەوە سەریان هەڵداوە، پێویستە خوێندنەوەیەکی مێژوویی کورتی ئەو قۆناخە کە لە گەڵ ڕەوتی ڕیفۆرم لە ئێران بە گشتی خاڵی هاوبەشیان هەیە بخەینە بەرباس. مەسەلەی ئیسلاحات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتۆرێکی سەربەخۆ نیە کە بکرێ سەربەخۆیانە شرۆڤەی بکەین، بەڵکوو وەک پاشکۆیەکی بچووکی گوێڕایەڵ و ژێری ڕەوتی ئیسلاحاتی سەراسەری ئێران خۆی دەرخست و ئێستاش هەر لە هەمان ئاستدا ماوەتەوە. هەر بۆیە ئەگەر ئازادانە ڕەوتی ئیسلاحات لە کوردستان بخەینە بەرباس و هەوراز و نشێوەکانی هەڵسەنگێنین، کارێکی بێ کەڵکە و دەرەنجامی نادروستی لێ دەکەوێتەوە. چەمکی ئیسلاحتەڵەبی چەند دەیەی دوماخر لە ئێران لە پەڕاوێزی پرۆسەی هەڵبژادنەکانەوە و بە دەرکەوتنی سەید موحەممەد خاتەمی لە ساڵی ١٣٧۶ سەری هەڵدا. ١۵ ساڵ دواتر لە پاش بڕینی مێژوویەکی تا ڕادەیەک لێڵ، بە ڕێکەوتنێکی سێقۆڵی لە نێوان خامەنەیی، ڕەفسەنجانی و ڕۆحانی سرکرا. لە تێکڕای قۆناخەکاندا ڕەوتی ئیسلاحخوازی لە کوردستان چاولێکەرانە بووە و توانای شرۆڤەی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەزای کوردستانی نەبووە.

جێگەی سەرنجە کە وشەی «ڕیفۆرم» لە سەدەی شازدەیەمەوە وەک بیرۆکەیەک خۆی هاویشتە گۆڕەپانی کۆمەڵگەی ئورووپا و نووکەش بە لایەنگرانی دەوترێ «ڕیفۆرمیست». لە قامووسی سیاسیی کوردستاندا، وشەی ئیسلاحات بە چاکسازی ناسراوە و بە لایەنگرانی دەڵێن ئیسلاحتەڵەب یا ڕیفۆرمخواز. هەروەها لە فارسیشدا بە «اصلاحات» و «اصلاح طلبی» پێناسە کراون. بە گشتی کاتێک باس لە ڕیفۆرم یا ڕیفۆرمخوازی دەکرێ، ماناکەی پێداگری لە باشتربوونی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەمەڕ وەچنگ هێنانی دەرەنجام و دەسکەوتی گونجاوتر دەگەیەنێ. باشتربوونی بوارەکانی ئەخلاق، یاسا، ڕوانگەی دەسەڵات و دامەزراوە حکوومییەکان بەشێکی بەرچاوی مەبەستی ڕیفۆرم یا چاکسازین. بە واتایەکی تر، ڕیفۆرمخوازان پێیان وایە کە دەتوانن بە کردەوەی نەرم و بەدوور لە هەر چەشنە گرژییەک، بە تایبەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە، بە باجێکی کەم دەسەڵاتی سیاسیی ئێران پێمل بکەن کە ڕوانگەی خۆیان بە پێی ویستی کۆمەڵگە بگۆڕن و کەسە زێدەڕۆکان وەلا بنێن.

ڕیفۆرمخوازانی کوردستانیش بەرگری لە کۆپیی هەمان ڕوانگە دەکەن، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ڕوانگەی هەردوو باڵی دەسەڵات بە نیسبەت کوردەوە یەکێکە و هەروەها خەڵکی کوردستان بەشداری دەسەڵات نین هەتا لە سەرەڕۆیی پاشگەزیان بکەنەوە. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی تاران سەرچاوەکەی لە تارانە و لەوێوە خۆی بە سەر گەلی کورددا سەپاندووە. کە وایە لە کوردستان بازاڕی دروشمی هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری یا ڕیفۆرم هیچ کرپارێکی نابێت.

## دوو دەیە قەلاچۆ و خەفەقان

زۆربەی ڕیفۆرمخوازان و مێژوونووسانی ئێرانی مەسەلەی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازی لە وڵاتەکەیان بۆ سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێننەوە. لە هەمان حاڵدا دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە مەسەلەی ڕیفۆرمخوازی بە مانای وشە، لە هیچ بڕگەیەکی زەمانیدا بە ڕادەی ٢٠ ساڵی دوماخر، لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا بەرچاو نەبووە و لە مەیدانی مژارگەلی فرە ڕەهەند، چالاکانی ئەم بوارەی ئەوەندە بە خۆیەوە سەرقاڵ نەکردووە. ئەگەرچی ڕیفۆرمخوازیی ئێرانی کۆمەڵێک

چالاکــی کوردیان (دەکرێ لــە چەند توێدا پێناســەیان بۆ بکرێ) لە کوردســتان هێنایە ســەر خەت و بەم ڕەوتەوە پەیوەســت بوون، بەڵام بــە چەند هۆکارێــک نەیانتوانی لە ناو کۆمەڵگــەی کوردســتان متمانــەی خەڵک وەدەســت بێنن. ڕیفۆرمخوازانی کوردســتان گەلێــک جــار پێگــەی خۆیان بــە میزانی جیاوازیی نێوان بەرەی بایکۆت لە هەڵبژاردن کە لە لایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە دێتە ئاراوە و ڕوانگەی خۆیان کە هاندەری خەڵکن، هەڵدەسەنگێنن. بە واتایەکی تر، ئەوان ڕێژەی دەنگــدەران بە لایەنگری لە خۆیان پێناســە دەکــەن و وادەردەخــەن کە چــی خەڵکی کورد دەنگی داوە لە سەر ویست و داخوازیی ئەوان بووە. ئەڵبەت ڕیفۆرمیستە کوردەکان بۆ خۆشیان دەزانن کە ئەم ئیدیعایە بێ بنەمایە، چونکــوو زۆرینــەی دەنگدەران، کەســانی بێ‌لایەنن و چووکەترین زانیارییان لە ســەر ئەم ڕەوتە نیــە. زۆرینەی دەنگدەران تەنیا بۆ ئەوەی کە سجیلەکەیان مۆر بخوات بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن .

هەروەخت بمانەوێ چەمکی ڕیفۆرمخوازی لە ئەدەبیاتی سیاســیی ئێراندا مانا بکەینەوە، ناتوانیــن بە ســاناهی لە ئاســت نەخشــی د.موحەممەد موسەدیق وەک کەسایەتییەکی بەرچاوی دەســپێکی ئیسلاحخوازی بێدەنگ بیــن. موســەدیق لــە دەورانــی ڕێژیمــی پاشــایەتیدا لە ڕێگــەی بزووتنەوەی «نهضت ملی ایران» هەوڵی دەدا کە ئامانجە سیاســی و ئابوورییەکانــی لــە ڕێگەی ئیســلاحاتەوە بەرەوپێش ببــات. جێگــەی ئاماژەیە کە بە پێی ئەوەی کە دەســەڵاتەکانی پاشــایەتی و ئاخوندی لە ئێران فەرق و جیاوازییان هەبوو، لە ســەر هەمان بنەما تێوریی ئیسلاحات لە هەر دوو سەردەمدا جیاواز بوون.

دوای ئــەوەی کــە ڕەنجــی شۆڕشــی هەمەلایەنەی گەلانی ئێران دژ بە سیاســەتی گەنــدەڵ و ناســەردەمیانەی دەســەڵاتی پەهلەوی هاتە بەر، دەســەڵاتی کۆنەپەرەست و چەقبەســتووی ئاخوندە دنیاپەرەســتەکان بە فرووفێڵ دەرفەتەکەیــان بە قازانجی بیری بەرتەســکی خۆیــان قۆزتەوە و لــە ئاکامدا خەباتــی تێکرای تێکۆشــەران و ئەویندارانی ئــازادی، وێــڕای گشــت چیــن و پێکهاتە نەتەوەیــی و ئایینییــەکان بــە فیــڕۆ چوو. ئاخونــدەکان ناباوەڕانــە خۆیــان لە جێگەی تاج و تەختی پادشــاکاندا دەدیتەوە، هەربۆیە وەها لە دنیای هەوەسی مادی و جەستەییدا نوقم ببوون، نە تەنیا گوێبیســتی داخوازی و مافە ڕەواکانــی خەڵک نەبوون، بەڵکوو وڵامی هەرجــۆرە ڕەخنە، بیری ئازاد و نارەزایەتییان بــە زیندانــی کــردن و کوشــتن دەدایەوە. ئاســاییە ئاخونــدەکان کاتێک کە خۆیان بە نوێنەری خوا لە ســەر عەرز پێناســە دەکرد، هیــچ بۆشــایی و دەرەتانێک بــۆ چالاکیی جودابیران نەدەمایەوە کە ناوی چاکســازی یا ڕیفۆرمی لە ســەر دابنێی. بەمجۆرە تاقە دوو ڕێگە لە بەردەســتدا مابوویەوە: یا دەبوو وەک گەلی کورد سەربەرزانە «نا» بە سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی نوێ بگوترێ، یا دەبوو وەک بەشێک لە حیزبە مارکسیســت و مەزهەبییەکان، بە فریوی دەســەڵاتی پاوانخواز، خۆت ڕادەستی دەسەڵات بکەی.

حاکمیەتی نوێی ئیدیۆلۆژیکی تاران، دوو دەیەی لە تەمەنی نگریسی خۆی کە لە سەر بنەمای ئێعدام و قەڵاچۆی ئازادیخوازن بونیات نابــوو بەڕێ کرد. لەو ماوەیەدا کەشــوهەوای سیاســیی کوردستان ئەوەندە تۆقێنەر بوو کە بەشێک لە خەڵک لە ڕۆژی هەڵبژاردندا تەنیا لە ترســی دەزگا ســەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و بــە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان کاندیداکاندا دابنێــن، بۆ ئەوەی ســجیلەکانیان مۆر بخوا، خۆیان دەگەیاندە بنکەکانی دەنگدان. هاوکات لە لایەکی دیکەوە، گەلی کورد بە مەبەســتی دەســتەبەر کردنی ماف و ئازادییەکانی خۆی، خەباتێکــی ســەخت و خوێناویی دەســت

پێکردبوو.

لێکدانەوەی ئەم هەلومەرجە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە بزووتنەوەیەکی سیاسی وەک ئیسلاحتەلەبەکان کە لە دەرەنجامی دەستەبەندیی ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندیدا وەک پاشکۆی باڵێک خۆی دەرخستووە، وەها بە سانایی ناتوانێ جێ بڕوای کۆمەڵگەی بریندراوی کوردستان بێ و پێشوازیی لێبکەن. لێکدانەوەی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕەوتی ئیسلاحتەڵەبی لە کوردستان، پێویستی بە پێداچوونەوەی مێژووی ڕەوتی ئیسلاحات لە ئێراندا هەیە کە لەم سەردەمەدا لە ئاکامی بە دەسەڵات گەیشتنی سەید موحەممەد خاتەمی بۆ پۆستی سەرکۆماری دەستی پێکرد. ڕەوتێک کە لایەنگرانی بە «حماسەی دوم خرداد» ناودێریان کرد.

## هەڵقوڵینی بەرەی ڕیفۆرم لە ناو دڵی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا

بەهاری ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی دوایین ساتەکانی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی (عالیجناب خاکستری) بوو. دروشمەکانی بریتی بوون لە «سازندگی» هەر بۆیە هەوڵی دەدا کە خۆی وەک سەرداری سازکردنەوەی وێرانییەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران-ئێراق بە کۆمەڵگەی ئێران بسەپێنێ. دوای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناخە، نیزامی ویلایەتی فەقیهـ بەمەبەستی بە لاڕێدا بردنی ڕای گشتی و سەرلێشێواندنی کۆمەڵگە، بڕیاری دا کە ئەگەر لە رووی ڕواڵەتیشەوە بێ، دەبێ جێگرەوەی داهاتووی ڕەفسەنجانی بە ڕەنگ و سیمایەکی نوێوە نیشانی کۆمەڵگەی ڕەنگاوڕەنگی ئێران بدرێ. کاندیداتۆریی سەید موحوممەد خاتەمی بە کۆمەڵێک دروشمی ڕەنگاوڕەنگ و جیاوازتر لە جاران کە زۆربەیان ڕەنگی گۆڕانکاری و ئیسلاحاتیان پێوە دەبیندرا، لە فلتێری «شورای نگهبان» دەرچوو. لەو سەردەمەدا گەلانی ئێران خەریکی بەرێ کردنی نێزیکەی دوو دەیە ئەزموونی دژواری ئیستبدادیان بوون، لە بەر ئەوەش، چکۆلەترین گۆڕانکاری دەیتوانی هیوایان پێ ببەخشێ و لە فەزای خنکێنەری دەسەڵاتی ئاخونده جینایەتکارەکان ڕزگاریان بکا. دیارە دروشمە نوێکانی موحەممەد خاتەمی کارتێکەریی دیاریان لە سەر کۆمەڵگەی بەرفراوانی ئێران دانا و ڕۆژی ٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦خەڵک بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕژانە سەر سندووقەلکانی دەنگدان. لە ئاکامدا خاتەمی وەک براوەی هەڵبژاردنەکان بۆ سەرۆکی دەوڵەتی حەوتەم دیاری کرا. یەکێک لە دروشمەکانی خاتەمی «ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان» بوو، کە لە گەڵ پێشوازیی گۆڕانخوازان ڕووبەڕوو بوویەوە. هەروەها دروشمی «گفتگوی تمدنها» سنووری ئێرانیان بەزاند و بە چەند لایەندا مانا کرانەوە. ئەم دروشمانە لە کۆمەڵگای داخراوی ئێران ڕەنگدانەوەی بەرچاویان دایەوە. بەم چەشنە لە ڕۆژی ٢ی جۆزەردانەدا. پاش هەڵبژاردنی خاتەمی، فەزای ژێر سێبەری دروشمەکانی دەوڵەتی حەوتەم بە دەسپێکی چالاکیی ڕێکخراوەکان، سەندیکا و ئەنجومەنە سینفییەکان دەناسرێتەوە. لە درێژەدا توێژی خوێندکار، کرێکار، مامۆستا هتد بەخۆیاندا هاتنەوە و توانیان داواکاری و چالاکییەکانیان بۆ کاری ڕێکخراوەیی و هاوبەش بقۆزنەوە.

زۆربەی کارناسانی ئەو ڕەوتە پێیان وایە کە خاتەمی سەرەتایەکی باشی دەست پێکرد و بە هەڵبژاردنی دروشمگەلێکی تایبەتی، دەستی نایە سەر ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران، هەر بۆیە لە گەڵ پێشوازیی گەرموگوڕی خەڵک بەرەوروو بوویەوە. بەڵام مخابن زۆری پێ نەچوو کە متمانەی خۆی لە دەست دا. بەوحاڵەش ڕادەی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی تینووی ئازادی، بە ڕادەیەک لە سەرەوە بوو کە لە زۆر حاڵەتدا، لە ژێر

کۆنترۆلی سەرکۆمار دەچوونە دەرەوە. پەردەی سانسۆر لە سەر ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان، تا ئەندازەیەکی بەرچاو لادرا، ڕوانگە و کردەوەی نوێی وەزیرانی ناوخـــۆ، فەرهەنگ، خوێندنی باڵا و چەند بەرپرســـی ئیداری لە جاران زۆر جیاوازتر بوون، هەر بۆیە نەریتخوازەکان وەک هەڕەشە بۆ ســـەر نیزامی ویلایەتی فەقیهـ و ترس لە چاوکرانەوەی خەڵک حیســـابیان بۆ کردن. لە ئاکامی گوشاری بێپسانەوەدا، چەند کەسیان لە سەر کار لابران و بەشێکی بەرچاو لە لایەنگرانی سەرەکیی سەرکۆمار لە پەراوێز خران.

لێرەدا لایەنگرانی ٢ی جۆزەردان چاوەڕوانی هەڵوێستی بوێرانەی خاتەمی بوون، کەچی لە لایەک خۆدزینەوە لە بەڵێنەکان و بێدەنگی لە هەمبەر هەڵکوتانە سەر لایەنگرانی، لە لایەکی تـــرەوە گوێڕایەڵیی تەپلۆســـانە لـــە ڕێبەری نیزام، دەریان خســـت موحەممـــەد خاتەمی لە زاتی خۆیدا نە تەنیـــا ئالای ڕزگاریخوازی دژ بە ئیســـتبدادی پێ نیە، بەڵکوو دروشمە ئیســـلاحخوازانەکان بـــۆ دەرچوونی ڕێژیم لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی باشـــتر بە کاردێنێ، بەوحاڵەش بەشـــێکی بەرچاو لـــە لایەنگرانی کۆڵیان نەدەدا و خوازیاری درێژەدان بە ڕەوتی ئیسلاحات بوون، چون پێیان وابوو کە ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ نەماوەتەوە.

بەم جۆرە ململانێیەکی قورسی تەبلیغاتی لـــە نێوان دوو بەرە کە بریتی بوون لە بەرەی لایەنگرانی ٢ی جۆزەردان و بەرەی لایەنگرانی دەسەڵاتی ڕادیکاڵی سوننەتی دەستی پێکرد. دواتـــر ئـــەم دوو ڕەوتە بە ســـەر دوو بەرەی ڕیفۆرمخـــواز (اصـــلاح طلـــب) و نەریتخواز (اصول گرا) کە ئێستاش بەشێک لە مێژووی دەســـەڵاتی حکوومەتی تاران، دابەش بوون. زۆربەری جومگە ســـەرەکییەکانی دەسەڵات وەک هێزی ئینتزامی، ئەرتەش، ســـپا و هێزە ســـەرکوتکەرەکانی دیکە لە ژێر دەســـەڵاتی ڕێبەری ویلایەتی فەقیهـ بە پشتیوانی کردن لـــە بەرەی نەریتخوازدا بـــوون و لە دەرەوەی بازنەی یاســـاییدا و بە شێوازی جۆراوجۆر لە ڕەوتی ئیسلاحخوازانیان دەسرەواند. لە درێژەی هەمـــان ململانێی نابەرانبـــەردا نەریتخوازان لـــە ژێر فەرمانی ڕاســـتەوخۆی ڕێبەری نیزام و بە دەســـتی وەزارەتی ئیتلاعات، خێراتر لە جاران پرۆسەی جینایەتکارانە و دژەمرۆڤانەی کوشتنی جودابیران و ڕۆشنبیرانیان درێژە پێدا کە لە سەردەمی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانییەوە دەستی پێکردبوو. ئەم کوشتارە سیستماتیک و بێ بەزییە دواتر بە «قەتڵە زنجیرەیییەکان» ناوبانگـــی دەرکرد. بە وتەی نووســـەرانی ئەو سەردەمە، دەســـتووری ئیجراییی لەناوبردنی چالاکانی سیاسی و جودابیران لە ژوورە تاریکە ڕۆحییەکانەوە دەردەچوو، دەدرایە عالیجەناب خاکستەری (رفســـنجانی) و دواتر لە ڕێگەی شاکلیل (فلاحیان)وە جێبەجێ دەکرا.

شـــیاوی وەبیرهێنانەوەیە کـــە گەلاڵەی تێرۆری سیاسەتوانان و چالاکانی کورد وەک د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی لە دەرەوەی وڵات، فرووهەرەکان و مامۆســـتای نیشتمانپەروەری ئایینی، مەلا موحەممەد ڕەبیعی لە ناوخۆ، لە بازنـــەی هەمان پیلانـــی جینایەتکارانە و دژە ئینســـانیی قەتڵە زنجیرەیییەکاندا جێبەجێ کراون.

## مەجلیسی ئیســـلاحات و تەشەنەکردنی ئیسلاحات بۆ کوردستان

ماوەی دوو ساڵ دەبوو کە دەوڵەتی ئیسلاحات لە تاران هاتبووە ســـەرکار، وەزارەتی ناوخۆی خاتەمی گوشـــارەکانی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە ســـەر پرۆســـەی هەڵبژاردن هەڵگرتبوو، هەر بۆیە لە ناو تێکـــرای هەڵبژاردنەکانی نیزامدا، مەجلیســـی شەشـــەم لە ڕووی کاندیداتۆر و فەزای تەبلیغاتییەوە، بە نیســـبەت خولەکانی ڕابردوو، کراوەتر و جێی ســـەرنج بوو. زۆربەی نێزیـــک بە تێکڕای چالاکانی سیاســـی هاتنە مەیدان و لە ســـەر هەڵوێســـت و بانگەوازی

لایەن وکەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران و تەنانەت پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش، لەم پرۆسەیەدا بەشدارییان کرد و بە پێی خوێندنەوەی خۆیان، کەڵکیان لە بارودۆخەکە وەرگرت. بەهاری ١٣٧٩ کە هاوکات بوو لە گەڵ جموجۆڵی تەبلیغاتیی دەوری شەشەمی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، زۆربەی چالاکانی بە هەڵوێست بە مەبەستی قۆستنەوە دەرفەتە ڕەخساوەکان، شان بە شانی هەڵسووراوانی بواری سیاسی و مەدەنی ڕوویان کردە شار و گوندەکانی کوردستان و کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆریان بۆ کۆمەڵانی خەڵک پێکهێنا. بەم شێوەیە چالاکییەکانی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی وەک ژێربنەمای یەکەم ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی لە ناوحکوومەتدا دەرکەوتن.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، مەجلیسی شەشەمی شوورای ئیسلامی لە ژێر چاودێریی دەوڵەتی حەوتەمدا پێکهات. مەجلیسێک کە زۆرینەی پارلمانتارانی ڕیفۆرمخواز بوون، ئەوەش دەرفەتێکی نوێی بە سەرکۆمار و لایەنگرانی دا کە نەریتخوازان زیاتر لە جاران بخەنە تەنگەژە و پەراوێزەوە. بە پێی نەریتێک کە لە خومەینییەوە بۆ دەسەڵاتی ئاخوندی بە میرات مابوویەوە، دەبوو وەزیری ئیتلاعات بە ڕاوێژ و پەسەندی ڕێبەری ویلایەت دەستنیشان بکرێ، بەڵام لەم قوناخەدا خاتەمی بە بێ پرس، وەزیری ئیتلاعاتی بە مەجلیسی شوورای ئیسلامی پێشنیار کرد. ئەوەش لە مانادا لە ناو دەسەڵاتێکی دوگمی لە جۆری ویلایەت کە ئیلهامی لە غەیبەوە بۆ دێ، بە دەسکەوتێکی کەم نەدەهاتە ئەژمار. لە حاڵێکدا کە پرۆسەکە بە تەواوی بە دڵی ئیسلاحخوازان دەرۆیشتە بەرەوە، ڕێبەری نیزام واتە شەخسی خامەنەیی بۆ یەکەم جار هەستی کرد کە خەریکە وەپەراوێز دەخرێ و دەسەڵاتەکەی بە نزمترین ئاستی خۆی لە ماوەی پۆستی ڕێبەریدا گەیشتووە. هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە شەخسی سەرکۆمار کۆمیتەیەکی بۆ بەدواداچوون دەربارەی تاوانبارانی قەتڵە زنجیرەییەکان دامەزراند، خامەنەیی و ڕەفسەنجانی بە شێوەیەکی هاوتەریب و نافەرمی، دەستیان دایە هەوڵی چەواشەکارانە و بە هەمووجۆر دژایەتیی کۆمیتەکەیان دەکرد. ئەگەرچی کۆمیتەکەی خاتەمی سەرەڕای کۆسپ و گرفتەکان ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە و ناوی چەند کەسی وەک تاوانبار ڕاگەیاند، بەڵام لە ئاکامدا هەموو شتێک بە قازانجی خامەنەیی و ڕەوتی نەریتخوازان کۆتایی پێهات.

لە دەسپێکی یەکەم ئەزموونی ڕیفۆرمدا، وا دەردەکەوت کە زەمینەی کار و تێکۆشان لە کوردستان لەبارە. دڵسۆزان و هەڵسووڕاوانی گەل توانییان لە هەر ناوچەیەکدا کاندیدای شیاوی خۆیان بدۆزنەوە و لە تویێی دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوە بەردەوامەکاندا، داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و ناوچەی خۆیانیان لە گەڵ باس بکەن. لە میانەی یەک حەوتوو بانگەشەی ئاشکرای هەڵبژاردندا، ئاستی داواکاری و ئەو مژارانەی کە هاتنە گۆڕێ، گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی. تەنانەت دەنگۆیەک بڵاوبوویەوە کە گۆیا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەر ناوچەیەک کاندیدی تایبەت بە خۆی بە نهێنی دیاری کردووە. ئەم تایبەتمەندییانە تین و گوڕێکی جیاوزتریان بە هەڵبژاردنەکان بەخشی. لە زۆربەی شارەکان خەڵک گوشاریان دەخستە سەر کاندیداکان کە دەبێ لە مەجلیس داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بە گوێی دەسەڵات بگەیەنن. ئەو ئەرکەش پێویستی بە پێکهێنانی بەرەیەک هەبوو، هەربۆیە دواتر براوەکانی هەڵبژاردن کە چوونە مەجلیس، فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردیان پێکهێنا. لە قۆناخی بانگەشەدا زۆربەی کاندیدا ڕیفۆرمخوازەکان شوێنەکانی خۆیان بە وێنە و

پوســتێری «ملی- مذهبی»یەکان و شەخسی موسەدق ڕازاندبۆوە، ئەوەش بە مانای ئەوە بوو کە ئەوان لە تەنیشت داخوازییە ئیسلامییەکان، داوای میلی و نەتەوەییشیان هەیە.

خەڵکــی ئێران بە گشــتی ڕایــان وابوو کە مەجلیســی شەشــەم کە وەکوو بازووی بەهێــزی دەوڵەتی حەوتــەم دەهاتە ئەژمار، دەتوانــێ لــەو ڕێگەیــەوە بە ســەر گەلێک کۆســپی دواکەوتووانەی نیزامی ٢٠ ساڵەی ئاخوندەکانــدا باز بدات و بە ڕێگای یاســایی دۆخی ئێران بگۆڕێ. هەر بۆیە جارێکی دیکە لێبراوانەتــر لە جــاری پێشــوو، موحەممەد خاتەمی‌یان بۆ خولی دووهەمی ســەرکۆماری هەڵبــژاردەوە. بــەڵام دوو ســاڵ دواتــر لە حاڵێکــدا کە کەشــوهەوای ئێــران خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیســی هەشتەم ئامادە دەکرد، نیزام لە ڕێگەی شوورای نگەهبانەوە، ڕێگری لــە خۆکاندید کردنەوەی تێکڕای ئەو نوێنەرانە گرت کە چالاک بوون و بە جۆرێک پێوەندییان بە بەرەی ئیسلاحاتەوە هەبوو. لە کوردســتانیش بە هەمان شێوە، نوێنەرەکانی پێشــوو، وێڕای حیزبە کوردســتانییەکان کە هیچ ئاســۆیەکی هیوابەخشیان لە مەجلیسی داهاتوودا بــەدی نەدەکــرد، داوای بایکۆتی هەڵبژارنیــان کرد. لــە مەیدانی کــردەوەدا دەکــرێ ئەو قۆناخە بە خاڵی دەســپێکی لە پەراوێزخســتنی ڕەوتــی ڕێفۆرمخوازیی لە ئێران ناودێر بکەین.

ســەرکۆماریی موحەممەد خاتەمی پاش ٨ ســاڵ دەسەڵاتداری و تێپەڕکردنی گەلێک قۆناخی پڕ لە هەوراز و نشێو کۆتایی پێ هات. ئەحمەدینژاد لە ناو پۆســتی سەرکۆماریدا و وەک گۆپاڵی دەستی خامنەیی هاتە مەیدان. نێزیــک بە تەواوی دامــەزراوە مەدەنییەکان، ئازادیــی ڕادەربڕین، ڕۆژنامــە و چاپەمەنی، بلاڤۆکــە خوێندکارییــەکان، دەرفەتەکانــی ئازادیی پیشــەیی و هتد داخران و ڕێگری لە چالاکییەکانیان گیرا. پێکهاتەی مەجلیســی شەشــەمیان لە بەر یەک هەڵوەشــاندەوە و مەجلیســێکی نەرم و دەستەمۆ بۆ سەرکۆمار ئەحمەدینــژادی بناژۆخــواز دامــەزرا، هەتا بتوانێ بە ئاســانی و بە بێ گرفت پیلانەکانی خامنەیی بەرەوپێش ببات.

## بێدەنگیــی ڕەفســەنجانی و دواتــر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز

دەکرێ بڵێین کە بزووتنەوەی سەوز لە ناخی تاریکیدا ســەری هەڵدا. چونکوو دوای یەک دەورەی ســەرکۆماری هاتە ئــاراوە کە لەودا نیزام لە ڕێگەی ئەحمەدینــژادەوە بۆ ماوەی ٤ســاڵ بە شــێوەی سیســتماتیک خەڵکی کوشت و بڕ کرد تا جارێکی تر هەمووان ناچار بکەن ســەر بۆ کۆنەپەرەســتی دابنەوێنن. لە خولــی یەکەمدا هــەر زۆر زوو دەرکەوت کە ئەحمەدینژاد لە ململانێ لە گەڵ ڕەفسنجانیدا دەنگــی خــۆی نەهێناوەتــەوە، بەڵکوو وەک ڕاسپاردەیەکی ساختە، خامنەیی دەسەڵاتی پێداوە. ئەو توانی تێکڕای ڕیسەکانی خاتەمی بکاتەوە خــوری و چارەنووســی کۆمەڵگەی ئێــران بۆ مەودای ٤ ســاڵ ئەوەنــدە وەدوا بخــا تا لە گەڵ هــی دەورانی پێش خاتەمی لێکیان گرێ بداتەوە. بەڵام ڕەفســەنجانی لە کردەوەدا نقەی نەهات و بەوە قەناعەتی کرد کە ســکاڵاکەی خۆی دەباتــە بارەگای خودا. دروشــمەکانی ٤ ســاڵەی ئەحمەدینــژاد بە پێچەوانــەی خاتەمی لــە چوارچێوەی «حق انرژی هســتەی، نابودی اســرائیل و مشکل اقتصادی» (مافــی وزەی ناوکی، لەناوچوونی ئیسرائیل و کێشەی ئابووری)دا دەسووڕانەوە. بە کورتی خەڵکی بەوە سەرقاڵ دەکرد کە نان لە دروشم بەنرخترە.

ئەحمەدینژاد پاش ٤ساڵ بۆ خولێکی نوێ هاتەوە گۆڕەپانی هەڵبــژاردن. ئەوکات ڕەوتی ڕێفۆرمخــوازەکان زەبرێکــی گورچووبڕیان لە لایەن حکوومەتــی ئەحمەدینــژادەوە وەبەر کەوتبــوو. بەرەکەیــان تا ڕادەیەکــی بەرچاو

پــرش و بڵاو ببۆوە، بەوحاڵەش جارێکی دیکە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە لە دەوری ٢ کاندیدای دیکە کۆ ببنەوە و بەشێکی بەرچاو لە خەڵک بە بیانووی ئەوەی کە دژی دەسەڵاتی خامەنەیی هەڵوێســـت دەگرن، لە خۆیان کـــۆ بکەنەوە. دیـــارە ئەمجـــارە ڕکابەرەکانی ســـەرکۆماری پێشوو بە تایبەت مووسەوی لە ناو پێکهاتەی دەنگدەراند لە ڕەفسەنجانی زۆر بەهێزتر بوون. قووڵ بوونەوەی ڕوانگەی کاندیداکان بە زیانی ئەحمەدینژاد ئەوەنـــدە بەرچاو بوو کە زۆر بە ســـانایی لە چەند ڕۆژی نێزیک لە هەڵبژاردندا زۆرینەی خەڵک بە لێبڕاوی مووسەوییان وەک براوەی پۆستی ســـەرکۆماری مەزەندە دەکرد. بەوحاڵەش ئەحمەدینژاد هیچ حیســـابێکی بۆ ڕکابەرەکانی بە تایبەت مووســـەوی نەدەکرد. دواتر دەرکەوت کە قایمتر لە جاری پێشـــوو پشتی بە خامەنەیی بەستبوو. هەرواشی لێهات. لـــە کۆتاییـــدا، دەرەنجامـــەکان هەڵگەڕانەوە و ڕێبـــەری نیـــزام جارێکـــی تر لـــە ڕێگەی ساختەکارییەوە ئەحمەدینژادی هێنایەوە سەر پۆستی سەرکۆماری، هەتاکوو تا ٤ساڵی دیکە بە بێ سەرئێشـــە کۆشک و دەسەڵاتە شووم و جینایەتکارانەکەی بۆ بپارێزێ.

ڕاگەیاندنـــی دەرەنجامـــی هەڵبژاردنەکان و دەرچوونـــی بژاردەکـــەی خامەنەیی، هەموو لایەکـــی نوقمی سەرســـامی کـــرد. ملیۆنان کـــەس کە دەنگیان بە مووســـەوی و کەڕوبی دابوو هاتنە سەر شـــەقام و بە دروشمی «کوا دەنگەکـــەم» کۆمەڵـــە نارەزایەتییەکـــی زۆر بەرینیان لە زۆرینەی شـــارەکانی ئێران وەڕێ خســـت. مووســـەوی و کەڕوبی بـــە لێبڕاوی خۆیان کێشـــایە ناو ڕیزی خۆپیشـــاندانێکی بەرین کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکرد. نارەزایەتییـــەکان لـــە لایەک هەتـــا دەهات بەربڵاوتر دەبوونەوە و ویست و داخوازییەکانی خەڵکیش لە لایەکی دیکەوە مانایەکی دیکەیان بە خۆوە دەگرت. دروشـــمی پێکهاتەشـــکێن و لیبـــڕال لە نـــاو خۆپیشـــاندەراندا بە ڕوونی هەســـتیان پێدەکرا. ڕێژیم کە هەســـتی بە مەترسی کرد، بە ئاشـــکرا و بە هەموو هێزی سەرکوتکەری خۆیەوە هاتە مەیدان و دەستی دایە کوشتاری کوێرانەی نارازیان، هەتا بەشکم بتوانێ بزووتنەوەی ســـەوز لە جووڵە بخات. لە درێژەی ئەو کوشتارە بێ ڕەحمانەیەدا، دەکرێ ئامـــاژە بە کوژرانی خوێندکاران خاتوو «ندا آقا ســـلطان» لە تاران و کاک «کیانووش ئاســـا» ڕۆڵەیەکی نیشتمانپەروەری کورد لە کرماشان بکەین کـــە جیا لەوەی کۆمەڵگـــەی ئێران و کوردســـتانیان هەژانـــد بەڵکوو لـــە دەرەوەی سنوورەکانیش دەنگی دایەوە.

لەو ســـەروبەندەدا کە دۆخی کۆمەڵگەی نارازیـــی ئێران بـــە گشـــتی قۆناخێکی نوێی هەستیاری دەســـت پێدەکرد، داری هیواکان بە نەمانی دەســـەڵاتی ئەهریمەنیی خامەنەیی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر هەڵدەکشـــا، کۆمەڵگەی جیهانـــی بە وردبینی لە ڕەوتـــی ڕووداوەکانی دەڕوانـــی، مانەوەی مووســـەوی و کەڕوبی لە گۆڕەپانی ململانێکان و پشـــتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیو لە هەر وەختێکی دیکە پێویست تر بوو. کەچی لەو گەرمەیەدا هەردووکیان پشتیان بۆ خامەنەیی نەوی کرد و بەدوور لە چاوەڕوانی و بە کردەوە ڕیزی خەڵکی نارازییان بە جێهێشت. پاش ئەوەی کە گروتینـــی نارەزایەتییەکان و بزووتنەوەی ســـەوز هێدی هێدی نیشـــتەوە، خامەنەیـــی و پارێزەرانی کۆنەپەرەســـتی، بە خەیاڵـــی تەخت پرۆژەیەکـــی دوور و درێژی ڕەشـــبگیریان وەڕێ خســـت و جارێکی تر لە زیندان و گرتنگەکانی ئیتلاعات دەســـتیان بە جینایەت خولقاندن کـــردەوە. ئەوجار نۆرەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز هات و کەڕوبی و مووسەوی دەستبەسەر کران.

## خاتەمـــی ڕەوتـــی ئیســـلاحاتی دایەوە دەست ڕەفسەنجانی

هەروەک لە ســـەرەوە باس کرا، دوای ئەوەی بزووتنـــەوەی ســـەوز لە مەیدانـــی کردەوەدا

لــە جوولّــە کــەوت، دەفتــەری خامەنەیی لــە ڕێگــەی ئۆرگانــە ئەمنیەتییەکانەوە بۆ جاری دووهــەم زەمینەی بــۆ ئەحمەدینژاد خــۆش کرد تــا دەوڵەتێکی یەکدەســت بە بێ بەشــداریی ڕیفۆرمخــوازان دابمەزرێنێ. ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز وەک ئەمڕۆ هەر لە دەستبەســەریدا بوون و هیچ حیسابێکیان بۆ نەدەکرا.

ســەید موحەممــەد خاتەمــی کە وەک دامەزرێنەری ڕەوتی ئیسلاحات لەم نیزامەدا دەناســرێتەوە، وێــرای هەبوونی سانســۆری میدیایــی، لە بۆنــە هەســتیارەکاندا پەیامی بڵاودەکــردەوە کە ئــەم جــۆرە هەوتایی و یەکدەســتییەی حکوومەتی ئەحمەدینژاد بە قازانجــی داهاتووی نیزامی ئیســلامی نیە و دەبێ پێداچوونەوەی بە سەردا بکرێ.

دەورەی ســەرکۆماریی ئەحمەدینــژاد بــەرەو کۆتایــی دەڕۆشــت. دەســەڵات بە مەبەســتی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بە مەســڵەحەتی دەزانی کە سیمایەکی بێڕۆح لە ئیســلاحتەڵەبان ســاخ بکاتەوە. هەر بۆیە ئاســت و بەهای بەرەی ئیســلاحات ئەوەندە هاتە خوارەوە تا ئەو جێگەی کە ڕەفسەنجانی جینایەتکاریــش بۆ ئەوەی ڕابــردووی خۆی بشــواتەوە، وەک یەکێک لە هێماکانی بەرەی ئیســلاحات دەردەکەوت و حیسابی بۆ دەکرا. لەوەش ســەیرتر بەشــێک لە ڕیفورمخوازان وەک نوێنەرایەتــی ڕیفۆرمخــوازان چوونــە خزمەت خامەنەیــی و بەیعەتیان پێ کرد. لە ڕاستیدا ئەوە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئیســلاحتەڵەبان بــوو کە هەم لــە مەیدانی کردەوەدا شــوێندانەرییان نەما و حەســەن ڕۆحانیش ئەوانی لە ناو دەســەڵاتی سیاسیی خۆیدا تواندەوە.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە خاتەمی لە ٢ی جۆزەردانــی ٧٦ خەڵکی بەوە لە دەوری خۆی کۆکردەوە کــە بە پێچەوانەی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی، پشتیوانیی لە ئازادیی ڕادەربڕین و مافی شــارۆمەندی دەکا و باوەڕی وایە کە ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکانە. ئەوەش بە مانای دژایەتی لە گەڵ دەســەڵاتی ڕەفسەنجانی و ڕێبەری نیزام مانا دەکرایەوە، کەچی ســەیر لەوەدابــوو خاتەمــی پاش ٨ســاڵ، بە مانای ڕاستەقینە ڕەوتی ئیسلاحاتی تەسلیم بە کۆنە جینایەتکار ڕەفسەنجانی کرد.

بەرلــەوەی باس لە دۆخی ئێســتاکانێی ئیســلاحتەڵەبان بکەیــن، وا باشــە وڵامــی ئەو پرســیارە بدەینەوە کە بۆچــی ڕێبەرانی ڕیفۆرمخوازان لە کاتە هەســتیارەکاندا ڕیزی خەڵــک جێ دەهێڵن و پەیوەســت بە ڕیزی پاوانخوازەکانەوە دەبــن؟ خاتەمی، کەرووبی، مووســەوی، تەنانەت ڕۆحانی، گشــتیان لە خاڵێکــدا کــە دەبێ پشــتی دەنگــدەران و لایەنگرانیــان بگــرن، هەڵدەگەڕێنــەوە! لە ڕاستیدا ڕازی هەڵوێستی پێچەوانەی ڕێبەرانی ئیســلاحات لە ئێران ئەوەیە کە گشــتیان لە ڕابردووی خۆیان دەترســن. کەسانێک کە لە کوشتاری زیندانییە بێ دیفاعەکانی دیەی ٦٠ دەستی بالایان هەبووە، بە جینایەت و فەساد توانیویانــە ڕوانگــەی ڕێبەری نیــزام بۆ لای خۆیان ڕابکێشــن، لە هێڵەکی تاقیکردنەوەی جادوویــی شــوورای نگەهبان بە ســەلامەتی دەرچوون و دەیان و ســەدان خاڵی ڕەشیان لــە جینایەت و پێشــێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئەستۆدایە، هیچ کات ناتوانن دەست لە نیزام بەربدەن. ئەوان بــە ڕوونی دەزانن کە ئەگەر نیزامە شــوومەکەیان تێک برمــێ، دەبێ لە دوارۆژدا لــە بەرانبەر عەداڵەتــدا ئامادە بن و محاکمە بکرێن، هەر بۆیــە ئەگەر مەرگیش بــە پیریانەوە بێ، پشــت لە گــەل و ڕوو لە خامەنەیی و هەڵدەبژێرن.

### دۆخی ئێمڕۆژەی ئیسلاحتەڵەبان

لــە ســەرەتای دەســپێکی ســەرکۆماریی ئەحمەدینــژادەوە تــا ئەمــڕۆ، ئەگەرچــی ئیســلاحتەڵەبەکان هــەم لە نــاو مەجلیس

و هەم لە ناو حکومەتدا بەشدارن، بەڵام بەشداریی ئەوان بە هیچ جۆرێک نە بە مانای پشتیوانی لە ڕەوتی ئیسلاحاتی سەردەمی خاتەمییە، نە دەیانەوێ داکۆکی لە ویست و داواکارییەکانی خەڵک بکەن و نە پەیامێکیشیان پێیە کە دژایەتیی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ و شەخسی خامەنەیی بکەن. بە گشتی ئەوەی ئێستا ئیسلاحتەڵەبان شەڕی لە سەر دەکەن، لە داواکاریی بەرژەوەندیی شەخسیدا کورت دەکرێتەوە. بە واتایەکی تر، ئەوان پێداگری لەوە دەکەن کە دەبێ نیزام لە بەخشینی پلە و پایە ئەوان لە بیر نەکات و جێگەیان بکاتەوە. ڕوانگەی بەرتەسکی ئیمڕۆژەی ئیسلاحتەڵەبان، نە تەنیا لە ناوەندەکانی دەسەڵات، بەڵکوو تێکڕای بەرەی ئیسلاحخوازان لە کوردستانیش دەگرێتەوە.

هەروەک دەبینین ماوەی چەند دەورەیە کە دروشمی سەرەکیی ڕیفۆرمخوازان لە هەڵبژاردنەکاندا، ترساندنی خەڵک بە کاندیدا نەریتخوازەکانە. بۆ وێنە، خاتەمی مانای ئیسلاحات لەوەدا کورت دەکاتەوە کە خەڵک لە بەرانبەر «ری شهری» یا «رئیسی» دەنگ بە ڕۆحانی بدەن. حەسەن ڕۆحانی لە هەمان کاتدا کە پەسەندکراوی ڕیفۆرمخوازانە، کەچی ڕوخساری ئیتلاعاتی پێوە دیارە و لە پرۆژەی کوشتاری خەڵکدا دەستی باڵای هەیە. هەوڵی ئێستای ئیسلاحتەڵەبان بەرگری کردن لە ڕووخانی نیزامی ویلایەتی فەقیهە. ئەوان خەڵکی ناڕازی بەو مەبەستە لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە هەتا بەرەی نارەزایەتییەکان گەشە نەکەن و بە لایەنە ساختار شکێنەکانەوە پەیوەوست نەبن. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە ئێستا ڕازەکانی پشت پەردەی ئیسلاحتەڵەب و نەریت خوازان بۆ کۆمەڵگەی ئێران ڕوون بۆتەوە و جیاوازییان تێدا نییە.

## ڕێفۆرمخوازانی کوردستان چیان دەوێ؟

ئەوەی دەربارەی ڕەوتی ئیسلاحات لە ئێران ئاماژەی پێ کرا، دۆخی ئەوانەی کوردستانیش لە خۆ دەگرێ. هەروەک چۆن سەید موحەممەد خاتەمی لە بارودۆخە هەستیارەکاندا، بۆ ڕزگارکردنی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ وەک تریبۆنێکی کارا دەردەکەوێ، ئیسلاحتەڵەبەکانیش لە کوردستان هەمان ڕۆڵیان هەیە بەڵام لە سۆنگەی جیاوازترەوە. ئەرک و داواکاریی سەرەکیی کوردەکانی ئەم ڕەوتە، لە هاندانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان کورت دەکرێتەوە. تەنیا کەرەسەی دەستیان بۆ بانگەشە، ترساندنی خەڵک لە هاتنە سەرکاری نەریتخوازانە، واتە هەڵبژاردن لە نێوان «بد و بدتر» و نابێ ڕێگەی «بی تفاوتی» هەڵبژێرین. هەر لە بەر ئەم هەڵسەنگاندنە نالۆژیکانەشە کە ئێستا ڕەوتی ئیسلاحات لە کوردستان لەوپەڕی بێزراوی دایە، چون خەڵک بۆ خۆیان دەزانن کە ئێستا ئاکامی هەڵبژاردنەکان پێشوەخت دەخوێندرێنەوە و دەسەڵاتی سەرەکی بە قازانجی خامەنەیی وەک ڕێبەری نەریتخوازان فۆرموولە کراوە.

دەسەڵاتدارانی تاران لە کاناڵی جۆربەجۆرەوە بەردەوام کەسانێکی نەفس‌نزمیان بۆ پیادەکردنی پلان و بەرنامەکانی خۆیان لە کوردستان دۆزیوەتەوە. بۆ وێنە سەردەمێک ڕەفسەنجانی بەر لە هەڵبژاردن یا سەفەر بۆ پارێزگایەک لە ڕێگەی کەسانی بە ناو ڕۆژنامەوان و لە سەر خەرجی خۆی بڵاڤۆکگەڵێکی بڵاو دەکردەوە کە لە قازانجی پێگەی خۆیدا بن و توانایی شوێندانەریان لە سەر خەڵکی ناوچەکە دا ببێت. کاتنامەی «سقز و توسعه» چەند ژمارەیەکی لە سەر خەرجی ڕەفسەنجانی لێ بڵاو کرایەوە. یا لە درێژەی هەمان سیاسەت و کولتووری نەشیاودا بڵاڤۆکی «گەلاوێژ» کە جاری وا هەبوو لە قەوارەی ٢٠ هەزار نوسخەدا و بە خەرجی ڕۆحانی و لە لایەن ڕۆژنامەوانانی دەربارەوە، کە گشتیان سەر بە

دەربار بوون، بڵاو دەکرایەوە.
ئەگەر لە بارودۆخی ئیسلاحتەڵەبانی کورد ورد بینەوە، دەبینین کە گەلێک بەرنامەیان لە قازانجی کەسێتیی خۆیاندا گەڵاڵە کردووە. ئەوان کە لە کاتە هەستیارەکاندا تەپڵی شادییان بۆ زۆر کەسی پلە باڵا لێداوە، پردی پێوەندییان لە گەڵ بەشێکی زۆر لە کەسە نفووزدارە حکوومییەکان دامەزراندووە و ئیمتیازیان لێوەردەگرن. دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە ناوگەلێکی وەک ڕۆحانی سەرکۆمار، موعین کاندیدی سەرکۆمار و وەزیری خوێندنی باڵای ئەو کات، ڕەمەزان زادە پارێزگاری وەخت، ڕەزا عارف و ... بکەین. تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە پلەی دوکتۆرای چەند کەس لە ئیسلاحتەڵەبانی کوردستان لە ڕێگەی گەندەڵی و بە پشتیوانیی مستەفا موعین بووە. لە زۆربەی شارەکان لەگەڵ شارەدارییەکان پێوەندیی نێزیکیان هەیە و لە «مرکز خدمات» بۆ کاروباری نەخۆشخانەو پرسی «بهداشت» بە قازانجی خۆیان کەڵک وەردەگرن. شاراوە نیە ئێستا بە هۆی ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی ئیسلاحتەڵەبان وەبەر یەک دەکەون لە یەکتر زۆر ناکۆکن و بەرەکەیان لەوپەڕی پرشوبڵاوی دایە. بەڵام بەوحاڵەش دوور نیە کە جاردانی هەڵبژاردنەکان و مەترسیی ئەمنیەتی نیزام جارێکی دیکە لە ژێر یەک چەتردا کۆیان بکاتەوە.
لە لایەکی ترەوە، ئیسلاحتەڵەبانی کورد بە مەبەستی تایبەت مژارگەلێکی لاوەکی دەخەنە بەرباس کە تەنیا هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئاستی مەسەلەی کورد دابەزێ و لە ناو گۆلاوێکی بچووک و بەرتەسکدا بە قەتیسی بمێنێتەوە. بۆ وێنە هێنانە ئارای مژاری «جارنامەی شارۆمەندی» و کردنەوەی دەرگەی باس لەو چوارچێوەیەدا، خۆئەرکدار کردنە بە دەستەواژەی «منشور حقوق شهروندی» کە لە لایەن ڕۆحانییەوە ڕێکلامی بۆ دەکرێ. دیارە هارووژاندنی ئەم بابەتانە ئەگەر ئاراستەی داخوازییەکانی کورد بەرەو ئاقارگەلێکی لێڵ نەبات هیچ دەسکەوتێکیان بۆ کورد لێ ناکەوێتەوە. بە واتایەکی تر، هەوڵێکی چەواشەکارانەیە کە گەرەکیانە بڵێن کە لە دەسەڵاتی تاراندا هەڵاواردن جێگەی نابێتەوە و تێکڕای پێکهاتەکانی ئێران بە یەک چاو دەبینرێن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە چەمکێک بە ناوی مەسەلەی کورد و بەها نەتەوەییەکانی لە ئارادا نین، ڕۆژێک داخوازیی نەتەوایەتی بە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی (کاتنامەی گەلاوێژ) ناودێر دەکەن و ڕۆژێک بەرگریی چەکدارانە بە بیانووی «اعمال خشونت» بە هەوڵێکی ناسەردەمیانە دە ناسێنن.
هەر وەک بە گشتی باس کرا، بزووتنەوەی ڕیفۆرمخووازی لە ناو جەرگەی دەسەڵاتی ئاخوندەکانەوە سەری هەڵدا و خۆشیان بە باڵێک پێناسە دەکرد کە لە هەمبەر باڵی نەریتخوازەکاندا سەقامگیر ببوون. دوو قۆڵی مرۆڤ یا دوو باڵی باڵندە مەحکووم بەوەن کە بژیوی خۆیان لە یەک مێشکەوە دابین بکەن. بەم بەراوردە، ئەگەر باڵی نەریتخوازەکان بە بیری ویلایەتی فەقیهەوە لکێندرابێ، بە دڵنیاییەوە هزری فکری باڵی بەرانبەریش بە لووتکەی دەسەڵات، واتە ڕێبەریی نیزامەوە گرێ دراوە. گەلۆ ئیسلاحتەڵەبانی کورد لە باری تیۆریکەوە خۆیان بە قوتابیی «حمید رضا جلایی پور» (فەرمانداری جینایەتکاری سەرتای هاتنەسەرکاری ڕێژیم لە مەهاباد) بزانن، «سید هاشم هدایتی» (یەکێک لە ڕێکخەرانی «سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی ایران» کە ڕۆڵی سەرەکی لە سەرکوتی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا هەبووە و وەکوو کوردێکی سوننی ئەندامی دامەزرێنەری « پیشمرگان مسلمان کرد»، لە کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە) بە سەمبولی ڕیفۆرمخوازێکی نەترس دابنێن و ... کام پێوەر و ئایەرە دەیسەلمێنێ کە ئیسلاحتەڵەبە کوردەکان داکۆکی لە مافەکانی

گەلی کورد دەکەن؟ لە لایەکی ترەوە خوێندنەوەی بیۆگرافیی یەکە بە یەکەی ئیسلاحخوازان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە لە لای ئەوان پاراستنی نیزام لە سەرووی هەموو بەهاکانەوەیە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە گەلی کورد ماوەی ٤٠ ساڵە لە پێناو سڕینەوەی وەها نیزامێکی کۆنەپەرەست و دواکەوتوودا تێدەکۆشێ. کە واتە ڕەوتی ئیسلاحتەڵەبان و هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد تا ئەم ساتە نەک هەر لە یەک بەرەدا نین بەڵکوو لە بەرانبەر یەکدا جێگیر کراون.

ڕیفۆرمخوازە کوردەکان بە هۆی ئەوەی کە ڕێگەی مانۆڕ و هەڵسووڕانی بەرچاوی زۆریان بە نیسبەت چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی دیکەی ناوخۆی کوردستان پێ دراوە و ئازادیی ڕادەربڕینیان هەیە، لە ناو خوێندنگە و شوێنە گشتییەکان بە بێ‌سڵ ئامادەی موناقشە و بە چالش کێشانی ڕای بەرانبەرەکەیانن. هەروەها بە نازناوی جۆراوجۆر، بە سانایی لە میدیای دەرەکی دەردەکەون و هەر وەخت پێویست بێ سەردانی باشووری کوردستان دەکەن. ئەم جۆرە ئاکارانە چەند فاکتەری گرینگن کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە هەم لە لای خەڵک و هەم لە لای حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بناسرێن. ئەوەش کە لە ڕێگەی کاناڵی جۆراوجۆرەوە پێوەندی بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکانەوە دەگرن و بە ڕواڵەت لە شوێن میکانیزمێک بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد دەگەڕێن، جێگەی گومان و لێ وردبوونەوەیە. لە چەند ساڵی دۆماخردا نیشانەگەلێک دەری دەخەن کە ئیسلاحتەڵەبانی کورد بە سەرکەوتوویی پێوەندیان لە گەڵ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد دامەزراندووە. ئەگەرچی چۆنیەتیی پێوەندییەکە و ناوەرۆکەکەی بۆ ڕای گشتی دیار نیە، بەڵام ئەگەری ڕاسپاردەیی ئەوان بۆ لێکترازاندنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەموو ئەگەرەکان بە هێزترە.

سایتی هەواڵنێریی «کوردپرێس» کە ئەرکی زەق کردنەوەی ئیسلاحتەڵەبانی کورد و بە لاڕێدا بردنی مەسەلەی کوردی لە ئەستۆیە، لە سەرەتای مانگی سەرماوەزی ئەمساڵەوە لە تویێ چەندین دیمانەدا پرسی «هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی»ی هێناوەتە بەرباس. ئەو دیمانەگەلە لێکدانەوەو شرۆڤەی زانستی نین، بەڵکوو سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوو، کۆمەڵێک پرسیاری دیاریان ڕووبەڕووی ئیسلاحتەڵەبە ناسراوەکانی کوردستان کردۆتەوە. کۆی وڵامەکان بەرەو ئاراستەیەکی یەکدەست کاناڵیزە کراون و هەوڵی زەمینە خۆش کردن و پەردەلادان لە پرۆژەی جووڵانەوەیەکی نوێ لە کوردستان دەدەن. تێکرای میوانانی ئەو زنجیرە دیمانەیە لە سەر ئەوە کۆکن کە چیدی ناکرێ لە ژێر تیتری «اصلاح طلب» و «اصولگرا» داوا لە خەڵکی کوردستان بکەین لە سەر سندووقەکانی دەنگدان کۆ ببنەوە. هەروەها بۆ گرفتی «تێپەڕین لە قەیران»ی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێران، پێداگری لەوە دەکەن کە دەبێ بیر لە ڕەوتی سێهەم بکرێتەوە. جا ئەو داهاتووەی باسی لێوە دەکرێ زۆر دوور نیە و هەر ئێستایە، بۆیە بەزوویی دەردەکەوێ کە نیگەرانیی ئەوان قەیرانی نیزامی جینایەتکاری ویلایەتی فەقیهە یا قەیرانی دۆخی خۆیان یا ... ؟!

## سەرچاوە


[١] تراژدی دموکراسی در ایران- عمادالدین باقی

[٢] نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی- دکتر حسین بشیریه

[٣] عالیجناب سرخپوش و عالیجنابان خاکستری، آسیب شناسی گذار به دولت دمکراتیک- اکبر گنجی

[4] Jeunesse d’Iran, les voix du changement (لاوانی ئێران و دەنگی گۆڕان)

[5] https://www.franceinter.fr/monde/tous-ce-que-vous-avez-toujours-voulu-savoir-sur-les-dictateurs (ئەوەی پێویستە دەربارەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بیزانن)

# لە ئازایەتییەوە تا ئازادی

## (خوێندنەوەیەکی خەسارناسانەی بەستێنی خەباتی مەدەنی لە ئێران)

ئاگری ئیسماعیل‌نژاد



لەم وتارەدا باس لە خەباتی مەدەنی لە ئاستی ئێران و خۆڕاگریی مەدەنی لە ئاستی کوردستاندا دەکرێت و باقیی چەمەکانی تر ناهێنینە بەرباس. بنەمای ئەم لێکدانەوەیە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە پەیوەندیی نێوان کوردستان و ئێران پەیوەندیی دەسەڵاتی داگیرکەر و وڵاتی داگیرکراوە و، هاوکات لەگەڵ ئەوە بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتداریی تاران ڕاستەوخۆ کارتێکەریی لەسەر پەیوەندیی داگیرکەریی کوردستان هەیە، کۆسپەکانی پێشدەم خەباتی مەدەنی لە ئاستی ئێران و ئەو دەرفەتانەی کە وەک دەرفەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا پێناسە دەکرێت، هەمووی بە بەشێک لە کۆسپی پێش خۆڕاگریی مەدەنیی کوردستان دادەندرێت.

خەباتــی مەدەنی ســاڵانێکە لــە کۆمەڵگای کوردستاندا، وەک شــێوازێکی خەبات باسی دەکرێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەتا ئێســتا بزووتنەوەی کوردستان بە شێوازێکی جیــددی ئەم بوارە گرێنگەی خەباتی تاوتوێ نەکردووە و ســنوور و کەوشــەنەکانی دیاری نەکردووە و لەســەر کەندوکۆســپەکانی سەر ڕێگای نەدواوە.

پێناسەنەکردنی وردی ئەوەی کە خەباتی مەدەنی چییە؟ بۆ دەبێ بکرێت و چۆن دەبێ بکرێت؟ وای کردووە کــە زۆربەی جاران لە ڕای گشتیی کوردستاندا کۆمەڵگای مەدەنی، خەباتــی پارلەمانی و خەباتــی مەدەنی، یان نافەرمانیی مەدەنی پێکەوە تێکەڵ دەکرێت و بەهەڵە لەباتی یەک بەکار دەهێنرێن.

بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون بێتەوە کە ئێمە لەو وتارەدا باســی چی دەکەین، پێشەکی لێرەدا هەرســێ چەمکەکەکانی، خەباتــی مەدەنی، خەباتــی پارلەمانــی و نافەرمانیــی مەدەنی بەجودا پێناسە دەکەین.

**١** کۆمەڵگای مەدەنی: ئەم چەمکە، چەمکێکی ئاڵــۆزە و، لــە درێژاییی زەمانــدا بیاڤەکان و واتاکانی تووشــی گەلێک گۆڕانکاری هاتووە، بەڵام دەکرێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی و گشتی، وەک پانتــای دەرەوەی بنەماڵــە و بــازاڕ و حکوومەت پێناسە بکرێت. بیاڤەکانی چالاکی و چالاکانــی ئەم پانتاییە بریتین لە: کەســی چــالاک، ڕێکخــراوە و گرووپگەلــی جیاواز، کە بە شــێوەی دڵخــواز و خۆبەخش لەپێناو ئامانجێکی ڕوون بۆ کورتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، سەرخستنی کلتووری پەراوێزخراو، دابینکردنی مافی یەکسانی، پاراستنی ئێتنیک و پێناســەی پەراوێزخراوەکان، ڕوونبوونەوەی پەیوەندییــە ئابــووری و سیاســییەکان لــە کۆمەڵگایەکدا چالاکی دەکەن.

لــە وڵات و کۆمەڵــگا دیمۆکراتیــک و لیبراڵەکاندا، کۆمەڵگای مەدەنی بە شــێوەی قانوونــی بــواری گەشــە و خەملاندنــی بۆ دەرەخســێندرێت و کاریگەریــی بەرچــاوی لە کۆمەڵــگادا هەیە و دەســەڵات بە چاوی تەناهی سەیری ناکات و لەگەڵی هەڵدەکات[١] (سازمان ملل، ٢٠١٤، ١).[٢]

**٢** خەباتــی پارلەمانی: شــێوازێک لە خەباتە کە لــە چوارچێوەی پارلەمان و دەســەڵاتی قانووندانــەردا دەکرێت؛ ئەو شــێوازە خەباتە، لــە هەڵبژاردنەوە هەتا دانانــی قانوون لەخۆ دەگرێت.

**٣** خەباتــی مەدەنی: بریتییــە لە کۆمەڵێک ڕێکاری ناتوندوتیــژ، کە لەو ڕێکارانەدا ئامانج ئەوەیە، پەکی کار و چالاکی و گەیشــتن بە ئامانجی دەسەڵاتی ســەرەڕۆ بخرێت، بۆ ئەو مەبەســتەی کە ئەو دەسەڵاتە لەکار بکەوێت و هەڵوەشێتەوە؛ تا دەســەڵاتێکی دادپەروەر، دیمۆکراتیک و یەکســانتەوەر لە شوێنەکەی دامەزرێــت. ئەو شــێوازە لە خەبــات وەک نافەرمانیی مەدەنیش پێناسە دەکرێت.

لەم وتارەدا باس لــە خەباتی مەدەنی لە ئاســتی ئێران و خۆڕاگریی مەدەنی لە ئاستی کوردســتاندا دەکرێت و باقیی چەمەکانی تر ناهێنینــە بەرباس. بنەمای ئــەم لێکدانەوەیە لەســەر ئەوە دامەزراوە کە پەیوەندیی نێوان کوردســتان و ئێران پەیوەندیی دەســەڵاتی داگیرکــەر و وڵاتی داگیرکــراوە و، هاوکات لەگەڵ ئــەوە بەهۆی ئەوەی دەســەڵاتداریی تــاران ڕاســتەوخۆ کارتێکەریــی لەســەر پەیوەندیــی داگیرکەریی کوردســتان هەیە، کۆســپەکانی پێشــدەم خەباتــی مەدەنی لە ئاســتی ئێران و ئەو دەرفەتانــەی کە وەک دەرفەتی بەرێوەبردنی دەســەڵاتی سەرەڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا پێناســە دەکرێت، هەمووی بە بەشــێک لە کۆســپی پێــش خۆڕاگریی مەدەنیی کوردستان دادەندرێت.

لێرە مەبەســت ئــەوە نییە کــە خەباتی مەدەنی لە تاران حەتمەن بە قازانجی کوردە، بەڵام ئەگــەر خەباتی مەدەنیی تاران بتوانێت دەسەڵاتی سەرەڕۆ لاواز بکات، ئەو لاوازبوونە

بەقازانجی کوردە. لە کۆمەڵگای تۆتالیتاریزمی ئیسلامیدا، ئیمکانی ئەوەی خەباتی مەدەنی بتوانێ سەرکەوێت، نزیک لە سفرە، بەڵام بەو حاڵەش، ناکرێ ئەو شێوەیەی خەبات بە تەواوی پەراوێز بخرێت و کەڵکی لێ وەرنەگیرێ. بەتایبەت لە ئاستی کوردستاندا کە پێناسەی کورد و مافی فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کورد پێشێل و زەوت دەکرێت. لێرەدا هەوڵ دەدەم سەرەتا تیشک بخەمە سەر ئەوەی کە بەربەستەکانی پێش خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵگای تۆتالیتاریزمی ئیسلامیدا کامانەن، هاوکات لەگەڵ ئەوە ئاورێک لە خۆراگریی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا دەدەمەوە و لاوازی و قەیرانە نێوخۆییەکانی دەستنیشان دەکەم.

زاراوە گرینگەکان: خەباتی مەدەنی، خۆراگریی مەدەنی، کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات، ئازادی، مافی نەتەوەیی، کوردستان، ڕۆژهەڵات

## دەستپێک

## بەشی یەکەم

## قەیرانە ئیسلامییەکانی پێشدەم خەباتی مەدەنی لە ئاستی ئێراندا

کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی تۆتالیتەرە، ئەگەر بمانەوێت لە زمانی کوردیدا هاوواتایەک بۆ وشەی تۆتالیتەر دابنێین، دەکرێ وشەی «پاوانخواز» بەکار بێنین. ئەو ڕێژیمە کە خۆی لە چوارچێوەی «ویلایەتی ڕەهای فەقیهدا» دەبینێتەوە، ڕێژیمێکی سەرەڕۆیە و ڕوانینی بۆ چەمکی دەسەڵات، ڕوانینێکی ئیسلامییە، کە بەپێی ئەو ڕوانینە دەسەڵات لە ڕاستیدا هی خودایە، (قانوون اساسی، ماده ٢)[٣] خودا ئەو دەسەڵاتەی ڕادەستی ئیمامی زەمان کردووە و، ئەویش ڕادەستی جێگرەوەی خۆی لە سەردەمی بەرپێواربوونی (غەیببوونی)دا کردووە.( قانوون اساسی، ماده ۵)[۴] جێگرەوەی ئیمامی زەمان لە سەردەمی بەرپێواربوونیدا، وەلیی ڕەهای فەقیهە، کە کەسێکە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و ئەو کەسە لە ڕاستیدا وەلیی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیەتی. ( قانوون اساسی ـ ماده۵٧)[۵] بەو پێیە لێرەدا سەرچاوی دەسەڵات بۆ خودا دەگەڕێتەوە، نەک بۆ خەڵک، هاوکات لەگەڵ ئەوەش خەڵک وەک بوونەوەرێک، کە ناتوانن چاکە و خراپەی خۆیان لێک بکەنەوە و پێویستیان بە وەلی هەیە، لەقەڵەم دەدرێن. کەوایە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارییەکی تۆتالیتەری ئیسلامییە، لە دەسەڵاتداریەتیی تۆتالیتەری ئیسلامیدا، ئەو بەربەستە ئیسلامییانە هەن و ناکرێ حاشا لە بوونیان بکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی خەباتی مەدەنی بتوانێ سەر کەوێت، دەبێ:

**یەکەم: ئیسلام وەک ئایینی زۆرینەی کۆمەڵگا**

هەرچەند دەیان خوێندنەوەی جیاواز لە بەستێنی شەریعەتی ئیسلامدا هەیە، بەڵام ئەو بزووتنەوەیەی کە پێی دەگوترێ «ڕابوونی ئیسلامی» و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەڕاستی سەدەی ١٩، لە ڕاستیدا شێوەیەکی خوێندنەوەی لەنێو کۆمەڵگای موسڵماناندا باو کرد، کە بەپێی ئەو خوێندنەوەیە، دەسەڵاتی سیاسی هی خودایە و ئەرکی سەرەکیی حکوومەتیش ئەوەیە خەڵکی ژێردەسەڵاتی بەرێتە بەهەشت و، ئێستا چ لە دەسەڵاتی سیاسیی سوننەمەزهەب و چ لە دەسەڵاتی سیاسیی شیعەمەزهەبدا، بەگشتی دوو چەمکی گرینگ هەن، کە بریتین لە:

**ئا:** دەسەڵاتی سیاسی تەنیا هی خودایە، کە بەفەرمی لە دەستووری کۆماری ئیسلامیدا هاتووە.

**ب:** دەسەڵاتی سیاسی ئەرکیەتی خەڵک بەرێتە بەهەشت.

لێرەدا ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە ئەو باسانە لەپشت دینی ئیسلام، وەک ئایینی زۆرینەی کۆمەڵگادا دەکرێت، لایەنگری لەو،

بە لایەنگری لە «ئیسلامی نابی محەممەدی» و دژایەتی لەگەڵ ئەو، بە دژایەتی لەگەڵ خودا دادەندرێ و کەسی دژبەر تاوانی «بەغی»ی دەدرێتە پاڵ.[۶] (اسماعیل رحیمی‌نژاد، محدثه صفرخانی، ۱۳۹۳، ۲).

بە هاتنە گۆڕێی دینی ئیسلام وەک پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا، دەتوانین لانی کەم شەش قەیران لە پێش خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵگای ئێراندا، کە لە زۆرینەی خەڵکی موسڵمان پێک هاتووە و پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسیش، ئایینی ئیسلامە، دەستنیشان بکەین:

**۱ ئیسلام وەک ئایینی زۆرینەی خەڵکی ئێران:**

ئایینی ئیسلام، ئایینی زۆرینەی خەڵکە و ئەو ئایینە دەتوانێ ڕێگاخۆشکەر بێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەنێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا پێگەی هەبێت، واتا لە دەرەوەی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی پاوانخوازە، یان نا، بۆ خەباتی مەدەنی گرینگە کە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتە، پاوانخوازیی دەسەڵاتیان قبووڵ بێت، یان ئەوەی بڕیار بدەن، لە دژی ڕاوەستن.

لێرەدا کە ئایینی ئیسلام دێتە گۆڕێ، خەڵکانێکی زۆر لەبەر ڕێزێک کە بۆ ئەو ئایینەیان هەیە، یان لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە شێواز و ڕوانینی ئایینەکە بەرانبەر بە دەسەڵات هەیە، ئامادە نین، لەگەڵ دەسەڵاتێکی سیاسی بەرەوڕوو ببنەوە کە پشتیوانی ئایینی ئیسلامە! کەوایە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگا هەمیشە ئەگەر پشتیوانی دەسەڵاتی پاوانخوازی ئیسلامیش نەبێت، ئەوە لە بەرانبەریدا بێدەنگە و ئامادە نییە هیچ چالاکییەک لە دژی بکات.

**۲ باوەڕ بە ئیمام مەهدی**

زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران باوەڕمەندن بە شیعەی ۱۲ ئیمامی و، باوەڕمەندان بە شیعەی ۱۲ ئیمامی ڕوانینیان بۆ مێژوو ئەوەیە کە لە کۆتایی دنیادا پیاوچاکێک لە تۆرەمەی پێغەمبەری ئیسلام دێت و، هەموو ناحەزی، هەڵاواردن و خراپەکان لەنێو دەبات و، دنیا یەک دەخات و هەمووی دەکاتە جوانی، تەبایی و یەکسانی؛ لە ڕوانگەیەکی وادا تاکی موسڵمان تەنیا ئەرکی ئەوەیە کە چاوەڕێی سەرۆکەکەی بێت و، پاش هاتنی ئەو، دەست بکات بە ئەوەی دنیا بگۆڕێ![۷] کەوایە ئەگەر کەس، یان کەسانێکی شیعەمەزهەبیش هەبن کە باوەڕی ئایینیان بە کۆماری ئیسلامی نەبێت، ئەگەری کەمە ئەو کەسانە لەدژی ئەو ڕێژیمە ڕاپەڕن، چونکە ئەوان لە باوەڕی خۆیاندا پێیان وایە ئیمامی زەمان دێت و ئەگەر ئەویش هات هەموو پێکەوە بە سەرکردایەتیی ئەو ڕادەپەڕن.

**۳ دامەزراوەی ئایینیی شیعە**

سێیەمین قەیرانی بەردەم خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵگای موسڵمانی شیعەمەزهەبدا، دامەزراوە ئایینییەکانە! لە کۆمەڵگای ئێران لە ۵۰۰ ساڵی ڕابردوودا دامەزراوەی مەرجەعی تەقلید، مەدرەسەی ئایینی و مزگەوت هەن. ئەو دامەزراوانە لە ڕاستیدا بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئایین، کۆمەڵگای ئێران ڕێک دەخەن، هەرچەند ئەوانە دامەزراوەی پێشمۆدێرنن، بەڵام ئێستاش پێگەی گرینگیان هەیە و قسەیان لە کۆمەڵگادا ڕەوایە.

سەرەڕای ئەوەش، مەرجەعی تەقلید لە ڕاستیدا دەسەڵاتێکی نیسێیە، کە سەرچاوەی داهاتی خۆی هەیە و موقەلیدی ژێردەسەڵاتی خۆی بەڕێوە دەبات. ئەو ڕێکخراوە پێشمۆدێرنانە لە ۴۰ ساڵی ڕابردوودا لە پاراستنی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە و، هەر لە ڕەواییدان بە ئەو ڕێژیمە لەنێو خەڵکدا هەتا پاساوهێنانەوە بۆ تاوانەکانی، بەردەوام پشتیوان و پارێزەری ڕێژیم بوون؛ ڕوونە ئەو ڕێکخراوانە لەبەردەم خەباتی مەدەنیی ئێراندا کۆسپن، چونکە:

**ئـا:** ئەوان گوتاری خۆیان هەیە و

گوتارەکەیـــان بەرانبەر بە بابەتەکانی کۆمەڵگا لـــە ئایینـــەوە ســـەرچاوە دەگـــرێ، نەک لە سکۆلاریزم.

**ب:** دەســـەڵاتی ئەوەیان هەیـــە کە ڕێگر بن لـــەوەی خەڵک بە خەباتـــی مەدەنییەوە پەیوەســـت بـــن، چونکە لە پرســـی خەباتی مەدەنیدا ڕێژەی بەشداربوو زۆری کارتێکەری لەســـەر ئاراســـتەی خەباتەکە هەیە و، ئەگەر ڕێژەی بەشـــداربووان کەم بێت، خەباتەکە بە ئامانج ناگات.

### ٤ بۆنە ئایینییەکان

بۆنە ئایینییەکان لە ئێراندا چوارەمین کۆسپی بەردەم خەباتی مەدەنیـــن، بۆنە ئایینییەکان بەگشتی و دوو بۆنەی ماتەمینی شەهیدبوونی «ئیمـــام حســـێن کـــوڕی عەلـــی» و جێژنی لەدایکبوونـــی «ئیمـــام مێهـــدی» بەتایبەتی، بـــەردەوام وەک واکســـەنێکی بیرهێنانـــەوە لە لایەن دەســـەڵاتەوە بـــۆ ڕەوایی خۆی و قایمکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بەکار دەهێندرێن.

زۆربوونی ڕێـــژەی بۆنە ئایینییەکان وای کـــردووە کە تاکـــی موســـڵمانی باوەڕمەندی شیعە لە لایەن دەزگای پڕۆپاگاندای ڕێژیمەوە بەردەوام بۆمبارانی زانیاری بکرێت و، دەرفەتی ئەوەی نەبێت کە هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ بـــاوەڕە ئایینییەکانی خۆی هەڵســـەنگێنێ و، بەردەوام لەســـەر دووڕێیانێک بێت و نەتوانێ بە ڕوونـــی دیاریی بکات کە ئایا دەســـەڵاتی سیاســـی، دەســـەڵاتێکی ئیســـلامییە، یـــان دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیە و، بە ناوی ئیسلامەوە کارەکانی خۆی دەباتە پێشێ.

### ٥ هێزی سەرکوتکەری باوەڕمەند بە ئایین

گرینگتریـــن کۆڵەکەی مانەوەی ڕێژیم لە ١٠ ســـاڵی ڕابردوودا، بوونی هێزی سەرکوتکەری باوەڕمەند بە ئایینـــە. ئەو هێزە تایبەتمەندیی دەروونیی خـــۆی هەیە، ئەوان ســـەرکوت و کوشتوبڕی خەڵک بە تاعەت و خزمەتی خودا دەزانن و ئەگەر خۆیشـــیان لەو ڕێگایەدا تێدا بچن، ئەوە خۆ بە «شـــەهید» دەزانن و پێیان وایە کە بێ پرســـوجۆ دەچنە بەهەشتەوە. ئەو ڕوانینە وای کردووە زۆر جار کەسانی تۆبەکار (کەسانێک کە پێشتر بەپێی ڕوانگەی ئیسلام تاوانبـــار بوون و ئێســـتا گەڕاونەوە) بچنە نێو ڕیزەکانی هێزی سەرکوتی ڕێژیم. تۆبەکارەکان لە ڕاســـتیدا لایـــان وایە کە بە ســـەرکوتی دژبەران، تاوانەکانی خۆیان دەشۆنەوە و خۆیان لە گوناه پاک دەکەنەوە. هێزی سەرکوتکەری باوەڕمەند بـــە ئایین زۆر بەئاســـانی دەتوانێ توندوتیژی بکات، چونکە نەک تەنیا ترسێکی لە لێپرســـینەوەی قانوونی نییـــە، بەڵکوو لە دەروونیشیدا بەربەستێکی بۆ توندوتیژی نییە، چونکە توندوتیژی بە ڕێگایەک بۆ پاراســـتنی دەسەڵاتی خودا و ڕزگاربوون و ڕووسووربوون لە هەردوو دنیادا دەزانێت.

بۆیەش ئەگەر ســـەیر بکەن، نە شێوازی شەڕی ئێرانییەکان لە شەڕی ئێران و عێراقدا و نە شێوازی شـــەڕی داعش و ئەلقاعیدە بە هیچ مەنتقێکی شەڕ لێک نادرێتەوە و دەبینن کە فەرماندەی سپای پاســـدارانی سەردەمی شەڕ بە ئۆپەراســـیۆنی کەربەلای چوار دەڵێ، دەســـتگەرمییەک بوو کردمان![٨] ئەو قسەیە لە کاتێدا دەکرێت کە لە شـــەڕی کەربەلای چواردا زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس کوژران.

### ٦ چەمکی گوناه لە ئایینی ئیسلامدا

لـــە ئیســـلامدا هەرشـــتێ کـــە پێچەوانەی ڕێنوێنییەکانـــی ئـــەو ئایینە بێت بـــە گوناه دادەندرێت و ئایینی ئیســـلام چەمکی گوناه ئاوا پێناســـە دەکات: هـــەر کردەوەیەک کە پێچەوانـــەی ڕێنوێنییەکانی خودا بێت و، ئەو کردەوەیە بەپێی ئیرادەی بکەر بووبێت، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی موســـڵمان لە خودا دوور کەوێتـــەوە.[٩] ئەوەی لێـــرەدا گرینگە ئەوەیە کە دەســـەڵاتداری ئیسلامی، خەباتی مەدەنی وەک گوناه پێناســـە دەکات. پێناســـەکردنی خەباتی مەدەنـــی وەک گوناه، دەرفەتی ئەوە بۆ دەسەڵاتداری ئیســـلامی دەخولقێنێ، کە

بەپێی پێویستی خۆی توندوتیژی بەرانبەر بە خەباتی مەدەنی بکات.

لە فەلسەفەی خەباتی مەدەنییدا، خەباتکار بۆ ئەوەی توندوتیژی بەرانبەر بە خۆی کەم بکاتەوە دەست دەداتە ئەو شێوازەی خەبات، بەڵام کاتێ خەباتی مەدەنی وەک گوناه لە دەسەڵاتێکی ئیسلامیدا پێناسە دەکرێت، ڕژێم لە دەرەوەی ئەوەی خەباتکار لە چ ئاستێکدا توندوتیژیی کردووە، ئەو، ڕێژەی توندوتیژیی خۆی بەپێی چەمکی گوناه لە دینی ئیسلامدا دەستنیشان دەکات؛ بۆیەش لە پرسی کچانی شەقامی شۆڕش لە تاران، ڕژێم بۆ کەسانێک کە لەچکەیان لەسەر لابرد حوکمی قورسی زیندانی بڕییەوە، چونکە پێداگری لەسەر سەرڕووتکردن لە چەمکی گوناهی ئیسلامیدا، دەبێتە گوناهی کەبیرە.[١٠] ئەوەش ڕێگا بە ڕژێم دەدات کە زۆر توندوتیژی لە دژی بکات.

کەوایە لە دەرەوەی ئەوەی خەباتکاری بواری خەباتی مەدەنی چ ڕێژەیەک لە توندوتیژی بەکار دێنێ، حکوومەتی ئیسلامی خۆی بەپێی چەمکی گوناه ڕێژەی توندوتیژیی خۆی بەرانبەر بەوان دیاری دەکات، بۆیەش لە خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا ناتوانین بڵێین کە بە کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژیی خەباتکار، دەکرێ حکوومەتیش ڕێژەیەکی کەمتری توندوتیژی بەکار بێنێت.

## بەشی دووەم

## بەربەستەکانی تری بەردەم خەباتی مەدەنی لە ئاستی ئێراندا

ئەگەر بەوردی کۆمەڵگای ئێران بخوێنییەوە، تەنیا قەیرانی ئیسلامی نییە کە دەتوانێ پێش بە خەباتی مەدەنی لە ئێراندا بگرێت، بەڵکوو هێندێ قەیرانی تریش هەن، کە ڕەگی ئیسلامییان نییە، بەڵام بەربەستن بۆ سەرهەڵدان، یان پەرەسەندنی خەباتی مەدەنی لە ئاستی ئێراندا.

**یەکەم: ئۆلیگارشیی ئێرانی**

جوغرافیای ئێران، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دێهاتی_عەشایری بووە و لە ماوەی چەندسەد ساڵی ڕابردوودا، ئێمە دیاردەی دەسەڵاتداری عەشیرەتمان هەبووە، واتا چەند عەشیرەت یەکیان گرتووە و بە سەرکوتی عەشیرەتەکانی تر دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، هاوکات لەگەڵ ئەوە ڕژێمی دەرەبەگایەتی لە هەموو جوغرافیای ئێراندا حاکم بووە و لە ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا کۆمەڵگا لە دەربەگ (خاوەنملک) و ڕەشایی (ڕەعیەت، یان کەسی بێملک) پێک هاتووە و جاری وا بووە کە کەسێکی دەرەبەگ چەندین گوندی پێکەوە هەبووە و ئەو ناوچەیەی بەپێی دڵخوازی خۆی ئیدارە کردووە، تێکهەڵکێشی نێوان ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتداری عەشایری، چنێکی لە ئاستی ئێراندا پێک هێناوە، کە چینی ئۆلیگارشیی ئێرانییە، ئەو چینەی کۆمەڵگای فارس، پاش دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن بوون بە بەشێک لە دەسەڵاتداری ئێرانی و دامەزرێنەری ناسیۆنالیزمی فارسی ـ حکوومەتی.

ئەوانە وێڕای ئەوەی کە لە ڕێگای قانوون و دامەزراوە فەرمییەکانەوە پەرەیان بە دەسەڵاتداریی خۆیان دا، هاوکات دەسەڵاتداری ئۆلیگارشیی ئێرانی، ڕژێمی ئۆلیگارشیی نافارسی لە جوغرافیای ئێراندا بە شێوەی جۆراوجۆر لاواز کرد و لەناوی برد. بۆیە ئێستا دەتوانین بڵێین تەنیا ئۆلیگارشیی ئێرانی لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیە و، نەتەوە نافارسەکان پێکهاتەی ئۆلیگارشییان نییە. ئەو ئۆلیگارشییە پایەیەکی تریشی هەیە، ئەویش پێگە و پێکهاتەی مەرجەعی تەقلید لە کۆمەڵگای شیعەدایە. مەرجەعی تەقلید، باڵاترین پێگەی دینییە لە کۆمەڵگای شیعەی ١٢ ئیمامیدا. کەسانێک دەتوانن ببن بە مەرجەعی تەقلید، کە ساڵانێکی زۆر لە خوێندنگە دینییەکان دەرسیان خوێندبێت و

دەرسیان گوتبێتەوە و تا ڕادەی «ئیجتیهاد» بە شارەزایی لە دین گەیشتبێتن.

ئەوە ڕواڵەتی باسەکەیە، بەڵام لە کردەوەدا مەرجەعی تەقلید دەزگایەکی دەسەڵاتدارییە کە بۆ مانەوەی خۆی، هەم مەرجەع و هەم موقەلید بەرهەم دێنێت، بۆیەش دەتوانین دامەزراوەی مەرجەعی تەقلید لە دینی شیعەدا وەک ئۆلیگارشیی ئیسلامی سەیر بکەن. لە مێژووی ئێراندا بەردەوام ئۆلیگارشیی ئیسلامی و ئۆلیگارشیی نائیسلامی ئامادە بوون کە پێکەوە هەڵبکەن، تەنانەت بۆ پاراستنی خۆیان ژن و ژنخوازییان لەنێودا ڕەوا و بەجێ بووە و، ئۆلیگارشیی ئایینی پارێزەی ئۆلیگارشیی نائایینی لەنێو خەڵکی ڕەشۆکیدا بووە و، ئەوەش وای کردووە ئێستا ئێمە لەگەڵ دیاردەیەک بە ناوی ئۆلیگارشیی ئێرانی_ئیسلامی بەرەڕووین.

ئۆلیگارشیی ئێرانی ـ ئیسلامی پشکی زۆری ئابووری و دەسەڵاتی سیاسیی ١٠٠ ساڵی ڕابردووی ئێرانی لەبەر دەست بووە. هەرچەندە ئاڵوگۆڕێک کە بیهەوێت بێتە گۆڕێ، ئەو ئۆلیگارشییە لە بەرانبەریدا ڕادەوستێ و خوازیاری پشکی خۆی دەبێت، بۆیەش دەکرێت بڵێین یەکێ لە بەربەستە گەورەکانی خەباتی مەدەنی لە ئێراندا ئەوەیە کە ئۆلیگارشیی ئێرانی ـ ئیسلامی ئەو خەباتە بە مەترسی لە دژی خۆی دەزانێ و وێڕای حکوومەت هەوڵی سەرکوت و لەنێوبردنی دەدات. چونکە بنەمای خەباتی مەدەنی لەسەر مافی یەکسانی و شوێندانەری لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوە، بابەتێک کە بۆ ئۆلیگارشیی ئێرانی ـ ئیسلامی قووت ناچێت.

**دووەم: نەبوونی ڕێکخراوە**

خەباتی مەدەنی، خەباتێکی درێژخایەن و چەندتوێیە و پێویستە هەموو ئەو توێیانەی پێکەوە گرێ بدرێت، هەتا بکرێ کارتێکەرییەکەی هێندە بچێتە سەرێ، کە هەموو دەسەڵاتداریی تۆتالیتەری ئیسلامی لەنێو بەرێت. یەکێ لە گرینگترین خاڵەکانی ئەو خەباتە ئەوەیە کە دەبێ ڕێکخراوەتەوەر بێت و، ئەو ڕێکخراوەیە دەیان خەبات و چالاکیی ورد و درشت پێکەوە گرێ بدات، بەڵام لە شەقامی ئێستای ئێراندا نەک ڕێکخراوەی بەرچاو و گرینگمان نییە، بەڵکوو ڕووناکبیری ئێستای ئێرانی بایەخێک بە ڕێکخراوە نادات و، زۆرجار لەبەردەم خەباتدا بە بەربەستی دەزانێت. ئەو ڕوانگەیە و ئەوەی کە ڕێکخراوەکان ناتوانن ئاراستەی کۆمەڵگای ئێران دیاری بکەن، یەکێ لە گەورەترین بەربەستەکانی خەباتی مەدەنیی ئێستای ئێرانە.

**سێیەم: گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی**

گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەپاش دەسەڵاتداریی ڕەزا پەهلەوی چووە نێو دەسەڵاتەوە و پەرەی گرت. بنەمای ئەو گوتارە لەسەر «یەک دەوڵەت ـ یەک نەتەوە» و «یەک وڵات» دامەزراوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێرانی چەندنەتەوەیی ئەوە بوو، کە بە زەبری زۆر دەیەویست هەموو نەتەوەکان لە نەتەوەی فارسدا بتوێنێتەوە و، ناوی بنێ نەتەوەی ئێران! دیارە نەتەوەی ئێران هەتا ئێستا لە کردەوەدا نەهاتۆتە دی و، ئەوەش وای کردووە کە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەردەوام هاوشانی دەسەڵاتداری لە تاران دژی خەباتی نەتەوە نافارسەکان بجووڵێتەوە. ئێستا کە ڕاگەیاندنی فارسی و جڵەوی ڕووناکبیریی فارسی بەدەست بەرەی سەر بە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوەیە، ئەو بەرەیە بەربەستێکن لەبەردەم خەباتی مەدەنی لە کۆمەڵگای نافارسی ئێراندا.

**چوارەم: پێکهاتەی ئابووریی ئێران**

ئابووریی ئێران، ئابووریی تاکبەرهەمە و ئەو تاکە بەرهەمەش نەوتە! نەوت لە

ئێـــران وەک ســـەرچاوەیەکی داهاتـــی ژێر دەســـەڵاتی حکوومەت ســـەیری دەکرێت و لە دەســـەڵاتدارییەکی تۆتالیتەردا، کە مافی دەســـەڵاتداری تایبەتە بە خودا و حکوومەت ئەرکی ئەوەیە خەڵکی ژێر دەســـەڵاتی خۆی بەرێتە بەهەشـــت، ڕوونە سەرچاوەی داهاتی ئەو حکوومەتە بەبێ پرســـکردن و بایەخدان بە ژیانی شـــارمەند (هاووڵاتـــی)، بە منەتەوە لە کاروباری ئیدیۆلۆژیی حکوومەتەکە خەرج دەکرێت. ئەوەی کە حکوومەت سەرچاوەیەکی داهاتـــی تایبەتـــی و زۆری هەیـــە، دەتوانێ بـــەردەوام هێزی ســـەرکوتی خۆی لە ڕێگای ئەو سەرچاوەیەوە پۆشـــتە و بۆشناغ بکات و پەرەی پێ بدات. ئێستا دەبینن حکوومەت لە ڕێگای داهاتی زۆری نەوتەوەیە کە سیاسەتە ناوچەییەکانـــی بەڕێوە دەبـــات، دەیان تۆڕی ســـەرکوت و چاودێریـــی مەجازیـــی داناوە و هێزی بەربڵاوی سەرکوتکەری لەبەردەستدایە. ئەگەریش مێـــژووی ئەو وڵاتانەی کە خەباتی مەدەنـــی تێیانـــدا ســـەر کەوتـــووە، ســـەیر بکەیـــن، هیـــچ کامیان ســـەرچاوەی داهاتی سروشـــتی، گرینگترین ســـەرچاوەی داهاتی ســـەرەکیی دەوڵەتەکانیان نەبووە. بەکورتی، ئەو دەوڵەتانـــەی بە خەباتـــی مەدەنی تێک ڕووخاون، ســـەرچاوەی داهاتی سروشـــتییان لەبەردەست نەبووە.

## بەشی سێیەم
## بەربەســـتە نێودەوڵەتییەکانـــی بەردەم خەباتی مەدەنی لە ئێراندا

لە دوای شـــەڕی دووەمـــی جیهانی، گوتاری مافی مرۆڤ بوو بە بەشـــێک لە سیاســـەتی نێودەوڵەتیی ئەمریکا. لە ســـەردەمی جیهانی دوو جەمســـەری و پاش ئەویشدا ئەو گوتارە لەگەڵ هەموو کەموکوورییەکانی پشتیوانێک بووە بۆ سەرکەوتنی خواستی زۆرینەی خەڵک بەسەر خواستی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتیدا.

لـــە ڕاســـتیدا ئەگەر دەوڵەتـــی ئەمریکا هەڵگـــری ئەو گوتـــارە نەبایـــە و حکوومەتی حەمـــەڕەزا پەهلـــەوی هێنـــدە کارتێکەریی دەوڵەتی ئەمریکای بەسەرەوە نەبایە، ئەگەری ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی ١٣٥٧ لە ئێراندا زۆر کەم دەبۆوە؛ تەنانەت ئەگەر سەریش کەوتبایە، زۆر پرتێچووتر دەبوو.

کۆماری ئیســـلامی بەو سیاســـەتەی لە ئاســـتی نێودەوڵەتیـــدا گرتوویەتییە بەر، وای کردووە کـــە ڕێژەی کارتێکەریـــی ڕێکخراوە مافی مرۆڤییەکانی دنیای لەســـەر خۆی کەم کردۆتەوە و، نە لە ئاســـتی نێودەوڵەتی و، نە لە ئاســـتی نێوخۆییدا، هیچ بایەخێکی بۆ ئەو ڕێکخراوانـــە نییـــە و نەبـــووە و هێندە لێیان بێمنەتـــە، کـــە زۆر جار بە شـــێوەی فەرمی هێرش دەکاتە ســـەریان. ئەو کارەی کۆماری ئیســـلامی لە ڕاســـتیدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە پێش بەوە بگرێت کە خەباتی مەدەنیی ئێران لە ئاستی دەرەکیدا پشتیوانی هەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەوە، کۆماری ئیســـلامی هاوشانی ئەو ڕێکخراوانـــە، چەندین ڕێکخـــراوەی هاوناو و هاوشانی ئەوانی بە یەک جیاوازیی بچووکەوە لەنێو ئێرانـــدا دامەزراندووە و، لە چوارچێوەی ئەوانـــدا دژی خەباتـــی مەدەنیـــی ئێـــران دەجووڵێتەوە. وەکوو دەزانین ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئیســـلامیی دامەزراندووە و ساڵانە بە نـــاوی ئەو ڕێکخراوەیەوە خەڵات بە ئەم و ئەو دەدات. یان ڕێکخراوی تایبەتی مافی مرۆڤی دانـــاوە و لە ڕێـــگای ئەوانەوە لـــە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بەشدار دەبێت.

هاوکات لەگەڵ ئەوە ترس لە هەناردەکردنی تێرۆریزم و گرینگیی بابەتی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وای کردووە کە هیچکام لە زلهێزانی جیهان بابەتی مافی مرۆڤ و پرسی دیمۆکراسی و ئازادی لە ئێراندا، لە سیاسەتی خۆیاندا بەرانبەر بە ئێران بەکار نەهێنن و، مانای ئەو قســـەیەش ئەوەیە، کە کۆماری ئیسلامی بە مۆڵەتی ڕانەگەیەندراوی کۆمەڵگای جیهانی دەســـتی بۆ ســـەرکوتی

خەباتی مەدەنیی خەڵکی ئێران ئاواڵەیە و، خەباتی مەدەنیی ئێران و شێوازەکانی تری خەبات هیچ پشتیوانێکی نێودەوڵەتییان نییە. ئەو بەربەستانەی لە سەرەوە باسیان لێ کرا، بۆ خەباتی مەدەنی لە ئێراندا بەربەستن و، بۆ دەسەڵاتی سەرکوتکەر دەرفەت؛ زۆر جاریش دیومانە کە لە قۆناغی هەستیاردا ڕێژیم لە کۆی ئەو دەرفەتانە کەڵکی وەرگرتووە، هەتا بتوانێت بەسەر شەپۆلی قۆناغەکەدا سوار بێت و پاشەکشە بە خەباتی مەدەنی بکات.

## بەشی چوارەم
## خەباتی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

لە قۆناغی دوای خەباتی چەکداری، پرسی خەباتی جێگرەوەی خەباتی چەکداری، وەک پرسێکی گرینگ بەرەورووی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆوە، لێرەدا ئامانج ئەوە نییە کە تاوتوێی ئەو وڵامانە بکەین، کە وەک پرسی خەباتی جێگرەوەی خەباتی چەکداری لە قۆناغی جیاوازدا لە لایەن کۆڕی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتۆتە گۆڕێ، بەڵکوو تەنیا باس لەسەر پرسی خەباتی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین. لەو بەشەدا وەک لە سەرەوە باسمان کرد، ڕوونە مەبەست لە خەباتی مەدەنی کام شێوازی خەباتە. لە نێوەڕاستی دەیەی ١٣٨٠ی هەتاویدا، هەلی خەباتی مەدەنیی ڕێکخراو، بەهۆی کراوەنەوەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەخسا، بەڵام پێش ئەوەش، خەباتی مەدەنیی نارێکخراو لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەر هەبوو.

بەگشتی دەتوانین ٢٥ ساڵ مێژوو بۆ خەباتی مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵات دیاری بکەین، ڕوونە کە ئامانجی ئەو شێوازەی خەبات لە ئامانجی خەباتی چەکداری جیا نییە و، لە ڕووی تێگەیشتنەوە لەسەر بناغەیەک داندراون و هاوئامانجن، تەنیا لە شێوازدا لێک جیاوازن. کەوایە ئامانجی کۆتایی خەباتی مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، وەک خەباتی پێشمەرگانەی ئەو پارچەیەی کوردستان، هەمان «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ تاک و کۆمەڵگای کوردستانە.

کۆی ئەو بەربەستانەی لە سەرەوە باسیان لێ کرا، وەک بەربەستی دەرەوەی گوتاری خەباتی مەدەنیی کوردستان لەپێشیەتی، بەڵام سەرەڕای ئەو باسەش، خەباتی مەدەنی لە ئاستی نێوخۆییدا، چەندین بەربەستی لە پێشە. پێش تاوتوێکردنی بەربەستەکانی پێشدەمی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات، دەبێ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو چەمکە بێتە بەرباس، من پێم وایە بەو هۆکارانەی لە خوارەوە باسیان دەکەم، واباشە لەباتی خەباتی مەدەنی لە کوردستاندا «خۆڕاگریی مەدەنی» بەکار بێنین، چونکە:

**یەکەم:** ئامانجی خەبات گۆڕینە و دەسەڵاتی ئەو گۆڕینەشی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئامانجی خەباتی مەدەنی لە کوردستان گۆڕینی شێوازی دەسەڵاتداریی ئێرانە، هەڵبەت بەو هەموو بەربەستانەی لەسەر ڕێیەتی دەسەڵاتی گۆڕینی نییە.

**دووەم:** خەباتی مەدەنیی کوردستان پشکێکی زۆر کەمی دەکەوێتە چوارچێوەی نافەرمانیی مەدەنییەوە و، پشکی زۆری دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکیی مەدەنییەوە، گرینگیی ئەو چالاکییە بۆ مانەوەی فەرهەنگ، مۆسیقا، ژینگە، نەتوانەوەی پێناسەی کوردی، پاراستنی زمانی کوردی و پەرەدان بە بیری نەتەوەیی، زۆر زۆر گرینگە، چونکە حکوومەت لە ڕاستیدا لە هەموو بوارەکاندا گەلالەی سەرکوتی کوردی هەیە و، هەرچەشنە چالاکییەک لەو بوارەدا بە مانای پووچەڵکردنەوەی گەلاڵەکانی ڕێژیمە. بۆیەش کۆی نافەرمانیی مەدەنی و چالاکیی مەدەنی پێکەوە ناو دەنێین، خۆڕاگریی مەدەنیی

کوردســـتانی ڕۆژهەڵات. کەوایە لێرە بەولاوە بە خەباتی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەڵێین، خۆڕاگریی مەدەنی.

## بەربەســتە نێوخۆییەکانـــی خۆڕاگریـــی مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵات چین؟

**یەکەم:** یەکێ لە گرینگترین بەربەســتەکانی خۆڕاگریی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پرسی ڕەوابوونی ســەرکوتی کورد لە ئاستی ئێراندایـــە. ئێمە وەک نەتـــەوەی پەراوێزخراو ســـەرکوتمان لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە ڕەوایـــە و، لە ڕاســـتیدا کوردســـتان وڵاتێکی داگیرکراوی ژێردەســـتی نەتەوە و حکوومەتی فارســـە. ئـــەوان وەک نەتەوەی باڵادەســـت هەتا ئێستا سوورن لەســـەر ئەوەی ئەو وڵاتە داگیرکراوە لەژێر چۆکی خۆیان نین. سەرکوتی کورد لـــە ئاســـتی ئێراندا بە هەرشـــێوازێک بێت، لەنێو کۆمەڵگای فارســـدا ڕەوایە و هیچ ســـنوورێک بۆ دەوڵەتی فارســـی تاران نییە؛ وەکوو دەشـــبینین لەگەڵ ئـــەوەی کە کورد تەنیا ١٠٪ی ڕێژەی دانیشتووانی ئێران پێک دێنێـــت، بەڵام ٥٠٪ی زیندانیانی سیاســـیی ئێران کوردن.[١١] (Javaid Rehman:20) [١٢]

**دووەم:** لەو بەشەدا پێویستە هێندێ شێڤ و وەردی فەرهەنگی خەبات لە کوردســـتاندا بکەیـــن. فەرهەنگی خەبات لە کوردســـتاندا، لە ڕاســـتیدا دووەمین بەربەســـتی گەورەی پێشدەمی خۆڕاگریی مەدەنییە. بەپێی ئەوەی کە خەباتی پێشـــمەرگانە زیاترین قورساییی بزووتنەوەی کوردســـتانی کەوتۆتە سەرشان، ئێمە لـــە فەرهەنگـــی خەباتی کوردســـتاندا دیاردەی شۆڕشـــگێڕی تەواوکاتمـــان هەیە. شۆڕشگێڕی تەواوکات، بۆ خەباتی چەکداری کـــە پێوســـتی بە هێـــزی ســـنووردار، بەڵام چالاک هەیە، شۆڕشـــگێڕێک پێویستە، بەڵام لە خۆڕاگریی مەدەنییـــدا، بەهۆی بەربڵاویی شێوازی ئەو خۆڕاگرییە و درێژخایەنبوونییەوە پێویســـتە زۆرینـــەی خەڵک لـــەو خەباتەدا بەشـــدار بن و ناکرێ لەو شێوە خەباتەدا قایل بە شۆڕشگێڕی تەواوکات بین؛ ئەوە بەو مانایە نییە کە ئانارشـــییەک ساز بێت و خۆڕاگریی مەدەنی فۆرمی بێسەر بەخۆیەوە بگرێت، یان بـــەو مانایە نییە، کە پســـپۆڕی لە خۆڕاگریی مەدەنیدا گرینگ نییە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە دەبێ ئەو خۆڕاگرییە لە دوو ئاستی ئاسۆیی و ئەستونیدا هەبێت و هاوکات ڕواڵەتەکانی نێو ئەو خۆڕاگرییە بەر لەوەی فەرماندەر بن، دەبێ ڕۆڵی گێڕدانەوە لە ئاســـتی قۆناغ و خواستی خۆڕاگـــری و ڕوونکردنـــەوەی خواســـتی ئەو خۆڕاگرییە بگرنە ئەستۆ.

## لە بەشـــی فەرهەنگیی خەباتدا دەکرێ سێ باسی تر بهێنینە بەرباس:

**ئا:** ســـەری خۆڕاگریی مەدەنی لە کوردستان بەدەســـت حیزبەکانـــی ڕۆژهەڵاتـــە. ئـــەو ڕێکخراوانە لـــە ململانێی بـــەردەوام لەگەڵ یەکدان و هیچ ســـنوورێکیان نییە بەرانبەر بە یەک و، بە هەموو شـــێوەیەک دژایەتیی یەک دەکـــەن، ئەوە خۆڕاگریی مەدەنیی ڕۆژهەڵات تووشی ئاڵۆزی و ناهومێدی دەکات.

**ب:** حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نە خۆڕاگریی مەدەنی و نـــە خۆڕاگرانی مەدەنی وەک کەســـایەتیی حقووقی پێناسە ناکەن و زۆرجار بەبێ ئەوەی گرینگی بە خواســـتی تاکتیکیی ئەوان بدەن، خواستی تاکتیکی لەگەڵ خواستی ستراتژیک تێکـــەڵ دەکەن. ئـــەوەش قەیرانـــی تەناهی دەخاتە بـــەردەم خۆڕاگرانی مەدەنی. بۆ وێنە، ناوەنـــدی هـــاوکاری و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە لۆگـــۆی خۆیـــان داوای چالاکیی مەدەنی لە خۆڕاگرانی نێوخـــۆ دەکەن. ئەوە لە ڕووی تەناهییـــەوە مانای ئەوەیـــە کە هەرکەس لەو چالاکییانەدا بەشـــدار بێت، ئەندامی نێوخۆی ئەو حیزبانەیە و، ئەندامبوونی ئەو حیزبانەش مانای چەندین ســـاڵ زیندانی هەیە، ئەوە لە کاتێکدایـــە کە هەموو دەزانین بەشـــداربووانی چالاکییەکانـــی نێوخۆ، هەموویـــان ئەندامی

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نین.
ئەوان ئەگەر تەنیا لە نیسـیدا پشتگریی خۆڕاگریـی نێوخۆ بکەن، تێچـووی تەناهیی خۆڕاگرییەکـە دێننە خـواریّ، بەڵام بەهۆی ملمڵانێـی حیزبییەوە هیـچ لایەنێک ئامادە نییە، بە شێوەی نیسیّ پشتگری لە خۆڕاگریی نێوخۆ بکات.

**پ:** ڕاگەیاندنـی حیزبـەکان زۆر بـە کەمبایەخییـەوە دەڕواننە چالاکیی مەدەنیی نێوخـۆ، یان پشـتگوێیان دەخـەن، یان لە پەراوێزدا باسـیان دەکـەن و، زیاتر بایەخ بە چالاکیـی ئاشـکرای ڕێکخراوەیەکی خۆیان دەدەن. بۆ وێنە، ڕاگەیاندنی حیزبەکان بەرەو بۆنەکانی ئەو ڕێکخراوانـەن، چەندین هەواڵ لەسـەر بڵاوکردنـەوەی تراکتـی حیزبی لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان دادەنێن، بەڵام زۆر بە کەمی هەڵدەکەوێـت هەواڵی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئەدەبـی، یـان کۆبوونەوەیەکی فەرهەنگی، یان سـمینارێکی زانستی لەسەر پرسی کورد بڵاو بکەنەوە. بۆ ئەوەی خۆڕاگریی مەدەنـی بتوانێت ئامانجەکانـی بە تێچووی کەمتـر بەدەسـت بێنێت، حەتمـەن دەبیّ قەیرانـە فەرهەنگییەکانی نێـو بزووتنەوەی کورد چارەسەر بکرێن.

## سـێیەم: بێمەبالاتیی نێـو بزووتنەوەی کوردستان

سـێیەمین تاقمـی قەیرانـە نێوخۆییەکانی خۆڕاگریـی مەدەنـی، بێمەبالاتـی لـە بزووتنەوەدایـە. لـە ڕاسـتیدا ئێمـە وەک کـورد بەرانبەر بـە کۆماری ئیسـلامی زۆر بێمەبالاتانـە دەجووڵێینەوە، هـاوکات کار و چالاکیی خۆمان زۆر جار بەلاوە سـووکە، جا ئەو بە چاوی سـووک سـەیرکردنە، یان لە لایەن هاوخەباتەکانمانەوەیـە، یان لە لایەن خۆمانەوەیە، چونکە ڕەنگە بە ئامانجی دڵخواز نەگەیشتبێتین! ئەوە ڕەوتی خۆڕاگریی مەدەنی سارد دەکاتەوە و ناهومێدی دەکات. نائومێدی لـە خۆڕاگریی مەدەنیـدا، دواخـر دەتوانیّ تەنانەت سەری ئەو شێوازەی خەبات بخوات. بەڵام بەگشتی دەتوانین چوار جۆر بێمەبالاتی لەنێو خۆڕاگریی مەدەنیدا دەستنیشان بکەین:

**ئا:** بێمەبالاتیی تەناهی: خۆڕاگرانی نێوخۆ و هاوڕێیانی دەرەویان لـە بواری تەناهییەوە زۆر بێمەبالاتانە دەجووڵێنەوە و، بە شـرۆڤەی لاپـەڕەی سۆشـیالمیدیا بەئاسـانی بـۆت دەردەکەوێـت، کە خۆڕاگرییەکـی مەدەنی، چ ئامانجێکی سیاسـی لەپشت کارەکانیەتی، یان کام حیزب پشـتگیریی کردووە، ئەوەش تێچـووی خۆڕاگریی مەدەنی دەباتە سـەریّ و تەنانـەت ڕێنیشـاندەرە بۆ ئـەوەی دەزگا سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کەسـانی گرینگی نێوخۆڕاگریی مەدەنی بەئاسـانی بدۆزنەوە و دەستبەسەریان بکەن.

**ب:** گرینگینـەدان بە پێداویسـتییەکانی خۆڕاگریی مەدەنی: لەگەڵ ئەوەی ۲۵ سـاڵ بەسـەر خۆڕاگریی مەدەنیدا تـیّ دەپەڕێت، بەڵام هەتا ئێسـتا تەنانەت ئـەو خۆڕاگرییە لۆگۆیەکـی تایبەت بە خۆی نییە و، وەک لە سـەریّ باسی کرا، حیزبەکان وەک لایەنێکی سەربەخۆ سـەیری ناکەن و ڕێزی لیّ ناگرن و، خواستەکانی لەبەرچاو ناگرن، بەڵکوو وەک بەشێک لە خۆیان لەگەڵی دەجووڵێنەوە.

**پ:** لـە سـەردەمی سۆشـیالمیدیادا بزووتنـەوەی کـورد هیـچ گەڵاڵەیەکـی ستراتژیکی بۆ پەرەی خۆڕاگریی مەدەنی نییە و بـە شـێوەی زۆر ئاڵـۆز و دوور لە لۆژیکی خۆڕاگـری، سۆشـیالمیدیا لـە چوارچێوەی خۆڕاگریی مەدەنیدا بەکار دەهێندرێت.

د: گرینگتریـن بێمەلاباتـی لـە بواری نافەرمانیی مەدەنی لـە خۆڕاگریی مەدەنیدا، لەسەر شێوازی نافەرمانییە. ئێمە لە ۲۵ ساڵی ڕابـردوودا تەنیـا یەک شـێوازی نافەرمانیی مەدەنیمان بەکار هێناوە؛ کە ئەویش شێوازی مانگرتنـی بـازاڕە. ئـەو کارە وای کـردووە چینی بازاڕیی کوردسـتان، لەگـەڵ ئەوەی

دەیان قەیرانی ئابوورییان لەبەردەمە تووشی تێچووی زۆری تەناهیش ببن. ئەوەی هەوڵ بۆ دۆزینەوەی شێوازی نوێ لە نافەرمانیی مەدەنی نەدراوە و لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا نافەرمانیی جیاواز نەکراوە، نیشانەی بێمەبالاتیی نافەرمانیی مەدەنی لە کۆمەڵگای کوردستانە و کۆی خۆڕاگریی مەدەنی دەخاتە نێو چەڵەمەوە.

## چوارەم: پارچەکانی تر و خۆڕاگریی مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵات

چوارەمین قەیرانی پێشەدەمی خۆڕاگریی مەدەنیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەوەیە کە هەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەم حیزبەکانی پارچەکانی تر، قورسایی قەیرانەکانی پارچەکانی تریشان خستۆتە سەر خۆڕاگریی مەدەنیی ڕۆژهەڵات؛ ئەوە لە کاتێکدایە کە خۆڕاگریی مەدەنیی ڕۆژهەڵات، خۆی دەیان قەیرانی گەورە و بچووکی هەیە و، بە قورسایی قەیرانی پارچەکانی تر تەنیا ئەو خۆڕاگرییە لاواز دەکرێت و تووشی تێچووی زیاتر دەکرێت.

## پێنجەم: ئابووری

پێنجەمین قەیرانی بەردەم خۆڕاگریی مەدەنی، هەژاریی کۆمەڵگای کوردستان و، گرێدراوبوونی ئابووریی کوردستان بە ئابووریی ناوەندیی ئێرانەوەیە. ئەوەی ئابووریی کوردستان لە دەرەوەی ئیرادەی ئابووریی ناوەندیی ئێران ناتوانێ هەبێت و هاوکات کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکە کە لە ئاستی ئێراندا لە هەموو ئامارە چارەڕەشییەکاندا یەکەمە، ئەوە وا دەکات کۆی ئیرادەی خۆڕاگریی مەدەنی لە کۆمەڵگای کوردستاندا دابەزێت.

## کۆتا قسە

خۆڕاگریی مەدەنی، بەشێک لە بزووتنەوەی کوردستانە، کە لە ڕووی ستراتژییەوە لەگەڵ بزووتنەوەی پێشمەرگانە یەک ستراتژیی هەیە، بەڵام بۆ پەرەی ئەو شێوازەی خەبات، پێویستە بە چاوی شێوازی پێشمەرگانە سەیری نەکەین و، وەک شێوازێکی سەربەخۆ لە بزووتنەوەی کوردیدا ببینین. هاوکات ئەوەمان لەبیر بێت، کە ئەوەی لە کوردستان لە چوارچێوەی خۆڕاگریی مەدەنیدا دەکرێت، ئازادی نییە، بەڵکوو ئازایەتییە و لەپێناو ئازادیدا دەکرێت.

لە هەموو لێکدانەوەکانیشدا، ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت، کە فاکتۆرەکانی ئێران کارتێکەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پێگەی خۆڕاگریی مەدەنیی ڕۆژهەڵات هەیە. نابێ ئەو فاکتۆرانە پشتگوێ بخرێن و لە لێکدانەوەکاندا لەبەرچاو نەگیرێن. بەکورتی، هەموو ئەو فاکتۆرانەی لەسەر خەباتی مەدەنیی ئێران کارتێکەرییان هەیە، ناڕاستەوخۆ لەسەر خۆڕاگریی مەدەنیی کوردستانیش کارتێکەرییان هەیە. ئەوە بەو مانایە نییە خەباتی مەدەنیی ئێران هاوپەیمانی ئێمەیە، بەڵکوو بەو مانایەیە، کە ئەو خەباتە دەتوانێ دەسەڵاتی تۆتالیتاریزمی کۆماری ئیسلامی لاواز بکات و ئەو لاوازییەش بە قازانجی خۆڕاگریی مەدەنیی کوردستانە.

## پەراوێز

[١]. اینترنیت، ٢٠١۴ کمیسر عالی حقوق بشر سازمان ملل متحد، رهنمود عملی برای جامعه مدنی،
[2]. https://bit.ly/2PnvzoB
[٣]. قانون اساسی جمهوری اسلامی اصلاح شده در ١٣۶٨
[۴]. هەمان
[۵]. هەمان
[۶]. اسماعیل رحیمی‌نژاد، محدثه صفرخانی،١٣٩٣ بررسی جرم بغی در فقه امامیه و حقوق ایران، حقوق اسلامی دوره ١١ شمار ١٣٣_۴٠،١٠۵
[7]. https://bit.ly/35krSoY
[8]. https://bit.ly/2Efk4Jt
[9]. https://bit.ly/2sm2DEd
[10]. https://bit.ly/38FdKIT
[11]. https://bit.ly/34hSIwz
[12]. https://undocs.org/en/A/74/188

# ڕێفورمیسم یان فەندەمێنتاڵی ئێرانی

ڕۆژبین بۆکانی



دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بە گشتی و دەسەڵاتی توتالیتێری هێژمۆنی خۆازی دینی ئێستای ئێران بە درێژایی دەسەڵاتەکانیان «فریو و چەواشەکاری» ڕۆڵ گێڕی سەرەکیی بیرو ئەندێشەی چەوتیان بووە. ئێستاش چوار دەیەیە ڕای زۆرینە و ڕیفورمیستی ڕوکاڵیانە سیاسەتی دەسەڵاتە ڕەها و موتڵەقەکەی بووە.

لــە ڕوانگەی ئاییــن و ئیدئۆلۆگــی ئایینی و حکوومەتــە ئێئۆکراتەکانــەوە، ژێرخان و بنەمای کۆمەڵگا ئەخلاقــە یان بە واتایەکی ڕوونتــر دین و ئاییــن، ژێربینای کۆمەڵگای نەریتــی و نوێخواز واتــا مودێڕنیتەیە؛ یانی هەموو چەمکە مرۆڤایەتییەکان و دەسکەوتە پڕبەهاکانی سەر گۆی زەوی دەبێ بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئایین بێ.

لە ڕاســتیدا ئەخلاق بەشێکە لە زانستی فەلســەفی و ئایین کە زانستێکی مەعریفی/کەلامییــە، گەرەکیەتــی خۆی بــە قەوارە و باڵای فەلســەفەدا هەڵزنێــت و هەر بۆیە زۆربەی چەمکە ئایینییەکان دەبەســترێنەوە بــە ئەخــلاق و هەڵســوکەوتی کردەیــی ئەخلاقی/مرۆڤایەتی. مەبەســت لــەو کارە زۆرتر بۆ ئەوەیە ڕەنگ و بۆیەکی فەلســەفی پێوە بلکێندرێ تاکوو سەنگ و بەهای ئایین سەنگین و ڕەنگینتر بنوێندرێ.

لە لایەکی‌ترەوە لــە ڕوانگەی ئابووری و ڕامیاریستەکان و هەروەها سۆسیۆلۆژیستەکان و بە گشتی بە بۆچوونی زانستی مۆدێرنیتە، سیاسەت بناغەی کۆمەڵگایە و شیرازەی هەر کۆمەڵگایەک لە سەر چەرخ و خولی سیاسەت دەچەرخێ و ئایدیای ڕامیاریســتەکانی هەر وڵاتێــک دەرخــەری بۆچــوون و ڕوانگەی گشــتیی ئــەو کۆمەڵگایەیە. جــا دەتوانین بڵێین ئەگەر سیاســەت بناغــەی کۆمەڵگا بێ و هەر چەشــنە چەمکێکی مەعریفی بە تایبەت چەمکی ئابووری لە ســەر دامەزرێ، فەلسەفە دەبێتە ئەساسی ئەندێشە و لۆژیکی سیاسەتی ئەو کۆمەڵگایە.

ئێســتا پرســیار ئەوەیــە فەلســەفە و سیاســەت بۆ یەکانگیر بــوون؟ لە وڵامێکی سەرەکی و خێرادا دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەیە تاکوو سیاســەتێکی سکۆلاری مودێرن پێک بێنن، یانی دارشتنی فەلسەفەی سیاسەتێکی مۆدێرن. ڕەنگە بگوترێ ئەی ســکۆللار بوون چییە! بۆچــێ هێندێ لایەنی ئایینخواز لێی تورە و تۆســنن! بــە کورتی و بــە کوردی کۆمەڵگایەکی ســکۆلار یانی هەرشــتەیەک لە ســەر قــەوارە و مێتــۆدی دیاریکراوی خــۆی هەڵســوکەوت بــکات و هیچکام لە چەمکەکانی ناو کۆمەڵــگا، گوتاری دژبەر و دژکــرداری نەخولقێنێ، تاکــوو کۆنتاکت و پارادۆکس لە جەوهــەری کۆمەڵگادا نەبێتە نەریت. کورد گوتەنی: هیچ کەســێک با پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕانەکێشێ و دەست لە کاروباری لایەنەکانی دیکە وەرنەدرێ.

جیا لەوەی حکوومەتە ئیدیئۆلۆژیستەکان ســەبارەت بە سیاســەت و زانستی سیاسی دەدوێــن و دەڵێن کە گۆیا سیاســەت یانی کەڵەک و کولەک و پاشــقولدان، ئەوەش بە پێی هەڵســوکەوتی بە ناو سیاســی بوونیان و ئەنتی لۆژیکی بوونی بــەرزە عەقڵیەتیانە، وەک دەســەڵاتی توتالیتێر/تێئۆکراتی ئێران، یان کۆریای باکوور و.... . چونکە لە ئەساسدا سیاســەت و ڕامیــاری، ماکیاویلیزمی بوون نییە، بەڵکوو بە قەولی د. قاسملووی هەرمان « سیاســەت هونــەری مومکینەیــە». یانی ئەوەی زانســتەکانی دیکە لە عۆدەی نایەنە دەرێ و ئەوە هونەری سیاسەتە دەیگەیێنێتە لووتکــەی ســەرەنجام. سیاســەت هونەرە، زانستە، دیالۆگی دوو لایەنەیە بە نێوبژیکاری لۆژیکێکی ئینسانییەوە.

پرســیار، فەلســەفە و سیاســەت، یان فەلســەفە و زانستی سیاســی بۆ یەکانگیر بوون و زۆرجار گوتاری هاوبەش دەئافرێنن؛ لە ئەساســدا فەلسەفە و زانســتی ڕامیاری دوو باڵــی کۆمەڵــگان و دەتوانــن کۆمەڵگا لــە پەرچەکرداری دژیەکی بــوون بپارێزن. دیارە کاتێ سیاسەتێکی مۆدێرن پرەنسیبە پۆزەتیڤەکانــی ڕەچــاو کــرد، نۆرمی بەها پێشــکەوتن خــوازەکان دەبێتــە نەریت بۆ چەســپاندنی ژیانێکــی یەکســانی خواز و بەختەوەرانە.

هەموو هەوڵ و تێکۆشانی فەیلەسۆفانو

شارەزایانی ئەو بوارە پارێزەری ئازادی و مافی کەسیەتیی تاک و کۆیە بۆ ئەوەی بالانسی دەسەلات و ئۆتۆریتە ڕایگیرێت و کۆمەڵگایەکی دینامیکی دێموکرات پەروەری لێ بزاوێتەوە. دەشزانین کە چەمکی دەوڵەت/نەتەوە، لێکەوتە و خوڵقاوی سیاسەتی مودێرنیتەیە بۆ ئەوەی بەرابەری و عەدالەتی کۆمەلایەتی ببێتە بەها و پشتیوانیی کۆمەلانی ڕەشۆکی و هەر وەها بەرچاوڕوونیی کەمینەکان وئتنیکە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. لەو بارەیەوە ڕۆسۆ و پوپێر و مارکس بە بڕشتەوە جەخت لە فەلسەفەی مودێرنی ڕامیاری دەکەن.

شک لەوەدا نییە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بە تەماح و تێرنەخواردووی دەسەلاتە و گەر هەلی بۆ بڕەخسێ زۆرجار لە گەندەڵی و سەرەڕۆیی ناپرینگێتەوە، بە تێفکرینێکی ئاوەزمەندانە لە پۆلێنبەندیی دارێژەی مێتۆدە جۆراوجۆرەکانی دەسەلاتداریەتیی نەتەوەکان، بۆمان دەردەکەوێ دەوڵەت و دەسەلات لە دوو بەشی نەنووسراوە پێک هاتوون:

**١** بەشێکی تەرخان کراوو تێروانیینە سەبارەت بە خەمخۆریی کۆمەڵگا. یانی دروست کردنی دەسەلات و میرایەتی بۆ ئەوەیە تاکوو ئازارەکانی مرۆڤایەتی دامرکێنێ و کۆمەلانی ولات بەرەو یەکانگیری و یەک بوون هان بدرێن.

**٢** بەشێکی هەرە گرینگی دیکەی بۆ پاراستن و بالانسی ئۆتۆریتەی دەسەلاتدارانە تاکوو لە «جۆت قەبزە» کردنی سەدارەتی خۆیان نەڕوانن و بە ملک و میراتی هەتاهەتایی خۆیانیان نەزانن. دابەش کردنی دەسەلاتی حوکمی بە سەر چەندنین لایەن و دەزگای جۆراوجۆردا، بۆ ئەوەیە تاکوو حاکم پاوانخواز نەبێت و لەوەش گرینگتر فکر و ئایدیای پاوانخوازی و ئەبسلووت بوون نەبێتە دیاردەی ئەندێشەی فەرمانڕەوای حکوومەتی. هەر بۆیە دەبینین بۆ ئەوەی گەل ماف پارێزراو بێت هەڵبژاردن لە قەوارەی دێموکراسی بووندا بنیاد نراوە و ئەگەر هەر لایەنێک زۆرینەی دەنگەکانی دەستەبەر کرد براوەی هەڵبژاردنە و دەسەلاتدارە، دەی خۆ کۆماری ئیسلامیش ساڵ نییە هەڵبژاردنێک بە ڕێوە نەبات! جەنابی سەدام حوسەین هەر چەند مانگ پێش گلاندن و دارمانی دەسەلاتەکەی لە هەڵبژاردنێکی شانۆییدا زیاتر لە نەوەد لە سەدی دەنگەکانی مسۆگەر کرد! ئەی بۆ دێموکراسی و بەها مرۆڤایەتییەکان لە وەها دەسەلاتێکی سەرەڕۆ و ڕەهادا نابێتە نەریت، لەو بارەیەوە و بۆ ئەوەی زۆرینە نەبێتە دێوجامەی دەسەلات، ویلیام جێفرسۆن کە دوکتورینی جارنامەی سەربەخۆیی ئەمریکای دارشتوە دەڵێ: نابێ بێڵین زۆرینە ببێتە دەسەلاتێکی ئەبسلووتیسمی ولات. چونکە فەرمانڕەوای ڕەهای لێ دەخوڵقێتەوە. هەر بۆیە دەبینین لە ئەمریکادا دوای هەڵبژارنەکانی سەرۆک کۆماری ئەوە دەنگە ئەلکترالەکانە هەڵبژاردن یەکلایی دەکاتەوە نەک دەنگی گشتیی کۆمەڵگا. چونکە ئێستا بە داخەوە لە ئێرانی ئیسلامیدا دەبینین دەنگی زۆرینەیەکی موهەندیسی کراو قسەی یەکەم دەکات. لە ڕواڵەتدا هەڵبژاردن کراوە و زۆرینە دەنگەکان بە دەست دێنێ و دەبێتە خاوەن دەسەلات. بەلام لە ڕاستیدا ڕئالیستی دەوڵەتێکی قەوارە دێموکرات دەڵێ دەبێ هەمیشە چاوت بە سەر زۆرینەوە بێ نەوەک ببێتە زۆرینەیەکی سەرەڕۆ و ستەمکار. چونکە لە ڕاستیدا نابێ زۆرینە بڕیاردەری سەرەکیی حکومەتی زۆرینە بێ، واتا هێژمۆنی زۆرینە نابێ بە سەر دەسەلات و کۆمەڵگادا زاڵ بێ.

دەسەلاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بە گشتی و دەسەلاتی توتالیتێری هێژمۆنی خوازی دینی ئێستای ئێران بە درێژایی دەسەلاتەکانیان «فریو و چەواشەکاری» ڕۆڵ گێڕی سەرەکیی بیرو ئەندێشەی چەوتیان

بووە. ئێســـتاش چوار دەیەیە ڕای زۆرینە و ڕیفۆرمیســـتی ڕوکاڵیانە سیاسەتی دەسەڵاتە ڕەهـــا و موتڵەقەکـــەی بـــووە. لـــە حاڵێکدا وەختایـــەک ڕای زۆرینە پەســـندە کە مافی کەمینە پێشێل نەکرابێ. لە ڕابردوو و ئێستادا وەک دەســـەڵاتی ڕەشـــی ئێران بە حوکمی زۆرینەی خۆویست و خۆکرد دەست کراوە بە پاڵاوتن و پاکتاو کردنی قەوارە سیاسییەکانی ناوخۆ و هاوتەریبی دەسەڵات. لە زۆرێک لە شۆڕشە بەنێوبانگەکانی جیهاندا دیکتاتۆرێک بە خەبـــات و خوێنی بەش مەینەتانی وڵات دەگاتە ئـــاکام و کەناری ئـــارەزوو، بەڵام بە هۆی چەواشـــەکاری و ئاڵۆزی و نەبوونی مکانیزمێکی ڕوون و ئاشکرا، ئاڵتێرناتیوێکی خراپترو زاڵمانەتر شـــوێنی دیکتاتۆری پێشوو دەگرێتەوە. وەک دەڵێن شۆڕش جگەر گۆشەکانی خۆی دەخوات:

**١** لـــە شـــۆڕشـــی فەرانســـە (١٧٨٩) ڕۆبێسپێر بە یارمەتی ژاکۆبێنـــەکان حیزبێکیـــان دامەزرانـــد و هـــەر دوابەدوای ئـــەو کارە هەمـــوو ئەنجومەن و کۆمۆنەکانـــی فەرانســـە و پاریســـیان قەڵاچۆ کرد. بەڵام هێنـــدەی نەخایانـــد ڕەورەوەی شـــۆڕش کەوتـــەوە ســـەر ڕەهەندی دیـــاری کراوی خۆی و ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە کە ئێســـتا دەیبینیـــن، لە خۆڕا نییە وەختایەکی دەڵێن فەرانسە کانگای دێمۆکراسی و ئازادیخوازییە، چونکە بنەمایەکی فەلســـەفیی باوڕ پێکراوی ئینسانیی هەبوو.

**٢** لە شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیە (١٩١٧) حیزبی بێلشـــویک هەموو پارتەکانی دیکەی قەڵاچۆ کرد و سیستمی شۆڕایی لە ناو برد.

**٣** لە شۆڕشـــی گەلانـــی وەزاڵـــە هاتووی ئێراندا(١٣٥٧)حیزبـــی کۆماری ئیســـلامی ســـەرەتا شۆڕای شـــارەکانی تێکەوە پێچا و دوایە بە هاوکاریی حیزبی توودە باقی حیزب و پارت و کەسایەتییەکانی دیکەی سەرکوت کرد، هەڵبەتـــە وەفای بۆ ئەو هەمووە خۆش خزمەتییـــەی توودەش نەبـــوو و بە حوکمی حکوومەتـــی ئیســـلامی بـــوون توودەشـــی گلانـــد و زۆربەی ســـەرکردەکانی ئێعدام و بێ سەروشـــوێن کرد و دوایـــە حکوومەتی توتالیتێـــری تـــرس و شـــەڕاژۆیی خوازیی دامەزراند.

لـــە ئێرانی ئەمڕۆ لە هەموو دەســـەڵاتە ئیدۆلۆژیکەکاندا ئەوەی حیســـابی بۆ نەکراوە و ناکرێ ویســـت و داخوازیی گەلە. بە قەولی ڕۆسۆ یەکێ لە نیشانەکانی دێموکراتی بوون « ئیرادەی گەلە» ، ئیرادەی گەل لەمپەرێکە بۆ دەسەڵاتی ڕەها و سەرەڕۆ. لە وڵاتانی دێموکراسی پـــەروەردا کاریزمابـــوون زۆرتر جومگەکانی ناو کۆمەڵگا لە خۆ دەگرێ، وەک ئوســـتوورەکان، ئەدیبـــان، وەرزشـــوانان و ... . بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێراندا ڕێبـــەری حکوومـــەت نـــەک وەک کاریزمایەک بەڵکو وەک خوداوەندیارێک پێناسە دەکرێ.

> **له ڕواڵەتدا هەڵبژاردن کراوە و زۆرینە دەنگەکان بە دەست دێنێ و دەبێتە خاوەن دەسەڵات. بەڵام لە ڕاستیدا ڕیالیستی دەوڵەتێکی قەوارە دێموکرات دەڵێ دەبێ هەمیشە چاوت بە سەر زۆرینەوە بێ نەوەک ببێتە زۆرینەیەکی سەرەڕۆ و ستەمکار**

لە وەها دۆخ و کەشێکدا کە ناتوانرێ ڕەخنە لـــە ئاکاری ڕێبەر بگیـــردرێ و هیچ بنیاد و ناوەنـــد و هیچ کام لـــە تاکەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵات ناتوانن بەرهەڵستی وەها کەسێک ببنەوە، ئیدی چاکســـازی و ڕیفورم دەبێ چ مانایەکی هەبێ بێجگە لە درۆ و چەواشەکاری و خۆڵ کردنە چاوی جەماوەر؛ ئیدی ڕەخنە گرتنێکی بەرایی و ڕیفۆرماسیۆنی هەر باسی سەرە. بە داخەوە ئەو کەلێن و بیر تەسکییانە هەمووی دەگەڕێتەوە ســـەر دیکتاتۆر بوونی فکر و ئەندێشـــە، چونکـــە لەوەها حاڵەتێکدا هیچ چەمکێکـــی مەعریفـــی و نامەعریفی،

سنوورێکی دیاری کراویان نییە. هانا ئارێنت لە زمان مونتێسکیۆوە دەڵێ ئازادی سیاسی لە توانستدایە نەک لە خواستدا؛ یانی دەبێ بە کردەوە و پراکتیکخوازانە هەوڵ و کۆششی بۆ بدرێ. هەر کۆمەڵگایەک ئەگەر دەیهەوێ تووشی حکوومەتی سەرەڕۆ و ڕەهای پێشووی نەبێتەوە دەبێ ئەو ترس و خۆفە ببێتە قەوارەیەکی لۆژیکی، وەک شۆڕشەکەی (١٧٧٦) ئەمریکا و لە هەموو کەلێنەکانی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ئەو خاڵە گرینگە بگونجێندرێ. وەک جان ئادامز دەڵێ: عیلاج و چارەی دیکتاتۆر، هاوسەنگی و بالانسی دەسەڵاتە نەک جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتی حکوومی لە یەکتر وەک یاسادانەر، داد، بەڕێوەبەر. هەر وڵاتێکی ئەگەر بە تەمای مسۆگەر کردنی ئازادیی سیاسییە، دەبێ ئاستی توانستی ئازادی و ئۆتۆریتەی حکوومەت یەکسان و سنووردار بکات، یانی هیچیان نەتوانن ئەوی تریان ژێردەستە و دەستەمۆ کەن، لە عەینی حاڵدا دەبێ سنووری دەسەڵاتی هەردووکیان دیاری کراو و ڕوون بێ. بۆ ئەوەی هەر کەسێک و لایەنێک بێ جیاوازی ئاستی دیاری کراوی دەسەڵاتی خۆی بزانێ، تەنانەت دەبێ چەمکە پیرۆزەکانی کۆمەڵگاش حدوودێکی دیاری کراوی دەسەڵاتیان بۆ دەستنیشان کرابێ، ئەگەر لە یاسای بنەڕەتی - دەسەڵاتداری - وڵاتدا ئەو سنوورە دیاری کرا، ئەوکات ڕەخنە گرتن و ڕیفۆرم لە هەر کەس و لایەنێک یاسایی و ئاسایی دەبێ.

لە دەسەڵاتی توتالیتێری ئێراندا، دوابە دوای کەیسی شەهید شەرەفکەندی مەزن و هاوڕێیانی، کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوان دەسەڵاتی پاوانخوازی ئێران و دنیای ڕۆژئاوا و بە تایبەتی یەکیەتیی ئەورووپا. دوای ڕەئی دادگای ئاڵمان زۆربەی باڵوێزەکانی ئەورووپا ئێرانیان بە جێ هێشت و هەر دوابە دوای ئاکامی ئەو کەیسە، محەممەدی خاتەمی وەک نوێنەری ڕیفۆرمیستەکان هاتە سەر کار و ئیدی ڕەوتی بەناو ڕیفۆرمیست و چاکسازی لە ئێراندا باڵی گرت. زۆر کەس و لایەن و تەنانەت ئەورووپا هەڵخەڵەتێندران و باڵوێزەکانیان ناردەوە تاران. لەو وەختەوە هەتاکوو ئێستاشی لەگەڵدابێ ڕەوتی ڕیفۆرمیست -کە ئێستا وردە وردە بەرەو نوشوستی دەڕوات - هیچ خێرێکی بنەمایی و بنەڕەتیی بۆ گەلانی زوڵم لێ کراوی ئێران نەبووە، بەڵکوو بووەتە هۆی ئەوەی هەموو جارێ ئازادیخواز و ڕووناکبیر، لە قەوارەی ژانری هونەری، خۆپیشاندان، زانکۆ و بزاڤە پیشەییەکانی دیکەدا، دەستنیشان کراون و هەر چەند ساڵ جارێک سەرکوت و قەڵاچۆ کراون. لە وڵاتێکدا کە دامەزرێنەرە دەسەڵاتخوازەکەی واتا خومەینی دەڵێ: کۆماری ئیسلامی، «نە وشەیەک کەمتر نە وشەیەک زیاتر»، ئیدی هیچ ڕێگایەک بۆ ڕیفۆرم و تەنانەت هیچ ڕێگایەک بۆ ڕێفراندۆمیش نییە. بۆ ئەوەی باشتر لە وەها دەسەڵاتێکی نگریس تێبگەین واچاکە بیر و هزر و فەلسەفەی بنەڕەتی و گونجاوی سێ شۆڕشی بە نێوبانگ هەڵسەنگێنین:

**١** شۆڕشی ئەمریکا لە سەر ئەندێشە و تیئۆریی مۆنتێسکیۆ دامەزرا و یاسای بنەڕەتی وڵاتیان لە سەر ئەساسی هاوسەنگی و بالانسی ئۆتۆریتەی فکریی مۆنتێسکیۆ دارشت.

**٢** شۆڕشی فەڕانسە لە سەر ئەندێشەی

> گەلانی چەوساوەی جوغرافیای ئێران بە لەش و بە گیان لە بیستنی ناو و ناتۆرەی ئەو ڕژیمە فاشیست و تیرۆریست پەروەرە بێزارن، نیشانەی ئەو بێزارییەش بە سەدان بەڵگە و هۆگەلی سەلیمێندراو دەتوانین بخەینە ڕوو

بیرمەندی گەورە ژان ژاک ڕۆسۆ دامەزراوە.
٣ حکومەتی ئیسلامیی ئێرانیش لە سەر ئەساسی فکر و ئەندێشەی عەلی شەریعەتی گەورە تێئۆریسیەنی شیعە بنیاد نراوە. لە لایەکی تریشەوە بۆچوون و تێبینیەکانی سەید قوتبمان نابێ لە بەر چاو نەبێ کە کارتێکەریی بنەڕەتیی لە سەر بیر و بزاڤی ئەنتۆلۆژیکی دەسەڵاتدارانی تاران هەبوە و هەیەتی.

شۆڕشێک کە تێئۆریسیەن و ئایدیاکەی شەریعەتی و سەید قوتب بێ و ئەو چەشنە کەسایەتییانە ببنە ئاوانگاردی شۆڕش و ئەندێشە پۆپۆلیستییەکەی پێت وایە بەرهەمێکی لەوە چاکتری لێ دەکەوێتەوە؟! بێ شک نە چاکسازی و ڕیفۆرم مانای هەیە، نە مافی کەمینە و باقی ئێتنیکەکانی جوغرافیای ئێران.

بۆ ئەوەی هەر دەسەڵات و شۆڕشێک باش بناسی پێش ئەوەی فەرمانڕەواکانیان بناسی واچاکە سەرەتا تێئۆریسیەنەکانیان هەڵسەنگێنی. چونکە لە کانیاوی ئەندێشەی ئەوان پاراو بوون. دەسەڵاتدارانێکی وەک خومەینی و خامەنەیی کە لە باری نارسیست و نارسیسم بوونەوە گرەویان لە هیتلێر و ئیستالین و نیرۆنیش بردووەتەوە، وەختایەک ناتوانن چکۆلەترین ڕخنە وەرگرن چۆن ڕازی بە ڕیفۆرم دەبن، هەرچەندە دەبێ ئەو ڕاستییەشمان هەمیشە لە بەر چاو بێت، خامەنەیی ڕێبەر و لیدەری یەکەم و هەمەکارەی ئەم دەسەڵاتە نییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا ئەویش مۆرەیەکە وەک باقی مۆرەکانی سپا و کەسانێکی پڕ دەسەڵاتی سپان کە لە پشت پەردەوە قورمیشی دەکەن و وەک کاریزمایەک - با- دەکەنە قولی.

گەلانی چەوساوەی جوغرافیای ئێران بە لەش و بە گیان لە بیستنی ناو و ناتۆرەی ئەو ڕژیمە فاشیست و تیرۆریست پەروەرە بێزارن، نیشانەی ئەو بێزارییەش بە سەدان بەڵگە و هۆگەلی سەلێمێندراو دەتوانین بخەینە ڕوو تەنیا دوو خاڵی بەرچاو دەست نیشان دەکەین:

١ کۆچی میلیۆنان ئێرانی کە لە هەموو دنیادا «وەک مشتێ دانەوێڵە» پرش و بڵاو بوونەتەوە، زۆربەشیان بیرمەندان و پسپۆڕانی لێهاتووی بوارە جیاجیاکانی ئابووری و ڕامیاری و پزیشکی و ...

٢ ئەگەر لە بارەی پسیکۆلۆژیست و خەسارناسیی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگای ئێران بڕوانین ئاشکرایە کە کەشێکی ناهومێدی و خەفەتاوی خەمۆکی، وەک دۆڵپا بە سەر شانی تاک تاکی گەلانی ئێرانەوە قورسایی دەکات.

٣ هەمووی ئەوانەو زۆری تریش نیشانەی داهاتوویەکی تاریک و بێ بڕوایی بە وەها دەسەڵاتێکی نگریسە. بە گشتی جەماوەر ڕووخانی هەمە لایەنەی ئەو ڕێژیمەی دەوێ، بەڵام ڕیفۆرمیست تەواوەتی دەسەڵاتی دەوێ و جار جار ڕەنگە لەگەڵ لق و پۆپەکانی کێشە و گرفتی هەبێ، دەنا لەگەڵ مانەوەی وەها ئوتۆریتەیەکدا هیچ کێشە و گرفتێکی نییە، ئەگەریش هەیبێ ڕووکاڵی و ڕواڵەتییە، ڕەوت و ئیدێئۆلۆژیی ڕیفۆرمیست لە چوارچێوەی یاسا و ئەساسی دەسەڵاتدایە و لەگەڵ ڕەوتی بناژۆخواز و فەندەمینتاڵیزمی ڕێژیمدا دژایەتییەکی بنەڕەتییان نییە و هێڵێکی سووری دیاری کراویان هەیە. بە گشتی ڕەوتێکی پۆپۆلیسمە بۆ فریو و چەواشەکاری و هەروەها بۆ دروست کردن و زەق کردنی سێلبریتی حوکمی و لە ئاکامدا درێژ کردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی تێئۆکراتی شیعەی ئێرانە، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ڕەوتە بەو باگراوەندە چەندین ساڵەی ڕابردووی، ئێستا، پاسیڤ و کۆڵە و پشتیوانی لە ڕادیکالیسم/ئاگۆئیسمی ئیسلامی ئێرانی دەکات.

# مێژووی ئاڵای کوردستان و
# مێژووی هێمای نەتەوەییی کورد لە دیرۆکی کوردستاندا

هادی عەزیزی



«لە مێژووی هەموو نەتەوەیەکدا یەکێک لەو جومگە سەرەکیانەی کە هەمان نەتەوەی پێ دەناسرێتەوە، ئاڵای نەتەوایەتییە کە ئاڵاش وەک زمان دەتوانێ سنووری جوگرافیایی سیاسیی وڵاتێک دیاری بکات. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی ئاڵای کردووە، ـ» ئاڵا واتە هێما و ناسنامە و نەتەوە و دەوڵەت و هەرێم و حیزب و گرووپەکان، شانازییەکی بەرجەستەکراویانە.» هەبوونی ئاڵا بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەک کورد، گرینگییەکەی لە هەبوونی دەوڵەت کەمتر نییە. ئاڵای کوردستان بە پێی قۆناغەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە هەر جارە کۆتێزی ئەو فەلسەفە و سەردەمە بووە کە کورد تێیدا ژیاوە...»

خوێنەری هێژا، لەم بەستێن و نووسراوەیەدا حەول دراوە کە بە شێوەیەکی تایبەت باس لە مێژووی ئاڵای کوردستان لەقۆناغی رۆشنبیریی نەتەوایەتیی کورد لە لە دوای ساڵەکانی ١٩٠٠ی زایینییەوە بکرێت و هەروەها تێکۆشاوین کە هێما و سیمبولە نەتەوەیییەکانی کورد، کە دواتر لە سەردەمی ئاڵای کوردستاندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، بە شێوەی میراتی مێژوویی شی بکەینەوە.

ئەوەی لە سەر خوێنەری بەڕێز پێویستە، ئەوەیە کە لە ناو خوێندنەوەدا، دوو خاڵ لێک جیا بکاتەوە و، ئەویش ئەوەیە کە مێژووی هێما بە واتای مێژووی ئاڵا نییە، بەڵام ڕەنگدانەوەی خۆرەتاو لە ناو ئاڵای کوردستان بە جۆرێک کەڵک وەرگرتنە لە هێماکانی ناو مێژووی کوردستان کە ئەمەش سرووشتییە کە نیشاندەری مێژووی یەکێک لە کۆنترین نەتەوە بێ دەوڵەتانی سەر گۆی زەوییە.

## پێشەکی

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا، یەکێک لەو کۆڵەکە ئەو جومگە سەرەکییانەی کە نەتەوەی پێ دەناسرێتەوە، ئاڵای هەمان نەتەوەیە کە ئاڵاش وەک زمان، دەتوانێ سنووری جوگرافیای سیاسیی هەر نەتەوەیەک دیاری بکات.

ڕەنگە بۆ ئێمەی نەتەوەی کورد کە خاوەنی کیانی خۆمان نین، ئەم ڕەوشە لە هەڵدانی ئاڵاوە بۆ بڕوای نەتەوایەتی بگۆڕدرێ کە ئەمەش لە ناو نەتەوەی کورددا، بە هۆی سیاسەتی حیزبایەتییەوە، یەکگرتوو نەبووە.

لە پیرۆزیی ئاڵادا، ڕەنگە فەلسەفەی خۆشویستن و ڕێزگرتنی، لە نەتەوەیەکی ئازاد و نەتەوەیەکی بندەستدا وەک یەک نەبن، نەتەوە ئازادەکان لە هەر شوێنێکی گۆی زەوی بە ئاڵای وڵاتی خۆیان و نەتەوەی خۆیان دەیانناسنەوە، بەڵام نەتەوەی بندەست، دەبێ لە چوارچێوەی ئەو ئاڵایەی کە داگیرکەرێک لە وڵاتەکەی ئەو هەڵیداوە، پێناسەی خۆی بکات و کاتێکیش خۆی لەم جۆرە ناساندنە دەبوێرێ، زیاتر وەک مرۆڤێکی بێ وڵات و بێ ناسنامە دیار دەکەوێ.

خاڵێکی دیکە کە شیاوی ئاماژە پێ کردنە، نەتەوەی ئێمە بە دەست نەبوونی چەند شتێکەوە دەناڵێنێ کە یەکێک لەوانە، سەرەڕای هەبوونی هێز و دەرفەت، نەبوونی ژوورێکی هزری نەتەوایەتییە کە بتوانێ پێناسە و شیکاری ئەو ڕەمزانە بکات و، ئاسۆیەکی ڕوون بۆ نەوەی نوێی کوردستان بەدی بهێنێت، کە ئەوەش بەداخەوە بە هۆی ململانێی حیزبی و شەخسی نەکراوە و، زۆرینەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش بە جێی ئەوەی بۆ داهاتووی نەتەوەکەمان بڕوانن، زیاتر حەول دەدەن کە هەژمونی خۆیان لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بسەپێنن.

لە سەر دەرکەوتنی ئاڵای کوردستان ئێمە پێویستمان بە شیکارییەکی قۆناغی ناسیۆنالیستی و نەتەوایەتیی کوردستانە، کە دەتوانین دەرکەوتنی ئاڵا بە دوایین قۆناغ هەژمار بکەین.

ئەگەر باری نەتەوایەتیی کوردستان بە سەر چەند بەشدا دابەش بکەین، دەبێ ئەو قۆناغانەمان لە بەر چاو بێت.

**یەکەم؛** سەرهەڵدانی قۆناغی یەکەمی ناسیۆنالیزمی کورد لە هەڵبەستەکانی یارسان و خانی و بە سەردەمی میرانی کوردستانەوە کە میر بەدرخان لە هەموویان نەتەوەییتر بووە و ئەو قۆناغە هەتا سەرهەڵدانی شۆڕشی نەهری واتە ساڵەکانی ١٨٨٠ درێژەی هەیە.

**قۆناغی دووهەم؛** سەردەمێکی ناسیۆنالیزمی کورد کە جڵەوی خەبات لە دەست شێخ و تەریقەتەکانی کوردستاندایە و لە شۆڕشی نەهری ١٨٨٠ ی زایینی دەست پێدەکات و هەتا شێخ سەعیدی پیران و سەیدڕەزای دەرسیم درێژەی هەیە.

قۆناغی سێهەم و کۆتایی؛ ئەم ناسیۆنالیزمە

لە نێوان ١٩٢٥ تا ١٩٣٠ سـەرهەڵدەدا و بۆ یەکەمجار ڕۆشـنبیران و نووسـەرانی کورد حەول دەدەن نەتەوە بە ئاراستەی حەقیقەتی خـۆی بناسـرێت و دەکرێت خۆیبـوون، بە بەردی ئەو بناغەیـە دابنرێت و مژاری ئاڵای کوردستانیش لە سەردەمی خۆیبووندا زیاتر لە هەموو سەردەمێک زەقتر کراوەتەوە.

ئـەم قۆناغە بە حەقیقـەت قۆناغی دوای مەشـروتەی قاجار و عوسمانییە کە ئەو کات کوردسـتان دوو پارچە بـووە، ئێش و ئازاری کەسانی نەتەوەیی کورد، بە تایبەت ئەوانەی لە ئەسـتەنبوڵ دەیانخوێنـد، بوو بە هۆکاری ئەوەی لە هەمبەر داگیرکەرانی کوردسـتاندا بیرێکی ئەساسی بکەنەوە کە ئەگەر کوردستانی ئەو کات بە سـێ ناوەندی ڕۆشنبیری دابەش بکەین، هەموویان تا ڕادەیەک یەک گوتارن.

ناوەنـدی ورمێ و ناوەندی سـلێمانی و ناوەندی ئەسـتەنبوڵ، کە وەک سێ ناوەندی هزر و شۆڕشـی سـاڵەکانی ١٩٠٠ بەولاوە، گرینگترین ڕۆڵیان هەبووە، کە دواتر لە لایەن ناوەنـدی ئەسـتەنبولەوە ئاڵای کوردسـتان دیاری کرا.

## هێماکانی کورد لە مێـژووی کۆنەوە و دەوڵەتشارە کۆنەکانی کوردستان:

## ١.پیرۆزیی خۆر لە لای هورییەکان

بـە پێـی لێکۆڵینـەوە ئارکیۆلـۆژی و شوێنەوارناسییەکان لەم سەدەیەی ڕابردوودا، زمانـی هوری و میتانی و سـوباری و گوتی هەموویان سـەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەیە و دەتوانین بڵێین وەکوو شـێوەزارکانی ئەورۆی زمانی کوردی بوون، بەڵام هەموویان سەر بە جوگرافیایەک بوون.

هورییەکان لە نزیکترین شوێنی نزیک لە سـومەرییەکان یان بە واتایـەک لە باکووری سـومەر ژیاون، بـەڵام دواتر کـە ڕەگەزی سامی وەک ئاشووری و ئەکەدی لە باکووری ئافریقاوە شـوێن پێیان بۆ مێزۆپۆتامیا کراوە، لە دوای شـەڕ و بەرگریکردن خۆیان بە ناوی فەرمانڕەوای میتانی ڕێکخستووە.

هورییەکان بە خۆیان گوتووە «خۆروویی» و بە بەری بەیانیـان گوتووە خۆری، کە هەتا ئێسـتاش لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە زمانی کوردیدا بەکاردێت.

هورییـەکان، بـە پێـی سـەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە، خۆرپەرست بوون و لە پەیکەری دیتـراوەی خواوەندی تەشـوب (خواوەندی ئاسـمان و با و بـاران و برووسـک) کە لە مۆزەخانەی حەلەب هەڵگیراوە، ئەوە بە جوانی دەسـەلمێ و لە پەیکەرەکەدا خوای تەشوب، لە سـەر پشـتی جوانەگایەک ڕاوەسـتاوە و خۆرێکی باڵداری بە سەر سەرەوەیە.



یەکەم کەس کە بە دوای گەڕان و پشکنیندا ئەوەی سـەلماند کە هوری باپیرانی کوردن، سـپایزەر بوو کە توانی تەنانەت پشـتیوانیی ناوەندە ئانترۆپۆلۆژییەکانیش بۆ ئەم مەبەستە ڕابکێشێت. (,ebhraim avigdor speiser 1902-1965

(mesopotamia orogins, 1930, r: 110, 119

هەروەها بە دەیان و سەدان بەڵگەی دیکە

لەو سەردەمەدا هەن کە پیرۆزیی خۆر لە کوردستانی کۆندا نیشان دەدەن، کە لە مۆری لوولەیی بەجێماو لەو سەردەمەدا وەدیار دەکەون.

بۆ نموونە شێر و هەتاو لە نەخشی بەجێماوی میتانییەکان کە دواتر لە سیمبولی پیرۆزی ئێزدییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، لەم نەخشەدا هەتاوی باڵدار وەک پیرۆزییەک نەخشێندراوە کە دوو شێر لە خوارەوە پارێزگاریی لێ دەکەن و، لە سەر پشتیان، دوو باڵندە نیشتووەتەوە کە دواتر لە ئایینی ئێزدیدا، باڵندەکان لە شێوەی تاووس خۆیان دەنوێنن.

ئەم پیرۆزییەی هەتاو هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە ناو ئایینی ئێزدیدا ماوەتەوە و تەواوی ئەو قوببانەی کە لە پەرستگای لالشن، کاتێک لە ئاسمانەوە چاویان لێ دەکەی، وەکوو تیرێژی خۆر خۆیان نیشان دەدەن و ئەو پانتاییەی کە لە سەری درووست کراوە، وەکوو چوار گۆشەیەک ئاماژە بە چوار ئاخشیگی خاک و با و ئاو و ئاگر دەکا، کە ئەمەش نیشاندەری ئەویە مرۆڤی کورد بە هۆی ڕەسەنایەتی لە ناوچەکەدا، تەنانەت لە ئایینە کوردییەکانیشدا لە هێماکانی ناو سروشتی کوردستان کەڵکی وەرگرتووە.




نموونەیەکی دیکە کە دەتوانین لە پیرۆزیی خۆرەتاوی کوردستاندا وەک نموونە لێی بدوێین، هێمای هەتاو و شێرە کە لە شاری عەفرین لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە تێکدرا، ئەویش نەخشێکی شائوشکە، کچی خوای ئاسمانە، لە نەخشێکدا کە لە سەر پشتی شێرێک ڕاوەستاوە، خۆرەتاوێک لە سەر سەری نەخشێندراوە کە ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە هورییەکان ئایینەکەیان بە هەموو ناوچەی کوردستانی کۆندا بڵاو ببۆوە.

شاری نوزی کە شارێک بووە نزیک لە کەرکووکی ئەمڕۆ یەکێک لە گرینگترین شارەکانی ئەو سەردەمە بووە.



## ٢. پیرۆزیی چلیپا swastika لە لای سۆمەرییەکان

بە پێی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە ئارکیۆلۆژی و زمانناسیی مێژوویی سەلماندوویەتی، سۆمەرییەکان لە پێش سامییەکان لە مێزۆپۆتامیدا ژیاون و وەکوو ڕەچەڵەکیش زۆرینەی لێکۆڵەران ڕەگەزی ئەوانیان بۆ چیاکانی باکووری مێزوپۆتامیا گەڕاندووەتەوە

کە دواتر بەرەوە پێدەشتەکانی خوارەوە ڕۆیشتوون.
کاتێک کە ئەوە سەلماوە کە سۆمەری جیاوازن لە سامی و خەڵکی خۆجێیی ناوچەی مێزۆپۆتامیا بوون، چەند خاڵێکی گرینگ دێتە بەر دەستمان کە دەتوانین بە نوێترین لێکۆڵینەوەکانی ژێنۆلۆژی یان جوگرافیای مێژوویی ژێنەکانی مرۆڤەوە گرێیان بدەین، کە لە دوا لێکۆڵینەوەدا کورد وەکوو باپیری ئەو شوانانە ناسراون کە لە باکووری ناوچەی نێئۆلتیکدا ژیاون.
ئەوەی لێرە مەبەستمە، ئەوەیە کە ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی سۆمەرییە کە لە چیاکانەوە بەرەو خوارەوە ڕۆیشتوون و ناوە ناوەش، لە چیاکان سەردانی خزم و کەسانی ۆۆیانیان کردووە. (braid wood and how, prehis-toric investigation in iraqi kurdistan) (the origin of kurds, ferdinand hennerbichler) (کورد کێیە؟ سۆران حەمە ڕەش) تێزی هێند و ئاریایی، هادی عەزیزی، ژمارە ۵۲ ی گۆڤاری تیشک)
لە گرینگترین ئەو ئاسەوارانە دەتوانین ئاماژە بە گریٚ ناڤۆکیٚ لە خەرابەرشکی روحا و شانەدەر و هەزار مێرد و گوندی چەرموو و هتد بکەین کە مێژووەکانیان لە چەندین هەزار ساڵ تێپەڕیوە و بە پێی هەموو لێکۆڵینەوەکانیش هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ تەنیا کورد لەو ناوچانە ژیاون.
ئەم پێشەکییە کە باسمان کرد بۆ ئەوەیە کە دەمانهەویٚ باس لە قاپێکی دیتراوەی دەشتی سامڕا بکەین کە بۆ سەردەمی سومەرییەکان دەگەڕێتەوە، سەردەمانێک کە ڕەگەزی سامی هێشتا هیچ بوونێکیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین نەبووە. ئەم قاپە لە ساڵەکانی ۱۹۱۱ -۱۹۱۴ لە لایەن کەسێک بە ناوی ئێرنێست هێرزفڵدەوە دۆزراوە(ernest herzfeld).
ئەو سواڵەتە ئێستا لە موزەخانەی بەرلین پارێزراوە. لەم قاپەدا باس لە نەخشەیەکی جوگرافیایی و چەند شتێکی جیاواز کراوە کە دەکرێت هێماکانی شی بکرێتەوە.
لە قاپەکەدا سەد و بیست خەتی تێدایە کە وەک چوار خەت لە سەر سێ خەت دەبینەدریٚ و ئەوەش بۆ پیرۆز بوونی ژمارە شەش یان شەست لە ناو سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە و هەشت ماسی لە ناو قاپەکەدان کە چواریان بە دەوری قاپەکەدا دەگەڕێن و چوار دانەشیان بە دندووکی باڵندەی ماسیگرەوە شۆڕ بوونەتەوە بۆ ناو قاپەکە و باڵی باڵندەکانیش وەکوو جووت خەت نیشاندەری دەریان.





لێــرەدا کاتێک ئەو قاپە وەکوو نەخشــەیەک سەیر بکەین، بە پێی نەخشە و سەرچاوەکان رێـک ئەو چــوار دەریایــە دەگرێتــەوە کە کوردستان لە ناوەڕاستی هەڵکەوتووە و بە پێی هەموو مێژووی کۆنیش وڵاتی کورد هەتا سەر چوار دەریاکە بووە.

هێمای چلیپــا کە دواتر بە هۆی نەبوونی پیتی «چ » و پیتی «پ» بۆ سەلیب گۆڕاوە، لە ناوەڕاستی قاپەکە باس لەو باوەڕە سرووشتییە دەکا کە لە مێزۆپۆتامیا لە کۆنەوە بڕوایان پێی هەبووە.

نەخشــی چلیپا دواتر لە هەموو شوێنیکی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ڕەنگی داوەتەوە و لە ئاڵای پاشــاکانی ئورارتوو، هەتا دەوڵەتی ساســانی و، مێعماریــی مزگەوتەکانــدا دەبیندرێــت، تەنانەت ئاڵمانەکانیــش وەکوو هێما کەڵکیان لــێ وەرگرتبوو کە بیانهەوێ ڕەچەڵەکێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

### ٣.بەردەنووس و نەخشــی نارام سینی ئەکەدی و ئانۆبانینی سەرپێڵی زەهاو

لێرەدا بۆیــە ئەم دوو نەخشــە پێکەوە باس دەکەیــن، چونکــە هەر دووکیــان بۆ یەک سەردەم دەگەڕێنەوە.

لە نەخشــی ئانۆبانینی سەرپێڵی زەهاودا، پاشا بەرەوە ڕووی شــاژنی ئینانا ڕاوەستاوە و لێرەدا باس لە ســەرکەوتنی کوردانی لۆلۆیی کراوە کە مژاری ئێمە لێرەدا شــیکردنەوەی شــەڕەکە نییە، بەڵکوو دەمانهەوێ باسی ئەو خۆرەتاوەی نێوان سەری پاشا و شاژن بکەین کە پێشــەکەی بە ئەســتێرەی چوار پەڕ یان چلیپا گیراوە.

لــە فەلســەفەی هەتاوی ئێزدیدا باســـی ئەوەمان کرد کە لە پەرستگای لالش قوببەی هەتاو لە سەر چوار گۆشە درووست کراوە کە هەر گۆشــەیەک باس لە ئاخشێگێک دەکات کە بریتین لە ئاو و ئاگر و خاک و با.

لەم نەخشەشدا کە سەیری بکەین پێش هەتاوەکە بە چلیپا گیراوە.



نەخشی دووهەم کە کاتی خۆی ژان مەرگانی فەڕەنســی دۆزیوییەتــە، باســی شکســتی لۆلۆییەکانە کە نارام سینی ئەکەدی شکستی داون و، لە نەخشــەکەدا، کــوردەکان لە بن چیایەک کەوتوون و یەکیان بەرەوە چیاکە و خۆری ســەر چیاکە هاوار دەکا، لەم نەخشەدا نارام سین بەرامبەر بە چیاکە ڕاوەستاوە.

لــە ســەر چیاکــە ســێ خۆرەتــاوی نەخشێندراوی تێدایە کە بەداخەوە یەکیان بە جوانی ماوە و لە وێش ئەستێرەی چوار پەڕ لە پێش هەتاو نەخشێندراوە.



لەم نەخشـــانە لـــە کوردســـتاندا زۆرن و لە دەربەنـــدی گاوڕ و پاشـــایەتیی ســـمیرۆم لە بناری قەندیلیش هاوشێوەیان بەدی دەکرێت.
لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانین هەوڵێست لە سەر ئەوە بگرین کە زۆرینەی ئەو هێمایانەی کە وەک شێر و هەتاو و چلیپا دواتر لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوینـــدا ڕەنگی داوەتەوە، هەمووی بـــۆ مێزۆپۆتامیـــا و بە تایبەتی کوردســـتانی کۆن دەگەڕێتەوە، لە هەندێک جار کە باســـی کوردانی ئێزدیم هێناوەتەوە، ویستوومە وەک نموونەی زیندوو باسی بکەم کە چۆن میراتی ئایینیان لە سرووشتی کوردستان وەرگرتووە.

## مێژووی ئاڵای کوردستان

لە مێژووی کـــورددا چ کاتێک ئاڵا بە فەرمی وەک ئاڵا بـــە کار هاتبێت، مێژووکەی لە بەر دەســـت نییە، بەڵام وەکوو لە بەشی پێشتردا باســـمان کـــرد، وەکـــوو هێما لـــە نەخش و نیگارەکاند کەڵکی لێ وەرگیراوە.
ئەگـــەر بـــە پێی مێـــژوو ئـــاڵای کاوەی ئاسنگەر وەکوو یەکەمین ئاڵای کورد هەژمار بکەیـــن، دەبـــێ زۆر بـــە وردی ئاگامـــان لە چەواشـــەکارییەکانی مێژووی خۆمان بێ کە فارس زۆر سیستماتیک دەیکا و کردوویەتی.
لە هەڵبەســـتەکانی فیردەوســـیی فارسدا، زەحـــاک کوڕی مەرداســـی تازییـــە، کەوابوو کوڕی مەرداسی عەرەبە و هیچ پەیوەندیی بە کورەوە نییە.
ناشکرێ کورد بێت و ڕێز لە ئاڵایەک بگرێ کە دژی پاشـــایەتیی مێدی/مـــاد هەڵکرابێ، کەوابوو نووســـینەکانی ئەحمەدی شاملووش دەچێتە چواچێوەی ناڕاستبوونی جاشێتی لە سەر کاوە.
ئەبـــو حەنیفـــەی دینەوەری لـــە کتێبی اخبارالطـــوال کە ســـۆرانی حەمە ڕەش وەک سەرچاوە باســـی دەکا، دوو سەد ساڵ زووتر لە فیردەوسی باسی کاوەی کردووە و شەڕەکە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ کوردانی لۆلۆیـــی لە گەڵ نەمرود.
بەهێزتریـــن میـــری کوردســـتان کـــە لە ســـەدەی ئـــاڵا نزیـــک بێـــت و، حەولی پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆی داوە، میر بەدرخان(١٨٠٢-١٨٦٨) بـــووە کە ئەو کات کوردانی ناردووە بۆ خوێندن لە دەرەوە، گەمی جەنگی و بازرگانی دروووســـت کردووە، بەڵام وەک بەڵگـــە بۆ هەبوونی ئاڵا لەو ســـەردەمە هیچمان لە بەردەست نییە.
یەزدانشێری برازای کە ساڵەکانی ١٨٥٣-١٨٥٦ کوردســـتانی بەدەستەوە بووە، جیا لە کۆپلەیـــەک گۆرانیی فۆلکلـــۆری کوردی، کە ئەویش لـــە دەم جوولەیەکی کوردســـتانەوە تۆمار کراوە، هیچ شتێکی لە سەر هەبوونی ئاڵا لە پاش بە جێ نەماوە.
گـــۆ ئەو زاخۆیـــێ ب ڕووت و کەڤوتان / بەیـــراق بوونە جۆت بە جۆتـــان / بەرێ خوە دانـــە جزیرا بۆتـــان (prym and socin, kurdische sammlungen, erzälurgan,st, petersburg 1887,r:64)
لە ســـەردەمی کۆنیشـــدا پێش حەزرەتی خانی وشـــەی ئاڵا لە ویژەی کوردیدا بە کار هاتووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە سەر هەبوونی ئاڵای کوردان نییە و لە هەڵبەستەکانی مەلای جزیری بە چەندین جار تووشـــی وشەی ئاڵا دەبیـــن کە بـــۆ ســـاڵەکانی ١٤٠٠ی زایینی دەگەڕێتەوە.
ئـــاڵای ئەمڕۆی کوردســـتان کـــە کورد تـــا ڕادەیەک بە گشـــتی قەبووڵـــی کردووە، لە ســـەر هزری درووســـتکردن و ئەو کاتەی نەخشـــێندراوە، بەڵگە زۆرن و بە پێی هەموو بەڵگەکان مرۆڤ ئەوەی بـــۆ دەردەکەوێ کە ساڵ١٩١٩-١٩٢٠ ی زایینی درووست کراوە.
کۆمەڵەی تەعالیی کوردســـتان، لە ســـەر کاغەزی پێناســـەکانیان، زەمینەکەیان وەک ئاڵای کوردستان نەخشـــاندبوو کە دەڵێن بۆ یەکەمین جـــار هزری نووســـەری ئەو کاتی کۆمەڵەکە زینەلعابدین بووە.
ماڵمیسانژ و زۆرینەی ئەو نووسەرانەی کە



له سەر دادگاییکردنی ئەندامانی کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان لێکۆڵینەوەیان کردووە، باسی ئاڵای کوردستانیان کردووە و، بە بەڵگە سەلماوە کە یەکێک لەو خاڵانەی کە کوردەکانی لە سەر دادگایی کراوە، وێنەی ئاڵای کوردستان بووە کە لە سەر پێناسەکانیان نەخشێندرابوو. (malmîsanij, bitlîsî kemal fevzî, ve kurt orgutleri içindeki yeri, stockholm 1993, r: 127, 129, 148)

زنار سلۆپی، لە کتێبی «دۆزا کوردستان»دا، لە سەر ئاڵای کوردستان ئاوا دەنووسێ: ئەو ئاڵایە کە لە لایەن کۆمەلەیا ڕێکخستنا جڤاکی(تەشکیلات ئیجتماعی جەمعییەتی) درووست کراوە و بە فەرمی ناسراوە، سێ ڕەنگە کە سەرەوەی سوورە، ناوەڕاستەکەی سپییە و خوارەوەی سەوزە و ناوەڕاستەکەشی بە خۆرێک نەخشێندراوە.

هەر چەندە بۆ مێژوو و ڕێکەوتە ڕێکەکەی بەڵگە لە بەر دەستدا نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئاڵاکە بۆ یەکەمجار ١٩١٩ لە لایەن کۆمەلەیا ڕێکخستنا جڤاکییەوە درووست کرابێ و جارێکی دیکەش لە ١٩٢٠ لە لایەن هەمان کۆمەڵەوە بە فەرمی ناسرابێتەوە. (zinar silopî, doza kurdistan, beyrut.1969. R : 60)

ساڵی ١٩٢١ مستەفا پاشا یامولکی و هەندێک کەس لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، وەک خەلیل رامی بەدرخان و کەماڵ فەوزی و مەولانزادە ڕەفعەت، دەیانهەوێ بچن بۆ سلێمانی، بەڵام ئینگلیز ناهێڵن بڕۆنە سلێمانی و تەنیا مستەفا پاشا چونکە خەڵکی سلێمانی بووە دەرباز دەبێت.

مستەفا پاشا لە حکومەتی خوارووی کوردستان کە لە ١٩٢٢/١٠/١٠ دادەمەزرێت بەشداری دەکا و وەک وەزیری پەروەردە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی بانگی کوردستان دەردەکەوێ. مستەفا پاشا سەرەڕای ئەوەی بۆخۆی لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەلەیا ڕێکخستنی جڤاکی بوو، بەڵام بۆ گواستنەوەی ئاڵاکەی کۆمەڵە بۆ حکوومەت کاریگەریی نەبووە و بە ڕەنگی ئاڵاکەی حکومەتی شێخ مەحمووددا ئەوە دەردەکەوێ.

ئاڵاکەی خوارووی کوردستان، زەمینییەکی سەوزی هەبوو کە ناوەڕاستەکەی مانگێکی سپی تێدابوو کە لە سەر بازنەیەکی

سوور نەخشێندرابوو.

ئەو سیاسەتمەدار و روناکبیرە کوردانەی کە لە ساڵەکانی ١٩٠٠ تا ١٩٢٨ لە ئەستەنبوڵ لە ناو یانە و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکاندا بوون، دوای ئەوەی کوردستان بەسەر چوار بەشدا دابەش کرا، زۆرینەیان لە دوای ١٩٢٥ روویان لە ڕۆژاوای کوردستان کردووە و تا ساڵی ١٩٣٠ هەر لەو پارچەیە بە یەکجاری جێگیر بوون.

لە ساڵی ١٩٢٧ کە کۆمەڵەی خویبوون بە بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆی لە لوبنان، هەبوونی خۆی ڕاگەیاند، دواتر کۆمەڵێک کاری باش و ڕێکخراوەییی کرد کە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش بە تاقانە دەژمێردرێن.


لە ناو نووسین و گۆڤار و وەشانی کۆمەڵەی خۆیبووندا، ئەو ڕاستییە سەلماوە کە ئاڵاکەی ١٩١٩ ی کۆمەڵەیا ڕێکخستنا جڤاکی، وەک ئاڵا لە لایان پەسند کراوە و دەنگۆی ئەوە هەیە کە مەمدووح سەلیم بەگی وانی جارێکی دیکە ئاڵاکەی دیزاین کردووە و تێشکە وردەکانی و بۆ تیشکی درشت گۆڕیوە.

ئێحسان نووری پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ:

> *ساڵی ١٩٢۶ برۆیێ حرسکی تێللی کە لە جەلالییەکانی چاڵدراِن بوو، لە چیای ئاگری ڕاپەڕینی کردبوو، ئەو پشتی بە چیاکانەوە دابوو.*

١٩٢٧ ئێحسان نووری پاشا دەچێتە ئاگری و بەڕێوەبەرایەتیی شۆڕشەکە دەگرێتە دەست و دواتریش فەرماندەرایەتیی سەربازیی ڕاپەڕینەکەش خۆیبوون بۆیان دیاری دەکات. لە هەمان ساڵدا ئاڵاکەی کۆمەڵەی ڕیکخستنا جڤاکی کە دواتر خۆیبوون بە فەرمیی ناسیبوو، لە لایەن خۆیبوونەوە بۆ ئێحسان نووری پاشای دەنێرن و ئەویش بۆ یەکەمجار لە چیای ئاگری هەڵیدەدا. (hêvî, kovara çandîya giştî, parîs, no 2 gulan 1984)

هەر وەها لە سەر بەرگی کتێبەکەی سورەیا بەدرخان، کە ئەویش ئەندامی کومیتەی ناوەندیی خۆیبوون بوو، کاتێک لە ئامریکا چاپی دەکا، ئاڵای کوردستانیشی بە ڕەنگی لە بەر چاپ دەکا و لە ژێری دەنووسێ (kurdistan flag) (suraya badrkhan, the case of kurdistan against turkey, by authority of hoyboon, philadelphia, 1928)




ساڵی ١٩٣٢ کە نەمر میرجەلادەت بەدرخان، ئیمتیازی دەرکردن و چاپکردنی گۆڤاری هاوار لە دەوڵەتی سوریيە وەردەگرێت، لە زۆرینەی ژمارەکاندا بە نووسین و هەڵبەست، باسی ئاڵای کوردستان دەکا و لە سەر بەرگی گۆڤارەکەش بە وێنەی ڕەنگی، ئاڵای کوردستانی چاپ کردووە. (kovara hawar, 1932, jimare 5, 8, 10 , 11, mîr celadet bedirxan)

ساڵی ١٩۴۶ لە کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان ئاڵای کوردستان هەڵکرایەوە و لە ٢۶ی سەرماوەزدا وەک فەرمیی بوونی ئاڵاکە ڕاگەیێندرا، (ئەم ڕۆژە لە گەڵ دووی ڕێبەندان جیاوازە و دووی ڕێبەندان ڕاگەیاندانی کۆمارە).

زنار سلۆپی ناسراو بە قەدری جەمیل پاشا، کە حەوت مانگ دوای دامەزراندنی کۆمار

سـەردانی مهابادی کردووە، لـە کتێبەکەیدا دەڵێ: حکومەتی کۆماری کوردستان، ئاڵاکەی کـە ١٩١٩ لە لایـەن کۆمەڵەیا ڕێکخسـتنا جڤاکییەوە پەسەند کراوە، بە فەرمی ناسیوە و تەنیا لە تەنیشـتی خۆرەکە دوو گوڵە گەنم و پێنووسێکیان پێ زیاد کردووە و لە سەروەش بە خرِی لێیان نووسیوە: دەوڵەتی جمهووریی کوردستان.

به بـڕوای منی نووسـەری ئـەم وتارە، قـەدری بەگ دەبـێ لۆگـۆی حکوومەت و ئاڵای لـێ تێکچووبێ، چونکە ئەوە لە لۆگۆی کاغەزی ڕەسـمیی حکومەتدا لێی نووسراوە دەولەتی جمهووری کوردستان، دەنا لە ئاڵاکە نەنووسـراوە. (zinar silopî, doza kurdistan, 1969, beyrut, r: 200, 203, 204)

بۆ جیاوازیی لۆگۆی کۆماری کوردسـتان، دەبـێ گریمانـەی ئەوە بکەین کـە بە هۆی ئەوەی فیرقـەی دێموکراتـی ئازەربایجان و کۆماری کوردسـتان هەر دووکیان پشـتیان






بــه ســۆڤییەت بەســتبوو و لە ســەردەمی ئەو کاتیشــدا ســۆڤیێەت وەک فریادڕەسی نەتەوە بندەســتەکان چاو لێدەکرا، هەر بۆیە وێکچوونێــک لە نێوان لۆگــۆی ئاڵای کۆمار و لۆگۆی ئــاڵای ئازەربایجــان و لۆگۆی ئەو کاتی ســۆڤییەت هەیە کە گوڵــە گەنمەکان و ڕووبانــە ســوورەکەی دەوری گەنمــەکان هاوبەشــی کردوون، بــەڵام هەتــاوی ئاڵای کۆماری کوردســتان لە فەلســەفەی هەتاوی ئــەوان جیــاوازە و پێشــتریش لــە گۆڤاری نیشــتمانی ژ.ک دا هاوشــێوەی چاپ کراوە. ئەم وێکچوونەش نابێ بە شتێکی خراپ لێک بدەینەوە، ئەو کات ســۆڤییەت ڕێژێکی زۆری لەو ناوچەیەی ســەرووی کوردستان هەبوو و بە دەیان جار لە ڕۆژنامەی کوردستاندا باسی کراوە.

لە ســەر ئاڵای کۆماری کوردستان ویلیام ئیگڵتن دەڵێ:

*لــە گوڵانی ١٩٤٢ ی زایینیدا، ئەندامانی کۆمەڵــەی ژ.ک بە هاوکاریــی ئەندامانی حیزبــی هیــوا کە دیــارە مەبەســتی ســەردانی میرحــاج ئاکرەییــە بۆ لای زەبیحی، ئاڵایەکیان درووست کردبوو کە ڕەنگەکانــی بە پێچەوانــەی ئاڵای ئێران بوو، لە سەرەوە ســوور، ناوەڕاست سپی، خوارەوەی سەوز.*

ناوەڕاســتەکەی خۆرێکــی تێدابــوو کــە بە دەوریــەوە دوو گوڵە گەنم هەبوو، لە ناوەوەش خۆرێک و چیایەک و قەڵەمێکی تێدابوو.

ئەو قســانەی ئیگڵتن مرۆڤ دەباتە سەر تێفکرین لەوەیکە یانی لە ســەردەمی ژ.ک دا ئاڵای کۆماری کوردستان درووست کراوە؟!؟!

william eagleton jr, the kurdish republic 1946, ox-)
(ford university press, 1963 london

لە ساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥٠ لە ژێر چاودێریی دکتــۆر کامــەران بەدرخــان لە فەرانســە گۆڤارێکی فەرەنسی دەردەچوو کە ناوە ناوەش بــە ئینگلیزی تێیدا دەنووســرا. گۆڤارەکە لە





سەر کورد دەنووســـرا و چەند جارێک ئاڵای کوردستانی وەک ســـەردەمی خۆیبوون تێدا چاپ کراوە. (bullet du centre d›etudes,1948)

پارلمانـــی باشـــووری کوردســـتان لـــە ١٩٩٩/١١/١١ بە پێی بڕیاری ژمارە ٢٦ کە لە یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩١ سەرچاوەی گرتووە، ئاڵای خۆیبوونی بە فەرمی ناساندەوە و تیشـــکەکانیان دەسکاری کرد و بۆ بیست و یەک تیشـــک بە فەلسەفەی ٢١ ی ئادار کە دەکاتە نەورۆز و یەکی بەهار گۆڕدرا.

## سەرچاوەکان


Ferdinand hennerbichler, the origin of kurd

William eagleton, the kurdish republic 1946, london, 1963

Kamuran badrkhan, bulletin du centre d›etudes, 1948, paris

Zinar silopî, doza kurdistan, 1969, beyrut

Suraya badrkhan, the case of kurdistan against turkey, by authority of hoyboon, philadelphia 1928

Celadet bedirxan, kovara hawar, 1932

کورد کێیە؟ سۆران حەمە ڕەش

Hêvî, kovara çandîya giştî, paris 1984

Malmîsanij, bitlisi kemal fevzi ve kurt orgutleri içindeki, stockholm, 1993

Prym und socin, kurdishche sammlungen, erahlurgan u. Lieder in dialekt des tur abidin, st, petersbourg, 1887

بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، بەرگی یەکەم، نەوشیروان مستەفا

مێژووی دێرینی کورد، ئاکۆ محەممەد میرزایی

ژیانی عەبدورەزاق بەدرخان، سەلاح محەممەد سەلیم

جێلوە و مسحەفا ڕەش، ئەنستانس ماری کەرمەلی، لە فەڕەنسییەوە نەجاتی عەبدوڵلا

ئەڵبۆمی شێخ مەحموودی حەفید، سدیق ساڵح

جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد، ماڵمیسانژ، لە تورکییەوە زریان ڕۆژهەلاتی

ڕۆژنامەی کوردستان، ١٩٤٦

کۆمەڵـــە و ڕێکخراوە کوردییـــەکان ١٩١٣-١٩١٨ لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنســـا و بریتانیا، وەرگێڕانی لە فەڕەنســـییەوە نەجاتی عەبدوڵلا

نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری ژ.ک، عەلی کەریمی

# نقش تشکل های غیر دولتی
# (Non governmental Organization)
# در توسعه و آموزش اخلاق زیست محیطی

**منصور سهرابی**
**دکترای تخصصی اگرواکولوژی**



اعتقاد بر این است که آگاهی زیست محیطی کلید حل بسیاری از مشکلات زیست محیطی است به عقیده محققان، بخش عمده‌ای از مشکلات زیست محیطی، ریشه در عدم شناخت و آگاهی لازم انسان نسبت به طبیعت دارد

## چکیده

فعالیت های انسان پیامدهای جبران ناپذیری برکره زمین گذاشته است و طبیعت در مسیرنابودی تدریجی است. به عقیده محققان، بخش عمده‌ای از مشکلات زیست محیطی، ریشه در عدم شناخت و آگاهی لازم انسان نسبت به طبیعت دارد. افزایش شناخت و آگاهی مردم با آموزش اصولی و صحیح امکانپذیر است، آموزشی که رفتار و اخلاق را دگرگون سازد. برای عملی‌کردن این مهم نقش تشکل های غیر دولتی (NGOs) حائز اهمیت فراوان است.

امروزه، با افزایش روزافزون جمعیت، مشکلات زیست محیطی در حال افزایش است، محیط زیست بیش از گذشته نیاز مبرم به حمایت دارد. اثر فعالیتِ های انسانی بر زیست بوم؛ عمیق، معمولاً مرزگذر و گاه بازگشت ناپذیر است. در خوشبینانه‌ترین حالت و با فرض اینکه دولتها اراده سیاسی لازم برای حفاظت از محیط زیست را داشته باشند باز هم نمیتوان انتظار داشت پدیده‌های مرزگذر با پاسخهای موردی وناهماهنگ دولتها و بدون همکاری همه بازیگران بین المللی تحت کنترل درآید. عملاً نیز اقداماتی هم که کشورهای جهان برای حفاظت از محیط زیست انجام داده‌اند، به دلیل ناهماهنگی و عدم همکاری آنها با یکدیگر نتایج قابل قبولی در بر نداشته و نتوانسته پاسخ مناسبی به تخریب محیط زیست، از جمله: تغییرات اقلیمی، گرم شدن کره زمین، آلودگی هوا، خاک و آب، خطرات هسته ای، دستکاری ژنتیک، کاهش بی رویه ذخایر طبیعی و نابودی تنوع زیستی و چشم اندازها و افزایش رد پای اکولوژی، ارائه دهد. بخش



**افزایش شناخت و آگاهی مردم با آموزش اصولی و صحیح امکانپذیر است، آموزشی که رفتار و اخلاق را دگرگون سازد**

عمده‌ای از مفاد صدهــا موافقتنامه چندجانبه زیســت محیطی که انرژی، وقت و منابع مالی فراوان برای ایجاد آنها صرف شــده است نیز به دلیل ناهماهنگی و عدم همکاری بازیگران بین المللی هرگز اجرایی و عملی نشــده و این امر موجب شده تا بسیاری از این اسناد هیچگاه به اهدافی که بــه خاطر آنها به وجود آمده بودند دســت پیدا نکنند.(Najam et al., 2006; Sohrabi, 2019)

در این شــرایط انسان باید به این پرسش جدی پاســخ دهــد؛ هنگامیکه افــراد خواهان به حداکثر رساندن ســود خود هستند چگونه میتــوان از بهره‌بــرداری بیش از حــد و تخریــب منابــع طبیعی جلوگیــری کرد؟ اعتقــاد بر این است که آگاهی زیست محیطی کلید حل بســیاری از مشکلات زیســت محیطی است به عقیده محققــان، بخــش عمــده‌ای از مشــکلات زیســت محیطــی، ریشــه در عدم شناخت و آگاهی لازم انســان نســبت به طبیعت دارد(صالحی و پازوکی نژاد ۱۳۹۵).

افزایــش شــناخت و آگاهی مردم با آموزش اصولی و صحیح امکانپذیر اســت، آموزشــی که رفتــار و اخــلاق را دگرگــون ســازد. آموزش اخلاق زیست محیطی سبب شناسایی ارزشها و توضیــح مفاهیم به منظور ایجــاد مهارتها و گرایشــهای مــورد نیاز برای درک و شــناخت وابســتگیهای میان انسان، فرهنگ او و محیط زیســت پیرامون او می شــود. اخلاق زیســت محیطی اشــاره به اخلاق و عادتهای زیســت محیطــی ای دارد که الگوهای رفتــاری را به وجود مــی آورد که هدف نهایــی آن، افزایش کاملا آگاهانه و فعالانه فردفرد اعضای جامعه در حمایت از محیط زیست و استفاده محتاطانه و عاقلانه از منابع طبیعی است. (سهرابی، ۲۰۱۹).

آموزش محیط زیســت باید در دو ســطح رســمی و غیررســمی صــورت گیــرد و برای دســتیابی بــه ظرفیتهای انســانی مــورد نیاز بایستی تلاشهای آموزشــی، در زمینه رسمی و غیررســمی به طــور همزمان صــورت گیرد آموزش باید به نحوی باشــد که بتواند تمامی افــراد را به منظور تحقق آموزشــی برای همه عمر پوشــش دهد و بایســتی دانــش جامعی را تولیــد کند که علــوم اجتماعی و طبیعی را شــامل شــود و بینشــی در مورد تعامل میان منابــع طبیعی و انســانی و توســعه و محیط زیســت ایجاد کند (یعقوبی و منصــوری، ۱۳۸۹؛ مختاری و همکاران ۱۳۹۳).

> **استمرار فعالیتهای تشکلهای زیست محیطی موجب اثر بخشی بیشتر در جامعه می شود و زمینه توسعه اخلاق زیست محیطی را فراهم می‌کند**

ارتبــاط و تعامل بــا محیط زیســت نقش موثری در آموزش اخلاق زیســت محیطــی دارد، آموزش اخلاق زیســت محیطی مــی توانــد راهــی بــرای ایجاد آگاهــی از موضوعــات مربوط به توســعه پایــدار و تقویت دانش و مهــارت هــای کار فــردی و جمعی برای حل و پیشگیری از مشکلات زیســت محیطی باشد (Baker, et al.2019).

مشــارکت فعــال جامعه در حــوزه محیط زیســت هنگامی نمــود پیدا می‌کند کــه مــردم بدانند محیط زیست آنان با چه تهدیداتی مواجه است، علت آن چیســت و چگونه می‌توان با بهبود عملکرد یــا تغییر رفتار به رفع و یــا کاهش آنها کمک کرد.

برخــی گزینه‌هــای قابــل اســتفاده برای افزایش آگاهی زیست محیطی و تغییر رفتار و اخلاق در سطح جامعه، شامل: آموزش زیست محیطی برای رهبران، سیاســتمداران، مدیران و آموزش همگانی درباره اخلاق اکولوژی است که بــرای عملی کردن این مهم نقش تشــکل های غیر دولتی (NGOs) حائز اهمیت فراوان

است. در عصر حاضر تشکل های غیر دولتی در اداره کشورها و مدیریت سرزمین نقش موثر و مفیدی را دارند.

سازمان مردم نهاد (NGO)، سازمانی غیردولتی و غیرانتفاعی است که افراد در آن به طور داوطلبانه عضویت دارند. امروزه سازمان‌های مردم‌نهاد به دلیل ارتباط مستقیم و بدون واسطه با مردم، بسیار موثر و کارآمد عمل می‌کنند. فعالیت های سازنده به سازمان‌های مردم‌نهاد، اعتبار می بخشد. نظر به‌اینکه سازمان‌های غیردولتی ساختارهای انعطاف‌پذیر و گسترده دارند، قادر به فعالیت در دوردست‌ترین نقاط کشورها هستند و توان فعالیت‌هایی را دارند که دولت‌ها و بخش خصوصی از انجام آن عاجزند.

سعیدی (۱۳۹۳) عنوان می دارد که مهمترین ویژگیهای سازمانهای غیردولتی عبارتند از:

۱ دارای اساسنامه، اهداف، تشکیلات و ساختاری مشخص می باشند.

۲ غیرانتفاعی هستند و به داوطلبین و اعضای آن سود و درآمدی تعلق نمی گیرد.

۳ اعضای آن افراد داوطلب می باشند و عضو پذیرند و برای عضویت شرایط خاصی جز پذیرش مفاد اساسنامه و علاقه‌مندی به کار داوطلبانه در آن سازمان وجود ندارد.

۴ وضعیت مالی این سازمانها که شامل درآمدها و هزینه ها است، روشن، مشخص و قابل دسترس برای اعضا و سایرین میباشد.

۵ هدف این سازمانها کمک به بهبود وضع جامعه، حفظ منافع و مصالح عمومی می باشد.

۶ به هیچ سازمان و یا نهاد دولتی وابسته نمی باشند.

سازمانهای غیر دولتی زیست محیطی، سازمانهایی هستند که فعالیتهایشان را بر محور منابع طبیعی و محیط زیست (در جهت حفظ، احیاء، توسعه پایدار) متمرکز نموده اند و نقش بسیار اساسی درجلب مشارکت مردمی به منظور حمایت و حفاظت از محیط زیست دارند.

دامغانی و همکاران (۱۳۹۶) مهمترین اهداف سازمانهای مردم نهاد زیست محیطی را موارد ذیل برشمردند:

۱ اطلاع رسانی و آگاه سازی درباره مسائل و موضوعات زیست محیطی، ملی، منطقه ای و بین المللی

۲ مبارزه با تخریب محیط زیست در جهت اصلاح الگوهای ناپایدار تولید و مصرف

۳ نهادینه کردن و سازماندهی مشارکت مردمی

۴ گسترش نظارت عمومی بر پروژه های زیست محیطی

۵ ایجاد، گسترش و تقویت هماهنگی بین بخشهای دولتی و مردمی ذیربط با مسائل زیست محیطی

۶ ارتقاء سطح دانش اعضاء در زمینه محیط زیست از طریق برگزاری کارگاههای آموزشی و سمینارهای علمی

۷ انتشار نشریه، فیلم، نوارهای آموزشی و خبری به منظور انعکاس موضوعات مربوط به حفاظت و حمایت از محیط زیست

۸ انجام پروژه‌های تحقیقاتی و اجرایی در زمینه محیط زیست

۹ همکاری با سازمانهای بین المللی حفاظت محیط زیست.

استمرار فعالیتهای تشکلهای زیست محیطی موجب اثر بخشی بیشتر در جامعه می شود و زمینه توسعه اخلاق زیست محیطی را فراهم می کند. سازمان های مردم نهادی که به دنبال یک حادثه ایجاد شده اند دوام و بقای کمتری دارند. بقای سازمان باید یکی ا ز اهداف اصلی تشکلها باشد و برای آن برنامه‌ریزی داشت.

کارکرد اصلی NGOها طبق ماهیت فعالیتهای آن، کارکرد «مشارکتی و حمایتی» است و طبیعتاً این کارکرد از طریق گسترش

ارتباطات NGOها با حکومتها و دســتگاههای دیوانسالاری به منظور تبادل عقاید برای بهبود بخشــیدن به اجرای طرح های توسعه‌ای قابل تحقق اســت (زاهــدی مازندرانــی، ۱۳۹۴). اما در کشــورهایی که بصورت دیکتاتــوری اداره می شوند فعالیت NGOها با محدودیتهای فراوانی روبرو ســت. حاکمیت از فعالیت و عملکرد آنها می ترسد چرا که فعالیتهای گروهی می تواند ســطح مطالبــات را به صورت جــدی افزایش دهد. هرگاه که مردم به صورت دســته‌جمعی و منســجم نســبت به وضعیت موجود واکنش نشان داده‌اند، حاکمیت با آنها به شدت برخورد نموده است (خسروی فرد، ۱۳۹۴).

فعالیت آموزشی تشــکلهای غیردولتی به امکانات و شــرایط سیاسی حاکم وابسته است. این ســازمان هــا در صورت امــکان، میتوانند بــا به‌کارگیری رســانه‌ها ســبب ارتقای دانش زیســت محیطی و توســعه اخــلاق اکولوژیک شوند. رســانه‌ها شامل: شــبکه‌های اجتماعی، وب‌سایتها ، تلویزیون و رادیو، رسانه‌های چاپی و غیره می باشند که پتانسیل بسیار زیادی در زمینــه ارائه اطلاعات، آموزش دانش و پرورش مهارتهــا و نگرشــها دارند. نقش رســانه‌ها در آگاهی بخشــی مردم از مسائل زیست محیطی و اقداماتی برای محافظت از آن، طی ســالهای متمادی به اثبات رســیده اســت (Kirac, et al., 2012; Karami Darabkhani, et al.,2019).

تشــکیل کارگاههــای آموزشــی بــرای همســالان نیز توســط NGOها نقش بسزایی در یادگیــری اجتماعــی و تغییــر رفتــار ایفا میکند. مطابق «نظریــه یادگیری اجتماعی»، هرگونــه یادگیری که به صورت گروهی و بین همســالان صورت می گیرد، مــی تواند برای توســعه انتخابهای اخلاقی فردی بســیار مهم باشد. هنگامی که افراد درگیر گفتگوی گروهی در زمینــه اخلاق زیســت محیطی میشــوند، میتواننــد نظر خود را تغییــر دهند وبه اخلاق جدیدی دست یابند (Baker, et al.2019). اخلاقی ژرفانگــر که از تمرکز ارزش ذاتی بر یک عنصرِ خاص اجتناب مــی‌ورزد و تنوع طبیعی را ذاتاً ارزشــمند می‌داند که انسان جزئی از این تنوع است(سهرابی، ۲۰۱۹).

لازم به ذکر اســت که کارکرد مفید و موثر تشــکلهای غیر دولتی به سطح دانش و آگاهی اعضای آن و داشتن روحیه کار گروهی و تیمی وابسته است. این تشــکلها باید از فردگرایی و منفعــت گرایــی شــخصی پرهیــز کننــد در غیراینصورت دیــری نخواهد پایید که فعالیت آنهــا یا متوقف می شــود یا بــه بیراهه خواهد رفت.

نظــر بــه اینکــه در رۆژهــه‌لات (شــرق کردســتان) فعالیت های گروهی و تشکیلاتی مســبوق به سابقه اســت آمادگی جامعه برای پذیرش تشــکلهای غیر دولتی بیش از ســایر نقاط کشــور ایران است و این مهم سبب شده اســت که در اکثر مناطق رۆژهه‌لات علی رغم تهدیدات ناشــی از برخورد امنیتی حاکمیت، شــاهد حضور چشــمگیر این تشــکلها باشیم که بیشــتر آنها در حوزه محیط زیســت فعال هستند. پیشــنهاد می گردد که تشکلهای غیر دولتی در همه‌ی عرصه‌هــا از جمله در بخش محیط زیســت در رۆژهه‌لات گسترش یابند و این تشــکلها نیز ضمن ارتقــای دانش جامعه، موجبات به روز بــودن آگاهی و دانش اعضای خویش را در دســتور کار قــرار دهند. از آحاد جامعه درخواســت می شــود که با تشکلهای فعــال به هر نــوع ممکن همــکاری نمایند. به احزاب سیاســی که تجربه‌های فراوانی در کار تیمــی و فعالیت تشــکیلاتی دارند توصیه می شود که با همه‌ی توان به تشکلهای غیردولتی رۆژهه‌لات کمک نماینــد. نباید فراموش کرد که آینده سرزمین رۆژهه‌لات در گرو مشارکت مردم در حمایت و حفاظت از سرزمین است.

## فهرست مراجع


خســروی فرد، ســام . ۳۹۴ . نقش تشــکلهای غیردولتی در حفاظت



محیط زیست. وبنیار آموزشی سازمان توانا.
(https://tavaana.org)

صالحی، صادق و زهرا پازوکی نژاد. .۱۳۹۵نوسازی بوم‌شناختی و مصرف انرژی، پژوهشنامه توسعه فرهنگی اجتماعی دوره ۱، شماره ۱صفحه ۱۲۴-۱۳۶
(http://jscd.journals.pnu.ac.ir/)

سهرابی، منصور.۲۰۱۹. آموزش اخلاق اکولوژیک ضرورتی انکار ناپذیر. العربیه فارسی.
(https://ara.tv/cevb2)

یعقوبی، جعفر و ساره منصوری، ۱۳۸۹، تحلیل نقش و جایگاه آموزش در سطوح مختلف در حفاظت از محیط زیست، چهارمین همایش تخصصی مهندسی محیط زیست، تهران، دانشگاه تهران، دانشکده محیط زیست.
(https://www.civilica.com/Paper-CEE04-CEE04_830.html)

مختاری ملک آبادی، رضا. عظیمه السادات عبدالهی و حمیدرضا صادقی. ۱۳۹۳ . تحلیل و باز شناسی رفتارهای زیست محیطی شهری مطالعه موردی شهر اصفهان. فصلنامه پژوهش و برنامه ریزی شهری، سال ۵ شماره ۱۸ ، تهران.
(http://jupm.miau.ac.ir )

زاهدی مازندرانی، محمد جواد.۱۳۹۴. نقش سازمان های غیردولتی در پایداری محیط زیست.
(https://rasekhoon.net/article/show/1071934)

سعیدی، محمدرضا. ۱۳۹۳. درآمدی بر مشارکت مردمی و سازمانهای غیر دولتی. ناشر سازمان سمت. صفحات کتاب ، ۳۱۲. شابک : ۹۷۸۹۶۴۵۳۰۷۴۹۱

مریم دامغانی، غلامرضاعبدلی و هومن بهمن پور.۱۳۹۶. بازشناسایی دیدگاه کارشناسان و فعالان محیط زیست نسبت به جایگاه حقوقی و نقش سازمانهای مردم نهاد محیط زیستی در کشور. دوماهنامه پژوهش در هنر و علوم انسانی. سال دوم، شماره چهار(پیاپی شش). صفحه ۹ تا ۲۳
)http://rahs.ir/post.aspx?id=514(

Baker, Melissa M., Grundy, Mardi ., Junmookda, Kimberly D., Macer, Darryl R.J Manzanero, Lea Ivy O., Reyes, Donna Paz T., Ngo Thi Tuyen .,Waller, Alexander Robert.2019. Christchurch, New Zealand : Eubios Ethics Institute. Environmental Ethics Education. Christchurch, New Zealand : Eubios Ethics Institute.
http://www.eubios.info/ 1 v. ISBN 978-0-908897-32-2

Karami Darabkhani, R., Hejazi, S, Y and Rezaei, A. 2019. The role of media and environmental education components on the behavior of environmental NGOs members in Tehran Province. Environmental Sciences Vol.17, No.1, Page:195-210.
) http://envs.sbu.ac.ir/article/view/19896(

Kirac, T.O., Yildiz, M., Cobanoglu, N. 2012. Role of the news in the education of
environmental ethics: a critical approach. Procedia - Social and Behavioral Sciences 47: 938 – 942.

Najam, P., Papa, M., and Taiyab, B., 2006. Global Environmental Governance: A Reform Agenda, Canada, International Institute for Sustainable Development (IISD), Winnipeg

# ئیسلاحات و خولانەوە بە دەوری بازنەدا!

**زانیار ڕۆژهەلاتی**



”

لە ماوەی دووسەت سالی ڕابردووی ئێراندا کە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی سەری هەلدا، هۆکارەکەی بۆ دەیان دیاردەی دەرەکی و نێوخۆیی دەگەڕێتەوە کە هەر کامەو بە ئەندازە و قەبارەی خۆی، لەسەر نێوەرۆک و پێناسەی بزوتنەوەی ڕیفۆرمیستی لە ئێراندا ڕۆلی هەبوو. سەبارەت بە هۆکارگەلی شکستی ڕیفۆرمخوازی حکومەتی لە ئێران دەکرێ هێندێک خالی بنەمایی دەستنیشان بکەین کە ئەو ڕەوتە هەرگیز نەیخواست یان نەیتوانی بە ئەنجامی بگەیێنێت.

“

## پێشەکی

لە ماوەی دووسەدت سالی ڕابردووی ئێراندا کە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی سەری هەڵدا، هۆکارەکەی بۆ دەیان دیاردەی دەرەکی و نێوخۆیی دەگەڕێتەوە کە هەر کامەو بە ئەندازە و قەبارەی خۆی، لەسەر نێوەرۆک و پێناسەی بزوتنەوەی ڕیفۆرمیستی لە ئێراندا ڕۆڵی هەبوو.

نازمولئیسلامی کرمانی دەڵێ لەپاش دۆڕانی یەک لەسەر سێی خاکی ولاتی ئێران لە شەڕەکانی عروسان و پرش و بڵاو کردنی سوپای ئێران کە پشتیوانی و فتوای هەمو مەرجەعە ئایینییەکانیشی لەپشت بوو، خەڵکی ئێرانی لە ڕوی زەینی و ڕەوانییەوە توشی سەرسامی و بێدەنگی و زەلالەتێکی بێ وێنە کردبو کە لە هەردووک بواری شوناسی دینی و قەومییەوە هەستیان بە زەلیلی دەکرد. بەڵام هێندەی پێ نەچوو کە هەواڵی شکستدانی ئەرتەشی عەزیمی تێزاری لە لایەن وڵاتێکی چکۆلەی وەکو ژاپۆنەوە، کێچی دە کەوڵی خەڵکی ئێران هاویشت و ئێرانییەکان پێیان خۆش بوو بزانن هۆکاری ئەو سەرکەوتنەی ژاپۆن چی بوو تا ئەوانیش تاقیی بکەنەوە!

ڕەنگدانەوەی ئەو ڕوانگە و بۆچوونە لە دەسەهەڵاتی قاجاردا خۆی لە بڕیارەکانی عەباس میرزای وەلیعەهددا دیتەوە کە « ڕیفۆرمی لە پەروەردەی چینێکی تێکنۆکرات و پێگەیشتوو لە فەرەنگدا دەدیتەوە کە بێنەوە و دەزگای بروکراسیی ئێران نۆژەن بکەنەوە».

ئەوە یەکەم پێناسە بوو لە ڕیفۆرمی حکومەتی لە ئێران و تا ئەو چرکە ساتەش کە لە ئێران ڕیفۆرمخوازی حکومەتی گەیشتۆتە بنبەست و دەسەڵات خەریکی کوشت و بڕی نارازییانە، هێشتا ئەو پێناسەیە لە ڕیفۆرم جەوهەری داخوازییەکانی ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتییە و نەیانتوانیوە ڕیفۆرمیزمی سیاسی ئاراستەی ناوەندی سەرەکیی دەسەڵات و چەمکی دەسەڵاتداری لە ئێراندا بکەن.

ئەگەرچی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبری بۆلشەویکەکان لە شۆڕەوی و شوێن دانەری بیر و هزری ئەم شۆڕشە لەسەر مێشکی دەیان هەزار کرێکاری پارێزگاکانی باکووری ئێران کە بۆ کار و کاسبی ڕوویان لەو وڵاتە کردبو، توانی چەخماغەی دەسپێکی ڕەوتێکی تازە و ڕادیکال لە ئێران لێدات و ئاراستەی ڕوانگەی تێکنۆکراتەکان لە خزمەتی چینی دەسەڵاتدارەوە بگۆڕێت بۆ ڕوانینی وەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و سازدانی ئالوگۆڕ لە ناوەندی بڕیار، بەڵام هێور بوونەوەی تەبی شۆڕشی بولشەویکەکان و عادەت گرتنیان بە داب و نەریتەکانی نەزمی نێونەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا، شوێن دانەری لەسەر ڕەوتی سیاسیی ڕادیکال لە ئێران هەبوو و بێجگە لە دارمینیان لە بزووتنەوەیەکی ڕادیکال و شۆڕشگێڕەوە بۆ حیزبێکی گوێ لەمست و موحافزەکار، ڕەوتێکی دژە دێموکرات و مورتەجیعی لێ سازبو کە نەیتوانی خزمەتی گەشەی سیاسیی وڵاتەکەی بکات.

شەپۆلی سێهەمی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران کە بە قەولی سەعید حەجاریان هەمان درێژەی ڕەوتی ڕیفۆرمیستیی دەورانی مەشروتەی ئێرانە (کە ئەمن پێم وایە بە نیو هێندی ئەوانیش سادق و بە شەهامەت نین) لە کۆتاییەکانی سالانی دەیەی شێستی کۆچی هەتاوی سەری هەڵدا. شەڕی ئێران و ئێراق لە بواری ئابورییەوە گوشارێکی خستبووە سەر شانی دەوڵەت کە مەجبووری کردبوو شەرت و مەرجەکانی بانکی نێودەوڵەتیی پووڵ بۆ دانی وام بە ئێران قەبوڵ بکات. شەرت و مەرج گەلێک کە داسەپاندنی سیاسەتی لیبرالیزمی ئابوری، بەسەر شێوە کاری دەوڵەتی ڕەفسەنجانیدا فەرز دەکرد. لە بواری




قوتبی ئیدئۆلۆژیکی جیهانی دوو جەمسەری، دەوڵەتی شــورەوی لەژێر گوشار و خەریکی دارمان بوو و گوتاری ئیســلامیی ئێران بۆ نۆژەن کردنەوەی خۆی مەجبور بوو دەست بەرداری ئەو خوێندنەوە چەپیە لە ئیسلام بێت کە ئیدئۆلۆگ گەلی وەکوو شەریعەتی و موتەهــەری پەرەیــان پێ دابــوو. بۆ ئەو مەبەستە ڕەوتی «نواندیشان دینی» خەریکی تێئۆریــزە کردنــی خوێندنەوەیەکی لیبرال بوون لە دین کە شــێواز و ئاراســتەیەکی تازەتری نیشــانی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران دەدا.

لــە هەموی ئەوانــە گرینگتر دەورانی شــەڕی ئێران و عێــراق و جەوی تەبلیغاتی شــەڕ، دەرفەتێکی دابوو بە دەســەڵات کە تــەواوی دژبەران و تەنانــەت ڕەقیبانی خۆی لەنێوخۆی ئێران زیندانــی و قەتلوعام بکات و خەڵکیش لە ترســی پاراستنی تەواویەتی ئەرزیــی وڵاتــی ئێــران، نارەزایەتییەکی ئەوتــۆ دەرنەبرن. بەڵام تەواو بونی شــەڕ دەرفەتێک بوو بۆ نیشاندان و لێک ترازانی وردە ســەلیقەکانی نێو بازنەی ئیدئۆلۆژی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تا هەر کەسە و لایەنەی هێژمۆن و بەرژەوەندییەکانی ماڵی خۆی لە کورسیی حوکمڕانی بچەسپێنێت.

لە ئاســتی پێوەندیــی نێودەوڵەتیدا لە سەرەتاکانی دەیەی حەفتای کۆچی هەتاوی، ئێران لەسەر ئاوێتە بوونی دەستی ڕێبەرانی ئــەو ڕێژمە لە جەریانی تیرۆری میکۆنووس گرفتــاری مەحکومییەتــی نێودەوڵەتــی و نێونەتەوەیــی بوو و وڵاتانــی ئەورووپی بە نیشــانەی نارەزایەتی بەو تیرۆرە و دژایەتی کردنی سیاسەتی تیرۆری دژبەران، خەریکی داخستنی باڵوێزخانەکانیان بوون.

لە وەهــا هەلومەرجێکدا بــوو کە هەر ئــەو ڕەوتــەی کە لە ســاڵانی ڕابردوودا سەرپەرەشــتیاری داگیرکردنی ســفارەتی ئامریکا بوو و سەرۆک وەزیرانی ساڵانی شێست کە هەمــو زیندانیانی سیاســی تێیدا ئیعدام کرابون و ئینقلابی فەرهەنگییان لە زانکۆکان بەڕێوەبردبوو و بەرپرســانیان لــە وەزارەتی ئیرشــاد چارشــێویان لە ســەری ژنان قایم کردبوو و وەزارەتی ئامووزش و پەروەرشــیان بەدەستەوە بوو، بوونە سەرپەرشتیاری ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی لە ئێــران و تەواوی هەوڵیان ئــەوە بوو کە وا بنوێنن چارەســەری ئێران و چارەی ئەو ڕێژیمە و پرســی دێموکراســی و مافــی کەمــە ئایینییــەکان و نەتەوەکان هەموی لە گیرفانی ڕیفۆرمخوازاندایە و لایەنە ڕادیکاڵەکانی کۆمەڵگا غەیری زەرەر و توند و تیژی بەرهەمی دیکەیان بۆ خەڵک نابێت.

دەوڵەتی ئیسلاحات بۆ بەڕێوە بردنی ئەو ئیستراتژیە هەم لە ئاستی دەرەوە و هەم لە ئاســتی نێوخۆ تا ئاستێکی زۆر سەرکەوتوو بو.

لە ئاســتی نێودەوڵەتیدا تۆانــی قەیرانی دیپلۆماتیکی پاش میکۆنۆس چارەسەر بکات و دەوڵەتی تــازە هەڵبژێردراو بــە کرانەوەی سیاســی و کۆمەڵایەتی بە دنیا بناسێنێت و تەنانەت نوسخەی ئاشــتیخوازانەی خۆی بۆ

دنیا لە ژێر ناوی» وتوێژی شارستانییەتەکان» تەجویز بکات.

لــە ئاســتی نێوخۆییدا تۆانــی هەمان تەجروبەی گوتــاری توودە-ئەکســەرییەتی دوپاتە بکاتەوە و بــەو گوتارە نوخبەکانی نێو ڕەوتــە ڕادیکاڵــەکان هەلفریوێنــێ و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان بەرەو ئاقاری تەسلیم تەڵەبی بەرێت.

تەنیا لە مەیدانگەلی وەکوو ئێستا کە تەقینــەوەی ناڕەزایەتیــی خەڵک خەریکە بەســەر کوماری ئیسلامیدا دەڕووخێ، زەرەر و خەســاری نەمانی ئەو گوتار و ڕێکخراوە ڕادیکالانــە بــەدی دەکرێــت کــە دەتوانن ئاراستەی شۆڕش بە دەستەوە بگرن.

ســەبارەت بــە هۆکارگەلی شکســتی ڕێفۆرمخوازی حکومەتی لــە ئێران دەکرێ هێندێک خالی بنەمایی دەستنیشــان بکەین کە ئــەو ڕەوتــە هەرگیز نەیخواســت یان نەیتوانــی بە ئەنجامی بگەیێنێت و تووشــی شکست و دارمانی ئەخلاقی و سیاسیی کرد:

**١** پابەندبــوون و تەئکیــد کردنەوە لەســەر جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتیی ئێران.
**٢** خۆ ســاغ نەکردنەوە لــە نێوان خەڵک و دەســەڵات و بــێ ئیعتبــار بــوون لای هەردووکیان.
**٣** پشــتیوانی لــە حاکمییەت لــەو کاتە هەســتیارانەی خەڵک دەرفەتــی ئاڵوگۆڕی هەبوو.
**٤** بێدەنگی لە ئاست تەنگ کردنەوەی بازنەی ئازادییەکان و داخستن و گیرانی ڕۆژنامەوانان.
**٥** هەبوونــی دەســەڵاتی ســێبەر کــە سیاســەتی کەلانــی وڵاتی لــە دەرەوەی بازنەی توانستی دەوڵەت بەڕێوە دەبرد.

لەسەر ئەو خالانە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە پابەند بوون بە یاســای بنەڕەتیی ئێران و حەول نەدان بــۆ گۆڕینی، یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی ڕەوتی ڕێفۆرم بوو. ئەو یاســایە خاوەنی ئەسڵی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە بوو. ئەو یاسایە تەفکیکی قوای لە بەین بردبوو و هەر ســێکیانی خستبووە ژێر چۆکی ڕێبەر! ئەو یاســایە تەفســیری قانوونی دابوو بە شــۆرای نیگابان و مەجالی هەر چەشــنە هەڵگراندنــی بەشەردۆســتانە و ئازادیخوازانە لــێ وەرگرتبــووەوە. کەچــی ڕێفۆرمخوازان کردبوویانە سەنگەری بەرگری!

خۆســاغ نەکردنەوە لە نێــوان خەڵک و دەســەڵات، بوو بە هــۆکاری ئەوەی کە لە تەواوی ئەو دەورانەی کە حاکمییەت کەوتە بەر پەلاماری خەڵک و خامنەیی لە ترسان بــە چاوی گریانەوە باســی گیانبازیی خۆی بــۆ ئینقلاب دەکرد، ببنە ســوپایی متمانەی نیزام و پاراســتنی تەواوییەتی نیزام وەئەستۆ بگرن. یاســای چاپەمەنییەکان بە دەستوری خامنەیی لــە کاری مەجلیس لادەن و هەم ڕووڕەشیی خۆیان بۆ خەڵک بسەلمێنن و هەم خزمەتێکی بێ مەواجیب بۆ دیکتاتۆر بکەن.

لە کۆی گشتیی ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە تەواوی ئەو کەسانەی وەکوو سەرۆک کۆمــاری ئێــران دیــاری دەکرێــن، پاش شکســتی بەرنامــە و پرۆگرامەکانیــان و لە کۆتاییی تەمەنی سیاســییاندا، هاواریان لێ هەڵدەستێ کە کاربەڕێکەر و تەداروکاتچی و هیچکارەن و دەستانی پشتی پەردە مەجالی ئاڵوگۆڕ نادەن!

بەڵێ، بە پێی یاسا دیاری کردنی سیاسەتە گشــتییەکانی ئێران بە ئەســتۆی ڕێبەرە و سەرۆک کۆمار لە ئاستی سیاسەتی خاریجە و سیاسەتی دیفاعی و ئەمنییەتی و ئیتلاعاتی و ئازادییە ئەساسییەکاندا هیچکارەیە و ئەگەر سەت هێندی تر بە دەوری ئەو نیزامە و هەڵبژاردنەکانیدا بخولێینەوە هەر دەگەینەوە ئەو نوقتەیەی کە خاتەمی و ئەحمەدینژاد و ڕۆحانی هاوار دەکەن کە ئێمە: تەداروکاتچی و بی مەسئولییەت و بێ دەسەڵاتین!

# لێکەوتەی ڕیفۆڕم

**ڕزگار بەهاری**



مێژووی کورد ئاوێتەیە لە خەبات و خوێن دان بە چەشنێک کە ڕۆژژمێری پڕە
لە تراژیدیای ژینۆساید و کۆمەڵکوژی؛ ڕەنگە کەمتر گەلێک بەمشێوەیە خاوەن
مێژوویەکی پڕ لە ئازار بووبێت بەڵام ئێستاکە خاوەن کیان و دەسەڵاتی خۆیانن.
دەشێ هەر تاکێکی کورد لەخۆی بپرسێت هۆکاری هاتنەئارای وەها ڕەوشێک
چەندە پێوەندیی بە هاوکێشەی دەرەکیەوە هەیە و هاوکات چەندە کورد
بەگشتی و دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەتی تاوانبارە لێی.

هاوکێشە جیهانییەکانی هاوچەرخ لەخۆیدا و بەبێ دەستێوەردانی گەلان پێک نەهاتووە، بەڵکوو خواست و پێویستی بۆ دارشتنەوەی قەوارەی نوێ، گەلان و پێکهاتەکانی هان داوە بەردەوام خۆیان نۆژەن بکەنەوە و لەمنێوەدا، سیستمگەلێکی گەورەتر، هەوڵی تواندنەوەی لایەنی دیکە دەدەن کە قەوارە و هێزیان لاوازترە. هاوکێشەکانی چەند سەدەی ڕابردوو کە زلهێز و داگیرکەران ڕۆڵی سەرەکییان لە دیاریکردنیاندا هەبووە، ڕێگر بوون لەوەی کورد ببێتە دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆی هەبێت بەڵام وەک ئاماژە درا، «خواست» و «پێویستی» کاریگەرە لە دارشتنەوەی سەرلەنوێی چارەنووسی گەلان و پێکهاتەکەن؛ یان دەکرێت ڕوونتر بڵێین گەلی کورد کە هەوڵ بۆ گەیشتن بە خواستەکانی دەدات، لە ئاکامدا گۆڕانکاری بەسەر هاوکێشەکاندا دەهێنێت، چونکە ئەمە خواستی نەتەوەیەکە و قەوارەی جیهان بەردەوام لەئاکامی تەقەلای گەلانی وەک کورد خۆی نۆژەن دەکاتەوە.

مێژوو پڕە لە چیرۆکی ئەو دەسەڵاتانەی تەکرەهەند و پێداگر بوون لە سەپاندنی یەک ئایدۆلۆژیا و پشتگوێخستنی گەلەکانیان بەڵام درەنگ یا زوو کۆتاییان پێ هاتووە و هاوکات تەمەنی ئەو دەسەڵاتانەی بە ویست و خواستی ڕۆژی خەڵک، خۆیان نوێ کردبێتەوە درێژتر و بەردەوام بووە. هەرچەندە کۆلۆنیالیزم بە شێوازی ئەمڕۆیی بەردەوامە، بەڵام ئەگەر هەندێک وڵاتانی زلهێزی داگیرکەر، بە چەشنی ڕابردوو لە کۆلۆنیالیزم بەردەوام دەبوون، پەراوێز دەخران و هاوکات، ئەگەر گەلانی بەکۆلۆنیکراو، بەدەستی ئەم وڵاتانە تەقەلای خۆرزگارکردنیان نەکردبا، ئێستاکە خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ نەدەبوون.

لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری هاوشێوەی ئێراندا کە مەترسیی ڕاپەڕین و ڕووخانی لەسەر بێت، چاکسازی و ڕیفۆرم شێوازێکە لە ئاڵوگۆڕی سیستەمی سیاسی و دەروازەی تێپەڕین بەم دۆخەدا بە کەمترین تێچوو. وەها کە دیتمان ڕەوتی ڕیفۆرم ناسراو بە «اصلاحطلبی»، بە هۆکاری چەقبەستوویی سیاسی شکستی هێنا و لە داهاتوودا و لەکاتی گۆڕینی سیستمدا، هەردوو لایەنی خەڵک و دەسەڵات تێچووی زۆری بۆ دەدەن؛ بەڵام بابەتێک کە ڕوونە ئەوەیە کە بەهۆی نەبوونی ڕیفۆرم، دەسەڵاتی ئێران لەڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە شکستی هێناوە و لە داهاتووشدا بە کردەوە شکست دەهێنێت و ناوی دەچێتە مێژووەوە. ڕیفۆرم و خۆ نوێکردنەوە (لە ئایدۆلۆژیا و ستراتیژییەکی هەڵە)، کەمتێچووترین و هاسانترین ڕێگەیە بۆ ڕزگار کردنی حیزب و دەسەڵاتێک لە تێکچوون و بەئەنجامگەیاندنی خواستەکانی گەلێک، بە شێوازێکی نوێ.

لە هەڵسەنگاندنی ڕژێمی ئێران لەگەڵ حیزبەکان لەبواری سەربازی، هەژموون و سیاسیدا، ڕژێمی تاران لەڕووی سەربازییەوە هەڵکشانی هەبووە بەڵام لەبواری هەژموون و سیاسیدا لەوپەڕی لاوازیدایە. لەکاتێکدا حیزبەکان بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی داهاتی بەهێز، لەبواری چەکوچۆڵەوە پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان نەبووە، بەڵام لەڕووی سیاسی و هەژموونەوە جێگە و پێگەیان لەناو کۆمەڵانی کوردستاندا بەهێزترە.

هەرچەند ڕژێمی ئێران چوار دەیە پێشتر توانی لەڕووی سەربازییەوە حیزبە کوردییەکان ناچار بە پاشەکشێ بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان بکات، بەڵام چونکە لەڕووی سیاسییەوە شکستی هێناوە، دەکرێ وەک دەرفەتێک ببیندرێت بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ( لەگەڵ بەهێزکردنی لایەنی سەربازی)، ئەو نابەرابەرییە لە ڕووەکانی دیکەی وەک بواری سیاسی و دیپلۆماسی چڕتر بکرێتەوە. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، وەکوو پێویست لەم کاتەدا کە ڕژێم لەڕووی سەربازییەوە لە ناوەوە و دەرەوە لاوازە، کەڵکیان وەر نەگرتووە و

ئەگەری هەیە پاش ئاڵوگۆڕ بەسەر سیستەمدا، ئەرکەکانیان قورستر بێت؛ چونکە لە داهاتوودا هەر سیستمێک لە تاران پێک بێت، پێوەندیی بەهێزتری لەگەڵ وڵاتان دەبێت و کارتەکانی بەردەستی حیزبە کوردییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

تایبەتمەندیی پرسی گەلی کورد لەوەدایە کە یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی، پێوەندیی بە ساڵەکانی ١٩٢٣ و پاش شەڕی جیهانیی یەکەمەوە هەیە بەڵام ناچارە ئێستا و لە مێژووی هاوچەرخدا کە سنووری وڵاتان بە نێودەوڵەتی کراوان و دەوڵەت-نەتەوەکان دەسەڵاتدارن، مافی خۆی بسێنێت یان بە واتایەک لە جیهانی ئەمڕۆدا، گەلی کورد ململانێی زیاتر لە سەدەیەک پێش ئێستا دەکات، لەگەڵ هێزە ناوچەیی و ڕۆژاواییەکان. ئەم تایبەتمەندییەی پرسی کورد، ستراتیژیی ناوازە دەخوازێت بۆ ئەوەی لانیکەم هاوسەنگیی هێز لەقازانجی خۆی بگۆڕێت. لەم دۆخەدا دیتنەوەی ڕێگەچارەیەک کە هێز و گەلانی ناوچەکە و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا پێمل یان هاوئاهەنگ بە خواستەکانیان بکات، خوازیاری تەگبیری ژیرانە و پلانی پوختەیە.

> **هەرچەند ڕژێمی ئێران چوار دەیە پێشتر توانی لەڕووی سەربازییەوە حیزبە کوردییەکان ناچار بە پاشەکشێ بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان بکات، بەڵام چونکە لەڕووی سیاسییەوە شکستی هێناوە، دەکرێ وەک دەرفەتێک ببیندرێت بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات**

تایبەتمەندییەکی دیکەی خەباتی حیزبی لەوەدایە کە لەگەڵ هێشتنەوەی هێزی سەربازی وەک ئامرازی گوشار، ناچارە وەک هێزێکی ئاشتیخواز دەربکەوێت و ئەمەش بەبێ چالاک کردنی بەشی سیاسی و دیپلۆماسی بەرهەم نایەت. هاوکات لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە، یاسا و ڕێسای جیهانی ئەمڕۆ دژی شەڕی چەکدارییە و لەکاتێکدا جەخت لە ململانێی سیاسی دەکرێتەوە کە داگیرکەران ئامادە نابن لایەنی سیاسی کوردی بە فەرمیی بناسن. لە وەها ڕەوشێکدا جگە لەو خەباتگەلەی ئێستا لەئارادایە، دەبێت حیزبی سیاسیی کوردی، باڵی دیپلۆماسی بەهێز بکات و سەرنجی حیزب و دەسەڵاتی وڵاتانی ڕۆژاوا بەرەو خۆی ڕابکێشێت کە لە کات و شوێنی خۆیدا وەک کارت و لۆبی کەڵکیان لێ وەربگرێت بۆ شەرعیەتدان بە گوتاری بەرگریی ڕەوا.

مێژووی کورد ئاوێتەیە لە خەبات و خوێن دان بە چەشنێک کە ڕۆژژمێری پڕە لە تراژیدیای ژینۆساید و کۆمەڵکوژی؛ ڕەنگە کەمتر گەلێک بەمشێوەیە خاوەن مێژوویەکی پڕ لە ئازار بووبێت بەڵام ئێستاکە خاوەن کیان و دەسەڵاتی خۆیانن. دەشێ هەر تاکێکی کورد لەخۆی بپرسێت هۆکاری هاتنەئارای وەها ڕەوشێک چەندە پێوەندیی بە هاوکێشەی دەرەکییەوە هەیە و هاوکات چەندە کورد بەگشتی و دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەتی تاوانبارە لێی. یەک لە دیارترین ڕەخنەکان کە کۆمەڵگەی کوردی بەرەوڕووی لایەنی سیاسیی دەکاتەوە، ڕەچاونەگرتنی شێوازەکانی نوێی خەباتە کە خۆدارشتنەوە و ڕیفۆرمی نێوخۆیی دەخوازێت.

هێز و دەسەڵاتە جیهانییەکان بەردەوام لە ریفۆرم و خۆ نوێ کردنەوەدان و هۆیە بۆ بەهێز مانەوە و گەشەی زیاتر. ئەگەر حیزب و پێکهاتەیەکی سیاسی بە لەشی مرۆڤ بشوبهێنین، خۆ نوێ کردنەوەی خانەکانی لەش دەبێتە دروستبوونی پێستی نوێ و ڕێگرتن لە سڕبوون و تێکچوونی لەش کەواتە ڕیفۆرم و خۆ نوێ کردنەوە بۆ پێکهاتەی سیاسی، حوکمی گەشە و بەرگری دێت لە کەوتنە قۆناغی پەراوێز کەوتن و مەرگی

سیاسی.
داگیرکـــەران هـــــــەرکام بەشـــێوازی تایبەتبەخۆیان هەوڵـــی بچووک کردنەوەی کـــورد دەدەن؛ وڵاتانی داگیرکەر بەگشـــتی و ئێـــران بەتایبەتـــی، هیـــچ بەهرەیەکـــی گۆڕانکاریـــان تێـــدا نییە کـــە مافی گەلان بەڕێی ئاشتی‌دا بدەن و پرسی کورد چارەسەر بکـــەن. بناژۆخوازان و دەوڵەتانـــی ئێران کە وەک دوو ڕەهەنـــدی ڕکابـــەر، شـــانۆگەری دەکەن، لـــە بنەڕەتدا بەرانبەر مافەکانی کورد یەکهەڵوێست و یەکشـــێوە بیرکردنەوەیان هەیـــە و لە تەنگەژەکانـــدا تاوانەکان دەخەنە ئەســـتۆی یەک. قۆناغی چارەسەریی کێشەی کورد لە ژیانی سیاســـیی دەسەڵاتی ئێستای تاراندا چارەســـەر نابێت و نەتەنها دەسەڵات، گۆڕانکاری و ڕیفۆڕم لە خۆیدا ناکات، بەڵکو تا دێت گوشارەکانی سەر گەلان چڕتر دەکاتەوە. کاتێکیش دانوســـان لەگەڵ حیزب و لایەنی سیاســـی دەکات کە گوشـــاری لەسەر بێت و پاش کۆتایی هاتنی گوشارەکان، لەژێر هەموو بەڵێنەکانـــی دەدات و وەک نەریتی ڕابردووی درێژە بە سەرکوتکاری دەدات.

## نوخبەی گەنج و سەرکردایەتی

خەباتی حیزب و دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک فەنلاند لە دوو وێســـتگەی جیاوازدا جێ دەگرێت بەڵام ســـتراتیژیی هەردووک لەپێنـــاو کەرامەت و خۆش‌گوزەرانی و بەگشتی خزمەت بە خەڵکە. دەکرێـــت بە ڕەخســـاندنی دەرفەتی زیاتر بۆ چینی گەنجان و ژنانی نوخبەی لێهاتوو، نەک هـــەر وزە و بیری نوێ بێتە مەیـــدان بەڵکو توانای دەسپێشخەریی هزری نوێ (iniative) لە خەباتـــی ئەمڕۆییدا ئەزمـــوون بکرێت؛ بۆ نموونـــە پێنج لـــە گەورە بەرپرســـانی وڵاتی پێشکەوتووی فەنلاند ژنانی گەنجن، هەروەها لە وڵاتێکی بەهێزی وەک بریتانیا لە ماوەی ٥ ســـاڵدا ٣ هەڵبژاردن بەڕێوە چووە و بەگشتی، ڕەوتی دارشـــتن و پەسەندکردنی یاسای نوێ لە وڵاتانـــی بەهێز و دیموکڕاتـــدا، خێرایە و یاساکان بەپێی پێویست بەردەوام دەگۆڕێن و لە سۆنگەی دیموکڕاسیەوە جێگۆڕکێ بە هزر و چینە جیاوازەکان دەکریت.
ئەگەرچی ناوەڕۆک و ستراتیژیی خەباتی کـــورد، بە وڵاتانی ڕۆژاوا پێوەر ناکرێت، بەڵام دەتواندرێت ڕەهەندی خەباتی سیاسیی کورد لە هەمان چوارچێو و شێوازی کاری سیاسدای خـــۆی دابڕێژێتـــەوە. پێویســـتە جێگۆڕکێی کاراکتەرە سیاســـییەکانی حیـــزب و لایەنی سیاسی لە ســـەرجەم بەشەکانی کوردستان، بـــە چەند کەس قەتیس نەمێنێتەوە و کەڵک لـــە وزە و هـــزری چینی تازەپێگەیشـــتووی نوخبە وەربگیرێت. بەرهەمی گرتنەبەری وەها سیاســـەتگەلێک، جگە لە دەستپێشـــخەری لە ئەزموونی هزری نوێی خەباتی سیاســـی، دەبێتـــە هـــۆی دەرکەوتـــن وەک لایەنێکی دیموکڕاتیـــک، کە هاوتای یاســـا و ڕێســـای دەســـەڵاتی دیموکراتیکی جیهانی ئەمڕۆیە. ڕەوتـــی سیاســـیی ڕۆژهەڵات بە ســـەرجەم بیـــرە جیاوازەکانییـــەوە، تینـــووی ڕیفۆڕم و پێداچوونەوەیە بە تاکتیک و ستراتیژییەکانی بەرانبـــەر دەســـەڵاتی ناوەنـــد و لـــە پێناو بەرژەوەندیی نیشتمانی؛ بە کۆتایی هێنان بە سیاسەتی خۆپارێز (محافظەکار) و نەریتی و بە کەڵک وەرگرتن لە زانســـتی جیلی نوێی نوخبە، خۆ نوێ بکاتەوە.

## بەرهەڵستکارانی ئێرانی و هاوپەیمانیەتی کورد

زیاتـــر لـــە هەرکاتێک گوشـــارەکانی ســـەر دەســـەڵاتی ئێران زیادی کردووە و چەندین بـــەرەی سیاســـی و بەرهەڵســـتکاری کـــۆن و نوێـــی دانیشـــتووی ئەورووپـــا و ئەمریکا، چالاکییەکانیان چڕتـــر کردووە و ئامادەکاری بۆ پاش ڕووخانی دەســـەڵاتی ئێستای ئێران دەکەن بەڵام، سەرجەمیان بە هەمان چەشن

و مێشکی دەسەڵاتدارانی ئێستای دانیشتووی تاران بیر دەکەنەوە و بڕوایەکیان بە پرسی کورد و مافەکانی نییە. تەنانەت هەندێک جار سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووسی دیاری نێو بەرهەڵستکارە ئێرانییەکان، زمان، کلتوور و هەبووەکانی نەتەوەی کورد کەم دەنرخێنن، یان بایکۆت دەخەنە سەر داواکاریی گەلی کورد کە ئەمە خۆی پەیامێکی ڕوونە بۆ پاش هەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا و هێمای درێژەدانە بە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران لە داهاتوودا.

دەسەڵاتی سیاسیی کورد، کاتێک دەتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت کە تواناکانی خۆی و دوژمن بناسێت و خوێندنەوەی هەبێت بۆ ستراتیژییەکانی بەرانبەر. بۆ زانینی جووڵەی داهاتووی دەسەڵاتدارانی ئێران، پێویستە ئاوڕ لە پێشینەی بدرێتەوە و بە چاوخشاندن بە کارنامەیدا، دەکرێت فام بکەین کە هیچ دەرەتانێک لە چارەسەریی پرسی کورد لە داهاتووی دەسەڵاتی ئێستا و داهاتووی ئێراندا بەدی ناکرێت. سەرەڕای ئەوە، هێندێک لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵات، بەیناوبەین دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی تاران دەکەن و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو بەرهەڵستکارانە واژۆ دەکەن کە هێمایان دیموکراتیکە بەڵام یەک ڕوانگەیان بۆ پرسی کورد هەیە.

وەها سیاسەتگەلێک لەلایەن حیزبی کوردەوە، ڕەوایی دەداتە کلتووری لە سەرەوە ڕوانین بۆ ئێتنیکەکانی دیکە، لەلایەن دەسەڵاتی تاران یان ئۆپۆزسیۆنی فارسی دانیشتووی دەرەوە و هەڵوێست و سیاسەتی ئەم لایەنانە. بەگشتی، سەرجەم چین و بەرهەڵستکارە ئێرانییەکانی ئەورووپا و ئەمریکا

> **داگیرکەران هەرکام بەشێوازی تایبەتبەخۆیان هەوڵی بچووک کردنەوەی کورد دەدەن؛ وڵاتانی داگیرکەر بەگشتی و ئێران بەتایبەتی، هیچ بەهرەیەکی گۆڕانکارییان تێدا نییە کە مافی گەلان بەڕێی ئاشتیدا بدەن و پرسی کورد چارەسەر بکەن**

هەوڵ بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی فارسی سێکۆلار دەدەن کە جیاوازیی ڕوانگەیان، سێکۆلاریسم و جیاکردنەوەی دینە لە سیاسەت کە پاشان وەک دیارییەک بیدەنە نەتەوەکانی دیکە، ئەگەرنا لەبواری ئێتنیکیدا هەمان سیاسەتی ئێستای ئێران پەیڕەو دەکەن.

بنەماڵەی دەسەڵاتداری ڕابردووی ئێران هەوڵ بۆ گرتنەوەی دووبارەی دەسەڵات دەدات و لەلایەن میدیاکانەوە بە چڕی و زیاتر لە هەر چینێکی بەرهەڵستکار زەق دەکرێنەوە؛ وەها ڕەوشێک لە داماویی گەلانی ئێرانە و هۆکاریشی ئەوەیە کە تا ئێستا جێگرەوەیەکی بەهێز نەیتوانیوە وەها شەرعیەتێک بداتە خۆی. تا پێش خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ئەمسال کە هەژاری هۆکاری بوو، خواستی سیاسیی برێکی زۆر لە گەنجانی ئێران بۆ ئازادیی جلوبەرگ دابەزیبوو بەڵام ئێستاکە، گرفتی پیشە و برسیەتی، بووەتە خواستی یەکەمی گەلانی ئێران. بناخە و مێژووی خەباتی لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتر لەوەیە کە پەلە بکات لە هاوپەیمانبوون لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێک کە سەردەمانێک دەستیان بە خوێنی کورد سووربووە و لە ئێستاوە نایانهەوێت مافەکانی کورد و ئێتنیکەکانی دیکە ببینن. ڕەنگە لە ئەگەری یەکگرتنی سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردییەکان، هاوسەنگییەکان بگۆڕێن و ئەوکات بەرهەڵستکارە ئێرانییەکان وەخۆ کەون بۆ خۆ نزیکخستنەوە لە هاوپەیمانیی بەهێزی کوردی، چونکە کورد ئەزموون و قورساییی سیاسیی بەهێزتری هەیە لەنێو پێکهاتەکانی جوگرافیای سیاسیی هەنووکەی ئێراندا.




# «روانگه»


۷

# بۆخەبات چ زۆرە؟ ڕێگا!

**د. سەعید شەرەفکەندی**



یەک بە یەکی خەڵکی کوردستان، بە ژن و پیاو و لاو و پیر، پێویستە لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە گشتییەدا کە کەوتۆتە سەرشانی هەموو خەڵکی کوردستان، نەخشی تایبەتی خۆیان بگێڕن. ئاشکرایە کە لێرەدا دیاریکردنی ئەم نەخشانە بە وردی مومکین نیە. هەروەک گوتمان گرینگ ئەوەیە کە هەر کەس لەوە بگا، لەم پێناوەدا ئەرکی لەسەر شانە و پێویستە بەڕێوەی ببا. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە و هەست بە مەسئوولییەت کردنە هەبێ، ئەودەم هەر کەس بە پێی هەلومەرج و بە گوێرەی ئیمکانات و وەزعی تایبەتی خۆی، ڕێگایەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی دەبینێتەوە، چونکە مەیدانێکی پان و بەرین بۆ خەبات لە پێش چاوە و شێوەی خەبات ڕەنگاورەنگ و جۆراوجۆرن.




چەند مەسەلەیەک وەک پێشینەی مێژوویی و وەزعــی جوغرافیایی، لەگــەڵ هێندێک تایبەتمەندیــی کۆمەڵایەتــی و مەزهەبی و پلەی بەرزی تێگەیشتوویی سیاسی، بوونە هۆی ئەوە کە خەڵکی کوردستان نەک هەر زۆر زۆرتــر لە خەڵکی بەشــەکانی دیکەی ئێران، لە نێوەرۆکی کۆنەپەرســتانە و دژی گەلیی ڕێژیمــی ئاخوندی بگــەن، بەڵکوو بتوانن قارەمانانە لە بەرامبەریدا ڕابوەســتن و لــە ماوەی ئەم ٩-١٠ ســاڵەدا لە هەموو شــێوەکانی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە و، بەتایبەت لە بەرزترین و توندوتیژترین شێوە کە خەباتی چەکدارانە بێ، کەڵک وەربگرن. لە نەتیجەدا خەباتی گشتی لە کوردستاندا، بووەتــە جێــگای هیوا و هۆمێــدی هەموو خەڵکی ئێران؛ بە جۆرێک کە ئەمڕۆ، مێژوو دوو ئەرکــی زۆر گرینگ و لە عەینی کاتدا دژواری خســتۆتە سەرشانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.

**یەکەم:**
جێگیربوون لە ســەنگەری هەرە پێشەوەی خەبــات بــۆ ئــازادی و دێمۆکراســی لە سەرانســەری ئێراندا و بــۆ هەموو خەڵکی ئێران.

**دووهەم:**
ئاڵا هەڵگریی خەبات بۆ ئەســتاندنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی مافخوراو و ژێردەستی ئێــران وەک گەلانــی بەلــووچ، تورکمەن، عەرەب و ئازەری.

خەڵکی تێکۆشــەر و و قارەمانی کوردستان دەبــێ لــە گرنگــی و لــە عەینــی کاتدا لــە پڕشــانازی بوونــی ئــەم ئەرکانە کە هــەروەک گوتمان هەلومەرجــی مێژوویی خستوونیە ســەر شانیان، باش ئاگادار بن و تێبکۆشن کە بە لێوەشــاوەیی و تێکۆشانی شۆڕشــگێرانەی بــێ وچانی خۆیــان، ئەم




ئەرکە قورسە مێژووییە بە ئەنجام بگەیەنن. ئەمە ئەرکێکە کە لە سەر شانی فەرد بە فەردی خەڵکی کوردستانە، نەک هێزی پێشمەرگە بە تەنیایی. خەباتی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە، تەنیا ڕوانگەیەک لە خەباتی گشتی و جەماوەریی کوردستان و شێوەیەک لە ئەنواعی شێوەکانی خەبات و بەربەرەکانێیە.

بە وتەیەکی دیکە، یەک بە یەکی خەڵکی کوردستان، بە ژن و پیاو و لاو و پیر، پێویستە لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە گشتییەدا کە کەوتۆتە سەرشانی هەموو خەڵکی کوردستان، نەخشی تایبەتی خۆیان بگێڕن. ئاشکرایە کە لێرەدا دیاریکردنی ئەم نەخشانە بە وردی مومکین نیە. هەروەک گوتمان گرینگ ئەوەیە کە هەر کەس لەوە بگا، لەم پێناوەدا ئەرکی لەسەر شانە و پێویستە بەڕێوەی ببا. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە و هەست بە مەسئوولییەت کردنە هەبێ، ئەودەم هەر کەس بە پێی هەلومەرج و بە گوێرەی ئیمکانات و وەزعی تایبەتی خۆی، ڕێگایەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی دەبینێتەوە، چونکە مەیدانێکی پان و بەرین بۆ خەبات لە پێش چاوە و شێوەی خەبات ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرن.

لە وتارێکی وەک ئەم وتارەدا ئەگەریش قامک لە سەر شتێک یان چەند شت دابنرێ، تەنیا وەک نموونە وایە و بەس. هەرچەند هێندێک شتی گشتی هەن کە وەک ئەسڵێک یان بناغەیەک پێویستە هەمیشە لە بەرچاو بن. سەرەتای ئەم ئەسڵانە دیارە خەبات و تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لە نێو هێزی پێشمەرگەدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستان نەک بە قسە، بەڵکوو بە کردەوە نیشانی داوە کە حیزبی پێشڕەو و شۆڕشگێری گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە. ئامانجەکان و هەڵوێستە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات ئێستا ئیتر بۆ هەموو خەڵک ڕوون و دیارە. بۆ کەسێک کە هەستی نیشتمانپەروەری و ئامانجی ڕزگاری، لە دڵ ومێشکی دایە و، خەبات لەڕێگای ئازادی و دێموکراسی و وەرگرتنی مافە سەرەتاییە ئینسانییەکانی بۆ خەلکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، بە ئەرکی خۆی دەزانێ، چ ڕێگایەک ڕوونتر لە ڕێگای حیزبی دێمۆکرات و چ تێکۆشانێک پڕ لە شانازیتر و کاریگەرتر لە تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکراتدایە؟ هەر لاوێکی کورد کە وره و توانا لە خۆیدا دەبینێ، ئەوە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی

حیزبی دیموکرات؛ با بێ و سەربەرزو قارەمان خەبات بکا و لە کوورەی خەباتی شۆڕشگێرانەدا قاڵ بێ.

لە پاشان ئەگەر هەر کەسێک بە هەر هۆیەک ناتوانێ ڕاستەوخۆ لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات و شانبەشانی پێشمەرگەکان، ژیانی خۆی تەرخانی خەباتی لێبڕاوو شێلگیردا بکا، خۆ ڕێگای یارمەتیکردن بە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و پێشمەرگە نەبەزەکانی ئەم حیزبە ئاواڵەیە. کێ هەیە بیهەوێ تێکۆشانی سیاسی و نیزامیی حیزبی شۆڕشگیری دیموکرات لە کوردستانی ئەمڕۆدا، یارمەتی بدا و زۆر ڕێگای بۆ ئەم کارە شۆڕشگێرانەیە لە پێش خۆی نەبینێ؟ بە تایبەت لە گوندەکانی کوردستاندا، لە دابینکردنی جێگا و ڕێگا و ئیمکاناتی دیکەی خەبات ڕا بگرە، هەتا پێ ڕاگەیاندنی ئەو ئاگادارییانەی لە سەر وەزعی دوژمن هەیە بە کادرە تێکۆشەرەکان و پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزب.

پێویست بە گوتن ناکا کە بە هۆی فشار و زەبروزەنگی ڕێژیم لە لایەک و، بەربڵاویی مەیدانی خەبات لە لایەکی دیکەوە، چاوەڕوانی لە حیزبی دیموکرات، کە لە ڕێگای کاری تەشکیلاتییەوە هەموو ئەو کەسانەی ئاواتەخواز و ئامادەی تێکۆشان لە ڕیزەکانی حیزبدان سازمان بدا، چاوەڕوانییەکی واقیعی نیە. ئەفرادی شۆڕشگێری ڕاستەقینە بۆ خۆیان زۆر باش دەتوانن لە گەڵ کەسانی وەک خۆیان کەم و زۆر تەشکیلات و پێکەوە کارکردنی لە شێوەی ڕێکخراوی حیزبی ساز بکەن و بە گوێرەی ئیمکاناتی خۆیان تێبکۆشن و خەبات بکەن، هەتا لە کاتی خۆی و لە هەلی موناسیبدا پێوەندی لە گەڵ حیزب دابمەزرێنن و، بە ڕەسمی و بە یەکجاری لە گەڵ ڕیزەکانی حیزب بکەون. با لە شار و گوندەکانی ئەم کوردستانە پان و بەرینەدا، سەدان و هەزاران شانەی گەورە و بچووک لە شێوەی شانەکانی حیزبی بە دەست و بە ئیبتکاری خودی ئەفرادی بەهەست و شۆڕشگێر پێک بێ و، ئەو تێکۆشانە بکا کە شانە و ڕێکخراوی حیزبی دەبێ بیکەن. کوردستانی ڕاپەڕیوی ئەمڕۆ، سەبارەت بە بەشەکانی دیکەی ئێران ئەم ئیمتیازەی هەیە کە هەر کەسێک یان هەر تاقمێک لە ئەفرادی شۆڕشگێر کە خەبات و تێکۆشانی لە لای ڕێژیم ئاشکرا بوو و گیانی کەوتە مەترسییەوە، دەتوانێ بە زوویی و بە زەحمەتێکی زۆر کەمەوە خۆی لە چنگ ڕێژیم ڕزگار بکا و، خۆی بگەیەنێتە ڕیزەکانی حیزب و هێزی پێشمەرگە.

بەراستی کێ هەیە کە هەستی نیشتمانپەروەری و خەباتگێریی هەبێ و بیهەوێ بە کردەوە لەو خەباتە پان و بەرینەدا کە ئەمڕۆ لە گۆڕێدایە بەشداری بکا و ئیمکانێک بۆ ئەم کارە نەبینێ؟ کێ هەیە کە بیهەوێ بە تەنیا یان لەگەڵ چەند کەسی وەک خۆی، تەبلیغی سیاسەتەکان و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکرات بکا، ئامانجەکانی جووڵانەوە بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە، خەڵک بۆ ڕاوەستان و بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیم هان بدا، یارمەتی بە بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و تیکۆشەرانی حیزبی بدا و دەیان کاری دیکەی لەم بابەتانە و ئیمکانی بۆ نەڕەخسێ؟

هەروەک گوتمان، مەیدانێکی پان و بەرین بۆ خەبات لە بەردەستدایە. ئەنواعی ڕێگا بۆ هاتنە نێو ئەو مەیدانە و بەشداری لە خەباتدا لە پێشە، گرینگ ئەوەیە کە هەستی نیشتمانپەرەوری و شۆڕشگێریمان هەبێ و لە گەڵ خۆمان و گەلە ژێردەستەکەمان پەیمانی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و ڕزگاری ببەستین. ئەگینا چ زۆرە؟ ڕێگا!

*. ئـەم وتارە ڕێکەوتی ١١/ ٨/ ١٣٦٨ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە.

# ڕاسان و ڕەهەندە تیۆرییەکانی (٣)

## ئاوڕدانەوەیەکی تیۆری لە خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات

**سمایل شەریفی**



ڕاسان بریتییە لە تێپەڕین لە دۆخێکی «ستەندبای»ی داسەپاو و زۆرەملی
بۆ دۆخێک کە زیاترین پتانسییەلی شۆڕشگێرانە لە ماسوولکە و دەمار و
ئێسقانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریبەخشدا بۆ وە جووڵە کەوتن و وە جووڵە
خستن پاشەکەت کراوە. لەم پێناسەیەدا ڕاسان بریتییە لە گەیشتن بە
شێوازێک لە هەڵسووڕان و ڕێکخستنی حیزبی کە زیاترین «سەرمایەی
شۆڕشگێڕانە» بۆ بزووتنەوەی کوردی دابین بکا.

ئێستا لە ئاستێکداین کە بتوانین بەشێوەیەکی بنەڕەتی بابەتی ڕاسان تیۆریزە بکەین. تا ڕادەیەک باسی ئەوەمان کرد ڕاسان لە کورتترین پێناسەی خۆیدا، بریتییە لە توانستی بەرهەم هێنانی سەرمایەی شۆڕشگێڕانە. سەرمایەی شۆڕشگێڕانەشمان بە توانستی پێک هێنانی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە کۆمەڵگادا پێناسە کرد.

ئەم تیۆرییەی ئێمە بۆ پێناسەی ڕاسان لەڕاستیدا لەسەر بنەمای پەرەپێدانی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ناسراوی فەرانسەوی پییەر بۆردیۆ دامەزراوە. بۆردیۆ لە بواری کۆمەڵناسیدا بەمە ناسراوە کە پەرەی بە چەمکی «سەرمایە» داوە. چەمکی سەرمایە بەر لە بۆردیۆ زیاتر مانایەکی ئابووریی هەبوو واتە هەر بەتەنیا سەرمایەی ئابووری بە سەرمایە ئەژمار دەکرا. بۆردیۆ چوار جۆر سەرمایەی لێک هەڵاوارد. ئەم سەرمایەگەلە بریتی بوون لە:

**١** سەرمایەی ئابووری: کۆمەڵەی ئەو داهات و داراییە ماددییانە دەگرێتەوە کە کەسێک یان کەسانێک وەدەستیان هێناوە یان پێیان گەیشتووە. مڵک و کار و کارخانە لەلایەک و، میرات و داهات و کۆی ئەو کاڵا ماددییانەی لەبەردەستدان لەلایەکی دیکە، بە سەرمایەی ماددی ئەژمار دەکرێن.

**٢** سەرمایەی فەرهەنگی: بریتییە لە کۆی داراییی فیکری کە کەسێک یان کۆمەڵگایەک هەیەتی. ئەم داراییە فیکرییانە، یان لەلایەن سیستمی فێرکارییەوە بەرهەم دێن، یان لە بەرەکانی پێشووەوە بۆ بەرەکانی ئێستا ڕادەگوێزرێن. لە بەراورد لەگەڵ سەرمایەی ئابووری، ئەو داراییە فیکرییانەی لە بەرەکانی پێشووەوە بۆ بەرەی نوێ ڕادەگوێزرێن، لە حوکمی «میرات» دان و ئەو داراییە فیکرییەش کە تازە بەرهەم دێ، لە حوکمی کاسبییەکدایە کە کەسێک بۆخۆی دەیکا. سەرمایەی فەرهەنگی، شێوەی جۆراوجۆری هەیە. شێوەیەکی لە ئاستی تاکەکەسیدا بریتییە لە دۆخێک کە بووە بە لێهاتووییەکی پایەداری جەستەیی، وەک هێزی لێدوان لەبەرانبەر خەڵکدا، جۆرێکی تری بە شێوەی خاوەندارێتیی کاڵای فەرهەنگی وەک بەرهەمی هونەری و تابڵۆی وێنەگەری و ... خۆی دەنوێنێ. جۆرێکی تریشی ئەو سەرمایە فەرهەنگییەیە کە لەلایەن دۆخێکی سەقامگیری کۆمەڵایەتییەوە بەڕەسمی دەناسرێ وەک بڕوانامەی خوێندن.

**٣** سەرمایەی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە کۆی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کەسێک یان دەستەیێک لەبەر دەستیاندایە. با نموونەیەک بێنینەوە. کەسێکی ئاسایی ڕەنگە نەتوانێ لە سەفەرێکی دەرەوەدا لەگەڵ مەقاماتی سیاسیی ولاتێکی بیانی چاوپێکەوتن و وتووێژی هەبێ، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە، ئەندامی باڵای حیزبێکی ناسراو بێ، دەتوانێ بە سیفەتی ئەندامەتی لەم حیزبەدا، چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ولاتێک هەبێ. لەم نموونەیەدا «ئەندامەتی لە حیزبێکی ناسراودا» بۆ کەسە ئەندامەکە چەشنێک سەرمایەی کۆمەڵایەتییە کە کەسی نائەندام لێی بێبەرییە.

**٤** سەرمایەی سەمبۆلیک: پێوەندیی بەم ئیعتبار و پرێستیژەوە هەیە کە کەسێک یان کەسانێک لە کەسانی دیکە و لە کۆمەڵگای وەردەگرن و دەتوانن شانازیی پێوە بکەن. سەرمایەکانی جۆری یەکەم و دووەم و سێیەم زیاتر لە ڕێگای سەرمایەی سەمبۆلیکەوە بەڕەسمی دەناسرێن.

## بۆچی ئێمە پێمان وایە دەبێ سووکە پێداچوونەوەیەکمان بەسەر ئەم تیۆرییەی بۆردیۆدا هەبێ و بە داهێنانێکی تیۆری دەوڵەمەندتری بکەین؟

سەرنجدان بەم خاڵە پێویستە کە بۆردیۆ لە کۆمەڵگایەکدا ئەو تیۆرییەی داهێناوە کە

خاوەنی دینامیسم و جووڵە و گۆڕانکارییەکانی تایبەت بە خۆیەتی. بۆردیۆ کە لە وڵاتێکی ئۆرووپاییدا دەژی پێش‌گریمانەکەی ئەوە بووە کە کۆمەڵگای ئازاد بە چەشنێک ڕێک خراوە کە جووڵە و دینامیسمەکانی بەشێوەیەکی سروشتی سەرمایەی تازە ـ لە هەر چوار جۆرە سەرمایەکە ـ بەرهەم دێنن و سەرمایەکانی پێشوو ڕادەگوێزن. بەڵام با بۆ ساتێک کۆمەڵگایەکی دیکە لە خەیاڵی خۆماندا گریمانە بکەین: کۆمەڵگایەک کە بە هەندێک هۆ بۆ نموونە بەهۆی دەستبەسەرداگیرانی لەلایەن سیستمێکی سیاسیی تۆتالیتێرەوە جووڵە و دینامیسمی سروشتیی خۆی لەکیس داوە و، ڕەوتی بەرهەم هاتن و ڕاگوێزرانی هەر چوار جۆری سەرمایەکە، هەتا ئەوپەڕی خۆی خاو بووەتەوە و لە وەستان نزیک بووەتەوە. دیسان با گریمانەکەمان نەختێک بەربلاوتر بکەین: دوو کۆمەڵگای جیاواز لەبەر چاو دەگرین کە وەکوو یەک جووڵە و دینامیسمەکەیان لێ ئەستێنراوەتەوە. وای دابنێین ئەو دوو کۆمەڵگایە، لە هەموو بارێکەوە جگە لە تایبەتمەندییەک، وەکوو یەکن. لەم دوو کۆمەڵگایانە کە هەردووکیان بۆ ماوەیەکی درێژە لەژێر حوکمی داپڵۆسێنەری سیستمێکی تۆتالیتێردان، یەکێکیان دوای ماوەیەک بە هەندێک ڕێکار دەگا هەتا بتوانێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە خۆیدا پێک بێنێ و سێبەری قورسی سیستمە تۆتالیتێرەکە لەسەر خۆی بڕەوێنێتەوە و، سەرمایە دەستبەسەرداگیراوەکانی ـ لە هەر چوار جۆر سەرمایەکە ـ ئازاد بکا و، بتوانێ سەرمایەی تازەشیان پێوە زیاد بکا، بەڵام کۆمەڵگای دووەم لە توانای پێک هێنانی گۆڕانکارییەکی لەم چەشنە بێبەرییە و هەر بۆیە ڕەوتی بەزایە چوونی سەرمایەکانی پێشووی، درێژەی دەبێ و سەرمایەی تازەشی بۆ بەرهەم نایە.

> **ئەم تیۆرییەی ئێمە بۆ پێناسەی ڕاسان لەڕاستیدا لەسەر بنەمای پەرەپێدانی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ناسراوی فەرانسەوی پییەر بۆردیۆ دامەزراوە. بۆردیۆ لە بواری کۆمەڵناسیدا بەمە ناسراوە کە پەرەی بە چەمکی «سەرمایە» داوە.**

ئێستا دەتوانین چەند پرسیارێک لە خۆمان بکەین؛ پرسیاری یەکەم ئەوەیە: کۆمەڵگای یەکەم چ تایبەتمەندییەکی هەیە کە کۆمەڵگای دووەم نییەتی؟ پرسیاری دووەم ئەوەیە کە ئایا ئەم تایبەتمەندییەی کۆمەڵگای یەکەم هەیەتی بۆی بە «سەرمایە» حیساب دەکرێ؟ و هەر بەم شێوەیە ئایا نەبوونی ئەم تایبەتمەندییە لە کۆمەڵگای دووەمدا دەبێ وەک نەبوونی سەرمایە حیساب بکرێ؟ ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە بە سەرمایە ئەژمار دەکرێ پرسیاری سێیەم ئەمەیە: ئایا لەم دۆخەدا سەرمایەکانی دیکە لەڕووی پارێزران و پێوە زیادبوونەوە نابەستێنەوە بەم سەرمایەیەوە؟ و دواجار پرسیاری چوارەم ئەوەیە ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە بە جۆرێک سەرمایە بزانین چ ناوێک لەسەر ئەم سەرمایەیە دابنێین؟

گومان لە سەرمایە بوونی ئەم تایبەتمەندییەدا نییە، لەبەر ئەوەی هەتا ئەم تایبەتمەندییە سەری هەڵنەدابوو کۆمەڵگا لە حالەتی هەژارییەکی بەرچاو ـ لە هەموو ڕوویەکدا ـ مابووەوە. کۆمەڵگای یەکەم کاتێک توانی پشوویەکی بێتەوە بەر، خۆی و سامانێکی تازە بەرهەم بێنێ و سامانی پێشووی وەکار خاتەوە، کە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لەخۆیدا پێک هێنا. واتە هەتا ئەم گۆڕانکارییە لەئارادا نەبوو، سەرمایەی دیکەش هەر بەرهەم نەدەهات. لەبەر ئەوەی ئەم سەرمایەی جۆری پێنجەمە، توانای پێک هێنانی «گۆڕانکاریی قووڵ» بووە، کەوابوو باشترین ناو بۆ ئەم چەشنە سەرمایەیە بریتییە لە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە.

بۆ ئەوەی باشتر لەم چەشنە سەرمایەیە تێبگەین، با دۆخی وڵاتی ڕۆمانی بەر لە

ڕووخانی ڕێژیمی نیکۆلا چاووشێسکۆ و دوای ڕووخانی لەبەرچاو بگرین. بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی چاووشێسکۆ، ڕۆمانی وڵاتێکی هەژار و خەڵکەکەی لە دۆخێکی نالەباری ئابووریدا دەژیان(کەمیی سەرمایەی ئابووری). ڕێژیمی دواکەوتوو و ئایدۆلۆژیکی چاووشێسکۆ ئیزنی هیچ داهێنانێکی فیکریی نەدەدا کە لە دەرەوەی جەغزی تەنگی ئایدۆلۆژیکی خۆیدا بێ(کەمیی سەرمایەی فەرهەنگی). بە هۆی سیستمی سیخوڕی و ڕاپۆرت لێدان متمانەی خەڵک پێکتر زۆر دابەزیبوو و لەبەر ئەوەی حیزبە سیاسییەکان و دامەزاروە مەدەنییەکان بەکردەوە حەزف کرابوون، کۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەکجار لەکزییان دابوو (کەمیی سەرمایەی کۆمەڵایەتی) و دواجار وڵاتی ڕۆمانی لە هەموو جیهاندا، جگە لە وڵاتێکی وەک ئێران، یەکێک لە بێئیعتبارترین وڵاتەکان بوو ـ چاووشێسکۆ چەند ڕۆژ بەر لە شۆڕشی خەڵکی وڵاتەکەی و گیران و ئیعدامەکەی هاتبووە ئێران و تاجە گوڵینەی لەسەر قەبری خومەینی دانابوو ـ (کەمیی سەرمایەی سەمبۆلیک). دوای ئەوەی خەڵکی ڕۆمانی بەدژی سیستمی چاووشێسکۆ شۆڕشیان کرد و توانییان گۆڕانکاریی زۆر لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵگای ڕۆمانیدا پێک بێنن، سەرمایەی ئەم وڵاتە لە هەموو بارێکەوە ڕووی لە زیاد بوون کرد. دۆخی گوزەران و داهاتی خەڵک بەشێوەیەکی بەرچاو باشتر بوو (هەڵکشانی سەرمایەی ئابووری). بە گەریانی ئازادیی زانیاری و دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە تۆڕە زانستییەکان لە دەرەوەی وڵات، باری فەرهەنگی، گۆڕانکاریی زۆری بەسەرداهات. (هەڵکشانی سەرمایەی فەرهەنگی) کۆمەڵگای مەدەنی ژیایەوە و وڵات لەو قاقرستانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی تێیدا بوو ڕزگاری بوو (هەڵکشانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی) و دواجار ڕۆمانی توانی ئەوەندە ئیعتبار وەدەست بێنێ هەتا ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئورووپا (هەڵکشانی سەرمایەی سیمبۆلیک). ئەو هەموو پێشکەوتنە لە سایەی چی بوو؟ لە سایەی ئەو شۆڕشەی وا خەڵکی ڕۆمانی بەدژی سیستمی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیاندا کردیان. ئەگەر هێزی ئەم شۆڕشەی خەڵک ئازاد نەکرابا، هیچکام لەم سەرمایەگەلەی دیکە زیادیان نەدەکرد. کەواتە سەرمایەی سەرەکی لەم نموونەیەدا، بریتی بوو لەو توانایییەی بۆ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لەخۆیان نیشان دا؛ واتە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە.

زۆر پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە سروشتی سیاسەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەشنێکە کە بە هەر هۆیەک بێ ئیستعدادی دامەزران و دووپات بوونەوەی تۆتالیتاریسم لەم وڵاتانەدا لەچاو ولاتانی دیکە یەکجار زۆر لەسەرە. سروشتی تۆتالیتاریزمیش بەچەشنێکە کە زۆربەی توانستەکانی کۆمەڵگا و زۆربەی سەرمایەکانی زەوت دەکا. کەوابوو لەم وڵاتانەدا قسە کردن لە جۆری پێنجەمی سەرمایە واتە «سەرمایەی شۆڕشگێڕانە» پێویستییەکی تیۆریی زۆری هەیە.

دوای ئەم ڕاستییە لەبارەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاستییەکی دیکەش لەبارەی ئەو وڵاتانەی بەشێک لە کوردستان لەناو سنوورە سیاسییەکانیاندا هەڵکەوتووە، خۆی نیشان دەدا، ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر لە سیستمی سیاسیی ئەم وڵاتانەدا سیکۆلاریسم و دێمۆکراسیش بەشێوەیەکی ڕێژەیی چەسپابن، لە کوردستاندا دۆخەکە دەگۆڕێ و جێگای خۆی دەدا بە دۆخێکی ئۆردووگایی و هەلومەرجێکی شێوە موستەعمەراتیی زەق و ئاشکرا.

واتە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا پاشەکەوت کردنی سەرمایەی جۆری پێنجەم واتە سەرمایەی شۆڕشگێڕانە، پێداویستییەکی دووقات و چەندقاتی هەیە. لە بنەڕەتدا نەک هەر لە کوردستاندا پاشەکەوت کردن و زیاد کردنی هەر چوار جۆرە سەرمایەکەی دیکە

بەستراوەتەوە بە پاشەکەوت کردنی سەرمایەی شۆڕشــگێڕانە، بەڵکوو هەر بەگشتی مانەوەی شوناســی نەتەوەییی کوردیش، بەستراوەتەوە بە ڕادەی سەرمایەی شۆڕشگێرانە.

ئێســتا دەتوانین هەنگاوێک بەرەو پێشتر هەڵبێنینــەوە: فیگۆر و ئارایشــی سیاســیی حیزبەکان، بەگشــتی دەکرێ بە دوو شــێواز ڕێک بخرێ: شێوازی یەکەم ئەوەیە پێکهاتەی سیاسی و ڕێکخستنی تەشکیلاتی بەچەشنێک بێ کە زیاترین پاشــەکەوتی شۆڕشگێڕانەی تێــدا کۆ بێتەوە. شــێوازی دووەمیش ئەوەیە ئــەم گۆڕانکارییانە بە زیــادی و باجهەڵگر و مەترسیهێن بزانین و پێمان وابێ نەک ئێستا بەڵکــوو لە ڕۆژی خۆیدا، حیزبیش شــێوەی ڕێکخستن و چەشــنی جووڵە و هەڵسووڕانی خۆی دەگۆڕێ.

ئێســتا زۆر ڕاستیمان لەســەر ڕاسان بۆ ئاشکرا دەبێ. ڕاسان هەر بەتەنیا دەنگی تەقەی پێشــمەرگە لە ناوخۆی کوردســتان نییە کە ئەگەر ســاڵێک ئەو دەنگە بیسترا پێمان وابێ ڕاســان لەگۆڕێدایە و ئەگەر نەبیسترا پێمان وابێ ڕاسان ڕاوەستاوە. ڕاسان وەدەست هێنانی پتانســییەلێکی شۆڕشــگێڕانەی ئەوتۆیە کە ئامادەباشی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرێوە بردنی پلانە سیاسی و سەربازی و تەشکیلاتییەکان لەوپــەڕی خۆیــدا بــێ، جا چ پێشــمەرگە عەمەلیاتی ئاشکرا لە ناوخۆدا بکا یان نەیکا.

## ئێستا لەبەر تیشکی تیۆریی سەرمایەی شۆڕشــگێرانە دوو پرســی گرینــگ دەخەینە بەر باس.

### پرسی یەکەم

لە مێــژووی هاوچەرخی ئێراندا کوردســتان لەچــاو هەمــوو ناوچەکانی دیکــەی ئێران خاوەنی زیاترین سەرمایەی شۆڕشگێڕانە بووە. لە کوردســتاندا ســەرمایەی ئابووری کەمتر لــە ناوچەکانی دیکە بووە بەڵام ســەرمایەی شۆڕشگێڕانە لە هەموو ناوچەکانی دیکە زیاتر بووە. نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرە لە هەموو پارچەکانی کوردســتاندا سەرمایەی شۆڕشگێڕانە لەوپەڕی خۆیدا بووە. یەکێک لە کێشــەکانی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر پارچەکانی کوردســتاندا ئەوە بــووە کە ئەم ســەرمایە شۆڕشگێرانەیە لە قۆناغی یەکەمدا لە ناوخۆی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن و لە قۆناغی دواتردا نەهێڵن ئەم سەرمایە شۆڕشگێڕانەیە تەشەنە بکا بۆ ناوچەکانی دیکە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرمایە ـ لە هەر پێنج جۆرەکەیدا ـ ئەوەیە کە سەرمایە لە هەر شــوێنێک بێ هێــزی کاری تایبەت بە خۆی بۆلای خۆی ڕادەکێشــێ. هێزی کار بۆ هەر چەشــنە لە ســەرمایەکان بە هێزێک دەگوتــرێ کە ئۆگــری بە بەرهــەم هێنانی سەرمایەکە هەیە و بە کردەوە هەوڵی بەرهەم هێنانی بۆ دەدا. ڕاکێشــرانی هێــزی کار بۆ لای جۆرەکانی سەرمایە لە بواری سەرمایەی ئابووریــدا بەرچاوتــر لە جۆرەکانــی دیکەیە بەڵام ئــەم دیاردەیە لــە جۆرەکانی دیکەی سەرمایەشدا هەیە.

ئەگەر شۆڕشــێکی ڕەســەن لە ئارادا بێ و ســەرمایەی شۆڕشــگێڕانەی تێدا بەرهەم بێ، هێزی شۆڕشــگێر لە هەموو شوێنەکانی دیکە بۆلای ڕادەکێشــرێ. هەموو پارچەکانی کوردســتان لە مێژووی هاوچەرخدا شاهیدی ئەم چەشنە ڕاکێشانە بوونە. دوایین نموونەی ئــەم دیاردەیــە ڕۆژئــاوا بوو کە ســەرەڕای کەمایەســییەکانی، بەرخۆدانەکەی سەرنج و ئامادەیی هەموو هێزە شۆڕشگێرەکانی جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشــا. ڕۆژئاوا تازەترین نموونە بوو بــەڵام یەکەمین نموونە لە کوردســتاندا نەبوو. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەردەمی شۆڕشــی ۴۶ و ۴۷ەوە هێزە پێشــکەوتوو و شۆڕشــگێرە چەپە ئێرانییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشــا. بیرەوەریی کەسانێکی وەک کوروش لاشــایی دەرخەری ئەم ڕاستییەن. ئەم دۆخە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۵۷یش

لە ڕۆژهەڵاتدا درێژەی هەبوو.

### پرسی دووەم

هەموو هەوڵی حاکمییەت ئەوەیە ئاستی ئەم سەرمایەیە لە کوردستان دابەزێنێ. دەسەڵات بەشـــێوەی جۆراوجۆر پلان بۆ خاو کردنەوەی ڕەوتی شۆڕشگێریی ڕاستەقینە و هێنانەخواری ئاستی سەرمایەی شۆڕشگێرانە لە کوردستاندا دەدا. دوو شـــێواز کە دەسەڵات لەم ساڵانەی دواییدا بۆ دابەزاندنی سەرمایەی شۆڕشگێرانە لە کوردستاندا بەکاری هێناوە ئەمانەن:

**یەکەم**. تێوەگلاندنی کەسانێک لە ڕەوتێکی بە ڕواڵەت ڕیفۆرمخوازانە

**دووەم**. پـــاڵ پێـــوە نانـــی بزووتنـــەوەی کـــورد بـــەرەو ئاراســـتەیەکی ڕاسیســـتی و ڕاستئاژۆیانە

نامانـــەوێ ئێســـتا لـــەم نووسراوەیەدا لەسەر باسی دووەم زۆر لەنگەر بگرین. هەر ئەوەندە دەڵێین بزووتنەوەی کوردی هەتا ئێســـتا ئەوەندەی نەتەوەخوازانە بووە ئەوەنـــدەش تایبەتمەندیی ئەنترناسیۆنالیســـتیی هەبـــووە و وێڕای ناوەرۆکـــی نەتەوەیی، خاوەنی ناوەرۆکێکی دێموکرات و مۆدێرنیش بـــووە و هەر بۆیە لەلای هەموو ئازادیخوازانی جیهان وەک بزووتنەوەیەکی ڕەوا چـــاوی لێ کراوە. بەڵام ناحەزانی بزووتنەوەی کورد ماوەیەکە بە وەرمێن خستنی چەشنێک ڕاســـتئاژۆیی و جۆرێک لە شۆڤینیســـم لەناو بزووتنـــەوەی کوردایەتیـــدا، دەیانـــەوێ ئەم بیرۆکەیە بڵاو بکەنـــەوە کە ئەگەر کورد پێی وایە لەناو دەســـەڵات و نەتەوەی باڵادەســـتدا بیری شۆڤینیســـیتی دەرحەق بە کورد زاڵە، بزووتنەوەی خۆێشیان لە چەشنێک جەوهەری شـــۆڤینی بەتـــاڵ نییە. هـــەر لەبنەڕەتدا پاڵ پێوەنانی بزووتنەوەی کورد بەرەو ڕاستئاژۆیی و ڕاسیزم بەمانای ئەســـتاندنەوەی داینەمۆ و گوڕوتینی شۆڕشگێڕانەی ئەم بزووتنەوەیەیە. ســـەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد دەبێ هەر وەک پێشوو لەســـەر دیتنەوەی بزووتنەوەی خۆی لەناو بەرەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و بـــەرەی دوژمنانی ڕاســـتئاژۆیی و کۆنەپارێزی پێداگر بێ.

بەڵام پێویســـتە لەســـەر باســـی یەکەم لەنگەرێکـــی زۆرتر بگرین. ئێمە ســـەرمایەی شۆڕشگێرانەمان وەک پتانسییەلێک بۆ پێک هێنانی گۆڕانگاری لە کۆمەڵگادا پێناسە کرد. دەکرێ پرسیار بکرێ ئایا گۆڕانکارییەکان هەر بە تەنیا بە کـــردەوەی ڕادیکاڵ وەدی دێـــن؟ ناکـــرێ بیر لەوە بکەینەوە لە ڕەوتێکـــی ئارام و لەســـەرەخۆ بەڵام بـــەردەوام و پشـــوودرێژدا ئەم گۆڕانکارییانە لەناو کۆمەڵـــگادا وەدی بێنین؟ هەندێـــک کەس لەســـەر ئەم بڕوایەن مێژوو سەلماندوویە ئەو گۆڕانکارییانەی بە پشوودرێژی و لـــە ماوەیەکـــی دوورودرێژ لە کۆمەڵـــگادا پێک دێـــن، لەچاو ئەو گۆڕانکارییانەی دەســـبەجێ و بەشـــێوەی یەکدابەدوو پێک دێن، زیاتر جێگای متمانەن و ســـەقامگیرتر دەبن و لەو لاشەوە گۆڕانکارییە لەنـــاکاوەکان دوای نیشـــتنەوەی تەپوتۆزی کوڵوکۆیەکان هەمیسان دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێشوویان.

> ئەگەر شۆڕشێکی ڕەسەن لە ئارادا بێ و سەرمایەی شۆڕشگێڕانەی تێدا بەرهەم بێ، هێزی شۆڕشگێر لە هەموو شوێنەکانی دیکە بۆلای ڕادەکێشرێ. هەموو پارچەکانی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا شاهیدی ئەم چەشنە ڕاکێشانە بوونە

لـــەم ســـاڵانەی دواییـــدا بەشـــێک لە حاکمییەتی کۆماری ئیســـلامی هەوڵی داوە بـــە وەدەســـت گرتنی جڵـــەوی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازانـــە هەم هیوایەک لـــە دەروونی هێزە گۆڕانخوازەکانـــدا زیندوو ڕاگرێ و هەم وەکوو «زەربەگیر»ێک شـــەپۆلەکانی بێئامانی نارەزایەتیی کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی خەڵکی ئێران بگێرێتەوە و ئەو شەپۆلانە هێدی بکاتەوە.

بەشـــێک لە خوێدەوارانـــی کوردیش بە هەر هۆیەک بـــێ وەگەڵ ئەم ڕەوتە کەوتوون و گەرەکیانە وا لە خەڵـــک بگەیەنن کە تاقە دەرەتانـــی پێـــک هێنانـــی گۆڕانکارییەکی ســـەقامگیر و جێـــگای متمانە کـــە خەڵکی کـــوردی پـــێ بحەســـێتەوە، تێکـــەڵ بوونە بـــە ڕەوتی ڕیفۆرمخـــوازی. تەنانـــەت ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئاراســـتەیەک ڕۆیشـــتووە کە لەگـــەڵ پەژیوان بوونـــەوەی زۆریەک لە ڕیفۆرمخوازانـــی ناوەندگەرا و کەشـــفی ئەم ڕاســـتییە کە ڕیفۆرمخوازیـــی حکوومەتی لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ بووەتەوە، هەندێک لە ڕیفۆرمخوازە کوردەکان ئامادە نین لە هەڵوێستەکانیان پاشەکشە بکەن.

حـــەز دەکەم بـــە شـــێوەیەکی زەلاڵ و شەفاف هەڵوێســـتی تیۆریی خۆمان دەرحەق بە وتەزای ڕیفۆرمخوازی ڕوون بکەینەوە. ئێمە ڕیفۆرمخوازی بەمانای ڕاستەقینەی خۆی ڕەت ناکەینەوە. لایەنگریی ئێمە لە ڕادیکاڵیسمیش هۆی تایبەت بە خۆی هەیە.

ڕاســـتییەکەی ئەوەیە لە هەر شـــوێنێکدا سترەکتۆرە سیاســـییەکان، ئیزنی بزووتنەوەی ڕاســـتەقینەی ڕیفۆرمخوازانـــە بـــدەن، ئـــەم بزووتنەوەیە لە درێژخایەندا دەتوانێ شوێنی خۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بەجێ بێڵێ. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی لە ئێراندا، ئەم سترەکتۆرە سیاسییانە ونن. نەک هەر ونن بگرە ســـترەکتۆرەکان بەچەشـــنێک گووراون کە بزووتنەوە ڕیفۆرمخوازانەکان، بکەن بە کارتی دەســـتی حاکمییەت و، هێزی مانۆر دان و هەڵسوورانی زیاتر لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا بدەن بە حاکمییەت.

ئێمـــە چـــۆن دەتوانیـــن ڕیفۆرمخوازیی ڕاســـتەقینە لە ڕیفۆرمخوازیی چەواشـــە جیا بکەینـــەوە؟ دیارە ئەم دوو ڕەوتە بە تێپەڕینی کات بـــەرە بەرە لێک جیا دەبنەوە؛ هەر وەک چۆن ئەگەر وای دابنێین ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا لە ســـاڵی ٧٦ەوە هـــاوکات لەگەڵ دەورەی ســـەرکۆماریی ســـەید محەممـــەد خاتەمییەوە دەستی پێ کرد، ئێستا دوای ٢٢ ســـاڵ، ئیتر بۆ زۆربەی چالاکە سیاسییەکان دەرکەوتـــووە کـــە ئـــەم ڕەوتـــە ڕەوتێکـــی ڕاستەقینەی ڕیفۆرمخوازی نییە و کەڵکەڵەی زیاتری ئەم ڕەوتە، بریتییە لە تاقی کردنەوەی شـــێوازێکی جیاواز بۆ پاراستنی حاکمییەتی دەســـتەڵاتی کۆماری ئیســـلامی؛ بەڵام ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمان ئەوەیە پێوەرێکی تیۆری بۆ لێک جیا کردنەوەی ئەم دوو ڕەوتە بە دەستەوە بدەین.

بـــۆ وڵام دانەوەی ڕوون بەم پرســـیارە ســـێ پێشەکیی کورت دێنینە بەرباس.

## پێشەکیی یەکەم

هەر بزووتنەوەیەک چ ڕیفۆرمخواز و چ ڕادیکاڵ، دینامیســـمی خۆی لە شـــوێنێکی تایبەتەوە وەردەگرێ. لێرەدا مەبەســـتمان لە دینامیسم ســـەرچاوەی ئەو گوڕوتینەیە کە بزووتنەوەکە زیندوو ڕادەگرێ و بەرەو پێشی دەبا.

## پێشەکیی دووەم

پێویستە پێکهاتەی دەســـەڵات و پێکهاتەی کۆمەڵایەتـــی، بە شـــێوەی گریمانەیی لێک جیا بکەینـــەوە. ناوکی حاکمییەت ســـەر بە پێکهاتەی دەســـەڵاتە و کۆمەڵگای مەدەنیش سەر بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە.

## پێشەکیی سێیەم

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیش دەتوانین بەسەر دوو دەستەدا دابەش بکەین: یەکەم، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەگەر دەســـەڵات گەمارۆی بدا، بەشی زۆری وزە دەروونییەکەی لێ زەوت دەبـــێ و دووەم، پێکهاتەیەکـــی کۆمەڵایەتی کـــە تەنانـــەت بـــە گەمارۆدرانـــی لەلایەن حاکمییەتیشەوە، وزەکەی لێ زەوت ناکرێ.

ئێســـتا بە باشترین شێوە دەتوانین وڵامی

ئەم پرســـیارە بدەینەوە کە بە چ پێوانەیەکی تیـۆری، دەتوانیـــن ڕەوتـــی ڕیفۆرمخوازیی شـــوێندانەر لەگـــەڵ ڕەوتـــی ڕیفۆرمخوازی ناڕاستەقینە لێک هەڵاوێرین.

ئـــەو ڕیفۆرمخوازییـــەی ســـەرچاوەی سووتەمەنی و دینامیسمەکەی لەناو پێکهاتەی دەستەڵاتدایە ڕەوتێکی چەواشەیە.

ئـــەو ڕیفۆرمخوازییـــەی ســـەرچاوەی سووتەمەنی و دینامیسمەکەی لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدایـــە بەڵام دەســـتەڵات دەتوانێ پێکهاتـــە کۆمەڵایەتییەکـــە گەمـــارۆ بـــدا و پتانسییەلەکانی زەوت بکا، ڕیفۆرمخوازییەکی چەواشە نییە بەڵام شوێندانەریش نییە.

ڕیفۆرمخوازیی ڕاســـتەقینە ڕیفۆرمخـــــــوازییەکـــە کـــە دینامیسمەکەی لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بـــێ و هەر کات دەســـــەڵاتیش کۆمەڵگاکـــەی گەمـــــــارۆ دا، ســـەرچاوەی بزووتنەوەکە ویشکایی نەیێ.

دژایەتیـــی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕەوتەی وا بە ناوی ڕیفۆرمخوازیی حکوومەتـــی نـــاوی دەرکردووە بەهـــۆی دژایەتیمـــان لەگەڵ نەفسی ڕیفۆرمخوازی نییە. ئێمە لەســـەر ئەو بڕوایەین ئەگەر دۆخی عەینی بۆ خەباتی ڕیفۆرمخوازانە ئامادە بێ، ئەم شـــێوە خەباتە لەپاڵ شێوەکانی تری خەبات دەتوانێ لە کۆمەڵگادا سەرمایەی شۆڕشگێرانە بەرهەم بێنێ. لە ڕوانگەیەی ئێمـــەوە، ڕیفۆرمخوازیی حکوومەتی لە خانەی یەکەمی ڕیفۆرمخوازیدا جێگای بۆ دەبێتەوە کە ڕەوتێکی چەواشەیە.

ئێستا پرســـیارێکی دیکە دەورووژێنین. گوتمان لە چەشنی سێیەمی ڕیفۆرمخوازیدا سووتەمەنیی خەباتی مەدەنی لە شوێنێکەوە دابین دکرێ کە دەســـەڵاتی تۆتالیتێر وزەی ئـــەم شـــوێنەی پێ کـــپ ناکـــرێ. خەباتی مەدەنی ناو شـــار ئەگەر بە وزەی ئەم شوێنە پشتئەستوور بێ بە گەمارۆی حاکمییەت لە پێ ناکەوێ و شەپۆلەکانی دانامرکێنەوە. ئەو ســـەرچاوەیەی وا سووتەمەنیی خەبات دابین دەکا، خەباتی شاخە.

ئێستا مانای زۆریەک لە ستراتێژییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. کاتێک ئێمە باســـی لێک بەســـتنەوەی خەباتی شار و شـــاخ دەکەین، مەبەســـتمان گرینگـــی دان بـــە شـــێوەی ســـێیەمی خەباتی مەدەنـــی و ڕیفۆرمخوازانە و ڕەتکردنـــەوەی دوو شـــێوەکەی دیکەیە. لـــە خودی دەســـتەواژەی «خەباتی شـــاخ»دا وشەی «شـــاخ» ناوی شوێنێکی جوغرافیایی نییـــە بەڵکوو ناوی «دۆخ»ێکـــە کـــە ســـەرچاوەی خەبات و ڕاپەڕینە. جا ئەو شوێنە چ لە بەغدای بەر لە شۆڕشـــی ١٣٥٧ بـــێ و چ لـــە قەندیلی سەرەتاکانی دەیەی حەفتا بێ و چ لە کێلەشینی دوای ڕاسان.

> راستییەکەی ئەوەیە لە هەر شوێنێکدا سترەکتۆرە سیاسییەکان، ئیزنی بزووتنەوەی ڕاستەقینەی ڕیفۆرمخوازانە بدەن، ئەم بزووتنەوەیە لە درێژخایەندا دەتوانێ شوێنی خۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بەجێ بێڵێ

خەباتی شاخ نەک هەر مانا دەدا بە خەباتی شـــار، بەڵکوو بەگوێرەی پرەنسیپەکانی ڕێئال پۆلێتیک، دەتوانین بگەین بەم قەناعەتە کە بە بـــێ هەبوونی هێـــزی خەباتی شـــاخ، ئێمە تەنانەت لەسەر مێزی وتووێژیشدا سەنگێکی ئەوتۆمان نابێ. کاتێک دکتۆر قاسملوو ئامادە دەبوو لەسەر مێزی وتووێژ دابنیشێ کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەوپەڕی ئامادەییی خۆیدا بوو. ئێســـتا لـــە دۆخێکـــی ئەوتۆدا، هەندێک کەســـایەتیی سیاســـیی کارتۆنی دەیانەوێ لاســـاییی دیپلۆماســـیی وتووێژی دکتـــۆر قاســـملوو بکەنەوە کە نـــەک هەر خاوەنی کەمترین ســـەرمایەی شۆڕشگێرانە نیـــن، بەڵکوو هاوئاهەنگ لەگـــەڵ ناحەزانی بزووتنەوەی کورد ڕاســـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژایەتیی ڕاسانیش دەکەن.

# " وتووێژ "

# ئەزموونی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەکە بەدەر لە شێوازێک لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی نییە

**وتوویژ لەگەڵ د. سەعید شەمس**



سەعید شەمس لە ساڵی ٢٠٠٦ لە زانکۆی ڕۆیاڵ هالۆوەی دوکتۆرای کۆمەڵناسیی وەرگرتووە. لە ئێستادا مامۆستای کۆمەڵناسییە لە زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان. بەشێک لە نووسراوەکانی بریتین لە: ناسیۆنالیزم، ئیسلامی سیاسی و پرسی کورد لە ئێران: تێڕامانێک سەبارەت بە هەڵکشان و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە ئێران (DVM Verlg, 2011)؛ ایرانیت و کردیت: همزیستی یا همستیزی (دەزگای موکریانی، ٢٠١١) و تیۆریی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ (چاپەمەنیی مانگ، ٢٠١٩).

**۱** *ئێوە لە ساڵی ٢٠١١ کتێبێکتان بە ناوی ایرانیت و کردیت: همزیستی یا همستیزی [ئێرانییەت و کوردایەتی: پێکەوەژیان یان دژبەیەکبوون] چاپ کردووە و لە دەستپێکدا هەوڵتان داوە بە شێوازێکی نوێ پەیوەندییەک لە نێوان ناسیۆنالیزمی ڕووسی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی ساز بکەن. دەکرێ بۆمان شی بکەنەوە کە بۆ پێتان وایە ڕۆشنبیرانی ئێرانی لە ناو کولتوورێکدا پەروەردە بوون کە لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمی ئیمپراتۆریی ڕووسیادایە؟*



لەو نامیلکەیەدا سەرنجی سەرەکی لەسەر پەروەردەبوونی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیی ڕووسیدا نییە، بەڵکوو ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەکوو "ناسیۆنالیزمی فەرمی› (official nationalism)، کە لە ڕووی تیۆریکەوە ناسیۆنالیزمی ڕووسی نموونەی ناسراوی ئەو شێوازە لە ناسیۆنالیزمەیە، شرۆڤە و گەڵاڵە کراوە. وەکوو ئێوەش ئاگادارن ئەو نامیلکەیە لە سێ بەش پێکهاتووە و بەشی یەکەم باسی ناسیۆنالیزمی فەرمی (رسمی) دەکات.

لە ڕاستییدا، من سەرەتا بەشی سێیەمی ئەو نامیلکەیەم نووسی. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار لە پاییزی ساڵی ١٣٨٨ (٢٠٠٩.ز) لە ماڵی هاوڕێیەکم لە لەندەن میوان بووم و بۆ یەکەم جار چاوم بە نامیلکەی «کردستان: علت تداوم بحران آن پس از انقلاب اسلامی» نووسینی حەمید ڕەزا جەلایی پوور کەوت. من دەمزانی کە جەلایی پوور بۆ ماوەیەک فەرمانداری مەهاباد بووە و شاهید و بەشداری سەدان تاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەیە، بۆ وێنە کوشتنی ٥٩ کچ و کوڕی بێ تاوان لە مەهاباد بوو کە لە ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە، هاوشێوەی نەریتی نازییەکانی ئاڵمانی و نموونەیەکی بەرچاوی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی بوو، کوژران. هەر بۆیەش ئەو نامیلکەیەم قەرز کرد و خوێندمەوە و پێم سەیر بوو کەسێکی کۆمەڵناس کە ئێستا لایەنگری چاکسازییە (ئیسلاحات)، پاش ئەزموونی خۆی لە موکریان بەو شێوەیە باسی مەسەلەی کورد دەکات.

ئەو کاتە نیزیک بە شەش ساڵ بوو کە ڕژیمی سەددام حوسێن ڕووخابوو و کورد لە سیستمی نوێی عێراقدا خاوەنی پێگەیەکی بەرچاو بوو و مەسەلەی کورد لە نێو ڕووناکبیرانی ئێرانی جێی باس و موناقشە بوو، هەر بۆیەش بڕیارمدا ئەو نامیلکەیە بخەمە بەر باس، کە کورتکراوەی ئەو پێداچوونەوەیە، بەشی سێیەمی «نامیلکەی کوردییەت و ئێرانییەت ...» پێکدێنێ. ئەڵبەت لەو بەشەدا لە چەند شوێن ئاماژەم بەوە کردوبوو کە بەدەر لە کەموکۆرییەکانی باسی جەلایی پوور، ئەو باسە جیددیترین کاری هاوچەرخی نووسەرانی ئێرانییە کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد نووسراوە و تێڕوانینی زۆریەی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە چوارچێوەی ئەو باسەی جەلایی پووردا جێدەگرێ و هەر بۆیەش دەبێ باسی لە سەر بکردرێت.

هاوڕێیەکم کە ڕەشنووسی یەکەمی خوێندەوە، گوتی ئەو وتەیە، واتا ڕوانگەی جەلایی پوور، نوێنەرایەتیی تێفکرینی زۆربەی ڕووناکبیرانی ئیرانی دەکات، پێویستی بە باسێکی تێروتەسەلتر و زۆرترە. هەر بۆیەش من دوو بەشی یەکەم (ناسیۆنالیزمی ڕەسمی) و دووەم (گۆڕان لە وێژمانی مەشرووتە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ڕەسمی لە ئێران) م ئامادە کرد و بەشی سێیەمیشم کورت کردەوە و لە سەرەتای ساڵی ١٣٨٩ه. (٢٠١٠.ز) لە وێبلاگی "اخباری ڕوز› لە سێ ئالقەدا بڵاو بووە. ئەو سێ ئالقەیە دوایە لە ساڵی ٢٠١١ لە باشووری کوردستان وەکوو

ناميلكە چاپ بوو.

وەکوو ئاماژەی پێ کرا ئێستا نیزیک بە دە ساڵ دەبێ کە بەشی یەکەمی ڕەشنووسی ئەو بابەتە نووسراوە. ئەو کات هەرچەند گۆڕانێکی جیددی لە ڕوانگەی ڕووناکبیرانی ئێرانی، بە تایبەت گرووپە چەپەکان سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەبیندرا، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆربەی ئەوان بە ڕاشکاوی بەرگرییان لە سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر بە پرسی کورد نەدەکرد. لە ڕاستییدا، زۆرینەی ئەو ڕووناکبیرانە سنوورێکی پڕ ڕەنگیان لە نێوان میرات، ئەزموون و نەریتی شۆڕشی مەشرووتە و سەڵتەنەتی پەهلەویدا وێنا دەکرد. بە واتایەکی تر، هێشتاش ئەو باوەڕە باو بوو کە ویژمانی شۆڕشی مەشرووتە وەکوو ویژمانێکی نەتەوایەتی جیاوازیی گەوهەریی لەگەڵ سیاسەتی پەیڕەوکراوی ڕژیمی پەهلەوی بەرانبەر بە کورد و نەتەوە ژێردەستە و غیر فارس زمانەکانی دانیشتووی ئێران هەیە. ئەو کات زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانە ڕەزاشایان بە باوکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی قەبوول نەبوو.

من بە پێچەوانە پێموابوو کە پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لە نێوان ئەو دوو بۆچوونە و ئەو پەیوەندییەم لە چوارچێوەی ویژمانی «ناسیۆنالیزمی فەرمی یان ڕەسمی» ئاراستە کرد. یانی لێرەدا من باسی ئەوە ناکەم کە ڕووناکبیرانی ئێرانی لە بەستێنی کولتوورێکدا پەروەردە بوون کە لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی ئیمپراتۆریی ڕووسیادایە. بەڵکوو باسەکە بەو شێوەیە کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە لە جووڵانەوەی مەشرووتە دا پێکهاتەیەکی جەماوەری بەخۆیەوە دەگرێ لە ماوەی یەک دەیە (١٩١٠-١٩٢١) و لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی ئێران بەرەوە ناسیۆنالیزمی فەرمی (ڕەسمی) دەگۆڕدرێ.

**٢** *ئەگەر سەرەدەمی مەشرووتەی ئێرانی وەکوو دەستپێکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی سەیر بکەین، ئێوە هەوڵتان داوە لە نێوان لایەنی ڕۆمانتیکی ئەم ناسیۆنالیزمە و لایەنی سیاسیی ئەم ناسیۆنالیزمە، بە واتایەکی ڤیبەری، خزمایەتییەکی هەڵبژێرانە (Elective Affinity) ساز بکەن. دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو بۆچوونە زیاتر شی بکەنەوە؟*



من لەو باسەدا ئاماژە بە بۆچوونی ڕۆمانتیکی-ناسیۆنالیستی جیلی دووەمی مەشرووتەخوازەکان و پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ توێژێکی سیاسەتوان، کاربەدەست و بۆرۆکراتیک دەکەم. بۆ ئەو مەبەستە یارمەتیم لە چەمکی "خزمایەتی هەڵبژێرانە"ی ماکس ڤیبەر وەرگرتووە. لەو ناميلكەیەدا من هەوڵم داوە بە کورتی ئەو چەمکە شی کەمەوە، بێگومان باسێکی جیددی ئاکادێمی سەبارەت بە ئەو بابەتە لە دەرەوەی باسی سەرەکیی ئەو ناميلكەیە بوو.

سەبارەت بە ئەو دوو گرووپە و تایبەتمەندییەکان کە پرسیاری ئێوەیە، لە لایەکەوە باسی توێژێکی پۆپۆلیست و ئارمانخواز کە نوێنەری بەردەوامی شەپۆلی ناسیۆنالیستیی قۆناغی مەشرووتە بوون، کراوە. لە لایەکی ترەوە، باس لە گرووپی دووەم کراوە کە بریتیی بوون لە سیاسەتەوان، ڕووناکبیری دەوڵەتی و بۆرۆکراتیکەکانی ڕژیمی قاجار. گرووپی یەکەم، وەکوو قوتابییانی شەپۆل و نەریتی شۆڕشی مەشرووتە، خولیای چاکسازیی ئێرانییان لە سەر بنەمای شارستانییەتی ڕۆژئاوایی و دینامیزمی مۆدێرنیتەدا لە بەرنامە و فیکردا بوو. کۆمەڵێک توێژەر ئەو بۆچوونە وەکوو ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیک شی دەکەنەوە.[1] ئەو گرووپە هەستێکی توندی ناسیۆنالیستییان لە گەڵ ئۆتوپیای پەرەسەندن و چاکسازی

و نوێسازیی ئێرانی ئاوێتەی یەکتری کردبوو. ناودارترین کەسایەتییەکانی ئەو گرووپە عارف قەزوینی، لاهووتی و میرزادەی عیشقی بوون. ئەو تێڕوانینە ناسیۆنالیستییە بۆچوونێکی پۆپۆلیستی بوو کە لایەنگری لە خەڵکی ئاسایی و نەتەوەی ئێران لە بەرانبەر دەوڵەتدا دەکرد. بەڵام، دۆخی ئاڵۆز و قەیرانی وڵاتی ئێران لە ساڵانی پێش و دوای شەڕی جیهانی، کە تا ئاستی دابەش بوون و نەمانی ئێران وەگەڕ کەوتبوو، بە شێوەیەکی ئاشکرا ناتەباییەکی قووڵی خستبووە ناو وێژمانی ئەو گرووپە. یانی لە لایەکەوە، ئەو جیلە ڕووناکبیرە لایەنگری مۆدێرنیتە و شارستانییەتی ڕۆژئاوایی بوون، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە توندی هەستێکی دژە-ڕۆژئاواییيان هەبوو. لە لایەکەوە، هۆگری چاکسازی و نوێسازیی وڵات بوون و لە هەموو میراتی نەریتیی ئێرانی بێزار بوون؛ لە لایەکی ترەوە، شانازییان بە ئێرانی باستان و دەسکەوتەکانی دەکرد. هەر ئەو ناتەباییە بنەمایەک بۆ شیوازێک لە "خزمایەتیی هەڵبژێرانە"ی ئەو گرووپە لەگەڵ گرووپی دووەم بوو.

گرووپی دووەم، زۆرتر سیاسەتوانان و کاربەدەستانی ئیداری و ئەفسەرانی بەرپرسی ئەرتەش بوون. لەو نامیلەکەیەدا باس کراوە کە گرووپی دووەم وەکوو کاربەدەستی دەوڵەتی بە هیچ جۆرێک لە ڕوانگەی ڕۆمانتیکی و هەستییانەوە سەیری دۆخی ئەو سەردەمەیان نەدەکرد، ئەو گرووپە سەربەخۆیی سیاسیی وڵاتی کرد بە ناوەندی وێژمان ئێرانی و هێڵە سەرەکییەکانی شۆڕشی مەشرووتەی تەنیا وەکوو پاشکۆی ئەو هێڵە ناساند. ئەوەی لەو باسەدا گرینگە تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو گرووپە نییە بەڵکوو ئەو بەستێنەیە وا لە سەر بنەمای تایبەتمەندییەکانیان ڕێخۆشکەری خزمایەتیی هەڵبژێرانەی ئەوان بوو.

> ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە لە جووڵانەوەی مەشرووتە دا پێکهاتەیەکی جەماوەری بەخۆیەوە دەگرێ لە ماوەی یەک دەیە (١٩١٠-١٩٢١) و لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی ئێران بەرەوە ناسیۆنالیزمی فەرمی (ڕەسمی) دەگۆڕدرێ

وەکو ئاگاداران ماکس ڤیبەر ئەو چەمکەی لە نامیلکەی «ئەخلاقی پرۆتێستانی و ڕۆحی سەرمایەداری» دا گەڵاڵەکردووە. ڤیبەر ئەو نامیلکەیەی لە ساڵی ١٩٠٤ی زایینیدا بڵاو کردۆتەوە. لەو نامیلکەیەدا پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان باوەڕی ئایینی کە لە دوای ڕیفۆرماسیۆن (چاکسازی)ی دینی گەشەی کردبوو لەگەڵ باوەڕی عەقڵانی و کردەوەیی، کە ئاکامی پیشەسازی بوو، لە شارە گەورەکانی ئەورووپا وەگەڕ کەوتبوو و ڤیبەر نێوی دەنێت ڕۆحی سەرمایەداری، شی کراوەتەوە. سەرنج دان بە ساڵی چاپی ئەو باسە گرینگە، چونکە زۆر کەس ڕوانگەی ڤیبەر وەکوو ڕەدکردنەوەی ڕاستەخۆی تیۆری و مێتۆدی مارکس سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری لێکدەدەنەوە. بە متمانەوە دەتوانین بڵێین ئامانجی ڤیبەر لە نووسینی «ئەخلاقی پرۆتێستانی و ڕۆحی سەرمایەداری» دژایەتی و ڕەدکردنەوەی ڕوانگەی مارکس نەبوو. بە پێچەوانەوە ڤیبەر گرینگییەکی تایبەتی دەدا بە فەلسەفە و ئانالیزی مارکس. کێشەی سەرەکیی ڤیبەر لەگەڵ مارکسیستەکان و بە تایبەت لەگەڵ مارکسیستەکانی ئاڵمانی و دوایەش لەگەڵ باڵشویکەکانی ڕووسی بوو. ڤیبەر بەردەوام ئەو مارکسیستانەی تاوانبار دەکرد کە بە شێوەیەکی ڕەمەکی (عامیانە) لە هزری مارکس گەیشتوون. ڤیبەر پێی وابوو کە لە ساڵانی دوایی مەرگی مارکس ڕوانگەیەکی ویشک و پۆزیویستی بە سەر مارکسیستەکانی ئاڵمانیدا زاڵ بووە کە لە

ئاکامیــدا ڕوانگەی مارکســیان لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵ کردەوە.

بە گشــتی ڤیبــەر ســەرهەڵدانی هیچ دیاردەیەکــی کۆمەڵایەتیی تــەک ڕەهەندی نەدەدیت و لەو گۆشــەنیگایەوە سەرهەڵدانی ســەرمایەداری لــە بەشــێکی ئەورووپــا بێگومــان ئاکامی گۆڕانێکــی تەک ڕەهەندی نەبوو و پێشــی وانەبوو مارکس سەرهەڵدانی سەرمایەداری تەک ڕەهەندییانە لێکداوەتەوە و ڕوانگــەی جیــاواز لــە مارکس بــە واتای ڕەدکردنەوەی یەکلایەنەی مارکس نییە. هەر بۆیەش دەڵێت: «بە هیچ شــێوەیەک ئامانجی ئــەوەی نییە کە شــرۆڤەیەکی یەک لایەنــەی ماتریالیســتی کە ســەرهەڵدانی سەرمایەداری تەنیا دەبەســتێتەوە بە هۆکاری ئابوورییەوە، لەگەڵ لێکدانەوەی یەکلایەنەی کولتــووری بۆ ئەو دیاردەیە بگۆڕێ. یانی بگوترێ زاڵ بوونــی پرۆتێســـــتانیزم بۆتــە هــۆی ســەرهەڵدان و سەقامگیریی ســەرمایەداری لە ڕۆژئاوا.»[۲]

چونکە ڤیبەر ســەرهەڵدانی ســەرمایەداریی وەکـــــوو دیاردەیەکی چەنــد ڕەهەندی دەبینــی، وێناکردنی شــێوەیەکی جیاواز لە شــرۆڤەی مارکس (نــەک ڕەدکردنەوەی) بــە پێویســت دەزانــی. لــەو ناملیکەیــەدا بەپێچەوانــەی مارکس، جەختی ســەرەکیی توێژینــەوەی ڤیبــەر لــە ســەر پێکهاتە و ڕێکخراوەی ســەرمایەداری نییــە بەڵکوو لە سەر ڕۆحی ســەرمایەدارییە. فەسڵی دووەمی ئــەو ناملیکەیەش بۆ ئەو مەبەســتە تەرخان کراوە. لەو فەســڵەدا باس لەوە دەکرێت کە تایبەتمەندیــی ڕۆحی ســەرمایەداری، نابێت لە ویســت و خولیای کەڵەکەکردنی سوود و قازانج بۆ بەکارهێنانی شەخســیدا ببیندرێت، بەڵکوو لە لــە «بەڵێنداریی دیســـپلینانە بۆ کارکردنی وەکوو ئەرک و وەزیفەیە، کارکردن بۆ تەڵەکەکردنی سەرمایە و بەکارنەهێنانی بۆ پێداویستی و بخوری شەخسی» سەیر بکرێت. ڕۆحی سەرمایەداری بۆ ڤیبەر لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی نائەقڵانییە کە لەگەڵ ئەخلاقی پرۆتێســتانی «خزمایەتییەکی هەڵبژێرانەی» هەیە و تەنیا لە پەیوەندیی چالاکیی ئابووریی ســەرمایەداری وەکــوو سیســتەم، حاڵەتی ئەقڵانی بەخۆیەوە دەگرێ.

لێــرەدا پارادۆکســێک لــە نێــوان تەڵەکەکردنی ســەرمایە و بەکارنەهێنانی بۆ مەبەســتی تاکییانــە، لە نێوان ڕۆحی سەرمایەداری و پێکهاتە و ڕێکخراوەی ســەرمایەداری، خۆی دەردەخات. پاژی ئانالیزی و ڕێگەی چارەســەرکردنی ئەو پارادۆکسە بۆ ڤیبەر لە پەیوەندی لە نێوان ڕۆحی سەرمایەداری و کاکڵی ئەخلاقیی پرۆتێســتانی دەبێت لێکبدرێتــەوە. ڤیبەر بە تایبەت ســەرنجێکی تایبەت بۆ شــرۆڤەی لێکدانەوەی چەمکی «بانــگ کــردن» کــە هێڵێکی گرینگی تیۆلۆژی پرۆتێســتانی بوو و لە کاتی ڕیفۆرماســیۆنەوە گەشــەیەکی بــێ وێنەی بەخۆیــەوە دیبوو، دەدات. بــە واتایەک، ئەو بــاوەڕە ئەگەر تاک بەرپرســایەتیی ئەخلاقیی خــۆی بەرانبەر بە خــودا لە ژیانی ڕۆژانە و لــە کاری ڕۆژانە بە جێ بگەیەنێ دەتوانێ متمانەی ئەوەی هەبێت کە یەکێک لە هەڵبژاردەکان بێت بۆ ڕزگاری.

> **بە باوەڕی من نوخبەی ئێرانی، لانیکەم بەشی سێکۆلاری لە شۆڕشی مەشرووتەوە تا ساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی لە سیاسەتدا کەمتر گرفتی نەریتی ئیسلامی هەبوو. هەڵبەت ئەو نوخبەیە ژمارەیەکی زۆر نەبوون**

لە ڕوانگەی پرۆتێستانیزم و کالڤینیزمەوە کاری جیددی و دووری لە تەنبەڵی لە ژیانی ڕۆژانــە و بەرهەمهێنانی بەهــا ماددییەکان و تەڵەکــەی ســەرمایە باشــترین ڕێگەیە بۆ بەئەنجام گەیاندنی بەرپرســایەتیی ئەخلاقی بەرانبەر بە خودا. ئەڵبەت سەرمایە و سەروەت

بۆ خۆی ڕزگاریی بەخت «زەمانەت» ناکات، بەڵام تەڵەکەکردنی سەرمایە و سەروەت دەتوانێ نیشانەی وەدواکەوتنی بەرپرسایەتیی ئەخلاقی و ڕێگەیەک بۆ بانگ کردن بێت. هاوکات پرۆتێستانیزم و بە تایبەت کالڤینیزم لە سەر ئەم باوەڕە بوو کە کاری سەخت و کۆکردەنەوەی پارە و سەرمایە بۆ ڕابواردن، ژیانی خۆش نییە و ئەو پارەیە دەبێت بۆ خەڵکی هەژار و خێر لە ڕێگەی خودادا بەکار بهێندرێ. گرینگیی ئەخلاقی پرۆتێستانی بۆ ڕۆحی سەرمایەداری لە بەئەقڵانی کردنی ئەو کردەیەدایە کە پێشکەشی دەکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە پرۆتێستانەکان بە هۆی باوەڕی ئایینییەوە وەدوای کاری سەخت و دژوار دەکەون و ڕۆحی سەرمایەداری لە سەر بنەمای بازاڕی کار و دابەش بوونی هێزی کار پێداگری لە سەر کاری دیسپلینی دەکات. لە ئاکامدا بەستێنێکی لەبار بۆ پەیوەندیی هەڵبژێری لە نێوان ئەو دوو بۆچوونە دەرەخسێت. لە ڕوانگەی ڤیبەرەوە ڕەنگە ئەو دوو لایەنە هەست بە ئەو پەیوەندییە نەکەن و کاریگەریی دەستنیشان کردن و ئانالیزی «خزمایەتی هەڵبژێرانە» لێرەوە هەڵدەقوڵێ کە زۆر ئاشکرا و ڕوون نییە.

من لەو نامیلکەیەدا، ئاماژە بە شێوازێک لە خزمایەتیی هەڵبژێرانە لە نێوان دوو گرووپی ڕووناکبیری ئێرانی و ئەو قۆناغەی مێژووی ئێرانم کردووە. وەکوو لەوێدا باسکراوە بە هیچ جۆرێک نابێ پێگەی جیاوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و هەروەها تێڕوانینی فیکریی جیاوازی ئەو دوو گرووپە لە بیر بکەین.

**۳** *ڕۆشنبیرانی ئێرانی (وەکوو زۆربەی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین) کاتێک بەرەورووی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی دەبنەوە دەیانەوێ بە مەیلی خۆیان بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە هەڵبژێرن. ئەگەر بۆ مارکس بگەڕێینەوە مۆدێرنیتە هەموو ئەو شتانەی کە ڕەق و بەهێز بوون دەکاتە تۆزی بانان، بەڵام ئیلیتی ئێرانی نایەوێ دەستبەرداری بنەما فیکرییەکانی نەریتی ئیسلامی بێتەوە. بە باوەڕی ئێوە ئەم شێوازە تێگەیشتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی داناوە؟*



بە باوەڕی من نوخبەی ئێرانی، لانیکەم بەشی سێکۆلاری لە شۆڕشی مەشرووتەوە تا ساڵی ۱۳۳۲ ی هەتاوی لە سیاسەتدا کەمتر گرفتی نەریتی ئیسلامی هەبوو. هەڵبەت ئەو نوخبەیە ژمارەیەکی زۆر نەبوون و بەشی زۆریان ئەو کەسانە بوون کە یا دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسابوو ژیان و کولتووری ڕۆژئاوا ڕاستەخۆ ئەزموون بکەن و یان ئاگاداری بن. لە نێوان ۱۳۳۲ تا کۆتایی دەیەی چلی هەتاوی ئێمە شاهیدی قەیرانی سێکۆلاریزم لە ئێران بووین. سەرهەڵدانی وێژمانی «گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵک» کە بەستێنێکی لەباری بۆ گەشەی بیری ئیسلامی سیاسی خۆش کرد. بیری ئیسلامی سیاسی لە ڕەوتی شۆڕشی ۱۳۵۷ بوو بە وێژمانی زاڵ. هەر بۆیەش ئەو گوزارەیەم بە دڵ نییە کە بڵێن نوخبەی ئێرانی ناخوازێ واز لە بنەما فیکرییەکانی ئیسلامی بێنێت. من پێم وایە نابێت ئەو سێ قۆناغە و تایبەتمەندییەکانیان لە بیر بکەین. باس لە سەر ئەو سێ قۆناغە و نابەردەوامیی مێژوویی هەم لە دەرەوەی پرسیاری ئێوەیە و هەمیش کاتێکی زۆری دەوێت.

**۴** *لە کتێبی ئێرانیت و کردیتدا بەکورتی باس لە ڕوانگەی هێشتر سەبارەت بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی دەکەن. هەرچەند لەوێدا وردەکارییەکانی تیۆرییەکەی هێشترتان شی نەکردووەتەوە، بەڵام ئایا پێتان وایە دەکرێ لە ڕوانگەی کۆلۆنیالیزمەوە سەیری پرسی کورد لە*

*سەدەی بیستەمدا بکرێ؟*



بەڵێ، من تەنیا ئاماژەیەکی سەر پێییم بە کتێبەکەی مایکڵ هیشتر کردووە. لە ڕاستییدا ئەو کتێبە هەر چەند لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینیدا چاپ بوو، یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی بابەت و باسی ناسیۆنالیزمە (ئەڵبەت لە ڕوانگەی منەوە). سەردێڕی کتێبەکە خۆی زۆر شت دیاری دەکات: «کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی: زێواری سێڵتیک لە ڕەوتی گەشەی ناسیۆنالیزمی بریتانیایی». وەکوو خۆتان دەزانن دوورگەی بریتانیا لە چوار نەتەوەی ئینگلیسی، سکاتلەندی، وێلزی و ئیرلەندی پێکهاتووە. لەو گۆشەنیگایەوە سەردێڕی کتێبەکە تا ئاستێک ئاشکرای دەکات باسەکە لە سەر چییە، چونکە ئاماژەیەکی ڕاستەخۆ هەیە بە ئەوە کە زمان، کولتوور و پێکهاتەی ئێتنیکی ئینگلیسی لە ڕەوتی ویناکردنی نەتەوەی بریتانیایی خۆی بە سەر کولتوور و ئێتنیکی سێڵتیکیدا زاڵ کردووە.

مایکڵ هیشتر لە دەستپێکدا چەند پرسیار و سەرنج ئاراستە دەکات. یەکەم، چۆن کۆمەڵگاکان قۆناغی عەشیرەیی و قەومی بەجێ دێڵن؟ چۆن ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاواز و خۆبژیو و ناپەیوەستەی ناوچەکان لە ڕەوتێکی مێژووییدا لە ڕوخسار و پێکهاتەیەکی یەکگرتووی نەوەییدا خۆیان جێگیر دەکەن؟ دووەم، چ تشتێک بناغە و بنەمای دیاردەی نەتەوایەتی پێکدێنێت؟ هەر دوو پرسیارەکە تێکئالاون، چون زۆربەی نەتەوەکان کە ئێستا بە فەرمی ناسراون لە دوو یان چەن گرووپی کولتووری پێکهاتوون.

لە جوابی پرسیاری دووەمدا هیشتر دەڵێت کۆمەڵناسیی کلاسیک لە ڕوانگەی دۆرکایمەوە جوابی ئەو پرسیارەی داوەتەوە: «لە ناخی هەر نەزمێکی کۆمەڵایەتیدا شێوازێک لە «ڕامانی کۆمەڵی»[٣]، واتا کۆمەڵێک بەهای کۆمەڵایەتی و نۆرم کە شەرعییەت دەدەن بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، بوونی هەیە. ئەو ڕامانە کۆمەڵایەتییانە پێوەری سەرەکین بۆ ئەوەی کە کولتوورێک لە کولتورێکی تر جیا کەینەوە، و هەر ئەوەش پێوەری ناوەندییە بۆ جیاکردەنەوە و پێناسەی نەتەوەکان لەیەکتر.

هیشتر لێردا لە پاڵ گرینگی دان بە ڕوانگەی دۆرکایم، خاڵێکی پرسیارئامێز ئاراستە دەکات و دەڵێت: ”چەمکی نەزمی کۆمەڵایەتی لە ناوەندی تیۆریی کۆمەڵناسانە و توێژینەوەدایە. بەڵام پێ داگری لە سەر ئەوە کە دیاردەیەیەک بە نێوی «ڕامانی کۆمەڵی» لە پێکهاتە و بناغەی کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە، پێداویستیی خوێندنەوەی کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە سەر ڕامانی کۆمەڵی زەق دەکاتەوە (هیشتر: ٤). بە واتایەکی تر، گەلۆ ناتوانین دەوری ڕامانی کۆمەڵی لە وێناکردنی کولتووری نەتەوەیی بە جیددی نەگرین، بەڵام ئەو دیاردەیە خۆی لە ڕەوتی مێژووییدا لە گۆڕاندایە.

لە پاڵ ئەو تەوەرە، هیشتر ڕاستییەکی مێژوویی زەق دەکاتەوە و سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشی کە بۆ یەکەم جار لە ناوچەکانی باستیل لە ئیسپانیا، وێسێکس و دوایە لەندەن لە بریتانیا و هتد، بوو کە دەوڵەتی ناوەندی بە دەسەڵات سەریهەڵدا و سەقامگیر بوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەو ناوەندانە (باسیل، لەندەن) جیاوازیی کولتوورییان لە گەڵ ناوچەکان هەبوو، پێشمەرجی وێناکردنی کولتووری نەتەوەیی ئەوە بوو کە کولتوورە ناوچەییەکان ئاویتەی ئەو کولتوورە ناوەندییانە ببن تا لە ئاکامدا دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز ڕوخساری دەوڵەتی نەتەوایەتی بەخۆیەوە بگرێ. لە سەر بنەمای ئەو دەسپێکەدا کتێب و توێژینەوەی هیشتر خوێندنەوەیەکە بۆ یەکگرتوویی و ململانێ ئێتنیکی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە نێوان

ساڵانی ١٩٦٦-١٥٣٦ لە ڕەوتی پەیدابوونی نەتەوەی بریتانیا. هیشتر ئەو توێژینەوەی بە چاوپێداخشاندن و بەکارهێنانی کۆمەڵێک سەرچاوە و داتا و بەڵگەگەلی گرینگی دەوڵەتی بەئەنجام گەیاندووە.

باسی سەرەکی سەبارەت بە پەیوەندیی ناوەند و ناوچە، یان ناوچەکانە لە ڕەوتی وێناکردنی کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی نەتەوەییدا. هیشتر دوو قۆناغی مێژوویی بۆ ئەو مەبەستە لێک جیادەکاتەوە. یەکەم، قۆناغی پێش پیشەسازی. لەو قۆناغەدا ناوەند و ناوچەکان جیاواز لەیەکتر پێکهاتە و شێوەی ژیانی تایبەت بە خۆیان هەبوو و هەرچەند ناوەند بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی زۆرتر کاریگەریی لە سەر ناوچەکان هەبوو، بەڵام ئەو کاریگەرییە نەدەگەیشتە ئاستی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ناوچەکان. لە قۆناغی دووەم کە لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی پیشەسازییدا دەست پێ دەکات، مەسەلەکە دەگۆڕدرێ. یانی ئەو شێوازە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە کە لە ناوەندەکاندا گەشە دەکات پاش ماوەیەک خۆی بە تەواوی بە سەر ناوچەکاندا دەسەپێنێ .

لەو باسەیدا هیشتر دەڵێت: «ئەگەر بکرێت بە شێوەیەکی تۆکمە پێناسەیەک بۆ چەمکی نەتەوە گونجاو بێت، ئەو پێناسەیە ناکرێ لە سەر بنەمای چۆنایەتیی ئەزموونی یان چەندایەتیی ئەندامانی پێکهێنەری نەتەوە گەڵاڵە بکرێت. واتا ئەو چەمکە پێش لە هەر تشتێک بریتییە لە هەستی یەکگرتوویی گرووپێک بەرانبەر بە گرووپێکی تر. واتا ئەو چەمکە گرێدراوی بەهاکانی چۆنایەتییە نەک داتای چەندایەتی. هەر بۆیەش، سەربەخۆ و تەنانەت لە دەرەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی وەکو جیابوونەوە و یان داگیرکردن، نەتەوەکان لە دایک دەبن و یان لە ناودەچن. دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوەیی تا ئەو ئاستەی کە ئۆتۆریتەی لە لایەن گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەسند کرابێت شایانی نازناوی دەوڵەتی نەتەوەییە و دەکرێ بڵێین شەرعییەتی هەیە و هەر ئەو دەوڵەتەیە کە بە دەوڵەت-نەتەوە ناسراوە.»[٤]

لە بەشێکی تری باسەکەیدا هیشتر باس لە دوو ئاکامی داگیرکاریی سەرزەمینی دەکات. یانی ئەگەر وڵاتێک سەرزەمین یان بەشێک لە خاکی لایەنێکی تر داگیر بکات، دەکرێ ئەو داگیرکارییە لە لایەن خەڵکانی ئەو ناوچەیەوە هەم شەرعی و هەمیش ناشەرعی لێکبدرێتەوە. ڕەنگە لە زۆر حاڵەتدا زۆرینەی خەڵک ئەو کارەی ڕژیمی داگیرکەر بە ناشەرعی بنرخێنن. بەڵام ئەگەر ئەو دەوڵەتە دوای چەند جیل بتوانێ لایەنگری و مەشرووعییەت لە لایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەوە بۆ خۆی مسۆگەر بکات ئەو کات داگیرکاری دەبێت بە پەرەسەندنی نەتەوەیی. لە لایەکی ترەوە، ئەگەر ئەو دەوڵەتە لە درێژخایەندا نەتوانێ خۆی وەکو ڕژیمێکی قانوونی لەو ناوچەیە جێگیر بکات و دەنگ و ڕای ئەو خەڵکە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، ئەو کات ئەو کارە پەرەسەندنی ئیمپریالیستییە، چونکە ئمپراتۆرییەکان لە سەر بنەمای نەزمێکی ناهاوسەنگی کولتووری و کۆمەڵایەتی وێنا دەکرێن.

> ئەزموونی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەکە بەدەر لە شێوازێک لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی نییە. بۆ وێنە، لە دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایی لە ئێران، نەتەوەی کورد لە ئێران بە گشتی دژی ڕژیمی ئایینی و ویلایەتی بوو و ڕژیمی نوێی دەسەڵاتدار لە تاران هیچ پێگەیەکی لە کوردستان نەبوو

هیشتر لەو باسەیدا چەمکی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە سەر ئەزموونی ٤٠٠ ساڵەی ئینگلیزییەکان لە دورگەی بریتانیا بۆ دروست کردنی ئیمپراتۆریی بریتانیا، گەڵاڵە دەکات. بۆچوونێک لە کۆمەڵناسیی

سیاسیدا لە سەر ئەو گریمانەیە وەستاوە کە پێکهاتەی سیاسی نەزمی ئیمپراتۆری لە درێژخایەندا بەرەو ناسەقامگیری دەڕوات. هەر بۆیەش، چارەنووسی ئیمپراتۆرییەکان لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یەکەم، بەرەو لاوازی و ڕەوتی بەباڵکانی کردن واتا دابەش بوون بەسەر یەکینە کولتوورییە جیاوازەکان و هەڵوەشاندنەوە، بڕۆن. لە حاڵەتی دووەم، کە لە مێژوودا زۆر دەگمەنە، لە ڕەوتێکی مێژووییدا ئیمپراتۆرییەکی چەند نەتەوەیی بە نەتەوەیەکی هاوپەیوەستە لە دایک بێت.

لە سەر بنەمای ئەو باسەی هیشتر، ئەزموونی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەکە بەدەر لە شێوازێک لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی نییە. بۆ وێنە، لە دوای ڕووخانی ڕژیمی پاشایی لە ئێران، نەتەوەی کورد لە ئێران بە گشتی دژی ڕژیمی ئایینی و ویلایەتی بوو و ڕژیمی نوێی دەسەڵاتدار لە تاران هیچ پێگەیەکی لە کوردستان نەبوو. لە شەڕێکی دژوار و نابەرانبەردا چەندین ساڵە ڕژیم شار بە شار و دێ بە دێی کوردستانی داگیر کردووە. لەو ڕەوتەدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی بوو کە بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان، بە ڕاشکاوی پاکسازیی ئێنیکی کردە بنەمای سیاسەتی دەوڵەتی خۆی. کاتێ لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژئاوا دەستەواژەی پاکسازیی ئێتنیکی بۆ پێناسەی تاوانی سێربەکان لە دژی نەتەوەکانی تری یۆگوسلاوی لە شەڕی ناوخۆییدا گەڵاڵەکرا، سێربەکان قەت ئەو پێناسەیان قەبووڵ نەکرد. لە حاڵێکدا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت ئایەتوڵڵا خۆمەینی، بە دەیان جار و بە ئاشکرا فەرمانیان دەکرد تا سیاسەتی پاکسازیی کافرەکان (واتا نەتەوەی کورد) لە کوردستان جێبەجێ بکرێت. دوای نیزیک بە چوار دەیە داگیرکردنی کوردستانی بە هەموو بەها مرۆڤیی و ماددییەکانیەوە تا ئێستاش ڕژیمی ئێران نەیتوانیوە شەرعییەتی لە ناو خەڵکدا هەبێت. چ جیاوازییەک لە نێوان داگیرکردنی شاری سنە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە لایەن ئەرتەش و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ داگیرکردنی شاری عەفرین لە کوردستانی ڕۆژئاوا هەیە؟ بەڵێ دەکرێ و دەبێ لە ڕوانگەی کۆلۆنیالیزمەوە سەیری پرسی کورد بکەین.

**٥** *لە مۆدێلی سێ ڕەهەندی بۆ ناسیۆنالیزم دیڤید میللەر سەرەرای گرنگی دان بە هەر کام لە ڕەهەندەکانی ناسنامەی تاکەکەسی و هەروەها پرسی ئەخلاقی بۆ ناسنامە، باس لەوە دەکات کە ئەندامەکانی هەر نەتەوەیەک خوازیاری ئەوەن لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. بە باوەڕی ئێوە ئایا دەکرێ کورد لە ناو چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوەکانی چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، سوریا و عێراق چارەنووسی خۆی دیاری بکا؟ بە سەرنجدان بەوەی کە میلەر ئاماژە بەوە دەکا ئەندامەکانی هەر نەتەوەیەک بۆ سازکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی پێویستە بە نەتەوەیەکەوە گرێ بدرێنەوە (واتە نەتەوەی خۆیان خۆش بوێ) و لە هەمان کاتدا ڕقیان لە ئەویترەکانیان (لێرەدا تورک، فارس و عەرەب) هەبێ.*



بە کورتی و کرمانجی نا، و پێم وایە پێویست بە باسێکی زۆری نییە. پتر لە یەک سەدەیە و لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و لەو کاتەوە کە ئەو چوار دەوڵەتە لە سیستمی نێونەتەوەییدا بە فەرمی ناسراون، خەباتی نەتەوەی کورد بەردەوام بووە و پرسی کورد بۆتە کیشەیەکی گەورە کە وزەی مرۆڤی و ماددییەکی زۆری ئەو چوار وڵاتەی بۆ کووژاندنەوەی تەرخان کراوە. بەڵام نەک

هەر چارەسەر نەکراوە بەڵکوو لە ئاستێکی پان و بەرینتردا یەخەی ئەو وڵاتانەی گرتووە. مەسەلەی کورد تەنیا باسێکی فیکری و تیۆریکی و رووناکبیرانە نییە، بەڵکوو لە کردەوەدا خەباتی نەتەوەیەک بۆ زیندوو مانەوە و مێژوویەکی پتر لە یەک سەدەی هەیە، ئەگەر دەرەتانی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە یەکێک لەو چوار وڵاتە ببایە، تا ئێستا شاهیدی دەبووین.

**۶** *عەباس وەلی سەبارەت بە ئاخێزگەی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە و پێیوایە کە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەرەنجامی سیاسەتی نکۆڵی کردنی دەوڵەت - نەتەوە مۆدێرنەکانی ناوچەکە بووە و کوردەکان بەرپەرچی ئەم حاشاکردنەیان داوەتەوە. هەروەها ئەو باس لەوە دەکا ئەم دیالێکتیکی نکۆڵی کردن و بەرنگاربوونەوە، تاکوو ئێستاش، سروشتی ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی) دیاری دەکا. ئاشکرایە ئەم خوێندنەوەیە لە ناو پارادایمی مۆدێرنیستیدا ساز کراوە، بەڵام هەم لە رووی مێژووییەوە رەخنەی لێ دەگیرێ، هەم ناتوانێ تایبەتمەندیی لێک گرێدراویی بزووتنەوەی کوردایەتی لە پارچەکان راڤە بکا. لە هەمان کاتیشدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەگەر کوردایەتی تەنیا بەرەنگاری ناسیۆنالیزمی رەسمی ئەم چوار دەوڵەت نەتەوە بووەتەوە، چۆن توانیویەتی دیسکۆرسی تایبەت بە خۆی ساز بکا؟*



پرسیارێکی سەرنجراکێشە و زۆریش بە جێیە، بەڵام باشترە راستەخۆ ئاراستەی د. وەلی بکەی. لە سەر بۆچوونی د. وەلی من لە چەند شوێن قسە و باسم کردووە و وپێم خۆش نییە لێرەدا ئەو باسانە دووپات کەمەوە. ئێوە بەدروستی دەڵێن روانگەی کاک عەباس لە رووی مێژووییەوە رەخنەی لێگیراوە. کاتێ بۆ یەکەم جار وتارەکەی کاک عەباس لە گۆڤاری «کریتیک» لە ژێر سەردێری «دروست کردنی ناسنامەی کوردی لە ئێران» لە ساڵی ١٩٩٥ بڵاو بووەوە، شارەزایانی مێژووکار کۆمەڵێک سەرنجیان سەبارەت بەو باسە هەبوو. بۆ وێنە کاتێ کاکڵی باسەکەی د. وەلی وەکوو پرۆژەیەک لە ژێر ناوی «سیاسەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان: پەیدابوون و رەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران» بڵاو بووەوە، کاک ئەنوەر سوڵتانی وەکوو مێژووکاری ناسراوی کورد کۆمەڵێک تێبینیی هەبوو کە بە مەبەستی چاککردن و پێداچوونەوە ناردەبووی بۆ د. وەلی. بەڵام کاتێ د. وەلی تەنیا تووورەیی خۆی دەربڕیبوو لە ئەوەی کە کەسێک رێگە بە خۆی دەدا لە سەر وتاری ئەو تێبینی هەبێت، لە سەر داوای دوستانی، وەکوو وتارێک ناردی بۆ گۆڤاری رابوون و لە ژمارەی ١٧ی ئەو گۆڤارە، لە ساڵی ١٩٩٦ چاپ بوو. مەبەستم لە وەبیرهێنانەوەی ئەوەیە کە ئەو باسە مێژوویەکی بیست و چەند ساڵەی هەیە و دووپات کردنەوەی لەو مەجالەدا نە پێویستە و نە گونجاو.

بەس لە رووی فیکرییەوە رەنگە ئاماژە بە خاڵێک پێویست بێت. هەم لە وتارەکەی ساڵی ١٩٩٥ و باسەکانی دوای ئەو وتارە و هەمیش لە کتێبی «کوردەکان و دەوڵەت لە ئێراندا: وێناکردنی ناسنامەی کوردی لە ئێران» کە لە ساڵی ٢٠١١ ئای.ب. تۆریس چاپ و بڵاوی کردەوە، کاک عەباس وەلی پێداگری لە سەر هاوسەنگبوون و دروستیی روانگەی تیۆریکی سەبارەت بە رەچەڵەکی ناسنامەی کورد لە ئێران دەکات.

لە رووی مێتۆدیکەوە ئەوە باسێکە لە سەر کاریگەریی فاکت و بەڵگە مێژووییەکان لە خوێندنەوەی رابردوو، کە کاک عەباس لە

شوێنێک بە «مێژوویی تیۆریک» ناوی دەبات. بە کورتی ئەو بۆچوونە لە دژی دوو نەریتی فیکری، ئەزموونباوەڕی (ئیمپێریسیزم) و مێژووباوەڕی (هیستۆریسیزم)، پێی لە سەرئەوە دادەگرێ کە فاکتەکانی مێژوویی دیارکراو و حەی و حازر نین بەڵکوو پێکهاتەیەکی چەمکییانەیان هەیە. بە واتایەکی تر، بەڵگە و فاکتەکانی مێژوویی خۆبێژەر نین، بۆ شرۆڤە و ماناکردنیان پێویستیمان بە چەمک و تیۆری هەیە. ئەو ڕوانگەیە لە دژی ئۆبژێکتیویتی (عەینییەت) لە مێژووکارییە و ئێستا بۆچوونێکی باوە لە زانستەمرۆڤییەکان و زۆر کەس باوەڕی پێیەتی و بەکاری دێنێ. هەڵویستە و بۆچوونی تایبەتی د، وەلی لە گشتاندنی ئەو ڕوانگەیە و بەکارهێنانی لە باسی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران و دەوری کۆمەڵەی ژ.ک. لەو بارەوە ڕەنگیداوەتەوە. هەڵبەت تێبینیی من لیرە لە سەر بنەمای وتارەکەی ساڵی ١٩٩٦ و کتێبی ساڵی ٢٠١١یە و ئاخرین کاری د. وەلیم کە ئەمساڵ بڵاو بۆتەوە جارێ نەخوێندۆتەوە و نازانم ئایا ئەو بۆچوونە لەو کارەدا گۆڕاوە یان نا.

تێبینیی من لە سەر ڕوانگەی تیۆریکی ئەو باسە نییە بەڵکوو لە سەر چۆنایەتیی بەکارهێنانی لە مێژووکاریی کورد دایە و ئەو ئاکامەی کە دەیپێکێ. واتا، ڕوانگەی پاش-پێکهاتەباوەڕی کە ڕەنگە زۆربەی ئێمە بە شێوازیک ئۆگری بین، لە لایەکەوە زۆر سەرنجڕاکیشە، لە لایکی ترەوە گشتاندنی لە کردەوەدا زۆر هاسان نییە. بۆ وێنە کاک عەباس بۆ یەکەم جار ئەو مێتۆدەی لە تێزی دکتوراکەی کە دوایە لە ژێر سەر دێری «ئێران: پیش-سەرمایەداری» وەکوو کتێب چاپ بوو، بەکار دێنێ. لە پێشەکیی ئەو کتێبەدا چەند تەوەر ڕوون دەکاتە کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە هەڵویستەکەی. لە دەستپێکدا، د.وەلی دەڵێت: «ئەو وتارە نە هەوڵێکە لە مێژووکاریدا و نە گەڵاڵەیەک بۆ سەلماندنی پێداویستیی تیۆری لە نووسراوەی مێژوویيدا، بەڵکوو تەنیا باسێکە سەبارەت بە تایبەتمەندیی تیۆریکی وێژمانی مێژوویی.»[۵] ئینجا بەردەوام دەبێت و لە چەند لاپەڕەی دواییدا دەڵێت: «ئەو پرۆژەیە دوو ئامانجی هەیە: یەکەم، پێداچوونەوە بە پێکهاتەی چەمکییانەی وێژمانی مێژوویی مۆدێرن سەبارەت بە ئێرانی پیش سەرمایەداری؛ و دووەم، خوڵقاندنی چوارچێوەیەکی تیۆریکی بەدیل بە مەبەستی بەچەمکی کردن (برای مفهومی کردن)ی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتە ئابوورییەکان و دامەزراوە سیاسییەکانی.[۶] پەنجەڕاکیشان بۆ بەڵگە مێژووییەکانی ئێران لەو پێداچوونەوەیەدا زۆرجاران بەکاردەهێندرێت، ئەو یارمەتی خوازییە لە بەڵگە مێژووییەکان بە مەبەستێکی تایبەت ڕوو دەدا کە وێناکردن و شیاوی سەلماندنی پاژە تیۆرییەکانە کە لە ڕەوتی ئەو پێداچوونەوەیەدا ئاراستە کراون. ئامرازێک بۆ نرخاندنی ناسینی مێژوویی نییە.»[۷]

بێگومان ئەگەر سوودمەندی بەڵگە و فاکتی مێژوویی تەنیا بۆ سەلماندنی پاژی تیۆری بێت، نەک بۆ شرۆڤەی مانا و واتای ڕووداوە مێژووییەکان، هەم لە کاتی ڕوودانیان و هەمیش لە هەنووکە، ئەو دەم باسەکەی بە ئاقارێکی تردا دەڕوات. ئەگەر گەڵاڵەکردنی چوارچێوەیەکی تیۆریکی بەدیل بە مەبەستی نرخاندنی زانیاری و زانستی مێژوویی نەبێت، ئەی کارکردی چییە؟ ئەو دەم مەبەست لە

> **مەسەلەی کورد تەنیا باسێکی فیکری و تیۆریکی و ڕووناکبیرانە نییە، بەڵکوو لە کردەوەدا خەباتی نەتەوەیەک بۆ زیندوو مانەوە و مێژوویەکی پتر لە یەک سەدەی هەیە، ئەگەر دەرەتانی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە یەکێک لەو چوار وڵاتە بیایە، تا ئێستا شاهیدی دەبووین**

پێداچوونەوە بـــە ڕووداوە مێژووییەکان چییە و بـــۆ چییـــە؟ هـــاوکات کاک عەبـــاس لە پێشـــەکی بۆ تەرجومەی فارسیی کتێبەکەی پیچەوانەی ئەوە دەڵێت: «مێژووکاری دووبارە وێناکردەنەوەی ڕابردوو لە وێژماندایە، و شێوازە تیۆرییەکان و ئامرازە چەمکییەکان کە ڕەوتی بەرهەمهێنانـــەوەی مێژوو مســـۆگەر دەکەن لـــە نەزم و پێکهاتەی وێژمانـــی مێژوویی کە نەزم و پێکهاتەی ناسینی مێژوون کاریگەریی مسۆگەرییان هەیە.»[۸]

من گرژییەک لە نیوان ئەو هەڵویســـتەی و پیشـــەکیی دەقی ئینگلیزیـــی کتێبەکەیدا دەبینم. ڕەچەڵەکی ئەو گرژییە لە ڕاستییدا دەگەرێتـــەوە بۆ ڕوانگەی لۆیی ئاڵتوســـێر، و قوتابییە بریتانیاییەکانی وەکو پۆل هێرســـت. ئەڵبەت ئاڵتوســـێر دوو ی ۆچوونـــی جیاواز و دژبەیەکی ســـەبارەت بە تیـــۆری هەیە. بە گوتەی ئیـــن کرایب[۹] یەکیان ســـوودمەندە و ئەویتریـــان کێشـــەی هەیە. مـــن لێرەدا باس لە ڕوانگـــەی دووەم دەکەم. لە ڕوانگەی ئاڵتۆســـێرەوە هەر تیۆرییەک پێویســـتی بە کۆمەڵێک ئامـــراز هەیە، کـــە ناویان دەنێت «تشـــتە تیۆرییەکییەکان». هـــەر تیۆرییەک لە ســـەر بنەمای ئەو تشتە تیۆریکییانە هەوڵ دەدات واقیع و دونیای ماددی شـــی بکاتەوە. لـــەو ڕوانگەیەوە هـــەر بیرۆکەیـــەک و هەر سیستمێکی فیکری چوارچێوەیەکی تیۆریکی (تشـــتە تیۆرییەکان) تایبەت بە خۆی هەیە و لە سەر بنەمای ئەو چوارچێوەیە ڕووداوەکان، دیـــاردەکان و دونیای واقیعی کـــە بوونیان هەیە بەڵام هەســـتپێکراو نیین، دەستنیشان، پێناسە و شی دەکاتەوە.

گرژی لە ڕوانگەی ئاڵتۆســـێر ســـەبارەت بە تیـــۆری لـــە تێڕوانینێکـــی مێتافیزیکی-پێکهاتەباوەڕانەوە ســـەرچاوەدەگرێ. کێشەی ســـەرەکیی ئەو باسە دەکرێ لە دوو یان سێ تەوەردا دەستنیشـــان بکەین. یەکەم، ئەگەر بێت و هـــەر تیۆرییەک، دونیـــای واقیعی لە چوارچێـــوەی «تشـــتە تیۆریکییەکانی» خۆی وینا بکات، ئەودەم تشـــتێک بە نێوی دونیای واقیعی و لـــە دەرەوەی تیۆری بوونی نییە، لە ئەنجامـــدا کارکرد (فۆنکســـیۆن)ی تیۆری بە گشـــتی و لە ڕووی ئەزموونییەوە بێ ســـوود و بـــێ فایدەیـــە. دووەم، ئێمـــە هیچ ڕێگە و پێوەرێکمـــان بۆ ئـــەوەی تیۆرییەک لە گەڵ تیۆرییەکی دیکە بەراورد و یان داوەری بکەین نییە،چونکە ئەگەر پێوەری سەرەکیی داوەری لە سەر زانســـتی بوون و یان نەبوونی تیۆری خودی «تشتە تیۆرییەکانی» هەر تیۆرێک بێت، ئـــەو دەم بەراوردکردنـــی تیۆرییەکان لەگەڵ یەکتـــری ڕەوا نییە. ســـێیەم، ئەگەر تیۆری تشـــتە تیۆرییەکانی خۆی وێنا دەکات و ئێمە داوەریمان ســـەبارەت بە تیۆری تەنیا لە سەر هاوسەنگی (مووزنی) فیکری و ئەقڵانی بوونی ئـــەو تیۆرییە بێت، ئـــەو دەم دەبێت قەبوول بکەین جیهـــان و واقیع لە ڕووی لۆژیکییەوە هاوســـەنگە. حاڵەتیک کە ئەگەر وابێت، ئەو دەم مرۆڤ هیچ پێویستی بە تیۆری نابێت.

گرژییەکـــە لێرەوە ســـەرچاوە دەگرێ: یا تیۆری تشـــتە واقیعییەکانی خۆی دروســـت دەکات و یـــان بە پێچەوانـــەوە هەوڵ دەدات شـــرۆڤەی تشـــتە واقیعییـــەکان و جیهانی دەرەوەی فیکـــری مرۆڤ بکات. ئاڵتۆســـێر و قوتابییانـــی حاڵەتـــی دووەم وەلا دەنێن. لە ئاکامـــدا هیچ چاریان نامێنـــێ بیجگە لەوەی خوازەی ئەوەیان هەبێت کە جیهان و واقیع بەرهەمی فیکری ئەوانە.

**۷** *بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی هەر سێ پارچەکەی دیکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بە بـــاوەڕی ئێـــوە دووپـــات کردنەوەی خەباتی مەدەنی و بەرتەســـک کردنەوەی داواکارییەکانـــی کـــورد لە نـــاو چەمکی هاووڵاتیی ئێرانی دەتوانێ چارەســـەرێک بۆ پرســـی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری بکات؟*



من لە دەســـپێکی ئەو نامیلکەیەدا ئاماژە بە پارادۆکسـێک دەکەم کە لە بەر دەمی هەر کەسـێکدا زەق دەبێتەوە ئەگەر بێت و ئەو کەســە سەرنجی ڕوانگەی باو لە ئێران سـەبارەت بە ناسنامەی نەتەوایەتیـی کورد بـدات. یانی لە لایەکەوە زۆرینەی ڕووناکبیرانی ئێرانی کورد بە ئێرانی ڕەسـەن دەناسـن، لە لایەکی تـرەوە، هەر چەشـنە سـەرهەڵدان و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتیی کورد وەکوو مەترسییەکی مەزن لە سەر ئاسایشی نەتەوایەتیی ئێرانی دەبینن. لە ڕاسـتییدا چارەسەر بۆ ئەو پارادۆکسە نییە.

بۆ وێنـە مەرجی ئەوە کە کورد بتوانێ چارەنووسـی سیاسـیی خۆی لـە ئێران دیـاری بکات چییە؟ لە ستراتێژیی حدکادا لە دروشـمی «دیمۆکراسـی بـۆ ئێـران، خودموختـاری بـۆ کوردسـتان» چـڕ و کـورت کراوەتـەوە، و ئێسـتا ئـەو خودموختارییـە بۆتە فێدرالیزم. باشـە ئەگـەر واز لـە دۆخی نەگونجاوی سیاسـیی سـاڵانی دوای شۆڕشـی ١٣٥٧ بێنین، مەرجـی وەدیهاتنـی ئـەو سـتراتێژییە چییە؟ سەقامگیر بوونـی جۆرێک لە دیمۆکراسـی لە ئێران کە توانسـتی قەبـوول کـردن و تەحەمموولـی خودموختاری بۆ کوردستانی هەبێت.

ئەگەر وای دانێن کـە ئەو گریمانەیە لە کردەوەدا وەدی بێت، واتا لە باڵانسێکی تایبەتی هێزدا شێوازێک لە دیمۆکراسی لە ماوەیەکی کورتخایەن لە ئێراندا مسۆگەر بکرێت. بەڵام هەم دیسـان بە دوو هۆ ئەوە بە واتای وەدی هێنانی مافی خودموختاری بۆ کوردستان نییە. یەکەم، هیـچ زەمانەتێک بـۆ بەدامەزراوەیی بوون (نەهادیکردن)ی ئەو دیمۆکراسییە نییە و لەگەڵ گۆڕانی باڵانسـی هێز لە تاران و لە دژی کورد ئەو خودموختاری و ئەو مافانەی کە بۆ کورد بەڕەوا بیندرابوو پووچەڵ دەکرێنەوە. دووەم، حەتـا ئەگەر بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەربەستانە کە لە سەر ڕێگەی سەقامگیربوونی دیمۆکراسییەکی ڕاسـتەقینە لە ئێراندا هەن، ئـەو سـیناریۆیە وەدی بێت، هەم دیسـان ڕوانگەی باوی ئێرانییەکان سەبارەت بە پرسی کورد ڕێگر دەبێت لـە وەدیهاتنی ئەو مافەی کورد. چونکە وێژمانی دیمۆکراسی و پلۆرالیزم لە نەریتی ئێرانیدا تا ئێستا کە ئێمە قسەی لە سەر دەکەین، وێژمانێک نییە کە دیمۆکراسی و پلورالیزم لە سـەر بنەمای ڕێز لە کولتووره جیاوازەکانـی خەڵکانـی غەیرە فارس زمانی دانیشتووی ئێراندا دامەزرابێت و ئـەو جیاوازییانە بکاتە بنەمای فیکری خۆی.

> هیچ ڕێگە و پێوەرێکمان بۆ ئەوەی تیۆرییەک لە گەڵ تیۆرییەکی دیکە بەراورد و یان داوەری بکەین نییە،چونکە ئەگەر پێوەری سەرەکیی داوەری لە سەر زانستی بوون و یان نەبوونی تیۆری خودی «تشتە تیۆرییەکانی» هەر تیۆرێک بێت، ئەو دەم بەراوردکردنی تیۆرییەکان لەگەڵ یەکتری ڕەوا نییە

لە باشـترین و گونجاوترین حاڵەتـدا ئـەوان دەتوانـن دیمۆکراسـی و پلورالیزمێکـی لیبراڵـی، کە لە بەشـێک لە وڵاتانـی ڕۆژئاوایی جێگیر بووە، کۆپی بکەن و لە قسـەدا ڕێز لە مافی هاووڵاتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ بگرن. بەڵام وەکوو ئێوەش ئاگادارن چەمکی هاووڵاتییەتی و مافـی هاووڵاتی بوون مافێکی ئابستراکت یان فاکتێکی ڕووت نییە. چەمکی هاووڵاتییەتـی، دیمۆکراسـی و پلورالیزم لە دەرەوەی پەیوەندییەکانـی دەسـەڵات مانا و واتایەکی سـەربەخۆیان نییە. ناوەڕۆکی ئەوان هەڵقوڵاوی پێکهاتە و کاکڵی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسـییە. ئەگەر بێت و وێژمانی سیاسـیی زاڵ لە داهاتوودا پێناسـەیەک لە چەمکـی هاووڵاتییەتی ئاراسـتە بـکات بە شێوەیەکی ڕوون فرەکولتووری، فرە زمانی، و فرە ئێتنیکی بوونی دانیشـتووانی وڵاتی ئێران بە فەرمی بناسێت و مافی پێناسە جیاوازەکان لە چوارچێوەی یاسـاکانی هاووڵاتیدا پەسەند

بکات و بوار و مەیدانی لە کردەوەدا بۆ بکاتەوە، ئەو کات ئێمە دەتوانین باسی چەمکی هاووڵاتی لە ئێران بە جیددی بگرین. بەڵام من پێموایە ئەوە جارێ ئۆتۆپییایە.

*٨ ئەگەر ئەم ڕستەیەی پاز پەسند بکەین کە دەڵێ مۆدێرنیتە چارەنووسی ئێمەیە، ئایا پێتان وایە پرۆژەی مۆدێرنیتەی ئێرانی هیچ کاتێک دەتوانێ وڵامێکی بۆ پرسی نەتەوەییی کورد هەبێ؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر دیسانەوە بۆ ڕوانگەی میلەر سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بگەڕێینەوە و هەروەها مۆدێرنیتەی ئێرانی لە هەمان سەرەتاوە گیرۆدەی ناسیۆنالیزمێکی ڕەسمی بووە کە ناسنامەی نەتەوەی کوردی سڕیوەتەوە و هەروەها لە چەمکی قەوم و میللییەت بۆ کورد کەڵک وەردەگرن. لە بنەڕەتدا تاکی ئێرانی دەتوانێ هاوسۆزییەکی لەگەڵ کورددا هەبێ لە کاتێکدا ڕقی لێیەتی؟*



من لە کۆتایی ئەو نامیلکەیەدا دەڵێم بێگومان هاوژیانی کوردایەتی و ئێرانییەت ئیمکانی هەیە، بە مەرجێک چەمکی ئێرانی بوون و ناسنامەی نەتەوایەتیی ئێرانی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی وەدواکەوتوو کە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەکەی لە سەر نموونەی دوو دانەیی ئاغا/ڕەعییەت، ئیمام/الاساییکەر، و هتد، دانەمەزرابێ [...] بەڵکوو ئێرانی بوون و شارستانییەتی ئێرانی وەکوو کەرەستەیەک کە پەیوەندیی کولتووری، مێژوویی و زمانییەکانی ببینین کە نیزیک بە سێ سەد میلیۆن ئینسانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێکەوە گرێ دەدەن و چەندین نەتەوەی لە خۆیەوە دەگرێ، لەو ڕوانگەیەوە هاوژیانیی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی مومکینە [...] بەڵام لە سەر بنەمای پێناسەی ئێمە سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی گەڵاڵەمان کرد، ناسیۆنالیزمی ئێرانی نەک هەر کارزانێکی باش بۆ ئەو مەبەستە نەبووە بەڵکوو بەربەست و ڕێگری سەرەکیی ئەو ئەرکە گرینگە بووە.

بە واتایەکی تر، دەخوازم بڵێم کە پێم وایە تاکی ئێرانی دەتوانێ هاوسۆزیی لەگەڵ کورد هەبێ، و لە هەنووکەدا بێگومان کەسانێکی زۆر لە ئێران ئەو هاوسۆزییەیان لەگەڵ کورد هەیە. پرسیار ئەوەیە ئایا هاوسۆزیی خەڵکانی ئاسایی کاریگەریی هەیە لە سەر بۆچوون و هەڵوێستەی لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی بەرانبەر بە پرسی کورد؟ تا ئەو کاتەی کە تێڕوانینی سیاسیی گرووپەکان لە ژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ڕەسمییدا بێت، جواب نەرێنییە و بەڵام وێژمانێکی سیاسیتر لە ئێران ئیمکانی گەشەکردن و زاڵبوونی هەیە. لە قۆناغی ئێستادا کە مۆدێرنیتەی ئێرانی، وەکوو ئەزموونی تورکی و عەرەبی، تووشی قەیرانێکی قوول بووە، زۆر وێناچێ ئیمکانی ئەو کارە لەبار بێت.

## پەراوێزەکان

[١]. کاتوزیان، م. ع. (١٣٧٢) صادق هدایت: از افسانه تا واقعیت، مترجم: فیروز مهاجر، تهران، طرح نو.

[2]. Weber, M (1968) Economy and Society – an Outlie of Interpretative Sociology, trans. G. Roth & G. Wittich, Bedminster Press, p. 91.

[3]. The conscience collective

[4]. Hechter, M (1975) Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development, 1536-1966, pp. 1-7, and 60-61.

[5]. Vali, A (1993) Pre-capitalist Iran: A Theoretical History, New York University Press, p. xi.

[6]. For the conceptualisation of its social relations, economic structures and political institutions.

[7]. Vali, pp. xiv-xv.

[٨]. بڕوانە، ولی، عباس (١٣٨٠) ، ایران پیش سرمایەداری، ترجمەی حسن شمسآوری، نشر مرکز، تهران، ص. ٥.

[9]. Craib, I (1992) Modern Social Theory: From Parsons to Habermas, 2nd Edition, Harvester Wheatsheaf, pp. 149-155.

# ”وەرگێڕان“

# ئەمنیەتیکردنی ژیان:

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی فارسی ـ شیعی‌دا

**کەماڵ سولەیمانی و ئەحمەد موحەممەدپوور**
**وەرگێڕان: کەیوان فاتێحی**

## پوختە

لــە دەســـپێکی شۆڕشــی ١٩٧٩، دەوڵەتی ئێران، کۆمەڵێک سیاســەتی داتاشــراوی بۆ یەکسانســازیی کــوردەکان لــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بەڕێوەبــردووە. کــوردەکان بە بەردەوامــی دەبنــە ئامانجــی ســەرەکیی ئۆپەراســیۆنە نیزامییەکانــی دەوڵەتی ئێران و ســتراتێژییە دنەدەرەکانیــان و، لــە ژێــر چاودێریــی ڕێژیمدان. پــاش داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە ســاڵی ١٩٧٩دا، دەوڵەت تێکۆشــا لە ڕێــی میلیتاریزەکردن و، دامەزراندنــی «دامــەزراوەی ئینقلابی» و ناوەنــدی نوێی فەرهەنگــی و مەزهەبییەوە، کۆنترۆڵــی ناوچەکــەی بە دەســـتەوە بێ بۆ ئــەوەی دیمۆگرافیی کوردســـتان، لە ڕووی مەزهەبی و فەرهەنگییــەوە، تێک بدات. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ناسیۆنالیزمی دینیــی دەوڵەت و، فۆرمــە جۆربەجۆرەکانی ســتراتێژییە دنەدەرکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە بــۆ گۆڕینی ناوچە کوردییەکان بە کاری هێناوە.


## وشە کلیلییەکان

میلیتاریزەکردن، ئەمنیەتی‌کردن، ناسیونالیسمی فارسی ـ شیعی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان





*[ڕۆژهەڵاتــی کوردســـتان] لــە پایــگا نیزامییەکانــەوە و لــە ڕێگای یاســای نیزامییــەوە ئیدارە دەکــرێ و، زۆرترین ســەرمایە ئابووریەکانیــش بــۆ ژێربینا نیزامییەکان تەرخان کراوە...ئەم بارودۆخە بە تەواوی هەســتی داگیرکراویی لە نێو [کوردەکاندا] پتەو کردووە.*

*«کریستین ڕاسموس ئەڵێنگ (٢٠١٣) کەمینەکان لە ئێراندا: ناسیۆنالیزم و قەومیەت پاش خومەینی»*

## دەسپێک

حەسەن ڕۆحانی، ســەرۆک کۆماری ئێستای ئێــران، لە کەمپەینــی هەڵبژاردنــی خۆیدا بەڵێنی دا کە «ڕوانگەی ئەمنیەتی [دەوڵەت] لە هەمبەرئیتنیکەکانــی دیکە[ی نافارس] و فەرهەنگی ئەوان، بگــۆڕێ».[1] ئەو بەڵێنی دا کە «پێکهاتەی سیاســی ـ ئەمنیەتیی جێگیر بگۆڕێ بۆ سیســـتمێکی زانستیی تۆکمە کە بە باشــی لە ســەرمایەی ماددی و مرۆیی لە ناوچەکانی دەوروبەردا کەڵکی لێ وەربگرێ».[2] دانپێدانانی ڕۆحانی لە بێبەشــیی نافارسەکان هەقیقەتــی بنچینەییــی پەیوەندیی نێوان حاکمییــەت و کۆمەڵگــەی ژێردەســتەی شیعەکان، نیشــان دەدات. وتەکانی ڕۆحانی، نــە تەنیــا نیشــان دەدات کە نافارســەکان وەکــوو هەرەشــە لەقەڵەم دەدرێــن، بەڵکوو هەروەهــا بەڵگەیەکە لە ســەرئەو هەقیقەتە کە سیاســەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەســەر بێبەشــکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بنیاد نراوە. لــەم ڕووەوە، تەعبیرلە «سیســـتمێکی زانســتیی تۆکمــە»، راشــکاوانە پەســنی مێژوویەکی دووردرێژی بێبەشــیی خەڵکانی نافارسە، کە لە خوارەوە باسی لێ دەکەین.

شــکلی ١. تابلۆی جاددەیەکی ئاســایی کە لە سەری نووســراوە: «بەر لەوەی پێ لە ســەر خاکی کوردستان دابنێــن دەســـتنوێژ هەڵبگــرن، چونکە بــە خوێنی شەهیدان [لە ڕێگای خودا دا] ئاودێر کراوە.

لەم بەدواداچوونەدا، لە ڕێگەی شیکردنەوەی کەیسی کورد، دەمانهەوێ پێوەندیی نێوان «ئیسلامگەرایی» و ناسیۆنالیزم لە ئێراندا ڕوون بکەینەوە. فوکووسی ئێمە لەسەر کەیسی کورد، بە هۆی ئەم هەقیقەتە زیندووەیە کە لە چل ساڵی ڕابردوودا، تەنیا کوردستان نموونەی حاڵەتێکی دەگمەنی لە خۆی نیشان داوە. «کۆمەڵگەی کوردستان، بەرزترین ژمارەی ئێعدامکراوانی بە بەراورد لە گەڵ کەمینە قەومییەکانی دیکە بەرکەتووە...» (بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی UNHCR ١١،٢٠١٨). هەروەها بەندکراوانی سیاسیی کورد... تەقریبەن نیوەی کۆی بەندکراوانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە خۆ دەگرن... (ڕاپۆرتی تایبەتی بۆ کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ٢٠، ٢٠١٩).[٣]

هیواداریـن لە ڕێگەی شیکاریی خەڵکناسانەی ئێمەوە لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتی ئەمنییەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕوانینی گشتیی ناوەند لە هەمبەر کوردبوون، بڕێک ڕوون بێتەوە. مەبەستی ئێمە لە «ناوەند»، سەرەڕای دەوڵەت، کۆی دەزگا فیکری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانە کە ڕەفتاری دەوڵەت لە کوردستاندا بە ڕەوا دەزانن. هەر وەها ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە نیشان بدەین، ئە و ئیسلامگەرایانە بە پێچەوانەی ئەوەی کە تەسەور دەکرێ خۆیان زیندانیی مەحدوودییەتی قەومیی خۆیانن، کاتێک کەدەسەڵاتیان بە دەستەوەیە، نوقسانیی جەوهەرە ئەخلاقییەکان بە باشی نمایش دەکەن. ئیسلامگەرایی، توانایی چارەسەریی قەومی ژێر دەستەی نییە کە وەکوو برای موسوڵمان بە یەکسانی ڕەفتار بکات. شێوەی حوکمڕانیی ئیسلامیەکان، بەڵگەگەڵێک دەخاتە ڕوو کە، وەکوو هەر کەسێکی دیکە لە ئێران و تورکیە، سنوورەکانی سیاسەتی داسەپاو لە لایەن ناسیۆنالیزمی دەوڵەتییەوە، بنەجێ کراون. ئەم بنەجێ کراوانە، بە نۆرەی خۆیان، سنووری تەفسیری ئیسلامگەرایی لە دین دیاری دەکەن (سولەیمانی ١٥- ١٠، ٢٠١٧).

سەرەڕای بوونی توخمی لێک گرێدراوی فیکری لە دینی ئیسلامدا، کارتێکەریی کانتێکست و بەستێنەکان، دیدگای ئایینیی ئیسلامییەکان دەگۆڕێ. کەواتە، وەکوو هەموو هەوڵە مەعریفەناسییەکانی دیکە، تەفسیری ئایینیی ئیسلامییەکان، تێڕوانیی باو و تایبەتمەندیی کاتی بەخۆوە دەگرێ. ئەزموونی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیی کورد وەکوو»نەتەوەیەکی بە کەمینەکراو» لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، نموونەیەکی بەرچاو لە وەها هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە. لە زۆر ڕووەوە، ئەزموونی کورد لە ژێر حوکمڕانیی ئایینیدا، هاوشێوەی ئەزموونی کۆمەڵگە داگیرکراوەکانی ناوخۆیی دیکەی کوردە لە شوێنەکانی تردا. بەم پێیە، لە دوو بەشییەکەمی ئەم وتارەدا، ئێمە بە کورتە چاوخشاندنێکی تیۆریک بەسەر ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیی دینیدا، سەرچاوەکانی، شێوە و سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن لە ئێراندا و، نیشانەکانی ستەم لەسەر کوردبوون، دەخەینە ڕوو.

ئێمە بە مەبەستی نیشاندانی وێنەیەکی ڕوونتر لە ئەمنییەتیکردنی ژیان لە کوردستاندا، کەڵکمان لە ڕێژەیەکی بەرچاو لە زانیاریی ئەزموونکراو(ئیمپیریکاڵ)، وەرگرتووە. ئێمە بۆ ئەم شیکارییە، ئیلهاممان لە ڕوانگەی لقە جیاوازەکان کە زانستی خەڵکناسیی کۆلۆنیالیزمیش دەگرێتەوە، وەرگرتووە (کوهن ١٩٩٦؛ ئیستۆرم ٢٠١٧؛ مێنوالو و واڵش ٢٠١٨).

بێگومان ئەدەبیات و کاری زانستی، لە زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیانی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لاوازە. ئەوکارە زانستیانەی کە هەن، پشتمان زۆر بە لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافیک و مەیدانیی خۆمان بەستووە. لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بە چڕی ئەمنیەتی کراوە، لێکۆڵەرانی



شکڵی ٢. نموونەیەک لە مانیۆمێنتی سازکراوی خامنەیی



شکڵی ٣. مانیۆمێنتی شەهید، دزڵی/ کوردستان، فۆتۆ ئەحمەد موحەممەدپوور

بیانی و کەســانێک کە بــە زمانی ئینگلیزی دەنووسن، بەکەمی دەســتیان بە ڕۆژهەلات ڕاگەیشــتووە. بەم پێیە، لە جیاتی پەسەندی یێککەوتنی «خەڵکناســیی سوننەتی» (Den-zin 1989, 27) نووســراوەکەی ئێمــە زۆرتر لەگەڵ «شــێوەی پرســیار و بەدواداچوون لە ژێر ئاوردا» یەک دەگرێتەوە. (Denzin 2009) لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئێمە لە شێوەیەکی چەند مێتــۆدی کەڵکمان وەرگرتــووە کە بواری بە ئێمە داوە تاکوو ئاوێتەیەک لە زانیارییەکان و بەڵگەکان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بــەکار بێنین. ئێمــە وتوویژگەلێکی جیاواز و بەربلاومان لە گەڵ خوێندکاران، مامۆستایان، پرۆفسۆر و ئەندامانی ڕۆحانییەت، چ بە شێوەی ڕووبــەڕوو و زۆرجاریش لە ڕێگەی ســکایپ، واتس ئاپ و کەرەستەکانی دیکەی پێوەندیی ئەلکترۆنیکی، ئەنجامداوە. وەها وتوویژگەلێک لە ڕێــی پێوەندییەکانی ئێمەوە بە ناوچەکەوە بە پرسیارکردن دەستەبەر بووە.

ئێمە بە باســێکی کورت لە سەر بنەمای تیوریی ناســیۆنالیزمی دینیی فارسی دەست پێدەکەین. بۆ نیشــاندانی ئەو ڕێگایانەی کە کارتێکەرییان لە ســەر کورد داناوە. درێژەی ئەم وتارە ڕەنگرێژێکە لە خەڵکناسیی مێژوویی لە بارەی بەڵگە پشتراســتکراوەکانی دەوڵەت، کە پــەروەردەی دینی و «ســێکۆلاریزم» لە خــۆ دەگــرێ. هەروەها ئێمە ئیســتراتێژیی دەوڵەتمان بۆ لەنێوبردنی هەموو نیشــانەکانی کوردبوون شی کردووەتەوە.

لێکۆڵینەوەکــەی ئێمە، لە بارەی گرینگی دان بــە ئەمنیەتیکردنی ژیانــی کوردەکانەوە وەکــوو ژێردەســتەیەک بــە مەبەســتی ڕوونکردنــەوەی جەوهــەری هەمەلایەنــەی سیاســەتەکانی دەوڵەت، درێژەی دەبێ. ئێمە بەڵگە دێنینەوە کە بە مەبەستی پارچەپارچە کردنــی کۆمەڵگەی کوردی، سیاســەتەکانی پێوەندیــدار بە پــەروەردەی شیعەســازیی دەوڵەتــی و پەرەپێدانــی نیزامــی، لە گەڵ بەبەرستەکانی بەردەم چالاکییە ڕۆژانەییەکانی بزوتنەوەی کورد لە پێوەندیدان.

## کۆماری ئیسلامیی و ناسیۆنالیزمی پارسی ـ شیعه

چەند دەیەیەکەمی سەدەی بیستەم، شایەتی گەشەکردنی شێوەی جۆراوجۆری ناسیۆنالیزمی فارسی بوو. ئەگەرچی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، نموونەگەلێک لە هەڤرکێ لە نێوان ناسیۆنالیزمی دینی و سێکۆلاریزمی فارسیدا خۆی نواند، بەڵام هەردوو لا، تێکۆشان تاکوو تێروانینێکی «یەکدەست» لە ڕابردووی ئێران و «تاقانەیی میللی» پیشان بدەن. ڕۆشنیرانی پارسی لەو کاتەوە جەختیان لە ناکاتی هۆوییەتی کۆنی ئێرانی کردووەتەوە، کە هۆوییەتی خۆیان وەکووهۆوییەتی هەموو ئێرانییەکان ناساندووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە وەزیری ١٩٩٣؛ مارشی ٢٠٠٨؛ وەجدانانی ٢٠١٥؛ مەتین ـ عەسکەری ٢٠١٨). لە ژێر کارتێکەریی خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتیانە و دیسکۆرسی پاش پەهلەوی، پارسەکان لە پلەییەکەمدا ئێران وەکوو وڵاتێک ڕەنگرێژ دەکەن کە هەزاران ساڵە بە ناسنامەیەکییەکدەست و پەیوەستەوە ماوەتەوە (وەزیری ١٩٩٣، سولەیمانی و موحەممەدپوور ٢٠١٩). لە گەڵ سەرهەڵدانی خانەدانی پەهلەوی، دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بوو بە پرۆژەیەکی زاڵ بە ئامانجی سازکردنی «هۆوییەتێکی بنچینەیی- لە سەر پێکهاتەکانی زمان، برگەی هەڵبژێردراوی مێژوونیگاری و ناسیۆنالیزمێکی ئێرانی تەوەر، کە کەمینە قەومییەکانی دیکەی پشتگوێ دەخست، بنیاد نراوە» (بروجردی ١٩٩٨، ٤٣). بە گەڕانەوە بۆهێندێک لە سەرچاوەکانی دێرینە ناسی، مێژوونووسی فەرمانڕەوایەکی داتاشراوی ڕابردوویان بۆخۆیان دەستنیشان کرد و ڕیوایەتێکی سەرەتاییی پارسییان لە ڕێگەی پەروەردە ودەزگا دەوڵەتیەکانی دیکەوە بڵاو کردەوە. هەر وەها لە نیوەییەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕۆشنبیرانی خۆماڵیخوازی(نەیتیڤیست) دژە ڕۆژئاوایی، کە زۆربەیان لە ژێر کارتێکەریی ئاریائیزمی ئاڵمانیدا بوون (مەتین عەسکەری)، پێکهات و کێشەکانیان لە داوێنی فیکری و ڕوانگەی «ڕۆژئاواییەکان» خست و ئەوانیان بە غەربزەدەگی لە قەڵەم دا. وەها تێڕوانینێک بە تایبەتی لە لایەن جەلال ئال ئەحمەدەوە لە وتارێکی ڕەخنەیی بە ناونیشانی غەربزەدەگی، بوو بە پرسێکی باس هەڵگر (بڕوانە بەخشەندە ٢٠١٥؛ میرسپاسی ٢٠١٧). بەم حاڵەوە، ڕۆشنبیرانی لایەنگری ڕۆژئاوا و میللی، هەر دوو لا لە سەرساغکردنەوەی پرۆژەی هۆوییەت و سازکردنی «هۆوییەتێکی میللی» پابەند بوون (بروجردی ٥- ١، ١٩٩٧). هەر دوو لا، هەمیشە بە ڕوونی دەستەواژەی پارسی تەوەری « میللی» یان ڕەنگرێژ و پێناسە کردووە. هەر بە هۆی ئەم هۆکارەوەیە کە تەنانەت ڕۆشنبیرانی پارسی لایەنگری کۆماری ئیسلامیش، بە شێوەیەکی شاراوە بەرنگار دەبنەوە و هۆوییەتی پارسی و «میللی»، بەپێچەوانەی ناوچە ناپارسەکان ،بەیەکەوە گرێ دەدەن. بۆ وێنە نێعمەت الله فازلی بانگەشە دەکات دامەزراوەکانی پەهلەوی وەکوو«فەرهەنگستانەکان»، بە پێی پلان لە زمان و ئەدەبی گشتی بۆ پاککردنەوەی زمانی پارسی و بەهێز کردنی هۆوییەتی میللیی خۆیان بە کارهێنا بۆ زاڵبوون بەسەر ناسنامە ی قەومی لە ناوچەکانی دیکەدا (فازلی ٢٠٠٦، ٥٣، جەختی لە سەر کراوەتەوە). ئەم بانگەشەیە کارتێکەریی ناسیۆنالیزم لە سەر فیکری

> **ئێمە بەڵگە دێنینەوە کە بە مەبەستی پارچەپارچە کردنی کۆمەڵگەی کوردی، سیاسەتەکانی پێوەندیدار بە پەروەردەی شیعەسازیی دەوڵەتی و پەرەپێدانی نیزامی، لە گەڵ بەبەرستەکانی بەردەم چالاکییە ڕۆژانەییەکانی بزوتنەوەی کورد لە پێوەندیدان**

مودێڕنی ئیسلامی پیشان دەدات. بە تایبەتی وەها کارتێکەرییەکی ناسیۆنالیزم، لە سەر فیکری ئیسلامی، پاش گەیشتن بە دەسەڵاتی ئیسلامییەکانی خۆی، باشتر دەردەخات. موسوڵمانە مودێرنەکان (ئیسلامیەکان و ئەوانیتر)، هەڵسوکەوتیان لە پارادایمی ناسیۆنالیزمدایە، هەر بۆیەش دیسکۆرسی دینی و نەتەوەیەییان لێک گرێداوە (بڕوانە دێڤێجی ٢٠١٣، سولەیمانی ٢٠١٦، ٣٢ – ٤١). پارادایمی ناسیۆنالیزم بەم شێوەیە وێنای مرۆڤی موسوڵمان لە نەتەوە بیچم دەدات و تێگەیشتنێکیان پێ دەبەخشێ کە بتوانن جیاوازییە قەومی و نەتەوەیییەکانی ناو خۆیان بە لۆژیکی لەقەڵەم بدەن (سولەیمانی ٢٠١٧، ١ – ١٦ ).[٤] ئەم پارادایمە، لێکەوتەی گرینگی لێ دەکەوێتەوە؛ لەبەرئەوەی وەکوو بەستێنێک لە هەوڵی مەعریفەناسیی ئیسلامی و تەفسیری موسوڵمانان لە ئیسلام لێکدەدرێتەوە. بەم پێیە، لە زۆر ڕووەوە، بیاڤ و سنوورەکانی فیکری مودێڕنی دینیی ئەوان دیاری دەکات.[٥] نەزمەکانی ئەم پارادایمە، بنەما بنەڕەتییەکانی بەیەکەوە هەڵکردنی فیکری مودێڕنی دینیی ئیسلامی و ناسیۆنالیزم پێک دەهێنێ. کەواتە، ئەگەر شێوە ئاخاوتنی توندی ئیسلامییەکان پشتگوێ بخەین، تێدەگەین کە ئیدارەدانی دینی و ڕەفتار لەگەڵ ئیتنیکەکانی دیکەی ناوخۆیان، ئیستراتێژیی هاوشێوەی وڵاتە نائیسلامییەکان پێڕەو دەکەن.

پێچەوانەی خانەدانی پەهلەوی ـ کە زۆرتر بە لای ناسیۆنالیزمێکی سێکۆلاردا دەشکایەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە ناسیۆنالیزمێکی ئایینی، ئێرانی ـ شێعی دەناسرێت کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم. لە ساڵی ١٩٧٩، ئیسلامییەکان لە ئێران و شوێنەکانی دیکەدا، دەرفەتگەلێکیان بۆ دەسەڵاتداریەتی وەکوو ئاڵترناتیڤ و مودێلی حوکمڕانی بۆ ڕەخسا. شکستی حکوومەتەکەی ئەوان بە هۆی پێکناکۆکیی بنەڕەتیی بیرکردنەوەی ئیسلامیەکانە لەگەڵ «شێوە ئیدئاڵی» نیزامی زاڵ، کە لە ئارمانی دەوڵەت میللەت دا بەرجەستە بۆتەوە. ئیسلامییەکان کاتێک کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، تێکۆشاون ئایین لە یاسای وڵاتەکانی خۆیاندا باڵادەستر بکەن، بەڵام زەبوونییەکی بێ وێنەیان نواندووە و سەلماندوویانە کە توانای دیتن و سەرکەوتن بەسەر مەحدوودییەتە نیتنیکییەکانی ناسیۆنالیزمی زاڵ (کە هی خۆیانە)یان نییە.

بەمشێوەیەی کە لە ژێرەوە نیشان دەدرێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران، جگە لەوەی هەوڵی داوە وەکوو وڵاتێکییەکدەستی ئێرانی ـ شیعە ڕەفتار بکات؛ کاتێک کە بەراورد دەکرێ لە گەڵ وڵاتانی سێکۆلاری دراوسێیدا، دەردەکەوێ کە ئەو تەنانەت زۆرتر دژی هەر هێمایەکی سیاسی، فەرهەنگی و زمانیی نافارسەکانە.

## داگیرکاری (فەتح) و ئەمنیەتیکردنی ژیان لە کوردستاندا

لە دیسکۆرسی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، داگیرکاریی نیزامی و ئەمنیەتیکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جار وەکوو فەتحی کوردستان ئاماژەی پێ دەکرێ. ئەم چەمکە مانایەکی بەهێزی ئایینیی هەیە کە بیرۆکەکەی بۆ فەتحی مەکە و شکاندنی بتەکان لە لایەن پەیامبەری ئیسلام، لە ساڵی ٦٢٩ی زایینیدا، دەگەڕێتەوە.» فەتحی کوردستان» بە ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی کوردستان، لە ئووتی ساڵی ١٩٧٩ دەستی پێکرد (بڕوانە کەعبی ٢٠١٥, ٦١–٩). لە ساڵی ١٩٧٩وە، ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەل کوردەکان و پێشینەی ئیستراتێژیی دەوڵەت لەوانەیە لە برگە ی جیاوازدا بەشێوەی جۆراوجۆر بەیان و فۆرمۆلە کرا. بەڵام ڕێچکەی سیاسیی دەوڵەت،

لە هەمبەر کومەڵگە ژێر دەســـتەکانی (وەکوو عەرەب، بەلووچ و کورد) بە نەگۆڕی ماوەتەوە.

لــە دەیــەی ١٩٨٠ ـ پــاش «فەتحــی کوردســـتان»، ســپای پاســدانی شۆڕشــی ئیســلامی و یەکەکانــی بەســیجی خەڵک، بوونە بەڕێوەبەرانــی «بنیادنانەوەی ئابووری» و دەســتیان بە ســەر بەشــەکانی ئابووریی دەوڵەتــی و کەرتــی تایبەتدا گــرت. دەزگا دەوڵەتــی و ئەمنیەتییەکانی وەکوو ســپای پاســدارنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران IRGC و، ڕێکخراوی بەســیجی خەڵکــی IPMU، پاش کۆنترۆڵ کردنــی ناوچەکە، پرۆژەکانی میلیتاریزەکردنی کوردســتانیان بەڕێوە برد. دەیان هەزار تفەنگچیی کــوردی لایەنگری ڕێژیمی (کە لە ناو کورددا بە جاش ناسراون) وەخۆگرت.[٧] ئابووریی لۆکاڵی کوردســتان ـ کە زۆرتر کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری بوو ـ بە درێژایی شــەڕی نێــوان ئێــران و ئێراق لە نــاو چوو. بە بیانووی نەهێشــتنی ئەمنیەتی تــۆڕی دوژمنانی شــۆڕش، دەوڵەت ڕێگەی شــاخەکانی لە وەرزێڕەکان قەدەغە کردووە و زۆربەی ناوچە کشتوکاڵی و دامارییەکانی کــردە مەیدانی مین. هەنووکــەش، زیاتر لە ١٦ میلیــۆن مینــی زەوینی بێ شــوێنەوار ماوەتەوە، و پانتایی ٤.٢ میلیۆن هێکتار زەوی بە مینرێژ کــراوی ماوەتەوە (بڕوانە خشــتەی یەکــەم).[٨] بەمشــێوەیە، دەوڵــەت ئیمکانی زیادکردنــی داماریی خۆماڵیــی وەکوو مەڕ و بزن کە یەکێک لــە کۆڵەکەکانی ئابووریی لادێی کوردســتان بوو، بە چــڕی دابەزاند. هاوکاریــی سیاســی و ســەربازی لە گەڵ دەوڵــەت، (یان کارکردن وەکوو جاشــێک)، بوو بــە ســەرچاوەی ســەرەکیی داهات و لە هێندێک ناوچەشــەدا، ئەمــە بوو بە تەنیا ڕێگایەک کە کوردەکان بتوانن بەشــداری لە پرۆسەی «یاسایی/ سیاسیدا» بکەن.

هەڵبژاردنی موحەممەد خاتەمی لە ساڵی ١٩٩٧ بە دیسکۆرســی کۆمەڵگەی مەدەنی، مێدیــای ئازاد و پلورالیــزم، کە بوو بە هۆی بزوتنەوەیەکی نە خــوازراوی پڕ جمووجۆڵی خوێنــدکاری و نیمچــە کرانەوەیــەک، لە کوردستان بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. لەو ماوەیەدا، یاسای پۆشینی جلوبەرگی ئایینی شــل کرایەوە وچاوپۆشــیش لە تێکەڵاویی ڕەگــەزی کرا. بە تایبــەت لاوانی کورد، لەم کرانەوە سیاســیە ڕێژەیییە سوودمەند بوون. بــۆ یەکەمجار، کــوردەکان لــە ئێراندا لەو گومانەدا بوون کە جیاکردنەوەی سیاســەتی کــوردەکان لە خەباتی چەکــداری لەوانەیە شــتێکی مومکین بــێ. ســەرەڕای ئەمانە، بــە خێرایی ڕوون بــووەوە کــە گۆڕانکاری لە دیسکۆرســی دەوڵەت، نابــێ ببێتە هەڵە تێگەیشــتن لە گۆڕینی سیاسەت لە هەمبەر کۆمەڵگــە ژێردەســتەکان. بــە ڕواڵەت لە سەردەمی «زێڕینی ڕیفورمخوازیدا» نامەیەک ئاشــکرا بــوو کە وەکــوو بەخشــنامەیەکی دەوڵەتی بــوو بــۆ گۆڕینــی دیمۆگرافیای ناوچەیەکــی دەوڵەمەند بــە نەوتی عەرەبی خوزســتان، کە بەرئەنجامەکەی بوو بە هۆی ڕووبەڕووبونەوەیەکی خوێنین لە نێوان خەڵکی ئەو ناوچەیە و هێــزە دەوڵەتییەکاندا.[٩] ئەم پلانە خوێناوییە، درایە پاڵ موحەممەد عەلی ئەبتەحی، یەکێک لــە جێگرەکانی خاتەمی، کاتێک کە بۆ خەڵک ڕوون بووەوە؛ ئەو دواتر خۆی لێ بێبەری کرد.[١٠]

گەیشــتنی مەحمــود ئەحمەدینژاد بە دەســەڵات، لە ساڵی ٢٠٠٥، هەموو هیواکانی لە بارەی چاکســازیی سیستەمەوە بە نەزۆکی هێشــتەوە. ئەحمەدینژاد بــوو بە براوەی دوو هەڵبژاردنییــەک لە دواییەکی مەهەندیســی کراوی وڵات. ئەو یەکەمین دەورەی سەرۆک کۆماریی خــۆی لە گەڵ دیمەنی توندوتیژیدا دەســتپێکرد، کاتێــک هێــزە ئەمنیــەکان چالاکێکی کورد بە ناوی شوانە سەید قادریان بە پیکابێکەوە بەســتەوە و بــە زیندوویی لە دەوروبەری شاری مەهابادا، ڕایانکێشا.

**خشتەی ١. ژمارەی قوربانیانی مەیدانی مین (١٩٨٨- ٢٠٠٣)***

| ئوستان | چەندپاتە | دەرسەد |
|---|---|---|
| کوردستان (ئوستان) | ٨٨٩ | ٢٣,١ |
| ئیلام | ٥٩٦ | ١٦,١ |
| خوزستان | ٤٥١ | ١٢,١ |
| کرماشان | ١٢٧٣ | ٣٤,٣ |
| ورمێ | ٤٩٤ | ١٣,٣ |
| خەتی سنوور | ١٠ | ٠,٣ |
| کۆ | ٣٧١٣ | ١٠٠ |

*. تەقینەوەی مین و هەزینەی مرۆیی (٢٠٠٦) تاران: ناوەندی لیکۆڵینەوە کەمئەندامی ئەندازیاریی و زانستی پزشکی، ٧٧.

بەرئەنجامی هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدینژاد، ئاژاوەی نایەوە و بزوتنەوەی سەوزی لێ کەوتەوە. بە خێرایی ڕێبەرانی بزوتنەوەکە، بە تۆمەتی هاندانی خەڵک و «فیتنەگێری» – دەستەواژەیەک کە لە ڕووی مێژووییەوە فەرمانڕەوایانی موسوڵمان بۆ پاساوهێنانەوەی توندوتیژی بە کاریان هێناوە ـ لە ماڵەکانیاندا دەستبەسەرکران.[١١]

خەڵکی کوردستان، لە گەڵ بزوتنەوەی سەوز هاوڕاییان نیشان نەدا. هۆکاری پشتیوانی نەکردنی کوردەکان، ترسێکی قووڵ لە توندوتیژی نواندنی لەرادەبەدەری دەوڵەت و چاوەدێریی بەربڵاوی کوردستانی میلیتاریزەکراو و پشتیوانیی مێژوویی فەرمانڕەوایانی پارسی شیعە لە دەوڵەت بوو. تەنانەت هەندێک جار، ڕۆشنبیرانی ئێرانی کە لە ڕۆژئاوا دا دەژین، پشتیوانیان لە ئەحمەدینژاد وەکوو سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی دیمۆکراتیکی خۆیان دەکرد. لە بەیانی گشتیدا بە دژکردەوە نیشاندان بە سەرۆکی زانکۆی کولۆمبیا، لی بۆلینجێر، ئەنجومەنی خوێندکاریی ئێران، ئەحمەدینژادیان وەکوو سەرۆککۆماری «هەڵبژێردراوی دیمۆکراتیکی» ئێران ناو برد.[١٢] هەروەها، حەمید دەباشی، ئەکادیمیسیەنی پۆست کولۆنیالیزمی پارس، وتارێکی نووسی و لەوێدا بانگەشە دەکات کە ئەحمەدینژاد، ڕێبەرێکی هەڵبژێردراوە نە « دیکتاتۆرێک».[١٣] دەباشی بە بەربڵاوی بەرگریی لە دەوڵەتی ئیسلامی کرد و ڕایگەیاند کە «کۆمارێک کە [ئەحمەدینژاد] نوێنەرایەتیی دەکات دیندارییە، بەڵام ئەم حکومەتە دینییە، لە ڕێگەی دابەشکارییەکی ئاڵۆزی دەسەڵاتەوە کار دەکات... کە پێدەچی بۆلینجێر هیچ شتێک لەم بارەوە نەزانێ.»

بە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٣، سەرۆک کۆماری ئێستا، ڕۆحانی، سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی لە هەمبەر نافارسەکاندا نەگۆڕی. ڕۆحانی لە کەمپەینی هەڵبژاردنی خۆیدا دانی بەوەدا هێنا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر بنەمای کۆمەڵێک پرەنسیپی سیاسی دامەزراوە کە نا فارسەکان بێبەش دەکات. سەرەڕای ئەم ئیعترافە چاوەڕوان نەکراوە، حکوومەتەکەی ئەو لە بواری کردەییەوە هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ ئەوانی پێشوودا نییە. ئەو لەو ماوەیەدا درێژەی بە دروستکردنی هێزی نیزامی لە کوردستان دا و، ژمارەی لە سێدارەدراوانی سوننییەکان، کوردەکان و عەرەبە شیعەکان بە ڕێژەیەکی

بەرچاوتر زیادی کردووە. لە هەقیقەتدا، تەققە هەڕەمەکییەکان لە کۆڵبەرانی کورد (cross-border labourers) لە سەردەمی دەوڵەتی تەدبیر و هیوای سەرۆککۆمار ڕۆحانییدا، زیاتر بووە (بڕوانە خشتەی ٢).

خاڵی جێگای ئاماژە ئەوەیە کە لە سەرووی هەموو ئەم کردەوانە، هەڵویستی بژاردەکانی پارس بە شێوەیەکی گشتیی هاوشێوەی دەوڵەتە. جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان تێگەیشتنی بژادەکانی پارس و دەوڵەت لە پێوەندی لە گەل کوردەکاندا نییە (سولەیمانی و موحەممەدپوور ٢٠١٩). لە کاتێکدا گرووپە دژبەرەکانی پارسەکان، بە ڕادەیەکی کە زۆر جێی پێزانینە، دیفاعیان لە چالاکوانانی ماقی مرۆڤی پارس وەکوو نەسرین ستوودە کردووە، ئەوان لە بارەی ئاورتێبەردان و کوشتنی چوار چالاکی ژینگە پارێزی کوردستان، شەریف باجوەر و هاوڕێکانی لە ساڵی ٢٠١٨ دا، بێدەنگی و گەڕیان هەڵبژارد.[١۴] بە تایبەتی، بێدەنگیی ئەوان لە بارەی ئازار و ئەشکەنجەدانی بەندکراوانی وەکوو زەینەب جەلالیان، والی دوردیان، عوسمان مستەفاپوور، موحەممەد نەزەری ـ بەندکراوێکی سیاسی کە لە ساڵی ١٩٩۴ەوە لە زینداندە ـ یان کوژرانی ڕۆژانەی کولبەرانی کورد، پێدەچێ هەوڵێکی سازماندراو بێ. «کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەل.... داخوازی بۆ مافی کەمینەکان، ڕۆشنبیران و ئەکادیمیسینەکانی سەردەست لە ئێران، بە ئەسپایی و ترسەوە دژکردەوە نیشان دەدەن» (Elling 2013, 2). دژایەتیی کۆمەڵگەی سەردەست تەنیا لە شێوەیەکی تایبەتی سیاسەتی نافارسیدا قەتیس نەماوەتەوە. ئەم سیاسەتە لە گەڵ هەر فۆرمێکی نافارسیدا دژە و، ڕەوایی بە ئیستراتێژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ میلیتاریزەکردنی ژینگەی نافارسەکان بەخشیوە.

## میلیتاریزەکردنی ژیانی کوردەکان

لە ماوەی شۆڕش و دواتریش، خەڵک زۆربەی پایگا نیزامییەکانیان لە سەرتاسەری ئێراندا بە دەستەوە گرت. هەر بەمشێوەیە، لە ساڵی ١٩٧٩، پارتە سیاسییەکانی کورد، کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران (KDPI) لە ناویدا بالادەست بوو، بۆشایی ئەمنیەتی و ئیداریی پاش شۆڕشیان پڕ کردەوە. هەر لەو ساڵەدا، خەڵک ناچاربوون لە سەر دوو بابەتی گرینگ دەنگ بدەن: ناوەڕۆکی سیستمی سیاسیی پاش شۆڕش و یاسای بنەڕەتیی نوێ. جگە لە ئەحمەد موفتی زادە، زانایەکی کوردی سوننی و گرووپێکی چووکە لە شوێنکەوتوانی، کوردەکان بە تێکرا هەر دوو بژاردەی کۆماری ئیسلامی و پاشایەتییان ڕەد کردەوە.

تەنانەت لە ڕێفراندومی دووهەمدا، موفتیزادەش دەنگی بە یاسای کۆماری ئیسلامی نەدا. بەم شێوەیە، کوردەکان بە تێکرا ڕەواییی نیزامی دینی و یاسای بنەڕەتییان ڕەد کردەوە.[١۵] بەم پێیە، زۆر جار بژاردەکانی پارس ڕەدکردنەوەی سیستمی نوێ بە شێوەی دێمۆکراتیک لە لایەن کوردەکانە وەکوو» شۆڕش» لە قەڵەم دەدەن (بڕوانە دەباشی ٢٠٠٨).

ڕەدکردنەوەی نیزامی دینی لە لایەن کوردەکانەوە، ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی (جیهاد، خومەینی ١٣٦۴/ ١٩٨٥، ٢٩٢) لێ کەوتەوە. فەرمانی جیهادی خومەینی ـ لە ١٩ی ئاگوستی ساڵی ١٩٧٩ ـ لە کوشتاری بە کۆمەڵ و ئیعدامی نایاسایی لە لایەن دەوڵەتی نوێوە بۆ «پاکسازیکردنی کوردستان لە خرابکاران» دەستی پێکرد (ساڵح ٢٠١٣، ٦٩). هەر وەها خومەینی سزای هەموو پارتە سیاسیەکانی (کورد و ناکوردی) بە مەرگ و لە داردان، ڕاگەیاند (کورزمن ٢٠٠۴). پاش فەرمانەکە، هێزە دەوڵەتییەکان هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر کوردستان دەستپێکرد

**خشتەی ٢. کۆڵبەرە (cross-border labourers) کوژراو و بریندارەکان (۲۰۱۵ ـ ۲۰۱۹)***

| | | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووداو | ژمارە | 2 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 |
| | دەرسەدی کوژراو | 100% | 0% | 0% | 0% | 0% | 100% |
| | کۆی دەرسەد | 0.2% | 0% | 0% | 0% | 0% | 0.2% |
| بریندار | ژمارە | 19 | 49 | 148 | 226 | 125 | 567 |
| | دەرسەدی کوژراو | 3.4% | 8.6% | 26.1% | 39.9% | 22% | 100% |
| | کۆی دەرسەد | 2% | 5.3% | 16% | 24.4% | 13.5% | 61.2% |
| کوژراو | ژمارە | 49 | 44 | 88 | 127 | 50 | 358 |
| | دەرسەدی کوژراو | 13.7% | 12.3% | 24.6% | 35.5% | 14% | 100% |
| | کۆی دەرسەد | 5.3% | 4.7% | 9.5% | 13.7% | 5.4% | 38.6% |
| کۆ | ژمارە | 70 | 93 | 236 | 253 | 175 | 927 |
| | دەرسەدی کوژراو | 7.6% | 10% | 25.5% | 38.1% | 18.9% | 100% |
| | کۆ | 7.6% | 10% | 25.5% | 38.1% | 18.9% | 100% |

* تا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە، لەوانەیە ئەم ئامارانە گۆڕانی بەرچاویان بە سەردا بێت لە بەر ئەوەی کە کوشتنی کۆڵبەران لە ئێراندا بوەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە.

و شار و شارۆچکەکانیان «پاکسازی» کرد. ئەم لەشکرکێشییە بەربڵاوە، وەحشیگەریی سیاسەتی ڕێژیمی نوێی لە دژی کوردەکان نمایش کرد، کە تێیدا هێزە نیزامییەکان ـ بە فڕۆکەی شەڕکەر، تانک و تۆپخانەوە شارەکانی کوردستانیان داگیر کرد. لەگەڵ وێرانکاریی زیاتری دەوڵەت، دژبەرانی کورد وەکوو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) و شاخەی کوردستانی ڕێکخراوی فیداییانی خەڵک، هەوڵیان دا لە گەڵ ڕێژیمە نوێیەکەدا وتووێژ بکەن، تاکوو بە شێوەیەک خودموختاری و مافی فەرهەنگی بۆ کوردەکان دەستەبەر بێ. هەر لەو کاتەدا، ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی، دادوەری خوێنڕێژ و ناسراوی شۆڕش، سەدان لاوی کوردی لە دادگایەکی هەڕەمەکیدا لە دار دا. ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی مەدەنی کوژران، هاوکات خەڵکێکی زۆریش بێسەروشوێن کران کە دواتر لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە.[۱۶] لە سەرەتاوە، دەوڵەت بەڵێنی دا کە شێوەیەک لە خودموختاری بە کودستان بدات، بەڵێنێک کە هیچکات جێبەجێ نەکرا. لەو کاتەوە، دەوڵەت پارتە سیاسیەکانی کورد و هەروەها خەڵکە مەدەنییەکەشی، وەکوو قەوم و مەزهەبێکی جیا لە خۆی لە قەڵەم دەدات.

پاش شکەستهێنانی وتووێژەکان، دەوڵەت بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام ستەمی لە سەر کورد زیاتر کرد. دەوڵەت، بوونی پارتە جیاوازەکانی کوردی کردە بیانوو و پاساوهێنانەوە بۆ میلیتاریزەکردنی کوردستان و هەروەها بۆ چاوەدێریکردنی هەموو بوارەکانی ژیان لە ڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە. ئۆپوزسیۆنی کورد لە سەرەتای

دەیەی ١٩٩٠ چالاکییە چەکدارییەکانی خۆیان ڕاگرت و ژیانی ئاوارەییان لە باشوری کوردستان دەستپێکرد. ڕاگرتنی خەباتی چەکداریی پارتە کوردییەکان، نە چاوەڕێیی کۆماری ئیسلامیی کەمترکردەوە و نە زیاتر میلیتاریزەکردنی کوردستان. بەرئەنجامی زیاترمیلیتاریزەکردن، بووە هۆی هاوکاریی دڵخوازانەی زیاتر لە گەڵ هێزە دەوڵەتییەکاندا. بەڵام، ئەم بارودۆخە، نە ستەمی دەوڵەتی کەم کردەوە ونە بەربەستێکیشی دانا لە ناو دانیشتوانی کۆمەڵگەی سەردەستدا. تەنانەت ئەوانەی کە گیانیشیان لێ ئەستێندرابوو، بێبەری نەبوون لە ستەمی دەوڵەتی کە لە زۆربەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کورددا دۆزرانەوە. گۆڕستانە جۆراوجۆرە بێ ناونیشان و شاراوەکان لە ئێراندا، توندوتیژیی دەوڵەتی لە سزادانی زیندووەکان و مردووەکانی «کۆمەڵگا نەخوازراوەکانی» دەرخست. بۆ وێنە لە لەعنەت ئاوا: گوندە نفرین کراوەکانی شارەکانی کوردییەکانی کرماشان، بیجاڕ و قوروە، گۆڕستانی نائاسایی کە گۆڕەکان دەبێ لە سەر زەوی دیار نەکەن. بوونی وەها گۆڕستانگەلێک نیشانەیەکە لە لووتکەی وەحشیگەری و ئینکاری دەفن کردنێکی سەربەرزانەیە بۆ کوردەکان و/ جیابیران.[١٧] ئەوەی دەوڵەت هیوای بۆ دەخواست کە لە ڕێگەی میلیتاریزە کردنی کوردستانەوە پێی بگات لە بەشەکانی دواتردا باسی لێ دەکەین.

## خێڵەکی سازیی نیزامیگەری

بۆ زیندوکردنەوەی توێژە کۆمەڵایەتییەکان ـ کە لە ڕیفۆرمی زەوی پێش لە ١٩٧١ لە کوردستان بوونی هەبوو ـ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فرتوفێڵ دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هێزی لۆکاڵی و پێش لەهەمووان لە ناو «عەشایرە» کوردەکاندا. ئەمە ئیستراتێژیەک بوو بۆ زیندوکردنەوە و کەڵک وەرگرتن لە کەلینە کۆمەڵایەتییەکان، بە مەبەستی پەرەپێدانی کۆنترۆڵی دەوڵەت لەو ناوچەیەدا. بە گشتی ناوەند و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەوڵیان دا کە بزوتنەوەی کورد لە بنەڕەتدا بە خێڵەکی لە قەڵەم بدەن. لە ڕووی مێژووییەوە، ئەوان هەوڵیان داوە کۆمەڵگە نافارسەکان وەکوو «خێڵ» پێناسە بکەن (ئیبراهمیان ٢٠٠٨، ٢٠ -٢١). بەم شێوەیە، دەوڵەت بڕیاری دا تا هەر کاتێک کە وەها دەربڕینێک لە گەڵ سیاسەتی میلیتاریزەکردن و دنەدانەکەیدا بێتەوە، دەستەواژەی «عەشایر»، بە سوودی خۆیان سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە وئەوان بە نیشتمانپەروەر لە قەڵەم بدات. کەواتە، لە ساڵەکانی سەرەتای پاش شۆڕش، «عەشایر» سەرنج و بایەخێکی زۆری پێ درا و بە پێناکۆکییەکی زۆرەوە پێناسە و لە ناو بران. وەها دەربڕینێک بە باشترین شێوە دەرخەری وتە بە ناوبانگەکەی خومەینییە کە «عەشایر»ەکان سەرمایە ی شۆڕشن. دەربڕینەکەی خومەینی، دەرخەری سەرمایەگوزاریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بۆ بەکارهێنانی «عەشایر»ە کوردەکان، بە مەبەستی کۆنتڕۆڵ کردن (موحەممەدپوور و سولەیمانی ٢٠١٩). لەم ڕووەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران مەفهومی عەشایری بە پێی بارودۆخ بە کارهێناوە: عەشایر دەتوانێ سەرمایەی شۆڕش بێ بۆ پارچە پارچەکردنی کورد یا خود دەتوانێ بە مانای خێڵەکی بوون و پاشکەوتوویی بێ، کاتێک کە «تاقانەیی میللەت» لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئارمانجی سیاسیی نافارسیدا، یەکانگیر نابێ. ئەم تێڕوانینەی دوایی، لە لایەن شەخسی خومەینییەوە لە سەرەتایی ساڵی ١٩٧٩، هێنراوەتە زمان. جارێک، ئەو گلەیی کرد کە ئێستا، هەر خێڵێک بەدەر لەوە کە لە کوێوە هاتووە، وا بیر دەکەنەوە کە ناوچەکەی ئەوان هەژارترین ناوچەیە. گرینگ نییە کە بەختیاری یان بەلووچستانی بن[١٨] یا خۆ کوردستانەوە هاتبن، هەر کام [لەم

خێڵانە] بانگەشەی هاوشێوە دەکەن (جەختی زیاتر).[١٩]

لــە ســـەرەتاوە و بــە پێی سیاســەتی خێڵەکیــی خۆیــان، دەوڵــەت هەوڵــی دا پێگەیەکــی دیاریکــراو بــە خــاوەن زەوییە گەورەکانی پێشــوو بدات بۆ ئەوەی تۆوی بێ متمانەیــی لە نێو کوردەکانــدا بە تایبەتی لە ناوچە لادێیەکاندا، بچێنێ. ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئەوەی بەشــێک لە خەڵکی لادێیەکان، بــە مەبەســتی بە دەســتهێنانی ســەرنج و دابینکردنی بەرژەوەندی هێزە ئەمنیەتییەکانی دەوڵــەت ـ کە لە زۆربەی لادێکاندا پایگایان دانابوو ـ بکەونــە کێبەرکێیەوە. ئیســـتراتێژیی دەوڵەت لە سەر بنەمای دروســتکردنی کەلێنی کۆمەڵایەتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، داندرابوو. بەرئەنجام، لــە برێــک ناوچەی ئوســتانی ورمــێ، گرووپگەلێک لە خەڵک وەکــوو جــاش و چاوســاغانی خۆجێیی کاریان دەکرد. سپای پاســدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێــران IRGC و ڕێکخــراوی بەســیجی خەڵــک IPMU بە چەکدارکردنــی کــوردەکان، ئەوانیــان بــۆ دروســتکردنی ناکۆکیی کۆمەڵایەتی کــە ڕووبەڕووبونەوەی جۆراوجۆری چەکداریی لێ کەوتەوە، ئاراستە دەکرد.

لــە ڕۆڵەتدا، ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان، بۆ شەڕکردن لە گەڵ « دوژمنانی شۆڕش»، چەک و تەقەمەنییــان دابەش دەکرد؛ کە بووە هۆی ئەوەی ئەم چەکانە بە هاسانی بکەونە دەستی خەڵکــی خۆجێی و لە دژییەکتری بە کاریان بێنــن. ڕێژیم بــە بیانووی چارەســەرکردنی ناکۆکییــە کۆمەڵایەتییــەکان، بــواری بــۆ پەرەپێدانــی چەوســاندنەوە لــەو ناوچانەی کە وەرزێر و خــاوەن زەوییە گەورەکان تێدا نیشــتەجێ بوون (و کێشــەی زەوی، ئاو و ســەرچاوەی دیکەیان تێدابوو، تەنانەت پاش تەواو بوونیش)، خۆش کرد. بۆ وێنە، یەکێک لە شــایەتحاڵەکان بە ئێمەی گوت کە چۆن دەمەقاڵەیەکــی چووکە، لە ســاڵی ١٩٨٨ لە نێزیک سەردەشــت، نۆ کــوژراو و چەندین برینــداری لە گونــدە کەیاندا لــێ کەوتەوە. زانیاریــی خەڵکــی ناســیاوی ئێمە نیشــان دەدەن کە ڕووداوی هاوشــێوە لە زۆریەک لە ناوچەکاندا ڕوویداوە و کاریگەریەکی گەورەی لە سەر ژیانی خەڵک داناوە، خەڵکی خۆجێیی لە شــوێنەکان، بۆ ناکۆکیی لە سەر سەرچاوە سروشــتییەکان وەکــوو ئاو و ئاودێری چەکی گەرمیان بە کار هێنــاوە. دژکــردەوەی دەوڵەت لە هەمبــەر وەها ڕووداوگەلێک بە وردی لێکدرابووەوە: خەڵکی لادێیەکانیشــی پەلکێشــی هێزەکانــی ئــەوان کــرد، لە بــەر ئــەوەی نەیاندەتوانــی ناکۆکییەکانیــان بــە بــێ دەستێوەردانی دەوڵەت چارەسەر بکەن.

> بۆ زیندوکردنەوەی توێژە کۆمەڵایەتییەکان ـ کە لە ڕیفۆرمی زەوی پێش لە ١٩٧١ لە کوردستان بوونی هەبوو ـ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فرتوفێڵ دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هێزی لۆکاڵی و پێش لەهەمووان لە ناو «عەشایرە» کوردەکاندا

لــە ســەرەتای دەیــەی ١٩٨٠ تاکــوو کۆتاییەکانــی دەیــەی ١٩٩٠، ئەندامانــی بنەماڵەی خاوەن زەوییە گەورەکانی پێشــوو، بــە ڕادەیەکی زۆرتر، لــە پێکهاتەی دەوڵەت و دەســەلاتی خۆجێیدا، جێگیــر کران. ئەمە پاداشــتێک بوو بۆ وەفــاداری و خزمەتەکانی ئەوان بە ئەجنــدای نیزامیگەریی دەوڵەت و، چانســێک بەوان درا کە هەنــگاو بە هەنگاو، دەســەڵاتی لەدەسترۆیشــتووی خۆیــان بە دەست بێننەوە. ســەرەڕای بە دواداچوون بۆ ســەرچاوەی ماڵی، خاوەن زەوییەکانی پێشوو لە هەوڵدابوون کە وەکوو پاشــکۆی دەوڵەت و دەزگایەکی ئیداری، لــە پێوەندی لە گەڵ بەڕێوەبردنی لادێیەکاندا، هەڵسوکەوت بکەن.

له کاتێکدا کە ڕێژیم بێباکانە و بەردەوام پلانەکانی میلیتاریزەکردنی بەڕێوە دەبرد، خاوەن مولّکەکانی پێشوو، لە هەولّدا بوون بۆ گەڕانەوەی دووبارەی «ڕۆژە خۆشەکانی ڕابردوویان». لە ژێر نیزامیگەریی دەولّەتدا، کۆمەلّگەی مەدەنیی کوردستان بە زۆری لە نێو چووبوو و، بێ متمانەیی و ترس بە شێوەیەکی بەربڵاو پێوەندیی کۆمەڵایەتیی کوردی بیچم دابوو. لەو کاتەوە کە خاوەن مولّکەکانی پێشوو، یەکەم گرووپ بوون کە بوونە پێش قەراوڵی سیاسەتی چەکداریی دەوڵەت، هێندێک لە وەرزێرەکانیش ـ وەکوو ئیستراتێژییەک بۆ مانەوە ـ وەدووی ئەو ڕێچکەیە کەوتن. هێندێک لە خەڵکی ئەو لادێیانە کە ئێمە بۆ ئەم لێکۆڵینەویە دواندومانن، بە ڕاشکاوی گوتیان ئێمە تەنیا بۆ زیندوو مانەوە لەو شێوە نوێیەی کێبەرکێکردنە، چەکمان بە دەستەوە گرت. لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، ڕێژەیەک لە سەرکەوتنی دەوڵەت لە پرچەک کردنی گرووپە جیاوازەکانی خەڵک بە هۆی ئەم ڕاستیانەی خوارەوەیە:

۱ دەوڵەت لە ڕێگەی بە کارهێنانی سیاسەتی میلیتاریزەکردنەوە، ناکۆکییە شاراوەکانی لە ناوچە لادێیەکاندا، بە هۆی زاڵکردنی ترسێکی بەر بڵاو لە ناو وەرزێرەکاندا زیندوو کردەوە و، لە هەندێک بارودۆخدا، وەرزێرەکانیان ناچار بە هاوکاریی دەوڵەت کرد.

۲ ڕێژیم تۆڕێکی بەربڵاوی لە دامەزراوەی ئەمنیەتی و نیزامی وەرێخست کە شار و گوندەکانی لە ڕێگەی پایگاکانییەوە بە یەکەوە گرێ دەدا، کە هەرکام لەوان ئامانجی پاوانخوازانەی خۆیان لە کوردستاندا هەبوو. ئەوان بە جێگیربوونیان، بە بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی کوردەکانیان چاوەدێری دەکرد و خەڵکی بێکار و لاوانیان، بە تەماح وەبەرنانی ماڵی و دەرفەتی کار بە لاڕێدا دەبرد و، لە کاتی ڕەدکردنەوەی هاوکاری لە گەڵ دەوڵەتدا، بە توندی سزا دەدران. لە ژێر وەها بارودۆخێکی ئەمنیەتیدا، وەکوو هەموو ڕێژیمە توتالیتارەکان، ڕەدکردنەوەی هەرچەشنە هاوکارییەک لە گەڵ دەوڵەت، بە هاوکاری لە گەڵ دوژمن لە قەڵەم دەدرا.

۳ بارودۆخی تایبەتی کوردستانی باشوور ـ جێگایەک کە ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا جێگیر بوو ـ چالاکییە سیاسی و نیزامییەکانی بزووتنەوەی کوردی کەمڕەنگ کردەوە، و هاوسەنگییەکەی تێکدا و خەڵکیش ئیرادەی بەرگریکردنی لە دەست دا.

۴ هەر لەو کاتەدا، سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن بە هۆکاری سیاسەتە نەرمونیانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرا.

۵ لە هەمووی گرینگتر، لادێیییەکان ـ کە یەکەمین قوربانییەکانی وەپاشخستنی ئابووریی کوردستانن، بە زۆری هەستیان دەکرد کە تاکە ڕێگەی دەربازبوون لە هەژاری، پەیوەست بوونێکی ناچارییە بە هێزەکانی دەوڵەتەوە. لە کاتێکدا کە ئاماری فەرمی بە هیچ شێوەیەک جێی متمانە نییە، خشتەی ۳- ۵ دەتوانن هێندێک لە سیاسەتی وەپاشخستنی ئابووریی کوردستان لە لایەن ئێرانەوە (بە تایبەتی بە بەراورد لە شوێنەکانی دیکە ئێران) ڕوون بکەنەوە.

بێگومان ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گەڵ کوردەکاندا داگیرکاری بووە. مەحموود مامدانی لە کارەکەیدا لە ساڵی ۲۰۱۲ پێناسە و یاسا: خۆجێیییەکان وەکوو شوناسی سیاسی، وەک هەوڵێکی فیکری و فەرهەنگیی هاوشێوە لە لایەن داگیرکەرانەوە، بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ ستەمەکانیان و، ڕێگە خۆش کردن بۆ دابەشکاریی گشتیی، دەخاتە ڕوو. دەسەڵاتی داگیرکار پەنا بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی کومەڵگەکان دەبات تاکوو پارچەپارچەکردنی داگیرکراوەکان وەکوو ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی نیشان بدات.

**خشتەی ٣. بە پێی پێوەری گەشەی مرۆیی و ئاستی خۆشبژێوی لە ٣٠ ئوستانی ٢٩ خۆشبژێوە و تەنیا یەک ئوستان ئاستەکەی نزمە***

| گرووپ | مەودا | ئاستی خۆشبژێوی | ئوستانەکان | ژمارە | پلەبەند ٣٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | +0/732 | خۆشبژێو | تاران، ئیسفەهان، قەزوێن، گیلان، ئەلبۆرز، فارس، یەزد، بوشهر، سمنان | 9 | 29 |
| ٢ | 0/760-0731 | کەمتر خۆشبژێو | خوزستان، مازندەران، قوم، چوارمەحاڵ بەختیاری، ئیلام، گوڵستان | 7 | 22.6 |
| ٣ | 0/680- 0/705 | مامناوەندی | خوراسان ڕەزەوی، کرمان، هورموزگان، ئازربایجان ڕۆژئاوا | 4 | 13 |
| ۴ | 0/654-0/679 | بێبەش | زەنجان، هەمەدان، کرماشان، خوراسان جنوبی، خوراسان شوماڵی، کهکۆیلە و بۆیر ئەحمەد، ئەردەبیل، لورستان | 8 | 25.8 |
| ۵ | +0/653 | زۆر بێبەش | ورمێ، کوردستان، سیستان و بەلووچستان | 3 | 9.6 |

*. سەرچاوە: زەنگە (٢٠١۶، ١۵۶- ٧).

**خشتەی ۴. جیاوازی نێوان نرخی بێکاری کوردەکان لە گەڵ ناوەند و لۆکاڵیەکان (٢٠١٧)**

| ئوستان | ڕێژەی بێکاریی ئوستانەکان (٪) | بەراوردی بەرپرسانی ئوستانی (٪) | بیرورا |
|---|---|---|---|
| ئاستی ئوستان | ١٣ | 14.5 | وەرگیراو لە سایتی فەرمیی ئوستانداری ورمێ |
| ورمێ | ١١ | 45 | وەرگیراو لە سەید ئێحسان عەلەوی، کوردستان وێبسایتی فەرمیی PM |
| کوردستان | ١۶ | 20.2 | |
| کرماشان | ١١ | زیاتر لە ١۴مانگە، لە بەردەست | وەرگیراوە لە وێبسایتی فەرمیی ئوستانداری دیلوران |
| ئیلام | ١۴ | نییە یان ڕاپۆرت نەدراوە | |

**نرخی بێکاری لە پێنج شاری کوردنشینی ئوستانی ورمێ**

| شار | ڕێژەی بێکاریی ئوستان (٪) | بەراوردی بەرپرسانی ئوستانی (٪) | بیرورا |
|---|---|---|---|
| پیرانشار | 14.3 | 35.2 | وەرگیراو لە: بەرپرسی پلان و بودجە WA |
| سەردەشت | 25.3 | | |
| مەهاباد | 12.2 | 30.0 | وەرگیراوە لە وێبسایتی ئوستدانداری مەهاباد |
| بۆکان | 12.0 | 21 | وەرگیراوە لە: وێب سایتی فەرمیی بانکی بۆکان |
| شنۆ | 15.4 | ناروون | |

**خشتەی ٥. پێوەری گەشەی مرۆیی (HDI) لە ئوستانی کوردییەکان (لە نیوان ٣٠ ئوستانی ئێران)**

| ئوستان | پێوەری پەروەردە | پێوەری GDP* | پێوەری سلامەتی | HDI | پلەبەندی لە سەر ٣٠ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ورمێ | 0.735 | 0.440 | 0.727 | 0.634 | 29 |
| کوردستان | 0.74 | 0.427 | 0.730 | 0.632 | 30 |
| کرماشان | 0.775 | 0.494 | 0.725 | 0.644 | 23 |
| ئیلام | 0.830 | 0.572 | 0.750 | 0.717 | 15 |

*. GDP: بەرهەمی خاوی ناوخۆیی

بۆ وێنە مامدانی، ئافریقا وەکوو نموونەیەک دێنێتەوە، هەڤرکێ و جیاوازیی ڕەگەزی، وەکوو دەستەبەندییەک لە «ناخۆجێیی» بە پێچەوانەی «خێڵەکان» و «خۆجێییەکان» بە کار دێنێ. هەر بەم شێوەیە، سیاسەتی هەمیشەییی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تاوان زانینی هەرجۆرە باسێکی تایبەتە لە بارەی سیاسەتی کوردستانەوە. دەوڵەت شێوەگەلی تایبەتی بۆ جێ خستنی زمانە نافارسەکان و دەستەبەندیکردنیان وەکوو لەهجەکان یان لەهجە جیاوازەکان چەسپاندووە، بۆ ئەوە کە وەکوو لەهجەکانی زمانی فەرمی، بیانناسێنێ.

## پەروەردە

لە کوردستاندا، پەروەردە، دامەزراوە پەروەردەیی و خوێندنگەکان کراونەتە ناوەندی نیزامیی. دەزگا ئەمنیەتییەکانی دەوڵەت، لە هەموو شوێنێکدا بوونیان هەیە. ئەوان ژیانی قۆتابیان لە قۆناغی ناوەندییەوە تاکوو کۆتاییی خوێندنی باڵا چاوەدێری دەکەن. زۆرتر، هاوکاریکردن لە گەڵ دەوڵەت وەکوو ئەرخایەنیی پرۆسەی خوێندن و دواتریش دامەزراندن لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا دەستە بەر دەکات. لەقەبێک وەکوو جاش قەڵەم لە وتەزا نوێیە داتاشراوەکانی کوردە. جاش قەڵەم تایبەت بۆ «لێکۆڵەرانی» زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پەسەندی دەوڵەت، وەکوو ئێحسان هۆشمەند (٢٠٠٤) و عیرفان قانعیفەرد (٢٠٠٩) بە کار برا، کە هەوڵیان دا بوونی نەتەوەیی کورد ببەنە ژێر پرسیارەوە. بە گشتی جاش قەڵەم ناونیشانێکە بۆ هەموو ئەو لێکۆڵەر، مامۆستا و خوێندکارانەی زانستگەکان، کە وەکوو خۆفرۆشێکی ڕۆشنبیر، لە گەڵ دەوڵەتدا هاوکاری دەکەن. هارکاریی فیکری، دەکرێ فۆرمی جیاواز لە خۆ بگرێ: لە قسە کردن و نووسین بە قازانجی دەوڵەتەوە بگرە، تاکوو بەشداری لە پرۆژە دەوڵەتییەکان، یان ئەو پرۆژانەی کە لە لایەن دامەزراوە ئەمنیەتی و نیزامییەکانەوە ئیدارە دەکرێن و بەرێوەدەچن.

سەرەرای ئەمانە، دەوڵەت، دامەزراندن وەکوو کارت و تەماح وەبەرنان بە کار دێنێ کە خوێندەوارانی کورد، هاوکاریی دەزگا ئەمنییەکان بکەن. زۆر جار سزای هاوکاری نەکردن، دەستبەجێ لێ وەرگرتنەوەی کاری بە دواوەیە. وێرای ئەم ئیستراتێژیانەی سەرەوە، ڕێژیم لە ڕێی ستەم و چاوەدێریی دەوڵەتییەوە، بەرگریی جەماوەریی لاواز کردووە. زاڵکردنی فەزای ترس، تیرۆر و ڕەشبینی ـ تایبەتمەندییەکی هاوبەشی ژیان لە وڵاتە توتالیتارەکاندایە ـ کە بە شێوەی لاوەکی بەرهەم دەهێنرێتەوە. برێک لە شایتحاڵەکانی ئێمە بە هۆی خووگرتوویی هاوکاریکردنیان لە گەڵ دەوڵەت، بە پێی لۆژیکی خۆیان، کارەکەیان بە خزمەت دەزانی: «ئەگەر من ئەم کارە ئەنجام نەدەم، خەڵکانی

دیکە ـ بە ناپاکییەوە ـ ئەنجامی دەدەن».

چەندین ڕێکخراوی ئەمنیەتی تایبەت بوونیان هەیە کە چالاکییەکانی خۆیان لە بەشی پەروەردە بەڕێوە دەبەن. ئەرکی ئەوان جۆراوجۆرە، وەکوو چاوەدێریکردنی بیروباوەڕی سیاسی و ئایینیی قوتابیان و مامۆستاکان، هەڵسوکەوتیان، نووسین و قسەکردنیان، جلوبەرگیان، چالاکیەکانیان لە تۆڕە کۆمەلاتیەکان و تا دوایی.

پرۆفایلی قوتابیان لە قۆناخی ناوەندییەوە دەستپێدەکات، لەم ڕێگەیەوە دەوڵەت دیاری دەکات کە ئیزن بە چ کەسگەلێک بدرێ کە خوێندنی باڵا بخوێنن و دواتریش لە بەشە دەوڵەتییەکاندا کاریان پێ بدەن. بەو شێوەیە ئەکادیمیسەنێکی کورد بە ئێمەی گوت، «پێشینەی تاکەکەسیی خوێندکاران، تەنیا پێوەرێک نییە بۆ پەسەندی دەوڵەتی». لێژنەی پەسەندکردن {گوزینش}، یەکێک لەو چوار بەشە ئەمنیەتیەی ناو وەزارەتی پەروەردەیە کە بە مەبەستی دیاریکردنی لێهاتوویی ئەوان بۆ خوێندنی باڵا و کار، لە پێشینەی دوور و نێزیکی بنەماڵەی قوتابیان دەکۆڵنەوە. ڕێژیم لە ڕێی دەستوپێوەندی خۆی و ڕێکخراوەکانی وەکوو ئەنجومەنی قوتابیانی ئیسلامی/ خوێندکاران و قوتابیانی بەسیجیی ئیسلامییەوە، بە چڕی چاوەدێریی هەموو خوێندنگە و زانستگەکان دەکات. خوێندکارانی بەسیجی ئیسلامی، لقێکە لە ڕێکخراوی بەسیجی خەڵک IPMU .IPMU ڕێکخراوێکی فیدایییە و یەک لە پێنج هێزەکەی سپای پاسدارنی شۆرشی ئیسلامیی ئێرانە کە لە ساڵی ١٩٨٠ بە فەرمانی خومەینی دامەزرا. ئەم ڕێکخراوەیە، بۆ ڕێکخستن و بارهێنانی خوازیارانی بەشداریی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق دامەزرا (گوڵکار٢٠١٥). دەستبەجێ پاش دامەزراندنی، ڕێکخراوی بەسیجی خەڵک، لقەکانی لە شوێنەکانی دیکەش دروستکرد. لەو کاتەوە دەرگیرکردن یان پەیوستبوونی کوردەکان بە ڕێکخراوی بەسیجی خەڵک ـ وێڕای ڕێکخراوە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی دیکە بایەخی تایبەتی هەبووە ـ ئەوان هانی لاوان و تازە لاوان کە زۆربەشیان قوتابی و خوێندکار بوون دەدەن کە لە لقە لۆکاڵییەکانی ڕێکخراوی بەسیجی خەڵکدا، خۆیان ناونووس بکەن. لە بەرابنەردا پاداشتەکەی بۆ ئەوان، کار، وەرگیران لە زانستگە، گەشت و سەیران، دەرفەتی کار و زووتر تەواوکردنی خزمەتی زۆرەملێی سەربازییە.

> لە کوردستاندا، پەروەردە، دامەزراوە پەروەردەیی و خوێندنگەکان کراونەتە ناوەندی نیزامی. دەزگا ئەمنیەتییەکانی دەوڵەت، لە هەموو شوێنێکدا بوونیان هەیە. ئەوان ژیانی قوتابیان لە قۆناغی ناوەندییەوە تاکوو کۆتایی خوێندنی باڵا چاوەدێری دەکەن

### فارساندن بە نیزامیگەری

کوردەکان و زمانەکانی دیکەی کۆمەڵگە ژێر دەستەکان، بابەتی ئینکار و سووکایەتی پێ کردنن لە لایەن ڕێژیم و زۆربەی ڕۆشنبیرانی پارسەوە.[٢٠] ئەکادیمیسیەنەکانی ناسیۆنالیستە پارسەکان لە سەر ئەو بڕوایەن: بە فەرمی ناسیی هەر زمانێکی ناپارس، دەبێتە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ئێران. بە ئێمە دەڵێن وەها بەفەرمی ناسینێک، وەکوو جوانکاریی برۆیە بۆ لە دەستدانی چاو.[٢١] سەرەڕای پەسەندی بنەڕەتیی زمانە کانی ناپارس لە یاسای بنەڕتیی لە ١٩٧٩، ئەم زمانانە وەکوو مەترسییەک بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران و زمانی کۆمەڵگەی سەردەست ڕەفتاریان لە گەڵ کراوە.[٢٢] لە ژوئەنی ساڵی ٢٠١٩، لە سەر بنەمای سیاسەتێکی نوێ کە دەوڵەت هێناویە ئاراوە، لە باخچەی ساوایان، ئەو قوتابییە غەیرەپارسانەی بە سەر زمانی پارسیدا زاڵ

نەبن، وەکوو منداڵانی بە «پێداویستی تایبەت» (یان با نیازهای خاص) لە قەڵەم دەدرێن.[۲۳] لە هێندێک ڕووەوە، ئەم سیاسەتە کۆڵۆنیالییە نوێیە بۆ زاڵبوون بە سەر زماندا، زمان دەکاتە دیاردەیەکی بیۆلۆژیک (زیندەوەرناسی) کە باری بەهێزی ڕەگەزپەرەستیی هەیە. بەم شێوەیە، کۆمەڵگەی سەردەست و بژاردەکانی بە بێدەنگی و بیرۆکەی هاوبەشەوە، ئەم سیاسەتە نوێیەیان بنەجێ کردووە.

کۆمەڵگەی سەردەست ئەو هەقیقەتە دەزانێ تا کاتێک کە زمانەکەیان بە زمانی فەرمیی وڵات بمێنێتەوە، یارمەتییان دەکات کە پێگەی ئەم کۆمەڵگەیە لە لوتکەی سیستەمەکەدا پارێزراوبێ. وەکوو ئەشکرافت و... پشتراستیان کردووەتەوە، زمان- پێوەندییەکە کە لە ڕێگەیەوە پێکهاتەی پلەبەندیی دەسەڵات جێگیر دەبێت، و پەیوەندییەکە کە لە ڕێگەیەوە تێگەیشتن لە «هەقیقەت»، «نەزم» و «بوون» بنەجێ دەبن» (۱۹۹۸،۷). پاش چوار دەیە لە پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتی، دەوڵەت و ڕۆشنبیرانی پارس هەنووکەش پێداگری دەکەن لەسەر کێشە تەکنیکییەکان وەکوو هۆکاری نەخوێندنی زمانەکانی دیکە لە قوتابخانەکاندا. هەڵبەت وەها بەڵگە هێنانەوەیەک بە تێگەیشتنی فەیلەسووفی کانەدایی چارلز تەیلێر تەنیا «پاساوی تەکنیکیی شوڤینیزمێکە کە بە ڕاشکاوی دەریناخەن (تەیلێر ۱۹۹۹،۲۲۲).

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی دەوڵەتیی ئیسنا، بە شێک لە ڕۆشنبیرانی پارس بە ئاشکرا دەڵێن « خوێندن بە زمانی نافارس ...زیان بە یەکگرتوویی میللی دەگەیەنێ. [ئەوان] نیگەرانن کە جێبەجێکردنی مادەی ۱۵ دەتوانێ هەڕەشە بی بۆ سەر زمانی پارسی

> ڕژێم بە بیانووی چارەسەرکردنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان، بواری بۆ پەرەپێدانی چەوساندنەوە لەو ناوچانەی کە وەرزێر و خاوەن زەوییە گەورەکان تێیدا نیشتەجێ بوون (و کێشەی زەوی، ئاو و سەرچاوەی دیکەیان تێدابوو، تەنانەت پاش تەواو بوونیش)، خۆش کرد

و پێگەی لاواز بکات.[۲۵-۲۴] ڕۆشنبیرانی پارس ـ بێ لە بەرچاوگرتنی دیدگای ئیدئولۆژی و وڵاتی نیشتەجێ بوونیان ـ نیگەرانییەکی هاوشێوەیان لە بارەی زمانی پارسی و پەیوەندی بە «هۆویتی ئێرانییەوە» هەیە (بڕوانە یارشاتر ۱۹۹۳). لە دیدگای کۆمەڵگەی سەردەستەوە، هاوتا کردنی زمانی پارسی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا یان نرخاندنی زمانی پارسی وەکوو زمانێک لە ناو فرەزمانیی ئێراندا، هەوڵ و کردەوەیەکی سەربەخۆییخوازانەیە. لە بەر ئەم هۆکارەیە کە ڕۆشنبیرانی پارس پێداگیری دەکەن کە زمانی ئەوان زمانی میللییە. ئیلاهە بوقرات، نووسەری پارس، هۆشداری دەدات کە تەنیا خائینان ـ هەوڵ دەدەن بۆزمانی پارسی، زمانی هەموو ئێرانییەکان قەومیک دروست بکەن.[۲۶] بەو مانایە کە شتێک بە ناوی قەومی فارس بوونی نییە.[۲۷] ئەوان ئەو هەقیقەتەی ڕوانگەی لێکۆڵەرێکی پارس وەکوو بروجێردی، بە بێ بنەما وەردەگرن، کە « هێژمونی» زمانی پارسی لە ڕێی توندوتیژی و کەمپێنێکی دەوڵەتییەوە، بۆ گەشەی ناسیۆنالیزمێکی کوشندە سەپێندرا (۲۰۰۷، ۵۰).

سیاسەتەکانی دەوڵەت لە سەر وەها بنەماگەلێکی هەڵاواردن دامەزراوە. کەواتە، سیستمی سیاسی، بە پێی یاسای بنەڕەتی، کۆمەڵگەی ناپارس و ناشیعە، بێبەش دەکات.[۲۸] بەوشێوەیە کە مێهرزاد بروجردی بە دروستی دەڵێ، بژاردەکانی پارس پاراستنی زمانی پارسییان، (زمانێکی ئاوێتە لە گەڵ زمانەکانی تری “lingua franca” ئێران)، وەکوو مەعجونێک کە بتوانێ مانەوەی هۆوییەتی ئێرانی گەرەنتی بکات، ناساندووە (۲۰۰۷، ۴۳). کەیسی موحەممەد ڕەزا

شەفیعی کەدکەنی، مامۆستای ناسراو لە زانستگەی تاران ببینن. لە سەرەتای جولای سالی ٢٠١٨، کەدکەنی هەرچەشنە باسێک لە بارەی مافی زمانیی ناپارسەکانی، وەکوو بەڵگەیەک بۆ پلانی دەرکیی بە تایبەتی ئینگلیسەکان لە قەڵەم دا.[٢٩] سیستمی ئێستا، هاوشێوەی سیستمی پەهلەوی، تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرکوت و هێزی ئابوورییەوە لەسەرپێ نییە. ئەم بەپێوەبوون و پشتیوانییە، سوننەتێکی ڕۆشنبیرییە کە سەدەیەکە «دەوڵەت وەکوو تەنیا نوێنگە و هۆکاری گۆڕانکاری» دەزانێ (کرۆنن، ٢٠٠٣، ٣). دیسکۆرسی زاڵی پارسیزم، هەناسەکێشانی غەیرە پارسەکان بە جێی گومان یان بە هۆکاری دنەدان و دەستێوەردانی دەرکی دەشوبهێنێ. هەر بۆیە، دیدگای ڕۆشنبیرانی پارس لە هەمبەر «ئارمانجەکانی کورد» بە کەمی لە گەڵ دەوڵەتدا جیاوازە.

## شیعەکردنی فەزای کوردی

بە پێچەوانەی ڕێژیمی پەهلەوی کە پەیگیری سەپاندنی هێژمونی ڕەهای سیاسی و نیزامی لە کوردستان بوو، دەوڵەتی ئیسلامی، دەستیکرد بە دامەزراندنی کۆمەڵێک دامەزراوەی هاوشێوەسازی ئایینی، بۆ گۆڕینی تایبەتمەندیی ئایینیی ناوچە سوننییەکانی کوردستان و چاوەدێری کردنی کوردەکان لە ڕووی پەروەردەیی و دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە ئاداب و ڕسوومی ئایینییەوە. سیاسەتی دەوڵەت لە کوردستان لە سەر دوو ئامانجی بنەڕەتی بەندە: یەکەم دروستکردنی سیستمی پاڵپشتی، گۆڕین و ستانداریزەکردنی ڕێوشوێنە دیاریکراوەکان، بۆ کەمکردنەوەی سەربەخۆیی دامەزراوەکانی پەروەردەی ئایینیی کوردەکان. سەرەڕای ئەمانە، بەو شێوەیەی کە مەلایەکی کورد بە ئێمەی گوت، دەوڵەت دەستکاریی پەروەردەی سوننییەکانی کرد «تاکوو بتوانێ فەزایەک زاڵ بکات کە زمانەکانی نافارسی تێدا بسرێتەوە». تەنانەت لە نێو سوننییەکانی بەلوچستانیش، پەروەردە بە زمانی دایکییەکێک لە ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی دامەزراوە ئایینیەکان بووە.[٣٠] دووهەم، دەوڵەت بە ئاوێتە کردنی وەها سیستمێک، پەروەردەیەکی سوننەتیی لە ژێر چاوەدێریی ڕێژیمدا بەرهەم هێنا. کە واتە، لەگەڵ بوونی سیستمێکی نوێ، دەوڵەت بوو بە تاکە ناوەندی سەلاحیەتی ئیعتبار بەخشین بە پەروەردەی ئایینیی کوردە سوننییەکان. باڵادەستییەکی لەم شێوەیەی کۆماری ئیسلامی، هێزی سرینەوە و وەلانانی فێرکارە نەسازەکان، وانەی پەروەردەیی و «بزوتنەوەی بە لاڕێدابردنی قوتابیانی» هەبوو. دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نوێی ئایینی وەکوو «مرکز بزرگ اسلامی»، دامەزراوەیەکی فەرهەنگسازی کۆلۆنیال و ئیسعماری، کە لەم ڕێگەیەوە دەوڵەت هەوڵی دا کە پەروەردەی ئایینیی کوردە سوننییەکان بە لاڕێدا بەرێ.[٣١]

«مراکز بزرگ اسلامی»، تەنیا لە ناوچە سوننی نشینەکاندا دامەزرێندران. ئەو دامەزراوانە، زۆرتر لە لایەن ڕۆحانییە شیعەکانەوە ئیدارە دەکرێن.[٣٢] بەڕێوەبەری هەر یەک لەو دامەزراوانە لە لایەن نوێنەری خامنەیی لە ئوستانەکاندا دیاری دەکرێن.[٣٣] ئەرکی ئەم دامەزراوانە کۆنترۆڵی بۆنە ئایینییەکان، ڕێکخستن و پلەبەندیی قوتابیانی ئایینی سوننی مەزهەب، بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی ئایینی و چاوەدێریکردنی باوەڕمەندییە ئایینییەکانی لە ئەستۆیە. زانایانی کوردی سوننی، بۆ پەیوەست بوون بەم ناوەندانەوە، ئیمتیازگەلی تایبەتی وەردەگرن. بۆ وێنە، دەکرێ ئەوان لە خزمەتی زۆرەملێی سەربازی مەعاف بکرێن. لە ڕووی مووچەوە ـ بە پێی وتەی شایەتحاڵەکانی ئێمە ـ مەلاکانی کورد مانگانە کەمتر لە ٥٠ دوڵار وەردەگرن. لە تیوریدا، دەگوترێ کە ڕیساڵەتی

ئـــەم ناوەندانە بە تـــەواوی ئایینییـــە، بەڵام ئەوان هەمیشـــە سەرتر لە سنووری ڕیسالەتە ڕاگەیاندراوەکەیانەوە کار دەکەن. ڕۆڵی ئەوان وەکوو پلاندارێژەرانـــی دەزگا ئەمنیەتییەکانی دەوڵـــەت، چاوەدێریکردنی دژبەرانی ئایینی و باوەڕمەندە ئایینییە ســـەربەخۆکانی کورد و، لابردن یان دانانی ئیمام جمعە خۆجێیییەکان و، هاوشێوەی بڕیار و ڕێوشوێنە خزمەتگوزاییە ئەمنیەتییەکانی ناوچەکە و، بەشداریکردن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانە.

شـــاراوە نییە کە شـــکڵگرتنی ئیسلامی دڵخـــوازی دەوڵـــەت یەکێـــک لـــە ئامانجە ئیســـتراتیژیکەکان لـــە هەمـــوو ولاتانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەراســـت بووە، بە ســـیکۆلار و ئیسلامییەوە. هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ پێکهێنانی ئیســـلامی دەوڵەتی لە ناوچـــە کوردییە ســـوننیەکاندا، ســـنوورادار نەکـــراوە. تەنانـــەت ئایوتوڵڵایەکی گەورەی شیعەی وەکوو حســـەین عەلی مونتەزیری، لە هەر شـــوێنێک کە تەفسیرەکانی لە گەڵ ئیســـلامی فەرمیدا جیاواز بووە، دەستبەسەر و لێپێچینـــەوەی لـــێ کـــراوە. پێکهێنانـــی دامـــەزراوەی هاوتەریبـــی شـــیعی لە ناوچە ســـوننییەکاندا سیاســـەتێکی کۆلۆنیالیـــی بەردەوام، بۆ ســـوننیبڕکردنی کوردســـتانە. وەها سیاســـەتێک، بایەخی ئیســـتراتێژیکی هەیە، لـــە بەر ئەوەی لە کۆتاییی ســـەدەی نۆزدەهەمـــدا، زانایانـــی ئایینیی کـــورد، لە هەمبەری خۆڕاگریی کوردەکان هاوسۆزی و پشتیوانییەکی زۆیان لە خۆیان نیشان داوە. لە ڕووی میژووییەوە، ناوچە ســـوننییەکانی کوردســـتان، تا یەک دوو دەیە پێش ئێستا، وەکوو ناوەندی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی کورد لـــە قەڵەم دەدران (ســـولەیمانی ٢٠١٧، ٩٩٥-٧ هەر وەها بڕوانە سولەیمانی ٢٠١٦). ناسیۆنالیزمی کوردی لـــە ناوچە کوردییە شـــیعییەکاندا، دیاردەیەکە کە لەم دواییانەدا سەری هەڵداوە و لەم ڕووەوە ســـوننیبڕ کردنی کوردستان، بایەخێکـــی تایبەتی هەیە لە فارســـاندن و داگیرکردنی کوردستاندا. ســـەرەڕای بوونی پێگەیەکی لاواز، کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شێوەیەکی ناروون مەزهەبەکانی سوننیی بە فەرمیی ناسیوە، لە کاتێکدا جەخت دەکاتەوە کە ئیسلامی شیعە مەزهەب فەرمییە (مادەی ١٢). لە کردەوەدا، ئەم مادەی یاسای بنەڕەتیە لەبارەی سوننی مەزهەبەکانەوە،هیچکات بە هیچ کوێ نەگەیشـــت. سەرەڕای ئەمانە، ئەو مادەیەش بە مادەی دیکەی یاسای بنەڕەتی ڕەد دەکرێتەوە، کـــە بەرچاوترینیان مادەی ٧٤ـە کە لەوێدا هاتووە: هیچ یاســـایەک بە دژایەتی لە گەڵ ئایینی فەرمی [واتە شیعی] پەسەند ناکرێ.[٣٤]

بۆ بڵاوکردنەوەی شیعەگەری، دەوڵەت بـــە شـــێوەیەکی بەربـــڵاو دامەزراوەکانی وەکـــوو، حوســـەینیەکان،[٣٥] حـــوزەی عیلمییە[٣٦] (حەوزەی عیلمییەی شـــیعە) و نوێنەرانـــی خۆجێیـــی زیـــاد کـــردووە. دامەزراندنی حوسەینییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٨٠. سەرەتا ئەوان بە زیادکردنی دەزگا ئیداری و دەوڵەتییەکان و، هەوڵ بۆ گەورەتریـــن جێگۆڕکێی هێزە نیزامیە ناکوردەکان لە کوردستان، سەریان وەدەرهێنا. لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، بە پاســـاوی حاواندنەوەی هێـــزە نیزامی و ئەمنیەتییەکان، دەوڵەت حوســـەینییەی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا دامەزراندووە. تەنانـــەت، لـــەو ماوەیـــەدا دروســـتکردنی مزگەوتێک بۆ ســـوننییەکان لـــە ناوچەی شیعەکانی وەکوو تاران، شارێک کە نیزیک یەک میلیۆن خەلکی ســـوننیی لێی دەژی، قەدەغەیە.[٣٧] سەرەڕای ئەمانە، دەوڵەت لە ڕێگەی دروستکردنی مانێۆمێنت و شوێنی ئایینییـــەوە، هـــەوڵ دەدات پیرۆزییەکانی شـــیعەی دەوڵەتـــی لـــە کوردســـتاندا، بنەخشـــێنێ. بە نۆرەی خۆی، ئەم هەوڵانە هێمایە بۆ ناســـاندنی «ئیسلامی ڕاستەقینە»

لــەو ناوچەیــەدا. بــۆ وێنە، بەو شــێوەیە کــە لە فتواکــەی خــوارەوەدا دیبینن، لە هێندێــک لە گونــدە چووکەکانی ناوچەی هەورامان، دەوڵەت شــوێنگەلێکی پیرۆزی وەکــوو مانیۆمێنتــی شــەهیدان (یادمان شــهدا) یا شــوێن پێی(قدمگاه) خامنەیی، دروســتکردووە: دەگوترێ کە خامنەیی لە ماوەی شــەڕی ئێران و ئێراقدا ســەردانی ئەو ناوچەیەی کــردووە.[۳۸] ئامانجی ڕێژیم هەنگاو بە هەنــگاو داگیــر کردنی فەزای مەزهەبییــە بۆ زیاتــر ئاســیمیلە کردنی کوردە ســوننییەکان. بەربەرەکانێی کوردە سوننییەکان لە گەڵ ئیستراتێژیی ئاسیمیلە کردن، زۆرجار لــە گەڵ بەکارهێنانی هێزە بێ بەزەیــی وســەرکوتکەرەکان بەرەوروو دەبنەوە.

هەروەهــا ڕێژیــم سیاســەتێکی چەند ڕەهەندیی حەشــیمەتی لە کوردستان پێڕەو کردووە. لەم ڕاســتایەدا، ســەرەتا پڕۆژەگەلی بنکە و بارەگای تایبەتی وەکوو ئیستراتێژییەک بۆ جێگیرکردنــی ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزە ناخۆجێییــەکان، مــۆرە ئەمنیەتییــەکان و بەرپرسە ناخۆجێییەکان لە تەواوی ناوچەکدا، دەســتپێکرد. دواتر، دەوڵەت دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی سیاســەتێکی تۆکمە بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیای شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە ڕێگەی پڕۆژەکانی نیشــتەجێ کردنەوەی هێــزە نیزامییــە داگیرکارەکانییــەوە. بــەم شێوەیە: دەوڵەت سیاســەتێکی دوو لایەنەی گرتە بەر: یەکەم، پڕۆژەی بنکە نیزامییەکانی پەرە پێــدا تاکوو ناوچەی جیاواز لە شــار و شارۆچکەکاندا لە خۆ بگرێ. پلانی دووهەمی دەوڵەت جێگیرکردنی شــارۆمەندە شیعەکان بــوو لە زۆربەی ناوچە کوردییە ســوننەکاندا. بەرئەنجامی پلانی دووهەم بۆە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیــای هێندێک گــەرەک و ناوچەی شارەکانیکوردســتان و کراونەتــە ناوچــەی شیعی.[۳۹]

**کۆبەند**

ئەگەر هەوێنی ئیســتراتێژیی بەشیعەکردنی کۆمــاری ئیســلامی لــە بەرچــاو نەگرین، هەموو سیاســەتەکانی لە هەمبــەر کۆمەڵگە ژێردەســتەکان، هیــچ جیاوازییەکی لە گەڵ وڵاتە سێکۆلارەکانی دراوسێیدا نییە. هەروەها، سیاسەتە بنەڕەتییەکانی بەشیعەکردن، زیاتر ئامرازی ئاســیمیلە کردن و هۆویەت گۆڕینن تاکــوو هەوڵێکی چڕی فیرقەایی. ئەم ئامانجە لە پێشــدا داڕێژراوە، پەرەپێدانی شــیعیزمە وەکوو فۆرمێک لە شــوناس کــە پێکهاتەی کۆمەڵگە بێچم دەدات. لە ئێران، پاش ســاڵی ۱۹۷۹، زمــان و فەرهەنگــی پارسیســزم و شیعیزم کرانە مانیفیســتێکی لێک گرێدارو. هەروەها ڕۆشنبیرانی ســێکۆلاری پارسیش، بایەخی لێکگرێدانی شیعیزمیان بە سیاسەتی ئێرانیەوە، پشتڕاســت کردووەتــەوە (ئێمانت ۲۰۱۷).[۴۰]

لــە دەیەی ڕابــردوودا، ناسیۆنالیســتە پارســەکان بــە ڕادەیەکی بەرچــاو فۆرمی «شوناســی ئێرانییەکانیان» نوێ کردووەتەوە کــە لەگەڵ ڕیوایەتی شــیعی لــە ڕابردووی ئێران یەک بگرێتەوە (هەمان سەرچاوە). کەواتە، لاوازکردنی سوننییزم دەتوانێ، «یەکپارچەیی شوناس» بە مەبەستی پارس ـ شیعیزم دا بێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئــەو هەقیقەتە کە ناوچە کوردییە ـ ســوننەکان لە ڕووی مێژووییەوە ناوەندی هەژان و بەرگری لە ناســیۆنالیزمی کورد بوون. لەوانەیە سیاســەتەکانی دەوڵەت لــە کوردســتاندا بــە ئاشــکرا پێڕەویی لە خەتێکی دیاریکراو نەکردبێ. بەمشــێوەیە، لە ســەرەتای دەیەی ۱۹۸۰، دەوڵەت بنچینەی ئیســتراتێژییەکەی، لە سەر نکۆڵی، ئاسیمیلە کردن و ستەم لە ســەر کوردەکان، دارشت. پاش ۱۹۷۹، لە یەکەمین ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتییــدا، هێندێک لە مافــە فەرهەنگی و زمانییەکانی کۆمەڵگە ژێردەستەکان بە فەرمی ناســێندران. هەر بەو شێوەیە کە ئاماژەی پێ

دراو، ســـەرەڕای پێگەیەکی سەرتری شیعیزم، وەکوو ئایینی دەوڵەت، مەزهەبەکانی دیکەش بە فەرمی ناسێندراون. بەم حاڵەشەوە، ئەم بە فەرمی ناســینە، لە کــردەوەدا هیچکات ڕێی بە هیچ شــوێنێک نەبردووە، لــە بەر ئەوەی بەڕێوەبردنی هەر چەشــنە ئەرکێکی گشتی، بەستراوەتەوە بە ئیتاعەتی نەزەری و بر کردەوە لە «ویلایەتی فەقیێ». لە ڕووی ئایینییەوە، ئەم بابەتە بۆ موسوڵمانی ناشــیعە زۆر کێشەساز بووە. فەزای زاڵی سیاسیی ڕەشنوسی یەکەمی یاســای بنەڕەتی، دەرفەتــی نکۆلی کردن لە فەرهەنگ و زمانە ناپارسییەکانی بە ڕاشکاوی نەدەدا. لەم ڕووەوە، یاسای بنەڕەتی لە ڕووی تیورییەوە، ئیزنی فێربوونی زمانەکانی دیکەی، لە پاڵ زمانی پارسی، داوە. بەڵام لە کردەوەدا هیچــکات جێبەجێ نەکرا. لە ڕاســتییدا، لە ١٥ی جــوڵای ٢٠١٨، وەزیــری پەروەردە و بارهێنانــی دەوڵــەت، موحەممــەد بەتحایی ڕایگەیانــد: «لە چەنــد ناوچەیــەک، زمانی ناوچەیی [واتە ناپارس] فێــر دەکرێ... ئەمە مەترســیدارە. منداڵەکان دەبێ تەنیا بە زمانی فەرمیی وڵات [ئەویش کە زمانی پارســییە] پەروەردە بکرێن.[٤٢] لە ماوەی چەند ساڵی پاش شــۆڕش، هێزە دەوڵەتییەکان، توانیان دەست بە ســەر زۆربەی ناوچە کوردییەکاندا بگرن. لەم ناوچانەدا، جێگایەک بۆ دژبەریی سیاسی بوونی نەبوو. بــەم حاڵەشــەوە خەباتگێڕانی کورد لــە ناوچــە لادێیەکانــدا درێژەیان بە خەباتــی سیاســی و نیزامیی خۆیــان دا. تا کۆتایی شەڕی ئێران و ئێراق لە ساڵی ١٩٨٨، کوردەکان لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دەژیان و ئەوان نەیاندەتوانی لــە خۆرئاوا بوونەوە تاکوو خۆرهەڵاتــن لە ماڵەکانی خۆیــان بێنە دەر. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەت دەســتی بە دامەزراندنی سیســتەمێکی یەکجار بەربڵاوی چاوەدێــری و کۆنتــڕۆڵ کردبــوو. قوتابیانی دواناوەندی و خوێندکارانی زانکۆ، بە هۆکاری خوێندنــەوەی کتێب و وتــاری ڕەخنەییەوە، دەخرانە بەندیخانەکانەوە. ئــەوان ناچاربوون کە پێــڕەوی لــە بڕیاراتی ســەختگیرانەی پۆشــینی جلوبەرگی ئایینی و مۆڕاڵی گشتی بکەن. لە (چەند ئوســتانێکی) کوردســتان، بە هۆکاری جیاواز بــوون لە ڕووی قەومی و مەزهەبییەوە، ژیانی ئاســایی لەرادەبەر دژوار ببوو. شایەتحاڵە بە تەمەنەکانی ئێمە، زۆربەی ئەو کاتە ناخۆش و بە ئازارانەی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە کە چۆن «هەر چەشــنە ڕەفتارێک دەکرا وەکوو دژایەتیی مەزهەبی یان سیاسی لە لایەن دەوڵەتەوە لە قەڵــەم درابایە.» هەر لەو ســەردەمەدا، دەوڵەت ئیستراتێژیی خۆی بــۆ میلیتاریزەکردنی کوردســتان، وەجۆش هێنانــەوەی کەلینــە کۆمەڵایەتییــەکان و ســڕینەوەی تایبەتمەندییە ئیتنیکی، زمانی و فەرهەنگییەکان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. دەوڵەتی ئیســلامی لە دەسەڵاتدا، سیاسەتی کۆنەپارێزانەی ناسیۆنالیستی لە زۆر ڕەهەندەوە بەرهەمهێناوەتــەوە. هەنووکەش، ســەرەڕای دروشــمە جیهانپەســەند و ئایینییەکانی دژ بــە ڕۆژئاواییەکان، کردەوە سیاســییەکانیان بــە تــەواوی قەومــی ـ ناسیۆنالیســتانەن. سیاســەتە ناوخۆییەکانیان، لەســەر بنەمای ناســیۆنالیزمی قەومی پــارس هەڵچنراوە و، سیاســەتە دەرەکییەکانیشــیان، لە ســەر» بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت».

کۆماری ئیســلامیی ئێــران، نموونەیەکی بەرچــاوە لــەو هەقیقەتــە کە تێگەیشــتنی موســوڵمانان لــە ئیســلام، لەگــەڵ کارتێکەرییەکانــی ناســیۆنالیزمی مودێڕن و خوازیــاری کۆنترۆڵکردنی دەوڵــەت، بەرابەرە. لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیســلامیی ئێران، نافارســی پشــتگوێ خستووە و هەوڵی زۆریشی داوە کە بە شێوەیەکی سیستماتیک، فەرهەنگە نافارســەکان بســڕێتەوە. شــێوەی هەڵسوکەوتەکانیان لە گەڵ ئیتنیکەکانی دیکە نموونەیەکی کلاسیکە لە کولۆنیاڵیزمی ناوخۆیی. هەروەها، خۆناســاندنی کۆماری ئیســلامیی

ئێران، وەکوو دەوڵەت ـ نەتەوەکانی سیکۆلار، شێوەیەکی تایبەتە لە تەخەییولی هۆوییەتی دەوڵەتی نەتەوە. بوونی شوناسێکی میللی، بە تێگەیشتنی بلێک، «بوونی ڕێگەگەلێکە بۆ قسە کردنی لە بارەی میللەتەوە» (بلێک: ١٩٩٥،٨).

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی داوە کە هاوکاریکردن لە گەڵ دەوڵەت، وەکوو ڕێگەیەکی بەردەست بۆ بژێوی ژیان بۆ کوردەکان، دەستنیشان بکات. خەڵکانێک کە وەها شێوە ژیانێکیان ڕەد کردووەتەوە، سەرەڕای بوونی بڕوانامەی باڵا، تەنانەت ناچار بوون وەکوو کۆڵبەرێک (ئەو کەسانەی کە بە درێژایی ئەو سنوورانە کالاکان بە کۆڵ دەگوازنەوە) کار بکەن. هەنووکەش، هەربەو شێوەیە کە لە سەرەوە نیشانمان داوە، لە ئاکامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە دەوڵەتییەکاندا، زیاتر لە ٩٣٠ کۆڵبەر کوژراو و بریندار بوون. ئەمە تەنیا بوونی ڕوانگەیەکی کولۆنیالیستی لە هەمبەر کوردەکان نیشان دەدات، کە کوشتاری ئەوان ئاسایی بووەتەوە و بکوژان بە تەواوی لە سزا مەعاف کراون. ئەم ڕوانگەیە کە کوشتنی لادێییە کوردەکان بە ڕەوا دەزانێ، بەڵام هەروەها یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە شارەکانی ئێران و ئوستانەکانی ناوەندا پاساوی بۆ دێنێتەوە. لە ڕاستییدا، هیچ شوێنێک باشتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بۆ ئەم بابەتە دەست ناکەوێ. پاساوی کوشتنی کۆڵبەرانی کورد و کارکردن لە سەر سنورەکان، گرێ دەدرێ بە «سەربەخۆیی خوازییانەوە». ئەم تێڕوانینانە دەرخەری ئەوەیە کە مافی بەرگریی کورد زیاتر وەکوو هەڕەشەیەک دێتە ئەژمار نە وەک بەڵگەیەک بۆ سیاسەتی بێبەشکاریی دەوڵەت. بە پێی بانگەشە فەرمییەکانی دەوڵەت، ئەم کارە لە ڕێگەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی یەکدەستکردنی فەرهەنگی و تەنانەت زمانییەوە، لە دەوڵەتی ئێراندا ئەنجام دەدرێ و، هەموو ئەم خاڵانەش بوونەتە هۆکار کە ئەمنیەتیکردنی ژیانی نافارس، لە لایەن دەوڵەتەوە بە ڕەوا لە قەڵەم بدرێ.

## پێزانین

ئێمە لە بەر ئەو زانیارییە بەنرخانەی کە ئاراس زارەعی و ئەرسەلان یارئەحمەدی لە بەردەستیان داناین و، ئەلکساندر گانوت، مەتین ئەتماک جا، وێرنرهێرتزۆگ، ئۆون ئاڕ، مێلر و ئەنتۆنی کەی شێن، بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی ئێمە و، دانی پێشنیارە بە نرخەکانیان، سپاسیان دەکەین.

## Notes on contributors

کەماڵ سولەیمانی پسپۆڕی مێژووی سیاسیی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. سولەیەمانی پلەی دوکتوراکەی (PhD) ساڵی ٢٠١٤لە بواری مێژووی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زانستگەی کولومبیا لە نیۆیۆرک وەرگرتووە و لە زانستگە جیاوازەکانی جیهاندا وانەی وتووەتەوە. سولەیمانی نووسەری وتارگەلێکی لێکۆڵینەوییی جیاوازە کە لە گۆڤارگەلی گرینگی زانستیی وەکوو گۆڤاری کۆمەڵناسیی بریتانیا، قەومیەتەکان، لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلام، بڵاو بوونەتەوە. بەرهەمەکانی سولەیەمانی بە کوردی {سۆرانی و کورمانجی} پارسی و تورکییش وەرگێڕدراون. لە کتێبەکەی خۆیدا «ململانیی ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا»(Palgrave, 2016) سولەیمانی بە جەختکردنەوە لە سەر ڕۆڵی بنچینەیی و لێک گرێدرانی ئیسلام لە سەرهەڵدانی دەوڵەت نەتەوەدا، مەعریفە ناسیی epistemologies بنەڕەتیی دەوڵەت نەتەوە دەباتە ژێر پرسیارەوە. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە ململانێ و دژکردەوەکانی ناسیۆنالیزم و فیکری دینی لە مێژووی مودێڕنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا چۆن بەرێوە دەچێ.

ئەحمەد موحەممەدپوور کۆمەڵ ـ مرۆڤناسە socio-anthropologist. پلەی دوکتورای(PhD) کۆمەڵناسیی لە شیراز ـ ئێران وەرگرتووە. هەروەها بەربژێری پلەی دوکتۆرا لە ڕشتەی زانستی مرۆڤناسییە anthropology لە زانسگەی ماساچۆسێت ـ ئەمهرستە؛ شوێنیک کە ئەو وانەی قۆناخەکانی ناسیۆنالیزم و تێکهەڵچوونە قەومی و مەزهەبییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ئەورۆ، دەڵێتەوە. موحەممەدپوور تا ئێستا هەشت لێکۆڵینەوە و زیاتر لە ٥٠ وتاری زانستیی بە زمانی ئینگلیزی، کوردی و پارسی چاپ کردووە. بەرهەمەکانی ئەو بە بەربڵاوی و قووڵی لە بارەی کوردستانن و مودیلگەلێکیان بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی لە سەر بنەمای تیوری لە ئێران، لە خۆگرتووە. بەرهەمەکانی موحەممەدپوور لە جورناڵە ئینترناشناڵە جۆراوجۆرەکاندا تاوتوێ کراوە، وەکوو گۆڤاری کۆمەڵناسیی بریتانیا، قەومیەتەکان، چەندایەتیی و چۆنایەتیی، گۆڤاری ئینترناشناڵی میتۆدناسی، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلات ناسیی بریتانیا و گۆڤاری ئینترناشناڵی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی لە بواری تەندروستی و خۆشبژێوی، لە ناو ئەوانی دیکە دا.

*. https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01436597.2019.1695199?journalCode=ctwq20

# فۆکۆ و پێداچوونەوە بە ئێراندا:
## شۆڕش، ئایین و نیئۆلیبڕالیزم

میشێل لیزێنبێرگ*
زانکۆی ئامستێردام
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کوردەوان کەریمی

## پێشەکی

زیاتر لە سێ دەیە پاش مردنی و نزیکەی چواردەیە لە دوای نووسراوە ڕۆژنامەییە بەناوبانگ یا بەدناوەکانی، لەسەر شۆڕش دژی ڕژێمی پەهلەوی لە ئێران، پێشوازی کردن لە بەرهەمەکانی فۆکۆ تا ئێستاش بەردەوامە و، ئەمەشتا ڕادەیەک بە هۆی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە پاش مردنییەتی کە وای لە ئێمە کردووە بەو شتانەدا بچینەوە کە پێمانوابوو دەیانزانین. یەکەم شەپۆلی ئەم چەشنە بڵاوکراوانە، لە ساڵی ۱۹۹۴ بە بڵاوکرانەوەی کتێبێکی گەورەی چوار بەرگی بە ناوی Dits et écrits [1] هاتە ئاراوە کە لە نێوان زۆربەی بەرهەمەکانی تر، بۆ یەکەم جار بە فراوانی نووسراوەکانی فۆکۆی لەبارەی ئێرانەوە خستە بەردەست.[2] شەپۆلی دووهەم، بڵاوکردنەوەی وانەکانی Collège de France ی فۆکۆ لە ساڵی ۱۹۹۷ ەوە دەستی پێکرد و لانیکەم بە فەرەنسی لە ساڵی ۲۰۱۴دا کۆتایی پێهات (وەرگێڕاوی ئینگلیزیی دوایین بەرگەکەی لە ساڵی ۲۰۱۷دا خرایە بەر دەست)؛ پێشوازی کردن لێی بە ئارامی دەستی پێکردووە. لە ئێستادا، واپێدەچێت دیسان بەشێکی تر لەم جۆرە بەرهەمانە لە دوای مردنی بخرێنە بەردەست: لە سەرەتاکانی ساڵی ۲۰۱۸دا Les aveux de la chair، چوارەمین بەرگی مێژووی سێکسواڵیتە، بڵاو بووەوەو، گوایە بۆ بڵاو کردنەوەی چەند وانەیەکی دەیەی ۱۹۶۰ی، لە مارکسیسمەوە بگرە هەتا ویژە، پلان داندراوە.[3]

لێکدانەوەکان لەمەڕ فۆکۆ،پاش بڵاو بوونەوەی ئەم بەرهەمانە لە پاش مردنی، گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە. بۆ تێگەیشتنمان لە نووسراوەکانی فۆکۆ لەسەر شۆڕشی ئێران، وتارەکانی ۱۹۷۹ی College de Franceی فۆکۆ لەسەر نئۆلیبرالیزم و «Naissance de la biopolitique»کە لە ساڵی ۲۰۰۴دا بڵاو کرایەوە، واپێدەچێت گرینگی تایبەتیان هەبێت؛ لەبەر ئەوەی کە ئەم بەرهەمانە ڕاست لە لووتکەی سەرقاڵبوونی فۆکۆ بە ئێرانەوە ئامادە و پێشکەش کراون.[4] ئەم وانەگەلە، وەکوو یەکێک لە یەکەمین هەوڵەکان بۆ سەرقاڵ بوون بە تیۆریی ئابووریی نیۆلیبراڵ لە ڕوانگەیەکی نامارکسیستییەوە، سەرنج و مشتومڕێکی بەرچاویان بەرەولای خۆیان ڕاکێشاوە؛ بەڵام لێرەدا من بەدوای پەیوەندییان لەگەڵ نووسراوە ئێرانییەکانیدا دەگەڕێم.[5]

لێرەدا، من، سەرەتا نووسراوەکانی ئێران لە میانەی باسێکی بەربڵاوتری فۆکۆ لەگەڵ مارکسیسم دادەنێم؛ دووەم، باس لەوە دەکەم هەتا چ ڕادەیەک بە هۆی کەڵکەڵەی تیۆریکی بەربڵاوتری ئەو سەردەمەوە بیچمیان گرتووە. سێیەم، من بەدوای ئەوەدا دەگەڕێم کە فۆکۆ، لە توێژینەوەکانی سەبارەت بە ئێران و بە گشتی ڕۆژهەڵات، هەتا چ ڕادەیەک بیرتیژی و ڕوانگە ڕەچەڵەکناسییەکانی (genealogical) دەپارێزێت. چوارەم و لەکۆتاییدا، باس لەوە دەکەم کە چۆن چەندین نووسەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی تەلال ئەسەد، سەرەڕای ئەوەی خۆیان بە شوێنکەوتووی فۆکۆ دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ مۆدێلە تیۆرییە کۆنباوەکان دەگەڕێنەوە. ئەم بەشە بەناچاری تارادەیەک جێگای مشتومڕە؛ بەڵام ئامانجەکانی بنیاتنەرانەن نەک ڕووخێنەر. ئەم تێبینیانە، پێکەوە ئەم ڕاستییە دەخەنە پێش چاو کە وەرگرتنی میتۆد و ئایدیاکانی فۆکۆ لە بواری توێژینەوەی بەمێژوویی کردن (historicizing)دا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن هێشتا بێ کەموکوڕی نییە.

## ۱.فۆکۆ، ڕاپەڕین و شۆڕش

لە بەهاری ۱۹۷۸دا فۆکۆ لە لایەن ئیدیتۆری ڕۆژنامەی ئیتاڵی Corrieredella sera بۆ نووسینی زنجیرە وتار و بابەتێک ڕاسپێردرا؛

لە جیاتی ئەوە، فۆکۆ پێشنیاری ڕێکخستنی گرووپێک لە نووسەرانی کرد هەتا لە سەر کێشە و گرفتی هەمەجۆری هاوچەرخ بنووسن، بابەتگەلێک کە ئەو هەستی کرد ئایدیای نوێیان لێهەڵدەقوڵا. وادیارە لە سەرەتادا فۆکۆ، کاتێک بۆ یەکەمجار لە مارسی ۱۹۷۸دا، پرۆژەی «ژۆرنالیزمی ئایدیاکانی» گەڵاڵە کرد، هیچ پلانێکی بۆ ئەوە نەبووە کە یەکێک لە ئەندامانی گرووپە پێشنیارکراوەکەی خۆی، بۆ نووسین لە سەر ئێران ڕاسپێرێ. زۆری پێنەچوو کە پاش ۱۹ی ئاگێست،(بە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە سینەمایەکی ئابادان کە مردنی ۳۷۷ کەسی لێکەوتەوە و، پاشان نارەزایەتی دەربڕینی سەرتاسەریی لە ئێران بە دوای خۆیدا هێنا) فۆکۆ بڕیاری دا، نەک تەنیا ئێران ببێتە بەشێک لە زنجیرە وتارە پێشبینی کراوەکان، بەڵکوو خۆیشی سەردانی ئەم وڵاتە بکا. یەکەم سەفەری بۆ ئێران لە ۱۶ تا ۲۴ی سێپتامبری ۱۹۷۸ و ئەوەی تریانی لە ۹ تا ۱۵ی نۆوامبەری هەمان ساڵدا ئەنجام دا. وتارەکانی لە نێوان کۆتاییی سێپتامبر، هەتا سەرەتای مانگی فێبریەی ۱۹۷۹، لە ڕۆژنامەی Corriere چاپ و بڵاو بوونەوە. ئەگەر کەمێک تێبینیی تیۆریکیی فۆکۆ، ڕاستەوخۆ لەم نووسراوە ڕۆژنامەییانەدا بەرچاو دەکەوێ، بە پێچەوانەوە، ئەزموونەکانی ئێرانی لە هیچ شوێنێک، لە وتارەکانی Collège de Franceی ساڵی ۱۹۷۹یدا، یان بڵاوکراوە ئاکادێمیکەکانی دیکەدا دەرناکەون. سەرەڕای ئەمەش، هەربەوجۆرەی کە لە درێژەدا باسی لێدەکەم پەیوەندیی روون، بنەرەتی و بابەتیانە لە خاڵە گرینگەکاندا، لە نێوانیاندا هەیە.

تەنیا لە بابەتی سێهەمدا بوو کە فۆکۆ دەستی کرد بە وردبینی لە سەر ئایین وەکوو فاکتەرێک لە نارەزایەتییەکاندا. بەناوبانگە، ئەو دەینووسێ چۆن کاتێک لە خەڵکی خۆجێی دەپرسێ چییان دەوێ، لە دەکەس نۆیان دەیانوت نەک شۆڕش(revolution) بەڵکوو دەوڵەتی ئیسلامییان دەوێ.[۶] ئەو هەم بەو وڵامە سەرسام دەبوو و هەمیش پێی دەشڵەژا و، بە تایبەت بە بینینی ئارەزووی بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان بۆ خستنە مەترسیی ژیانیان لە پێناو دروشمێکدا کە ناتوانن ناوەرۆک یان مانایەکی بە وردی بۆ دەستنیشان بکەن. جگە لەمە، ئەم ڕاستییە کە جەماوەر خوازیاری شۆڕش نەبوون، کەموکوڕی و سنووردار بوونی مێژوویی و جۆگرافیایی ئەو دەستەواژە {Revolution} و لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵبەت سنووردار بوونی مارکسیسم ـ لێنینیسمی شۆڕشگێڕانەی وەبیری فۆکۆ هێنایەوە. ئەو نە وشیاریی شۆڕشگێڕانەی دەبینی کە بە هۆی ناکۆکییە چینایەتییەکانەوە سازبووبێ و، نە ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕی پێشەنگ، بەو جۆرەی کە تیوری و پراکتیسی لێنینیستی بڕیارە ببێ، بەڵکوو لەبری ئەوانە، ئەوەی دەبینی کە پێی دەوت «ئیرادەی تەواو یەکگرتووی کۆمەڵایەتی» بۆ ئەوەی کە شا بڕوات.

> **زیاتر لە سێ دەیە پاش مردنی و نزیکەی چواردەیە لە دوای نووسراوە ڕۆژنامەییە بەناوبانگ یا بەدناوەکانی، لەسەر شۆڕش دژی ڕژێمی پەهلەوی لە ئێران، پێشوازی کردن لە بەرهەمەکانی فۆکۆ تا ئێستاش بەردەوامە**

بە پێی چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەریعەتمەداری، فۆکۆ ڕایگەیاند کە هیچ کەسێک لە ئێران لەوە تێنەگەیشت کە چەمکی «دەوڵەتی ئیسلامی» ئاواتێکە بۆ ئەوەی کە ئاخوندی شیعەی ئێرانی ببن بە حاکم یان تەنها دەوری دیاریکردنی چوارچێوە و قاوخی حوکمدارێتی بگێڕن. بە کەڵک وەرگرتن لە سوودەکانی ڕامان لە ڕووداوەکانی پێشوو{بە عەقڵی ئێستاوە}، ئەکرێ بە

ئاســانی ڕەخنە لە ئــەم بانگەشــە گەزافانە بگریــن.[٧] لە ئاکامــدا خواســتی خومەینی بــۆ کۆمــاری ئیســلامی، بــە ڕێبەرایەتیی ناهەڵبژێردراوی شــۆڕای پاسەوانەکان(شۆڕای نیگابان)، پێکهاتوو لە ئاخوندی بەســالاچووی بە تەنهاپیاو، لە ململانێی دەســەڵاتی ســاڵی ١٩٧٩دا ســەرکەوتنی بەدەســت هێنا. جگە لەمــە فۆکۆ تارادەیەک ئایدیالیســتی و بەبێ گومــان لە بەشــێکیدا، لە ژێــر کاریگەری و هاندانــی توێژینــەوەی بەردەوامی لە ســەر ڕەفتاری مەسیحیدا، سەرهەڵدانی ئێرانی وکوو پیشاندەری خواســتی نەک بەتەنها گۆڕینی دەوڵەت و دەزگای سیاســی، بەڵکوو هەروەها بۆ گۆڕانکاری لە کەسایەتیی خۆیاندا بینی؛ بە تایبەتی ئەو تێبینیی ئەوەی کرد کە ئیسلامی شیعە (هەربەوجۆرەی کە بە دروستی تێبینیی کردبوو) وەکوو هەڵگری بەڵێنی گۆڕانکاری لە سووژەبووندا بە هۆی دیووە ڕۆحانییەکەیەوە، زیاتر لە دروشمی مارکسیستی ـ لێنێنیستیی، نارەزایەتییەکانی ئاراستە دەکرد.[٨]

لــە نێوان ئەو نووســەرانەی کــە ناوبراو بە مەبەســتی ئامادەســازی بۆ سەردانەکەی خوێندیانییەوە، کۆمەڵناس پاوێل ویل و ئەوەی کە زۆرتر سەرنجراکێشــە، لوویس ماسینیۆن و هانــری کۆربینە.[٩] هەربەوجۆرەی قەمەری تەبرێزی باسی دەکات، خوێندنەوەی فۆکۆ لە ســەر ماســینیۆن و کۆربین، «وای لێکرد کە لە شۆڕشــێک تێبگات کە ئەو شۆڕشــەی لە پێوەنــدی لەگەڵ دووبارەبوونــەوەی ڕۆحانی «بەدواداگەڕانــی حەقیقــەت»[١٠]دا بینی». بە ئەگەری زۆر ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە و خوێندنەوەی خودی فۆکۆ لە ســەر بە ســووبێکت کردنی ئەخلاقی و سیاسیی باوکەکانی کڵێسە، وەکوو بەشێک لە توێژینەوەی بۆ بەرگەکانی دواتری «مێژووی سێکسواڵیتە»[١١] بوون کە سەرنجیان بەرەو لایەنە ئایینییەکانی شۆڕش، بە جێگای هۆکارە مادییەکانی ڕاکێشــا. بە واتای دیکە: لایەنە ڕۆحی و ئایینییەکانی شــۆڕش شتێک نەبوو کە فۆکۆ لە ئاکامی هەڤپەیڤین لە گەڵ خەڵکی ناوخــۆ دۆزیبێتیەوە؛ لە جیاتی ئەوە، هۆگریی بەم لایەنانــە {ئایینی و ڕۆحانی}لەو ساتەوەختەوە پەیدا کردبوو کە بە شێوەیەکی جیددی، دەســتی بە توێژینەوە لە ســەر ئەو وڵاتە، وەکــوو ئەنجامی هۆگریــی بەربڵاوی خۆی لەمەڕ خۆڕاهێنانی ڕۆحی کردبوو.

ئــەوەی ســەرنجی فۆکــۆی لــە ئێران بەرەولای خۆی ڕاکێشا، ئاسۆی شۆڕش نەبوو (لە مانگی ئاگێست و سەرەتای سێپتامبێردا، بە هەرحاڵ هێشــا دوورەدەست بوو)، بەڵکوو دیاردەی سەرهەڵدان(Revolt) بوو: سەرنجی ئــەو زیاتر لە ســەر نارەزایەتییەکان بە دژی شــێوازێکی تایبەتی دەوڵەت و نەک لەســەر شــەڕی دەســەلاتی دواتر، لەمەڕ خولقاندنی ڕێباز و نەزمێکی سیاســیی نــوێ بوو. فۆکۆ بە هۆی بینینی دیمەنی جەماوەری بێچەکی بەرهەڵســتکار و، ســەرئەنجام ڕووخاندنــی یەکێک لــە بەهێزترین و ســەرکوتگەرترین دەوڵەتەکانــی دونیا، نەتەنیا بە ســوپایەکی تۆکمە، هێزەکانی پۆلیــس، تۆڕی هەواڵگری خۆی، بەڵکوو هەروەها بە پشتیوانیی ئامریکا، سەری سوڕمابوو.

ئەو تێبینیی ئەوەی کرد کە بانگەوازەکان بۆ دەوڵەتی ئیســلامی، ئاشنا بەڵام بەئاستەم دڵنیاکەرەوەن[١٢]و، هەروەها دەنگی مەلاکانی کە خوازیاری دەرچوونی شا بوون بە «سامناک» و هتد[١٣] هەڵسەنگاند. کەوابوو ئەستەم کەسێک بتوانێ لێبراوانە بانگەشە بکات، بەوجۆرەی کە زۆرێک لە دژبەرانی و بەناوبانگترینیان ژانێت ئافاری و کێوین ئاندێرسۆن وتوویانە کە فۆکۆ بە هۆی دڵگەرمی و پەرۆشــییەوە بۆ شۆڕشی ئیســلامی کوێر ببوو، یان ئــەوەی کە ئەو بە هۆی ڕێژەگەریی فەرهەنگی بانگەشــەبۆکراو و نەفــرەت لــە مۆدێرنیتــەی ســێکۆلاری ڕۆژئاوایی، پشتیوانیی لە خومەینی و کۆماری ئیســلامی کــرد، دانی پێدانــان و بە خێری هێنان.[١٤] ئافاری و ئاندێرسۆن هەم لە شیکاریی

بۆچوونەکانی فۆکۆ و هەم لە گێڕانەوی شۆڕشی ئێراندا تووشی هەڵەی زەق دەبن؛[١٥] بەڵام من لێرەدا دەمهەوێ لە سەر جیاوازیی میتۆدیکی نێوان ڕێبازەکانی ئەوان و فۆکۆ هەڵوەستە بکەم. بە تایبەت واپێدەچێ کە ئافاری و ئاندێرسۆن بۆ ژمارەیەک گریمانە و چەمکی مۆدێڕن و سێکۆلار گەڕانەوە کە بە ئاشکرا لە لایەن فۆکۆوە، خرابوونە ژێر پرسیارەوە. ئەم نیگەرانییە، بەر لە هەموو شتێک چەمکی شۆڕشە. هەربەوجۆرەی بێهڕووز قەمەری تەبرێزی بە دروستی تێبینیی دەکات، یەکێک لە سەرەکیترین ئامانجەکانی فۆکۆ لە سەر شیکاریی سەرهەڵدان، داستانی مارکسیستیی شۆڕشە، کە تا ڕادەیەک بە هۆی گفتوگۆکانی ئەوکات، لە دەوری گێڕانەوەی ڕێویزیۆنیستی فرانسوا فۆرێ، لە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕانسە، هاتبووە ئاراوە، گێڕانەوەیەک کە بۆچوونە کلاسیک و مارکسیەکانی، کە بیچم گرتووی ئانتاگۆنیسمی چینایەتی بوون، ڕەد دەکردەوە.[١٦] نابێ توندوتۆڵ گرتنی درێژەدان بە مارکسیسم لە ناو بەشێکی بەرچاوی چەپی فەڕانسە لە دەیەی ١٩٧٠دا بە کەم سەیر بکرێ. ڕوانگەی بێ ئامانی دژی مارکسیستی کە لە نووسراوەکانی ئێرانی فۆکۆدا (و بە شێوەیەکی نەرمتر لە وتارەکانی لە سەر نیئۆلیبڕالیزمدا) دەردەکەوێ، بێگومان ئەوەی کە فرەتر پێی پەست دەبێ، خوێنەرانی مۆدێڕنیست و سێکۆلاری ئەو لە باڵی چەپ وەکوو ئافاری و ئاندێرسۆن و بەم دوایانە زامۆرا و بێهرێنتن.[١٧] فۆکۆ سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی ڕزگاریخوازانە زۆریش ڕەد ناکاتەوە، ئەگەرچی وەکوو پرسیار، کاربوردی تایبەت و لەرووی مێژوویی و جوگرافیاییەوە دیاریکراوی، چەمکی شۆڕش دەخاتە ژێر پرسیارەوە: ناوبراو جەخت لە سەر دژوارییەکانی ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندی شۆڕشە ئیلهامگرتووەکان لە ئایینەوە لە ئێران، وەکوو شۆڕشێک کە لە خۆگری ململانێی چینایەتی، پێشەنگەکانی شۆڕش و خاڵی دیکەی هاوشێوە بێت، دەکاتەوە.[١٨] ئەو بە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئێرانی وەکوو ڕووداوێکی شانۆیی و، وەکوو بۆنەیەکی بەکۆمەڵی قابیلی بەراوەردکردن لە گەڵ تراژیدیایەکی یۆنانی، بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەمە گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی وەکوو توخمی سەرەکی یان دەستەواژەکانی یان ئاکامەکەی(énouement)نییە.[١٩]

بە وتەی ناوبراو ئەم شۆڕشە، بە هۆی داخوازیی کێشەی ئابوورییەوە ئاراستە ناکرێ بەڵام کاراکتێرێکی بە تەواوی سیاسیی هەیە و لە ئایینێکەوە ئیلهام وەردەگرێ کە لەچاو گۆڕینی دونیا، کەمتر باسی قیامەت دەکات.[٢٠] جگە لەمە گەلێک جاران بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم شۆڕشە بە نەبوونی پێکناکۆکیی چینایەتی و غیابی حیزبێکی پێشەنگ ئەناسرێتەوە و بانگەشە دەکات کە چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێران، بە ئیرادەیەکی گشتیی یەکپارچە و بە هێزەوە، لە دەوری خواستی دەست لەکارکێشانەوەی شا، بە تەواوی یەکی گرتووە.[٢١] کەچی ئەو لە درێژەدا دەڵێ کە ئەم ئیرادە گشتیە، لەبری پرۆگرامێکی سیاسیی دیاریکراو، خۆی لە سەرهەڵدانێک بە دژی سیاسەتەکاندا دەردەخات: ئەمە مودێرنترین و شێتانەترین سەرهەڵدان بە دژی هەم لیبرالیزم و هەم سۆسیالیزمە و لەگەڵ پەرەگرتنی بە دژی زەینییەتی مۆدێرن و سێکۆلار، هەر دوو فۆرمی دەوڵەت یان حوکمداریێتی بە سەر جەماوەرەکەیدا دەسەپێنێ.[٢٢]

ئەم جەخت کردنە ـ لەراستیدا جەختی زیاد لە پێویست ـ لە سەر کاراکتێری یەکگرتووی ئیرادەیەک کە فۆکۆ لە سەرهەڵدانەکاندا دەیبینی، لەوانەیە زۆر بە هۆی چاوپۆشی کردن لە جیاوازیی فیرقەیی، ئەتنیکی و سیاسی وەکوو جەخت کردنەوە بە دژی بۆچوونەکانی مارکسیستی نەبێت، بەڵکوو جەخت کردنەوە لەسەر ئەوە بێت

که ڕاپەڕینەکان بە هۆی ململانێی چینایەتی سەریان هەڵنەدابوو یان لە لایان حیزبێکی پێشەنگەوە، ڕێبەرایەتی نەدەکران و یان وشیار نەکرابوونەوە.تا ڕادەیێک فۆکۆ لەمەیاندا ڕاستی دەکرد: ئەو بە دروستی سەرنجی بەرەو یەکێک لە دیارترین دیوەکانی شۆڕش ڕاکیشا: ـ کاتی بەڵام زۆر گرینگ ـ یەکیەتی نێوان چەوساوەکان و بازارییەکان یان بازرگانە شارنشینەکان. ئەو هەروەها پرکێشی کرد باس لەوە بکات کە ئیسلام لەوانەیە ببێت بە هێزێکی شۆڕشگێڕانە لە دونیای ئیسلامدا، کە ئەتوانێ خەڵک زۆر ئاسانتر لە ڕێتۆریکی مارکسیستی- لینینیستی بە تایبەت بۆ کێشەی فەلەستین بجووڵێنێ. بیرکردنەویەکی هەڵە بێت یان، بەڕاستی ئەمە لە پێشبینی پێغەمبەرانە دەچێت : بە درێژایی دەیەی ١٩٨٠ و، بەتایبەت پاش دارمانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی کۆمۆنیست، فۆرمگەلی نوێی ئیسلامی سیاسی شۆڕشگێڕانە، لە ڕاستیدا دەبن بە جێگرەوەی کۆمۆنیزم وەکوو سەرەکیترین گوتاری دژی لیبراڵی و دژی ڕۆژئاوایی. ئەوەی کە فۆکۆ نەیبینی یان ئەوەی بە ئاستەم بتوانێ پێشبینی بکات ئەم ڕاستیەیە کە ئەم هێزە سیاسی و شۆڕشگێڕانە نوێیانەی ئیسلام، چ شیعە و چ سوننە، ئەتوانن زۆر توخمی مارکسیست/ لینینیستی لە ناو ئایدۆلۆژیاکان و ڕێکخراوە فرەچەشنەکانی خۆیاندا تێکەڵ بکەن یان بەرهەمیان بهێننەوە.

> **فۆکۆ سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی ڕزگاریخوازانە زۆریش ڕەد ناکاتەوە، ئەگەرچی وەکوو پرسیار، کاربوردی تایبەت و لەڕووی مێژوویی و جوگرافیاییەوە دیاریکراوی، چەمکی شۆڕش دەخاتە ژێر پرسیارەوە**

### ٢.نیئۆلیبراڵیزم، دەوڵەت و بەرەنگاری

پاش ئەم باسە سەبارەت بە تێبینییەکانی فۆکۆ لە سەر چەمکی مارکسیستیی شۆڕش، ئێستا با سەرنجێکی ئەم ڕاستییە بدەین کە ئەو ئامادەکارییە و وتنەوەی بەشێک لە زنجیرە وانەکانی «کۆلێژدوو فرانسی»، لە سەر نێئۆلیبراڵیزم، ڕاست لە کاتێکدابووکە سەرقاڵی سەردانیکردنی ئێران بوو و لەسەری دەنووسی- ڕاستییەک کە واپێدەچێ لە لایەن ئافاری و ئاندێرسۆن و هەروەها زامۆرا و بێهرێنت لە پێش چاو نەگیراوە. فۆکۆ بەهەمان ڕادە کە سەرنجی بەرەو تەکنۆلۆژیاکانی نێئۆلیبراڵی دەوڵەت ڕاکێشرا، شەیدای شۆڕشی ئێران بوو: ئەو هەردووکیانی وەکوو پێشکەشکردنی دەرفەت یان هیواگەلێک بەمەبەستی زاڵبوون یانی لانیکەم بەرەنگاریی فۆرمە باوەکانی دەوڵەت، یان عەقڵانییەتی سیاسی بە تایبەت لە نموونەکانی سۆسیالیزم، سۆسیال دیموکراسی و، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لەو ئەورووپا و، دیکتاتۆری سێکۆلار لە ئێران دەبینی. ئەمە بەو مانایە نییە کە بەهەرحاڵ ئەو سەبارەت بە هەرکام لەو دووبابەتە گەشبین بوو. بە سەرنجدان بە پەسەند نەکردنی توندوتۆڵ و پێشوەختی هەموو فۆرمەکانی یۆتۆپیاخوازی، لە ڕاستیدا جێگای سەرسوڕمان دەبوو ئەگەر بیویستایە هەردووک پرۆژە یۆتۆپیاییەکانی نێئۆلیبرال یان ئیسلامییەکان وەربگرێ یان دانیان پێدابنێ.

ئاشکرایە کە هیچ بوون یان دیاردەیەک بە ناوی نێئۆلیبرالیزمەوە بوونی نییە، هەربەو جۆرەی کە فۆکۆ یەکەمین کەس بووە کە دانی پێداناوە. لەڕاستیدا ئەوبە توندی لە نێوان دوو لە ناسراوترین جۆرەکانی، واتە ئۆردوولیبرالیزمی پاش جەنگ لەئاڵمان، قوتابخانەی شیکاگۆ کە لەدەورووبەری میلتۆن فریدمەن لە دەیەی ١٩٧٠دا شێوەگیربوو، خۆی بە جیاواز دەزانی. ئەم دەیەیە لانیکەم

لەئەورووپا و ئامریکا، وەکوو مەرگی کینزیسم ناسـرا، بەشـێکی بەهۆی بەردوامیی ڕکوود (stagnation) و بەشـێکی تـری بەهـۆی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان کە دەگوترا بە هۆی گەشەی کۆمەڵگای پاش پیشەسازی و لەگەڵ ئەویشـدا گۆڕینی پێکهاتەی «چینی کرێکار» بەو چەشـنەی لە لایان مارکس و ئەنگێلزەوە چەمکسـازیی بۆ کراوە. لەڕوانینێکدا بۆ دواوە، ئاشـکرایە کـە قەیرانەکانی دەیـەی ١٩٧٠ چەندە قووڵ بوون و، سیاسـەتی چاکسازییە نێئۆلیبرالییەکانی تاچێـر و ڕەیگان و ئەوانی دیکـە چەندە ڕادیکاڵن، بەڵام ئێمە نازانین تا چ ڕادەیەک فۆکۆ و ئەوانی دیکە، لەمە تێگەیشـتن کە شـتێکی نوێ لە هەرەتی دەرکەوتندابوو. ئاشـکرایە نابێ ئەوەی ئێسـتا دەیزانیـن بەسـەر ڕابـردوودا بیسـەپێنین، لـە کاتێکـدا بە هیچ جۆرێک کەس نەیدەتوانی بزانێ کاریگەرییەکانی چەندین دەیـە دواتـر چەندە قـووڵ و سەرنجڕاکێش دەبێ.

ئاشـکرایە فۆکـۆ ئـەم وتارانەی وەکوو سەرەتایەک بۆ باسێکی تێروتەسەلتر سەبارەت بـە بایۆسیاسـەتی مۆدێـرن دەبینی(لەکاتێکدا دەرکەوتبوو کە کەڵکەڵەی تیۆریکـی ئـەو لـە شـێوازە مۆدێرنەکانی دەسـەڵاتەوە بۆ تەکنیکەکانی بە سـۆبێکت کردنی (subjection) سەرەتای مەسیحییەت لـە حاڵی گۆڕاندا بوو)؛ بـەڵام ئەمەی دوایی هیـچ کات بـەدی نەهـات. بەهەرحاڵ نابێ چاوپۆشی لەم ڕاسـتییە بکرێت کە بۆ فۆکۆ، شیکاریی لیبراليزم وەکوو ڕژیمێکی دەوڵەتی کە چەمکی کلاسـیکی عەقڵانییەتی دەوڵەت (raison d’état) ڕەد ئەکاتەوە، پێشمەرجێک بۆ تێگەیشـتن لـە بایۆسیاسـەتە. لە وڵامی پرسـیارێکدا لـە سـەر لیبراڵیـزم هەروەها دەڵـێ: هەربەوجۆرەی کـە نارەزایەتییەکان بە ناوی دەوڵەتی ئیسـلامییەوە سـاز دەبێ، «ڕاسـتیی کۆنکرێت و خێرای»[٢٣] ئێمە خۆی دەردەخات. هەم لیبراليزم وەکوو شـێوازێکی حوکمـداری و هەم ئێران وەکوو شـێوازێکی سەرهەڵدان، بەشێک لە نیگەرانیی فەلسەفیی بەربڵاوتری لـە گەڵ ڕاسـتێتی(actuality) بوون، واتە بە هێنانە ئارای پرسی ڕۆشنبیری وەکـوو پیشـاندانی مەسـەلەی فەلسـەفی ڕاستێتی وەکوو ڕووداوێک و، بەگەڵاڵەکردنی ئەم پرسـیارە کە ڕاسـت لە ئێستادا چیمان بەسەردا دێت؟[٢٤]

> **فۆکۆ به باشی دەیزانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی شا، نە دەوڵەتی لیبراڵ و نە ئابووریی نێئۆلیبراڵی نەدەناسی، تەنانەت ئەگەر هاوپەیمانی ئامریکاش بێت؛ لەباتی، ئەو شتە بوو کە ناوبراو پێی دەگوت «دیکتاتۆری پاشکۆ»**

تارادەیـەک بـە هـۆی گواستنەوەی فۆکۆ لەسەرقاڵی بە چەمکی بەرەنگاری و پێکناکۆکی بـەرەو حـکوومەتمەنـدی (governmentality)، لەوانەیـە هەروەهـا بە هۆی فۆکووسـی ناوبراو لە سەر ژمارەیەک دەقی بنەڕەتـی لە بری پراکتیسـی نێئۆلیبراڵـی هـاوچەرخـی ڕاسـتەقینە، (کـە بـۆ نموونە ئەکـریێ لەم وتەی پێنۆشـەدا بدۆزرێتـەوە La Naissance: (de la biopolitique لـە چـاو هەندێکـی تـر لـە بەرهەمە ڕەچەڵەکناسـییەکانی، سـەرنجێکی کەمتر بـە بەرەنـگاری و خەبـات ئـەدات.[٢٥] بەم حاڵـەش ناتوانین لەمە بـەم ئەنجامە بگەین کە فۆکۆ بە هۆی دژایەتیکردنی مارکسیسـم و بەدەوڵەتـی کردنـەوە (étatism)، ئەوەندە کوێر ببوو کە دیوە هەرە تاریکەکانی نەبینێ؛ بەڵام ئەمە ڕاسـت ئەو ئەنجامەیە کەهەندێ لە بەشداربووانی بەرگی ساڵی ٢٠١٥ لە سەر فۆکۆ و نیئۆلیبراڵیـزم، کە لە لایەن زامۆرا و بێهرەنتـەوە ئیدیت کراوە، پێی گەیشـتوون. خاڵی سـەرەکیی ئەم بەرهەمـە ئەوەیە کە فۆکۆ تەنها هۆگریی بـە نیئۆلیبراڵیزم نەبوو،

بەڵکۆ بەشـــێوەیەکی ئەرێنی هاوسۆزیی بۆی هەبوو، بەشـــێکی بە هۆی ئەوەی کە بە دوای جێگرەوەیـــەک بۆ چەپی فەڕانســـەدا دەگەڕا کـــە لە ژێر دەســـتی مارکسیســـم و حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە (PCF)دا بوو و بەشێکی بە هۆی ئەوەی کە دەگوترێ ناوبراو تا ســـاڵی ١٩٧٧ لەمەڕ ئیمکان و بەسوود بوونی شۆڕش گومانی هەبوو.[٢٦] بەتایبەتی، زامۆرا و بێهرێنت دەڵێن لەم قۆناغەدا فۆکۆ لەگەڵ ئەو {بەرەی} پێیدەگوترێ چەپی دووهەم، کەوتبوو،کەلەبری دەست تێوەردانی دەوڵەت، سەرنجی خستبووە ســـەر خۆبەڕێوەبەرێتـــی(Autogestion) و ئایدۆلۆژیستە سەرەکیەکەی پییێر ڕۆزانۆواڵۆن، قوتابیی فۆکۆ بوو. ئـــەوان ئەم تێکەڵبوونەیان وەکوو نیشانەی خواســـتی فۆکۆ بۆ گەڕان بە دوای جێگرەوەیەک بۆ هەرکام لە سیاســـەتی شۆڕشـــگێڕانە و دەوڵەتی سۆسیالیستی سەیر دەکەن.

لە دەربڕینێکدا کە بە تەواوی لە ئافاری و ئاندێرســـۆن دەچێت، زامۆڕا و بێهرێنت بەڵگە دەهێننـــەوە کە فۆکۆ بڕوایەکـــی مەوهوومی هەبوو کە فۆڕمە نیئۆلیبراڵەکانی دەســـەڵات، لە فۆڕمە لیبراڵ و سۆســـیال دیمۆکراتەکانی حوکمدارێتی، دیسیپلینی کەمتریان هەیە،[٢٧] بەڵام لە مشتومڕی دڵ گەرمانەیاندا، چاوپۆشی لە خاڵێکی شـــیکاری دەکەن کە فۆکۆ لێرەدا هەوڵ دەدا سازی بکات. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کـــە تەکنۆلۆژیای نیئۆلیبراڵیـــی دەوڵەت، لە خۆگری فۆرمگەلی نادیســـیپلینی دەسەڵاتە، بـــەم مانایە کـــە لەســـەر بنەمای ئاســـایی کردنەوەی بابەتی نائاسایی، یان قەدەغەکردن (یان تەریک خســـتنەوە)ی ئەوەی کە ناتوانێ ئاســـایی ببێتەوە، نییـــە. بەهەرحاڵ ئەمە بەو مانایە نییە کە هیچ جۆرێکی دەســـەڵات یان پرۆسەیەکی تێدا نییە.

ڕەخنەکانـــی فۆکـــۆ لەســـەر دەوڵەتـــی خۆشـــگوزەرانی هەتا ئێســـتاش تا ڕادەیەکی زۆر بێ سەرئەنجام ماوەتەوە یان کەڵکیان لێ وەرنەگیـــراوە. هەرچۆنێک بێت، ئەمانە زامۆڕا لەگەڵ بەڵگەهێنانـــەوەی نیئۆلیبراڵی پێکەوە نابەســـتنەوە، بەڵام ڕوانینێکی زۆر ڕادیکاڵتر دەگرێتەوە کە پێی وایە نیگەرانی ســـەبارەت بە تەندروســـتیی گشتی و خۆشـــگوزەرانیی تاکەکەســـی، پیشاندەری ئاســـایی بوونەوەی کاریگەریـــی خۆشـــگوزەرانی ئینزیباتییـــە (disciplinary). هاوشـــێوەی ئافـــاری و ئاندێرســـۆن، زامۆرا و بێهرێنت، ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ پشـــتیان بـــە بابەتـــی تەواو ئۆمانیستی، سێکۆلاریستی و/یان مارکسیستی بەستووە، کە خودی فۆکۆ پەسەندی نەکردن و، دەیانـــەوێ مەحکـــووم نەکـــردن وەکـــوو دانپێدانان پیشـــان بدەن؛ جگـــە لەمە ئەوان هەوڵـــە میتۆدیکەکانی فۆکۆ بـــۆ دابڕان لە دەوڵەت، وەکـــوو چەمکێکی شـــیکاری یان ڕاڤەیی، وەکوو نەفرەتێکی بنەڕەتی لە دەوڵەت لێـــک ئەدەنـــەوە. لەکۆتاییدا و لـــە هەمووی گرینگتر لە کۆنتێکســـتی ئێستادا، بانگەشەی ئەوەی کە فۆکۆ دەســـتبەرداری سیاســـەتی شۆڕشگێڕانە ببوو— کەبە بەردەوامی لە لایان زامۆرا و ئەوانی دیکـــەوە دووپات کراوەتەوە- ، کاتێک کە کەســـێک نووسراوەکانی لە سەر شۆڕشـــی ئێران لەبەرچاو دەگـــرێ —وەکوو وترا هاوکات لەگەڵ ئامادەسازی و پێشکەش کردنـــی وتارەکانـــی نیئۆلیبراڵی نووســـراوە- هەرەس دێنێ. لەمانەوە دەردەکەوێ کە فۆکۆ سیاسەتی شۆڕشـــگێڕانەی ڕەد نەکردبووەوە، بەڵکـــوو تەنها چەمکی پۆســـت ڕۆســـۆیی مارکسیست/لێنێنیستیی شۆڕشی ڕەد کردەوە؛ ئـــەو وای بۆدەچوو ئەم چەمکـــە تایبەتە، بێ کـــەم و زیاد مێژوویەکی تایبەتی ئەورووپایی هەبوو کە لـــە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠دا دوایی پێهاتبوو.

بـــەڵام فۆکۆ تەنها ســـەبارەت بە چەمکی مارکسیســـتیی شـــۆڕش گومانـــی زیـــادی نەدەکرد. لە ناوەڕاســـتی ساڵی ١٩٧٨دا، ئەو هەروەها وادیار بوو بەو ئاکامە گەیشـــتبێ کە

بارودۆخی دەوڵەتی ئینزیباتی (disciplinary state) لــە قەیراندایــە، بەشــێکی وەکــوو ئاکامــی فۆرمــە نوێیەکانی بەرەنــگاری؛[٢٨] لە ئەنجامــدا واپێدەچێ کــە گومانەکانی لە ســەر دیســیپلین پەرەپێدابێ یــان بۆ ئەو مەســەلەیە، بایۆ سیاســەتی وەکوو پێناسەی چۆنییەتیــی دەســەڵاتی مۆدێرنیتە هێنابێتە ئاراوە. کەوابوو خوێندنەوەی ورد لە وتارەکانی ١٩٧٩ی، ئاشــکرای دەکات کە ئەو لیبراڵیزم ـ و بەتایبــەت نیئۆلیبرالیــزم ـ ی، راســت وەکوو بێ دیســیپلینی (non-disciplinary) دەبینی کە تەکنۆلۆژیای نائاســاییی مۆدێرنی دەوڵەتــە.[٢٩] بەشــێوەیەکی گشــتی لــەم کاتەدا، کەڵکەڵــە بیردۆزییەکانی بەرەبەرە لە دەسەڵات و زانستەوە بەرەو فۆکووس کردنی پێکناکۆکیتەوەری کەمتر جیهانی، لەســەر دەسەڵات و حەقیقەت گۆڕانی بەسەرداهات، کە دەیتوانی خودی دەوڵەتیش لەخۆ بگرێت. تا ئەو رادەیە کە هەرکام لەم خولیا تیۆریکانە، بە روونی لــە کارە رۆژنامەیییەکانی فۆکۆ لە سەر ئێران دەرناکەوێ، ئەمە لە کەڵکەڵەکانی ســەبارەت بە دەوڵــەت (و لە یــەک بابەتدا رژیمەکانــی حەقیقەت) لەبری دەســەڵات و زانســت، تا بگات بە چەمکە تەکنیکییەکانی وەکوو «دیســیپلین» یــان «بایۆسیاســەت» دەبینــدرێ. تەنانەت نووســراوەکانی ئێرانی درگای ئەم پرســیارە دەخەنە سەرپشــت کە چ شێوازگەلێکی دەســەڵات و، فۆرمگەلێکی حکوومەتمەنــدی (governmentality)، هــەردووی پادشــایی پەهلــەوی و کۆماری ئیسلامیان دارشتووە و، ئەگەر هەبێ ئابووری چ دەورێکی لەواندا گێراوە. لەرێگەی بەرفراوان کردنییەوە، توێژینەوەیەکی رەچەڵەکناسیانەی بەردەوامی دەوڵەتــە مۆدێرنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراســت کە دانەبەزێ بۆ هەرکام لە پۆلێن بەندییەکانی مارکسیست یان لیبراڵ، بە زۆری هێشتا ماوەیەتی بنووسرێ.[٣٠]

کەوابــووو لــە یەکــەم دەرخســتندا وادەردەکەوێ کە لە نێوان وتارە ئاکادێمیکەکانی فۆکــۆ و رپیۆرتــاژە رۆژنامەوانییەکانیــدا، لێکچوونێکی کەم هەیە. بەو پێیەی کە فۆکۆ بە باشــی دەیزانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی شا، نە دەوڵەتی لیبراڵ و نە ئابووریی نیئۆلیبراڵی نەدەناســی، تەنانــەت ئەگــەر هاوپەیمانــی ئامریکاش بێت؛ لەباتی، ئەو شتە بوو کە ناوبراو پێــی دەگوت «دیکتاتۆری پاشــکۆ».[٣١] لەبەر ئەمە کۆی سەرباســی لیبراڵیزم، بەو جۆرەی کە لــە LaNaissance de la biopolitique دا باســی لێکــراوە، واپێدەچــێ بە ســانایی پەیوەندیــی بە کەڵکەڵەکانــی لەمەڕ ئێرانەوە نەبێت. لە راســتیدا،فۆکۆ لــە ریپۆرتاژەکانی ئێرانی خۆیدا، سەبارەت بە چۆنییەتیی هەوڵی رژێمی شا بۆ بەرێوەبەرێتیی ئابووری کەمێکی نووســیوە، بێ ئەوەی باسی شکستی پرۆژەی «شۆرشی سپی» بازارتەوەر و مودێرنی دەیەی ١٩٦٠بــکات.[٣٢] بەهەرحاڵ نابــێ لە یادمان بچێت کە فۆکۆ نەک وەک رێبازێکی ئابووری یــان وەکــوو ئایدۆلۆژیای بۆرژوایــی، بەڵکوو وەکــوو تەکنۆلۆژیاکانی دەوڵــەت بایەخی بە لیبرالیزم و نیئۆلیبرالیزم ئەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، نیشانەگەلێک سەبارەت بــەوەی کــە کەڵکەڵــە توێژینەوەیییەکانی پێشــتر لە دەوڵەتی مۆدێرنی رۆژئاوایی بەرەو رۆحانییەت(مەعنەویــەت) وەکوو فۆرمێک لە بەرەنــگاری دوور کەوتووەتەوە، بوونیان هەیە. بەم پێیە لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە سەرەتای ســاڵی ١٩٧٩دا بەرێوەچوو بەڵام هەتا ساڵی ٢٠١٨ بڵاو نەکرایەوە، ئەو جیاوازی لە نێوان رۆحانییــەت و ئایین دادەنــێ و رۆحانییەت وەکوو «بوون بە شــتێکی تر بێجگە لەوشتەی کە ئێستا کەسێک هەیە» و وەکوو ئیمکانییەتی سەرهەڵدان بە دژی پێگە و هەڵوێستی سووژە کە لە لایان دەسەڵاتی سیاسی، ئایینی و هی تــرەوە دیاری کراوە، پێناســە ئەکات. ئەو لە درێژەدا پێی وایە کە هەموو گۆرانکارییە مەزنە سیاســی، کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگیەکان لە

بزاڤــە ڕۆحیەکانەوە پەیدا بووگن.[۳۳] هەروەها فۆکــۆ لە گفتۆگــۆی ١٩٧٨ی خۆی لە گەڵ گرووپێک لە مامۆســتایانی زێــن (Zen) لە پەرەستگەی ســیۆنجی، ڕایگەیاند کە کۆتایی ئیمپریالیزمــی ڕۆژئاوایــی، هاوکاتە لە گەڵ قەیــران لە فەلســەفەی ڕۆژئاواییــدا، ئەگەر کۆتایــی ســەردەمی فەلســەفەی ڕۆژئاوایی نەبێ.[۳۴] ئەستەمە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ کە ئاخۆ ئەمە شــتێک فرەتر لە دەربڕینی ڕێزێک بــۆ خانەخوێکانــی بووە، بــەڵام ئەوەی کە سەبارەت بەم لێدوانانە زۆر مانادارە، ـ لانیکەم لە ڕوانینێک بۆ دواوە ـ قسەکانی دواتریەتی کە دەڵێ ئەم قەیرانە لە ئەندێشەی ڕۆژئاواییــدا، پەیوەندیــی بــە چەمکی ڕۆژئاوایی شۆڕشــەوە هەیە. ئــەو لە درێــژەدا دەڵێ، ئــەم ئایدیایــە لە شــۆڕش لە ساڵی ١٧٨٩وە بە سەر مێژووی ئەورووپادا زاڵە؛ بەڵام لە دەیەی ١٩٧٠دا لە گــەڵ دەرکەوتنی ڕەوتی ناشۆڕشــگێڕانەی وەکوو یۆرۆکۆمۆنیــزم، خەریکە لە نێو دەچــێ.[۳۵] لــە درێــژەدا دەڵــێ لــە پەیوەنــدی لــە گــەڵ دونیــای نائەورووپیــدا، فەیلەســووفەکان، دەبــێ خۆیان لە پێشــبینیی(پێغەمبەرانەی) ئایندە شیمانەکراوەکان ببوێرن، چ بگات بەوەی کە دیاری بکــەن کە دەبێ چ بکــرێ. ئەو پێی وایــە لە باتی ئــەوە، فەیلەســووفەکان دەبێ لــەوە بدوێن کە لە ئێســتادا چی ڕوو دەدات (ce qui se passeactuellement)، هەروەهــا دەڵێ هەر چەشــنە فەلســەفەیەکی داهاتوو دەبێ لــە دەرەوەی ئەورووپا یان لە دەرەوەی بەریەککەوتنی نێوان ئەورووپا و نائەورووپا لە دایک بێت.[۳۶]

لێرەدا جارێکی تــر ئەو بیرۆکەیەی فۆکۆ دێتە پێش کە ئەبێ فەیلەسووفەکان سەرقاڵی سەردەمی ئێستا بن. لە هەمووی گرینگتر ئەو هەروەها پێی وابوو ئەوان دەبێ ســەرنجێکی فەیلەســووفانەی فرەتر بە جیهانی ناڕۆژئاوایی بدەن.ئــەم قســانە پێمان دەڵێــن ئەگەرچی بیرۆکەی شــۆڕش لەوانەیە لە حاڵی لەدەست دانی هێــزی خۆی لە ئەورووپــا بێت، دەبێ وریای فۆڕم و جومگەبەندییەکانی نارەزایەتی و سەرهەڵدان لە بەشــەکانی دیکەی جیهان بین. لە ڕاستیدا ئەمە هەر ئەو شتەیە کە فۆکۆ چەن مانگ دوای شۆڕشــی ئێران دەیویست لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

> **بەهەرحاڵ نابێ لە یادمان بچێت کە فۆکۆ نەک وەک ڕێبازێکی ئابووری یان وەکوو ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی، بەڵکوو وەکوو تەکنۆلۆژیاکانی دەوڵەت بایەخی بە لیبرالیزم و نیئۆلیبرالیزم ئەدا**

فۆکۆ لــە ڕاگەیاندراوێکی کورتدا، لەگەڵ ڕاپۆرتەکانــی لــە ڕۆژنامــەی کۆریێرەدێــلا ســێرا، ئــەم چەشــنە لــە لێکۆڵینــەوەی بە «ڕۆژنامەگــەری ئایدیاکان» وەســف کــرد و، لــە درێژەدا وتــی «ئەبێ لــە کاتی لە دایک بوونی ئایدیــاکان و تەقینەوەی هێزەکەیاندا ئامــادە بین؛ نەک تەنها لەو کتێبانەی کە باســی ئەو ئایدیایانە دەکــەن، بەڵکوو لەو ڕووداو و کێشمەکێشــانەی وا ئــەو ئایدیایانە هێزی خۆیانی تێدا ئاشکرا ئەکەن».[۳۷]

ئــەم شــارەزاییە لــە تایبەتمەندیی جوگرافی و مێژوویی چەمکە ئەرووپییەکانی دەوڵەت و شۆڕش، هەروەها لە دەقەکانــی دیکەی ئەم قۆناغەدا دەردەکەوێ. لە «فەلســەفەی شــیکاریی سیاســەت»دا، و هەروەها لە وتارێکداکە لە ژاپۆن پێشــکەش کرا، فۆکۆ هەنــدێ ڕوونکردنەوەی دیکەی لە سەر چەمکی فەلســەفیی ڕۆژئاوایی شۆڕش باس کرد کە لەوانەیە بتوانێ بۆ تێگەیشــتن لە فۆکووسی ناوبراو لە سەر ئێران یارمەتیدەر بێ.ئەو ئەم بانگەشەیە کەکۆتاییەکانی سەدەی بیســتەم، وەکوو کۆتاییی سەردەمی شۆڕش ناودێــر دەکات، وەکــوو بابەتێکــی جێگەی

پێکەنین ڕەد ئەکاتەوە و بەڵگە دەهێنێتەوە کە کۆتاییی زاڵبوون، یان قۆرخکاریی ئایدیای شۆڕش، بە سانایی خۆی لە گەڕانەوە بۆ سیاسەتە ڕیفۆرمیستییەکاندا نابینێتەوە؛ ئەو باسی لەوەکرد کە ئەوەی نارەزایەتیی ڕۆژ(سەردەم) پیشانی ئەدات، خەباتکردن بە دژی هەمان حەقیقەتی دەسەڵاتە، واتە لەگەڵ بەکارهێنانی پەتیی ئەو دەسەڵاتە هەڵناکات.[۳۸]

به واتایەکی دیکە، نووسینەکانی فۆکۆ لە سەر ئێران، ئیدەی دەوڵەتی ئیسلامیان هەر بەو ئەندازەیە دەسەلماند کە وتارەکانی کۆلێژ دۆفرانس، نێو لیبرالیزمیان وەکوو سیستمێکی دەوڵەتی؛ بەپێچەوانەوە ئەو نووسینانە بەوردی ئاماژە بە ڕێگای داهێنەرانە بۆ شیکاری و ڕەخنەی هەردووکیان ئەکەن. بەو جۆرەی کە خۆی لە نامە سەرئاوەڵاکەی بۆ مەهدی بازرگان دەڵێ: «لە لێدوانی دەوڵەتی ئیسلامیدا، بۆچی خێرا گومان لە ئاوەڵناوی ئیسلامی دەکرێ؟ وشەی دەوڵەت خۆی لە خۆیدا بۆ بزواندنی وریاییی کەسێک بەسە».[۳۹] هەروەها، شرۆڤەی فۆکۆ لە نیۆلیبرالیسم، شێوازێکی ناراستەوخۆ بۆ سەلماندن و دانپێدانانی نییە، بەڵکوو ڕێگایەکی تازە بۆ ڕەخنەگرتن لێی، وەکوو تەکنۆلۆژیای حکوومەت نەک ڕێبازێکی ئابووری یان ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، دەکاتەوە.

ئەوەی وتارەکانی فۆکۆ لە سەر نیۆلیبرالیزم، بە ڕوانگەکانی لە سەر ئێران و ژاپۆن ئەبەستێتەوە، نەک تەنها کەڵکەڵەی فەلسەفیی ناوبراو بۆ سەردەمی ئێستا و هۆگری بە فۆرمە جیاوازەکانی حکوومەتمەندییەوەیە (governmentality)، بەڵکوو هەروەها پێشنیارەکەی سەبارەت بە چەمکی مۆدێرنی

> **دەبێ وریای فۆرم و جومگەبەندییەکانی نارەزایەتی و سەرهەڵدان لە بەشەکانی دیکەی جیهان بین. لە ڕاستیدا ئەمە هەر ئەو شتەیە کە فۆکۆ چەن مانگ دوای شۆڕشی ئێران دەیویست لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات**

شۆڕش (و بە شێوەیەکی بەربڵاوتر کۆی فەرهەنگی دەستەواژەی شۆڕشگێرانەی مارکسیست ـ لێنینیست) چەمکێکی کاربوردیی جیهانی نییە؛ بەڵکوو دیاردەیەکی تایبەتی جۆگرافیایی و مێژووییە. نووسین لە سەردەمێکدا هەردووک دیاردەی ئیسلامی سیاسی و دەوڵەتی نیولیبراڵ، لە هەرەتی تەقینەوە لە سەر گۆرەپانی مێژوویی جیهانی بوون، هەروەها نووسین نزیکەی ۱۰ ساڵ بەر لە مەرگی خێرای سۆسیالیزمی ڕاستەقینەی مەوجوود و مارکسیسم ـ لێنینیسم وەکوو هێزی سەرەکیی سیاسی، ناتوانین ئافەرین بۆ تیژبینیی فۆکۆ لە هەمبەر بینینی ئەو شتەی لە سەردەمی ئێمەدا بێ وێنەیە، نەکەین.

### ۳. فۆکۆ، ڕەچەڵەکناسی، ڕۆژهەڵاتناسی

بێگومان نوسراوەکانی فۆکۆ لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕەسەن و داهێنەرانە بوون؛بەڵام ئاخۆ چل ساڵ دواتریش هێشتا بابەتیانەن؟ ئەکرێ ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی سوودمەند بکرێ بە دوو بەشەوە: لە لایەکەوە ئەم پرسیارە کە ئاخۆ فۆکۆ لەو کێشە و داوانە خۆی بە دوور گرت کە ئیدوارد سەعید پێی دەگوت ڕۆژهەڵاتناسی و ڕەخنەی لێدەگرت، لە لایەکی دیکەوە ئاخۆ نووسینەکانی فۆکۆ لە سەر ئیسلام و لە سەر ڕۆژهەڵات و هەروەها نووسینی ئەوانەی دیکە کە بانگەشەی پێڕەوی لە مێتۆدی فۆکۆ دەکەن، لە گەڵ پێویستییەکانی میتۆدی ڕەچەڵەکناسیی ناوبراو، دێنەوە.

لە یەکەم دەرخستندا واپێدەچێ، فۆکۆ ئارەزوویەکی زۆری بۆ ناسینی لایەنە نوێیەکانی شۆڕشی ئێرانی هەبوو. لەوکاتەدا خودی ئیدەی سەرەکیی ڕۆحانییەتی(spirituality) سیاسی،

وەکوو ناسیکۆلار یان نا سیکۆلاریست، شێوازی مۆدێرنی سـوووژە بوون یان ئاژانسی سیاسی، (ئەگەر دژوازییەکی ئاشـکرا نەبێ بەوجۆرەی کە فۆکـۆ بە روونی لێی شـارەزا بـوو)، لە ئاتەیویسـم(باوان خوازی، بنچینەخوازی) ی پارێزکارانـە دەچوو. لە دەیەکانـی دواتردا، جیهان خـووی بـە شـێوازی جۆراوجۆری سیاسـیی نوێ، یان ئایینی بە سیاسـی کراو و ئاژانسـی ئایینـی، لە ڕەوتـە جیاوازەکانی ئیسـلامی سیاسـیەوە هەتـا نەتەوەخوازیی هیندوو لە هێندسـتان، نیۆکۆنفۆسیسـم لە چینی پاش ساڵی ١٩٨٩، هەروەها ژیانەوەی شەڕی سـاردی کلێسـە نەتەوەیییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات گرتووە.

بـەم پێیە پێویسـت بـە وتـن ناکات کـە فۆکۆ بەهەرحـاڵ لە ڕێبـازی خۆی بۆ خوێندنەوەی مێژووی ئایدیا نارۆژئاواییەکان، لە سەر ڕێگای دروست بوو. ئەمە ئیمە بەرەو پرسـیاری ڕۆژهەڵاتناسـی پەلکێش ئەکات. بێهرووز قەمەری تەبریزی بانگەشـە دەکات کە فۆکۆ هەربەو جۆرەی کە ماتریالیسـمی دیالێکتیکی مارکسیستی ڕەد کردەوە، خۆی لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتناسـیی فەلسەفی بە دوور گرت،[٤٠] بەڵام لەوانەیە لەمبارەوە شک و گومان هەبێت. ئەگەر چی بەشـێکی زۆری کتێبـی «The order of things»ی فۆکـۆ، لەوانەیە بە گشتی وەکوو ڕەخنەی زمانناسی ببیندرێ،(هەروەهـا لـە ڕێـگای بەرفراوان کردنی ڕۆژهەڵاتناسـی فەلسـەفی) نە لێرە و نە لە هێچ شـوێنێکی دیکـەدا فۆکۆ، هێچ جـۆرە نرخاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ زانسـتی ڕۆژهەڵاتناسەکان ناکات کە وەکوو بەشێک لە ئەندێشـە و وێنای جۆگرافیایی دەریدەبڕێت، ئـەم غیابـی کاردانـەوە (Reflection) بـە تایبـەت لە نووسـراوەکانی ئێرانیدا ئاشـکرا دەبێـت. یەکەم، بـڕوای مێژوویـی فۆکۆ بە ڕۆحانییەتێکی ئیسـلامیی ئێرانیی شـیعەی لەبنەڕەتداهەمیشـەیی (timeless) شـاراوە، کە شـیمانەی ئەوەی لێ دەکرا سەرچاوەی پێناسەکراو، بە مەبەستی دژایەتیی هەرچەشنە دەسەڵاتێکی دەوڵەتی لە سەرەتای مێژوووەوە لـە بەردەسـت دەخات،[٤١] ئاشـکرا کردنی کاریگەریـی ڕۆژهەڵاتناسـێکی بـە هێز، بە تایبەت هانری کەربۆنە، واتە کەسێکە لە زۆر لایەنەوە نموونەیەکی ویترینی (ناو جامخانە) ڕۆژهەڵاتناسی فەلسـەفییە.[٤٢] دووەم، جۆرج ئێسـتات بەڵگـەی هێناوەتەوە کـە خودی چەمکی ڕۆحانییەتی سیاسـی، پێشـاندەری گەڕانەوە بۆ ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسـەکانە، کە پێیان وایە ئیدە(ئاینییـە)کان وەکوو هۆکاری بڕیـاردەری کـردەی کۆمەڵایەتیـن.[٤٣] لە حاڵێکـدا لەوانەیە ئەمە زلکردنەوە یان زیادی سادەکردنەوەی ڕوانگەی ڕاستەقینەی فۆکۆ بێـت، بەڵام لەوانەیە کەسـێک جەختی ئەو لەمـەڕ بەکارهێنانی فاکتـەرە ئاینییە پێش مۆدێرنـەکان، بـۆ شـرۆڤەی دیاردەیەکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیی هاوچـەرخ، بخاتە ژێر پرسـیارەوە. سـێهەم ڕەنگە گرینگتر لە هەمووی، خودی فۆکـۆ، هێچ کات بۆچوونی جۆگرافیایی ڕۆژهەڵاتناسـیی نەخسـتە ژێر پرسیارەوە.

سەرەڕای هۆگریی ناوبراو بە پرسیارەکانی پەیوەندیـدار بـە شـوێن و جوگرافیـا، لە سەرتاسـەری کتێبی «the order of things» و کارەکانی دیکەیدا، بە شـێوەکی گشـتی و بێ دوودڵی، دەسـتەواژەی ڕۆژئـاوا، (the west) وەکوو شوێنێکی بە ڕواڵەت شارستانی بەڵگەنەویسـت و، بەهەمان ڕادەش بێگومان ڕۆژهەڵاتێکی گشتی و تارادەیک ئوستوورەیی، وەکوو ئەویدیـی ڕۆژئاوا دادەنـێ. بەم پێیە، بەناوبانگترین، پێشەکیی کتێبی«the order of things»، فەرهەنگێکی هەڵبەسـتراوی چینی بـە نـاوی (The Celestial Emporium of Imperial Wisdom) دەناسێنێ کە لە دەقێکی کورتـی خۆرخە لووئیس بۆرخێسـدا وەکوو ئاشـکراکردنی هێترۆتۆپیای (heterotopia)

سەرەڕۆیی دەردەکەوێ و، لەوانەیە لاواز کردنی هەمان لۆجیکی پۆلێنبەندیی ڕۆژئاوایی بێ کە لەناو دەقی سەرەکیی کتێبەکەدا باسی لێکراوە. هەر بەم پێیە جیاوازی دانانی فۆکۆ لە نێوان ScientiaSexualisو Ars Eroticaی ڕۆژهەڵاتی پێش مۆدێرن، لەبەرگی یەکەمی مێژووی سێکسواڵیتە، وەکوو ڕۆژهەڵاتناسی نارەخنەگرانە، بەشێوەیەکی بەربڵاو تانەی لێدراوە. واپێدەچێ ناوبراو پەرەستگەکانی ژاپۆن و شەقامەکانی ئیرانی وەکوو هێترۆتۆپیاگەلێک (hetrotopias) دەبینی کە هەندێ لە بنچینەییترین گریمانەکانی مۆدێرنیتە یان وردتر بڵێین عەقڵانییەتی سیاسیی مۆدێرن و سێکۆلاری ڕۆژئاوایی تووشی گومان و چالێنج ئەکەن.

بەهەرحاڵ تایبەتمەندیی ڕۆژهەڵاتناسیی دیکەی بیروڕای فۆکۆ لەسەر ئیسلامی شیعەی ئێرانی هەیە کە وەک دەگوترێ ئەگەر بێکەڵک نەبن لانیکەم باویان نەماوە. ئەمە شکستی جددیی ناوبراوە لە پرسیارکردن سەبارەت بەم پرسە، کە ئاخۆ لەوانەیە جیهانی ئیسلام، هیچ چەشنە تازەگەری و دابڕانێکی ئێپیستمۆلۆژی، بەو جۆرەی کە لە کۆنینەناسی (archaeology)ی زانستیی ڕۆژئاواییەکەی دەخرێتەڕوو، ناسێبێ. تەنانەت ئەگەر ناوبراو پرسیاری کرد، ئاخۆ دەبێ کەسێک لە شۆڕشی ئێراندا لەدایکبوونی شتێکی تازە بەجێگای گەڕانەوەی شتی کۆن ببینێ؟[۴۴] ئەو دەیویست ئیسلامی ئێرانیی شیعە، وەکوو گشتێکی نەگۆڕی یەکپارچە ببینێ و بە شێوەیەکی جددی ئیمکان و شیمانەی هەرچەشنە گۆڕانکاریی گەورەی لەبەرچاو نەگرت، چ بگات بەوەی کە بەدواداچوون بۆ وردەکاریی ئەم گۆڕانکارییانە بکات. کەوابوو بۆ نموونە، بە بێدەنگی بەسەر تەواوی مێژووی سیاسیی بوونی ئیسلام لە ئێراندا، ـ بابەتێکی ئاڵۆز و هێشتاش کەم ناسراو ـ تێپەڕی کە بە شۆڕشی مەشرووتەی ۱۹۰۵ دەستی پێکرد و لەودا ڕێژەیەکی بەرچاو لە مەلاکان دەوریان گێڕا.

هەڵبەت پەیوەندیدارترین دەق کە ئەیتوانی پەیوەندیی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەبێ، کتێبەکەی ۱۹۷۲ی خومەینی لە سەر حکوومەتی ئیسلامییە، کەلەودا چەمکی ویلایەتی فەقێی ناساند؛ بەڵام ئەم کتێبە هێشتا بۆ سەر هیچ زمانێکی ڕۆژئاوایی وەرنەگێردرابوو و تەنانەت لە نێو پسپۆڕانی فیکری ئیسلامیی ئێرانی مۆدێرن، بەتەواوی نەناسراوبوو.[۴۵] هەرچۆنێک بێت، فۆکۆ باسی ئیدەکانی خومەینی ناکات ـ بەپێچەوانەی لێدوانە گشتییەکان و قسەکانی بۆ ڕۆژنامەنووسان[۴۶] و تەنها بە کورتی ئاماژە بە عەلی شەریعەتی دەکات ـ کەسێک کە تا ڕادەیەکی زۆر بە دروستی وەکوو مێعمارێکی سەرەکیی دەوڵەتی ئیسلامی بە مانای ناساندنی توخمێکی ڕۆحی بە ژیانی سیاسی دیاری دەکات.[۴۷] ئەم لێدوانە کورتانە، سەبارەت بە نەفی کردنەوەی ئیدارە و لە ڕووی سیاسییەوە بێدەنگیی ئاخوندی شیعەی ئێرانی بە قازانجی ئایینی چەوساوەکان(موستەزعەفین)، کە چەمکێکە لە لایەن ئارمانە سۆسیالیستییەکانی عەدالەت و یەکسانییەوە پاڵی پێوە دەنرێ وتەنانەت لایەنێکی شۆڕشگێرانەیشی هەیە، بە گوێرەی پێویست مافی خۆی بە کەسایەتیی نوێ و ڕادیکاڵی شەریعەتی نادات. واپێناچێ کە فۆکۆ ئاگادار بووبێ کە تازەگەرییەکانی شەریعەتی، بە شێوەیەکی ئاشکرا وەکوو کفر، لە لایان نزیک بە تەواوی ئاخوندە گەورەکانی ئێرانەوە بێجگە خومەینی مەحکووم کرا. دووبارە پێناسە کردنەوەی ئیسلامی شیعە لە لایەن شەریعەتییەوە، نەک تەنها ڕادیکاڵ و بە شێوەیەکی ئاشکرا لە مارکسیست ـ لێنێنیست ئیلهامی وەرگرتووە، بەڵکوو شیعیسم بەرەو ئاینێکی شۆڕشگێرانە دەگۆڕێ، بابەتێک کە لەوە پێش هیچکات نەبینرابوو؛ هەروەها سەرەڕای هەموو

داواکارییەکانی پێداچوونەوە، فۆکۆ ڕۆحانییەتی شاراوەی وەکوو ناوەندی ڕژیمی حەقیقیی ئێرانییەکان دەبینێ.هەرچەند فۆکۆ دانی پێدادەنێ کە شەریعەتیی نووسەری وەکوو فانۆن و ماسینیۆنی خوێندوەتەوە، واپێدەچێ بایەخێکی ڕواڵەتیی بە بابەتی «شەرعیەتدان بە خۆ» (self-legitimations)ی شەریعەتی دابێ وەکوو بانگەشەی پێشتری کە دەیگوت یەکەمین ئیمامی شیعە، وانەی یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیی فێردەکرد.[٤٨]

کەوابوو فۆکۆ ئەم باوەڕە دروست ئەکا کەلەگەڵ پێشڤەچوونی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی ڕۆژئاوایی هیچ شتێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای ئێرانی یان ژاپۆنی گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە و، ئەمەی کە لە بنەڕەتدا ڕێگا نەریتییەکانی بیرکردنەوە لە تەنیشت شێوازەکانی مۆدێرندا پێکەوە ئەژین بە گشتی وەکوو بابەتێکی بە تەواوی ئەورووپی دەبینێ.[٤٩] ئەم وتە زۆر سادەکراوانە، ڕووناکبیرانی گەورە و گۆڕانکاریی شێوازەکانیدیکەی نارۆژئاوایی بیرکردنەوە، ئاشکرایە ئاکامی هەردوو هۆکاری دینامیکی ناخۆیی خۆیان و بەریەککەوتن لە گەڵ فاکتەرەکانی دیکە و نەک بە تەنها فاکتۆری ڕۆژئاوای مۆدێرن، پشت گوێ ئەخەن.

## ٤. ڕەچەڵەکناسیی پۆست فۆکۆیی ئیسلام

بڕوای ئاشکرای فۆکۆ، سەبارەت بەوەی کە نەریتی ڕۆژهەڵاتی وەکوو زێن بوودیسم و ئیسلامی شیعە، لە بنەڕەتدا هەمیشەیی(timeless)، پێش مۆدێرن و یان نەگۆڕن، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، لە گەڵ ڕوانگەی ڕەچەڵەکناسی و کۆنینەناسییەکەی خۆی و هۆگریی بە ئاشکرا کردنی پچڕپچڕی و دابڕان، دژ بەیەک و جیاوازە. لە شوێنێکی دیکەدا، ئەو بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێ کە ئامانجی ڕەچەڵەکناسی بە وردی دەرخستنی هەرچەشنە سیمایەکی ڕواڵەتیی شوناس، یەکیەتی، یان بەردەوامبوونە، کە لە دەستەواژەی وەکوو نەریت یان نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە.[٥٠] نابەدڵییەکی هاوشێوە بۆ پاڵپشتی کردنی بوونی نابەردەوامی (گسست) لە نەریتە ڕۆژئاواییەکاندا، هەروەها لە توێژینەوەیەکی تر دا کە ناوی ڕەچەڵەکناسی لە خۆی ناوە، لە لایەن تەلال ئەسەد، یەکێک لە کاریگەرترین بیردۆزانی هاوچەرخی جیهانی ئیسلامی مۆدێرنەوە دەرئەکەوێ. ئەسەد، (مرۆڤناسێک بە ڕوانگەیەکی لە سەرەتاوە بەهێزی مارکسیستی) بە وەرچەرخانێکی فۆکۆیی چەشنەکان، بەرەو توێژینەوەی زانستی ڕەهبانی لە مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەراست و پاشان بەرەو شرۆڤەی ڕەچەڵەکناسانەی چەمکە پۆست ڕۆشنگەرییەکانی «ئایین» و «سیکۆلار» گوازرایەوە، هەردووی ئەم چەمکانە وەکوو گرێدراوی مێژوویەکی دەسەڵاتی ڕۆژئاوایی(و تارادەیەک کۆلۆنیاڵ) ئاشکرا ئەکات.[٥١] بە سەرنجدان بەم وەرچەرخانە، واپێدەچێ، ئەسەد کەسێکی شیاو بۆ پەرە پێدان بە ڕێبازێکی ڕەچەڵەکناسانەی پێگەیشتوو، بۆ جیهانی ئیسلام بێت؛ بەڵام بە سەرسوڕمانەوە نووسراوە زۆرەکانی لە سەر بابەتە ئیسلامییەکان ئەم چاوەڕوانییە بەدی ناهێنێ. لە بەناوبانگترین کتێبیدا، «ئایدیای مرۆڤناسیی ئیسلام»، ئەسەد بە دژی دوو بۆچوون بەڵگە دەهێنێتەوە و مشتومڕ دەکات؛ ئەم ئایدیایە کە ئیسلام، بە پێچەوانەی مەسیحییەت، لە جەوهەری خۆیدا خاوەن هێزە، هەروەها ئەم بۆچوونە کە بوونی جیاوازیی بەربڵاو لە بیروڕا و پراکسیسی بسوڵمانەکان، ڕیگریمان لێدەکا کە بتوانین هەر چەشنە چەمکێکی شیکاریی یەکگرتوو لە ئیسلام ئاوا بکەین. وەکوو جێگرەوە، ناوبراو پێشنیار دەکات کە وەکوو نەریتێکی دیسکۆرسیڤ لە ئیسلام نزیک بینەوە.[٥٢] ئەم ڕوانگەیە، بە هۆی جەختی زیاد لە پێویست، لە سەر لایەنەکانی تیۆلۆجی و حقووقی، بە

زیانی توخمگەلی شــاعیرانە و عیرفانی کە لە ژیانــی ڕۆژانەی مســوڵمانەکاندا، بە درێژایی ســەدەکان زۆر گرینگتــر بــوون، ڕەخنەی لێگیراوە؛[۵۳] بەڵام لێرەدا من دەمهەوێ بزانم ئاخۆ ئەم شیکارییانە، لە سروشتی خۆیاندا، بەو جۆرەی ئەسەد خۆی ڕایدەگەیەنێ، بەردەوام ڕەچەڵەکناســانەن. لە یەکەم دەرخســتندا، بۆچوونی ئەو لەمەڕ نەریتێکی دیسکۆرســیو، واپێدەچێ لە گــەڵ دووبارەبەرهەمهێنانەوەی ڕەچەڵەکناسیی/کۆنینەناســانەی پێکهاتــە دیسکۆرســیڤەکان و دواتــر، پراکتیســە دیسکورسیڤەکان لە سەر وشیاری تێگەیشتنی فەلســەفی و/یــان مارکسیســتی ئایدیاکان، ئایدۆلۆژییەکان یان بیروبڕواکانە؛ هەرچۆنێک بێت لە پشــکنینێکی وەردتردا، دەردەکەوێ چەمکێکی کۆمەڵباوەڕانە (communitarian) بێت نــەک چەمکێکی ڕەچەڵەکناســانە یان کۆنینەناســانە.[۵۴] ئەســەد بە ســانایی دانی پێدادەنێ کە سەرچاوەی سەرەکیی هاندانی، فەیلەســووفی کۆمەڵباوەڕ(communitarian) مەک ئینتایر بــووە؛ بەڵام ناوبراو بە بێدەنگی لەم ڕاســتیە تێدەپەڕێ کــە کۆمەڵباوەڕیی (communitarianism)، ناتوانێ بە ســانایی (ئەگەر شتی وا بشــێ)، لەگەڵ ڕوانگەیەکی ڕەچەڵەکناسانە خۆی بگونجێنێ و لە ڕاستیدا بــە بەردەوامــی ڕەخنە لە ڕەچەڵەکناســیی نیچــە دەگــرێ ـ ڕەخنەیەک کــە لەوانەیە هەروەها بــۆ کەڵکوەرگرتنی فۆکۆ لە نیچەش بیگوازێتەوە.[۵۵]

بــە پێچەوانەوە، وا پێدەچێ ســەرەرای پێشــنیارەکانی ئەســەد خــۆی، کاراکتێری کۆمەڵبــاوەڕی ناوبراو، لــە چەندین خاڵدا لە گــەڵ ڕوونکردنەوەیەکی ڕەچەڵەکناســانەی پێگەیشــتووی ئیســلامی مۆدێرن نەگونجێ. یەکەم، ئەسەد بە ئاشکرا نکۆڵی لە هەرچەشنە دابڕانێک لەم نەریتە دیسکۆرسیڤەدا دەکات: «بۆ ئامانجە شــیکارییەکان، هیچ جیاوازیەکی بنەڕەتی...لــە نێوان ئیســلامی کلاســیک و مۆدێرنــدا نییــە».[۵۶] کەواتــە واپێدەچێ کە ئەو هەمــان شــوناس و بەردەوامییەک کە ڕەچەڵەکناســیی فۆکــۆ دەیهــەوێ لە نێوی ببــات، بە بنەمــا دەگرێ. دووهەم، ئەســەد پێی خۆشــە جەخت بکاتەوە کە ئەم نەریتە دیسکۆرســیڤە ئیســلامییە، عەقڵانییــە، بە تەواوی بە گــوێ نەدان بــە تێبینیی فۆکۆ، عەقڵ یــان عەقڵانییەتی سیاســی، لەوانەیە خۆی لە پەیوەندییەکانی دەســەڵاتدا دەوری هەبێ.

ســێهەم و تەنانەت ســەیرتر، نیگەرانیی ڕەچەڵەکناسانەی ناوبراو سەبارەت بە دەسەڵات (power)، لــە ڕوانگەی ئــەم گێرانەوەیە لە تایبەتمەندیی ئیسلام، دیار نامێنێ. ئەگەرچی ئەســەد بە ڕواڵەت لایەنگری لە پرسیارەکان لەمەڕ دەسەڵات دەکات، {بەڵام لە ڕاستیدا} بۆ ئەکتەرێکی ناچالاک و نەریتێکی نامۆ لە ژێر پەردەی ئۆتۆریتەدا دەیگۆڕێ: «پراکتیســێک ئیســلامییە، لە بەرئەوەی کە بە پێی نەریتە دیسکۆرسیڤەکانی ئیسلامەوە ڕێگاپێدراوە».[۵۷]

لەبیرمان نەچێ کــە کەڵک وەرگرتن لە دەنگی پاســیڤ لێرەدا و جێگۆڕکێی وشەی دەســەڵات (power) لە گەڵ زاراوەی وەکوو ئۆتۆریتــە(authority) و دەســەڵات پێــدان (authorization)، دەلالــەت یان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەرچەشنە پەیوەندیی دەسەڵاتێکە لە ناو نەریتی دیسکۆرســیڤی ئیســلامیدان، جێگای پەسەند و/یان ڕێگاپێدراون.

کەوابوو، وادەردەکەوێ، ئەسەد سوورە لە ســەر ئەوەی، جەخت لە ســەر عەقڵانییەت و ژیریی نەریتی گوتاری ئیســلامی بکاتەوە، چوونکــوو دەیهەوێ دەســەڵاتی شــاراوە لە هەنــاوی چەمکــە تیۆرییەکانــی ڕۆژئاواییدا ئاشــکرا بکات. خۆی لە خۆیدا ئەمە لەوانەیە دژەژەهرێکی بەســوود بــە دژی ئەم گریمانە تــاک گەرایانــە و/یــان سێکۆلاریســتییە شاردراوە بێت کە نەریتەکان جێگایەکیان بۆ بیرکردنەوە، گفتۆگــۆی عەقڵانی یان ئازادیی

تاکەکەسی تێدا نییە؛ بەڵام واپێدەچێ کە ئەسعەد، لێرەدا خاڵی شیکاریی ڕەچەڵەکناسیی لە دەست دابێت. وەکوو ئەنجامێک، ناوبراو تێبینییەکی ڕەچەڵەکناسانەی زۆر بنچینەییتر لە دەست دەدات کە پێی وایە هەر فۆرمێک لە عەقڵانییەت یان ژیری، چ مۆدێرن بێت یان پێش مۆدێرن، چ سێکۆلار بێت یان ئایینی، لە ڕووی ناوخۆییەوە لە پەیوەندی لە گەڵ شێوازە تایبەتەکانی دەسەڵات لە ڕووی جوگرافیایی و مێژووییدایە. ئەمە ڕوونترین و ـ ناخۆشترین ـ کێشەی بەرچاو لە توێژینەوەی ئەسعەد لە سەر بابەتی ڕەخنەی گشتی لە عەرەبستانی سەعوودی هاوچەرخدایە.[٥٨] ئەسعەد نەک تەنها لێرەدا بە شێوەیەکی تەفرەدەرانە دەڵێ کە گوایە بەرپرسیاریەتییەکی سوننەتی لە سەر تاک بە تاکی مسوڵمانەکان، سەبارەت بە ڕەخنە گرتن لە حاکمی سەربەخۆ، بوونی هەیە؛ بەڵکوو هەروەها بە تەواوی چاوی بە سەر ئەم ڕاستییەدا دادەخا کە عەرەبستان وڵاتێکی دیکتاتۆرییە کە لەودا ڕێبەرایەتیی ئایینیی کۆنەپارێز، دەزگایەکی دەوڵەتیی سەرکوتگەر، بە مەبەستی خنکاندنی هەموو چەشنە نارەزایەتییەک بە کار دێنێ. بە واتای سادەتر: ئەسعەد دەیهەوێ چاوپۆشی لە تایبەتمەندیی هەرە گرینگی دەسەڵات بە قازانجی وێنەیەک لە سوننەتێکی هاوئاهەنگ و هاوئاوازانەی «گفتۆگۆی عەقڵانی» و «ڕەخنەی ئایینی» بکات و یان لە گرینگیی کەم بکاتەوە.

ئەم خواستە بۆ سنووردارکردنەوەی ڕەخنەی ڕەچەڵەکناسی بە ڕەوتە ڕۆژئاواییەکان و، گەڕانەوە بۆ چەمکە کۆمەڵباوەڕ، لیبراڵ و/ یان مارکسیستییەکان بۆ جیهانی ئیسلامی، هەروەها دەتوانرێ لە ناو ئەو کەسانەش دا ببیندرێ کە خۆیان بە شوێنکەوتووی فۆکۆ دەخوێننەوە . بۆ نموونە چەندین نووسەر، سەبارەت بە سێکسواڵیتە لە جیهانی ئیسلامی مۆدێرندا دەنووسن، سەرەڕای ئەوەی کە تەنانەت بە ڕواڵەت لایەنگری لە نووسراوەکانی فۆکۆ دەکەن، لە سەر گەڕانەوە بۆ پۆلێنبەندییەکانی «سێکسواڵیتەی بۆرژوایی» و «سەرکوتی ویکتۆریایی» سوورن، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی فۆکۆ بە ئاشکرا بەڵگەی هێنایەوە کە توێژینەوەی سێکسواڵیتەی مۆدێرن، پێویستی بە فەرهەنگۆکێک هەیە کە لە چەمکی مارکسیستی «چین» (class) و، ئەوەی سەردەمی ویکتۆریا بە جێگای گوتاری سەرکوتکراو سەبارەت بە سێکس بەرهەمی هێنا، وردبینانەتر بێت.[٥٩] بە ڕێژەی جیاواز ئەم مەسەلەیە بۆ لێکۆڵینەوەی نووسەری وەکوو جۆجێف مەسعەد، خالید ئەلڕوەیب و ئەفسانە نەجم ئابادیش بە ڕێژەی جیاواز ڕاستە.[٦٠] (کە ئەگەر وانەبێ جێگای ڕیزە) ئەمانە و نووسەرانێکی دیکە کە حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ دەرکەوتەکانی ئایدیۆلۆژی وەکوو شێوێنەری ڕاستییە کۆمەڵایەتیە ئۆبژێکتیڤەکان؛ چین (class) وەکوو دیاریکەری پێناسەی لایەنەکانی مۆدێرنیتە و، دەسەڵات (power) کە لەزاتی خۆیدا سەرکوتگەرە ـ هەموو خاڵەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بنەڕەتی لە لایەن فۆکۆوە ڕەخنەیان لێگیرا.

بە کورتی گەڕانەوەیەکی نەخوازراو، بۆ گریمانەیەکی سێکۆلاریستی و مۆدێرنیستی بۆچوونی مارکسیستی و/یان ئۆمانیستی، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئاشکرا لە لایان فۆکۆوە ڕەخنەیان لێگیراوە؛ بە هیچ شێوەیەک تەنها بۆ ڕەخنەگرانی بۆچوونەکانی ئەو سنووردار ناکرێتەوە؛ هەروەها واپێدەچێ ئەم ڕەخنەیە لە نێو نووسەراندا کەسانێکیش دەگرێتەوە کە خۆیان بە شوێنکەوتەوی ئەو دەبێنن. بەم مانایەکە بە کردەیی کردن و بەڕۆژ کردنی بۆچوونەکانی فۆکۆ، بە سەرنجدان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە بێ گەڕانەوە بۆ نەریتە باوەکانی بیرکردنەوە، تا ڕادەیەکی زۆر پرۆژەیەکی ناتەواوە.

## دوا وته

فۆکۆ زیاتر هۆگریی بە ڕاپەڕینی ئێران هەبوو هەتا شۆڕشی ئیسلامی و هەروەها بە لایەنە ڕۆحییەکانی بەرخودان بە جێگای فۆرمە ئیسلامییەکانی دەوڵەت. لە ڕاستیدا خولیای هەمیشەییی ئەو، بە فۆرم و شێوازەکانی دەوڵەت و ڕەخنە گرتن لێیان، ڕێگری لە هەرچەشنە یۆتۆپیاخوازییەکی خۆجێیی، سەبارەت بەمەی دوایی دەکات. ئەگەر سەرزەنشت نەکردن بە مەبەستی پەسەند کردن هەڵە نەبێ، ئەوە کەس ناتوانێ فۆکۆ بە هۆی هاوسۆزی نارەخنەگرانە یان هیوا و هومێدی یۆتۆپیایی بۆ ڕێژیمی تازە لە ئێراندا، تاوانبار بکات. هەروەها باسەکانی لە سەر نیئۆلیبرالیسم، لەوانەیە لە مشتومڕ بە دوور بێ، بەڵام نابێ وەکوو پەسەند کردن بخوێنرێنەوە. بە پێچەوانەوە کاتێک کە هەردووکیان پێکەوە دەخوێنرێنەوە دەریدەخەن کە چەمکی شۆڕش، لە لایەن مارکسیستە هاوچەرخەکانی خۆی(هەوەها زۆرێک لە چەپەکانی ئەمڕۆشەوە)، وەکوو بابەتێکی جیهانی (لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی فەرهەنگی و مێژووییەوە بە تایبەتی)، لە بەرچاو گیراوە. بەم پێیە ئەم نووسراوانە، داوامان لێدەکەن هەتا لە سەر تاقانە بوونی ڕووداوی شۆڕش لە ئێران ڕابمێنین، بە جێگای ئەوەی کە ئەو ڕووداوە بۆ دەستەبەندیی بەرواڵەت جیهانی، بەڵام لە کۆتاییدا ئەورووپاتەوەری دابەزێنین.

وتە گرینگەکانی فۆکۆ سەبارەت بە ئیسلام وەکوو ئایین یان نەریتێک، بەدەر لە ڕەخنە نییە: لە هەمووی گرینگتر و سەیرتر، وا دەردەکەوێ کە ناوبراو، کاتێ لە سەر ئیسلامی شیعەی ئێرانی دەینووسی، تایبەتمەندیگەلێکی وەکوو بە مێژوویی کردنی بەردەوام، دابڕان ونەبوونی بەردەوامی، تێکدانی شوناس کە «توخمی بنەڕەتیی» میتۆدەکانی خۆی واتەڕەچەڵەکناسی و کۆنینەناسی بوونی بە هەند وەرنەگرتبێ. هەروەها ئەگەر ئەو ڕەخنەگەلەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، ئەسەد، شوێن کەوتووەکانی و، ئەو هەوڵانەی دیکە بۆ جیهانی ئیسلامیش کە خۆیان بە فۆکۆوە ئەلکێنن بگرێتەوە، ئەوە لەوانەیە ئەم گریمانەیە بێتە ئاراوە کە مێژووی دروست یان بەردەوامی ڕەچەڵەکناسانەی جیهانی ئیسلامی مۆدێرن، هێشتا و بە زۆری ماویەتی بنووسرێ. ئەم بانگەشەیە لەوانەیە بە سەرنجدان بە کاریگەریی مەزنی فۆکۆ لە سەر بەشی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، لە زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆییدا بە گشتی، سەیر بێت. دەبێ لە یادی نەکەین کە بەهەرحاڵ فۆکۆ بێگومان نەیدەویست کە چەمکە سەرەکییەکانی خۆی وەکوو چەمکی تیوریکی شیاوی کارپێکردن لە ئاستی جیهانیدا، بە کاربرێ، بەڵکوو فرەتر وەکوو ئامرازگەلێک بەمەبەستی تۆمار کردن و نووسینەوەی ئەزموون و ڕووداوی ئەگەر نە تاقانە لەڕووی جۆگرافیایی و مێژووییەوە، بوون. هەربەو جۆرەی کە خۆی جارێک باسی لێ کرد، سەرقاڵی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەیەک و نەک تیورییەک لە سەر دەسەڵات(power) بوو.[۶۱]

کەوابوو میتۆدێکی ڕەچەڵەکناسی بۆ جیهانی ئیسلام ـ و ڕەنگە نابێ ببێ ـ لە سەرەتاوە هەوەجێی بەم پرسیارە نییە کە ئاخۆ وڵاتێکی مۆدێرن یان لە حاڵی مۆدێرن بوونەوەی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی، «دیسیپلینییە یان ئەوەی کە ئاخۆ سیاسەتەکانی «بایۆپاڵیتیکە»، بەڵکوو لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوە بکەن کە ئاخۆ کێها بەش لە دانیشتوانی وڵات و لە کام گۆڕەپانی بەسەرهات و تاقیکردنەوە و لە چ کاتێکدا، بووگن بە ئۆبژەی حکوومەت و چ فۆرمگەلێک لە زانست ـ ئایینی یان هی دیکە ـ یان حەقیقەت، لەم پرۆسانەدا تێوەگلاون. هەندێ نموونەی شێوازی پێشوو، بە کۆلۆنی کردنی

میسری تیمووتی میچێله، که ڕیفۆرمەکانی محەمەد عەلی وەکوو دیسیپلین ئەناسێنێ و، هەر بەم پێیە، بەکۆلۆنی کردن خۆی لە خۆیدا، بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئاخۆ میسر لەوکاتەدا لە ژێر حوکمی داگیرکەری ڕاستەقینەدا بوو یان نا؛ و توێژینەوەی گرینگی داریووش ڕێجالّی لە سەر ئەشکەنجە لە ئێرانی مۆدێرندا، کە ئەم پرسیارە ئەوروژێنێ کە چما ئەشکەنجە لە ناو کۆمەڵگا ئینزیباتییەمۆدێرنەکاندا درێژەی هەیە، لە کوێ ـ لە دیدی فۆکۆوە ـ پێویستی بە سزادانی بێ بەزەییانە و توند و تیژ، لە ناو چووە.[۶۲]

لێرەدا ئاگادارکردنەوەیەکی دووهەم لە نەفی کردنی فۆکۆ لە بابەتە گەردوونییەکاندا (universals) هەیە. گرینگترین بابەتی یونیڤێرساڵ لەم بوارەدا بێگومان دەوڵەتە؛ بەڵام ڕەخنەی فۆکۆ لێی، زۆرتر بە هۆی بێزاری لە دەوڵەتەوە نییە، هەمان ئەو نەفرەتەی کە زامۆرا و بێهرێنت هەیانبوو؛ ئەمە لە پلەی یەکەمدا بابەتێکی میتۆدۆلۆژیکە. لە ساڵی ۱۹۷۶دا، پێی وایە کە سەرنجدانی زیاد لە پێویست بە دەسەڵاتی حوکمداریتی هەڵکەوتوو لە هەناوی دەوڵەتدا، ڕێگریمان لێدەکا لەوەی کە بە دوای فۆرمە ناحکوومیەکانی ئەو هێزانەدا بگەڕێین کە لە شوێنی دیکە بە کار دەهێنرێن.[۶۳] هەروەها فۆکۆ لە وتارە بەناوبانگەکەی لەسەر حوکمداریتی، بەڵگە دەهێنێتەوە کە دەوڵەت وەکوو فاکتەر یان دامەزراوەی یەکگرتن، بابەتێکی دەرهەستی ئوستوورەییە، واتە بە تەواوی خەیاڵییە.[۶۴] دواجار لە وانەکەی ۳۱ی ژانوییەی ۱۹۷۹ی دا، لە پەراوێزی باس کردن سەبارەت بەو بابەتەی کە خۆی پێیدەڵێ «فۆبیای دەوڵەت»ی هەندێ لە نووسەران، فۆکۆ جارێکی تر باس لە ئارەزووی خۆی سەبارەت بە پارێزکردن لە مەڕ هێنانە ئارای تیۆرێک سەبارەت بە دەوڵەت دەکات کە گوایە ئەمە ژەمە خواردنێکە بۆ هەزم کردن ناشێ و هەروەها ئارەزووی خۆی بۆ قسەکردن بە زاراوەی زیاتر پرۆسەی بە نەتەوەیی کردن (یان بە دەوڵەتی کردن) (étatization) دەردەبڕێ.[۶۵]

ئەم بانگەوازە بۆ گەڕان بە دوای شێوازەکان، شوێنەکان و جومگەبەندییەکانی تری هێز لە چاو هێزی میری کە دەوڵەت بەکاری دێنێ لەوانەیە، هیوا لێکراوترین تێبینی و بۆچوون بێ کە بە شێوەیەکی ئاشکرا یان لابەلا لە نووسراوەکانی فۆکۆدا هەیە، تەنانەت ئەگەر لە کەیسی ئێراندا بێت چ بگات بە وڵاتانی سەرەڕۆی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هیچ جۆرێک بە ڕوونی ئاشکرا نییە کە چ بەرهەمێکی دەبێ. بەهەرحاڵ لەوانەیە ئەمە وەکوو دژەژەهرێک بۆ ئارەزووی بەردەوام بۆ «فووتێکردن و گەورەکردنەوەی دەوڵەتی عەرەبی» بە سوود بێت، وەکوو ئەوەی توێژینەوەیەکی بەناوبانگ پێشنیاری دەکات؛[۶۶] یان سوودبەخشتر، لەوانەیە یارمەتیمان بدات هەتا بە وردی، ئەوەی کە لە جیهانی ئیسلامی مۆدێرندا تایبەتی مۆدێرنیتەیە و چ فۆرمگەلێک لە دەسەڵات و زانست لە سازکردنیدا بە کارهێنراوە، دەستنیشان بکەین بە بێ ئەوەی لە داوی خۆ بەجیاواز زانینی ئیسلامی، کۆمەڵباوەڕی و یۆرۆسینتریسم بکەوین.

## پەراوێز

*. میشێل لیزینبێرگ لە بەشی خوێندنەوە فەلسەفی و ئایینیەکان لە زانکۆی ئامستێردام وانە دەڵێتەوە. ناوبراو چەندین وتاری لە سەر مێژووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جیهانی ئیسلام و هەروەها لە سەر مێژوو و فەلسەفەی زانستی مرۆیی بڵاو کردوەتەوە.

[1]. Michel Foucault, Daniel Defert, and Jacques Lagrange, Dits et écrits, 1954-1988 (Paris: Gallimard, 1994).

[۲]. کۆکراوەیێکی بچووکتر لە ژێر ناوی Essential Writings لە ساڵی ۲۰۰۴، لە سێ بەرگدا بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بوەتەوە: Pen-guin, 2004. Ditsetécrits ڕاست لە کاتێکدا بڵاو کرایەوە کە من دەمویست واز لە گەڕانی بێسوود لە مەڕ دەقی ڕیپۆرتاژەکانی فۆکۆ لە سەر ئێران کە بە زۆری بە زمانی ئیتالی بوون، بهێنم. من پێشتر توێژینەوەیەکم سەبارەت بەم نووسراوانە لە ژێر ناوی

«دەسەڵات و ڕۆحانیەتی سیاسی: میشێل فۆکۆ دەربارەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران» بڵاو کردووەتەوە، arcadia 33 (1998): 72-80. ڕوون نیە کە ئاخۆ دەقی Dits et écrits بە پێی چاپی سەرەکەی فەڕەنسی فۆکۆیە یان پشتی بە وەرگێڕدراوێک لە ئیتالیاییەوە بەستووە. چاپی ئیتالیایی Taccuinopersiano Guerini, 1998) هەروەها وتارێکی بە ناوی "Ritorno al pro-feta?" تێدایە کە لە دەقی Dits et écrits دا نیە بەڵام بە زۆری لە گەڵ دەقی فەڕەنسی «À quoi rêvent les iraniens» هەمان شتن: Dits et écritsIII: 688-694 .

[3]. Stuart Elden, personal communication, 31 May 2017.

[4]. Michel Foucault, François Ewald, Alessandro Fontana, and Michel Senellart, La Naissance de la biopolitique: Cours au Collège de France (1978-1979) (Paris: Gallimard/Seuil, 2004). English translation: Michel Foucault, Michel Senellart, Graham Burchell, François Ewald, and Alessandro Fontana,The Birth of Biopolitics: Lectures at the Collège de France, 1978-1979(Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2008).

[5]. See, in particular, Daniel Zamora and Michael C. Behrent, Foucault and Neoliberalism (Polity Press 2015).

[6]. Foucault, Ditsetécrits III: 600-691.

[7]. Foucault, Ditsetécrits III: 749.

[8]. Foucault, Ditsetécrits III: 749.

[9]. Following the latter's highly idiosyncratic, and even downright ahistorical reading of Irani-an-Islamic intellectual history, Foucault tends to see mystical and esoteric Shi'ism as embody-ing a timeless Iranian spirituality. I will return to this point below.

[10]. BehroozGhamari-Tabrizi, Foucault in Iran (Minneapolis: University of Minnesota Press, 2016), 73.

[11]. cf. Foucault ,Dits et écrits I: 55.

[12]. Foucault, Ditsetécrits III: 692.

[13]. Foucault, Ditsetécrits III: 686.

[14]. Janet Afary and Kevin Anderson, Michel Foucault and the Iranian Revolution: Gender and the Seductions of Islamism
(University of Chicago Press, 2005), Introduction.

[15]. For a detailed argument, see Ghamari-Tabrizi, Foucault in Iran, ch. 3.

[16]. Ghamari-Tabrizi, Foucault in Iran, 68ff. Cf. François Furet, Penser la révolutionfrançaise (Paris: Gallimerd, 1978).

[17]. Daniel Zamora and Michael C. Behrent, eds. Foucault and Neoliberalism (Cambridge, UK: Polity Press, 2015).

[18]. Foucault, Ditsetécrits III: 759.

[19]. Foucault, Ditsetécrits III: 745.

[20]. Foucault, Ditsetécrits III: 712-3, cf. 748.

[21]. Foucault, Ditsetécrits III: 703, 715, 746.

[22]. Foucault ,Dits et écrits III: 716.

[23]. Foucault et al., Naissance de la biopolitique, 23-4,The Birth of Biopolitics, 22.

[24]. Foucault, DitsetécritsIII: 783.

[25]. This absence should not, of course, be construed as an endorsement of any particular kind of government; Foucault's entire project seems precisely to make visible liberalism as a technol-ogy of government rather than merely an economic doctrine. It may be worth keeping in mind that even Discipline and Punish: The Birth of the Prison was long seen as lacking any notion of resistance to disciplinary power, even if Foucault unemphatically but unambiguously states that Bentham's panopticon is not so much a reality as a "diagram of a form of power: its ideal form, […]abstracted away from all resistance" ( Discipline and Punish: The Birth of the Prison (London: Penguin Books 1979), 205; emph. added).

[26]. See in particular, Christofferson, Foucault and Neoliberalism, 17; cf. Behrent, Foucault and Neoliberalism, 47; Zamora, Foucault and Neoliberalism, 63.

[27]. Zamora and Behrent, Foucault and Neoliberalism, 3.

[28]. Foucault, DitsetécritsIII: 532.

[29]. La Naissance de la biopolitique, 254ff.;The Birth of Biopolitics, 248ff.

[٣٠]. بۆ باسێکی بێ پەردە لە سەر کەیسی میسری مۆدێرن، کە هیچ شتێک بە ناوی «ئابووری» وەکوو گۆڕەپانی تایبەت یان ئۆبژەی زانست و دەوڵەت کە لە لۆژیکی پەتی ., Timothy Mitchell, Rule of Experts (Oakland: University of Cali-fornia Press, 2002): ئابووریپێڕەویبکاتبوونینیە، بڕواننە

[31]. Foucault ,Dits et écrits III: 714.

[٣٢]. هەرچۆنێک بێت، ئەو دیمەنێکی لەڕادەبەدەر گەش بینانە لە ئابووری ئێران لە دەیەی ١٩٧٠دا دەکێشێ،(کە لە ڕاستیدا کێشەی جیددی وەکوو هەڵئاوسان و زێدە مەسرەفی هەبوو)، ئەمە بێگومان بە دەر لە خواستێک بۆ بەربەرەکانێی ڕاڤە مارکسیستیەکان بوو کە هەژاری یان بێ ئەنوایی وەکوو هۆکارەکانی شۆڕشە چینایەتیەکان ئەناسێنێ.

[33]. ÉricAeschmann, "Quand Foucault s'enthousiasmait pour la révolteiranienne," L'Obs, 8 Feb-ruary 2018: 73-78.

[34]. Foucault ,Dits et écrits III: 620.

Sen-sibility of TalalAsad," in David Scott and Charles Hirschkind, Powers of the Secular Mod-ern: TalalAsad and His Interlocutors (Stanford University Press 2006), esp. 138-45; for Asad's reply, see 233-5.

[54]. For these anti-genealogical criticisms, see in particular AlisdairMacIntyre, After Virtue (Lon-don: Duckworth, 1981), ch. 9 and

Whose Justice? Which Rationality? (London: Duckworth 1988), ch. 2, 9.

[55]. Asad,The Idea of an Anthropology of Is-lam,15.

[56]. Asad,The Idea of an Anthropology of Is-lam,15.

[58]. TalalAsad, "The Limits of Religious Criti-cism in the Middle East: Notes on Islamic Public Argument," in Genealogies of Religion (Balti-more: John Hopkins University Press, 1993), 200-236.

[59]. Foucault,The History of Sexuality I: 17, 114, 123.

[60]. Cf. Joseph Massad, Islam in Liberalism (University of Chicago Press, 2015); Khaled el-Rouayheb, Before Homosexuality in the Arab-Is-lamic World, 1500-1800 (Chicago: Univer-sity of Chicago Press, 2005); AfsanehNajmabadi,Women with Beards and Men Without Mous-taches: Gen-der and Sexual Anxieties of Iranian Modernity (Oakland: University of California Press, 2005). Unfortunately, considerations of space preclude a fuller discussion of these works.

[61]. Foucault,The History of Sexuality, 92-102.

[62]. Timothy Mitchell,Colonizing Egypt (Cam-bridge: Cambridge University Press, 1988); Darius Rejali,

Torture and Modernity: Self, Society, and State in Modern Iran (Boulder, Colo.: West-view Press 1998).

[63]. Foucault,The History of Sexuality I, 87-91.

[64]. Foucault, Dits et écrits III: 655-6.

[65]. Foucault, La Naissance de la biopolitique, 78-9;The Birth of Biopolitics, 77.

[66]. NazihAyubi , Over-Stating the Arab State: Politics and Society in the Middle East (Lon-don: I.B. Tauris, 1995). This study remains, however, within a political economy framework of state-society relations, class structure, modes of produc-tion, and the like.

[35]. Foucault ,Dits et écrits III: 620.

[36]. Foucault ,Dits et écrits III: 622.

[37]. Foucailt,Dits et ecrits III :707

[38]. Foucault, Dits et ecrits III: 545-7

[39]. Foucualt, Essential writtings 3: 44؛Ditsete-crits III: 781.

[40]. Ghamari-Tabrizi, Foucault in Iran, 65-68.

[41]. Foucault , Ditsetécrits III: 694

[42]. Thus, historian Claude Cahen has referred to Corbin's in uential1964 Histoire de la philos-ophieislamique as "disconcertingly ahistorical." Claude Cahen, Der Islam I (Fischer Welt-ge-schichte, Bd. 14, Fischer Verlag, 1968), 353; for more details, cf. Leezenberg (1998):82-3

[43]. Georg Stauth, "Revolutions in Spiritless Times: An Essay on Michel Foucault's Enquiries into the Iranian Revolution," International Sociol-ogy 6, no.3 (1991): 259 -280.

[44]. Foucault ,Dits et écrits III: 694.

[45]. For an English translation, see Hamid Algar, trans., Islam and Revolution I: Writings and Dec-larations of Imam Khomeini (1941-1980)(Berke-ley: Mizan Press 1981), 25-166

[46]. Foucault , Dits et écrits III: 691.

[47]. Foucault ,Dits et écrits III: 693.

[48]. Foucault ,Dits et écrits III: 693.

[49]. Foucault ,Dits et écrits III: 526, 681, 716.

[50]. See in particular Foucault, "Nietzsche, gé-néalogie, histoire" ( Dits et écrits I : 141, 147-8), where he adds that historical sense has a "dissocia-tive" usage which "is opposed to history as conti-nuity or tradition" (153).

[51]. See, among others, "On Discipline and Hu-mility in Medieval Christian Monasticism" and "The Construction of Religion as an Anthropologi-cal Category," in Genealogies of Religion (Johns Hopkins University Press, 1993) and "What Might an Anthropology of Secularism Look Like?," in Formations of the Secular (Redwood City, Calif.: Stanford University Press, 2003).

[52]. TalalAsad,The Idea of an Anthropology of Islam, Occasional Papers Series (Washington, DC: Georgetown University Center for Contemporary Arab Studies, 1986), esp. 14-17.

[53]. See ShahabAhmed,What Is Islam? The Im-portance of Being Islamic (Princeton University Press 2016), in particular, 268-90.

[54]. For another critique of Asad's genealogy along these lines, see David Scott, "The Tragic

# دوکتور قاسملوو:

## ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد

موستەفا زەنگین

وەرگێڕان: سیپان ڕۆژهەلاتی

## کورتە

ئاشکرایە کە دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٧١-١٩٨٩دا، هەم لە بـــواری تیـــۆری و هەم لە بـــواری پراکتیکدا ڕۆڵێکی سەرکەوتووانە و داهێنەرانەی هەبووە، ئـــەو تایبەتمەندییـــە لـــە قۆناغـــی یەکەمی سەرکردایەتیکردنەکەیدا بەئاشکرا دەبینرێت، بەڵام لە نێـــوان قۆناغەکانی یەکەم و دووەمدا لـــە بواری چۆنیەتی و ناوەڕۆکدا جیاوازییەکی واتادار هەیە، ساڵانی نێوان ١٩٤٧-١٩٤١، کە دەتوانین بە قۆناغی یەکەمی قاســـملوو ناوی بێنین، لەسەر هێڵی کلاسیکی مارکسیست-لینینیســـت دەڕوات و بابەتەکان لەسەر ئەم هێڵە شـــرۆڤە دەکات، لە قۆناغی دوای ساڵی ١٩٧١، کە قۆناغی سەرکردایەتیکردنی حیزبی دیمۆکراتـــی کوردســـتانی ئێرانـــە، قوربانیی بـــەو هێڵـــە داوە و لـــە کۆمۆنیزمـــەوە بەرەو سۆســـیالیزمی دیمۆکراتی ڕۆیشتووە و هێڵی بەرگریکـــردن لە سۆســـیالیزمی دیمۆکراتیی هەڵبژاردووە.

ئەو ئەزموونە تیۆری و سیاسییەی دوکتۆر قاسملوو لەو حەوزەیەدا بەدەستی هێناوە، بووە هۆی ئەوەی کە بـــە ڕوانینێکی جیاواز بابەتە بنچینەییەکانـــی وەکوو خەباتـــی نەتەوەییی کورد، سۆســـیالیزم، ئازادی و دیمۆکراسی بە تێگەیشـــتن و نـــاوەڕۆک و میتۆدێکی جیاواز شی بکاتەوە.

دوکتۆر قاســـملوو کە لە قۆناغی یەکەمدا ڕوانینـــی چینایەتـــی (پێشـــەنگایەتی)ی مارکسیســـیت ـ لینینیستی پەسەند کردبوو، لە قۆناغی دووەمدا تیۆری و تێزێکی جێبەجێ کـــردووە، کە پێی لە بابەتی چینایەتی بەرزتر بـــووە و چینی کرێـــکاری وەکـــوو هۆکاری ســـەرەکیی کۆمەڵگە و هێز پەسەند کردووە و لەســـەر ئەم بنەمایە تیۆری و کارێکی نوێی دارشتووە.

لە قاسملووی ســـەردەمی نۆێدا دەبینین، کە نەتـــەوە و کۆمەڵگە جێگـــەی چینایەتی دەگرێتەوە، گەشەکردنی فکرێکی بەم شێوەیە لە لایـــەن دوکتـــۆر قاســـملووەوە دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدات، کە لە قۆناغی نوێدا وەکوو (پۆستمارکسیزم) هەڵیسەنگێنین.

دەتوانین بڵێین تیۆریی «پۆستمارکسیسزم»، کـــە زیاتر لە لایـــەن تیۆریســـیەنی ناوداری ئارژانتینی، «ئێرنێستۆ لاکلائۆ» و هاوسەرکەی، «چانتال مۆفی»وە دەناســـرێت، سەرلەنوێ لە بـــەر ڕۆشـــنایی گۆڕانکارییەکانی ســـەردەم خوێندنەوەی نوێیان بۆ تیۆریی مارکسیســـتی کردووە و هەوڵیان داوە ناوەڕۆکی ســـەرەکیی ئەو تیۆرییە سەرلەنوێ دابڕێژنەوە، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێت.

دەتوانیـــن بڵێیـــن ئـــەو تایبەتمەندییـــە سەرەکییەی پۆستمارکســـیزم جیا دەکاتەوە، ئەوەیـــە کە ڕوانینی چەپی کلاســـیک، چین (تەبەقە)، وەکوو تاکە بنەمای سیاسی پەسەند دەکات، بـــە واتایەکی دیکە، بـــە ڕوانینێکی (دیترمینیست) هەردوو شـــێوازی سیاسەتی چینایەتـــی و ئوســـوولگەراییی چینایەتـــی مەحکووم دەکات.

ئەو شـــرۆڤەیەی پۆستمارکســـیزم، کە لە لایـــەن ئەو ژنومێردە، «لاکلائـــۆ» و «مۆفی»وە کراوە، لە دوای ســـاڵی ١٩٧١ لە ئەندێشەی دوکتۆر قاســـملوودا گەشە دەکات و لە دوای ســـاڵی ١٩٨٣ بە شـــێوەیەکی پراکتیکی لە ئەندێشـــەی د. قاســـملوودا ڕەنگ دەداتەوە. ڕەخنەی دوکتۆر قاســـملوو لە سۆســـیالیزم ئەوەیە کە دیمۆکراسی ســـنووردار دەکات و ڕەخنەی لەوە گرتووە، کە گەورەترین کێشە، نەبـــوون، یان ناتەواوبوونی دیمۆکراســـییە و، وەک جێگـــرەوە (ئالتەرناتیـــڤ)ی ئەمـــە، بۆ ئەوانەی کە بـــە ڕێگاگەلی ئازاد و دیمۆکراتدا دێنە سەر دەســـەڵات، وەکوو ستراتیژییەکی سۆسیالیســـت، تیۆریـــی «سۆســـیالیزمی دیمۆکرات»ی دارشـــتووە، کـــە دبێتە بنەمای ســـەرەکیی ئەم مەقالەیە، کە لێرەدا قســـەی لەسەر دەکەین و شرۆڤەی دەکەین. هەروەها

دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتـــی، دیمۆکراســـیی سیاسی، یەکسانیی ئابووری، پێگەی ناوەندی و دیاری دیمۆکراسی و ئازادی، ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتیی پرۆلیتاریا، ڕوانینی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی لەسەر نموونەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا، بەرگریکردن لە مافی ژنان و پلۆرالیزم بە واتای بەشـــداریی سیاســـی لـــەو بابەتانە دەبن، کە لەســـەر پێگەیشـــتنی قاسملووی پۆستمارکسیزم، گفتوگۆ لەبارەیانەوە دەکەین.

## پێشەکییەکی کورت

دوکتـــۆر قاســـملوو ڕۆژی ١٠ی ئاگوســـتی ١٩٨٣ لـــە کۆبوونەوەی کۆمیتـــەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردســـتاندا، کە ئەوکات ســـکرتێری گشـــتی بووە، نامیلکەیەک لەژێر سەرناوی «کورتەباســـێک لەسەر سۆسیالیزم» پێشـــکێش دەکات.[١] ئەو نامیلکەیە بە واتای تێپەڕبوونـــی دوکتۆر قاســـملووە لـــە تیۆریی ڕادیکاڵی مارکسیست_لینینیست، کە تاوەکوو کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٦٠ بە بنەمای سەرەکیی ئیدیۆلۆژی و سیاســـیی خۆی دادەنێت، بەرەو سۆسیالیزمی دیمۆکرات، یان وەکوو هەندێک نووسەر دەڵێن، بەرەو سۆسیالدیمۆکراسی، کە دیارە گەیشتووەتە لووتکەی ئەو باوەڕە.

ئـــەو ڕووداوەی کـــە کاریگەریی گەورەی لەســـەر دوکتۆر قاســـملوو دانـــا و بووە هۆی ســـەرهەڵدانی ئەو باوەڕە، ڕووداوی «بەهاری پراگ» بوو، کە ٥ی ژانویەی ســـاڵی ١٩٦٨ بە بڕیاری سیاسی لە لایەن ڕیفۆرمخوازەکانەوە، بە ســـەرۆکایەتیی ئەلیکســـاندر دوبچێک، بۆ ئازادیی چێکوســـلۆڤاکیا دەستی پێ کرد و لە ٢١ی ئاگوستی هەمان ساڵدا بە دەستوەردانی ســـەربازیی هێزەکانـــی شـــوورەویی ئەوکات کۆتاییی هات.

قاســـملوو، کە لەو ســـەردەمەدا لە پراگ دەژیـــا، لە نزیکەوە هەوڵەکانـــی جێگرکردنی سۆســـیالیزم بـــە شـــێوازی شـــوورەوی و توندوتیژییەکانی ئارتەشـــی ســـووری بینیوە. قاسملوو کە لە ئەنیستیتۆی ئابووری لە شاری پراگی پایتەختی چێکوسلۆڤاکیا مامۆستا بوو، بەهۆی ئەوەی کە پشـــتگیریی لەو بزووتنەوە چاکســـازییە کردبوو، کە لە لایەن دوبچێکەوە دەســـتی پـــێ کردبـــوو، هەروەهـــا بەهۆی دژایەتیکردنـــی داگیرکردنی چێکوســـلۆڤاکیا لە لایەن ســـەربازانی شـــوورەوییەوە، لەگەڵ هاوســـەرەکەی لە زانکۆ دوور خرانەوە و بوونە یەکێک لە زیانبەرکەوتووانی ئەو پشتگیرییە.

نابـــێ ئـــەوە لەبەرچاو نەگریـــن، کە ئەم ڕووداوانە کاریگەرییەکی ســـەرەکییان لەسەر بیری سیاسی و ئیدیۆلۆژیی دوکتۆر قاسملوو داناوە.

ژیانـــی سیاســـیی دوکتۆر قاســـملوو لە تەمەنی ١٥ ســـاڵیدا و لە کاتی بەشداربوونی لە ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردســـتاندا لە شـــاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پـــێ دەکات.[٢] بـــەڵام ئیســـماعیل بازیار لە نووسینێکدا لەژێر ناوی «قاسملوو، ناسیۆنالیزم و ئەندێشـــەی چەپ»دا دەڵێت: «تێکەڵبوونی دوکتـــۆر قاســـملوو بە شـــێوەیەکی چالاکانە لەنێـــو سیاســـەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵانی خوێندنی لە زانکۆی پاریس، کە بەشداریی لە چالاکییەکانی حیزبی توودەدا کردووە.»

لە ڕاســـتیدا ئەگەر تەماشـــا بکەین، لەو ســـەردەمە و لـــە قۆناغـــی دواییـــدا، حیزبی تـــوودەی ئێران، کـــە نوێنەرایەتیـــی بیرێکی کۆمۆنیســـتیی ڕادیکاڵـــی دەکـــرد و حیزبی دیمۆکراتی کوردســـتانی ئێران، هەردووکیان بە یەک شێوەی ڕێکخســـتن کاروبارەکانیان جێبەجێ کردووە. تەنانەت حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەکوو لقی حیزبی توودە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی بینیوە.

بارودۆخی سیاســـەتی گشتیی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییانەی لەو ســـەردەمەدا لە ئێران ڕوویان داوە، کاریگەریی ســـەرەکییان لەسەر دوکتۆر قاســـملوو دانـــاوە بۆ ئـــەوەی ببێتە لایەنگری تیۆریی مارکسیســـت ـ لینینیستی

ڕادیکاڵ. هەرچۆنێک بێت، شەڕی دووەمی جیهانی تازە کۆتاییی هاتووە و شوورەوی هێزی سەرەکی لە تێکشکاندنی نازیسمدا بووە و، حیزبی توودەش، کە کۆمۆنیستیکی ڕادیکاڵ بووە، بەهێزترین و کاریگەرترین ڕێکخستنی ئەو سەردەمەی ئێران بووە.

دوکتۆر قاسملوو بۆ خۆی دەڵێت، هاتنی ئارتەشی سوور بۆ ئێران و سەرکەوتنی یەکیتیی سۆڤیەت لە بەرانبەر فاشیزمدا بووە هۆی ئەوەی کە لە نێوخۆی ئێراندا هەست و سۆزێکی زۆر بۆ شوورەوی پەیدا ببێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین، د. قاسملوو کە ساڵی ١٩٤٩ بە مەبەستی خوێندنی لیسانس (بەکالۆریۆس) لە پاریس بووە، لە ئەنجامی فشارە سیاسییەکاندا چووە شاری پراگی پایتەختی چێکوسلۆڤاکی و، لەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمۆنیزمەوە.

تێزی دوکتۆراکەی عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە ساڵی ١٩٦٢ لەژێر ناوی «کورد و کوردستان»دا نووسیویەتی، وەکوو بەڵگەیەکی تیۆرییە کە د. قاسملوو تاوەکوو ساڵی ١٩٦٠ لایەنگری تیۆریی مارکسیست ـ لینینیستی ڕادیکاڵ بووە.

هەروەکوو چۆن یاروسلاڤ مارتینە، لە پێشەکیی چاپی ئینگلیزیی کتێبەکەدا، کە ساڵی ١٩٦٥ چاپ کراوە و، هەروەها حەمید بوزئەرسلان لە پێشەکیی چاپی تورکیی کتێبەکەدا، کە ساڵی ٢٠٠٩ چاپ کراوە، باسی دەکەن، ڕوانگەی مارکسیست ـ لینینیستی تێدا دەبینرێت و کتێبەکە لەسەر بنەمای زانستی سیاسەتی ئابووریی مارکسیستی نووسراوە.

بەڵام پێویستە بگوترێت کە د. قاسملوو لە تەواوی ژیانی سیاسیی خۆیدا بە هەمان جۆش و حەماسەتەوە لەسەر ئەم هێڵە ئیدیۆلۆژی و سیاسییە نەڕۆیشتووە؛ ئەگەر بتوانین بڵێین کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێڵی چەپ پاراستووە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکاندا بە یەک ڕیتم نەڕۆیشتووە.

وەک لە سەرەوەش باسمان کرد، قاسملوو لە سەردەمی سەرەتاییدا (١٩٤٧-١٩٧٠) لایەنگر و پارێزەرێکی سەرسەختی مارکسیزم_لێنینیزمی ڕووسی بووە، بەڵام لە قۆناغی دواییدا ئەو قاسملووەی کە دەتوانین پێناسەی بکەین (١٩٧١-١٩٨٩)، ڕوانگەی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیی هەڵبژاردووە، بە واتایەکی دیکە، لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسەوە گۆڕاوە بۆ سۆسیالیزم.

> ❞
> **بارودۆخی سیاسەتی گشتیی جیهانی و ئەو گۆڕانکارییانەی لەو سەردەمەدا لە ئێران ڕوویان داوە، کاریگەریی سەرەکییان لەسەر دوکتۆر قاسملوو داناوە بۆ ئەوەی ببێتە لایەنگری تیۆریی مارکسیست ـ لینینیستی ڕادیکاڵ**
> ❝

لەگەڵ بوونی دەرفەتی گفتوگۆکردنی ئەم گۆڕانەی دوکتۆر قاسملوو لە مارکسیزمەوە بۆ لیبرالیزم، ئەو بابەتە لە لایەن عەلی مونەزەمی، نووسەری کتێبی «اندیشەهای دکتر قاسملوو»، وەکوو گۆڕانی سەردەمی ئایزایا بەرلین وەسف کراوە.[٣]

ئەزموونی ئیدیۆلۆژی و سیاسیی دوکتۆر قاسملوو لەو قۆناغەدا دەتوانین بە «سەردەمی پێشوو» وەسف بکەین، کە گۆڕانێکی ڕیشەییی لە هزر و تێگەیشتنیدا بەدی هێناوە.

قاسملوو کە لە ڕاستیدا پارێزەری سۆسیالیزمی ڕیالیستی بە فۆرمی شوورەوی بووە، لە سەردەمی دواییدا، کە دەتوانین بە «قۆناغی کۆن» ناوی بەرین، دەبێتە لایەنگر و پارێزەری سۆسیالیزم.

دەتوانین بڵێین بۆشاییەک لەو پێگە ناوەندییەدا دەبینێت، کە بۆ چینی کرێکار لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا دانراوە و لە جەبری ئابوورییەوە دەکەوێتە ڕێگەیەکەوە کە گرنگی

بە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدات. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە پێگەیەکی تایبەت و جیاواز بە دیمۆکراسی دەدات و، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو سۆسیالیزمە نوێیەی دایدەڕێژێت بە دیمۆکراسی تەجهیز بکات.

ئەمانە و گەلەک بابەتی دیکەی لەو شێوەیە دەبنە کەرەستەی سەرەکیی ئێمە بۆ بەرگریکردن لە ڕوخساری کوردانەی پۆستمارکسیزمی دوکتۆر قاسملوو، یان «ڕووی پۆستمارکسیزمی کورد».

تیۆریی پۆستمارکسیزم و دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ، کە بە دووانەی «ئێرنێستۆ لاکلائۆ و چانتاڵ مۆفێ» دەناسرێن، دەبنە بنەمای سەرەکی بۆ شیکردنەوەی ڕوخساری پۆستمارکسیزمی قاسملوو، بەڵام پێش ئەوە، پێویستە هەندێک شت لەسەر پۆستمارکسیزم و دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ بڵێین.

لە داویی ساڵانی ١٩٢٠دا، بەتایبەت لە ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا، ڕەوتی ڕەخنەگرتن لە مارکسیزمی کلاسیک دەستی پێ کرد. زیاتر لۆکاچ، کۆرچ و گرامشی، وەکوو سەرتەڵ (پێشەنگ)ی ئەو ڕەوتە دەناسران و لە ئەدەبیاتدا وەکوو تیۆرییەکی ڕۆشنبیری ناوی دەبرا و بە ناوی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی تۆمار کراوە.

لە لایەکی دیکەوە، بنەمای ئەو تیۆرییە لەسەر بناغەی هزری ئیدیۆلۆژیی کولتووری و ئیستاتیستی دەڕوات، کە فەیلەسووفەکانی ڕۆشنگەری بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگە دایاننـاوە. تایبەتمەندییەکی نوێ کە لە ناوەندی ڕۆشنگەریی مارکسیسزمی ڕۆژئاواییدا جێ دەگرێت، جگە لە بابەتگەلی وەکوو ئازادی، یەکسانی و جیهانیبوون، بیر و بەرهەمەکانی کارل مارکسی سەردەمی گەنجیەتیی لە خۆیدا هەڵگرتووە.[٤]

لەو بارەیەوە پێری ئەندێرسۆن دەڵێت، لایەنگرانی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی، لە دوای ساڵانی ١٩٢٠، لە فەلسەفە دوور کەوتوونەتەوە و، سەرەتا ڕوویان لە سیاسەت کردووە و دواتر گرنگییەکی زۆریان بە ئابووری داوە، کە کۆڵەکەی سەرەکیی بیرکردنەوەی مارکس بووە و پشتیان کردووەتە بابەتگەلی وەکوو «سیاسەت» و «ئابووری» و، دەتوانین بڵێین مارکس بەرەو سەردەمی گەنجیەتی ڕۆیشتووە.[٥]

> قاسملوو کە لە ڕاستیدا پارێزەری سۆسیالیزمی ڕیالیستی بە فۆرمی شووروەوی بووە، لە سەردەمی دواییدا، کە دەتوانین بە «قۆناغی کۆن» ناوی بەرین، دەبێتە لایەنگر و پارێزەری سۆسیالیزم

لەگەڵ ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کرد، تیۆریسییەنە سەرەکییەکانی قوتابخانەی فرانکفورت، کە بە قوتابخانەیەکی ڕەخنەگرانە دەناسرێت، بە بۆچوون و لێکۆڵینەوەکانیان لە بەردەوامبوونی مارکسیزمی ڕۆژئاواییدا ڕۆڵیان هەبووە.

ڕاستە کە دوارۆژی مارکسیزمی ڕۆژئاوایی و گفتوگۆکردن لەسەر بیر و باوەڕی پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە گرنگە، بەڵام لێرەدا تاکە شتێک کە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە، ئەو زەمینە و دەرفەتەیە کە لە ئەنجامی ڕووداوەکانی کۆتاییی ساڵەکانی ١٩٦٠ و سەرەتای ساڵەکانی ١٩٨٠دا هاتووەتە ئاراوە و بووەتە هۆی گەشەکردنی پۆستمارکسیزم؛ تەنانەت دەتوانین پۆستمارکسیزم وەکوو دوایین قۆناغی گەشەکردنی مارکسیزمی ڕادیکاڵی ڕۆژئاوایی باس بکەین.[٦]

هەریەک لە ئێرنێستۆ لاکلائۆ و چانتاڵ مۆفێ، وەکوو بناغەدانەرانی تیۆریی پۆستمارکسیزم دەناسرێن، کە ساڵی ١٩٨٥ «هێژمۆنی و ستراتیژیی سۆسیالیستی بەرەو سیاسەتێکی دیمۆکراسیی ڕاستەقینە»یان

پێشکێش کردووە.
نووسەرانی ئەو بابەتە وەکوو ئاماژەکردن بە بابەتێکی کە بڕیارە گفتوگۆی لەسەر بکەن، بە ڕستەی «بیری چەپ لەم سەردەمەدا لەسەر چوارڕێیانێکە» دەست پێ دەکەن.

ئەوان لە بۆچۆنەکەیاندا پشتیان بەو گۆڕانکارییە سیاسیانە بەستووە کە لەسەر ئاستی جیهان لە کۆتاییی سالانی ١٩٦٠ تاوەکوو ناوەڕاستی سالانی ١٩٨٠ بەردەوام دەبن و ڕووداوگەلی وەکوو داگیرکردنی پراگ لە ساڵی ١٩٦٨، کودەتای لێهستان (پۆڵەندا)، سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە ڤێتنام و کامبودیە و، سەرهەڵدانی بزاڤە نوێیەکانی سۆسیۆپۆلیتیک ڕوویان داوە.

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بابەتگەلی تایبەت بە گەنگەشەکردنی سۆسیالیزم بە شێوازی جودا جودا گەشەیان دەکرد و، لە وڵاتانی سۆسیالیستی ڕیالیستی، کە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوون، ڕەخنەگرتن لە مارکسیزم زۆر قووڵتر ببووەوە.

لەم قۆناغەدا ژنومێردەکەی لاکلائۆ_مۆفێ، کە خاوەنی ئەم هزرە ڕەخنەییەن، دەڵێن لەگەڵ بەردەوامبوونی لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر سۆسیالیزم و ڕێگاکانی بەرەو سۆسیالیزم توانیویانە وەڵامی زۆر پرسیار بدەنەوە.[٧]

بەکورتی بە بڕوای لاکلائۆ_مۆفێ، ئەو سۆسیالیزمەی کە هەبووە تووشی قەیران بووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە سیاسەتی چەپ نەیدەتوانی وەڵامی داواکاریی بزووتنەوەکانی ژنان، هاوڕەگەزخوازان، پێکهاتە نەتەوەیی و ئەتنییەکان، ئەنتی فاشیزم و سیاسەتە ژینگەییەکان بداتەوە.


لەبەر ئەوەی ئەو تێگەیشتنە سۆسیالیزمەی کە هەبووە، کەوتبووە ناو تێگەیشتنێکی هەڵەوە، کە گەورەیی و هێژمۆنیی خۆی لە چینی کرێکار و لە تایبەتمەندیی «جیاوازیی چینایەتی»دا دەبینی و، چینی کرێکاری وەکو «بکەری جیاواز» لە سەنتەری گۆڕانکارییەکاندا هەژمار کردووە، کە دەبێتە هۆی بێواتابوونی سیاسەت.[٨] واتا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، زۆربەی ئەو ئاکتەرە سیاسیانەی لەخۆ نەدەگرت، کە بە ناسنامەی جیاواز و لە بوارە جیاوازەکاندا بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئازادی خەباتیان دەکرد؛ واتا نەیدتوانی بیانبینێت.

ژنومێردەکەی لاکلائۆ و مۆفێ باس لە ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی مارکسیسزمی ئۆرتۆدۆکس و کلاسیک دەکەن، کە لە لایەن ئەوانەوە شیکردنەوەی گرنگ بۆ ئەو شێوازەی مارکسیزم دەکرێت کە دەتوانێت لە سەردەم و کۆمەڵگەدا بگونجێت. واتا ئەمە کاتێک بەدەست دێت کە لەسەر ئاستی جیهان واز لە سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە بێنین کە لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان بۆ چینی کرێکار دانراون؛ واتا بۆ ناسینی ستراتیژیی سۆسیالیزمی نوێ، دەبێ واز لە سۆسیالیزمی پێشوو بهێنین، کە لەسەر بنەمای چینایەتی بنیات نراوە.

لەمەوبەدواوە دەبێ ژنومێردەکەی لاکلائۆ و مۆفێ خۆیان یەکلا بکەنەوە، کە لەنێو مەیدانی پۆستمارکسیستدا وەستاون، چیتر ناتوانن درێژە بە بیرۆکەی جیاوازیی چینایەتی و تایبەتمەندییەکانی مارکسیسم و بۆچوونی مێژوویی دەربارەی فرەوانبوونی کاپیتالیزم و کۆمۆنیزم، وەک کۆمەڵگەیەکی شەفاف بدەن.

ئەو، لەو بڕوایەدایە کە بوونی هێژمۆنێک بە ئامانجی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دووانەی ڕادیکاڵ و ئازادیخوازی و دیمۆکراسی، دەتوانێت سوودمەند بێت و، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ سوود لە گۆڕین، فرەوانترکردن و گەشەپێدانی گفتوگۆکانی نەومارکسیزم وەربگیرێت.[٩]

ژنومێردەکەی لاکلائۆ و مۆفێ جەخت دەکەن لەسەر ڕەتکردنی تێگەی چینی کرێکار، کە بە چینێکی جیهانی ناسراوە، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی فرەییی



کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لە قووڵکردنەوەی دیمۆکراسی، یان گەشەپێدانی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵدا.

واتای «ئانتاگۆنیزم» لێرەدا ئەو پەیوەندییەیە کە هەر ناسنامەیەک لەگەڵ پێناسە، یان ناسنامەیەکی دیکەدا هەڵیدەبەستێت. ئانتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ یەک لە ناسنامە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتوانێت خۆی وەکوو تۆخم و بنەمای سەرەکی و بەرچاوی فکری دامەزراندنی کۆمەڵگە پێناسە بکات.

فرەیی ناسنامە و ئەکتەری کۆمەڵایەتی، یان وەکوو مۆفێ دەڵێت، «جەمسەربەندیی ئاگۆنیستیک»،[۱۰] لە تیۆریی «لاکلائۆ-مۆفێ»دا وەکوو بنەمای سەرەکیی پرۆژەی پۆستمارکسیزم دەناسرێت، کە ئەوان لەژێر ناوی بنەمای «سەرەکیی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ»دا بەرگریی لێ دەکەن، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا کە دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ هەیە، نابێ لێکدژییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی کۆدەنگییەوە چارە بکرێن، بەڵکوو دەبێ بەریەک بکەون و بە شێوەی دژایەتیکردن چارە بکرێن. واتا ئەم دووانە بەو شێوەیە، هەم دژایەتیی ڕۆڵی ئاشتی تاکەکەسی لە پێگەی لیبراڵ و نادیمۆکرات و، هەمیش دژایەتیی ئەو پێگە تایبەتە دەکەن، کە مارکس بە چینی کرێکاری دەدات، ڕەتکردنەوە و پێنەدانی هیچ تایبەتمەندییەکی جیاواز و ناوەندی بە هیچ ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵگەدا، وەکوو چینی کرێکار و بەدەستهێنانی هێژمۆنی بە ڕێگەی بەریەککەوتن (ئانتاگۆنیزم)، تایبەتمەندییەکی ئەو بیرۆکەیەیە، بە واتایەکی دیکە، لە بواری بەریەککەوتنی کۆمەڵگەدا نابێ هیچ ئەکتەر و فاکتەرێک هێژمۆنیی هەبێت.

وەک چۆن «دەمیر» ئاماژەی پێ کردووە، بنەما و ناوەرۆکی پرۆژەی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ بە «فرەوانبوون و قووڵبوونی شۆڕشی دیمۆکراتی» بەدەست دێت، کە ئامانجەکەی ڕادیکاڵکردنی ئازادی و یەکسانییە لە سەرجەم کۆمەڵگەدا.[۱۱] مەبەست ئەوەیە کە بیرۆکەی فرەیی کۆمەڵایەتی و ئەکتەرەکانی

ببێتە بنەمای سەرەکیی دانانی پڕۆژەیەکی سۆسیالیستی.

## دەرفەتی پۆستمۆدێرنیزم لە هزری قاسملوودا

دەتوانین ژیانی سیاسیی دوکتۆر قاسملوو لە بواری ئیدیۆلۆژیکدا بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین؛ ژیانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٧١، کە وەکوو یەکەمین قۆناغ دادەنرێت و لە دوای ١٩٧١ـەوە قۆناغی دووەم سەرهەڵدەدات.

لە قۆناغی یەکەمدا کە د. قاسملوو لەسەر هێڵی کلاسیکی مارکسیست ـ لینینیست دەڕوات، بە شێوەیەکی چینایەتی دەیڕوانییە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووری. بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٧١ـەوە واز لە هزری کۆمۆنیست دێنێت، کە چینی کرێکار، وەکوو تاکە فاکتەری خەباتی کۆمەڵایەتی دەبینێت و دەچێتە بەرەی سۆسیالیزمی دیمۆکراتییەوە، کە دیمۆکراسی بە بنەما دادەنێت. بەو شێوەیە، قاسملوویەک دەبینین کە لە سیاسەتی چینایەتی و کەمینەی ئابووری تێپەڕ دەبێت و بیری جیهانی و کۆمەڵایەتیی تێدا بەرجەستە دەبێت و گرنگی بە بواری سیاسی دەدات. ئیسماعیل بازیار دەڵێت: «دوکتۆر قاسملوو لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەگۆڕێت بۆ چەپێکی میانڕەو، یان چەپێکی زانستی.» بەپێی قسەکانی بازیار، قۆناغی یەکەمی ژیانی ئیدیۆلۆژی و سیاسی (١٩٤٧-١٩٧١) سەرەتا چەپ و دواتر کورد بووە، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا کە باسمان کرد لە دوای ساڵانی ١٩٧١وە سەرەتا کورد و دواتر چەپ بووە. بازیار بەئاشکرا دەڵێ: «قاسملوو لە قۆناغێکدا (کلاسیک) کە کێشەی چینایەتی لە پێش کێشەی جیهانی دادەنێت، چووەتە بەرەیەکەوە کە کێشەی جیهانی پێش کێشەی چینایەتی دەخات، بەڵام ئەگەر لەم قۆناغەدا زیاتر بیر و بۆچوونەکانی قاسملوو شی بکەینەوە، شتی زیاترمان بەدەست دەکەوێت، کە ئەمە لە نامیلکەی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم»دا بەئاشکرا دەبینرێت، کە قاسملوو لە کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ١٠ی ئاگوستی ١٩٨٣دا پێشکێشی دەکات، کە ئەوکات سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە بووە. قاسملوو لە ڕێگەی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم»ەوە بە حیزبەکەی دەڵێت کە «ئامانجی ئێمە بۆ دوارۆژ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستییە کە بتوانێت وەڵامی کێشەکانی کوردستان بداتەوە.» کاتێک پرسیار دەکرێت سەبارەت بەوەی کە ئێوە مارکسیسیت، مارکسیسیت ـ لینینیست، یان کۆمۆنیست، یان حیزبێکی چینایەتی نین، بۆ باس لە سۆسیالیزم دەکەن؟ دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامدا دەڵێت کە ئەوان حیزبێکی دیمۆکراتی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازن. لێرەدا مەبەست لە پێشکەوتنخواز ئەوەیە کە لەگەڵ چارەکردنی کێشەی نەتەوەی کورد و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی، چارەیەک بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بدۆزنەوە. لە ڕاستیدا دەبینین کە لە ڕوانگەی د. قاسملوودا دوو بابەتی سەرەکی و بنەڕەتی هەن، کە ئەوانیش بابەتی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتین. بەم ڕیزبەندییەی کە دوکتۆر قاسملوو کردوویەتی، پێویستە تێ بگەین، کە بۆچی گرنگی بەم دوو بابەتە دەدات؟ لەبەر ئەوەی بۆ خۆی دەڵێت: «ئەگەر حیزبێک گرنگی بە بابەتی نەتەوەیی بدات، بەڵام کێشە کۆمەڵایەتییەکان پاشگوێ

> **ئانتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ یەک لە ناسنامە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتوانێت خۆی وەکوو تۆخم و بنەمای سەرەکی و بەرچاوی فکری دامەزراندنی کۆمەڵگە پێناسە بکات**

بخات، یانیش بەپێچەوانەوە بابەتی نەتەوەیی لە پلانی دووەمدا دابنێت و زیاتر گرنگی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە کێشەی چینایەتی بدات، حیزبێکی سەرکەوتوو نابێت و شکست دەهێنێت.» دوکتۆر قاسملوو بە سوودوەرگرتنی لە ئەزموونی کوردانی باشووری کوردستان لە عێراق باس لەو بابەتە دەکات. بە بڕوای ئەو، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق تەنیا گرنگیی بە باتی نەتەوەیی داوە، پارتی کۆمۆنیستی کوردستانیش تەنیا لە ئاست کرێکاران و ڕەنجدەراندا خەریکی کێشەی چینایەتی بووە و بەو هۆیەوە هەردووکیان سەرکەوتوو نەبوون. ئەو هەڵوێستەی دوکتۆر قاسملوو کە لێرەدا دەبینرێت، لە ئاستی چینایەتی دەردەچێت و چین وەکو تاکە فاکتەری کاریگەری کۆمەڵگە نابینێت. بەمە دەتوانین لێرەدا ئەمە ببینین کە قاسملوو دەبێتە هاوبیری پۆستمارکسیزمی لاکلائۆ-مۆفێ، کە چینی کرێکار وەکوو تاکە بکەر و دیارکەری کۆمەڵگە نابینن. دوکتۆر قاسملوو تاکە ڕێگە بۆ چارەکردنی کێشەگەلی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە دەسەڵاتێکدا دەبینێت، کە بە ئازادی و دیمۆکراسی هاتبێت و بە سۆسیالیزمی دیمۆکرات وەسفی دەکات. دەسەڵاتێکی سۆسیالیستی، کە گرنگی بە دیمۆکراسی و ئازادیی کۆمەڵایەتی نەدات دەبێتە چەکێک لە دەستی تاقمێکی ڕادیکاڵدا کە هەوڵ دەدەن لەو ڕێگەیەوە بیری خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. بۆ ئەوەی دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ بتوانێت ببێتە گەرەنتەری بەدەستهێنانی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک، دەبێ کۆمەڵگەیەک پێک بهێنرێت کە سێکۆچکەی یەکسانیی ئابووری، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دیمۆکراتیی تێدا پارێزراو بێت، قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە لە ڕێی سۆسیالیزمی دیمۆکراتێکەوە دەسەڵاتێکی دیمۆکرات جێی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە دەگرێتەوە کە لە ئێران هەیە، ناعەدالەتیی سیاسی چارە دەکات و لە ئاکامدا هەژاری و نایەکسانیی ئابووری لە ئێران و کوردستاندا ناهێڵێت.

دەتوانین ببینین کە دوکتۆر قاسملوو لە قۆناغی نوێی ژیانی سیاسی و ئیدیۆلۆژیخۆیدا لەجێی ئابووری، گرنگی بە سیاسەت دەدات، جگە لەوە، ئەو «سۆسیالیزمی دیمۆکراسی»یە نوێیەی کە دوکتۆر قاسملوو دەیەوێت دایبمەزرێنێت، دەڵێت کە ئەم سیستەمە ئیداری و سیاسییە لە کوردستاندا تەنیا بە بەدەستهێنانی ستاتۆ (کیان، یان هەرێم)ی ئۆتۆنۆم بەدەست دێت و لێرەدا بە ڕێژەیەکی کەم، زیاتر بایەخ بە بابەتی ئیدیۆلۆژیک دەدات تا بابەتی سیاسی.

لەوەش زیاتر، ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە لە چوارچێوەی خودموختاریدا باسی لێوە دەکات، بۆ چارەکردنی کێشە نەتەوایەتییەکان و ئەو سۆسیالیزمە نوێیەش بە مەبەستی چارەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەڵامدەر دەبن و، بە دەستهێنانی خودموختاریش وەکوو پێشمەرجی بیناکردنی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک وەسف دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن دەستبەردای بن.[۱۲]

وەکوو چۆن کاوە بەهرامی لە بابەتی «دوکتۆر قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرن و شۆڕشگێڕێکی دیمۆکرات»دا دەڵێت: «لە قۆناغی نوێی ژیانی دوکتۆر قاسملوودا ئەو بابەتە سەرەکییەی کە وەکوو ژنومێردەکەی «لاکلائۆ و مۆفێ» جەختی لەسەر دەکات،

> **کاتێک پرسیار دەکرێت سەبارەت بەوەی کە ئێوە مارکسیست، مارکسیست ـ لینینیست، یان کۆمۆنیست، یان حیزبێکی چینایەتی نین، بۆ باس لە سۆسیالیزم دەکەن؟ دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامدا دەڵێت کە ئەوان حیزبێکی دیمۆکراتی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازن**

دیمۆکراسییە.» ئەو، دوو هۆکار بۆ ئەم ڕژدبوونە دێنێتەوە: یەکەم، دیمۆکراسی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەدەستهێنانی سەرجەم داواکارییە سۆسیالیستییەکاندا؛ دووەم، ئەو شێوازە ئۆتۆنۆمییەی کە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتی داوا دەکەن لە ڕێی دیمۆکراسییەوە بەدەست دێت. هەربۆیە بە بڕوای ئەو، تەنیا لە دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینەدا خەڵک دەتوانێت بە ئازادی ڕای خۆی بڵێت و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بە ئازادی دەتوان کار و چالاکی بکەن.

دوکتۆر قاسملوو تەنیا بۆ حیزبەکەی خۆی داوای دیمۆکراسی ناکات، بەڵکوو دەڵێ ئەم داواکارییە بۆ سەرجەم ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەن. لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە نابێ بە هیچ شێوەیەک خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی کاریگەری لەسەر هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دیمۆکراسی دابنێت و پەراویزی بخات. لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕێژیمێکی دیمۆکرات نەبێت، ناتوانن مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دابین بکەن و تا ئەوکاتەی کە سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەستەبەر نەکرێن، ڕێژیم بە تەواوی مەعنا ڕێژیمێکی دیمۆکراتیک نییە. ئەگەر دیمۆکراسییەکی بەهێز و هەمیشەیی نەبێت ئەو دەسەڵات (ستاتۆ) سیاسی و ئیدارییەی کە لە کوردستان دادەمەزرێت، هەممیشە مەترسیی نەمان و لەنێوچوونی لەسەر دەبێت و مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم سەربەخۆییە تەنیا کاتێک بەدەست دێت، کە لە ئێران دیمۆکراسییەکی بەردەوام هەبێت.[١٣]

دوکتۆر قاسملوو لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ «راه ایران» دەڵێت: «لە نێوان ئۆتۆنۆمی و دیمۆکراسیدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، لەبەر ئەوەی کە هەردووکیان زۆر بابەتیان هەیە، تێکەڵکێشی یەکدی دەبن.» واتا دوکتۆر قاسملوو ئۆتۆنۆمی بە بەشێکی تەواوکەری دیمۆکراسی دەبینێت و، لە ڕوانگەی ئەووەوە ئەگەر دیمۆکراسی هەمەکی (گشت) بێت، ئۆتۆنۆمی «پاژ»ە و، ئەو هەمەکییە لە کۆکردنەوەی پاژەکان پێک دێت و تەواو دەبێت و دەڵێت: «ئەگەر ڕۆژێک ئێرانی ئیسلامی داواکارییەکانی ئێمە لەبارەی کوردستانەوە قبووڵ بکات، ئەوە بۆ ئێمە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت.»

لەو چوارچێوە سۆسیالیستییە نوێیەدا، کە دوکتۆر قاسملوو دەیەوێت دایمەزرێنێت، ئەو بابەتە سەرەکییەکەی کە لە ڕەخنەی خۆیدا بەرانبەر سۆسیالیزمی ڕیالیستی باسی لێوە دەکات، دیمۆکراسی و ئازادییە.

بە زمانێکی ڕوونتر، کێشەی سەرەکیی ئەو سۆسیالیزمە ڕیالیستییەی کە هەیە، ئەوەیە کە هەم لە بواری تاکەکەسی و هەم لە کۆمەڵگەدا دیمۆکراسیی سیاسی، یان سنووردار کراوە، یان هەر نییە. لە ڕاستیدا دەڵێت، لەو ستراتیژییە سۆسیالیزمەی کە دەیەوێت دایمەزرێنێت و بانگەشەی بۆ دەکات، دیمۆکراسی و ئازادی دوو پایەی سەرەکین، کە ناتوانن دەستبەرداری ببن.

ئەوان نایانەوێت کە دیمۆکراسی و ئازادی سنووردار بکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، خەبات دەکەن بۆ فرەوانترکردن و قووڵکردنی ئازادی و دیمۆکراسی. دیارە کە ئەم دوو خاڵە جەوهەرییە، واتا دیمۆکراسی و ئازادی، سەرەکیترین پێداویستیی شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکانی کورد و خەڵکی ئێرانن، کە بە ساڵانە لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی زۆردار و دیکتاتۆردا زەوت کراون. ئەو سۆسیالیزمەی کە بە مەبەستی دۆزینەوەی چارە بۆ بنبەست و کێشەکانی ئێران دادەمەزرێت، بەبێ ئەم دوو بنەمایە نابێت.

لە ڕەخنەی د. قاسملوو دەربارەی سۆسیالیزمی ڕیالستیدا لەجێی سنووردارکردنی دیمۆکراسی، جەخت لەسەر

سۆسیالیزمێک دەکاتەوە، کە دیمۆکراسی فرەوان و بەهێز بکات، وەکوو لاکلائۆ و مۆفێ دەڵێن، بۆ هێژمۆنیی ستراتیژییەکی چەپ، لەجیاتی چۆڵکردنی مەیدانی دیمۆکراسی، بەپێچەوانەوە، دەبێ بە فرەوانترکردنی زەمینەی دیمۆکراسی لە ڕێگەی خەباتی دیمۆکراسییەوە زەمینەی هاوبەش بۆ سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکان و حکوومەت بدۆزرێتەوە.[١٤]

ئەو بەرگرییەی مۆفێ و لاکلائۆ بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەک لە «دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ»ی دەکەن، وەکوو چۆن عەلی مونەزەمی شرۆڤەی دەکات، هاوتەریبە لەگەڵ بیرۆکەی «مارکسیزمی دیمۆکراسی»ی دوکتۆر قاسملوو.

بە بۆچوونی د. قاسملوو، ئەو سۆسیالیزمی دیمۆکراسییەی کە بنیات دەنرێت، هەم بە بەرژەوەندییە ئابووری و سۆسیالیستییەکانی و هەم بە ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکانی، واتای بەشداریی ڕاستەوخۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتدا دەگەیەنێت. لەو سیستەمە سۆسیالدیمۆکراسیەدا کە بۆخۆی هەوڵی بنیاتنانی دەدات، نابێ تاک لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا سەرکوت بکرێت. دوکتۆر قاسملوو جیاوازی لە نێوان سێ جۆری دیمۆکراسیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دادەنێت. ئەم سێ شێوازە دیمۆکراسییە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیست و سەرمایەداری بەراورد دەکات. لە سەرەتادا دیمۆکراسیی ئابووری لە وڵاتە سۆسیالیستەکاندا بەهێزە، لەبەر ئەوەی کە داهاتە نیشتمانییەکان لەو وڵاتاندا بە شێوەیەکی عادڵانەتر دابەش دەکرێن. د. قاسملوو لێرە باس لە خاڵێکی زۆر گرنگ دەکات، ئەویش دابەشکردنی داهاتە نیشتمانییەکان لە نێوان زۆرینە و کەمینەدا نییە، بەڵکوو بەراوردکردنێکە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئاخۆ ئەو داهاتە بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش دەکرێت، یان نا؟

د. قاسملوو بەرگری لەوەش دەکات کە دیمۆکراسیی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی سۆسیالیستدا بە ڕێژەیەک باشترە لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان، کەواتا لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا حکوومەت لەگەڵ پێشکێشکردنی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خوێندن، نیشتەجێبوون و تەندروستی، لەو هاوکارییانەشدا کە لە بواری هونەری و کلتووریدا پێشکێشی کردوون، زۆر عادڵانە بووە و هیچ تایبەتمەندییەکی بە کەس نەداوە. بەڵام دوکتۆر قاسملوو دەڵێت، دەربارەی دیمۆکراسیی سیاسی بارودۆخەکە جیاوازە. بە واتایەکی دیکە، بە بۆچوونی ئەو، پێویستە مافی ئەوە بدەین کە دیمۆکراسیی سیاسی لە وڵاتانی لیبرال ـ سەرمایەداریدا زۆر پێشکەوتووە. واتا دەتوانین بڵێین لەو وڵاتانەدا، ئازادیی تاک لە بوارەکانی ئازادیی بیروڕا و میدیا، گەشتوگوزار و بەشداریی سیاسی لە دەسەڵات و ڕەخنەگرتندا فرەوانترە. هەروەها پێویستە بڵێین کە دوکتۆر قاسملوو باس لە دوو لایەنی سەرەکیی دیمۆکراسی تاکەسەکی و گشتی دەکات. دیمۆکراسیی سیاسیی تاکەکەسی، ژیانی تایبەتیی تاکەکەسە، واتا تاک هەرچۆنێکی بیهەوێت ژیانی تایبەتیی خۆی بنیات دەنێت و بەو شێوازە دەژیت؛ بەو جۆرەی کە دەیەوێت شێوازی فیزیکیی تاک دابڕێژێت. بابەتەکانی تایبەت بە ئازادیی جلوبەرگی تاکەکەسی، لە خاڵە هەر دیارەکانی ژیانی تاکەکەسین لە دیمۆکراسیی سیاسیدا. لە جێگەیەک کە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ، یان دەوڵەت دەست پێ دەکات، باس لە هێڵی گشتیی سۆسیالدیمۆکراتی دەکرێت. لە بابەتی وەکوو ئەوەی تاک بتوانێت بۆچوون، یان ڕەخنەی خۆی بەرانبەر بە دەسەڵات، یان بەڕێوەبەرەکەی بڵێت. دوکتۆر قاسملوو لەنێو وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا بە ڕێژەیەکی کەم تایبەتمەندیی ڕیزپەڕ (استثناء) بۆ هەریەک لە یۆگوسلاڤیا و مەجارستان (هەنگاریا) دادەنێت

و دەڵێت، دیموکراسیی سیاسی بۆ تاکەکەس و بە شێوەی گشتی نییە.

دوکتـۆر قاسـملوو ڕەخنە لە شـێوازی سۆسیالدیموکرات لە وڵاتانی سۆسیالیستی و هەروەها دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتانـی لیبرال ـ سـەرمایەداری، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەیە، دەگرێت و دەڵێت، لە هەردوو بلۆکەکەدا دیموکراسییەکی تەواو نییە. بەڵام د. قاسـملوو لە نێوان ئەم سێ شێوازە دیموکراسییەدا پێشەنگایەتی بە دیموکراسیی سیاسـی دەدات. د. قاسملوو کە بۆ نیشاندانی هەبوونی دیموکراسـی باس لە نوێنەرایەتی و بەشداربوون دەکات و یەکسانیی کۆمەڵایەتی وەکوو بەرچاوترین نیشانە بۆ ئەو مەبەستە دادەنێت.[١٥] (اندیشـەهای قاسـملوو: ٩٨) کە باس لە بەشـداربوون و نوێنەرایەتـی دەکەیـن، نابێ بەبـێ ئـەوە تـێ پەڕیـن کە بڵێیـن، دوکتـۆر قاسـملوو بە ناوی دیموکراسییەوە بڕوایەکی قووڵی بە پلۆرالیزم (بەشـداریی فرەلایەن) هەبوو. لەلای دوکتۆر قاسـملوو کـە پلۆرالیـزم بـە ڕێگەیەکی سەرەکیی گەیشتن بە دیموکراسی دەبینێت، بوونی تەنیا یەک پێکهاتەی سیاسـی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم.

د. قاسملوو جەخت دەکات لەسەر ئەوەی کـە بە ناوی پلۆرالیزمەوە لـە کۆمەڵگەیەکدا دەبێ لایەنی سیاسیی جیاواز هەبێت و ئەمانە لەسـەر بەڕێوەبردنی وڵات و خەڵک کێبڕکێ بکـەن. خەنیمە سیاسـییەکان کـە وەکوو پێداویستییەکی سەرەکیی دیموکراسی لەنێو پلۆرالیزمدا جێ دەگـرن، دەتوانن وەکوو ئەو (ئانتاگۆنیزم- لێکدژی)یـە بن، کە لاکلائۆ و مۆفێ باسـی لێوە دەکەن. هەرچۆنێک بێت، خەنیمـەکان دوژمنـی یەکتر نیـن، ئەوان ڕکابـەری یەکترن، کـە لەسـەر بابەتەکان ناکۆکـن. یـان وەک «ڕازمینگ کۆچەی» کە بـاس لـە ژنومێردەکەی «لاکلائـۆ و مۆفێ» دەکات و دەڵێـت، لەنێو ئانتاگۆنیزمدا دەڵێن: «خەنیمەکـەت بۆ ئەوە دروسـت بـووە، کە ڕکابەرایەتیی تۆ بکات و بەو شـێوەیە قبووڵی بکە.»[١٦]

وەکوو چۆن شاهۆ حوسێنی لە مەقالەیەکدا لەژێـر ناوی «لـە دیموکراسـیی ڕادیکاڵەوە بەرەو سۆسیالیزمی دیموکراتیک»[١٧] دەڵێت: «د. قاسـملوو کە هەردوو کێشـەی سیاسی و ئابووری، وەکوو دوو کێشـەی سـەرەکیی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات و ئێران دەبینێـت و باسـیان دەکات و بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر وەکوو هۆکاری سەرەکیی هەبوونی ئەو دوو کێشەیە پێناسە دەکات.»

لـەم بەینـەدا بەپێـی بیرکردنەوەی د. قاسـملوو، بە شێوەیەکی گشتی لە سیستەمی سۆسیالیسـتیدا یەکسـانیی سیاسی نییە و یەکسانیی ئابووری هەیـە، بـەڵام بەپێچەوانەوە لە سیسـتەمی سـەرمایەداریی بورژواییدا یەکسـانیی ئابووری نییـە و یەکسـانیی سیاسـی هەیـە. لە ڕاسـتیدا لەسـەر بنەمـای ئەم هەڵسـەنگاندنە، دەتوانین ئـەوە ببینین کە د. قاسـملوو سـڵاوێکی لە لیبرالدیموکراسی کردووە (ئاوڕی لێ داوەتەوە). لە ڕاستیدا ئەمە وەکـوو یەکێک لەو بابەتە سـەرەکیانەی کە بەرگریی لێ دەکات، هەڵوێسـتێکە لە بابەتی ئازادیی تاک و دیموکراسیدا دێتە بەردەممان. سڵاوێکی بەم شێوەیە، بە واتایەکی گەورەتر، ئەگـەر بڵێین وەکوو وتەکانی لاکلائۆ و مۆفێ دەربـارەی دیموکراسـیی ڕادیـکاڵ دێتەوە، زێدەڕۆییمان نەکردووە. لەبەر ئەوەی ئەوانیش لیبرالدیموکراسـی، کـە هاوتەریبـی چینی

**بە بۆچوونی د. قاسملوو، ئەو سۆسیالیزمی دیموکراسییەی کە بنیات دەنرێت، هەم بە بەرژەوەندییە ئابووری و سۆسیالیستییەکانی و هەم بە ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکانی، واتای بەشداریی ڕاستەوخۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتدا دەگەیەنێت**

بوورژوایــە، لــە بنەڕەتــەوە ڕەت ناکەنــەوە. بەپێچەوانــەوە بــەو واتایە، کە قاســملووش هاوبیرە لەگەڵیان، لەنێو سۆســیالیزمدا، تاکی چینی کرێــکار تەنیا بەرهەمهێنەر نییە، بگرە هاوکات لــە بواری سیاسیشــدا بە هاووڵاتی هەژمار دەکرێت. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە سیســتەمی لیبرالیدا دیمۆکراسی تەنیا سنووردار نابێت بە ئازادیی تاکەکەس، بەڵکوو دەبێ لە بواری ئابووریشدا گەشە بکات.

دەبــێ ئامــاژە بــەوە بکەیــن کــە ئەو سۆسیالیزمە نوێیەی کە د. قاسملوو دەیەوێت بنیاتــی بنێت جیایە لەو سۆســیالیزمەی کە لــە وڵاتە سۆسیالیســتییەکاندا هەیە، بە بڕوای ئەو، شێوازەکانی سۆسیالیزمی هەیی (مەوجوود) ناتوانێت وەڵامدەری کێشەکانی تاکی کورد و کوردســتان بێت و دەڵێت: «دەبێ سۆسیالیزمێک بنیات بنێین، کــە وەڵامدەری داواکارییەکانــی تاکــی خۆمان بێت.»

> **د. قاسملوو جەخت دەکات لەسەر ئەوەی کە بە ناوی پلۆرالیزمەوە لە کۆمەڵگەیەکدا دەبێ لایەنی سیاسیی جیاواز هەبێت و ئەمانە لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات و خەڵک کێبڕکێ بکەن**

لــە وەڵامــی پرســیارێکدا ســەربارەت بــەوەی کــە «چ جــۆرە سۆســیالیزمێک»؟ د. قاســملوو بــە ئاماژەکــردن بە پارتی کۆمۆنیســتی فەرەنســا دەڵێت: «دەبێ هــەر نەتەوە و وڵاتێک بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، سۆسیالیزم بنیات بنێن. بۆ ئەمەش دەبێ گرنگی بدەین بەو بڕیار و هەڵســەنگاندنانەی کە پارتی کۆمۆنیســتی فەرەنسا لە ٢٤مین کۆنگرەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٨٢ بە مەبەستی بنیاتنانی سۆسیالیزمێکی نوێ باسی کردوون.» د. قاسملوو دەڵێت: «پارتی کۆمۆنیســتی فەرەنســا کە ئەو کۆنگرەیەی لەژێر دروشــمی «بنیاتنانی سۆسیالیزمێک بە ڕەنگی فەرەنســایی» گرتووە، هەوڵی داوە کە سۆســیالیزمێک بەپێی تایبەتمەندیی وڵاتی خۆیان بنیات بنێت.»

لە ڕاســتیدا دەبێ بەگەرمی پێشــوازی لەم هەڵویســتەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بکرێــت، کە گەورەترین پارتی کۆمۆنیســتی ئەورووپــای ڕۆژئاوایە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی یەکیتیی سۆڤیەت هەبــووە، کە ویســتوویەتی سۆســیالیزمێک بەم شــێوازە بنیات بنێت. سەرەڕای ئەمەش، دەڵێــت، کە ئەو سۆســیالیزمەی لــە وڵاتە سۆسیالیســتییەکاندا هەیە، بۆ کوردســتان گونجــاو نییە و بەئاشــکرا دەڵێت، کە گەلی کورد لە کوردســتان دەبێ بــە لەرچاوگرتنی هەلومــەرج و تایبەتمەندییەکانــی خــۆی، سۆســیالیزمێکی نوێ و تایبەت بە خــۆی بنیات بنێت و، داوای شێوازێکی نوێ «سۆسیالیزمێک بە ڕەنگی کوردســتان» دەکات. بــە بــڕوای د. قاســملوو دەبێ بنەمــای ئــەم سۆســیالیزمە دیمۆکراســی بێت. لە کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیســتی فەرەنسادا دەڵێــت، کــە بــە مەبەســتی وەڵامدانــەوەی پیداویســتییە نوێیە هەمەجۆرەکانی خەڵک لە وڵاتانی سۆسیالیستیی ئەورووپا دەبێ کۆمەڵگــە پێش بکەوێت و بنەمــای ئەو پێشــکەوتنەش دیمۆکراســییە. پێــری ئەندێرســۆن دەڵێت: «نیشــانەکانی لیبرالبوونــی ســنووردار و نەرمینواندن لە بەرانبەر کۆمۆنیزمدا لە وڵاتانی ئەورووپا لە ساڵانی ١٩٦٠ وەدیار کەوتن، کە لە کۆنگرەی پارتی کۆمۆنیســتی فەرەنسادا، وەکوو «دیمۆکراسیی پێشکەوتوو» باسی لێوە کراوە.»[١٨]

لــە ڕاســتیدا د. قاســملوو بۆخــۆی لە دوکیومێنتارییەکی «بی.بی.ســی فارسی»دا، کە ئەو میدیایە لەســەر «کورتەباسێک لەسەر سۆســیالیزم» ئامــادەی کــردووە، بەڕوونی دیکتاتۆریــی پرۆلیتاریــا ڕەت دەکاتــەوە و

بەمەش دیـــار دەبێت، کـــە ڕێگاکانی چەندە لەگەڵ مارکسیســـت ـ لینینیستی کلاسیک جودا کردووەتەوە. د. قاســـملوو پشـــتگری لە ستراتیژییەکی نوێی پۆستمارکسیزم دەکات، کـــە پرۆلیتاریای دیکتاتۆری و شۆڕشـــگێڕیی زۆرداری ڕەت دەکاتەوە و، هاورای بیرمەندی نوێخـــوازی ئەڵمانیا «ئێدوارد بەرنشـــتاین»ە. هەرچەندە ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە واتای ڕەتکردنەوەی پرۆلیتاریا نایەت، بەڵام هاوتەریب و هاوسەنگە لەگەڵ پێگەی تایبەت و ڕەخنەی پرۆلیتاریا لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا. د. قاسملوو بەرگریکردنی بەشێک لە ئەندامانی حیزبەکەی لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە بێواتا و بێجێ دەبینێت و ئەمەش، بەوە گرێ دەدات کە حیزبەکەی ئەو، حیزبێکی «دیمۆکراتیکی نەتەوەیی»ـــە . ڕەتکردنـــەوەی ئـــەم بابەتە لە لایەن د. قاســـملوو تەنیـــا لە بەرژەوەندیی لایەنگریکردنە لە دیمۆکراســـی. لەبەر ئەوەی ئەو، دژی سۆســـیالیزمێکە کە دیمۆکراســـی و ئـــازادی لە ناوەرۆکیدا نەبێـــت. هەڵبەتە د. قاســـملوو لەبارەی ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریـــاوە خۆی لـــە ســـوودوەرگرتن لە «ڕەوابوونی مارکسیســـتی» بـــەدوور ناگرێت. بە بڕوای ئـــەو، بەر لە هەرشـــتێک مارکس، دیکتاتۆریـــی پرۆلیتاریـــا وەکـــوو ئامانجێک نابینێـــت، بەڵکـــوو ئامانجـــی ســـەرەکیی ئـــەو، «لەنێوبردنی ســـەرجەم چینـــەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێچین»ـــە و، لەو ڕێگەیەدا وەکوو قۆناغێکی کاتی هەڵوێستەی لەســـەر دەکات. تەنانـــەت ســـەرۆکی پارتی کۆمۆنیســـتی چین، «ماو تسی تۆنگ»، نەک پرۆلیتاریا، بەڵکوو بەرگری لە «دیکتاتۆریەتیی دیمۆکراسیی گەل» دەکات.

لە کۆتاییـــدا، نامەوێت تێپـــەڕ بم، بەبێ ئەوەی باس لەو خاڵە بکەم، کە لەبەر ئەوەی د. قاسملوو بۆ مەسەلەی کورد و کوردستان باسی لە دامەزراندنی سۆسیالیزمێکی نوێ کردووە، ڕووبـــەڕووی ڕەخنەیـــەک بووەتـــەوە، کە لە «ڕووبەڕووبوونەوەی سەرمایەداری»ـــەوە دێت. لە بابەتی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم» کە بۆ پرۆگرامی حیزبی دیمۆکراتی کوردســـتانی ئێران پێشکێشی کردووە، لە لایەن ڕێکخراوە چەپە ڕادیکاڵییەکانی وەکـــوو کۆمەڵە و «ڕاە کارگـــر»ەوە ڕەخنـــەی لێ گیـــراوە و دەڵێن، گوناهێکی سۆســـیال دیمۆکراسیی کردووە و هەموو مەبەستەکەیشی ئەوە بووە، «ئاو بکاتە ئاشـــی ســـەرمایەدارییەوە». ئەوەی کە لەنێو ئەو نامە (دەق)ـەدا باس لە (مارکسیســـت ـ لینینیست) نەکراوە، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی خراپ لەســـەر سۆسیالدیمۆکراسی تۆمەتبار کـــراوە. خودی د. قاســـملوو دەڵێـــت، لەبەر ئەوەی لە گوتار و ســـلۆگانەکانیدا باســـی لە سەرمایەداری نەکردووە، ڕەخنەی لێ گیراوە، بەڵام ئـــەو، دەڵێت بـــەر لە هەرشـــتێک لە کوردستان دەبێ بڵێن «کامە سەرمایەداری؟» لەبەر ئەوەی لە کوردستان سەرمایەداری نییە. ئـــەو، دەڵێ کاپیتالیزم (ســـەرمایەداری) ئەوە نییە، کە هەندێک کەس بیری لێ دەکەنەوە، کە پەیوەندیی بە مـــاڵ و مڵکەوە هەبێت، بە ئاماژەکردن بە کارل مارکس، دەڵێت کە ئەمە «شـــێوازێکی پەیوەندیـــی کۆمەڵایەتییە»، لە لایەک کەسی خاوەنسەرمایە، واتا کاپیتالیست و، لە لایەکی دیکە، چینـــی کرێکار هەیە و، شـــێوازێکی کۆمەڵایەتییە کـــە پەیوەندیی بە «زاڵم و زۆڵملێکراو»ەوە هەیە. لەم شـــێوازەدا، چینـــی کرێکاران کەرەســـتەی بەرهەمهێنان نین و ناچار کراون هێزی جەستەییی خۆی بە خاوەنی سەرمایە بفرۆشن، کە ئەو ئامێرانەیان قۆرخ کردووە. د. قاسملوو لەم خاڵەدا جیاوازی دەخاتـــە نێـــوان کاپیتالیســـت و دەوڵەمەند لـــە کوردســـتان و دەڵێـــت، لە کوردســـتان سەرمایەداری نییە. ئەو، بەرگری لەوە دەکات، کە هەموو کاپیتالیســـتێک دەوڵەمەندە، بەڵام هەموو دەوڵەمەندێک کاپیتالیست نییە و، ئەم وەڵامەش دەداتە ئەو کەســـانەی کە ڕەخنەی لێ دەگـــرن، کە لـــە کوردســـتان دژایەتیی

کاپیتالیزم ناکات:

«کاپیتالیست و دەوڵەمەند یەک شت نین، هەموو کاپیتالیستێک دەوڵەمەندە، بەڵام هەموو دەوڵەمەندێک کاپیتالیست نییە. لە کوردستان دەوڵەمەند هەیە، بەڵام کاپیتالیست نییە. هەربۆیە لە کوردستان پێویستیمان بە شوعاری دژی کاپیتالیزم نییە. ئەم قۆناغە، قۆناغێکە کە پێویستە خەباتی نەتەوەیی و دیمۆکراتیی تێدا بکرێت. لەبەر ئەوەی کەسانی خاوەنسەرمایە لە کوردستان، چینێکی ڕێکخراو و یەکگرتوو نین و، دژایەتیی داواکاریی نەتەوەیی و دیمۆکراسییانەی ئێمە ناکەن. بەپێچەوانەوە لە زۆربەی شارەکاندا بورژوا و بورژوازە بچووکەکان، هاوکاریی خەباتی نەتەوەییی کورد دەکەن و دەیانەوێت ڕۆڵیان هەبێت.» جگە لەوە، د. قاسملوو، خۆی دەڵێت: «ئەو سۆسیالیزمە دیمۆکراسییەی کە ئەو بەرگریی لێ دەکات، بە واتای ڕەتکردنەوەی کاپیتالیزم و سۆسیالدیمۆکراسی نییە. لەبەر ئەوەی د. قاسملوو لەو بڕوایەدایە، کە سۆسیالدیمۆکراسی ڕێگەیەکە بۆ ڕیفۆرمکردنی ئەو سۆسیالیزمەی کە بەرگری لە کاپیتالیزم دەکات و بە بیر و باوەڕی سۆسیالیستییەوە هەوڵ دەدات کە چینی کرێکار کاپیتالیزم قبووڵ بکات و لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە دەیەوێت لە چوارچێوەی کاپیتالیزمدا کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی چینی کرێکار چارە بکات. بە بڕوای من، کە د. قاسملوو لێرەدا سۆسیالدیمۆکراتی دێنێت، بە واتای ئەوە نییە کە وازی لە سۆسیالیزمی ڕیالیستی نەهێناوە. لەبەر ئەوەی کە ئەو، تەنیا باسی لە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک کردووە. بەڵێ دەتوانین بڵێن کە ئەمەی بۆ بەرگریکردن لەو سۆسیالیستبوونەی خۆی گوتووە. بەڵام بۆ ئەوەی کە بڵێین ئەمە مۆدێلێک نییە کە لەسەر ئەو شێوازە سۆسیالیزمە بێت کە هەیە، ئەو بەڵگە و بابەتانەی کە لە سەرەوە دەربارەی بیرکردنەوەی د. قاسملوو باسمان کردن، دەکرێ کیفایەت بن بۆ ئاشکراکردنی ئەمە. خۆ مەشغوولکردن بە بیناکردنی سۆسیالیزمێکی نوێ و کارکردن بۆ ئەوەی کە ئەمە لەسەر هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی ڕیالیستیک بنیات بنێت، بەسە بۆ ئەوەی کە بڵێین د. قاسملوو وازی لە سۆسیالیزمی ڕیالیستیک هێناوە.

## کۆتایی

لە سەرەتادا دەبێ مافی ئەوە بدەین کە، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو بابەتە کورتەدا کە باسمان کرد، ئاماژەی بە چەند بابەتی گرنگ کردووە، بابەت و ناوەڕۆکی ئەو مژارانەی کە گرنگیی پێ دەدات و هەروەها شێواز و ئامانجی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو مژارانە، بەڵگەهێنانەوەی پێویستە لەسەر ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو لە بواری هزر و بڕوا و سیاسەتەوە لەگەڵ

مارکسیست ـ سۆسیالیستە کلاسیکەکان جیاوازە و ئەوەندەی کە ئێمە باسمان کردووە، هۆکاری پێویستمان بەدەستەوەیە کە بڵێین دوکتۆر قاسملوو کەسێکی پۆستمارکسیزمە.

لە سەرتاوە باسی بنیاتنانی سۆسیالیزمێکی نوێی کردووە، کە تێیدا سەرجەم پارتە سیاسی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن ناوەڕۆکێکی دیمۆکراتییان هەبێت و لەوە سەرووتر بن، کە تەنیا چینی کرێکار وەکوو دینامۆی گۆڕانکارییەکان پێناسە بکەن و، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە خۆی وەک کەسێکی پۆستمارکسیزم پێشان دەدات. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەوەی تۆتالیتاریالیزمی چینایەتی لە دژی دیمۆکراسی دەبینێت، پرۆلیتاریای دیکتاتۆری ڕەت دەکاتەوە و واز لەو هزرە دەهێنێت، ئەو بابەتەی کە «لاکلائۆ و مۆفێ»ش باسی لێوە دەکەن، «تایبەتمەندیی چینایەتی»، یان «سیاسەتی چینایەتی» بەلاوە دەنێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی دوکتۆر عەبدولڕحمان قاسملوو، خۆی وەک حیزبێکی چینایەتی نابینێت، بەڵکوو خۆی وەک ڕێکخراوێکی «دیموکراتی ـ نەتەوەیی» پێناسە کردووە و ڕێک خستووە. «E. M. Wood» باسی «لاکلائۆ» دەکات و دەڵێت، لاکلائۆ شێوازی «میللی نەتەوەیی ـ خەڵکی نەتەوەیی»، یان «میللی ـ دیموکراتی»ی بەکار هێناوە و، ئەو کێماسییەی «لاکلائۆ» ساڵی ١٩٢٠ لە پارتی کرێکاری ئاڵمانیادا دۆزیویەتەوە لێپرسینەوە (gensoru-Interpellation) بووە و، لاکلائۆ پاریزگاریی لە نەتەوە کردووە و پۆتانسیەلی بەرگریکردن لە پۆپۆلیستیی دیموکراتیکی لە وڵاتەکەی خۆی، واتا ئارژانتینەوە بەدەست هێناوە. هەر بەم شێوەیەی «وۆد» لەبارەی لاکلائۆوە باسی دەکات، د. قاسملووش لە بەرانبەر چینایەتی، نەتەوەگرایی و لە بەرانبەر ئابووریدا، سیاسەت بەهەند وەردەگرێت و، گرنگی بە کۆمەڵگە دەدات.[١٩] لەبەر ئەم هۆکارانە دەتوانین کە دوکتۆر قاسملوو وەکوو پۆستمارکسیسزم وەسف بکەین. لێرەدا لە هەڵوێستی ئیدیۆلۆژیک و سیاسیی دوکتۆر قاسملوودا ئەو شتەی کە دەرفەتمان دەداتێ ئەو ڕیزبەندییە بکەین، ئەوەیە کە سۆسیالیزمی ڕیالیستی لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە مارکسیزمی کلاسیک بنیات دەنێت. جگە لەمە، لەبارەی سۆسیالیزم و بابەتە جیهانییەکانەوە زۆر جیاوازتر لە پارتی کۆمۆنیستی شووروەوی بیر دەکاتەوە و حیزبەکەی خۆیان بە پارتێکی دیموکرات و نەتەوەیی وەسف دەکات، کە دەتوان ڕەخنە لە خۆیان بگرن .بەم شێوەیە بەر لە هەرشتێکی دیکە، ئەرکی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لەسەر شانی ئەوانە، لەبەر ئەوەی بە گوتەی د. قاسملوو، ئەولەویەتی حیزبی کۆمۆنیستی شووروەویش بەژەوەندییەکانی خەڵکی خۆیان بووە.

دوکتۆر قاسملوو کە پلۆرالیزم وەکوو پێویستییەک بۆ دیموکراسی دەبینێت و لەسەر ئەم بنەمایەش بەرگری لە ناسنامەی مەزهەبی، نەتەوەیی و ژنان و خەباتیان بۆ ئازادی و بەرابەریی کۆمەڵایەتی دەکات، بە تەواوەتی ئەو بابەتەیە کە لاکلائۆ و مۆفێ باسی لێوە دەکەن و دەڵێن: «فرەوانکردنی زەمینەی دیموکراسی و قۆرخنەکردنی، یان کۆنەکردنەوەی دەسەڵات لە خاڵێکی تایبەتدا وەکوو خاڵ و مەرجێکی سەرەکیی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە دەبینن»[٢٠] و کۆدەنگییەک لەگەڵ ئەم تێزە وەدیار دەخات. ئەو باسەی کە دەتوانین لەو ژنومێردەوە، واتا لە لاکلائۆ و مۆفێوە پێی بگەین، ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا، مارکسیزمی کلاسیک، کە پێگەیەکی تایبەت و بەئیمتیازەوە دەدات بە چینی کرێکار، تێپەڕ دەکات و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لە مەیدانی سیاسەتدا لەسەر بنەمای ئانتاگۆنیزم گرنگی بە فرەیی ناسنامە و خەباتی پێکهاتەکان بدرێت، وەکوو گۆران تێربۆرن[٢١] دەربارەی لاکلائۆ و مۆفێ دەڵێت، ڕوانینی سۆسیالیستی بەرانبەر بە چینەکان، لە هزری سۆسیالیستی دیموکراتیکدا لەلای قاسملوو پێگەیەکی دیاری نییە. بەو قسەیەی کە ئێلن وۆد وەکوو ڕەخنەیەک لەبارەی پۆستمارکسیزمەوە دەیڵێت، دەتوانین بەرگری لەوە بکەین کە د. قاسملوو خۆی لە چینایەتی دزیوەتەوە و لە دژی بووە. جەختکردنی بەردەوام لەسەر

> **د. قاسملوو پشتگری لە ستراتیژییەکی نوێی پۆستمارکسیزم دەکات، کە پرۆلیتاریای دیکتاتۆری و شۆڕشگێریی زۆرداری ڕەت دەکاتەوە و، هاورای بیرمەندی نوێخوازی ئەڵمانیا «ئێدوارد بەرنشتاین»ە**

ئەوەی کە ئەوان ڕێکخراوێکی چینایەتی نین و خۆیان وەکوو حیزبێکی دیمۆکراتی نەتەوەیی پێناسە دەکەن، دیاریکردنی ئەوەی کە لە ولاتە سۆسیالیستەکاندا دیمۆکراسی نییە و لەسەر ئەم بنەمایە بە شێوازێکی ڕەخنەییی توند و بە زمانێکی پاراو تەئکید دەکەنەوە کە پیویستە خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ببێتە دەرفەتێک بۆ گەشەکردنی دیمۆکراسی، کە ئەمەش وەکوو نیشانەیەکی دیاری پۆستمارکسیزم دەبینرێت. جەختکردنی د. قاسملوو لەسەر ئەوەی کە دیمۆکراسیی ڕادیکاڵ، وەکوو بنەمای بیرۆکە سۆسیالیستییەکەی جێ بگرێت و خەبات لەسەر ئەم بنەمایە بێت، هۆکارێکە بۆ ئەوەی د. قاسملوو لە بەرەی لاکلائۆ و مۆفێ جێ بگرێت. ئیسماعیل بازیار یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە دوکتۆر قاسملوو وەکوو ڕێبەر قەبووڵ دەکات، بە درێژاییی ئەو بابەتەی کە نووسیویەتی دەڵێت: «دوکتۆر قاسملوو وازی لە کۆمۆنیزم هێناوە»، «دوکتۆر قاسملوو سنوورێکی دیاریکراوی لە نێوان خۆی و چەپی ڕادیکاڵدا داناوە»، «ئەو، چیتر کۆمۆنیست نییە و بە بڕوای ئەو، چیتر کۆمۆنیزم نەماوە»، «ئەو، ئیدی سۆسیالیستە، دەتوانم بەئاشکرا بڵێم کە ئەو ڕووی کردووەتە سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک و بەم نووسینە مالئاواییی لە میتافیزکی کۆمۆنیزم کردووە». میتافیزیکی کۆمۆنیزم، چینایەتی وەکوو بنەمای سەرجەم خەباتە سیاسییەکان دادەنێت و باس لە مژارەکانی وەکوو ژنان، نەتەوە و کلتوور ناکات و، هەموو شرۆڤە و ئانالیزی سیاسی و خەباتکردنی لەسەر بنەمای چینایەتییە، کە دوکتۆر قاسملوو ماڵئاوایی لەوە کردووە.

## پەراوێزەکان


Anderson, Perry, Batı Marksizmi Üzerine Düşünceler, çev. Bülent Aksoy, İletişim: 2007, Birikim Yayınları.

Behramî Kawe, Tavgeyî Heqîqet, Beşêk Le Behremekanî Diktor Qasimlo, yayın yeri, tarihi ve yayınevi yok.

Demir, Gökhan, Post-marksizm Ve Radikal Demokrasi, İstanbul: 2014, PatikaKitap Yayınları.

Keucheyan, Razmig, Aklın Sol Yarısı, çev. Selen Şahin, İstanbul:2016, İletişim Yayınları.

Laclau Ernesto; Mouffe Chantal, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji: Radikal Demokratik Bir Politikaya Doğru, İstanbul: 2015, İletişim Yayınları.

Monzemi, Ali, Endîşehayî Qasimlo, trc. Keyhan Yusifî, Erbil: 1392 (2013), Îtîhadiyeyî Danişcuyanî Dimokrat Kurdistanî Îran.

Mouffe, Chantal, Siyasal Üzerine, çev. Mehmet Ratip, İstabul: 2013, İletişim Yayınları.

Sol Popülizm, çev. Aybars Yanık, İstanbul: 2019, İletişim Yayınları.

Qasimlo, Ebdurrehman, Çil Sal Xebat Di Riya Azadiyê de, wer. Ziya Avci, İstanbul: 2002, Avesta Yayınları.

Therborn, Göran, Marksizmden Post-Marksizme, çev. Devrim Evci, Ankara: 2011, Dipnot Yayınları.

Wood, Ellen M., Sınıftan Kaçış, çev. Şükrü Alpagut, İstanbul:2011, Yordam Yayınları.


[1] İlgili metin için bkz. Dr. Qasimlû, Kurtebasêk Le Ser Sosyalîzm», içinde"Tavgeyî Heqîqet, Beşêk Le Berhemekanî Diktor Qasimlû, amadekar: Kawe Behramî, Bergî Yekem, basım yeri, tarihi ve yayınevi yok. Aksi belirtilmedikçe Dr. Qasimlo ile ilgili değerlendirmede referans alınmış olan bu eserdir.

[2] Ebdulrehman Qasimlo, Çil Sal Xebat Di Riya Azadiyê de, wer. Ziya Avci, İstanbul:2002, Avesta Yayınları, s. 133.


[3] Ali Monzemi, Endîşehayî Qasimlo, trc. Keyhan Yusifî, Erbil: 1392 (2013), Îtîhadiyeyî Danişcuyanî Dimokrat Kurdistanî Îran, s. 78-100.

[4] Bkz. http://www.teorivepolitika.net/index.php/arsiv/item/83-aydinlanma-dusuncesi-ve-bat%C4%B1-marksizmi (erişim tarihi: 23. 09. 2019).

[5] Perry Anderson, Batı Marksizmi Üzerine Düşünceler, çev. Bülent Aksoy, İstanbul: 2007, Birikim Yayınları, s. 89.

[6] Bkz. http://www.teorivepolitika.net/index.php/arsiv/item/74-post-marksizmin-postulatlari (erişim tarihi: 24. 09. 2019)

[7] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 25



[8] Chantal Mouffe, Sol Popülizm, çev. Aybars Yanık, İstanbul: 2019, İletişim Yayınları, s. 15; Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 26.
[9] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji,s. 28-29.
[10] Chantal Mouffe, Siyasal Üzerine, çev. Mehmet Ratip, İstanbul: 2013, İletişim Yayınları, s. 39
[11]Gökhan Demir, Post-marksizm Ve Radikal Demokrasi, İstanbul: 2014, PatikaKitap Yayınları, s. 167-68
[12] Burada şunu not düşmek gerekir: Dr. Qasimlo politik-idari bir statü olarak otonomiyi nihai ve üst bir merhale gibi görmüyor. Kürt meselesinin gerçek ve asıl içeriği olarak vurguladığı self-determinasyon hakkını gerçekleştirmenin üç biçiminden bahsetmektedir: Bağımsızlık, federalizm ve otonomi. Doğu Kürdistan›ın, İran›ın ve Kürtlerin Ortadoğu›daki mevcut koşullarına kendince «realist» bir şekilde yaklaşıp ilk ikisinin bu koşullara uygun olmadığını söylemektedir. Dolayısıyla otonominin tercih edilmesi, var olan koşulların dayattığı bir zorunluluktan kaynaklanmaktadır.
[13] Kawe Behramî, Duktor Qasimlû: Rêberekî Modern û Şorişgêrêkî Dîmokrat, s.97-99, yayın yeri, tarihi ve yayınevi yok.
[14] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 270.
[15] Ali Monzemi, Endîşehayî Qasimlo, s. 98.
[16] Razmig Keucheyan, Aklın Sol Yarısı, çev. Selen Şahin, İstanbul:2016, İletişim Yayınları, s. 323
[17] Bkz. http://dengekan.info/archives/3902 (erişim tarihi: 18. 09. 2019)
[18] Perry Anderson, Batı Marksizmi Üzerine Düşünceler, s. 71-72.
[19] Ellen M. Wood, Sınıftan Kaçış, çev. Şükrü Alpagut, İstanbul: 2011, Yordam Yayınları, s. 45-46
[20] Ernesto Laclau ve Chantal Mouffe, Hegemonya Ve Sosyalist Strateji, s. 272.
[21] Göran Therborn, Marksizmden Post-Marksizme, çev. Devrim Evci, Ankara: 2011, Dipnot Yayınları, s. 174.

# برای کوردی موسوڵمانم

## دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵ و دەوڵەتداریی ئیسلامی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیەدا*

مەهمەت کورت / زانکۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستگای مەنچێستێر، بریتانیا
وەرگێڕان: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

## کورتەی باس

ئەم وتارە، بە شێوەیەکی رەخنەگرانە، رۆڵی دیسکۆرس و سیاسەتەکانی حکوومەتی ئیسلامی، لە ناوچە کوردییەکانی تورکیە تاوتوێ دەکات. توێژینەوە ئاکادیمیەکان لە بارەی ئیسلامگەراییەوە بە زۆری ئەو بەستێنە تاوتوێ دەکەن کە تێیدا بزووتنەوە ئیسلامییەکان و حیزبە سیاسییەکان، وەکوو هەبوونی دژەکۆلۆنیال و بەرهەڵستکارانە لە مەیداندان. هاوکات، ئەم وتارە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی دادپەروەری و گەشە (AKP)دا، ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی بوو بە ئامرازێکی دەوڵەتداری لە پێناو ڕاگرتن و رەواییدان بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیەدا. پاش خوێندنەوەی پرسی کورد وەکوو پرۆسەی بەکۆلۆنیالیکردنی ناوخۆیی، هەر لە کاتی سەرهەڵدانی کۆماری تورکیەوە، وتارەکە تەرکیز دەکاتە سەر دەورانی ئاکپارتی، بەمەبەستی شیکردنەوەی کەڵکوەرگرتن لە دیسکۆرسی ئیسلامیی یەکیەتی و برایەتی و، هەوڵدان بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی پارێزگاریخوازی وەفادار لە نێو کوردەکاندا. لەسەر ئەم بنەمایە، وتارەکە ئەو ئیستدلالە دەخاتەڕوو کە پارادایمی کۆلۆنیالی نێوخۆیی، پەیوەندییەکی پڕاوپڕی لەگەڵ شیکاریی پرسی کورد لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا هەیە و هەروەها پێی وایە کە، دەوڵەتداریی ئیسلامیی نیۆلیبراڵ، دەبێ وەکوو تەواوکەرێکی ستراتیژیکی بۆ سەرکوتکردن، بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی پشتیوانی لە دەوڵەت و، بۆ وەپەراوێزخستنی ئۆپۆزیسیۆن خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

## پێشەکی

ڕێککەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ (١٩١٦) و میراتی کۆلۆنیال، بوو بە هۆی دابەشبوونی خاکی کوردان بەسەر چوار دەوڵەت نەتەوەی بە زۆرینە موسوڵماندا (تورکیە، سوریە، عێراق و ئێران). بۆ چەندین دەیە، ئەو پرسەی کە بە «پرسی کورد» ناسراوە، لە لایەکەوە لەگەڵ ڕەوایەتی سیاسەتی دەوڵەتی سەرکوتکار دەرگیر بووە و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ خەباتی خەڵکی کورد بۆ مافە سەرەتاییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانیان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، لە بەرخۆدانی چەکدارییەوە تا سیاسەتی یاسایی.

لە ساڵانی ڕابردوودا، تیۆرییەکانی پاش ـ کۆلۆنیال، لە توێژینەوە کوردییەکانی پەیوەندیدار بە باسی لایەنە جیاوازەکانی پرسی کورد، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەکار هێنراون. لایەنگەلێک وەک توندوتیژیی حکوومەتی و ڕاگواستنی بەزۆرەملی، دیسکۆرس و شوناس. لە هەمان کاتدا، ئەم وتارە پێشنیار دەکات لە پێناو شیکاریی ڕەهەندە چاوپۆشلێکراوەکانی پرسی کورد لە تورکیە: ڕۆڵی مەزهەب لە سیاسەت و کرداری حکوومەتدا، لە پارادایمی کۆلۆنیال کەڵک وەربگرێت.

پرسی کورد لە تورکیە بووەتە ماکەیەکی هەڵسەنگێنەر بۆ بیرۆکە سیاسییە ئیسلامییەکان، لەو کاتەوە کە ئاکپارتی لە ٢٠٠٣ەوە هاتە سەر دەسەڵات. پاش سەدەیەک ئازاری کوردان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە ناسیۆنالیستە سێکۆلارەکانی کۆماری تورکیەدا، لە دەورانی دەسەڵاتی ئاکپارتیدا، شکڵی پەیوەندیی حکوومەت ـ کۆمەڵگا لە بیاقی سیاسی و جەماوەریی کوردیدا، بە هۆی پیادەکردنی ڕژدی دیسکۆرسی مەزهەبی و، هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی کۆلۆنیال بۆ سەدەیەک لە جێی خۆیدا، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. پەرەدان بە ئایدیای یەکیەتیی ئیسلامی(ئوممە) و برایەتی لە ڕێگەی ڕاگەیەنە گشتییەکان و مزگەوتەکانەوە، پشتیوانیی ماددی زیاتر لە دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە نێو شارە کوردییەکان و هەروەها لە نێو ڕایەڵە گەندەڵکارەکانی دەوروبەریان و، هاوپەیمانیی

نوێی دەوڵەت و «هوودا ـ پارتی» (Hüda-Par) ـ باڵی سیاسیی حیزبوڵڵای ئیسلامیی کوردی ـ هەموویان ڕەنگدانـــەوەی ئەو گۆڕانکارییەن کە لە سیاسەتی حکوومەتی تورکیە بەرامبەر کوردەکان هاتووەتە ئاراوە. پتر لەمەش، ئەمن ئیدیعـــا دەکەم کە بیرۆکەی ئۆممە و برایەتی لـــە ویژمان یـــان دیسکۆرســـی حکوومەتدا، وەکوو ئامرازێکی ویژمانی بۆ بندەســـتکردنی کوردەکان لـــە ناوچە کۆلۆنیالییـــەکان بەکار هێنـــراوە. ئەگەرچـــی ئـــەوەی بـــاس کـــرا، بـــە درێژاییی ســـەدەی بیســـتەم هـــەر بەم شـــێوەیە بـــووە، گۆڕانگارییە سیاســـییەکانی ئەمدواییانـــەی ناوچە کوردییـــەکان، بوونەتە هۆی هەرچی زیاتـــر و بەگوڕتر بەکارهێنانی دیسکۆرسی ئایینی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمە ڕادیـــکاڵ و پارێزگاریخـــوازەکان لـــە ماوەی ١٥ ســـاڵی ڕابردوودا. لە هەڵســـەنگاندنماندا بـــۆ بەکۆلۆنیالکردنی نێوخۆییـــی کوردەکان لـــە ژێر تیشـــکی شـــەڕەکانی ئەمدواییانەدا، نموونـــەی کوردســـتانی تورکیـــە و جـــۆری حکوومەتداریی ئاکپارتی، وەکوو نموونەیەکی پەیوەندیدار خۆی دەنوێنێ. سیاسەتی ئایینی، سەرەکیترین ماکەی ســـتراتیژیکی ئاکپارتی بۆ زاڵبوون بەســـەر پرسی کورد لە ناوچەکانی خۆیدا و لە وڵاتانی دراوسێشیدا بووە.

لـــە ڕووی تیۆرییـــەوە، ئـــەم وتـــارە ئەو پرســـیارە دەخاتـــە ڕوو کە تاچەنـــد کەڵک وەرگرتنی دەوڵەتی تورکیە لە دەســـەڵات، لە ناوچە کوردییەکانـــدا، دەکرێ وەکوو کرداری کۆلۆنیالیی نێوخۆیی ســـەیر بکرێت و، ڕۆڵی دەوڵەتـــی ئیســـلامی، لە گۆڕین و شـــکڵدان بە فەزای سیاســـی لە دەورانـــی ئاکپارتیدا چ بووە؟ ئایا دەوڵەتی ئاکپارتی، چارەســـەرێکی جێگـــرەوەی بـــۆ پرســـی کورد، لـــە ڕێگەی بەکارهێنانی ویژمان و سیاسەتی ئیسلامییەوە، هێناوەتـــە ئـــاراوە؟ هاتنەســـەر دەســـەڵاتی ئاکپارتی چۆن کاریگەریی لەســـەر بارودۆخی بەردەوامی ســـەرکوتکردنی کوردەکان داناوە؟ ئیســـلامگەرایی چ ڕۆڵێکی لـــە بەهێزکردن و ڕەواییدان بە دەســـەڵاتی کۆلۆنیالی نێوخۆیی لـــە فەزای سیاســـیی کوردیدا گێـــڕاوە؟ ئەم وتارە ئیســـتدلال دەکات کـــە کەڵکوەرگرتن لە ئایین لە لایـــەن ئاکپارتییەوە، لە ناوچەی کوردســـتاندا، هیچ جیاواز نیە لەو هەڵوێستە کۆلۆنیالیســـتییەی دەیەکانـــی ڕابردوو، بەڵام بـــەدوای ڕێگەی نوێـــدا دەگەڕێ لـــە پێناو بەهێزکـــردن و ڕەواییـــدان بـــە دەســـەڵاتی کۆلۆنیالی لەئارادابوودا.

وتارەکـــە ســـێ بـــەش لەخـــۆ دەگرێت. بەشی یەکەم لەســـەر بنەمای باسی تیۆریی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، تیۆریی پاشکۆلۆنیالی، حکوومەت، توندوتیژی و دەســـەڵاتە. بەشی دووهەم پرســـی کورد و کرداری کۆلۆنیالیی دەوڵەت لـــە مێژووی تورکیـــەی مۆدێرن بە وردبوونـــەوەی تایبەتی لەســـەر ڕۆڵی ئایین و ســـەرکوتکردنی حکوومەتی لە بەســـتێندا باس دەکات. بەشـــی کۆتایی لە دیسکۆرسی ئایینی و ئەو ساســـەتانەی لە لایەن دەوڵەت و دامەزراوەکانـــی لایەنگـــری دەوڵەتـــەوە لە ناوچـــە کوردییەکاندا پەرەیـــان پێدراوە، ورد دەبێتـــەوە. هاوکات کە پێـــم وایە چۆنیەتیی وەرگرتنی ئەم سیاســـەتە لە لایەن یاریکەرە خۆجێییەکانەوە، لەمەڕ هەڵســـەنگاندنی مانا و کاریگەرییە سیاسییەکەیدا زۆر گرینگە، بەڵام چۆنیەتیـــی وڵامی دامـــەزراوە کۆمەڵایەتییە مەدەنییە کوردییەکان و، یاریکەرە سیاســـی و مەدەنییەکانـــی نێـــو گۆڕەپانی سیاســـەتە ئایینییەکانـــی دەوڵەتـــی تورکیـــە، شـــایانی شـــیکارییەکی قووڵن کە لە تاقەتی ئەم وتارە بەدەرە.

دوو بەشی سەرەتای ئەم وتارە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەیـــە بۆ ئەدەبیاتی تیۆری لەســـەر کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی و بەرهەمە کۆمەڵناسی و مێژووییەکانـــی پەیوەندیـــدار بە پرســـی کوردەوە. بەشی سێهەم لەسەر بنەمای داتای بەردەســـتهاتوو لـــە توێژینەوەیەکی مەیدانی

ئیتنۆگرافی لە ناوچەی کوردستان لە تورکیە، لە شارەکانی دیاربەکر، ماردین و بینگۆل لە ٢٠١٥ تا ٢٠١٦دایە. هەڵبژاردنی ئەم شارانە بەم مەبەستە بووە کە داتاکان، ڕەنگدەرەوەی بەرینی پێکهاتە ئیتنیکی و ئاینییەکانی مەیدانی توێژینەوەکە بن: دیاربەکر وەکوو گەورەترین شاری کوردی و پێتەختی سەمبۆلیکی سیاسەت و کولتووری کوردی، بینگۆل وەکوو شارێکی پارێزگاریخواز بە زۆرینەی حەشیمەتی زازاکییەوە، و ماردینیش وەکوو شارێکی فرەکولتوور بە دانیشتووانی کورد، عەرەب و سیریانییەوە. هەروەها، جگە لە چاودێریکردنی بەشداربووان، لەگەڵ ڕێبەران و ئەندامانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە مەدەنییەکان، ئەکتەرە مەدەنییەکان و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانیشدا وتووێژ کراوە.

## کۆلۆنیالیزمی نیۆخۆیی و ئیسلامی: پەیوەندییەکی نەدۆزراوە

ئیسلامگەرایی و کۆلۆنیالیزم، بەگشتی وەکوو دوو دیاردەی پێکگرێدراو و لە هەمان کاتدا دژبەیەک پێناسەیان بۆ کراوە. پێکهاتە کۆلۆنیالییەکان و میراتەکانی دەورانەکانی کۆلۆنیال و پاش ـ کۆلۆنیال یارمەتیدەر بوون لە شکڵگرتنی ئیدیۆلۆژیی ئیسلامی. بیرمەندە ئیسلامگەراکانی وەک حەسەن ئەلبەننا و سەید قوتب، پێیان وابوو کە ئۆممە ولامێکە بۆ دەسەڵاتی کۆلۆنیال و ڕێژیمە گەندەڵە سێکۆلارەکان. بزووتنەوە ئیسلامگەراکان، لە بەشی هەرەزۆری سەدەی بیستەمدا، وەکوو شکڵێکی ئۆپۆزیسیۆن بە دژی حکوومەتە کۆلۆنیال و پاش ـ کۆلۆنیالەکان مانەوە و، بەدەست سەرکوتی دەوڵەتی لە لایەن ڕێژیمە سێکۆلاریستەکانەوە، لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئازاریان چەشت.

لە بیاڤی سیاسیدا، باسی ئیسلامگەرایی بە زۆری لە سێبەری ئۆپۆزیسیۆنی دژەکۆلۆنیالی بناژۆخوازیدا دەچێتە پێشەوە و خۆی بە وێنەی کۆمەڵگای خەیاڵیی سەردەمی زێڕینەوە بەهێز دەکات. لەم ڕووەوە، باسەکە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و هێژمۆنی سەربەخۆ نیە و خۆی لە پشت نایەکسانیی پێکهاتەیی سەردەمدا دەپارێزێت. هەروەک هەر خەیاڵێکی سەردەمی زێڕین، ئەم ڕوانینەش زیاتر لەسەر بنەمای خەیاڵە تا ڕاستی و هاوکات ڕێگەیەکە بۆ گەیاندنی ئەم بیرۆکانە بە جەماوەر.

ئەگەرچی لەسەر زۆر لایەنی پەرەپێدانی کۆلۆنیالی ڕۆژئاوا لە وڵات و ناوچە زۆرینە موسوڵمانەکان و وڵامی ئیدیۆلۆژییە ئیسلامییەکان (مۆدێرنیست، ئیسلامگەرا و بناژۆخواز)، زۆر توێژینەوە کراوە، بەڵام زۆربەری ئەم توێژینەوانە لەسەر نموونەگەلێک تەرکیز دەکەن کە لەواندا کۆمەڵگا موسوڵمانەکان و ئایدیۆلۆژییەکانیان قوربانیی بەکۆلۆنیالکردنن. لە لایەکی دیکەوە، ڕۆڵی ئیسلامگەرایی وەکوو ئامرازێکی دەسەڵات لەو کاتەدا کە بزووتنەوە ئیسلامگەراکان جڵەوی دەسەڵات دەگرنەدەست، بە زۆری وەک دیالێکتیکێک لە نێوان ئایین و سێکۆلاریزم یان بژاردە و چینە جەماوەرییەکان (یان ئێلیتی نوێ) شیکردنەوەی بۆ کراوە. ئامانجی ئەم وتارە لێکۆڵینەوە لە لێککارکردنی ئیسلامگەرایی و کۆلۆنیالیزم لە کوردستانی تورکیەیە؛ ناوچەیەک، کە ئیسلام تێیدا خاڵی هاوبەشی دەسەڵات و جەماوەرە. وتارەکە هەوڵ دەدات بە هۆی پارادایمی بەکۆلۆنیالکردنی نیۆخۆییەوە، خوێندنەوە بۆ ئەم بابەتە بکات.

چەمکی کۆلۆنیالیزمی نیۆخۆیی لە ١٩٥٤ەوە کاری پێدەکرێت، کاتێک کە سەرکوتکردنی غەیرە سپیپێستەکانی ئەفریقای باشوور وەکوو «کۆلۆنیالیزمی شێوەیەکی تایبەت» لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئەفریقای باشوور(SACP)ەوە پێناسە کرا. لە ١٩٦٤دا، «مالکۆم ئیکس» لە یەڤێکی ناسراوی

خۆیدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بە هێزێکی کۆلۆنیال کە ٢٢ میلیۆن ئەمریکاییی ڕەشپێستی، بە هۆی بێبەشکردنیان لە مافە مرۆییە مەدەنییەکانیانەوە کۆلۆنیالیزە کردووە، ناو برد. لە ١٩٦٧دا، باس لەسەر ئەمریکاییە ڕەشپێستەکان و مافە مەدەنییەکانیان زیاتر و زیاتر بوو، کاتێک مارتین لوتێر کینگ کۆڵانە ڕەشپێست نشینەکانی وەکوو کۆلۆنییەکانی ئەمریکا ناو برد: «ئەو کۆڵانە هەژارنشینانە، وەکوو کۆلۆنیی نێوخۆیی وان، شوێنگەلێک کە دانیشتوانی وا لێدەکات لە باری سیاسییەوە بندەست بن، لە باری ئابوورییەوە بچەوسێنەوە و لە هەر بارێکەوە هەلاواردن و سووکایەتی پێ کردن لە دژیان بەکار بێت».

ئەوە لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠دا بوو کە چەمکی «کۆلۆنیی نێوخۆیی» (domestic colony) بۆ یەکەم جار لە باسی ئاکادێمێکدا هاتە گۆڕێ. ئەگەرچی چەند نووسەرێکی وەک «هارۆڵد کرووز» و «کێنێز کلارک» لە سەرەتاکانی ١٩٦٠ەکاندا، گرینگیی ئەم دیاردەیەیان، بە هۆی بەکارهێنانی چەمکی «کۆلۆنی نێوخۆیی»یەوە بەرجەستە کرد، یەکەمین جار ئەوە «رابێرت بلونێر» بوو کە لە ١٩٦٩دا، شکڵی بە ئیدەی چەمکی «کۆلۆنیی نێوخۆیی» (internal colony) بەخشی. لە وتارێکدا بە ناوی «کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی و ڕاپەڕینی ناوچە پەراوێزخراوەکان» کە لەسەر خوێندنەوەکانی داهاتوویدا کاریگەریی دانا، بلونێر هێڵی جیاکەرەوە دەکێشێ لە نێوان کۆلۆنیالیزم وەکوو سیستمێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی و بەکۆلۆنیالکردن وەکوو پرۆسەیەک کە نەتەنیا تایبەتە بە کۆلۆنییە کلاسیکەکان، بەڵکوو لە نێو سنوورەکانی دەوڵەتیشدا بە ڕادەیەکی زۆر شایانی ئەوەیە ددانی پێدابهێنرێت. ئەم لێڕوانینە سەرنجی لەسەر توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە نەژاد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گۆڕیوە و، بنەمایەکی دروست کردووە کە بەو پێیە دەکرێ شیکاری بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکانی نایەکسانیی پێکهاتەیی، لە نێوان ئەمریکاییە سپیپێست و ئەمریکاییە ڕەشپێستەکان لە نێو تیۆریی کۆلۆنیالدا بکرێت. بلونێر چوار ماکەی سەرەکیی ئەوەی پێی دەگوت «بەکۆلۆنیالیکردن»ی فۆرمولە کرد و لە نێوان ئەم چەمکە و ئەو پرۆسەیەی کە ئێمە پێشتر وەکوو کۆلۆنییەک بیرمان لێ کردبووەوە، جیاکاریی کرد.

**یەکەم:** هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی ئاوێتەبوونی گرووپە نەژادییەکان لە نێو کۆمەڵگای سەردەستە (جا هێزێکی کۆلۆنی بێت یان نا). ناوبراو چاودێری دەکات و دەبینێت بەکۆلۆنیکردن، بە خۆتێکردنێکی زۆرەملێ و بێ ئیختیار دەست پێدەکات.

**دووهەم:** شوێندانەرییەک لەسەر کولتور و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی بەکۆلۆنیکراو هەیە کە لەوە تێدەپەڕێ بڵێین ئاکامی پرۆسەگەلێکی «سروشتی» وەک پەیوەندیگرتن و ئاوێتەبوون لە کولتووری سەردەستدایە. هێزی کۆلۆنیال سیاسەتگەلێک جێبەجێ دەکات کە بەهاکان، مەیلەکان و شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵکی خۆجێیی بەرتەسک دەکاتەوە، دەیگۆڕێت و لەنێوی دەبات.

**سێیەم:** بەکۆلۆنیکراوەکان لە ژێر دەسەڵاتی نوێنەرانی دەسەڵاتی زاڵدان. ئەوەی ناوبراو دەیبینێت، ئەزموونێکی بەڕێوەبردن و خستنەژێر ڕکێفە لە لایەن کەسانی دەرەوەی خۆیان.

**چوارەم:** ڕاسیزمە کە لە زۆر نموونەدا شان بە شانی جێبەجێکردنی کۆلۆنیالکردنەوە هەنگاو دەنێت.

ئەگەرچی ئەم چەمکە سەرەتا بۆ ئەمریکاییە ڕەشپێستەکان و ناسپیپێستەکانی ئەفریقای باشوور بەکار هێنرا، ئیمڕۆکە، ئەدەبیاتێکی بەربەرین، لەسەر لایەنی جۆراوجۆری ئیتنیکی، چینایەتی، کرێکاری

و مەزهەبیـــی کۆلۆنیالیزمـــی نێوخۆیی هەیە. «گۆنزالێز کازانۆڤا» یەکەمین کەسێک بوو کە چەمکەکەی بۆ مێکزیک لە دەقی پێشکەوتنی ناهەمواردا بـــەکار هێنا. توێژینەوەی «هێچێر» لـــە وێلز، ســـکاتلەند و ئیرلەنـــد، توێژنەوەی «ئێپستین» لەسەر بەکۆلۆنیالیکردنی نێوخۆیی و کاریگەرییەکەی لەســـەر فێرکاری لە پێرو، توێژینەوەی «زووریک» لەسەر فەلەستینییەکان لە ئیســـرائیل، توێژینەوەی «میترا داز» لەسەر بەنگلادێش و پاکستان، توێژینەوەی «گودمەن» لەســـەر کەمایەتییە ئیتنیکییەکان لە چیندا، توێژینەوەی «ئێتکیند» لەســـەر ڕووســـیەی ئیمپراتۆری و کۆلۆنییە نێوخۆییەکانی بەشێک لە نموونەگەلی بەکارهێنانی چەمکەکەن.

هەروەک «رابێرت هیند» شیی دەکاتەوە، کۆلۆنیالیزمـــی نێوخۆیی لـــە بەراوردکردنەوە دێت: خـــاوەن کۆلۆنی و بەکۆلۆنیکراوەکە، کە بەپێچەوانەی کۆلۆنیالیزمی کلاسیک کە تێیدا جیاکاریی جیۆگرافیایی بوونی هەیە، لە هەمان وڵاتدا دەژین. لە هەمـــان کاتدا، کۆلۆنییەکی نێوخۆیی لـــە تایبەتمەندییەکاندا هاوبەشـــی هەیە لەگەڵ ئەو کۆلۆنیالیزاســـیۆنە باوەی کە لە نێو ســـنووری حکوومەتەکاندا بوونی هەیە. تایبەتمەندیگەلێک وەک: پێڕەوی سیاســـی، چەوساندنەوەی ئابووری، زاڵبوونی کولتووری و ئەو شـــەڕە نەژادی/ئیتنیکییەی بە زۆری لە نێو کۆلۆنییە نێوخۆییەکاندا ســـەرهەڵدەدەن. «یاسای جیاوازی» هەروەک «پارزا چاتێرجی» پێناســـەی دەکات، یاســـای ســـەرەکیی حکوومەتکردنە لـــە کۆلۆنییەکاندا. هەر بۆیە، کۆلۆنییـــەکان لە شـــوێنێکدا جێ دەگرن کە تێیـــدا نابەرابەریی پێکهاتەیی لـــە ئابووری، سیاسەت، کولتووری و باوەڕدا بووەتە نۆرم. بەم پێیە، ئەوە ئەم نۆرمەیە کە کۆلۆنییەک دەکاتە بابەتی چەوســـاندنەوەی ئابـــووری و هاوکات دەیکاتە بابەتی ئەو دیاردەیەی کە «گرامشی» بە «هێژمۆنی کولتووری» ناوزەدی دەکات. لە ئاکامـــی هێژمۆنی کولتووریدا، دانیشـــتووانی کۆلۆنییـــەکان خۆیان وەک بەرکارە لاوازەکان دەبینـــن و مەیلێک بـــۆ ڕازیبوون بە قەدەری چەوســـانەوەی کولتووری و ئابووریی خۆیان، قەدەرێک کـــە بە هۆی کۆلۆنیالیزاســـیۆنەوە ئەزموونی دەکەن، نیشان دەدەن.

گەر لێرەدا کەســـێک بەپێی ئەم فۆرموولە بیر لە پرســـی کورد بکاتەوە، ڕەنگە بە ئاسانی وا مەزنـــدە بکات کە کوردســـتان زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆلۆنیزاســـیۆنی نێوخۆیی تێدایە. پێـــش لە هەموو شـــتێک، خەڵک و ســـەرزەوینی کوردی لە ســـەدەی بیستەمدا بـــەردەوام لە ژێـــر «وەزعییەتـــی تایبەتی»دا بـــوون، ئەویـــش بە هـــۆی چەندیـــن دەیە دەسەڵاتی یاســـای ســـەربازی، دامەزراوەی تایبـــەت، توندوتیژی حکوومەتـــی لە هەموو شـــێوەکانیدا، ڕاگوێزرانی بەناچاری و شـــوێن بزربوون، ســـزادان، هەژارکردن، پەرەسەندنی ناهەموار، نەژادپەرســـتی، جیاوازیدانان و/یان خرانەدەرەوەی بازنەی پۆســـتە پلەبەرزەکان لـــە نێـــو دامـــەزراوە حکوومەتییەکانـــدا. ئەگەرچـــی ڕەنگە لـــە مەجالی ئـــەم وتارەدا نەگونجـــێ، بـــەڵام وردبوونەوە لـــەوەی کە چۆن شـــارە کوردییەکان لە لایەن فەرمانداره سەربازییەکانەوە وەزعییەتی تایبەتی (OHAL Valisi) حکوومەت کراون یان وردبوونەوە لە دەستەواژەی «جێی متمانەکان»ی دامەزراوەی نوێ کە پاش هەڵپەسێرانی شارەدارە کوردییە هەڵبژێـــردراوەکان لە ٢٠١٥ بەمـــلاوە بینرا، ڕادەی بەکردەوەییکردنـــی کۆلۆنیزاســـیۆنی نێوخۆیی نیشان دەدات.

سەرەڕای نموونەی سەرەتایی کۆمەڵناس «ئیســـماعیل بیشـــکچی»، پرســـی کورد لە ئەدەبیاتی ئاکادیمیکی بەرهەمی پســـپۆڕانی تورکیە، بەو جۆرەی پێویستە تیۆریزە نەکراوە. ئیســـماعیل بیشـــکچی کە لە ١٩٦٠ەکاندا، کوردســـتانی بە کۆلۆنییەکی ئینتێرناسیۆناڵ پێناســـە کـــرد، نموونەیەکـــی تایبەتـــە لـــە پســـپۆڕێکی چالاک لەســـەر پرســـی کورد.

له ١٩٦٠ه‌کاندا، بیشـــکچی ســـه‌ره‌تا له‌سه‌ر عه‌شــیره‌تی کۆچه‌ری «عه‌لیخان» کاری کرد، له کاتێکدا که سیاســه‌ته ئاسیمیلاسیۆنه‌کانی حکوومـــه‌ت له کوردســـتاندا پیـــاده ده‌کران و ته‌نانــه‌ت حاشـــا له شوناســـی جیـــاوازی کوردی ده‌کرا. به‌پێی قســـه‌ی حکوومه‌ته‌که، کـــوردی دیالێکتێکی تورکی بوو و کورده‌کان عه‌شیره‌ی تورکی کۆچه‌ر بوون که له‌گه‌ڵ برا تورکه‌کانیان له ئاسیای ناوه‌راسته‌وه وێکڕا بۆ تورکیه‌ی ئه‌مڕۆکه کۆچیان کردبوو. بیشکچی کوردســـتان وه‌کوو کۆلۆنییه‌کی نێونه‌ته‌وه‌یی ناو ده‌بات و ئاماژه به دابه‌شبوونی کوردستان له نێـــوان چـــوار وڵاتـــدا ده‌کات. ئه‌گه‌رچی بیشکچی هیچکات له کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی وه‌کوو چه‌مکێک که‌ڵکی وه‌رنه‌گرتووه، ئه‌وه‌ی ئه‌و له توێژینه‌وه‌که‌یدا پێناسه‌ی ده‌کات، زۆر نزیکه لـــه تایبه‌تمه‌ندییه‌کانـــی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی کـــه له ســـه‌ره‌وه ئاماژه‌مان پێدان. بیشـــکچی، له‌به‌ر توێژینه‌وه‌کـــه‌ی، چه‌ندین ساڵ زیندانی کرا، لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی له ناوه‌نده ئاکادمیکه‌کاندا به که‌م نرخ نیشان درا و کرایه نموونه‌یه‌ک بـــۆ گه‌یاندنی په‌یامێکی ڕوون به هه‌ر توێژه‌رێک که بیوێرایه پرسی کوردستان باس بکات و کوردســـتان وه‌کوو کۆلۆنییه‌کی نێوخۆیی ناو ببات. هه‌ر بۆیه، له ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا، باســـی پێوه‌ندیدار به کۆلۆنیالیزم له بیاڤـــی ئاکادمیکدا له تورکیه بوونی نه‌بوو، ئه‌گه‌رچی ئه‌م چه‌مکه ئێســـتدلالی سه‌ره‌کیی پارتی کرێکارانی کوردستانی له‌و کاته‌دا پێک ده‌هێنا.

کاتێک له ١٩٩٠ه‌کاندا، شه‌ڕی نێوخۆیی په‌ره‌ی ســـه‌ند، لێکۆڵینه‌وه‌کان له‌ســـه‌ر کورد سه‌رنجیان له‌ســـه‌ر هه‌ڵســـه‌نگاندنی ئاکامی توندوتیژیی حکوومه‌تی و ئاکامه کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاســـییه‌کانی بـــوو، وه‌ک، ناســـۆنالیزم، گۆڕینـــی شـــوناس، ڕاگوێزرانـــی به‌ناچاری و بزربوونـــه‌کان. له کۆتاییه‌کانـــی ١٩٩٠ه‌کاندا و له ده‌یه‌ی یه‌که‌می ســـه‌ده‌ی بیســـته‌مدا، توێژینه‌وه‌کان له‌ســـه‌ر کـــورد به‌ره‌به‌ره زیاتر سه‌رنجی ئاکادێمیای نێونه‌ته‌وه‌ییان ڕاده‌کێشا و په‌یوه‌ندیداربوونـــی پارادایمـــی کۆلۆنیال به که‌یسی کورد هاته به‌ر باس. تێزی دوکتورای «ئۆزگور ســـێوجی گۆڕاڵ» نموونه‌یه‌کی باشه له‌وه‌ی کـــه چۆن ئه‌زموونه‌کانـــی ڕاگوێزرانی بـــه زۆره‌ملی و بزربوونـــه‌کان له ١٩٩٠ه‌کاندا و، باســـی به‌رینتری سیاسی و گشتی له‌سه‌ر ئه‌م پرســـانه، له ده‌وروبـــه‌ری توێژینه‌وه‌کانی په‌یوه‌ندیـــدار بـــه کۆلۆنیالیـــزم و پۆســـت کۆلۆنیالیزمدا به ده‌ق کرا.

شـــیکاریی هه‌ڵکه‌وته‌یـــی لـــه لایـــه‌ن «گامبێتـــی» له‌ســـه‌ر سیاســـه‌تی کۆلۆنیالی شـــاری له پێته‌ختی دێفاکتۆی کوردســـتان، دیاربه‌کر، و هه‌روه‌ها شـــیکاریی گۆڕانکارییه هه‌ڵکه‌وته‌ییـــه‌کان و سیاســـه‌تی نیۆلیبـــراڵ له لایه‌ن «یوکســـێل» له ناوچه‌ی «ســـوور» له دیاربه‌کر، باســـی ئه‌وه ده‌کـــه‌ن که چۆن فـــه‌زای شـــاری به‌پێی چه‌ندین سیاســـه‌تی پۆست کۆلۆنیال و نیۆلیبراڵه‌وه داده‌ڕێژرێته‌وه. تیـــۆری ئۆریه‌نتالیزم و پۆســـت کۆلۆنیالیش بۆ شـــیکاریی دیسکۆرســـی سیاسی AKP و نوێنه‌رایه‌تیکردنی کورده‌کان له دیسکۆرســـی گشـــتی و سیاســـیدا به‌کار هێنـــراون. پتر له‌مـــه‌ش، لـــه‌م ســـاڵانه‌ی دواییـــدا، گۆڕانی نوێـــی بزوتنه‌وه‌ی سیاســـیی کـــوردی به‌ره‌و ئۆتۆنۆمیـــی دێموکراتیـــک و دامه‌زراندنی له ڕۆژئاوا (باکووری سووریه) وه‌کوو ئه‌زموونێکی دژه‌کۆلۆنیالیزاســـۆن یـــان جێگره‌وه‌یه‌ک بۆ ده‌وڵه‌ت ـ نه‌ته‌وه‌کان خوێندنه‌وه‌ی بۆ کراوه. له کاتێکدا، هه‌موو ئه‌م توێژینه‌وانه بوونه‌ته هۆی دارشـــتنه‌وه‌ی چوارچێوه‌یه‌کی نوێ بۆ پرسی کورد له ڕوانگه‌یه‌کـــی کۆلۆنیاله‌وه، گرینگیی که‌م دراوه به ڕۆڵی دیســـکۆرس و سیاســـه‌ته ئایینییه‌کان له‌و پرۆژه کۆلۆنیالانه‌ی له لایه‌ن ده‌وڵه‌تـــی تورکیه‌وه خراونه‌ته ڕوو. له کاتێکدا ڕوونه که هه‌ڵســـه‌نگاندنی دینامیکی ئایینیی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، بـــه درێژایی ماوه‌ی

حوکمـــی کۆمارەکە لە تاقەتی ئـەم وتارەدا نیـە، ئاوردانەوەیەکی سـەرەتایی لە مێژووی پەیوەندیـــی دەوڵەت ـ ئایین لـــە تورکیە، لە پێناو تێگەیشـــتن لـــە تایبەتیبوونی دەورانی ئاکەپە، گرینگە.

## سیاســـەتی ئایینی وەکـــوو ئامرازێکی کۆلۆنیـــاڵ: ئاوردانەوەیەکـــی کورت لە دەورانی کۆمارەکە

ئەگەرچی دروســـتبوونی کۆماری تورکیە زۆر جـــار وەکوو پرۆژەیەکی مۆدێرن و ســـێکۆلار ناو دەبردرێت، بـــەڵام لەو هەوڵانەی لە پێناو دروســـتکردنی شوناســـی نەتەوەیی تورکی دراون، ئاییـــن ڕۆڵێکـــی ســـەرەکیی گێڕاوە. پـــرۆژەی سێکۆلاریســـتی کەماڵیســـتەکان پرۆژەیەکـــی جیـــاواز نەبـــوو: ئامانجـــی بەنەتەوەییکردنی ئیسلام و، ئاوێتەکردنی بوو لە نێو دامەزراوەی حکوومەتیدا. خەلافەتەکە لە ٣ی مارســـی ١٩٢٤دا هەڵوەشێندرایەوە و لە ١٩٢٥ بەملاوە یاســـاگەلێک وەک یاسای کۆتاییهێنان بە دەســـتووری ئایینی (١٩٢٥)، یاســـای تایبـــەت بە ســـەرپۆش و جلوبەرگ (١٩٢٥) و یاســـای مەدەنیی تورکی (١٩٢٦) وەکوو کۆڵەکەکانی حکوومەتی سێکۆلاریستی خرانەگـــەڕ. ئەم ڕیفۆرمانـــە بەتایبەتی کردار و خاوەن دەســـەڵاتە ئایینییـــە نەریتییەکانی کردبـــووە ئامانج، کە لەودا وەکوو دواکەوتوو و گرفت بۆ دەســـەڵاتی حکوومەتی نوێ سووک دەکـــران. ســـەرەڕای ئەمەش، ئـــەم کۆمارە سێکۆلاریســـتە، وازی لـــە کەڵکوەرگرتن لە ئایین لە پێنـــاو ئامانجەکانی خۆی نەهێنا و، بەڕێوەبەرایەتیـــی کاروبـــاری ئایینی ڕێک لە هەمان ڕۆژدا کە خەلافەتەکە ســـەرکوت کرا، دامەزرا. بـــە تورکیکردنی بانگی ئیســـلام لە ١٩٣٠دا نیشانەیەکی سەمبولیکی هەوڵەکانی حکوومەت بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئیسلام وەکوو ماکەیەکی ناوەندیی دروستکردنی کولتووری نەتەوەییی تورکی بوو.

ســـەرنجی لێروانینـــی کەماڵیســـتی بۆ ئایین، لەپەراوێزخســـتنی کردار و دامەزراوە ئایینییـــە نەریتییەکان بوو، بـــەڵام زۆربەیان لـــە شـــێوەیەکی کەمتـــر بەرچـــاو و زۆرجار نهێنیـــدا مانـــەوە. خۆڕاگرییەکە لـــە ناوچە کوردییەکاندا بەتایبەتی بەهێز بوو. یەکەمین ســـەرهەڵدان لە دژی ڕێژیمی نوێ لە ١٩٢٥ لە دەورووبەری شێخێکی نەقشبەندیی کورد، شێخ ســـەعید دەســـتی پێکرد و لەو کاتەوە تا ئێســـتا ئەوەی کـــە هاندەرەکەیان چەندە ئایینی و چەندە ئێتنیکی بووە، بووەتە جێگای باسی مێژووناسی. ســـەرهەڵدانەکە بە توندی ســـەرکوت کـــرا و دوابەدوایدا دەیـــان هەزار کورد بە زۆرەملی کۆچیان پێ کرا. سەرەڕای ئەمـــەش، دژایەتی و ســـەرهەڵدان لە ناوچە کوردییەکاندا، لە دەیەی پاشـــی دا درێژەیان هەبوو؛ ســـەرەکیترینیان لە ئاگری (١٩٢٧ ـ ١٩٣٠) و شۆڕشی دێرسیم (١٩٣٦ ـ ١٩٣٨). یەکگرتوویی مەزهەبی و ڕێبەرە ئایینییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لەو شۆڕشـــانەدا گێڕا کە ئاکامیان ســـەرکوتی زیاتر و کۆچی زۆرەملی زیاتر بوو.

لە ١٩٢٠ەکانەوە تا ١٩٨٠کان، دیسکۆرسی حکوومەتی و سیاسەتی لە کوردستاندا لەسەر بنەمای سیاســـەتی ئاسیمیلاسیۆن بوو، حاشا لـــە بوونی کـــوردەکان دەکرا، دەیـــان هەزار کورد کوژران، ڕاگوێـــزران، تەبعید کران و لە قەراخ شـــارەکانی ئاناتۆلیدا نیشتەجێ کران. لـــەم دەورانـــەدا، حکوومەت پرســـی کوردی وا نیشـــان دەدا کـــە ئاکامـــی دواکەوتوویی ناوچەیی، خۆبەدەســـتەوەنەدانی عەشـــیرەیی و سیاســـەتی پاشـــکەوتووانەیە و قامکـــی بۆ لای نەخوێنـــدەواری، خۆبەدەســـتەوەنەدانی خـــاوەن مڵکـــەکان و بـــژاردە ئایینییـــەکان (شـــێخەکان) و پەرەنەســـەندوویی ناوچەیی ڕادەکێشا. ســـەرەڕای هەوڵەکانی حکوومەت لە پێناو ســـەرکوتی پێکهاتە ئایینی ئایینی و سیاسییە نەریتییەکان لە ناوچە کوردییەکاندا،

باشـــووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلیا لە پەراوێزەکانی کۆمارەکەدا مانەوە.

کاتێک لـــە ١٩٥٠دا گۆڕانـــکاری بەرەو سیســـتمی چەندحیزبی هاتە ئـــاراوە، ئایین وەکوو پلاتفۆرمێک بۆ ئەو حیزبە سیاســـییانە کە دژایەتیی لەرابەدەربوونی سێکۆلاریزمیان دەکرد، گەڕایەوە گۆڕەپانی سیاسی. یەکەمین حیزبی سیاســـیی ئیسلامی لە ســـەرەتاکانی ١٩٧٠کاندا دامـــەزرا و ئایدۆلۆژیگەلێک وەک بزووتنەوەی ئاسۆی نەتەوەیی (میلی گوروش) بـــە ڕێبەرایەتیی «ئەربـــەکان» و ئاوێتەبوونی ئیســـلامی ـ تورکـــی بەرەبـــەرە بەردەنگـــی زۆرتریـــان دۆزییـــەوە. ئەگەرچـــی حیزبـــە ئیسلامییەکان لەم ســـاڵانەدا دەیانتوانی بێنە نێو بەرەی دەوڵەتییەوە، بەڵام کاریگەرییەکی کەمیان لەســـەر سیاســـەت هەبـــوو، چونکە ماوەی دەوڵەتەکانیان تا ڕادەیەک کورت بوو و تووشی کودەتای سەربازی دەبوون. سەرەڕای ئەمەش، لەگەڵ کودەتای سەربازیی ١٩٨٠دا، ئیســـلام لە ڕێگـــەی دەستبەســـەرداگرتنی ســـەربازییەوە کە ئامانجـــە ڕاگەیەندراوەکەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەستووری گشتی و شەڕ دژی کۆمۆنیزم بوو، گەڕایەوە گۆڕەپانی گشتی. ئەگەرچی چالاکییە ئیسلامییەکانیش لە ساڵە سەرەتاییەکانی ڕێژیمە سەربازییەکەدا تووشی بەربەست بوون، بەڵام ئیسلام ڕۆڵێکی بەرچـــاوی گێـــڕا لـــە ئایدیۆلۆژیـــی فەرمیی دەســـەڵاتە نوێیەکەدا. بەپێی «جێنکینز»، لەو ساڵانەدا، کۆمەڵگای تورکی بە خێرایی بەرەو هێڵێکی ئیســـلامی - نەتەوەیی پاش کودەتا ڕۆیشت، ئەمەش خۆی لە زیادبوونی ژمارەی دەنگەکانی حیزبە نەتەوەیی و ئیسلامییەکان لە ١٠,١٪ وەوە لە ١٩٨٧دا بۆ ١٦,٩٪لە ١٩٩١، ٢٩,٩٪ لـــە ١٩٩٥، ٣٤,٩٪ لە ١٩٩٩، ٥٤٪ لـــە ٢٠٠٢ و ٦٦,٢٪ لە ٢٠٠٧دا دەبینییەوە. حیزبە سیاســـییەکانی بزووتنەوەی ئاســـۆی نەتەوەیـــی )حیزبی خزمەتگـــوزار (Welfare Party)، حیزبی چاکەکاری (Virtue Party)، حیزبـــی بەختـــەوەری( (Felicity Party) ، حیزبە مەیلەو ڕاســـتەکان (حیزبی نیشتمان (Motherland Party)، حیزبی ڕێگەی ڕاست (True Path Party) و حیزبـــی بزووتنـــەوەی ناسیۆنالیســـتی( بڕبڕەی پشتی ئەم زیادبوونی پشتیوانییەیان لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا پێک هێنا.

ســـەرەڕای ئەمەش، دواتر ســـەرهەڵدانی ئیســـلامگەراکان لـــە ١٩٩٠کانـــدا وەکـــوو مەترسییەک بۆ بژاردەی سیاسی و سەربازی ســـەیر کرا کە لـــە ئاکامدا کودەتای پۆســـت ـ مۆدێرنـــی ٢٨ی فێوریـــەی ١٩٩٧ی لـــێ کەوتەوە. جێگـــرەوەی بزووتنەوەی ئاســـۆی نەتەوەیـــی، واتـــە ئا.کە.پـــە (AKP)، وەکوو حیزبێکـــی مەیلەو ڕاســـت ســـەری هەڵدا و حیزبەکانـــی بزووتنەوەی ئاســـۆی نەتەوەیی، پشـــتیوانیی خۆیـــان لە پـــاش زنجیرەیەک قەیرانی ئابووری و سیاســـی لەدەســـت دا و لـــە ئاکامدا، لە ٢٠٠٣ بەملاوە دەســـەڵات لە دەســـتی AKP کۆبووەتەوە. لەگەڵ دەورانی ئاکپارتی، پەراوێزی پارێزگاریخواز، پشتیوانیی خۆی لە باڵی نێوەڕاســـتدا لە شکڵی دەوڵەتی تاکحیزبـــی کۆ کردەوە، ڕەوتێـــک کە بۆ ١٥ ســـاڵ هەر بەم شێوەیە مایەوە. لەم دەورانەدا، ئیسلامگەرایی بەرەبەرە بووە یەکێک لە ماکە سەرەکییەکانی دیسکۆرسی حکوومەتی.

ئاکپارتـــی لـــە ســـاڵە ســـەرەتاییەکانی دەسەڵاتداریی خۆی لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠دا بە شێوەیەکی دەرهەست و بە ڕێزەوە لەگەڵ ڕێژیمـــە ســـێکۆلارەکە هەڵســـوکەوتی کرد، ئەویش بە هـــۆی چاوەڕوانییەکانی یەکیەتیی ئورووپا و گوشـــاری هێزی سەربازیی تورکیە. ســـەرەڕای ئەمەش، کاتێک مەیدانی مانۆڕی لە ســـاڵی دواییدا زیاتر بوو، ئاکپارتی دەستی کرد بە جێبەجێکردنی سیاسەتە زیاتر ئاشکرا ئیســـلامییەکان. ئاکپارتی لە کاتێک بەشـــی زۆری ئـــەو ئایدیۆلۆژییە ناسیۆنالیســـتییەی لـــە دەیەکانی ڕابـــردوودا پەرەی ســـەندبوو،

ڕاگرتبوو، کەڵکی لە دیسکۆرس، کردار و دامەزراوە ئیسلامییەکان وەکوو سەرچاوەیەک بۆ پەرەپێدان بە کاریگەریی سیاسی و ئابووریی خۆی وەرگرت. ناوچەی کوردستان، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم سیاسەتە بوو کە مەبەستی شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی حکوومەت، لە گۆڕەپانێکی لە باری سیاسییەوە پڕکێشمەکێشی، کێشە ئیتنیکی ـ ئایینییەکان بوو. ئەگەرچی ئەم سیاسەتە حکوومەتییە هەندێ جار بە گۆڕینی پارادایم، بەتایبەت لە دەورانی لیبراڵی دەسەڵاتی ئاکپارتیدا، بە ئەژمار هێنراوە، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە پارادایمی کۆلۆنیال، بە درێژاییی ئەو دەورانە هەر زاڵ بووە و دیسکۆرسی ئیسلامیی یەکیەتی و برایەتی کە لە لایەن ئاکپارتییەوە پەرەی پێ دراوە، مانیفێستێکی سیاسەتی کۆلۆنیالە، لە دەستی دەوڵەتدارییەکی ئیسلامیدا. بەگشتی، ئەوەی ئاکپارتی لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد خستیە ڕوو، گۆڕانێکی بنەڕەتی نییە لە پارادایمی حکوومەتی، بەڵکوو ئاڵوگۆڕێکی ستراتیژیکە بۆ بەکارهێنانی دیسکۆرسی ئایینیی یەکیەتیی برایەتی، لە پێناو بازدان بەسەر سروشتی ئیتنیکی ـ سیاسیی پرسی کورددا.

## «برای کوردی موسوڵمانم»: ئیسلام وەکوو ئامرازێکی دەوڵەتداری و ڕەواییدان بە سیاسەتی توندوتیژیی حکوومەتی

دەسەڵاتی کۆلۆنیالی حکوومەتی تورکیە لە ناوچە کوردییەکاندا، دەکرێ لە زۆر بواری دامەزراوەکەدا و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا ببینرێت. ئەوەی «بەدرخان» لە دیاربەکر دەیبینێت، دەکرێت بۆ سەرانسەری کوردستانی تورکیە ڕاست بێت: بە شێوەیەکی کۆلۆنیالی بەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە، هەم لە ڕووی فەزا و هەم لە ڕووی دانیشتووانەوە. نزیک بە نیوەی شارە کوردییەکان بۆ کۆڵانە سەربازییەکان تەرخان کراوە، بۆ بینا سەربازییەکانی تایبەت بە بنەماڵەکانی سەربازەکان، مامۆستایان و کارمەندانی دەوڵەتی و هەروەها بۆ بەڕێوەبەرایەتیی فەرمانداری، شوێنگەلێک کە بە زۆری نزیک لە یەکتر دروست کراون و بە توندی لە ژێر پارێزگاریکردندان. بەشی دووهەمی ئەم دابەشکردنە، بەشێکی مردووە کە لەودا کەس ئاسایشی ژیانێکی نیە کە بە هۆی یاسا و شارۆمەندییەوە پارێزگاریی لێ کرابێت. ئەمە بارودۆخێکی بەردەوامی تایبەتە کە لەودا، کوردەکان لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی سزاداندان، شتێک کە لە بەشەکانی تری تورکیەدا نابیندرێت.

ئەوە ڕاستە کە لە ساڵە سەرەتاییەکانی ئاکپارتیدا، هەندێ بەرەوپێشچوون لە پرسی کورددا هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی تر لە کۆمەڵگا بە گشتی ڕووی دا. زۆرێک لە شارەزایان ئەمەیان وەکوو گۆڕانکارییەکی پارادایم سەیر کرد و پێیان وابوو کە ئەو مۆدێلەی تورکیە، نموونەیەکی دێموکراسیی ئیسلامییە. لە هەمان حاڵدا، گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییانە لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و ڕۆڵی سەرهەڵدانی کوردی لە هەر دوو وڵاتی سوریە و عێراق ئاشکرای کرد کە نەتەنیا ئەو مۆدێلەی تورکیە نموونەیەک نیە، بەڵکوو درێژەیەکە لە سیاسەتی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ژێر دەسەڵاتی هەم ڕێژیمە سێکۆلارەکان و هەم ڕێژیمە پارێزگاریخوازەکاندا. لە کەیسی کورددا، سیاسەتی ئیسلامگەرایی نەک مانای دابڕان لە سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆلۆنیال نیە، بەڵکوو زیاتر گەڕانە بەدوای ڕێگەی نوێ لە پێناو سەپاندن و ڕەواییدان بەو دەسەڵاتە کۆلۆنیالەی لە ئارادایە.

لە ڕێگەی چەندین نموونەی دیسکۆرس و سیاسەتی کۆلۆنیالی نێوخۆیی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاکپارتیدا، ئەم بەشە شیکاریی

ئەوە دەکات کە تا چەنـــد ئیدەی یەکیەتیی ئیســـلامی (ئۆممە) و برایەتـــی، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی تورکی دەکات. پێم وایـــە کەڵکوەرگرتن لە دیســـکۆرس و سیاســـەتی ئایینـــی، ئامرازێکـــی ڕەواییدانە بۆ حکوومـــەت، کە جەخت لەســـەر باوەڕی هاوبەشـــی ئایینی بە ئیسلام، کە تورکەکان و کوردەکانی پێکەوە یەکخستووە، دەکاتەوە.

دیسکۆرسی ئیسلامی هەروەها دەرەتانێکی بۆ ئەو یاریکـــەرە خۆجێییانەی کە دەیانەوێ لە ســـامانی دابینکراوی دەوڵەتی و ناسراوی سیاســـی کەڵـــک وەرگـــرن، پێکدەهێنێت. حکوومەت، هاوکات لەگەڵ ســـەرکوتکردنی بەرهەڵســـتکارە سیاســـییەکانی، ئۆلگوویەکی جێگـــرەوەی نزیکایەتـــی لـــە هاوڵاتییـــە کـــوردەکان دەخاتـــە ڕوو، ئۆلگوویـــەک کە تایبەتمەندییەکـــەی ڕەتکردنەوەی کوردبوونە وەکوو فۆرمێکی تایبەتی گرێدراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی. سەرەڕای ئەمەش، تەئیدکردنی شوناسێکی ئایینی کۆیرکوێرانەی ئیتنیکی لە لایەن ئەم دیسکۆرســـە نوێیە حکوومەتییەوە بەدەر نیە لە پێشـــداوەریی ناسیۆنالیســـتی، هەروەک لە لایەن «هودا ـ پار»ەوە لە یەکێک لە وتووێژەکانی جەختی لەسەر دەکرێتەوە:

کێشـــەیەکی تـــر ئەوەیـــە کـــە ئەگـــەر بـــە قـــەدەر پێویســـت بچینـــە قووڵاییـــی پرســـەکەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە زۆربەی ئیســـلامگەرا ڕادیکاڵە تورکەکان، لە ڕاستیدا ناسیۆنالیستیشن. من باسی ناسیۆنالیستەکان ناکەم. ئیسلامییەکان بەو جۆرەن. دەزگایەکی درۆدۆز لە ئیســـلامگەرایەکی تورک ببەستە و نـــاوی شـــوێنگەلێک وەک عەرەبســـتان، تورکەمەنســـتان، تورکســـتان، کوردســـتان، ئازەربایجانـــی بـــۆ ڕیز بکە. هـــەر کە دەڵێی کوردســـتان، دڵیان بە توورەیـــی لێدەدات و دەزگاکە پەرچەکردار دەنوێنێ. تورکەکان لەم پرسەدا دەمارگرژن.

لێـــرەدا، ئەمـــن پێم وایە کە سیاســـەتی ئاسیمیلاســـۆنی حکوومەتی، فۆرمێکی نوێی بەخۆیەوە گرت کە لەودا، دەکرێ کوردستان بـــە بوونی ئایینـــی بەهێـــز و، لـــە کاتێکدا ئێستدلالە سیاسییەکانی بە هۆی دیسکۆرس و سیاســـەتی ئایینییـــەوە دەردەبرێت، بوونی هەبێـــت. ئەگەرچی کە دێتە ســـەر باســـی مافە سیاســـی و بەکۆمەڵەکانـــی کورد، ئەمە پێشـــکەوتن نیـــە، بـــەڵام چەندیـــن هاندەر لـــە ئارادایـــە کـــە دەبێتە هۆی ئـــەوەی ئەم دیسکۆرس و سیاسەتە لە ناوچە کوردییەکاندا جێی خـــۆی بکاتـــەوە. یەکەم، کـــوردەکان لەدوای چەندین دەیە توندوتیژی و جیاوازی دانان لە تورکیەدا، هەژار کراون و بە دەگمەن ستراتیژیی زیندوومانەوەیان هەیە. هەر بۆیە، ڕەتکردنەوەی کوردبوون وەکوو شوناســـێکی سیاســـی یان لانیکـــەم بوون بە کەســـێک کە لـــە بـــاری ئیتنیکییەوە کوێـــرە، هەندێ دەرەتان بۆ ئەو کەســـانە دەدا بە دەستەوە کە جێگرەوەیەکی دیکە شک نابەن. ئەوە بوونێکی سیاسیی بە تەواوی نوێ نیە، بەڵکوو «هێڵێکی خەباتە» لە وشەکانی «دێلووز و گواتاری»، کە لەودا کوردەکان، بە نرخی لەدەستدانی بوونی سیاســـیی کوردی و ئاواتـــە نەتەوەییەکانیان، ســـتراتیژییەکی نوێی زیندوومانەوە لەدەست توندوتیژیـــی حکوومەتی دەدۆزنەوە. دووهەم، ئـــەو کوردانەی لە قەراخ شـــارەکاندا دەژین، هێشـــتا دەژمارگـــرژی ئایینییـــان تێدایە کە خۆی لە پارێزگاریخوازیی کۆمەڵایەتی، نەریتە گشتپەســـندەکان یـــان وەفاداری بـــە بژاردە ئایینییـــە خۆجێییەکانی وەک شـــێخەکان دەردەخـــات. ئەو هەڵوێســـتە ئایینییە کە لە لایەن بەرپرســـە حکوومەتییەکانەوە گیراوەتە بـــەر، ئەو قازانجەی بۆ ئەو کەســـانە هەیە کە تا ڕادەیەکیش بێت ســـوود لەم وەفادارییەیان ببینـــن، بەتایبەت ئەگەر باســـی نەوەی کۆن بکەیـــن. ئەم سیاســـەتە لە مـــاوەی دەیەی ڕابردوودا بووەتە هـــۆی زۆربوونی دژایەتی و کێشمەکێشـــم لە نێوان بەشـــە جیاوازەکانی

کۆمەڵگادا، وەک ئایینی و سێکۆلار، لاو و پیر، شاری و گوندی، و خوێندەوار و نەخوێندەوار. لە کۆتاییدا، دامەزراوە ئیسلامییەکان، ڕۆڵێکی گرینگیان لە دیاردەی ڕادیکاڵیزەبوونی ئایینی کە لە ناوچەکەدا دەبیندرێت، گێڕاوە. نەتەنیا حیزبوڵلای کوردی، بەڵکوو زۆر دامەزراوەی دیکەی وەک لایەنگرانی حکوومەتی ئیسلامی و ئەلنوسرە (IS) کە دامەزراوە مەدەنییە کۆمەڵایەتییەکانی لە دەستپێکی شەڕی سووریەوە لە نێو لاواندا زۆر چالاک بووە، ڕۆڵیان گێڕاوە. ڕۆڵی دەوڵەت لە پرۆسەی ڕادیکاڵیزاسیۆن، لە زۆر ئاستدا یەکجار گرینگە. هەروەها، هەژاریی شاری کە لە نێو ئەو کوردانەی بە زۆر ڕاگوێزراون زۆر زەقە، نەتەنیا لە تورکیە بەڵکوو لە زۆر وڵاتی دیکەی زۆرینە موسوڵماندا، یەکێکی دیکە لە دنەدەرە سەرەکییەکانی پشت ڕادیکاڵیزاسیۆنە. سەرەڕای ئەمەش، هەژاریی شاری بە تەنیا نابێتە هۆی ڕادیکاڵیزاسیۆنی ئایینی یان سێکۆلار، بەڵکوو هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی وەک نایەکسانیی پێکهاتەیی، توندوتیژیی حکوومەتی و سیاسەتی حاشاکردن کاریگەری دەبێت.

کەمپەینی ئاکپارتی بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە ژوئەنی ۲۰۱۵دا نموونەیەکی زۆر زەقی کەڵکوەرگرتن لە دیسکۆرسی ئایینییە وەکوو ئامرازێکی ڕەواییدان لە ناوچە کوردییەکاندا. هەڵبژاردنەکانی ٧ی ژوئەنی ٢٠١٥ نەتەنیا خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی دێموکراسی لە تورکیە بوون، بەڵکوو دەستپێکی وەرسووڕانێکی خێرا و زۆربوونی لەرادەبەدەری توندوتیژی بوون، ئەویش پاش ئەوەی ئەردۆغان لە فێوریەی ٢٠١٥دا بەرەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی «دۆلمەباچەی» (the Dolmabahçe Agreement) هەڵوەشاندەوە. لە کاتی کەمپەینەکەدا، کەڵکوەرگرتن لە دیسکۆرسی ئایینی گەیشتە لووتکەی خۆی. یەکێک لە لایەنە سەمبۆلیکەکانی کەمپەینی ئاکپارتی، کەڵکوەرگرتن لە وەرگێڕانی کوردیی قورئان لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەریی نێگەتیڤی ڕاوەستاندنی پرۆسەی ئاشتی بوو. ئوردۆغان بە وەرگێڕانی کوردیی قورئان لە دەستیدا، بۆ خەڵک لێدوانی دەدا و ستایشی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی (دیانەت)ی دەکرد کە قورئانەکەیان وەرگێڕابوو و هەروەها ڕەخنەی لە هێرشی حیزبی دێموکراتی خەڵک (People's Democratic Party - HDP) بۆ سەر «دیانەت» دەگرت. ئەگەرچی وەرگێڕانەکە تەواو نەکرابوو و لەو کاتەدا هێشتا پێداچوونەوەی مابوو، دە هەزار کۆپی لێی بۆ هەڵبژاردنەکە چاپ کرا و لە نێوان ئەو ئیمامانەی کە بە زۆری دامەزراوەی دەوڵەت لە ناوچە کوردییەکان بوون، دابەش کران. باسکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە درێژەی هەبوو، ئەندام پارلەمانی هەدەپە و پرۆفسۆری توێژینەوە کوردییەکان «کادری ئیڵدریم» ڕایگەیاند کە «دیانەت» داوایان لە ناوبراو کردبوو کە بە وەرگێڕانەکەدا بچێتەوە، بەڵام کتێبەکە دواتر بەبێ پێداچوونەوە و لەبەر ئامانجی سیاسی نزیک لە هەڵبژاردنەکان چاپ کرابوو. ستراتیژیی ئاکپارتی لەم هەڵبژاردنانەدا شکستی خوارد و، هەدەپە زۆرینەی دەنگەکانی لە ناوچە کوردییەکان و لە نێوان کوردە مەزهەبییەکاندا بەدەست هێنا.

ئەمە یەکەمین جار نەبوو کە ئەردۆغان، ئاکپارتی و لایەنگرانیان لە ڕاگەیەنەکاندا کەڵکیان لە دیسکۆرسی ئایینی بەرامبەر کوردەکان وەرگرتبوو. کەڵکوەرگرتن لە ئیدەی ئۆممە، نموونەیەکی تری هەوڵەکانی ڕەواییدان بە دەسەڵاتی حکوومەتی و ناوزڕاندنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە ڕێگەی سەرچاوە ئایینییەکانەوە بوو. لە ماوەی کەمپەینی ئەو هەڵبژاردنانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، ئەردۆغان باوەڕی خۆی بەو جۆرە دەربڕی: «برا موسوڵمانە کوردەکان بە ئایینەکەیان

وەفادارن و لە هەڵبژاردنەکاندا وڵامی پێویست بە سیاسەتڤانە «زەرتەشتییەکان» (واتە هەدەپە) دەدەنەوە.» ساڵێک دواتر، سەرۆک کۆماری تورکیە کاتێک پاش چوار مانگ حکوومەتی سەربازی و خاپووربوونی ناوچەی «سوور» لە مانگی مای ٢٠١٦دا سەردانی دیاربەکری کرد، لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا ڕایگەیاند کە بەڵگە هەیە کە ئەندامانی هەدەپە زەرتەشتی و کافرن و داوای لە «برا موسوڵمانەکانی» کرد کە لە نێوان ئەمبەر و ئەوبەردا هەڵبژاردنی دروستی خۆیان بکەن. ئەم بڕیارە بۆ هەڵبژاردن بە تەواوی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کورددا جێی گرتووە، کاتێک لە لایەن سیاسەتمەداران، کارمەندان، هێزە ئاسایشییەکان و ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی کە لایەنگری دەوڵەتن، بەردەوام داوایان لێ دەکرێت کە خۆیان لە شوناسی سیاسیی کوردی بەدوور بگرن و بچەسپێن بە جۆری خوێندنەوەی حکوومەتییەوە کە بە پێی ئەم خوێندنەوەیە، پەکەکە و هەدەپە نوێنەرایەتیی کورد ناکەن و «کوردی باش»یش هەیە کە پشتیوانی لە «تیرۆریزم» ناکەن. هەروەها بانگەشە کرا کە تورکەکان و کوردەکان هەموویان برایانی یەک ئۆممەن. لە ماوەی کاری مەیدانیمدا لەگەڵ دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، زۆر جار ڕووبەڕووی ئەم خوێندنەوەیە بوومەوە و بەو ئاکامە گەیشتووم کە زۆربەی خەڵکی کورد بە نیسبەت ئەم جۆرە جیاکاری و مەرجبەندییە وشیارن. ڕستەی «من کوردێکی موسوڵمانم و پشتیوانی لە پەکەکە ناکەم» کە جەختکردنەوەیە لەسەر شوناسی ئیسلامی و دژایەتیی بزووتنەوەی کوردی، دەبێتە هێڵێکی خۆپەڕینەوە بۆ ئەو کوردانەی کە هەوڵ دەدەن خۆیان لە شەرمی کوردبوون ڕزگار بکەن و خوێندنەوەیەک لەسەر بنەمای برایەتی و یەکیەتیی ئیسلامی هەمدیسان بەرهەم بهێننەوە.

جیاکاری لە نێوان کوردی باش و کوردی خراپدا، خۆی لە خۆیدا بە هۆی دیسکۆرسێکی ئیسلامییەوە دەردەکەوێ؛ دیسکۆرسێک کە تێیدا تورکبوون بە ئاشکرا و نائاشکرا سەردەستە، لە کاتێکدا کوردبوون نادیارە یان کراوەتە شەرم. لە ئاکامدا، ئەگەرچی حاشاکردنی فەرمیی هەبوونی کوردی کۆتایی پێهاتووە، لەبەر ئەوەی ئیدی لەگەڵ وەها حاشاکردنێک هەڵناکرێت، بەڵام حاشاکردن لە پرسی کورد وەکوو پرسێکی ئیتنیکی ـ سیاسی، لە دەورانی ئاکپارتیدا، بەستێنی نوێی دۆزیوەتەوە، ئەویش بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە خوێندنەوەی ئیسلامی کە لەسەر دیسکۆرسێکی یەکیەتی و برایەتی دامەزراوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم برایەتییە پێویستی بە لێڕوانینێکی کوێرکوێرانەی ئیتنکی لە هەمبەر بوونی خودی خۆی و هەروەها سەلماندنی وەفاداری لە هەر دەرەتانێکی لەواودا هەیە. ئەم وەفادارییە خۆی بە باشی لە نموونەکانی دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکانی لایەنگری حکوومەت لە ناوچە کوردییەکان نیشان دەدات.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاوپەیمانییان لەگەڵ ئاکپارتی لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا دەخەمە ڕوو. داتاکان لە ماوەی دوو ساڵ کاری مەیدانی لە شارە کوردییەکان، لەوانە چاودێریی بەشداربووان و وتووێژ لەگەڵ ئەندامان، ڕێبەران و ئەوانەی وەرگری خزمەتگوزاری و چالاکییەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بوون، کۆ کراونەتەوە.

لە سەرەتاکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم و یەکەمدا، ناوچە کوردییەکان شایەتی زۆربوونێکی خێرای ژمارەی دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە بوارەکانی یارمەتی مرۆیی، فێرکاری، خانوو بۆ قوتابیان، مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدان بوون. زۆربەی

ئەم دامەزراوانەی کە لە ناوچە کوردییەکان چالاکن سەر بە هەندێ حەڵقەی ئیسلامین کە پێش لە دامەزراوەی ئاکپارتیش هەبوون. لە کاتێکدا ژمارەیەکیان لقی لۆکاڵی گرووپە ئیسلامییە تورکییە سەرانسەرییەکانی وەک «بنیاتی ئەنسار»، «عیلم یەیما جەمعییەت» و «بزووتنەوەی گولەن»ن، زۆرێکی دیکەیان سەر بە حیزبوڵڵای کوردی و گرووپە ئیسلامییە کوردییەکانی دیکەن کە لە باڵی نیوەڕاست تا توندڕەویان تێدایە وەک «پلاتفۆرمی ئۆزێ دونووش» (Öze Dönüş Platformu)، ، «ئەنجوومەنی ئایدەر و موستەزەفلەر» ئەگەرچی ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی کە سەر بە گولەن بوون، لە لایەن ئاکپارتییەوە زۆرترین یارمەتی کران، پێش لە یەکەمین تێکهەڵچوونی نێوانیان لە ٢٠١٣دا، زۆربەی ئەم دامەزراوانە سوودیان لە جۆرە جیاوازەکانی پشتیوانیی حکوومەتی لە لایەن دەسەڵاتی ئاکپارتییەوە بینیوە. نموونەی بەرنامەی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی (the Social Support Programme (SODES)) ئەم سیاسەتە ڕوون دەکاتەوە. SODES بەرنامەیەکە بە مەبەستی پەرەپێدان داڕێژراوە و سەرنجی لەسەر ناوچە هەژارەکان و حەشیمەتی کەم نوێنەرە. لە هەمان کاتدا، هانی تاکەکان، دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کاسبییە بچووکەکان دەدا تا خۆیان لەگەڵ سیاسەتی نیولیبراڵ بگونجێنن و جۆرێکی پارێزگاریخوازانە لە بەرهەمهێنانی کار بخولقێنن. دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە سەر بە گولەن بوون، بۆ ساڵانێکی زۆر، زۆربەی یارمەتییەکانی SODESیان وەرگرت، لە سەرانسەری ناوچە کوردییەکاندا پەرەیان سەند، لە نێو لاوانی کورددا ئەندامگیرییان کرد و ئادیۆلۆژییەکی ئیسلامیی نەرم و ناسیۆنالیزمیان پەرە پێدا. لە پاش یەکەمین بەریەککەوتنی ئاکپارتی و گولەن لە کۆتاییەکانی ٢٠١٣دا، پرۆژەی SODES بەرەو دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی ئاراستەی خۆی گۆڕی، لەوانە ئیسلامگەرا کوردەکان کە خۆیان لەگەڵ سیاسەتەکانی حکوومەت ڕێکدەخست و پەیوەستی «پلاتفۆرمی ویستی نەتەوەیی» یان «پلاتفۆرمەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی ئیسلامیی لۆکاڵ» بوون.

ئەم پلاتفۆرمانە کە لە لایەن دامەزراوەی ئاکپارتییەوە داهێنرابوون یان هان درابوون، وەکوو تاقیکارییەکی چارەنووساز بۆ ئەو دامەزراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەندامانیان سوودیان لە جۆرە جیاوازەکانی پشتیوانیی ماڵی و سیاسی بینیبوو، خزمەتی دەکرد. حکوومەت لە هاوپەیمانییەکە کەڵکی وەرگرت بۆ پەرەپێدانی دیسکۆرسی یەکیەتی و برایەتی و بەلارێدابردنی خەڵک لە ڕێی دامەزراوە سیاسییەکانی لایەنگری کورد. پێویستە جەخت بکرێتەوە کە پرۆگرامگەلێکی پشتیوانیی کۆمەڵایەتی وەک SODES زیاتر پەرەیان بە دامەزراوەگەلێکی سیاسی و ماڵی بەستراوە دا، تا ئەوەی هێز بە یاریکەرە مەدەنییەکان ببەخشن و یارمەتیدەری ئەو کارخولقێنەرانە بن کە ئەجێندای سەربەخۆیان بۆ بزووتنەوەی جەماوەری و وەگەڕخستنیان دەبوو. ئابووریی سیاسی، هەر وەک چۆن لە دەیەکانی پێشوویشدا هەر وا بووە، وەکوو ئامرازێکی کۆلۆنیاڵ لە لایەن دەسەڵاتی هێژمونیکەوە کەڵکی لێ وەردەگیرا.

ڕووداوی لەدایکبوونی پیرۆز (Kutlu Doğum) کە لە لایەن عاشقانی پێغەمبەر (Peygamber Sevdalıları Platformu) سەر بە پلاتفۆرمی لایەنگرانی حیزبوڵڵا ڕێک خرا و، هەروەها جەژنگرتنی داگیرکردنی پیرۆزی دیاربەکر، پێتەختی سەمبۆلیکی سیاسەتی کوردی، دوو نموونەی پەرەپێدانی ئیسلامی سیاسی لە گۆڕەپانی گشتیی کوردیدان. یەکەمینیان بووە ڕووداوێکی گشتیی بەرچاو بۆ ئەو گرووپە ئیسلامییە کوردییانەی کە لە شەڕی نێوخۆیی ١٩٩٠ەکاندا بەشدارییان

کرد و بە کوشـــتنی زیاتر لـــە هەزار خەڵکی مەدەنیی کورد، پشـــتیوانییان لە حکوومەت کرد. حیزبوڵڵای کوردی بۆ دوو دەیە بە نهێنی کاری کرد، بەڵام لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیســـت و یەکەمدا لە ڕێگەی دامەزراوەکانی کۆمەڵـــگای مەدەنی و حیزبی سیاســـییەوە (Hüda-Par) لە گۆڕەپانی گشتیدا دەرکەوت. ئەوان لە ســـەردەمی شـــەڕدا خۆیان وەکوو وەفـــادار بە حکوومەت ســـەلماند، ئەگەرچی بەرژەوەندیـــی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـیی جیاوازی خۆیانیان هەیە. هاوپەیمانی لە نێوان حکوومـــەت و « Hüda-Par» ڕەنگدانەرەوەی ســـتراتیژیی حکوومەت لەم گۆڕەپانە سیاسیە پڕکێشمەکێشەدا بوو، ستراتیژییەک کە تێیدا گرینگی دەدرا بەوەی کە کێ پشـــتیوانی لە ئەجێنداکەیـــان دەکات، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کـــە ئایا ئەوان هاوپەیمان بەڕاســـتی یان هاوبەشـــی ســـتراتیژیک بـــوون یان نا. هاندەری ســـەرەکی لێرەدا، باڵانسی هێزەکان و دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردییە کە لە ژێر کاریگەریی یەک سەدە سەرکوت و سیاسەتی کۆلۆنیالدایە.

یەکەمین جێژنـــی داگیرکردنی پیرۆزی دیاربەکر لـــە لایەن دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ســـەر بە حیزبوڵڵا لـــە مای ٢٠١٦دا بەڕێوەچوو، کاتێک کە حکوومەتی سەربازیی چوار مانگـــە لە ناوچەی مێژوویی «ســـوور» تازە کۆتایی پێهاتبوو و هێشـــتا خاپوورکردنی بەربڵاوی کۆڵان و شـــوێنەوارە مێژووییەکانی ئەو شـــوێنە بـــە باشـــی تۆمـــار نەکرابوون. خاپوورکردنی شـــارە کوردییەکان، شـــان بە شانی دروســـتکردنی هێژمۆنی دیسکۆرسیڤ هاتـــە ئـــاراوە، هێژمۆنییەک کە ســـەمبۆل و خوێندنـــەوەی جۆراوجۆر لە پێناو پاراســـتنی دەســـەڵات و سیاسەتی کۆلۆنیالی حکوومەت بەرهەم دەهێنێـــت. لەدایکبوونی بەبەرەکەتی (حەزرەتـــی موحەممـــەد) یـــان جێژنـــی داگیرکردنی پیرۆزی دیاربەکر دەکرێ وەکوو نموونەکانـــی دژ بەو خوێندنەوەیەی لە لایەن حکوومـــەت و دامودەزگاکانیانـــەوە بەرهـــەم دەهێنرێت و پشـــتیوانی دەکرێـــت، هەژمار بکرێت. ســـەرۆک وەزیرانی ئەوکات، ئەحمەد داوود ئۆغلوو، لە هەمان ســـەردەمدا سەردانی شـــارەکەی کـــرد و لـــە بـــەردەم مزگەوتی گەورەی شـــارەکە(Ulu Cami)دا لێدوانی دا، شـــەڕەکەی بە ئاماژە بە مێژووی هاوبەشـــی ئیســـلام و ئیدەی یەکیەتی و برایەتی وەکوو داگیرکردنێکی پیرۆز وەسف کرد. لێدوانەکەی لە لایەن دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە کە تێیدا بەشدار بوون، پێشوازیی لـــێ کـــرا و هەروەها لـــە ســـەرجەم کاناڵە تەلەفزیۆنییـــە لۆکاڵی و سەرانســـەرییەکانەوە بڵاو کرایەوە. ئـــەم بەراوردکارییـــە، نەک بە ڕێکەوت نەبوو بەڵکوو پلانێکی ســـتراتیژیک بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندنەوەیەکی هاوشـــێوە لـــە هەمـــوو ئاســـتەکانی کۆمەڵـــگادا بـــوو. کەوابـــوو، هێنانەئارای باســـی داگیرکردنەکە هەڵبژاردنێکـــی هەرەمەکـــی نەبـــوو، بەڵکوو ســـتراتیژییەکی بە تەواوی کاربۆکراو بوو کە گۆڕدرابوو بـــە ڕووداوێکی گشـــتی کە تێیدا جەماوەر دەتوانن بەشداری بکەن، شایەتی بن و خوێندنەوەی حکوومەتی لەســـەر شەڕێک لەگەڵ تیرۆر بەرهـــەم بهێننەوە، کە ئەمەش دەبێتـــە نیشـــانەیەکی دیکەی دەســـەڵاتی کۆلۆنیالی.

«لەدایکبوونی بەبەرەکەت» و «داگیرکردنی پیرۆزی دیاربەکر»، لە ڕاستیدا وەکوو وەڵامێک بە جێژنی ســـەری ســـاڵی کورد، نەورۆز، کە پێشوازیی زۆر بەرچاوی لێ کرابوو و ڕووداو و کۆبوونەوە کوردییە گشتییەکانی دیکە سەیر کـــرا. ئەمە پێمان نیشـــان دەدا کە هێژمۆنی حکوومەتی لە ئاستگەلی جیاوازدا دێتە ئاراوە و گۆڕەپانی سیاسی و گشتیی کوردی دەگۆڕێت بـــە گۆڕەپانێک کـــە لەگـــەڵ بەرژەوەندییە سیاســـییە حکوومەتییەکاندا بگونجێ. شتێک کە ئەمن بە سیاســـەتی کۆلۆنیال ناوی دەبەم

چونکە مەبەستی ڕوونە و دەیەوێ ڕاستیی سیاسیی جەماوەری بەرەو لێروانینێکی پتر حکوومەت ـ تەوەر بۆ پرسی کورد بگۆڕێت. سەرسووڕهێنەر نیە کە هێنانەئارای باسی داگیرکردنەکە، لەگەڵ دارماندنی بەربڵاوی ناوچەی «سوور» هاوکات دەبێت. کاتێک ئەمن شایەت بووم کە چۆن هێزەکانی ئاسایش ئەو خاپوورکردنەیان بە داگیرکردنی پیرۆز و مەیدانێک کە پاش شەڕێکی قورس لە ۲۰۱۶دا تێیدا سەرکەوتوو بوون، وەسف دەکرد، پێم وایە لێرەدا هاوتەریبییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئەو دیسکۆرس و سیاسەتەی کە حکوومەت و دامودەزگا لۆکاڵییەکانی بەرهەمی دەهێنن و بڵاوی دەکەنەوە.

SODES یان ڕووداوگەلێکی گشتی وەک «لەدایکبوونی بەبەرەکەت» یان «داگیرکردنی پیرۆزی دیاربەکر» تەنیا ڕێگەگەلێک نین کە بە هۆیانەوە حکوومەتی تورکیە و داموزگا لۆکاڵییەکانی دەیانەوێ کونترۆڵ و ڕەوایەتی خۆیانی پێ زیاد بکەن. نموونەگەلێکی دیکەی ئەم پەیوەندییە دووسەرەیە لە نێوان حکوومەت و هاوپەیمانە لۆکاڵییەکانیدا لە ئارادایە: سامانی دابینکراو لە لایەن حکوومەتەوە وەک «بیناسازی لە ڕادەی زۆر» و «پرۆژە ژێربنەماسازییەکان» لە ئیختیاری پەیمانکارە لاوەکییە وەفادارە کوردەکاندا، ئەو پلەوپایە دامەزراوەییانەی دەدرانە ئەندامانی دامەزراوە ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەرکەوتنی تاک و دامەزراوە وەفادارەکان لە ئاستی گشتی و لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا، بەفەرمی ناسینی سیاسی و پشتیوانی لە لایەنگرانی حیزبوڵڵا (Hüda-Par) و دامەزراوە سیاسییەکانی دیکە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە حکوومەت، پێویستی بەم جۆرانەی هاوپەیمانی هەیە تا دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت و ڕەوایی بە کردەوەکانی لە ناوچەکە بدات. ئەم دامەزراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی، گۆڕەپانی هەم فیزیکی و هەم سەمبۆلی بۆ حکوومەت دابین دەکەن، تا دەسەڵاتی کۆلۆنیی خۆی لە ناوچەی کوردستان بەرهەم بهێنێتەوە و بپارێزێت و ڕووبەڕووی هەستی سەرهەڵدانی کوردەکان ببێتەوە. ئەم هاوپەیمانییە نرخێکی بەرزی هەیە چونکە حکوومەت داوایان لێ دەکات وەفاداریی خۆیان لە گۆڕەپانی گشتی و ڕاگەیەنە گشتییەکاندا نیشان بدەن، دیسکۆرسی یەکیەتی و برایەتی بەرهەم بهێننەوە و بڵاو بکەنەوە و لە چەندین کاناڵدا و هەر کات پێویست بوو، پشتیوانی لە حکوومەت بکەن. ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی کێشمەکێشم و شەڕی زیاتر لە گۆڕەپانی گشتی و سیاسیی کوردیدا و پەرچەکرداری جۆراوجۆر و بەربڵاو لە لایەن یاریکەرە لۆکاڵییەکان و حیزبە سیاسییەکانی بەدواوە دەبێت.

## ئاکامگیری

بە پشتبەستن بە پارادایمی کۆلۆنالیزاسیۆنی نێوخۆیی، ئەم وتارە ئیستدلالی کرد کە ئەم پارادایمە، بۆ شیکاریی سیاسەتی حکوومەتی تورکیە لە ناوچە کوردییەکان هەر لە دەستپێکی دەورانی کۆمارەکەوە، مانادارە. لەسەر بنەمای لەنێوبردنی پێکهاتە نەریتییەکان، سەرکوتکردنی توندوتیژ و سیاسەتی جیاوازیدانان، ئەم سیاسەتە، کوردستانی تورکیەی کردووە بە کۆلۆنییەکی نێوخۆیی، ئەمە سەرەڕای ئەو دیسکۆرسە ئاسیمیلاسیۆنییەی کە حاشای لە بوونی شوناسی جیاوازی کوردی کردووە. لە کاتێکدا ئەم پارادایمی کۆلۆنیالییە ماوەیەکە خەریکە دەبێتە جێی باسی دوایین توێژینەوەکان لەسەر پرسی کورد، ڕۆڵی سیاسەتی ئایینی لە هەوڵەکانی حکوومەت لە پێناو دامەزراندن و پاراستنی دەسەڵاتە کۆلۆنیالەکەیدا بە کەمی باس کراوە. ئەم وتارە هەوڵی دا بەرهەمێکی ڕەسەن لەم بوارەدا بخاتە ڕوو، ئەویش بە سەرنج خستنەسەر دەورانی ئاکپارتی و

خستنە ژێر پرسیاری کەڵکوەرگرتن لە ئاماژە ئیسلامییەکان لە لایەن دەوڵەت و پشتیوانەکانی لە ناوچە کوردییەکاندا.

برایەتیی ئایینی و باوەڕی هاوبەش بە ئیسلام وەکوو ئامرازێکی ڕێکخستنی سیاسی و ڕەواییدان بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانیی بەشە پارێزگاریخواز و/یان ئیسلامییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە لایەن دەسەڵاتی ئاکپارتییەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە. یاریکەرە دەوڵەتییەکان و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت، بە جەختکردنەوە لەسەر شوناسی هاوبەشی ئیسلامیی خەڵکی تورک و کورد و، هەوڵدان بۆ ناوزڕاندنی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی کە بەحەسێب باوەڕی ئایینیی نیە، هەوڵیان دا لە ڕێگەی پشتیوانی لە نوێکارییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامیی مەدەنی و پەرەدان بە دابونەریتی نوێ و جێژنی نوێی وەک «لەدایکبوونی بەبەرەکەتی حەزرەتی موحەممەد» و «داگیرکردنی پیرۆزی دیاربەکر»ەوە، کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی گشتی دابنێن و شکڵی نوێی پێ بدەن. ئەگەرچی لە نیگای یەکەمدا، ئەم نوێکارییانە وا دەردەکەوێت کە هاندەری بەشداریی زیاتر لە کاروباری دەوڵەتدایە، بەڵام خاڵی بەرامبەرەکەی سەرکوتی زیاتر و زیاتری دژبەرە سیاسییەکان و، وەپەراوێزخستنی زیاتری ئابووریی ئەو یاریکەرانە بووە کە لە دەرەوەی ئەم ڕایەڵەی لایەنگرییەدا بوون. بە کورتی، هەڵوێستی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئاکپارتی، خزمەتی بە بەهێزبوونی پێگەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی لە کوردستاندا کردووە.

تێگەیشتن لەم سیاسەتە پێویستی بە شیکارییەکی قووڵە. هەروەک لە وتارەکەدا ئاماژەی پێ درا، کاریگەرییە سیاسییەکەی لەسەر دەنگدانی خەڵک بەرتەسک بووە. لە هەمان کاتدا، ئەم سیاسەتە وڵام و خۆڕاگریی کوردەکانی لێ کەوتووە، وەک «نوێژکەرانی هەینیی مەدەنی» (Civil Friday Prayers) و شکڵگرتنی «کۆنگرەی دێموکراتیکی ئیسلامی» (the Democratic Islam Congress (DIK)) و دامەزراوەی دیکەی ئیسلامیی کۆمەڵگای مەدەنی بە لایەنگری لە کورد، چەند نموونەیەکن کە پێویستە لەسەر کاریگەربوون و شوێندانەرییان، لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر بکرێت. پتر لەمەش پێویستە بپرسرێت، تا چەند سیاسەتی ئاکپارتی لە ناوچە کوردییەکاندا توانی پەرە بە وەفاداری بە دەوڵەت و حکوومەتی تورکی لە نێوان جەماوەری خۆجێیی بدات؟ ئایا ئەم سیاسەتانە کاریگەرییان لەسەر کرداری ئایینی دانا و بوونە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی پارێزگاریخوازیی ئایینی لە کۆمەڵگای خۆجێییدا و، بزووتنەوەی سیاسییە کوردییەکان چۆن لە بەرامبەر کەڵکوەرگرتنی سەرچاوە ئایینییەکان وەکوو ئامرازێکی ڕێکخستن پەرچەکردارییان نیشان داوە؟

## سەرچاوە

* گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی باڵکان و خۆرهەڵاتی نزیک

## پەراوێز

[1]. Ö. S. Göral, 'Enforced disappearance and forced displacement in the context of Kurdish conflict: loss, mourning and politics at the margin', Unpublished PhD Thesis, École des Hautes Études en Sciences Sociales, Paris, 2017.

[2]. W. Zeydanlıoğlu, 'Repression or reform? An analysis of AKP's Kurdish language policy',in C. Güneş and W. Zeydanlıoğlu (eds), The Kurdish Question in Turkey: New Perspectives on Violence, Representation and Reconciliation, Routledge, London, 2014. pp. 162-185..

[3]. S. Ateş, 'Oryantalizm ve Bizim Doğumuz' [Orientalism and our east], Doğudan, 1, 2003. ccessed Online (31.07.2018) : http://faculty.smu.edu/sates/sabri_ates/Blog/Entries/2009/ 4/3_Oryantalizm_ve_Bizim_Dogumuz_(Orientalism_and_Our_East)%2C_Dogudan.

ledge, London, 2017.
[18]. E. H. Epstein, 'Education and Peruanidad: "internal" colonialism in the Peruvian high lands', Comparative Education Review, 15(2), 1971, pp. 188–201.
[19]. E. Zureik, The Palestinians in Israel: A Study in Internal Colonialism, Routledge & K. Paul, London, 1979.
[20]. M. Das, 'Internal colonialism and the movement for Bangladesh: a sociological analysis', Contributions to Asian Studies, 12, 1978, pp. 93–104.
[21]. D. Goodman, 'Guizhou and the People's Republic of China: the development of an internal colony', in D. Drakakis-Smith and S. Wyn Williams (eds), Internal Colonialism: Essays Around a Theme, University of Edinburgh Press, Edinburgh, 1983.
[22]. A. Etkind, Internal Colonization: Russia's Imperial Experience, Polity Press, Cambridge, 2011.
[23]. R. J. Hind, 'The internal colonial concept', Comparative Studies in Society and History,26 (3), 1984, pp. 543–568.
[24]. P. Chatterjee, The Nation and its Fragments, Princeton University Press, Princeton, 1993, p. 19.
[25]. A. Gramsci, The Southern Question, Bordighera Press, New York, 2015.
[26]. G. Agamben, State of Exception, Chicago University Press, Chicago, 2005.
[27]. İ.Beşikçi, International Colony Kurdistan, Gomidas Institute, London, 2015.
[28]. Clémence Scalbert-Yüce and Marie Le Ray provide a detailed account of this period and the widespread implementation of state-originated, assimilationist publications. Their article on deconstructing Kurdish studies is also a great account of the development of Kurdish studies. 'Knowledge, ideology and power: deconstructing Kurdish studies', European Journal of Turkish Studies, 5, 2006. Online since 05 March 2015,Accessed on 31.07.2018. URL : http://ejts.revues.org/777
[29]. It is perhaps due to the lack of publications on internal colonization available in Turkish and the impossibility for Beşikçi to obtain and read this literature.
[30]. M. Casier and J. Jongerden (eds.), National-

[4]. Zazas are a small ethnic minority living in eastern Turkey. Although they speak a dialect of Kurdish (Zazaki, Dimilî), their references to ethnic, political and religious belonging dier as some consider themselves a separate ethnic identity from the Kurds while others state their Kurdish and/or Alevî identity.
[5]. J. Calvert, Sayyid Qutb and the Origins of Radical Islamism, Columbia University Press, New York, 2010.
[6]. M. Ali, Islam and Colonialism: Becoming Muslim in Indonesia and Malaya, Edinburgh University Press, Edinburgh, 2016.
[7]. U. Azak, Islam and Secularism in Turkey: Kemalism, Religion and the Nation State,I.B. Tauris, London, 2010.
[8]. C. Tugal, Passive Revolution: Absorbing the Islamic Challenge to Capitalism, Stanford University Press, Stanford, 2009. pp. 97-129. State, Kurdish Question and AK Party' Being Pro-Turkey While Being Pro-Kurdistan' Birikim Journal.
[9]. J. Hicks, On the Application of Theories of 'Internal Colonialism' to Inuit Societies, the Annual Conference of the Canadian Political Science Association, Winnipeg, 2004.
[10]. Malcom X, Malcom X Files, 1964 <http://malcolmxfiles.blogspot.co.uk/2013/07/the-black-revolution-april-8-1964.html> (accessed 11 October 2017).
[11]. B. Arneil, Domestic Colonies: The Turn Inward to Colony, Oxford University Press, Oxford, 2017.
[12]. H. Cruse, Rebellion or Revolution, University of Minnesota Press, Minneapolis, 1968.
[13]. K. Clark, Dark Ghetto Dilemmas of Social Power, 2nd edition, Wesleyan University Press, Middletown, 1989.
[14]. R. Blauner, 'Internal colonialism and ghetto revolt', Social Problems, 16(4), 1969, pp. 393–408.
[15]. Ibid., p. 396. JOURNAL OF BALKAN AND NEAR EASTERN STUDIES 1316. P. G. Casanova, 'Internal colonialism and national development', Studies in Comparative International Development, 1(4), 1965, pp. 27–37.
[17]. M. Hechter, Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development, Rout-

West Heading East?, Palgrave Macmillan, New York, 2008.
[47]. Ü. Cizre-Sakallıoğlu and M. Çınar, ‘Turkey 2002: Kemalism, Islamism, and politics in the light of the February 28 process’, The South Atlantic Quarterly, 102(2/3), 2003, pp. 309–332.
[48]. Y. Taşkın, AKP Devri Türkiye Siyaseti, İslamcılık, Arap Baharı, İletişim, İstanbul, 2017.
[49]. Jenkins, op. cit., p. 215.
[50]. F. Arslan, ‘Devlet Aklı, Kürt Sorunu ve AK Parti’, unpublished PhD Thesis, Selcuk University, Konya, 2016.
[51]. L. Bedirxan, ‘Neocolonial geographies of occupation: portrait of Diyarbakır’, Open Democracy, 20 September 2017 <https://www.opendemocracy.net/north-africa-west-asia/ leyla-bedirxan/neocolonial-geographies-of-occupation-portrait-of-diyarbakir> (accessed 17 October 2017).
[52]. J. Pupcenoks, ‘Democratic Islamization in Pakistan and Turkey: lessons for the post-Arab Spring Muslim world’, Middle East Journal, 66(2), 2012, pp. 273–289.
[53]. C. Tuğal, The Fall of the Turkish Model: How the Arab Uprisings Brought Down Islamic Liberalism, Verso, New York, 2016.
[54]. Personal interview, 3 April 2014.
[55]. G. Deleuze and F. Guattari, A Thousand Plateaus, Bloomsbury Academic, London, 2004.
[56]. M. Mousseau, ‘Urban poverty and support for Islamist terror: survey results of Muslims in fourteen countries’, Journal of Peace Research, 48(1), 2011, pp. 35–47.
[57]. M. Milburn and S. D. Conrad, The Politics of Denial, MIT Press, Boston, 1996.
[58]. With the Dolmabahçe agreement, the Turkish state and the PKK had come to an agreement to solve the Kurdish question. While President Erdoğan expected that this agreement would increase his votes among the Kurdish population, the polls before the June 2015 elections were showing the reverse. This led Erdogan to reject the Dolmabahçe Agreement around the Kurdish New Year (Newroz) in March 2015. For related news look at Hürriyet Daily News, 20 July 2015 <http://www.hurriyetdailynews.com/erdogans-denial-of-dolma bahce-agreement-sparks-
isms and Politics in Turkey: Political Islam, Kemalism and the Kurdish Issue, Routledge, New York, 2011.
[31]. C. Güneş, The Kurdish National Movement in Turkey: From Protest to Resistance, Routledge, New York, 2012.
[32]. Ö. Köksal, Aesthetics of Displacement: Turkey and its Minorities on Screen, Bloomsbury, London, 2016.
[33]. Göral, op. cit.
[34]. Z. Gambetti, ‘Decolonizing Diyarbakir: culture, identity and the struggle to appropriate urban space’, in K. A. Ali and M. Rieker (eds), Comparing Cities The Middle East and South Asia, Oxford University Press, Oxford, 2009.
[35]. A. S. Yüksel, ‘Rescaled localities and redefined class relations: neoliberal experience in south-east Turkey’, Journal of Balkan and Near Eastern Studies, 13(4), 2011, pp. 433–455.
[36]. Zeydanlıoğlu, op. cit.
[37]. Ateş, op. cit.
[38]. B. Küçük and C. Özselçuk, ‘The Rojava experience: possibilities and challenges of building a democratic life’, South Atlantic Quarterly, 115(1), 2016, pp. 184–196.
[39]. D. Greaber, ‘Why is the world ignoring the revolutionary Kurds in Syria?’, The Guardian, 8 October 2014 <https://www.theguardian.com/commentisfree/2014/oct/08/why-world- ignoring-revolutionary-kurds-syria-isis> (accessed 16 October 2017).
[40]. İ. Gözaydın, Diyanet Türkiye Cumhuriyeti’nde Dinin Tanzimi, İletişim, İstanbul, 2009, pp. 22–23.
[41]. Call for prayers.
[42]. Azak, op. cit. 14 M. KURT43. R. Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion 1880–1925, University of Texas Press, Austin, 1991.
[44]. M. Yeğen, ‘The Turkish state discourse and the exclusion of Kurdish identity’, Middle Eastern Studies, 32 (2), 1996, pp. 216–229.
[45]. S. Şengül, ‘İslamcılık, Kürtler ve Kürt Sorunu’, in Y. Aktay (ed.), Modern Türkiye’de Siyasi Düşünce İslamcılık, vol. 6, İletişim, İstanbul, 2014, p. 528.
[46]. G. Jenkins, Political Islam in Turkey Running

[67]. Although there have been small-scale celebrations of Muhammad's birthday in the past few decades, the Blessed Birth (Kutlu Doğum) celebration organized by pro-Hizbullah organizations has become a symbol of Islamist power and their presence in the Kurdish region. Every April, tens of thousands of Islamists gather in the city of Diyarbakırto celebrate the event and show the extent of their power and influence in the Kurdish region. Hence, the celebration is not solely religious but also political in nature. For more information see M. Kurt, Kurdish Hizbullah in Turkey: Islamism, Violence and the State, Pluto Press, London, 2017.

[68]. The event originally took place in 639 AD, during the rule of Khalif Umar. In the last 40 years it has remained at the centre of debates between the secular and religious Kurds, as the former would define the incident as a massacre, while the latter see it as a victory and conquest. However, the celebration is a newly invented event introduced into the Kurdish public space.

[69]. Kurt, Kurdish Hizbullah in Turkey, op. cit.

[70]. The second Conquest programme was organized by another pro-government CSO, Anatolia Youth Association (Anadolu Gençlik Derneği).

[71]. A recent UN report shows the extent of the destruction that has taken place since July 2015, when the peace process terminated and the conflict between the PKK and the state forces reignited. <http://www.ohchr.org/EN/NewsEvents/Pages/DisplayNews.aspx? NewsID=21342> (accessed 18 October 2017).

[72]. M. Kurt, 'The "success" of political Islam in the Kurdish context', Open Democracy, 2 June 2017 <https://www.opendemocracy.net/mehmet-kurt/success-of-political-islam-in-kurd ish-cotext> (accessed 18 October 2017).

[73]. The public gathering of practising Muslim Kurds to protest restrictions on the usage of Kurish in mosques. For further information, please see Turkmen-Dervişoğlu, op. cit.

[74]. Democratic Islam Congress (DIK) was founded after the PKK leader Abdullah Öcalan emphasized the importance of a new perspective for a democratic Islam in the early 2010s. After two national meetings in 2014 and 2015, the DIK's meeting was interrupted under the authoritarian AKP regime.

row.aspx?pageID=238&nID=85656&NewsCatID=338> (accessed 17 October 2017).

[59]. D. Namık, Milliyet News Paper, 9 May 2015 <http://www.milliyet.com.tr/-diyanet-kurt-cekuran-i-incelemek-gundem-2056365/> (acessed 17 October 2017).

[60]. C. Çiçek, 'Türkiyelileşirken Kürdistanileşmek', Birikim Dergisi, 12 June 2015 <http://www. birikimdergisi.com/haftalik/1494/turkiyelilesirken-kurdistanilesmek#.Wen-2za3MxPM> (accessed 20 October 2017).

[61]. This is not the only example where Erdoğan employed language of hatred towards ethnic and religious minorities, as Armenians, Jews, Alevîs, Yazidis and the Kurds have been exposed to the same language on many occasions. By employing such discourse, Erdoğan
aims to benefit from the embedded hatred in society that has already been constructed by the state in previous decades.

[62]. Rûdaw, Rûdaw News, 14 May 2015 <http://www.rudaw.net/turkish/kurdistan/140520155> (accessed 17 October 2017).

[63]. Haber Sitesi, Haber Sitesi, 28 May 2016 <http://www.habersitesi.com/erdogan-benim-din dar-kurt-kardesim-bunlarin-ne-mal-oldugunu-bilsin-11622h.htm> (accessed 17 October 2017).


[64]. G. Türkmen-Dervişoğlu, 'United in religion, divided by ethnicity? Why Islam fails as a supranational identity in Turkey', unpublished PhD Thesis, Yale University, New Haven, 2016. JOURNAL OF BALKAN AND NEAR EASTERN STUIES 1565. This fact is also very true for the rest of Turkey under AKP rule. However, the motivations and drivers of the CSOs in the Kurdish region dier from their Turkish counterparts, which will be comparatively analysed in detail in a separate publication.

[66]. National Will Platform (Milli İrade Platformu) was founded in late 2013 during the political clashes between the AKP and the Gulen Movement. The platform was established solely to back the AKP discourse against the Gulenists and it has remained so since then. National Will Platform, 2013 <https://milliiradeplatformu.com> (accessed 18 October 2017).

# ”هەڵسەنگاندن“

# بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد

ڕێباز ئەردەڵان






دۆزی کورد یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بابەتێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تیۆرییەکانی زانستی کۆمەڵایەتییەوە شرۆڤە و ڕاڤە بکرێت. پرسی کورد و ناسنامەکەی، پرسێکی مێژووییە و ئەم نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو چەندین دابەشبوون و لێکدابڕانی ئەزموون کردووە، بەڵام دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و تێکشکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو، کە نەتەوەی کورد لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش بوو. هەر لە سەرەتای دامەزرانی وڵاتانی تورکیای نوێ و عێراق و سووریاوە، کوردان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی خۆیان سەریان هەڵدا و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان تێ کۆشان و ئەم تێکۆشانەش هەتا ئێستا بەردەوامە. بە درێژایی سەدەیەک دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و توانەوەیان دژ بە کلتوور و ناسنامەی کورد بەکار هێناوە و هەوڵیان داوە تا بوونی ئەم نەتەوەیە بسڕنەوە و لەنێو کلتووری خۆیاندا بیانتوێننەوە. ئەگەرچی ئەم دەوڵەتانە تا ڕادەیەک، بەتایبەت لە باکووری کوردستاندا سەرکەوتوو بوون، بەڵام کورد بەگشتی ملی بەم سیاسەتە نەداوە و لە بەرانبەر سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆندا داکۆکیی لە ناسنامەی خۆی کردووە. هەرکاتێک سیاسەتی ناوخۆی ئەم دەوڵەتانە لەژێر کاریگەریی دۆخی نێودەوڵەتی، یان سەرهەڵدانی باڵی چەپدا تۆزێک کرانەوەی بەخۆیەوە دیوە، بزاڤی نەتەوەییی کورد هەوڵی داوە تا لە ڕێگەی ئاشتییانە و بەپێی یاسا و دەستووری ئەو دەوڵەتانە پەرە بە کلتوور و ناسنامەی خۆی بدات. لەو کاتانەش کە سیستمی سیاسیی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان داخراو بوونە، بزاڤی کورد هیچ بژاردەیەکی جگە لە دەستبردن بۆ چەک نەبووە و، ڕوونیشە کە ئەم حکوومەتانە بە توندترین شێوە هەوڵی سەرکوتکردنی بزاوتی چەکداریی کوردیان داوە. پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکەی دەیڤید ڕۆمانۆ، کە لەژێر ناوی «بزاوتی ناسیۆنالیستیی کورد»دا بە چاپی گەیاندووە، ئەمەیە کە: سەرەڕای بەکارهێنانی ئامرازەکانی سەرکوتی دڕندانە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە و، ئەگەری لاوازی سەرکەوتنی بزاڤی کورد، بۆچی خەڵکی کورد و بەتایبەت لاوان بەشداری لە وەها بزاڤگەلێکدا دەکەن؟

ڕۆمانۆ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و چەند پرسیاری تری تایبەت بە بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد لە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرێت و هەوڵ


دەدات تا ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم بژارە پڕمەترسییە بدات. بە ڕای ڕۆمانۆ، خەڵکی کورد دەتوانن لە نێوان بژارەکانی: کۆڵدان بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن، گۆشەگیری و خۆسەرقاڵکردن بە ژیانی ڕۆژانە و بەشداری لە بزاڤی بەرهەڵستکارانەدا یەکێکیان هەڵبژێرن. دیارە، ڕوونکردنەوەی بژارەکانی ئاسیمیلاسیۆن و خۆگێلکردن لە ئاست دۆزی کورددا بەشێک لە توێژینەوەکەی ئەو نییە و ڕۆمانۆ کات و وزەی خۆی زیاتر بۆ شرۆڤەی ڕەفتاری بەشداریکردنی چالاکانە لە بزاڤی ناسیۆنالیستیدا تەرخان دەکات. توێژەر پێش ئەوەی هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە بدات، باسی دوو بۆچوونی پریمۆردیالەکان (Primordial) و سوودخوازەکان (Instrumentalists) دەکات، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت کە ئاخۆ ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی کۆنە و باس لە تایبەتمەندییە هاوبەشە کەڤناراکان دەکات و نەتەوە هەر لە کۆنەوە هەبووە، یان وەک سوودخوازەکان دەڵێن لە ڕاستیدا شتێک بەناوی نەتەوە نییە و ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری دیاردەیەکی داهێنراوی هەندێک ئیلیت و نوخبەیە و، ئەوان وەکو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیان سوودی لێ وەردەگرن؟ ئەو تیۆرییانەی کە ڕۆمانۆ سوودیان لێ وەردەگرێت، بریتین لە تیۆریی هەڵبژاردنی ئەقڵانی و ڕێکخستنی سەرچاوەکان، تیۆریی پێکهاتەکانی دەرفەتی سیاسی و تیۆریی چوارچێوەی کلتووری و ناسنامە. دیارە بەکارهێنانی هەرکام لەم تیۆرییانە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، خاوەنی پاشخانی تایبەت بە خۆیەتی و مێژووی کۆمەڵناسیش پڕە لەو تیۆریدانەرانەی کە تەنیا بە سوودوەرگرتن لە بۆچوونێکی تایبەت بە خۆیان، هەوڵیان داوە تا ڕوونکردنەوەیەکی گشتی و یونیڤرساڵ (Universal) بۆ تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بدەن. ڕۆمانۆش، زیاتر بە مەبەستی دەرخستنی کەموکووڕیی ئەم تیۆرییانە، لە پێشدا بە شێوەی جیاجیا بەکاریانی هێناوە و لە کۆتاییشدا پێمان دەڵێت، کە هەرکام لەم بۆچوونانە تەنیا تا ڕادەیەک دەتوانن دیاردەی بەشداری لە بزاڤی ناسیۆنالیستیدا ڕوون بکەنەوە و کەڵکوەرگرتنی تەنیا یەک تیۆری وا دەکات تا بەشی هەرە زۆری ئەم ڕەفتارە تاریک و ناڕوون بمێنێتەوە، بۆیە وا باشترە ئەم تیۆرییانە لێک ببەستین و سەنتێزێکیان (synthesis) لێ ساز بکەین.

یەکێک لەو تیۆرییانەی ڕۆمانۆ کەڵکی لێ وەردەگرت، تیۆریی هەڵبژاردنی ئەقڵانییە. بەپێی ئەم تیۆرییە کە لە زانستی ئابوورییەوە هاتۆتە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە، ئەکتەرەکان بە شێوەی ئەقڵانی هەڵسوکەوت دەکەن و لە ڕاستیشدا ئەمە یەکێک لە پێشمەرجە گرنگەکانی ڕەفتاری ئەقڵانییە. لەم تیۆرییەدا، ڕەفتار، یان هەڵسوکەوتی ئەقڵانی بەو واتایە دێت، کە ئەکتەرەکان پێش ئەوەی هەڵبژێرن، کام ڕەفتار بکەن و کام ڕەفتار نەکەن، دەبێ بەها (Cost) و سوودی (Benefit) هەرکام لەم ڕەفتارانە هەڵسەنگێنن، ئەگەر سوودی هەڵبژاردنی ڕەفتارێک زیاتر لەو بەهایە بێت کە ئەکتەرەکە ناچارە بۆ گەیشتن بە سوود پێشکێشی بکات، ئەوا کردنی ئەو ڕەفتارە دەبێتە هەڵبژاردنێکی ئەقڵانی. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە مەبەست لە سوود لەم تیۆرییەدا، ئامانجی بەرهەست و ماددییە و ئامانجە مینەوی و غەیری مادییەکان نابێتە بەشێکی شیکاریی ئەم تیۆرییە. کەوابوو هەر لە سەرەتاوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەم ڕێگەیەوە ناتوانین هۆی بەشداریی چالاکانەی خەڵکی کورد لە بزاڤی ناسیۆنالیستیدا ڕوون بکەینەوە، چونکە ئەگەر سوودی کۆتایی ئەم بەشدارییە تەنانەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بزانین، دیسان ئەکتەری ئەقڵانی دەبێ بەهایەکی گەورە بدات، کە ئەوەش لەسەردەستدانانی گیان و پێشکێشکردنییەتی.

هەروەک ئاماژەش کرا، سوود و ئامانج لای ئەم تیۆرییە بەرژەوەندیی ماددی و بەرهەستی تاکەکانە و ئامانجێک وەک دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئامانجێکی مینەوی و غەیری ماددییە و ئەم ئامانجەش زیاتر لە ڕێگەی تیۆرییەکانی ناسنامە و کلتوورە شرۆڤە دەکرێت، کە ڕۆمانۆ لە لێکدانەوەکەیدا بەشێکی هەرە گرنگی بۆ ئەم تیۆرییانە تەرخان کردووە.

بزاوتی کۆمەڵایەتی لە چەشنی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد، هەمیشە پێویستی بە بەشداریی هەرچی زۆرتری تاکەکانە و تا هەر ڕادەیەک بتوانێ ئەندامی چالاک و پشتیوانیی زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، زیاتر دەتوانێ هەنگاوی گەورەتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بهاوێت، بەڵام ئەم بزاڤانە زۆر جار بەرەورووی کێشەیەکی تیۆریکی دەبنەوە، کە پێی دەڵێن، کێشەی «سواربوونی خۆڕایی» (Free Ride). هەروەک دەزانین ئامانجەکانی بزاڤی جەماوەری زیاتر ئەو ئامانجانەن کە لە بەرژەوەندیی کۆی گشتیی کۆمەڵگادان و بەرژەوەندیی تاک، یان هی گرووپ و تاقمێکی تایبەت ناگرێتە خۆ [گوتراوە زیاتر ئەو ئامانجەن کە لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگادایە، نەگوتراوە هەمیشە ئەو ئامانجانەن. بۆیە ئەگەری هەیە ئامانجی شاراوە، یان ئاشکرای بزاڤێکی جەماوەری، بەرژەوەندیی تاک، یان بەرژەوەندیی گرووپ و تاقمێکی دیاریکراو بێت]. کەوابوو، خەڵک دوای لێکدانەوەی ئامانجەکانی بزاڤێکی تایبەت، بەو ئاکامە دەگات، لەم بزاڤەدا من بەشدار بم و بەشدار نەبم، ئامانجەکەی لە بەرژەوەندیی کۆی گشتیی کۆمەڵگادایە و منیش سوودی لێ وەردەگرم، ئیتر چ پێویست ناکات من لەم بزاڤەدا بەشدار بم و بەهاکەی بدەم. وا باشترە خەڵک بەشدار بێت و دواتر منیش بەخۆڕایی لە ئامانجەکانی سوود وەرگرم. چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆرتر بۆ لای بزاڤی کورد، دیسان یەکێک لە بەشە سەرنجڕاکێشەکانی کتێبەکەی ڕۆمانۆیە.

تیۆریی پێکهاتەکانی دەرفەت، هەروەک ئاماژە کرا یەکێک لەو تیۆرییانەیە کە ڕۆمانۆ بۆ لێکدانەوەی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد زۆر سوودی لێ وەردەگرێت. ئەم تیۆرییە چوار بگۆڕ (Variable)ی سەرەکیی هەیە و ڕۆمانۆ بگۆڕێکی تری پێ زیاد دەکات، تا ئاستی ڕوونکردنەوەی بەرزتر بکاتەوە. ئەو پێنج بگۆڕە بریتین لە: پایەداریی توێژی ئیلیتی حکوومەتی، کە پاڵپشتی لە سیاسەتێکی دیاریکراو دەکەن، پایەداری و یەکڕیزیی ئیلیتەکانی ئۆپۆزیسیۆن، داخراوبوون، یان کراوەبوونی سیستمی سیاسیی حکوومەت، توانا و هێزی سەربازیی سەرکوتکەری دەوڵەت و پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە دەوڵەت، یان گرووپەکانی دژی دەوڵەت. بەپێی ئەم پێنج فاکتۆرەی تیۆریی پێکهاتەکانی دەرفەت، باشترین هەل بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و تێکشکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دامەزرانی کۆماری نوێی تورکیایە. چونکە لەو ساڵانەدا، توێژی ئیلیتی حکوومەتی تورکیا لە نێوان ئەو کەسانەی کە لایەنگری سوڵتانی عوسمانی و ئەوانەی پاڵپشتی ئاتاتورک و کۆماری تورکیا بوون، دابەش بووبوون و، لە ڕاستیدا یەکڕیز نەبوون. توێژی ئیلیتانی کورد کە بریتی بوون لە ئیلیتانی خێڵەکی و سەرۆکعەشیرەکان، هەموو خوازیاری سەربەخۆییی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوون (بەتایبەت لە کاتی شۆڕشی کۆچگیری و پەیماننامەی سیڤەردا)، کەوابوو ئیلیتی ئۆپۆزیسیۆن یەکڕیز بوون و هی حکوومەت یەکڕیز نەبوون. لەو کاتەدا دەوڵەتی نوێی تورکیا لەگەڵ هەڕەشەی ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکان و دەوڵەتانی ئینگلیز و فەرەنسا ڕووبەڕوو بوو و هێزە سەربازییەکەیشی توانای




سەرکوتکردنی هیچ
چەشنە شۆڕشێکی نەبوو. هەروەک لە پەیماننامەی سیڤەریشدا دەرکەوت، هاوپەیمانی و هاوسۆزیی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە گۆڕێدا هەبوو و کوردان دەیانتوانی پشتیوانیی ئەم دەوڵەتانە بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. کەوابوو چوار لە پێنجی بگۆڕەکانی پێکهاتەکانی دەرفەت بە قازانجی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد بوو و تەنیا بگۆڕی داخراوبوون، یان کراوەبوونی سیستمی سیاسیی حکوومەتی ئەنکارا بە قازانجی ئەم بزاڤە نەبوو، چونکە لەو کاتەدا ئەنکارا هەڕەشەی جیابوونەوەی ئەرمەنیا و قوبرس و یۆنانییەکانی لەسەر بوو، بۆیە ئەو حکوومەتە پێویستی بە بەرنامەیەک هەبوو تا خەڵکی ناوخۆی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و کۆتایی بە هەڕەشەی ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکان بێنێت. ئاتاتورک هیچ بژاردەیەکی نەبوو جگە لەوەی بە کوردان بڵێت، کە کورد و تورک بران و ئەم ولاتە، ولاتی کوردان و تورکانی موسڵمانە و دەبێ هەموومان لە بەرانبەر هەڕەشەی ولاتانی کافردا یەکدەنگ و یەکڕیز بین. هەر ئەم بگۆڕەش بە تەنیا وای کرد تا شۆڕش و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیستیی خێڵی کۆچگیری بە خیانەت لە ولاتی موسڵمانان تۆمەتبار بکرێت و کوردانی سوننی دژ بە شۆڕشی کۆچگیری، کە شۆڕشی کوردانی عەلەوی بوو، یارمەتیی ئاتاتورک و حکوومەتی تورکیا بدەن. ڕۆمانۆ چوارچێوەیەکی تیۆریکی بەهێزی لەم تیۆرییە پێک هێناوە و تەواوی بزاڤەکانی کوردی ئێران و عێراق و تورکیای بەپێی ئەم تیۆرییە لێک داوەتەوە. ئەو دەڵێت، بۆ نموونە، تەواوی بزاڤە ناسیۆنالیستییەکانی کوردانی ئێران هەر لە شۆڕشی سمکۆوە تا دەگاتە کۆماری کوردستان و دواتر تا دەگاتە سالانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، هەموویان بەپێی ڕەخسانی هەل و دەرفەتی سیاسی سەریان هەڵداوە و بەو ئاکامەش دەگات کە کوردانی ئێران زیاتر لەوەی خۆیان هەل بڕەخسێنن، چاوەڕێن دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت. هەرچەند کتێبەکەی ڕۆمانۆ چالاکییەکانی هەندێ بزاڤ و لایەنی لەم سالانەی دواییدا باس نەکردووە، ئەگینا

ئەگەری گۆڕانکاری لە بیر و بۆچوونیدا بەهێز بوو، چونکە ئەم کتێبە بەپێی توێژینەوەیەکی ساڵی ۲۰۰۴ نووسراوە.

هەروەک لە سەرەوەش باس کرا، تیۆریی هەڵبژاردنی ئەقڵانی نەیتوانی هۆی چالاکیی تاکەکان لە بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورددا ڕوون بکاتەوە، چونکە ئەو پرسە پەیوەندیی بە هەندێ بابەتی ترەوە هەیە، کە لە سەرووی چوارچێوەی شیکاریی ئەم تیۆرییەوەیە، ئەوانەش بابەتی مینەوی و نابەرهەستن، کە ڕۆمانۆ لە چوارچێوەی شیکاریی تیۆرییەکانی ناسنامە و کلتوور کەڵک وەردەگرێت تا پرسی بەشداریی تاکەکان ڕوون بکاتەوە. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕێکخراوە ناسیۆنالیستییەکان پێکهێنان و پاراستنی هەستێکی نەتەوەیی بەهێزە لەنێو ئەندامان و لایەنگرانیاندا، بەتایبەت لەنێو ئەو کەسانەدا کە مەترسیی دابەزینی هەستی نەتەوەیییان هەیە و، ڕێکخراوە دەبێ بتوانێ ناسنامەی ئەندامان و پشتیوانانی خۆی بەسیاسی بکات، ڕۆمانۆ لە توێژینەوەکەیدا چوار نموونە ناسنامە بەکار دەهێنێت، کە بریتین لە:

۱ ئەوانەی کە بە شێوەی پێکهاتەیی لە دەرەوەی گرووپی نەتەوەییدان (ئەوانەی کە خۆیان بە کورد نازانن)؛

۲ ئەو کەسانەی کە لەناو گرووپی نەتەوەییدان، بەڵام خۆیان لەگەڵ گرووپ پێناسە ناکەن (خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵام دۆزی کوردیان لا گرنگ نییە و دەتوانین بڵێین باوەڕیان بە دۆز، یان کێشەی کورد نییە)؛

۳ ئەوانەی کە خۆیان بە بەشێک لە گرووپی نەتەوەیی دەزانن، بەڵام ئاستی دۆزەکە تا ئاستی کێشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، یان کلتووری دادەبەزێنن.

۴ ئەو کەسانەی کە ناسنامەیان سیاسییە و سەرچاوەی تەواوی کێشەکانی کورد بە نەبوونی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ دەزانن.

ڕێکخراوەی نەتەوەیی دەبێ بۆ تەواوی ئەم گرووپانە پلان و بەرنامەی کلتووریی جیاوازی هەبێت. بە واتایەکی تر، ڕێکخراوە دەبێ هەوڵ بدات تا ئەندامانی گرووپی یەکەم بێنێتە ناو گرووپی دووەم و، ئەوانەی دووەم بۆ گرووپی سێیەم ڕابکێشێت و هەوڵێکی تەواویش بدات تا ئەو کەسانەی ناسنامەی نەتەوەیییان سیاسی نییە، بەسیاسی بکات و هەستی نەتەوەییی ئەو کەسانەش بپارێزێت کە ناسنامەکەیان سیاسییە.

ڕێکخراوە، یان پارتی سیاسی تەواوی ئەو کارانە لە ڕێگەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤار و میدیای گشتییەوە دەکات و، ئێستاش بەهۆی ڕۆڵی بەرچاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نابێ کاریگەریی ئەو تۆڕانە پشتگوێ بخات و دەبێ بەتەواوی سوودیان لێ وەربگرێت.

ئەم کتێبە هەشت بەشە، لە بەشی یەکەمدا تیۆرییەکان دەناسێنێت و لە بەشی دوو تا چوار، هەرکام لەم تیۆرییانە بە شێوەی جیاجیا بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد لە باکووری کوردستان بەکار دێنێت و لە ئەنجامیشدا دەڵێت، بەکارهێنانی جیاجیای ئەم تیۆرییانە تەنیا بەشێک لە دیاردەی ئاڵۆزی بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد ڕوون دەکاتەوە، هەربۆیە لە بەشی پێنجەمدا، ئەم سێ تیۆرییە لێک دەبەستێت و سەنتێزێکیان لێ پێک دێنێت و هەر ئەم سەنتێزەش بۆ بزاڤی ناسیۆنالیستیی باکوور بەکار دەهێنێت و لە بەشی شەشەم و حەوتەمدا بەپێی ئەم سەنتێزە، بزاڤی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتیش لێک دەداتەوە و بەشی هەشتەمیشی بۆ ئەنجامگری تەرخان کردووە و لەویدا چەند پێشنیاری بەسوود بۆ پارت و لایەنەکانی کورد دەخاتە ڕوو، تا ئەگەر دەیانەوێت دەوڵەتی نەتەوەیی کورد پێک بێنن، دەبێ چ بکەن و چۆناوچۆنیش خۆیان لە هەڵەکانی ڕابردوو بەدوور بگرن.

# «کورد و گرێبەستی تورکایەتی»

مستەفا زەنگین



له تورکیا و باکووری کوردستان له سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا، ١١٢٨ئاکادیمیسیەن لە مەڕ شەڕی سەر شەقامەکانی باکووری کوردستان کە لە نێوان پ.ک.ک و ئەرتەشی تورکیادا لەئارادا بوو، بەیاننامەیەکیان واژۆ کرد. ئەو بەیاننامەیە لە ژێر سەردێڕی «ئاکادیمیسیەنەکان بۆ ئاشتی» بڵاو کرایەوە، کە تێیدا ڕایانگەیاندبوو: «ئێمە پشتگیری لەم تاوانانە ناکەین».

زۆربەی ئاکادیمیسیەنەکان کورد و چەپڕەوی تورک بوون. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە، هەموو ئەو کەسانە لە سەر کار دەرکران. یەکێکیان ئاکادیمیسیەنێکی تورک بوو بە ناوی «بارش ئونلو». بارش ئونلو لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئانکارا مامۆستا بوو و هەروەها وەک دۆستی کورد دەناسرێ. ناوبراو بە هاوکاریی هاوڕێیەکی دیکەی خۆی کتێبێکی لە سەر ئیسماعیل بێشکچی ئامادە کردووە.

ناوبراو هەروەها لە سەر ئەوەی کە لە کاتی ئیمتحانەکاندا، پرسیارێکی لە سەر پەڕتووکەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان داڕشتبوو، لە دادگادا دۆسیەی بۆ کرابوویەوە. ئەم ئاکادیمیسیەنە تورکە دوکتورایەکەی لە زانکۆی «بینگهامتوون»ی ئامریکا تەواو کردووە و، بە شێوەیەکی تایبەتی لە سەر کۆلۆنیالیزم و چالاکیی سپی پێستەکان کار دەکات. پێداچوونەوەی وەرگێڕانی تورکیی زۆر بەرهەم کە لە سەر کۆلۆنیالیزم نووسراون، لە ئەستۆی ئەو مامۆستایە بووە.

لەم دواییانەشدا لە ساڵی ٢٠١٨ هەر لەم چوارچێوەیەدا، پەڕتووکێکی ناوبراو لە ژێر ناوی «گرێبەستی تورکایەتی: پێکهاتن، کارکردن و کێشەکەی» بڵاو کرایەوە. لەم نووسینەشدا هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژەیەک بەم پەڕتووکە بکەم.

بارش ئونلو لە بەشی یەکەمی پەڕتووکەکەیدا لە سەر مژاری «بیرکردنەوە لە سەر سپی پێستی» دەنووسێ و سەرنجی خوێنەر دەخاتە سەر خەباتی سپی پێستەکان و هەڵویست و هزری نووسەرە ناودارەکانی ڕەش پیستی وەک «فرانتس فانون»، «ئستۆکلی کارمیشل» و «ئستێو بیکۆ». بارش ئونلو هزری خۆی لە پەڕتووکی «گرێبەستی تورکایەتی» لە سەر هزری «گرێبەستی نژادی»ی فیلسۆفی ڕەش پێست «چارلز و. میلس» دەئافرێنێ.

بە پێی هزری «میلس» لە نێوان سپی پێستەکاندا لە دژی ڕەش پێستەکان، ڕێککەوتنی «فۆرمەل» و «ئین فۆرمەل» هەن و، کۆی ئەم ڕێککەوتننامانە «گرێبەستی نژادی» پێک دێنن. ئامانجی بنەڕەتیی ئەم گرێبەستەش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک، سپی پێستەکان لە دژی غەیری سپی پێستەکان بە کار بێنێ و بیانکاتە خاوەن ئیمتیاز.

بە پێی هزری ئونلو گرێبەستێکی بەم شێوەیە لە نێوان تورکەکانیشدا هەیە و دەنووسێ کە زۆر خاڵی هاوبەش هەن لە نێوان سپی پێستان و تورکیادا. ئەو دەیهەوێ ئەم خاڵە هاوبەشانە پێشان بدات کە لە ڕاستیدا لە سەر دەرفەت و ئیمتیازەکان بنیات نراون.

بارش ئونلو لە بواری بەکارهێنانی چەمکی «گرێبەست» ڕادەگەیەنێ کە فکر و هزری بەکارهێنانی چەمکی «گرێبەست» بە پێی چەمکی «ئیدئولوژیی باڵادەست» کە زۆر بە کار دەهێنرێ، لە زۆر بواردا ڕەوشەکە بە باشی دەردەخات و ئاشکرای دەکات. هزری گرێبەست دەرفەت دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە بتوانین چینی خوارەوەی کۆمەڵگاش وەک کردار و چالاکییەکانیان هەڵسەنگێنین. چونکە چینی خوارەوەش بە هۆی بەستراوەیی خۆی بە نەتەوەی باڵادەست دەرفەت دەبینێ کە بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ و لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات سوود وەربگرێ. بەڵام چەمکی «ئیدئولۆژیی باڵادەست» تەنیا چینی سەرەوە و باڵادەست وەک

چالاک پێشـــان دەدات و لە ڕێکخستنەوەی چالاکییەکانی «تورکایەتی»ی، چینی خوارەوە وەک پاســـیڤ و هەتا دەکرێ بڵێین کە وەک «بێ تاوان» نیشـــان دەدات. نووسەر هەروەها ئامـــاژە بـــەوە دەکات کە هەرچەنـــدە هەموو تورک بـــە شـــێوەیەکی چالاک بەشـــداری «گرێبەســـتی تورکایەتـــی» نابن، بـــەڵام لەم گرێبەســـتە بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز و دەرفەت سوود وەردەگرن.

بە پێـــی ڕوانگەی نووســـەر، لـــە چینی سەرەوە تا چینی خوارەوە، لە کارمەندەکانەوە بگرە هەتـــا کرێـــکار و زەحمەتکێشـــان، لە پیاوانەوە بگرە تا ژنان، لە لایەنە سیاسییەکانی دەســـەڵاتەوە تا دەگاتە لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیســـیون، لە دیندار و ڕاســـتڕەوەکانەوە بگرە هەتا ســـکۆلار و چەپڕەوەکان، بە گشتی لە نێـــوان هەموو تورکەکانـــدا لە دژی کورد «گرێبەستێکی نهێنی/ســـەمبۆلیک» هەیە و، هەموو تورکێک بە شێوەیەکی خاوەن ئیمتیاز، ســـوود لەم گرێبەســـتە وەردەگرن. بە وتەی نووسەر، ئەو گرێبەستە شتێکی وەهایە کە لە سەرەوەی ئیدئۆلۆژییەکانەوەیە و، ئیدئولۆژیی جیاواز لە نێوان تورکەکان لە سەر بنەمای ئەم گرێبەستە لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە.

دەکـــرێ بـــە کورتـــی بڵێین کـــە هەر کاتێک مـــژار دەبێتـــە «کورد» یـــان دەبێتە «مافـــی نەتەوەییی کورد»، هەموو تورکێک بە شێوەیەکی ڕێککەوتن، بە پێی ئەم گرێبەستە کار دەکەن. ئەم گرێبەســـتە، گرێبەســـتێکی نووســـراوەی تورکیای مۆدێرن نییە، بەڵام بە پێی وتەی نووســـەر، باندۆر و کاریگەریی ئەو گرێبەســـتە زیاترە لە گرێبەستی نووسراوەیی و فەرمی.

نووسەری ئەم پەڕتووکە ئاشکرا دەکات کە «گرێبەســـتی تورکایەتی» لە چوارچێوەی دوو ڕەوشی ئەرێنی و نەرێنیدا پێک دێت و، هەم ئیمتیاز و هەمیش باڵادەســـتی دەداتە هەموو تورکێک. لە ڕەوشـــی پۆزەتیڤـــدا تورکەکان چۆنیان پێ باش بێ، دەتوانن بە هەمان شێوە کوردەکان ببینـــن و لێیان تێبگەن و گوێیان لێ بگرن و هەستیان پێ بکەن و تامەزرۆیان بـــن. لە مەڕ ڕەوشـــی نێگەتیڤیش تورکەکان چۆنیان پێ باش بێ، دەتوانن بە هەمان شێوە کوردەکان نەبینن و لێیان تێنەگەن و گوێیان لێ نەگرن و هەستیان پێ نەکەن و تامەزرۆیان نەبـــن. بەڵام لـــە هەرهەلومەرجێکدا ئەم دوو ڕەوشـــە نیشانەی باڵادەستی و دەسەڵاتداریی تورکەکانن.

یان باشـــترە بڵێیـــن ئەگـــەر تورکەکان بیانهـــەوێ کـــوردەکان ببینن یـــان نەبینن، لێیـــان تێبگـــەن یان تێنەگـــەن، گوێیان لێ بگـــرن، یاخود نەگرن، یانیش هەســـتیان پێ بکەن یان نا و... هتد، لە ڕاســـتیدا ئەوەی کە ئاشـــکرایە ئەوەیە کە ئەوان ئەم باڵادەستی و دەســـەڵاتەیان هەیە کە ببن بـــە دیاریکەری ڕەوشـــە نێگەتیـــڤ و پۆزەتیڤـــەکان. بەڵام نووسەر دەستنیشـــان دەکات کە دوای ساڵی ١٩٦٠ واتە لەگەڵ بەهێزبوون و گەشـــانەوەی بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییی گەلی کورد لە دژی دەســـەڵاتداری و باڵادەســـتیی تورکەکان، «کێشەی تورکایەتی» دەستی پێ کردوە.

بـــە تایبەتـــی ســـەبارەت بە ڕەوشـــی نێگەتیڤ «تورکایەتی» لەگەڵ کێشـــەگەلێک بەرەوڕوو بووە. لەگەڵ دامەزران و بەهێزبوونی بزووتنـــەوەی نەتەوەییی کورد، ئەو ڕەوشـــە نێگەتیڤـــەی کە کـــورد تێیـــدا نەدەبینرا و نەدەبیسترا و هەستی پێ نەدەکرا، لەنێو چوو و، کێشـــەی «تورکایەتی»ش قووڵتر بوویەوە، چوونکە لەمەوبەدواوە تورکەکان هەرچەندیش بیانهـــەوێ، ناتوانـــن کە کـــوردەکان نەبینن و گوێیـــان لـــێ نەگرن و لێیـــان تێنەگەن و هەستیان پێ نەکەن.

وەک وتەی کۆتایی لە مەڕ ئەم پەڕتووکە دەمهەوێ بڵێم کە نووســـەر بـــەر لە مژاری «گرێبەستی تورکایەتی» و بابەتگەلی گرێدراو




بەم گرێبەستەوە، باس لە دوو گرێبەستی دیکەش واتە «گرێبەستی عوسمانیەتی» و «گرێبەستی موسڵمانیەتی» دەکات.

بە کورتی «گرێبەستی عوسمانیەتی» باس لە دوو شت دەکات: ئیمپراتوریی عوسمانی لە کۆتاییی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ ئیتر لە کۆتاییی تەمەنی خۆی نزیک دەبوویەوە و بۆ ئەوەی ئەم ئیمپراتۆرییە لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێ، لە زۆر بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چاندی و یاسایی و نیزامیدا ریفۆرمی پێک دەهێنا.

لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە دەیانهەویست کە لە نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و لایەنەکانی دیکەدا گرێبەستێک دروست بێ. بەڵام ئەو گرێبەستە کە وەک «گرێبەستی عوسمانیەتی» پێناسە دەکرێ، سەرکەوتوو نەبوو. دوای ئەمە، پاشای ئیمپراتوریی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووهەم دژکردەوەی موسڵمانەکانی عوسمانی و ئیسلامی سیاسیی لە نێوان چینی نێوەنجیدا بەکارهێنا و ئەو گرێبەستە عوسمانییەی گۆڕی بۆ «گریبەستی موسڵمانیەتی». لە ڕێگای ئەم گرێبەستەوە لە دژی زۆر کۆمەڵگای غەیری موسڵمان کۆمەڵکوژی ئەنجام درا و، ئەم کۆمەڵگایانە تێکدران. هەروەها ئەو «گرێبەستی موسڵمانیەتی»یە، هەر چەندە کە بە بەرچاو لە سەر بنەمای یەکسانیی هەموو موسڵمانەکان دامەزرابوو، بەڵام لە ڕاستی و لە نێوەرۆکدا بەم شێوەیە نەبوو. نەتەوەی باڵادەستی تورک زیاتر لەم گرێبەستە سوودی وەردەگرت. چونکە بەڕێوەبەرانی سەرەکیی «گرێبەستی موسڵمانیەتی» تورک بوون و سەر بە «جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی» بوون.

## ڕێنمایی نووسین

### مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.

**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشـــدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرســی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.

**٣** گۆڤاری تیشــک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەســەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شــی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێڕان:** لەم بەشـــەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەســەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.

**٥** دەســـتەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵســـەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.

**٦** پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

### شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشــک کەڵک لە سیستەمی ســەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووســەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویســتیان بە ئاماژە بە ســەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووســەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

**١. کتێب**

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانید، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

**٢. بەشێک لە کتێب**

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

**٣. گۆڤار و ژورناڵ**

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

## ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتدا

٥٣

لە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

پێوەندی کردن:
govaritishk@pdki.org